راهها
مجله‌ی اندیشه‌ی سیاسی
دوره‌ی سوم/ سال هفدهم/ تابستان ۱۴۰۲/ کرانه ۲۷۶
۱۹۱
زمانه‌ی تابیدن به شانو
رنوریزنیک تاملی هنرمند (بسرکار هادی)
تا شورش محمد حسین
نامنی نمکنه‌ی کویره ناصرای شانوی کی‌بید؟
تا هادیم هوسمان
نمکبار شانوی کویری له فمیرانه‌ایه، کی لمو فمیرانه پاریسیاره؟
گامران هادی نالیاس
شانوی «استانیس» درامای گوزانکاری، یان فمختاریای سیاسی؟
کاریم پارسک
دمهینان و میتافیزیک
له فمرهنسیه‌وه مسلما قاسیم
نامازه شاراومکانی زمان له بنیادی شانوییدا
علی هوسمان به‌مفوور

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ نیسانی ٢٠١٣

• **خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

• **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

• **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

• **مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

• **بەرگ**
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبوڵ مەرکەزی
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەرۆکی

- **سەروتار**
  - وتەیەکی پێویست لەبارەی ئەم ژمارەیەوە/ سەرنووسەر/ 3
- **دەقی خۆمالّی**
  - وەک قەقنەس دەسووتێم/ گەزیزە عومەر عەلی ئەمین/ 4
  - شەقامی پەپوولە/ دلاوەر قەرەداغی/ 9
- **دەقی منداڵان**
  - ڕێوی گۆرانی دەڵێت/ بورهان قەرەداغی/ 15
- **دەقی وەرگێڕراو**
  - سموم/ لە سوێدییەوە: خەبات عارف/ 20
  - مەرگ لە دەرگا دەدات/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی/ 27
- **هەڤپەیڤین**
  - وتوێژێک لەگەڵ هونەرمەند (سەرکاو هادی)/ ئا: شۆڕش محەمەد حسێن/ 33
- **مێزگرد**
  - ئاستی ئەکتەری کورد لەمڕۆی شانۆی کوردیدا/ ئا: هەرێم عوسمان/ 38
- **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**
  - ئەگەر شانۆی کوردی لە قەیراندایە، کێ لەو قەیرانە بەرپرسیارە؟/ کامەران حاجی ئەلیاس/ 51
  - دەرهێنەر لە شانۆی هەولێردا/ موحسین محەمەد/ 62
  - ئاراستەکانی دەرهێنان لە نمایشی شانۆی کوردیدا/ ژیلوان تاهیر/ 73
  - شانۆی ڕۆژ و تێڕوانینێکی سیاسیی بۆ شانۆ/ دانا ڕەووف/ 80
  - شانۆی داستانیی، درامای گۆڕانکاری، یان فەنتازیای سیاسی؟/ کەریم پەڕەنگ/ 92
  - ئیستێتیکای خانمیەتی لە شانۆی کوردیدا/ هاوڕێ زەنگنە/ 99
- **هزر و فەلسەفە**
  - دەرهێنان و میتافیزیک/ لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم/ 108
- **زمانزانی**
  - ئاماژە شاراوەکانی زمان لە بنیادی شانۆییدا/ عەلی عوسمان یەعقووب/ 117
- **ئەزموون**
  - ئەزموونی کارکردنم لە شانۆی منداڵانی کورددا/ ڕزگار کەریم سەعید/ 126
- **وتار**
  - خەسڵەتەکانی دیالۆگ لە شانۆگەرییە کوردییەکاندا/ حەیدەر عەبدوڵڕەحمان/ 133
  - شانۆ وەک تێکست و وەک نمایش/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 137
- **هونەر**
  - (موزیکی پاڵپشت) یان (مۆسیقای تەسویری) لە فیلم و دراما و شانۆدا/ وریا ئەحمەد/ 139
  - فۆتۆگراف و شانۆ/ فارس سەعدی/ 144
- **خوێندنەوەی کتێب**
  - لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن/ کامەران سوبحان/ 146
- **نامەی زانکۆیی**
  - تێزێکی دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا بە ناوی: «ئەحمەد سالار ڕابەری بزاڤی شانۆی هاوچەرخی کوردی»/ د. کەمال غەمبار/ 150
- **بەڵگەنامە**
  - خوێندنی شانۆ لە زانکۆکانی عیراقدا/ ئەحمەد سالار/ 155
- **نرخاندن**
  - ڕامان و شانۆ/ ئەرسەلان دەروێش/ 158
- **سووکە لەنگەر**
  - شانۆیەک بۆ نەوەکان/ فرمێسک مستەفا/ 160

وتەیەکی پێویست لە بارەی ئەم ژمارەیەوە

سەرنووسەر

* هەر لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە هەستمان بە گرنگی شانۆ کردووە، بۆیە بە دریژایی ساڵانێک، بێجگە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندانی بواری شانۆ و ئامادەبوونی بەردەوامی شانۆ لەناو تەوەرەکانی ڕاماندا، زۆر ژمارەی تایبەتیشمان بۆ شانۆ تەرخان کرد. لەو کاتانەی ئێمە ژمارەی تایبەت و سەرومڕمان بۆ شانۆ دەردەکرد، لە کوردستاندا گۆڤار و بڵاوکۆکی تایبەت بە هونەر، بە تایبەتی هونەری شانۆ لە گۆڕێدا نەبوو، بەڕێوەبەرایەتی و سەنتەر و تیپ و شوێنی تایبەت بە لاکردنەوە و خزمەت کردنی شانۆ، یان هەر نەبوو، یان ئەوەی کە هەشبوو هەر لە ڕیزی نەبوون دەژمێردرا، بۆیە ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا شانمان دابووە بەر ئەو ئەرکە و لێبڕاوانە و بەڕپرسانە کارمان بۆی دەکرد، لەوەشدا چەندە کارمان لەسەر ئەدەبی شانۆ کردووە، ئەوەندەش هونەری شانۆمان بەلاوە گرنگ بووە، چونکە شانۆ ڕاستەوخۆ پێوەندی و کۆنتاکتی لەگەڵ بینەراندا هەیە و دەتوانێ کاریگەری لەسەر جیهانبینی و چێژ و بیرکردنەوە و هۆشیاربیان دابنێ.

* دوای ئەو قۆناغە هەلومەرجێکی نوێ هاتە پێشەوە، ڕاستە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین تا ئەو ساڵانەی دوایی ئازادییەکە فەراهەم ببوو، کە ئازادی بۆ شانۆ و سینەما ئۆکسجین و گەوهەری داهێنانە، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٤ لەپاڵ ئەو ئازادییە، بودجەی تەرخان کراو بۆ هەرێم ئەو زەمینە ئابووریییەشی ڕەخساند تا کۆمەڵێک سەنتەر و تیپ و کەناڵ و گۆڤار و بڵاوکراوەی نوێ بێنە پێشەوە، ژمارەی ئەو کەناڵانە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیاد بوون کرد، ئێمەش لە گۆڤارەکەی خۆماندا تایبەتمەندیی ئەو بەسەرکردنەوە و لا لێ کردنەوەیەمان بۆ ئەو هونەرە، بەو کەناڵ و داوودەزگا تایبەتمەند و پسپۆڕەکانیان سپارد، بۆیە دەستمان لە دەرکردنی ژمارەی تایبەت بە شانۆ هەڵگرت کە چەندین ساڵ بوو کردبوومانە نەریتێک، ساڵانە و لە ڕۆژی جیهانیی شانۆدا، ژمارەیەکی تایبەتمان بۆی تەرخان دەکرد.

* دوای ئەوەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا دەرکردنی ژمارەی تایبەت بە شانۆمان بۆ کارناسانی شانۆ و داوودەزگا و تیپ و بڵاوکراوەکانی ئەوان بەجێهێشت کە لە ڕاستیدا ژمارەیان ڕۆژ دوای ڕۆژ زۆر دەبوو، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدا بووین ئەوانە زیاتر و باشتر دەتوانن ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن و لەسەر هەردوو ئاستی تیوری و کردەیی پێیان دەکرێ تەکانێکی باش بە بزاڤی شانۆ بدەن، بەڵام ئەفسووس ساڵانێکی زۆر تێپەڕین و نەتوانرا جوولەیەک بخرێتە ئەو بارودۆخە مەنگ و وەستاوە و هەنگاوی بەرچاو بنرێت، بەڕپرسیارێتیی ئەمەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی هونەرمەندانی بوارەکە و داوودەزگا تایبەتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و تیپ و سەنتەرە ئەهلییەکانی دەرەوەی وەزارەت.

* ئەوە چەند ساڵێکە زۆر لە هونەرمەندان و نووسەرانی بواری شانۆ ڕووی پێشنیارمان لێدەنێن کە ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا جارێکی دیکە بگەڕێینەوە لای شانۆ و ژمارەی تایبەتیی بۆ ئەو مەبەستە دەربکەین و جارێکی دی چاکی لێ بکەین بەلاداو بەشدار بین لەوەی گوڕوتینێکی نوێ بە شانۆی کوردی بدەینەوە و نووسەر و هونەرمەندەکان لە گۆڤارەکەدا کۆ بکەینەوە و بڕەو بەو جدییەتە بدەینەوە کە گۆڤاری ڕامان خوێنەرەکانی خۆی لەسەر ڕاهێناوە، وێڕای سوود گەیاندن بە قوتابیانی ئەکادیمیا و ئامۆژگای هونەرە جوانەکان.

* ئەم ساڵ وەک ساڵانی ڕابردوو بڕیارمان دا ژمارەیەکی سەرومڕ تایبەت بکەین بەشانۆ، دوای ئەو بڕیارە کەوتینە پێوەندی کردن لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان و شارەزایان، چ ئەوانەی لە دەرەوە، یان ناوەوەی وڵات بوون، کە بە ڕاستی پێشوازی کردنی ئەو نووسەرانەی بەپیر داواکەمانەوە هاتن، سەرووی چاوەڕوانی و مەزەندەی ئێمە بوون، بۆیە ئەو دەقە خۆماڵی و وەرگێڕراو و تەبا (تولیف)کراوانە، ئەو لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و نووسینانەی لە هەموو لایەکەوە بەدەستمان گەیشتن، نەک بایی دەرکردنی تاکە ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەمان، بگرە بایی دەرکردنی سێ ژمارە کار و بەرهەمان پێگەیشت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە بە ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمانەوە بەستراوینەتەوە، بەدەر لە دەسەڵاتی خۆمان نەمانتوانی هەموو ئەو نووسینانەی پەسندمان کردبوون لەو ژمارە تایبەتەدا جێ بکەینەوە و بڵاویان بکەینەوە، بۆیە بڕیارمان دا لە ژمارەکانی داهاتوودا پەیتا پەیتا لێیان بڵاو بکەینەوە.

* ئێمە لەو ژمارەیەدا هەوڵمان دا زیاتر ڕووبەرمان لە شانۆی کوردی بێ، تا بتوانین قامک لەسەر گرفت و ئاریشەکانی دابنێین، لە پاڵ لێکۆڵینەوە و ناساندنی چەمک و ڕێباز و تەوژمەکانی شانۆی جیهانی کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شانۆی کوردیمان بە قازانج دەشکێتەوە، هەر بەپێی تەوەرە جێگیرەکانی ڕامان-یش بابەتەکانمان دابەش کرد.. لێرەدا ناکرێ خەمخۆری نووسەر و هونەرمەند (دانا ڕەووف) لەبەرچاو نەگرین، کە یەکێک بوو لەوانەی لە دەرکردنی ئەم ژمارەیەدا چەند جارێک ڕووی لێ ناوین، هەروەها لە پێوەندی کردن و هاندانی نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە وڵاتی سوێدەوە درێغی نەکرد، هەروەها سوپاسی پەرۆشیی و ماندووبوونی برایانمان لە شاری سلێمانی (کامەران سوبحان) و (هەرێم عوسمان) دەکەین، هیوادارین بەدەرکردنی ئەم ژمارەیە و بڵاوکردنەوەی دەق و نووسینەکانی دی لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەمان، بەشداری و خزمەتێکی چکۆلانەمان بە بزاڤی شانۆی کوردیمان کردبێت.

وەک قەقنەس دەسووتێم

گەزیزە عومەر عەلی ئەمین
(سلێمانی)



شانۆ: (پانتاییەکی گەورەی چۆڵ، تەنیا یەک شووشەی گەورە، گوڵی وشک لە سووچێکدا دانراوە)

ئافرەت: (لە ناکاو دێتە سەر شانۆ و زۆر شڵەژاوە، جانتایەکی جلی بەدەستەوەیە و جانتاکە باش دانەخراوە، لە پرێکدا جانتاکە دەکرێتەوە و هەموو کەرەستەکانی ناوی دەکەونە خوارەوە، لەو ناوەدا بلاوەدبنەوە، زۆرترین کەرەستەی تایبەت بە ئافرەتانە).

(شاشەیەکی گەورەی سپی لە سەرەوەی شانۆکەوە دێتە خوارەوە، هەموو گلۆپەکان بەیەکەوە دادەگیرسێن، دەنگی مۆسیقایەکی پچڕ پچڕ و لە پرێکدا مۆسیقایەکی بەهێز).

ئافرەت: (بە دەنگێکی بەرز و بەتووڕەییەوە)

– بوەستە.. بوەستە.. ئەوە چی دەکەیت؟

لەگەڵ تۆمە.. بۆ وەڵام نایەیتەوە، ئەو ڕووناکییانە خامۆش کە، لەگەڵ تۆمە ئەو شاشە سپییە (هاوار دەکات) وتم بەسە ئیدی بوەستە.

(هێواش هێواش گلۆپەکان کز دەبن و شاشەکە بەرز دەبێتەوە، مۆسیقاکە هێمن دەبێتەوە).

(وەک ئەوەی لە شەڕێک هاتبێتەوە، زۆر پەشۆکاوە، خەریکی لەبەرکردنی جلەکانیەتی و بەدەستی لەرزۆکەوە چاکەتەکەی دادەخات).

– بۆ تۆ من بەچی دەزانیت؟ کرێکار؟ خزمەتکار؟ تۆ من بەچی تێ دەگەیت؟ وا دەزانیت کە ئارەزووت هەبوو، میزاجت هەبوو نانێکی باشت خواردبوو، لە خەوێکی باش هەڵسابووییت، ئیدی دەبێت منیش وەک تۆ لە خزمەتدابم، وا نییە؟ وا نییە؟ بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟ زەحمەت نەبێ بزانم بۆ؟

(زۆر بەتووڕییەوە).

دە قسە بکە جەنابی دەرهێنەرەفەنی.

(لە تووڕەییدا خۆی دەکێشێ بە شووشەیەک گوڵی وشکدا و هەمووی لەسەر شانۆکە بلاوەدبێتەوە).

(بە هەردوو دەستی گوڵی سەر شانۆکە کۆ دەکاتەوە و

بۆنی دەکات).

ئەمە پاشماوەی ئەو گولّانە بوو کە لە ئێوارەیەکی دڕەنگ وەختدا پێشکەشیان کردم، ئێوارەیەک کە نم نم باران دەباری، دەزانن ئەو کاتە من چی بووم، ڕەنگە بلّێن بەڕێوەبەرێک! یان ئەندام پەرلەمانێک! یان وەزیرێک، یان مامۆستایەک! یان ژنە زەنگینێکی ئەم شارە، نەخێر ئەو کاتە من هیچ ئەوانە نەبووم! بەڵکو من عاشق بووم عاشق، عاشقی ئەو بووم، وەک دێوانە عاشقی بووم لەو کاتەوەی کە دەقەکەم وەردەگرت من ئەوم لەبەر چاوبوو، هەر دەمخوێند و دەمخوێند وەک قەقنەس نە جارێک نە دوو نە دە دەمخوێند بۆ ئەو ساتەی کە ئەو بێت و تێم بڕوانێت، هەموو کات وێنەکەیم لەبەر چاو بوو، لە خێڵخانەی ئازیزاندا، لەناو چەپلّەی جەماوەردا، لەناو فیک و هورِی کورِوکالاندا.

(دەگەڕێتەوە بۆ ساتی گەنجی کە لە سووچێکی شانۆکەدا چاوەڕێیە)

خوایە گیان تۆ بلّێیت بێت؟ یەت چۆن نایەت؟ خۆی ناگرێت بزانێ من نمایشم هەیە و نەیەت؟ نا نا نابێت، بەخوا نایەت، کوا ئەی بۆ نەهات؟ ئەوەتا هەموو هاورِێکانیشی هاتوون ئەی ئەو بۆ نەهاتووە؟ جەنابی بلّێی بێیت بۆ ئێرە باشتر نییە، لەوەی لەو سەرجادانە دەسووڕێیتەوە؟ ئەگەر هات..... (وەک یەکێ شتی باتێ). لایبە ئەوەم ناوێت وتم نامەوێت، ئەگەر لە ڕیزی پێشەوە دانیشت، هەر بە چاوم قسەی لەگەڵ دەکەم ، بۆ ئەوەی بزانێت هەر بۆ ئەو تەمسیل دەکەم، ئەرێ دە وتم لاچۆ هیچم ناوێت، بەڵام ئەگەر لە ڕیزی ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانیشتبوو، ئەو کاتە هەوڵ دەدەم بەجوولّەیەکی جەستە وەک مار خۆم بۆ ئاستی بەرانبەری بخشێنم، هەر بە جوولّەش قسەی لە گەڵ بکەم .

(زۆر بە تووڕییەوە و بە دەنگی بەرز).

وتم دوور کەوە، نامەوێت، هیچم ناوێت، من نامەوێت جوان بم، نامەوێت سوور و زەرد بم، دەمەوێت وەک خۆم بم، دە وازم لێ بێنە (دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی پێشووی)، بەڵام ئەگەر هاتو لە ڕیزی دواوەی هۆڵەکە دانیشتبوو، نازانم چۆن بیدۆزمەوە؟ چۆن؟ ئا بالّێکمی بۆ ڕادەکێشم، بە دڵ و بە ڕوح بانگی دەکەم تا بمبینێت، بەڵام دەترسم نەمبینێت، ترس.. ئەوە ترسی عەشقە عەشق. نا ئەوە ترس نییە لە خۆشەویستی، ئەوە ترسە لە دوودڵی و گومان، ترسە لە دڵەڕاوکێ.

– خۆ من دەمزانی تۆ هەر خۆت نیت

دەمزانی تۆ لە ناو ئەستێرەیەکدایت و دەستم پێت ناگات، دەمزانی شەوانە تۆ لەسەر سنگت یاری بە تاڵە قژەکانی ژنێک دەکەیت و بیریش لە من دەکەیتەوە، دەمزانی تۆ لەسەر خوانێک نان لەگەڵ ژنێک دەخۆیت، کەچی هەست بە برسێتی دەکەیت، من دەمزانی، ئەگەر بێیت بۆ نمایشەکەشم ناهێڵیت، بتبینم، ئەگەر نەشیەیت بۆیە نایەیت، تا ئازاری ڕوحم بەیت، هەموو ئەمانەم دەزانی.

(دەست بۆ گولّەکان دەبات)

ئەمانە هەمووی گولّی ئەو کاتە بوون.

کە لەسەر شانۆکە گولّ باران دەکرام هەمووان پیرۆزباییان لێ دەکردم، کەچی من هەر چاوم بۆ تۆ دەگێڕا، هەموو گولّەکانم وشک کردەوە و هەڵم گرتن، چووم بۆ لای هەلاج، مامە گیان دەتوانیت ئەم گولّانەم لە بری لۆکە بۆ بخەیتە ناو دۆشەکێکەوە ئەوەندەی بالّای خۆم..

کابرای هەلاج وتی:

کچم ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ ئەو کارە زۆر گرانە و هەر تەندروستیش نییە، لایبە من نایکەم.

وتم – دە توخوا مامە گیان دڵم مەشکێنە، بۆم بکە.

کابرای هەلاج لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، منیش کۆڵە گۆڵەکەم هەڵگرت و بردمەوە ماڵەوە، دۆشەکێکم لە گولّ بۆ خۆم دروست کرد، لەبری سەرپۆش لەچکێکم بە گولّ دروست کرد، هەموو ماڵەکەم پڕ کرد لەگولّی ئەو کاتە تا تۆم بیر نەچێتەوە، من ئەکتەر بووم بۆ تۆ، تەنیا بۆ تۆش تەمسیلم دەکرد، من نەمدەتوانی بەبێ عەشق و تارمایی تۆ کاری شانۆ بکەم، چونکە تۆم لە ناو شانۆدا دۆزییەوە، نا..نەء نەمدەتوانی.

بۆ شەرمە؟ عەیبە؟ ئەی بۆ عەیب نەبوو کە نالی شیعرەکانی بۆ حەبیبە دەنووسی؟ بۆ عەیب نەبوو وەلی بۆ شەم دێوانە بوو؟ بۆ شێخی سەنعان بۆ کچە گاورێک لە دین وەرگەڕا؟ بۆ شەرم نەبوو مەولەوی لەگڕی عەشقی عەنبەر خاتووندا شەوورۆژ وەک قەقنەس دەیخوێند و دەیخوێند.. بۆ بۆ هەموویان عەیب نەبوو بۆ؟

بۆ، بۆ من عەیبە، بۆ؟

(وەک وەلّام بداتەوە)

ئەو ڕۆژەی کە نەمتوانی ئەم گوڵانە بۆن کەم، ڕۆژێکی باش نەبوو، ئەو ڕۆژەی کە تۆ نەهاتیت بۆ نمایشەکەم، ڕۆژی مەحشەر بوو، کوڵە چوارشەمووی مانگی سەفەر بوو.

(لەبەر خۆیەوە ئەمە چەند جارێک دەڵێتەوە وەک بۆ ڕۆژانی ڕابردووی بگەڕێتەوە).

(دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی گەنجی و وەک ئەوەی کۆمەڵێک هاتبن بۆ لای و داواکارییەکیان هەبێت).

(بەگریانەوە).

ئاخر ناتوانم، باوەڕم پێ بکەن کە دەڵێم ناتوانم، ئەمە کەی ڕۆژی ئەوەیە من میوانەکانم جێ بێڵم و بێمە سەر شانۆ؟ ئەوە هەر ناکرێت.. لایبەن من ئەو گوڵانەم ناوێت، بۆ گوڵتان بۆ هێناوم؟ من چی لە خەڵک بکەم کە لە دەرەوەی هۆڵەکە وەستاون! چییان لێ بکەم؟ ئێستا تواناییم نییە خەمی ئەوانیش هەڵگرم، من خەمی خۆمم بۆ هەڵناگیرێت، دڵم جێی ئەم هەموو خەمەی تێدا نابێتەوە، وتم ئیدی پێم مەڵێنەوە کاری ڕاگەیاندنەکان کەی کاری منە، ئەوان ئەوە کاری خۆیانە، با سەرلەنوێ خەڵکی ئاگادارکەنەوە، کە نمایشەکە وەستاوە، بڵێن ئەمڕۆ و سبەینێ و ڕۆژەکانی دواتریش دەرگەی شانۆکەی دادەخرێت، بڵێن پەردەی شانۆکەی دادراوەتەوە، بڵێن ئەکتەرەکە توانایی تەمسیل کردنی نییە، بڵێن ئەکتەرەکەی کۆستی کەوتووە، بڵێن، بڵێن ئەکتەرەکە شێتە، شێت بووە، بڵێن باوکی مردووە، بڵێن بە هەموو خەڵک بڵێن، جوانترین باوک لەم ژیانەدا مرد.

(زۆر بەکوڵ دەگری).

وتم شتێکم بەزۆر پێ مەکەن کە لە توانایی ڕوحمدا نییە، من ئەمڕۆ ڕوحم ڕەشە و جلم ڕەشە، ئیدی چۆن بتوانم ئەم جەستە لەرزیوەم لەسەر قاچەکانم ڕاگرم، چۆن؟ هەست دەکەم ئەمڕۆ زمانم بووەتە پەڵاس وەک ڕێواسێکی وشکی پیری لێ هاتووە. ئاخر ئەکتەرێک هەیە بەو شێوەیە بێت و بتوانێت پێشوازی لە میوانەکانی بکات؟ وتیان ئەگەر دەتەوێت بەدڵ لە پرسەی باوکتدا دانیشیت، وەرە سەر شانۆکە و لەگەڵ میوانەکانتدا پێکەوە بۆ نەمری دەست و پەنجەکانی باوکت شینێکی هونەری بگێڕن.

(وەک نالەی ڕووخاندنی شاخێک هاوار و گریان).

ئەو گوڵانە گوڵی ڕۆژانی پرسەی باوکم بوو، گوڵی سەر شانۆکەی ئەو بوو. ئەو هێشتا لێدانەکانی دڵی بە ئاستەم وەک تنۆکێک ئاوی ماوەی ناو سەتڵێک دەچۆڕانە ناو دڵی منەوە. من ئەو کاتە لەسەر شانۆکە شینم بۆ دەگێڕا. بۆنی ئەم گوڵانە بۆنی لە بۆنی بوخوردی سەر گۆڕەکەی ئەو دەچێ، لە بۆنی کفنی تەڕی ناو گڵ دەچێت، کە لە جەستەی هونەرمەندێکەوە پێچراوە. باوەڕتان بێت بۆنی کفنی هونەرمەند زۆر جیاوازە لە بۆنی کفنی هەموو کەسێکی دیکە. سەیرە.. زۆر سەیرە، بۆنی کفن و بۆنی گوڵ و بۆنی بوخورد و بۆنی شانۆ، ئەمانە لە واقیعدا بەیەکەوە تەبانین، کەچی تاکە ماڵێک کە بتوانێت کۆیان کاتەوە هەر شانۆکەی منە، من.

(وەک بە هۆش خۆیدا بێتەوە و بۆ باری ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە).

نامەوێت، وازم لێ بێنە، نامەوێت هیچم ناوێت، ناخۆم، هیچ ناخۆم، هەموو خزمەتەکەی تۆ چۆڕێ ئاوی گەرمی کۆنە لە پەرداخێکی نایلۆنی بۆگەندا دەیهێنیت، دەڵێی دەیخەیتە بەردەمی مریشکی ناو کولانە، هەر کاتێک بمەوێت وەک کەو بخوێنم ، بفڕم گۆرانی بڵێم.

خێرا لە خۆمم دادەبڕیت.

(لاسایی دەکاتەوە).

خانم ئاو ناخۆیت؟؟

وەڵام – دەرد دەخۆم باشە!!

من کەی ئەکتەرێکی بە توانام؟ من کەی داهێنەرم؟ من کەی هونەرمەندم؟

(بە گاڵتە بە خۆ کردنەوە).

ئەکتەرە گەورەکان لە پشووی پرۆڤەکانیاندا، شیر، قاوە، نسکافی، کەپوچینا.. وەک لاساییان بکاتەوە.

خانمەکەم دەکرێت کەمێک باڵت هەڵبڕیت تا ئەو جلانەت بگۆڕم کە کەمێک ئارەق تەڕی کردووە؟

خانمەکەم حەز دەکەم بەخاولییەکی سپی کەتان ناو شانت وشک کەمەوە، تا نەخۆش نەکەویت، لەوە زیاتر خۆت مەجوولێنە با عەزیەتت نەدەم هەر کەمێک قاچت بەرز کەرەوە، با ئەو پێڵاوانەت بۆ داکەنم و ئیسراحەتێک بکەیت.

(بەدەنگی بەرز و گاڵتەوە).

ترحیو بۆ ئێمە دەمانوێرا لەو دیو کەوالیسەکانیشەوە پێڵاوەکانمان داکەنین..

(وەک کاتی نمایشکردنی شانۆییەکەی بێت).

وەڵاهی دوێنێ دوای پرۆڤە ئا لێرە هەر لەم سووچەدا

بەجێم هێشت، باشە چی لێ هات؟ ئاخر کێ بردی؟ باشە پیاو پێلاوی ژنی بۆ چییە؟ ئێستا من بەچییەوە تەمسیل بکەم؟ هیچ شتێکی لێ نەبووە نە عەلاگە جلی پێوە کەین، نە کورسی زیادە لەسەری دانیشین، نە ژووری خۆ گۆڕین، نە ئاودەست و نە حەمام. کە میزمان دەهات، یان دەبوایە تا تەواو دەبووین خۆمان لوول کردایە، یان لەپشتەوە بە دزی دەرهێنەرەکەوە دەمان کردە ناو قوتووی دۆشاوی تەماتەوە، دەرهێنەرەکەشمان لە ئیمەوە فێربووبو بە دزی ئێمەوە میزەکەی دەکردە ناو قوتووی دۆشاوەکەوە.. من وەک هاوڕێکانم نەبووم، خۆم دەگرت، دەموت نەوەک ئەو بێت و دوای نمایشەکە پیرۆزباییم لێ بکات. با بۆنی میزم لێ نەیەت، من هەموو ڕۆژێک هەرخۆم دەگرت، کەچی ئەو هەر نە دەهات..

(دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی).

من بە منداڵانی گەڕەکم دەوت کە لە ماڵەوە قوتووی دۆشاوەکەتان تەواو بوو فڕێی مەدەن، بۆ منی بێنن، ئێمە لە شانۆ زۆر پێویستمان پێیەتی..

ئەرێ ئەوە کوا چی لێ هات؟ هیچ لە جێی خۆی نامێنێ، باشە ئێوە شانەی منتان بۆ چییە؟ شەرت بێت قژم دانەهێنم، من سەرم هەمووی کرێشە، کێ بەشانەی من قژی داهێناوە؟ بەس بزانم کێ بردوویەتی خۆم دەزانم.. ئەی خۆ لە گیرفانی دەرهێنەرەکەمان شانەکەم دۆزییەوە (چەپکێ گوڵ بەر سەری دەکەوێت) ئەرێ ئەوە کوا چی لێ هات؟ هیچ لەجێی خۆی نامێنێ، باشە ئێوە شانەی منتان بۆ چییە؟ شەرت بێت قژم دانەهێنم، من سەرم هەمووی کرێشە، کێ بەشانەی من قژی داهێناوە؟ بەس بزانم کێ بردوویەتی خۆم دەزانم، ئەی خۆ لە گیرفانی دەرهێنەرەکەمان شانەکەم دۆزییەوە، بە هەردووکمان یەک شانەی کرێشاویمان هەبوو، ئێرە باشە؟ بەڵێ ئەی ئێرە؟ باشە؟ ڕووناکییە شینەکەم بەرێ، ئەوە چەپکە گوڵی ڕۆژانی لاوێتی و جوانییە، ڕۆژانی شەق تێهەڵدان لە جوانییەکانی ژیان، ڕۆژانی مەستی و بێ هۆشی بوو، گۆڵی کچان و ژنانی شارەکەم بوو کە بۆیان دەهێنام و باوەشیان پێدا دەکردم و بە چرپە پێیان دەوتم، ئەو هەموو جوانییە چییە؟ ئەو ڕۆژانە هەموو شتێک زۆر بوو، کەچی هیچم نەدەبینی، نامەکان، پێوەندییەکان، پێکەنینەکان، دڵدارییەکان، ڕۆژانە زەنگی تەلەفۆنەکان هەراسانیان کردبووم، لێدوانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەندێکیان هەر گیرفانیان بەتاڵ بوایە ژمارەکەیان لێ دەدا و ..

– ناوت چییە؟ نا ببووڕە ناتوانم..

– لە کوێ لەدایک بوویت؟ کاتم نییە..

– لە کەیەوە دەستت پێ کردووە؟ باری دەروونیم باش نییە..

– ڕات دەربارەی بزووتنەوەی سەکۆی شانۆی کوردی چییە؟ تەعزیمان هەیە.

(وەک بێزارییەک بەچەند شێوەیەک خۆی دەنوێنێت).

– ڕات دەربارەی ئەمرۆی شانۆی کوردی چییە؟؟؟ کێ بوون ئەو ژنانەی هانی تۆیان دا بۆ کارکردن؟ بۆچی تا ئێستا بیرت لە شووکردن نەکردووەتەوە؟ نامەوێت من لەسەر کەس قسە بکەم، ئەو کەنالە؟ لەو کەنالەوە هەر قسە ناکەم، کاکە ئەوە تۆ چی دەڵێیت، من چۆن لە تەلەڤزیۆنی ئەوانەوە قسە دەکەم؟

– وازم لێ بێنن..

– من چیم تا قسە لەسەر شانۆی کوردی بکەم؟

– بە هیچ کەسێک نە سەرسام بووم، نە کاری تێ کردووم، من خۆم خۆم دروست کردووە، خۆم شەوورۆژم خستووەتە سەر یەک تا بووم بەم ناوە، ژیانی خۆم فێری هەموو شتێکی کردم، لە خۆبووردنم لە هەموو خۆشییەکانی ژیانم منیان کرد بەم ناوە، نەهامەتییەکانی ژیانم منیان دروست کرد، ترپە خێراکانی دڵەکەی سەر شانۆم منیان کرد بەم ناوە، دەی دە بینووسە بۆ بێ دەنگ بوویت تۆ وەڵامت ناوێت، ئەی چۆن دەتەوێت؟ چی، لە شوێنێک دانیشین و پرسیار و وەڵامی زیاتریشم دەوێت، باش... باشە بەڵام بەمەرجێ، مادام تۆ وەڵامی زیاترت دەوێت هیچ مەنووسە، وەرە بۆ میوانیمان و بۆ خۆمان بەیەکەوە، باسی هەموو شتێ دەکەین، شانۆی کوردی، برنجی کوردی، تاکی کوردی، قەیرە کچی کوردی، بێوەژنی کوردی، باسی هەموو شتێ ئیدی چاوپێکەوتنی بۆ چییە؟

(پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی).

ئا بێنە پرسیارەکانم بەرێ خۆم لە ماڵەوە وەڵامیان دەدەمەوە، چی؟ خۆم، خۆم حەزم لە چ پرسیارێکە بینووسم؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەی جەنابت ڕۆژنامەنووسی چیت بەخێرێ؟ باشە خۆم حەزم لەچی بوو، دەینووسم یەک کەلیمە، یەک دێڕی، لێ بقرتێنی، واوەیلا

به حاڵت چی پارەت لەسەری وەرگرتووە لێت دەسێنمەوە، من گـەلێ جـار حـەزم دەکـرد بنووسم دەمـوت بەڵکو بەرچاوی ئەو عاشقەم بکەوێت و بیخوێنێتەوە، لە هەموو شـوێنێکی ئەم ژیانەمـدا لەگـەڵم بوو، بۆنی ڕوحی وەک بۆنی ئەم گوڵانە بە ناو دەمارەکانمدا دەهات و دەچوو، ئەو منی تەنیا بۆ ئەوە دەویست کە پێم بڵێ..

(لاسایی دەکاتەوە و دەست بۆ کـۆمـەڵێک ڕۆژنامـە و گۆڤاری کۆن دەبات).

تۆ ئەکـــتـــەرێکی بەتوانایت، تۆ هێـــزێکی لە ڕادەبەدەریت، تۆ ئافرەتێکی لێهـاتوویت، تۆ.. تۆ..... تۆ..... تۆ....., ئەوانیش هەموو بەرگی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بەمن دەڕازاندەوە..

(لاسایی دەکاتەوە).

(وەک تووڕەبوونێکی بێ هوودە).

کـە لە شـانۆکـە دەهاتنە دەرەوە، بەڕاسـتی ئەکـتـەرە، ڕەوعە، براڤۆ، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون بۆ یەک سات بەختـەوەرم کەن، بمکەنە هاوسەر و خۆشەویسـتی ژیانی خـۆیان، کـەسـیـان ئـامـادە نەبوون ڕێز لە مـێـژووی مـاندووبوونم بگرن، ئەوان بۆ ئەوە منیـان دەویست بڵێن مـیللەتی ئێـمـەش، ژنی بە توانای هەیە، بەڵێ ژنی زۆر بەتوانامـــان هەیە، ژنی ڕۆشنبـیـــرمـــان هەیە، ژنی سیاسەتمەدارمان هەیە! ژنی هونەرمەندمان هەیە! ئەی بۆ نا؟ ئەوان هەر سەیریان دەکرد، بەڵام ئاگایان لە ناخی من نەبوو، لە ناو بواڕەکەدا شەڕ بوو لەسەرم، کێ ناوم بخاتە ناو باسەکانیـانەوە، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون بڵێن خۆشم دەوێیت، نا تۆ بۆ چیتە؟ مـاڵ و سامان، بۆ چیتە؟ منداڵ؟ بۆ چیتە، شوو کردن؟ بۆ چیتە تۆ شووت بە شانۆ کـردووە، بەڵێ هەمـوو شـتێ بۆ من قـەدەغـەبوو، من بۆ ئەوان بووم و ئەوانیش بۆ خۆیان، (دەگـەڕێتـەوە تەمـەنی پیربوونی، هەموو جوولەی جەستە و دەنگی دەگۆڕێت) دووکـەڵی جگەرەکـانم ڕوح و دیوار و جلەکـانمی ڕەش کـردووە، جگەرەکـانم هاوڕێ و دۆست و مـیـوانەکـانمن، ڕۆژگـار دێت و دەچێت و کـەسێک نییـە نە زەنگێکم بۆ لێـدا، نە دەرگـەکـەم بکاتەوە، بەیانیـان کـە لە خـەو هەڵدەسم دەڵێم خـوایە ئەمـڕۆ بارانێک بە ڕەشـەباوە هەڵکات و لەپڕێکدا کەسێک بکێشێت بە دەرگەکەمدا، بۆ ئەوەی دڵم داچڵـەکێت و بڵـێم: ئەوە یەکێک هات، ئەگـەر بیـریان بکەوێتـەوە کـە ڕۆژگـارێک لە شـانۆ کـارم دەکـرد، ئەو کـاتە ئەوەندەی پوولێک، وێنەکـەم دەخـەنە بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکانیانەوە..

دەی خوایە دەنگێک، تەقـەیەک چاوەڕێم تا ڕەمـەزانی داهاتوو، دەرگـەی خـێـری مـاڵان دەکـرێتـەوە، ئەو کـاتە، ئەگـەر کـــچـــێکی بچکۆلانە لەدەرگـەکـــەی دام و دوو (ناوسـاجی) گـەرمی مـانگی ڕەمـەزانی بۆ هێنـام دەڵێم: وەرە.. وەرە ئازیزە بچکۆلانەکەم بەخوا باش بوو هاتیت، بزانە ئەو کـۆمـەڵە وێنەیەی ژێر سـەرینە گـوڵـینەکـەم بۆ کۆناکەیتەوە، وەرە ئازیزەکەم بۆم کۆکەرەوە و بیخەرە ناو کیسـەیەکی نایلۆنەوە، با چرچولۆچ نەبن، وەرە قەڵەمێک بێنە و باپێت بڵێم لە پشتی هەموو وێنەکان بۆم بنووسە، تا توانیم لەســەر شـانۆ وەک قـەقنەس بۆم خـوێندی، نازانیت قـــەقنەس یەعنی چی؟ قـــەقنەس ئەو بـاڵندە جـوانەیە، کـە لە کـاتی خـوێندندا دەفـڕێت و ئەوەندە باڵەکانی بە تونـدی بە یەکدا دەکێشێت تا گڕ دەگرێت و دەسووتێ و دەبێتە خۆڵەمێش و دەکەوێتە سەر زەوی. لەو خۆڵەمێشـە قەقنەسیکی بچـووکی وەک تۆی لی دروست دەبێتەوە، لە دوای مەرگم بۆ ئەو کەسەی کە عـاشقی بووم و ڕوحی لێوەرگرتم و ڕۆیشت.

مۆنۆدراما

شەقامی پەپوولە

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)

(ژنێک تەنیا، لەناکاو هەست بە بوونی پەپوولەیەک دەکات کە دێتە بەردەم پەنجەرەکەی.... یەکەم جار بە ئاماژە ، پاشان بە قسە پێوەندی لەگەڵ دروست دەکات.)

بەم درەنگ وەختە چی تۆی هێناوەتە بەردەم پەنجەرەکەم... (لەبەر خۆیەوە) بڵێی لە کوێوە هاتبێ و چ هەواڵێکی پێ بێ؟ (بۆ پەپوولەکە) ماندوو دیاریت! ئا... دەزانم... ڕەنگبێ لە ڕێیەکی زۆر دوورەوە هاتبیت، ڕەنگبێ لە گوندێکی زۆر دوورەوە، یان لە شارێکی قەرەباڵغەوە، یان ڕەنگە لە بەهەشتەوە هاتبیت! چیە پەپوولەی ئازیز... بەساقە... بۆ خۆت بەپەنجەرەکەمدا دەدەی... بڵێ... سەرماتە؟ بیری بەهار دەکەیت؟ یان ئیتر تەنیایی سەرت پێ دەکا بە کۆشی هەموو باخ و هەموو ژووڕە داخراوەکاندا؟ بەو ژووڕانەشەوە کە هەتاو نایانگاتێ و پڕن لە خەڵکانێک بێزراو لە ئینسانبوونی خۆیان. بڵێ ئەی پەپوولەی هاوڕێ، چ قەدەرێک بوو بۆ بەر پەنجەرەی ژنێکی وەک خۆت تەنیا و ماندووی هێنایت؟ ژنێک وەک خۆت ڕاکردوو بە هەگبەیەک چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانەوە، پڕ لە بێدەنگی و لە حەکایەت، ترساو تەنانەت لە سێبەرەکەی خۆیشی... ئەی پەپوولەی غەریب... من شێوەت دەکەم... تۆ ڕوحی کەسێکیت... ئادەی.... بەڕاست پێم بڵێ تۆ ڕوحی کێیت، تۆ لە کەسێک دەچیت نزیک، کەسێکی میهرەبان کە جارێک لە جاران بە شەقامێکدا بەلایدا دەڕۆیت و زەردەخەنەیەکت بۆ دەکا و ئیتر هەرگیز نایبینیتەوە، بەڵام سێبەرەکەی لە تابلۆ و لە شیعر و لە پارچەیەک مۆسیقا و لە ڕۆمانێکدا دەناسیتەوە، کە دەچیتە ناو باخێک دەنگێک لەسەر بەرزترین پەلکی درەختێکەوە بانگت دەکا، کەسێک لەنێو تویژاڵی گوڵەباخێکدا دانیشتووە و وەک منداڵ قاچی شۆڕکردۆتەوە خواروە و ئاماژەت بۆ دەکا، دەسبەجێ دەیناسیتەوە... بەخۆت دەڵێیت: ئەوەتا... ئەوە خۆیەتی.... ئەوە....

تۆ هەمان ئەو ڕوحە سەیرەیت ئەی پەپوولەی ئازیز،

دیدارت شاد کە لەم ئێوارە درەنگەی پاییزدا دەبیتە میوانم. (دەستی پەپوولەکە دەگرێ و وردە وردە دەیهێنێتە ژوورەوە) ببووڕە، ئەگەر ناوەوەش وەک دەرەوە هەر پاییز بێت... خۆت دەزانیت ناوەوە و دەرەوە دوو دیوی یەک شتن کە پێی دەگوترێت ژیان.. ئەگەر جیاوازییەک هەبێت، ئەوە لە فۆرمی حەکایەتەکان و لە جۆری گێڕانەوەکاندایە.. لە سروشتی کارەکتەر و لە گرێچنی ڕووداوەکانیاندایە... لەوەدایە کە من بە زمانی قسە دەیگێڕمەوە و تۆ بە زمانی فڕین...

(وچان.... بە جۆرێک لە سەماوە)

دەی پەپوولەی هاوڕێم... ئەمشەو شەوی خۆمانە... شەوی هەڵقوڵینی کانیاوی حەکایەتە بچکۆلە و فەرامۆشکراوەکانە... ئەمشەو نانووین و دەبینە دوو حەکایەتخوانی دڵتەنگ... دوو حەکایەتخوان کە خۆیان لە کەشتی نغرۆبووی حەکایەتەکاندا بوون بەژێر وێرانەی دنیاوە و تا دەمرن کەس نییە لە کتێبێکدا بیاننووسێتەوە و لە ئاوێنەیەکدا بیاناسێتەوە....

دەی پەپوولە گیان.. یەکەم جار نۆرەی منە... ئاقڵ دانیشە و گوێ بگرە... حەز دەکەیت چیرۆکەکە ناوی چی بێت؟ دیدەنی.... یان پاییزە دیدەنی باشە؟ پێت چۆنە؟ دەی باشە... چیرۆکێکی سادەیە لە ڕووداودا، بەڵام ڕەنگە جۆرە قوواڵییەکی هەبێت... بیرت نەچێ ئازیز کە ئێمە هەموومان منداڵی حەکایەتە سادە و قوواڵەکانین... دەی ئامادەیت.... هەبوو نەبوو...

جارێکیان گەڕامەوە بۆ نیشتمان..لە نیوەڕۆیەکی هاویندا بە ڕێگەدا دەڕۆیشتم و کتوپڕ پەڵەهەورێکی ڕەشم بەئاسمانەوە بینی.

ئا... بەڕاستمە... پەڵەهەورێکی ڕەش.. کە سەیری خەڵکەکەی دەوروبەری خۆم کرد... ئەوان ئاسایی بوون... پێم وتن بەڕاست ئێوە ئەو پەڵەهەورە دەبینن..ئەوان گاڵتەیان بە قسەکەم هات..چەند جارێک دووبارەم کردەوە...

دواتر پێدەچوو وایان زانیبێ شێت بووم... لەهەر شوێنێک بوومایە، هەستم دەکرد ئەو پەڵەهەورە بەدوامەوەیە...پێیان دەوتم واهیمەیە.. ئیتر منیش بێدەنگ دەبووم... بەڵام هەر دڵم لە مشتمدا و خەیاڵم لای ئەو پەڵەهەورە بوو... پەڵەهەورێکی سەیر... زۆر سەیر... پڕ لە وێنەی جۆراوجۆر.... پڕ لە ئاماژە و هێڵ و جوولەی سەیر.. جارێک لە دەستێک دەچوو کە بە منداڵی لە کۆڵان لێی دام، جارێک لە مقەستێک دەچوو کە جارێکیان دایکم بە منداڵی پێی ترساندم، جارێکی تر لە ڕوخساری ئەو مامۆستایە دەچوو کە جارێک لە جاران لەبەرچاوی قوتابییەکاندا تەریقی کردمەوە و منیش گریام... جارێکی تر لەو گورگە دەچوو کە لە حەکایەتێکدا کارژۆڵەیەکی خوارد... جارێکی تر لەو ئەفسەرە دەچوو کە مااڵەکەمانی بەدوای کتێبە قەدەغەکانی باوکمدا ژێرە و ژوور کرد....

(وچان)

پێم بڵێ ئەی تۆ... تۆ.. ڕۆژێک لە ڕۆژان پەڵەهەورێکی وات نەبینیوە؟ پەڵەهەورێک لە شێوە و فۆرمی ترسناکدا؟ پر لە سەرما و هەڕەشە و دڵتەنگی؟ پڕ لەو ڕەنگە دزێوانەی کە لە ئێوارەیەکی تەپوتۆزاویدا پەلامارى باخ دەدەن و دەیکەن بەژێر وەیشوومە و خەمێکی قەترانییەوە؟..تۆ شتی وات دیوە؟ ڕێکەوتت کردووە؟ بەڕاست؟ چۆن؟ کەی؟

(وچان... وەک ئەوەی گوێی بۆ چرپەی پەپوولەکە ڕادێرابێ)

ئا... دەباشە..

(وچان)

لەوێ هەر دەڕۆیشتم و دەڕۆیشتم... لای خۆی خەڵکی ئەوێ بووم، بەڵام غەریبییەکی سەیر.. غەریبییەکی تاریکتر لە غەریبیی بیابان دایگرتبووم.. ئازیزم.. ئاخر من لەوێ.. بە دوای مندااڵیی خۆمدا دەگەڕام... بە دوای ئەو جێگایانەدا کە بووکەشووشەکانی مندااڵیی و سێبەری مااڵەباجێنەکانمی لێ بوون.. دەگەڕام بەدوای بەردەرگاکانی کچێنی خۆمدا و بەدوای ئەو بۆنە خۆشەدا کە باران دەیڕژاندە ئینجانەکانی حەوشەوە... ئا... بیرم کەوتەوە... دەگەڕام بەدوای ئەستێرەیەکدا کە لە شەوانی هاوینی ئەوسادا ببووە هاوڕێم و هاوینان لەسەربان دەهاتە ژێر بەتانییەکەمەوە و بە دزییەوە نهێنی غەم و نهێنی عیشقی خۆمم لەلا دەدرکاند..

(وچان... بە خۆیدا دێتەوە وەک ئەوەی لە باسکردنی ئەو نهێنییەی خۆی پەشیمان بێت)

ئا... بەڵام من ئەو پەڵەهەورە ببووە مەراقم.. هەستم بە جوولە و بەو نوقااڵنەیە دەکرد کە لە تاریکییە چڕەکەیەوە نائومێدی دەڕژاند... دەگەڕام و دەگەڕام تا بەڵکو لەو شارەدا یەکێک ببینم و یەکێک بناسم کە وەک من لە ئاسمان بنۆڕێ و وەک من بیبینێ..... ئارام بگرە.. پەپوولەی ئازیز.. دۆزیەوە.. کەسێکم دۆزییەوە.... بڵێ کێ؟ بڵێ کێم دۆزییەوە... مندااڵیکی بچکۆڵانەی سەهۆڵاوفرۆش... بەڕاست تۆ ناناسی ؟ تۆ کچەی سەهۆڵاو فرۆش ناناسیت.. خۆت هەڵە مەکە... دەبێت بیناسیت.. دەبێ جارێک لە جاران ڕێکەوتیت کردبێ... بیرکەرەوە.. ڕاوەستە... دەی قەینا

من بیرت دەخەمەوە....
(لە ڕۆڵی منداڵەکەدا)
ئاو... ئاوی ساردە... دەروونت فێنک کەرەوە... بەڕێزم ئاو... سەهۆڵاوی ساردە.. ئاو لە دنیایەکی گەرمدا... خۆت فێنک کەرەوە.. ئاو... وەرنەوە بۆ ئاو... خانمەکەم ئاو ناخۆیتەوە.. (غەڵبەغەڵبی خەڵک)
ئاوی ساردە.. کەللەتەزێنە ئاو... ئاوی ساردە...تینوێتییەکەت بشکێنە... ئاو ئاوی ساردە...فەرموو بەڕێز نۆشی گیانی کە... ئاو... ئاوی ساردە..فەرموو بەڕێزم....فەرموو خانم ئاو... ئاوی زۆر زۆر ساردە...
(وچان)
منداڵێکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو... بە سەتڵە ئاوەکەیەوە لە پاڵەوانی یەکێک لە چیرۆکەکانی سی.ئێچ. ئەندەرسن، یان ئەنتوان چیخەف دەچوو.. بەردەوام سەیری ئاسمانی دەکرد.. وەک ئەوەی شتێک ببینێت، یان ڕستەیەکی ئەفسوناوی تێدا بخوێنێتەوە...
(وچان)
کچە ئاقڵەکە... دیارە ئاوەکەت ساردە.. دە جامێکم بەرێ...
کە لەگەڵیدا قسەم دەکرد... هەستم کرد سێبەرێک لەسەر ڕوخساری نیشت... سێبەرێک لە غەم و هەور... تا دەهات سێبەرەکە چڕتر دەبۆوە... تەشەنەی دەسەند... سێبەرەکە لە ڕوخساری منیشەوە ئاڵا... تەماشای دەوروبەری خۆم کرد... تا چاو بڕکا سێبەر دریژ دەبۆوە... جادە و قەرەبالّغی و دووکان و ئۆتۆمبێلەکان و ڕوخساری ڕێبوارانیشی گرتەوە... بەڵام خەڵکەکە وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ بە ڕێگای خۆیاندا دەڕۆیشتن و سەرقاڵی شتە ڕۆژانەییەکانی خۆیان بوون.. هەستم دەکرد بە ڕێگاوە دەڕۆن و هەر یەکەیان لەگەڵ خۆیدا سەرقاڵی ژمارەی شتێکە... یەکێک سەرقاڵی ژمارەی ئەودوای ڕۆژەکانی تەمەنی بوو، یەکێکی تر سەرقاڵی ژمارەی مووچەکانی، ئەوی تر سەرقاڵی ژمارەی ئەو کوڕانەی کە لە تەمەنیدا نامەی دڵداریان بۆ نووسیوە... ئەوی تر سەرقاڵی ژمارەی ئەو کۆترانە بوو کە ڕۆژانە لە ئاسمانەوە دەوەرینە حەوشەکەی...
(وچان)
دەزانیت هاوڕێم... من لەو کاتەدا ترسێکی سەیر دایگرتم... بڵێ ترسی چی؟ خەریک بوو باوەش بە منداڵەکە و سەتڵ و ئاو و جامە بچکۆلانەکەیدا بکەم، وەک ئەوەی هەوڵ بدەم لە مەترسییەک... لە هەڕەشەیەک بیپارێزم.... هەستم کرد قسەم بیرچۆتەوە... زمانم وشک و گەرما وەک دڕک بە گەروومدا دەچەقی... هەرچۆنێک بوو کەمێک ئاوم خواردەوە و..... پچڕ پچڕ بە کچەی سەهۆڵاو فرۆشم گوت:
دەزان..... یەت... من.... ئەو پەڵەهەورە... دەم..... ترسێنێ... وایە.... تۆیش دەترسێنێ.. تۆیش هەست ناکەیت کە.... شتێکی ئاسایی نییە و مژدەی.... بارانێکی.... ناوەختی هاوینەی پێ نییە؟ یان ئەی تۆ چۆنی دەیبینی.. پێم بڵێ... چۆنی... دەبینیت؟
(وچان.... مۆمێکی تر دادەگیرسێنێت)
بە چرپە گوتی نازانم.. پێ گوتم زۆرشت لە ناو ئەو پەڵەهەورەدا دەبینێت... بە تایبەتی هەندێک ڕستەی پچڕ پچڕ... شتێک وەک قسە... بەڵام قسەی ئاسایی نا... هەندێک جاریش وەک وڕێنە.... نا... نازانم وەک چی...
(ڕۆڵی منداڵەکە وەردەگرێتەوە) ئاو... ئاوی ساردە.... دەروونت فێنک کەرەوە... پووری ئاو ناخۆیتەوە..
(بە چرپە)
بەڵام هەموو ئەو ڕستانە هەمیشە وەک یەک نین... هەندێ جار کاڵ و خوێندنەوەیان زەحمەتە... هەندێ جاری تریش تەنیا چەند پیت و ئاماژەیەکن و هیچ سەریان لێ دەرناکەم.. وەک نووسینی تێکەڵۆپێکەڵ... بەڵام خانم سەیرە.. وا نییە؟ تۆیش پێت وانییە سەیرە؟ ئا... دێڕەکان چەند وشەیەکی تێکەڵ و پێکەڵن و مرۆڤ دەبێ خۆی ڕستەی تەواویان لێ دروست کات... تەواو وەک ئەو وشانەی کە لە وانەی کوردیدا دەمانخستنە ڕستەوە.. من شەوانە خۆم بەوە سەرگەرم دەکەم کە ڕستەی جۆراوجۆر لەو وشانە دروست بکەم... هەر جارە و بە شێوەیەک... سەرگەرمییەکی خۆشە.. وا نییە خانم... تۆیش پێت وانییە سەرگەرمییەکی خۆشە... بۆ نموونە شەوێکیان ئەم دێڕانەم لەو وشانە دروست کرد.. دێڕی سەیر سەیر... دە گوێ بگرە...

پیاوێک دێت
بەیانییەیەک زوو بە پێڵاوەوە خۆی بە خەونی تەیرەکانماندا دەکات
دەکەوێتە وردو خاش کردنی ئینجانەکانمان
سواری کۆڵی گوڵەکانمان دەبێت
شەق لەباخەکانمان هەڵدادات
(وچان... لە ڕۆڵی منداڵەکە دێتە دەرێ)
..کچەی ئاوفرۆش..لەبەر خۆیەوە و بەدەم کارکردنەوە،

وشەکانی دەخوێندنەوە.. ڕستەی لێ دروست دەکردن.. ڕستەی جۆراوجۆر... ئیدی ئەوە بووە خوویەکی هەمیشەیی ئەو... تەنانەت لەکاتی ئاوفرۆشتنیشدا هەر چاوێکی لە ئاسمان و لای پەڵەهەورەکە بوو... هەر بە ڕاستی ئەو کچە لە شاردا بووە بوونەوەرێکی سەیر.. تا دەهات زیاتر دەناسرا و خەڵک... بەتایبەتی گەنجانی ئەو جادەیەی بە لێشاو لە دەور کۆدەبوونەوە... وشەکانیان لەگەڵدا دەگوتەوە... وشەکانیان لەگەڵیدا دەخستە ڕستەی شیعرییەوە... هەر بەڕاستی لەوە دەچوو گەنجانی ئەو جادەیە هەر هەموویان شاعیر بن، یان بیانەوێ ببنە شاعیر... تەنانەت کچەی سەهۆڵاوفرۆش وای لێهات بە ڕستەی شیعری و بە بەلاغەتێکی شاعیرانەوە بانگەشەی بۆ فرۆشتنی ئاو دەکرد...

(وچان)

بەڵام دەبێ بزانین خەڵکێکیش هەبوون ڕقیان لێی بوو.. بە جادووگەر و شتی لەوجۆرەیان دەزانی و دژایەتییان دەکرد و سووکایەتییان پێ دەکرد.. بەڵام ئەو گوێی پێنەدەدان و لەسەر کاری خۆی و پێوەندی بە وشە نهێنییەکانی پەڵەهەورەکەوە بەردەوام بوو...

(دیسان لە ڕۆڵی منداڵەکەدا)

ئاوی ساردە..سەهۆڵاوی ساردە..فەرموو بەڕێزم..تینوێتییەکەت بشکێنە..لەم ڕۆژە گەرمەدا..دەروونت فێنک کەرەوە... خۆت ڕووناک بکەرەوە..

فەرموو خانم جامێک ئاو بکڕە..ئەگەر تینووت نییە جامێک ئاو بۆ ئینجانەکانت بکڕە..نەوەکو لە بێ ئاویدا دیق بکا... جامێک ئاو بکە بە دەروونی باخەکەتا... ئاو سەهۆڵاوی ساردە..

ئاو بۆ تینوێتی... ئاو بۆ فێنککردنەوە.. ئاو بۆ پاراوکردنی جوانییەکان... ئاوی ساردە، وەرنەوە بۆ ئاو.. بەڕێزم وەرنەوە بۆ پیاسەیەک لەگەڵ ئاو...

ئاو بۆ بەڕێکردنی ئازیزان... وەرنەوە بۆ ئاو... ئاوی تینوو... ئاوی ڕووناکی... ئاوی دۆست... ئاوی جوان...

(وچان.. دێتەوە ڕۆڵەکەی خۆی)

پەپوولەی ئازیز..پێت وانەبێ ئەو کچە شتێکی موعجیزەیە... یان کەسێکی بە ڕواڵەت جیاواز بوو.. بەڵکو ڕواڵەتی وەک هەزاران منداڵی ڕەشووڕووتی سەر شەقامەکان بوو... بەڵام نهێنییەکی تێدا بوو... کەسێک لە نزیکەوە نەیناسیایە بەو نهێنییەی نەدەزانی.. ئاخر خۆ لەخۆوە نەبووە کە ئەو هەموو گەنجە بێزارەی شار بوونە هاوڕێی... سەرگەرمییەکەی و ڕێزکردنی وشەکانی لە ڕستەی جوان و شیعریدا... لەو شەقامە وشکوبرنگەدا.. سەتڵە ئاوەکەی هێندەی ڕووبارێک فێنکی دەبەخشی... دەستێکی ناز و ڕەحمەت بوو بە نێوچەوانی کوڕان و کچانی شاردا دەهێنرا...

(وچانێکی درێژ... لەوە دەچێت لە جانتایەکدا بە دوای وێنە و نامە و شتی لەو جۆرەدا بگەڕێ... بە دەم گەڕانەوە)

میوانی ئازیز... تۆ کە ئێستا حەکایەتت بۆ دەگێڕمەوە خۆ بێزار نەبوویت؟ نا... تکا دەکەم بێزار مەبە... چونکە تەنیا تۆبت کە....

(وچان)

چی؟ گوتت چی....

(ژنەکە بە ئەسپایی گوێی لێدەگرێ و پاشان ڕۆڵی منداڵەکە وەردەگرێ)

خانم بۆ بە تەنیا من و تۆ ئەو پەڵەهەورە دەبینین..؟ من زۆر دڵم خۆشە بەوەی کە تۆم ناسی.. بیرت دێت کە بۆ یەکەم جار جامێک ئاوت لێکڕیم پەڵەهەورەکە چ سێبەرێکی لەسەر دروست کردین...من خەڵکی بڕوایان پێ نەدەکردم کە پێم دەوتن..ئاخر ئەمانەی من دەیلێم لە پەڵە هەورێکەوە وەرم گرتوون...

بەڵام کە تۆ لە ڕۆژنامەکدا باسی منت کردبوو... نووسیبووت.. چی.. بوەستە.. (لە گیرفانیدا پارچە جەریدەیەک دەردێنێ.. ئەوەتا...)

(ژنەکە دانیشتووە... ژمارەیەک فلاشی لێ دەدرێ.. وەک ئەوەی لە دەرەوەی وڵات لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بێت.. بە نزمی بە زمانێکی بیانی قسە دەکات و کەسێک بە دەنگی بەرز دەیکاتە کوردی)

منداڵێک بوو.. دەیتوانی نووسراوی نهێنی لە پەڵە هەورێکدا بدۆزێتەوە...من بۆ خۆم بینیم و بوومە هاوڕێی.. تا ئێستاش هەر پێوەندیمان هەیە... کە دەچمەوە بۆ وڵات سەردانی دەکەم و دەروونی غەریبیم بە جامێک لە سەهۆڵاوەکەی فێنک دەکەمەوە... (وردە وردە دەنگەکە نامینێ)

(لە ڕۆڵی منداڵەکەدا.. ڕۆژنامەیەکی پێیە)

ئەوەتا وێنەیەکی منیشی تێدایە...تۆ زۆر شتی جوانت لەسەر من نووسیبوو..ئیتر دوای ئەم نووسینەی تۆ خەڵکانێکی زۆرتر دەهاتن و ئاویان لێ دەکڕیم... یان حەزیان دەکرد بمدوێنن و..گوێ لە قسەکانم بگرن...من ئێستا هاوڕێم زۆرە..خانم بەڵام تۆم لە هەموویان خۆشتر دەوێت...

(ژنەکە لە ڕۆڵی خۆیدا)

بەڵام من ئێستاش نازانم ئاخۆ ئەو نووسینانەی من لە ڕۆژنامەکاندا کۆمەکی بە سەهۆڵاو فرۆش کرد، یان هەر ئەو نووسینانەش بوو کە بەدبەختی کرد...

(وچان)

ئیتر کچەی بەفراو..زۆرترین ئاوی دەفرۆشت.. هەستی بە خۆشییەکی زۆر دەکرد کە بازاڕی هەیە و لە هەمان کاتیشدا خەڵکی بە کەسێکی گرنگی دەزانن و خۆشیان دەوێ...

ئەو لاوانەی کە سەرەتایان بوو لە بواری هۆنراوە و چیرۆک نووسیندا، دەمە و ئێواران کە تیشکی خۆر تینی دەشکا، لە دەوری کچەی بەفراو کۆدەبوونەوە و شیعر، یان کورتەچیرۆکیان دەخوێندەوە... جار جارەش گیتار ژەنین و شمشاڵ ژەنینیشی تێدەکەوت.. بەڵام هەموو ئەو ئێوارانە بێ شتی کتوپڕ و حاڵەتی پێکەنیناوی نەدەبوو... هەر بۆ نموونە ئێوارەیەکیان کچەی سەهۆڵاوفرۆش شیعری بۆ گەنجەکان دەخوێندەوە، کتوپڕ پاقلەفرۆشێک کە چەند هەنگاوێک لەولای چرۆ وە پاقلەی کۆڵاوی دەفرۆشت، شیعرەکەی بە کچەی ئاوفرۆش بڕی و.....

(لە ڕۆڵی خالید دا)

من ناوم خالیدە دەمەوێ منیش ئەم ئێوارەیە بەشدار بم جەماعەت... خانم تۆیش گوێ بگرە...

دوای ئەوەی دێیەکەیان وێران کردین، هاتمە شار و بووم بە فەڕاش... دوانیوەڕۆانیش بۆ خۆم پاقلە دەفرۆشم... ماوەیەکیشە لەوەتی هاتووم‌ەتە ئەم جادەیەوە لەبەرخۆمەوە هۆنراوە و مۆنراوە دەنووسم.. هۆنراوەیەکم هەیە ئەم تۆزەیتان بۆ دەخوێنمەوە..

(غەڵبەغەڵب و دەنگی هۆڕنی تڕومبێل)

دێکەمان سووتا ئا لەو سەرەوە
کەوتمە سەرجادە بەدەم خەمەوە
پاقلە فرۆشم لەم سەرجادانە
فەڕاشیش دەکەم لە خەستەخانە
هیلاک و ماندووم ئا بەو قورعانە
وا ڕوحم دەرچوو لەم نیشتمانە

(دەنگی قاقای پێکەنین و فیکوهوڕ)

دوای ئەوەی کە لەهۆنراوەکە بۆوە گەنجە قۆشمەکانی ئەو ناوە موبالەغەیەکی زۆریان کرد و کەوتنە پێداهەڵدان و ستایش کردنی.. کوڕە تۆ چیت..غەزەب بوو خۆم... بەقوربانت بم.. بیلێرەوە... خودا بەقوربانت بم ئەم بەهرەیە چییە داوتە بەو... ئەی نەدەبوو کەمێکی بەر ئێمە بکەوتایە.. (وچان)

پاقلەفرۆش سوور هەڵدەگەڕا... نەمدەزانی ئاخۆ شیعرەکەیان بە دڵە، یان قەشمەری پێ دەکەن...

(وچان)

جارێکیان کە گەڕامەوە.. هەر یەکسەر لە فڕۆکەخانەوە چووم بۆڵای کچەی سەهۆڵاوفرۆش کە ماوەیەکی زۆر بوو نەمبینیبوو..بیرم دەکرد.. کە بینیم زۆر کزۆڵە دیار بوو... وەک جاران شەقامەکەی پڕ نەکردبوو لە فێنکی و گورجوگۆڵی.. لە قوژبنێکدا کرۆشکەی کردبوو.. هەژارتر و تەنیاتر دیاربوو... خەیاڵ بردبوویەوە...

(وچان)

چیتە کچە بچکۆلانە... چیتە؟

(لە ڕۆڵی منداڵەکەدا)

نازانم خانم... دەترسم... ئاخر پەڵەهەورەکە شتی ترسناکم نیشان دەدا.. دوێنی پیاوێکی چوارشانە هات و.. شەقی لە سەتڵە ئاوەکەم دا و ڕشتی... وتی تۆ بۆت نییە لێرە ئاو بفرۆشیت.. وتی تۆ شوومی.. وتی تۆ عاقیبەتت شەڕە.. (دەگری) خانم شتەکان باش ناڕۆن...زۆر لە هاوڕێکانم ئەوانەی ئێواران لێرە بوون.. ڕۆیشتن و سەری خۆیان هەڵگرت و شاریان چۆڵ کرد... هەیانبوو هێندە تینووی بوو، ڕۆژی هەزار جام ئاوی لێ دەکڕیم.. وا بزانم هەر لە تینوێتیدا ڕۆیشتن.... دوای ئەوان ئەم شارە لە بێ ئاویدا خەریکە دەخنکێت... زۆربەی ئەوانەی ماونەتەوە، لەوە دەچێ کەسیان ئاو نەخۆنەوە.. تەنانەت ڕقیشیان لە ئاوە.. خەڵکی وشک هەڵهاتوون.. ئەرز لە تینووانداا قڵێشی بردووە..

من خۆیشم لە خۆم تێناگەم خانم...کاتێک پیاوەکە ئاوەکەی ڕشتم، ژنێک وتی ئەرێ کابرا بۆ وا لەو منداڵە دەکەیت....کەچی وتی منداڵی چی ژنەکە....؟ ئەمە شەیتانێکی گەورەیە.. منداڵ چۆن دەتوانێ ئەم وەیشوومانە لە شاردا بڵاو بکاتەوە...خانم من دەترسم..

(قورگی پڕ دەبێت لە گریان)

خانم تکا دەکەم بگەڕێوە بۆ شوێنی خۆت.. بگەڕێوە بۆ لای ڕۆژنامە و کتێبەکانت... پێناچیت ئێرە باش بێت..نا.. ئێرە باش نییە.. خانم شتێک بەڕێوەیە... شتێکی ناخۆش... تۆ چی دەکەیت لێرە..بڕۆرەوە خانم.. تکا دەکەم.. تکا دەکەم خانم...

(وچان)

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان چوون... هاوینێک تێپەڕی و هاوینێکی تر هات... خەڵکانێکی زۆر هاتن و خەڵکانێکی زۆرتر دیارنەمان و بزر بوون... سیمای شار گۆڕا و بەڕیز بینا و خانووی ناقۆڵا وەک کۆرسێکی نەشاز شانیان بە یەکەوە نا... کۆمەڵێک پیاوی چوارشانە و

قەڵەو قەڵەو پەیدا بوون کە لە هەموو شتێکدا شەریکی یەک بوون... پێکەوە پشکیان لەهەموو شتێکدا هەبوو... هەمیشە پێکەوە بوون... هەموو شتێک ببووە هی خۆیان... درەختەکانیشیان بەناوی خۆیانەوە تاپۆ کردبوو... تەنانەت هەنگ و زەردەزیرەکانیش هی خۆیان بوون.. ئەوەی تا ڕادەیەک وەک خۆی مایەوە... ئەو شەقامە و چایخانەکە و عارەبانەی فرۆشیاران و ئەو گەنجانە بوون کە ئیدی زۆربەیان لەوێ نەمابوون و ڕوویان لە وڵات و جێگای تر کردبوو.. دەزانیت.. کچەی سەهۆڵاوفرۆشیش دیارنەمابوو.. کەس نەیدەزانی چۆن دیارنەماوە.. یەکێک دەیگوت ئێوارەیەکیان بەچاوی خۆی بینیویەتی کە وەک نەیزەکێک بەدیار سەتڵە سەهۆڵاوەکەوە کشاوە.. یەکێکی تر سوێند و قورئانی دەخوارد خۆی ئاوی لێ کڕیوە کە ئەسپێکی سپی باڵدار لەبەردەمیدا نیشتۆتەوە و ناویەتییە پاشکۆی خۆی و فڕیوە... کوڕێکی گەنج دەیگوت... نا... بەیانییەکیان لەوەدا بوون کە چەند وشەیەکی ناو پەڵەهەورەکەیان خستۆتە ڕستەوە کە بارانێکیان بەسەردا باریوە و کچەکە وەک سەهۆڵ تواوەتەوە و تەنیا دڵی لە شێوەی پەپوولەیەکدا لەسەر ئەرزەکە جێ ماوە..

(وچان)

ئیتر ئاوها و بەو جۆرە... دواتر لەلایەن گرووپێکی گەنجانی ئەو دەوروبەرەوە، شەقامەکە ناونرا شەقامی کچەی بەفراو و هەندێک کەسی تریش پێیان دەگوت شەقامی پەپوولەی ئاو.. دەشێ هەر لە ڕوحی سرکی ئەو کچەوە بێت کە ئێستا ئەو شەقامە پڕ جوولەترین شەقامی گەنجانی شارە و وەک دەڵێن هەندێ ئێوارە هێند قەرەباڵغە کە لەبەر پەپوولە چاو چاو نابینێ...

(وچان)

کوایت... چیت لێ هات..من لەو کاتەوە باسی کچەی ئاوفرۆشت بۆ دەکەم، کەچی پێدەچی تۆ گوێت لێ نەگرتبم... من بەم گێڕانەوەیەوە خۆم سەغڵەت کردبوو... کەچی تۆ گرنگیت پێ نەدام. دەزانی ئەمە سووکایەتی کردنە بەمن..کوایت..ئەگەر بەتەمای بەجێم بهێڵی، ئەوە ڕێگەت نادەم... تازە تۆ میوانی منیت.. لێ ناگەڕێم بڕۆیت تا تۆش حەکایەتی خۆتم بۆ نەگێڕیتەوە... تازە تۆیش وەک شەهرەزاد مەحکوومیت بە گێڕانەوەی حەکایەت... دەبێ لەو شوێنەوە دەست پێ بکەیت کە من گەیشتمە کۆتایی..

(وچان.. بە سۆزەوە)

چییە پەپوولەی ئازیز... دەترسیت؟ نا.. نا.. مەترسە هاوڕێی بچکۆلە.. حەز دەکەیت بێیتە ئامێزم.. حەزدەکەیت لایلایەت بۆ بکەم؟ ئەی باشە حەز دەکەیت گۆرانییەکت بۆ بڵێم؟ نا مەترسە..مەترسە من لێرەم... لەلاتەوەم.. ڕاستە لە هەموو شوێنێک ترس هەیە.. ڕاستە ترس لە هەموو شوێنێکدا خۆی مەڵاس داوە.. دەشێ ترس لەسەر گوڵێک ڕاکشابێ و دەشێ لەژێر باڵی تەیرێکیشدا خۆی لە بۆسە نابێ... بۆ هەر کوێ بچین ترس بە دوامانەوەیە.. بەڵام گیانە ئێمە حەکایەتمان هەیە و هێشتا گێڕانەوەمان تێدا لەبارنەچووە و ماوە.... مەترسە...

(دەنگی هەورەگرمەیەکی ترسناک تێکەڵ بە دەنگی تەپەی پێ...)

دەی نۆرەی تۆیە پەپوولەکەم... دوای تۆش دیسان نۆرەی من... دەی بکەوە گێڕانەوەی حەکایەتی خۆت.. نەرم نەرم وەک هەڵکردنی شنەبایەک بەنێو شەوی باخێکدا.... وەک پێڵوو لێکنان و سڕینی بە ئەسپایی تەمی سەر شووشەی پەنجەرەیەک...

(ورده ورده شانۆ تاریک دەبێ... دەنگی هەورە گرمە... دەنگێک بە چرپە دێتە گوێ)

هەبوو نەبوو... شارێک هەبوو.. باخێک هەبوو.. نیشتمانێک هەبوو... جارێکیان گەڕامەوە بۆ ئەوێ... ئێوارەیەک چوومە بەر پەنجەرەیەک... دنیا پاییز بوو.. ژنێکی تەنیا لەودیو پەنجەرەکەوە ڕاوەستا بوو... ناوی.. وا بزانم ناوی چرۆ بوو.. دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە.. گوتی حەکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە... کە نەخێک گەرمم بۆوە.. ئینجا..... هەبوو نەبووووووو.....

(ورده ورده دەنگەکە و دەنگی هەورە گرمەکە نامێنێ... تەنیا خۆرەی باران بەردەوام دەبێ... بێدەنگییەکی زۆر درێژ)

تێبینی: ئەم مۆنۆدرامایە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩دا لە لایەن تیپی شانۆی هۆبەوە لە شاری یۆتۆبۆری و پاشان لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە لەندەن و دواتریش لە فێستیڤاڵی شانۆی مۆنۆدرامادا لە سلێمانی نمایش کرا، لە نواندنی هونەرمەند پەرژین عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی هونەرمەند دلێر محەمەد تاهیر.

ڕێوی گۆرانی دەڵێت

بورهان قەرەداغی
(سلێمانی)

کەسێتیەکان:
* پووپە ڕەزێ
* مریشکە سپی
* جووجەڵە سوورەکە
* جووجەڵە بۆرەکە
* جووجەڵە زەردەکە
* تانجییە سوورە
* ڕێوی
* چەند منداڵ و گەورەیەک

(پووپە ڕەزێ لەبەردەم ڕەشماڵێکدا و لەسەر کۆتەرە داڕێک دانیشتووە و چرایەک دادەگیرسێنێت و چیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە، چەند منداڵێک لەچواردەوری دانیشتوون).

پووپە ڕەزێ: ئازیزەکانم، بەخێربێنەوە بۆ لای پووپە ڕەزێی خۆتان. ئەم شەو چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە بەسەر خۆم هاتووە. بیرم یەت کاتێک لە گەرمیان بووین، پێش ئەوەی گەشت بکەین بۆ کوێستان، مریشکێکم هەبوو زۆر جوان بوو، ناوی مریشکە سپی بوو، ئەم مریشکەم زۆر خۆش دەویست. هەموو ڕۆژێک هێلکەیەکی بۆ دەکردم، بەڵام ماوەیەک لە پڕ لە هێلکە چووەوە و پاشان دیار نەما....لەو کاتەیا هەموومان خەریکی ماڵ کۆکردنەوە بووین تا گەشت بکەین بەرەو کوێستان.

(هەموویان خەریکی کۆکردنەوەی بارگەوبنەن، چەند کەسێکی دیکەیش خەریکی خۆ کۆکردنەوە و هاتووچۆن لەسەر شانۆ، هەموویان بەجلی کوردییەوەن. هاتوهاواریانە و پووپە ڕەزێش بەدوای مریشکە سپیدا دەگەڕێت تانجییە سوورە دەبینێت).

پووپە ڕەزێ: تانجییە سوورە، مریشکە سپیت نەدۆزییەوە؟

تانجییە سوورە: ئەوە چەند ڕۆژە من هەر بۆی دەگەڕێم،

دیار نەماوە، لەوانەیە ڕێوی فڕاندبێتی.

پووڕە ڕەزێ: بەداخەوە ئەو مریشکە چاکەم لەدەست چوو، ئاە... هەموو ڕۆیشتن بەرەو کۆستان. هەر من و تۆ ماوینەتەوە دەی بابڕوین.. درەنگە..

تانجی: وەو.. باشە بابڕوین. (دەڕۆن)

(مریشکە سپی و سێ جووجەڵە دێنە سەر شانۆ و بەترس و خەمبارییەوە گفتوگۆ دەکەن).

مریشکە سپی: ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێت پووڕە ڕەزێ جێی هێشتووین.. ئاخ چۆن ڕۆیشتن و پێمان نەزانین، ئەگەر ئەو لێرە بوایە ئاوامان بەسەر نەدەهات. (مریشکە سپی ئاخ هەڵدەکێشێت) دوێنێ هەرچی چۆنێک بوو خۆمان لەو ڕێوییە دەربازکرد. ئێستاش با هەوڵ بدەین بڕۆین و خێرا لەم ناوە دوور بکەوینەوە.

جووجەڵە سوورەکە: بۆ کوێ بڕۆین؟

مریشکە سپییەکە: بەرەو ئاوەدانی بڕۆین..

جووجەڵە زەردەکە: ئینجا ئاوەدانی لە کوێیە؟

مریشکە سپی: ئاخ.. با ئاوا بڕۆین.. چۆن خۆمان لەو ڕێوییە دەرباز کەین، ئەرێ پێم وتن دوور نەکەونەوە.

جووجەڵە سوورەکە: ئەی کوا دوور کەوتووینەتەوە.

جووجەڵە بۆرەکە: ئەرێ دایکە تۆ بۆ ئەوندە باسی پووڕە ڕەزێ دەکەیت؟

مریشکە سپی: دایکە بەقوربانت بێ پووڕە ڕەزێ بۆ من هەموو شتێک بوو... ئەگەر ئەو لێرە بوایە گەنمی دەداینێ و دەی پاراستین لە ڕێوی.

جووجەڵە زەردەکە: دایکە تۆ بڵێیت ڕێوییەکە ئەمڕۆ بێتەوە؟

مریشکە سپی: نا نا.. نایەتەوە.. مەترسە (مریشک لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) ئاخ چی بکەم... دوێنێ بەهەر چەشنێک بوو ڕێوییەکەم ڕازی کرد بڕوات، بەڵام ئەمڕۆ چی پێ بڵێم و بەچی ڕازی بکەم. ئاخ.. چی بکەم پووڕە ڕەزێ؟

جووجەڵە سوورەکە: ئەی بۆچی پووڕە ڕەزێ جێی هێشتیت و لەگەڵ خۆی نەی بردیت؟ ها؟

مریشکە سپی: هەڵەی خۆم بوو، بێ ئاگاداری ئەوان دوور لە ئاوایی کڕکەوتم.

جووجەڵە زەردەکە: ئەی کە ڕۆیشتن بۆت نەگەڕان.. بانگیان نەکردیت؟

مریشکە سپی: من دڵنیام بۆم گەڕاون و بانگیشیان کردووم.

جووجەڵە بۆرەکە: دایکە ئەی چۆن پێت نەزانیبوون؟

مریشکە سپی: لەوانەیە لەو کاتەدا من لەسەر هێلکەکان خەوتبم و کڕ کەوتبم، بۆیە ئاگام لێیان نەبووە.

جووجەڵە بۆرەکە: ئەی تانجییە سوورە، شۆێنی تۆی نەدەزانی؟

مریشکە سپی: وەکو دوێنێ بۆم باسکردن.بەویشم نەوتبوو.

جووجەڵە زەردەکە: ئێستا چی بکەین؟ دەترسم وەکو دوێنێ ڕێوییەکە بێتەوە، لەوانەیە یەکە یەکە بمان خوات، من زۆر زۆر دەترسم.

جووجەڵە بۆرەکە: دایکە ئەی ئەگەر هاتەوە چی بکەین؟

مریشکە سپی: پێویستە پێکەوە بین و لە یەکتر دوور نەکەوینە و بەقسەی یەکتر بکەین.

جووجەڵە سوورەکە: من لێرە دەڕۆم، برسیمە، بۆ خواردن دەگەڕێم.

جووجەڵە زەردەکە: من هێشتا ترسی دوێنێی ڕێوییەکەم تێدا ماوە، دەترسم ئەمڕۆش بێتەوە.

مریشکە سپی: مەترسە نازدارەکەم، مەترسە (ئەگەر هات بەدەنووک و نینۆکەکانم ناهێڵم بێتە پێشەوەو کەستان بەرێت. (لەبەر خۆیەوە) ئەگەر تانجییە سوورە لێرە دەبوو. هەرگیز نەی دەتوانی نزیکمان بێتەوە.(ماوەیەک بێ دەنگ دەبن).. نازدارەکانم بابڕۆین.

جووجەڵە سوورەکە: من ناتوانم، زۆرم برسییە... دەچم بۆ گەنم و پۆڵکە دەگەڕێم.

جووجەڵە بۆرەکە: منیش برسیمە... تینوومە، بەڵام پێویستە لە دایکمان دوور نەکەوینەوە و بەقسەی بکەین.

جووجەڵە زەردەکە: منیش زۆرم برسییە، زۆریش هیلاکم، زۆریش تینوومە، بەڵام لەترسا ئاگام لە هیچ نەماوە.

مریشکە سپی: دەبێت لێرە بڕۆین و ڕوو بکەینە ئاوەدانی..

جووجەڵە سوورەکە: ئێ.. دە من وتم برسیمە.. ناتوانم بڕۆم.. وتم دەچم بۆ گەنم و پۆڵکە دەگەڕێم.

مریشکە سپی: وەرە نەڕۆی.. پێم وتی نەڕۆی (جووجەڵە سوورەکە دەڕوات و مریشک کەمێک بە دوایدا دەڕوات، پاشان مریشک دەگەڕێتەوە) ئاخ ئەمە چەند بێ گوێیە.

جووجەڵە بۆرەکە: من لەلات دەمێنمەوە دایکە، گوێ ڕایەڵێ قسەکانت دەبم. با وەکو دوێنێمان بەسەر نەیەت ڕێوی بمان ترسێنێت و ڕاومان بنێت.

جووجەڵە زەردەکە: ئاخ بۆ تانجییە سوورە و پوورە ڕەزێ ڕێوییەکەیان ڕاوبنایە.

مریشکە سپی: هەردێن و ڕزگارمان دەکەن.. مەترسە.

جووجەڵە بۆرەکە: ئەوەندە باسی تانجییە سوورە و پوورە ڕەزێ مەکە، ئێستا ئەوانمان لەگەڵ نین. پێوبستە پشت بەخۆمان ببەستین. وا نییە دایکە؟

مریشکە سپی: وایە ڕاستە... دەبێت پشت بەخۆمان ببەستین (ماوەیەک بێ دەنگ دەبن).

جووجەڵە سوورەکە: وای.. وای... (بەڕاکردن دێت و ترسی پێوە دیارە) ئەوە ڕێوییەکەیە واهات.. ئای..ئای دایە.. زۆر گەورەیە.

جووجەڵە زەردەکە: کوا.. کوا.. وەی من دەترسم.. چی بکەین.

مریشکە سپی: مەترسن کوا؟ لە کوێیە؟

جووجەڵە بۆرەکە: لە کوێیە؟ با ڕاکەین.

مریشکە سپی: کوا... لە کوێیە؟ ئادەی کوا پیشانی بدە؟

جووجەڵە: لەوێوەیە.. ئەها... ئەوەتا (بەدەست ئاماژەی بۆ دەکات)

مریشکە سپی: کوا... نایبینم؟

جووجەڵە سوورەکە: ئەها.. ئەو سوورە..

جووجەڵە زەردەکە: سوور، وەی.. ئای..

مریشکە سپی: کام سوورە.. کوا؟ نایبینم؟

جووجەڵە سوورەکە:ئەها لای دار بەڕووە گەورەکەیە، بینیت؟ ئەها بەرەو لای خۆمان دێت.

مریشکە سپی: بینیم، ئەها (مریشک پێ دەکەنێت).

جووجەڵە زەردەکە: بۆچی پێ دەکەنیت؟

جووجەڵە بۆرەکە: ڕاست دەکات، دایکە بۆچی پێ دەکەنیت؟

جووجەڵە سوورەکە: دەپێمان بڵێ چییە؟

مریشکە سپی:ئوخەی خۆ ئەوە تانجییە سوورەیە.

جووجەڵە زەردەکە: چی.. تانجییە سوورە؟

مریشکە سپی: ئوخەی جووجەڵەکانم، ئوخەی ئەوە هات بە هانامانەوە (هەموویان دەیکەن بەهاوار و خۆشی و شادی و چەپڵە لێدان) هۆ تانجییە سوورە هۆو.من مریشکە سپیم.

تانجی: وەو.. هۆ.. بەڵێ.. هۆو... (مریشک دەچێتە سەر بەردێک)

مریشکە سپی: تکایە من مریشکە سپیم، خێرا وەرە بۆ ئێرە.

تانجی: چی؟ مریشکە سپی؟

مریشکە سپی: بەڵێ.. بەڵێ..

تانجی:. واهاتم.. واهاتم بەسەر چاو.

مریشکە سپی: ئۆخەی (لەخۆشیدا باوەش بە جووجەڵەکاندا دەکات) ئۆخەی ڕزگارمان بوو لە ڕێوی.. (هەموو بەچەپڵە لێدانەوە گۆرانی دەڵێن):

ئوخەی گەیشتە لامان

تانجییە سوورەی برامان

شادی و خۆشی بۆ هێنایین

بیکەنە چەپڵە ڕێزان

جووجەڵە زەردەکە: دایکە ئێستر لە ڕێوییەکە دەمانپارێزێت؟

جووجەڵە بۆرەکە: دەشمان باتەوە بۆ لای پوورە ڕەزێ؟

مریشکە سپی: ئا ئا.. وردیلەکانم.. ئۆخەی دوا جار هات بەهانامانەوە (تانجییە سوورە دێتە سەر شانۆ، جووجەڵە و مریشک بەرەو پیری دەچن).

تانجی: ئەوە تۆی مریشکە سپی، چۆنیت.. باشیت؟

مریشکە سپی: دەک بەخێربێیت هاوڕێی ئازیز و بەوەفام. (جووجەڵەکان بەترس و خۆشییەوە سەیری تانجییە سوورە دەکەن).

تانجی: ئۆو ئەم جووجەڵە جوانانەت لەکوێ بوو؟ چۆنن، باشن، وەرن.. مەترسن وەرن بۆ لام.. ئای کە جوانن. ئەی مریشکە سپی ئەم ماوەیەت چۆن بەسەر برد؟

مریشکە سپی: هاوڕێی ئازیزم زۆر بەخراپی، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە ئێوە ڕۆیشتوون..(دەنگی موزیک بەرز دەبێتەوە مریشک بەئاماژە قسەوباسی خۆی و جووجەڵە و ڕێوییەکە دەگێڕێتەوە)وەک بۆمان باس کردیت ڕێوییەک فێربووە هەموو ڕۆژێک دێت و دەیەوێت یەکێک لە جووجەڵەکانم بەرێت.. تکات لێ دەکەم یارمەتیم بدە، تا لەو ڕێوییە ڕزگاربین.

تانجی: ئەی چۆن، یارمەتیت دەدەم و هاوکاریت دەکەم.

مریشکە سپی: ئێمە سوپاست دەکەین، لەوانەیە تاوێکی دیکە پەیدابێت. ئەو ڕێوییە لەم ناوە دوور ناکەوێتەوە.

تانجی: کەواتە باخێرا پلانێک دابنێین پێش ئەوەی

ڕێوبیەکە پەیدا بێت، دەی با بیر بکەینەوە.. ئا.. ئاھ من دەچمە ناو ئەو چاڵەوە، تۆش بە پووش دامپۆشە، ئینجا کە ڕێوبیەکە هات تۆ داوای لێ بکە گۆرانی بڵێت، ئینجا بەدەوری چاڵەکەدا بسووڕێن، پاشان من پەلاماری دەدەم و دەیگرم.

مریشکە سپی: زۆر بیرۆکەیەکی چاکە..

تانجی: دەی خێراکە... جووجەڵەکان ئێوەش مەترسن باشە؟

جووجەڵەکان: زۆر باشە.

تانجی: دەفەرموو من دەچمە ناو چاڵەکەوە و دامپۆشن (مریشک و جووجەڵەکان دایدەپۆشن).

مریشکە سپی: ئێستا زۆر باشە، با چاوەڕێی هاتنی ڕێوبیەکە بکەین، نەترسن ها.. (جووجەڵەکان بەسەر لەقاندن دەڵێن باشە و بێ دەنگ دەبن).

(دەنگی ڕێوی لە دوورەوە دەبیسرێت کە گۆرانی دەڵێت):

هاتمەوە و هاتمەوە و هاتمەوە
بەخواردنی جووجەڵە و مریشکەوە.

مریشکە سپی: واهات.. بە گۆرانییەوە هات.. نەترسن.

تانجی: زۆر چاکە.. بتانبینم.. نەترسن.ئامادەبن (هەموویان بێ دەنگ دەبن).

ڕێوی: ڕۆژ باش مریشکە سپییەکە.. ئەی بەڵەزەتەکە، ئەی خڕوخەپانەکە.

(بەگۆرانییەوە):

هاتمەوە و هاتمەوە
بەڕاوی جووجەڵە و مریشکەوە.

مریشکە سپی: بەخێر بێیتەوە ڕێوی.. وەرە با پێکەوە یاری بکەین.

ڕێوی: چی؟ یاری؟ یاری ڕێوی و مریشک؟ بەسەر چاو..بەسەر چاو... من هەمیشە ئامادەم بۆ ئەو یارییە، هەرچی تۆ داوای بکەی من بێ دڵێت ناکەم.

(ڕێوی لەخۆشیدا پێ دەکەنێت و زمانی دەرهێناوە، جووجەڵەکان لە ترسا لەدوای مریشکەوە وەستاون، ڕێوییەکەش سڵاویان لێ دەکات).

ڕێوی: ها مریشک لەسەر بەڵێنەکەی خۆت ماویت؟ دوێنێ بەڵێنت دامێ کە ئەمڕۆ جووجەڵەیەکیانم بدەیتێ.

مریشکە سپی: بەڵێ ڕێوی گیان، بەڵام پێش ئەوەی جووجەڵەیەکت بدەمێ داوایەکم هەیە.

ڕێوی: داوا؟گیانی ڕێوی.. چاوی ڕێوی. ژیانی ڕێوی...فەرموو داواکەت بڵێ.

مریشکە سپی: بیستوومە دەڵێن تۆ زۆر دەنگت خۆشە، ماوەیەکە جووجەڵەکانم زۆر دڵ تەنگن، دەتوانیت گۆرانییەکمان بۆ بڵێیت تا جووجەڵەکانم دڵخۆشبن.

ڕێوی:گۆرانی؟ وەی بەسەر چاو، بەسەر چاو.. هەر تۆ و گۆرانی، ئێستا گۆرانییەکی خۆشتان بۆ دەڵێم، بیر دەکاتەوە، ئا...

(ڕێوی گۆرانی دەڵێت):

هەچۆمە چۆمە چۆمە
کەس لەهەوار نەماوە
دنیا بەکەیفی خۆمە
هەچۆمە چۆمە چۆمە
نە سەگ دیارە نە تانجی
گۆشتی جووجک هی خۆمە.

ها مریشکە سپی من گۆرانی خۆم وت، دەفەرموو تۆش گۆرانییەک بڵێ.

مریشکە سپی: زۆر باشە، منیش داواکەی تۆ ڕەت ناکەمەوە و گۆرانییەکت بۆ دەڵێم:

تانجییە سوورەی بەرمالێ
ئەو خاوەنەت نەنالێ
ڕێویم بۆ بخەرە چاڵێ.

ڕێوی: ها ئەوە چی دەڵێیت؟ تکایە مریشک، گۆرانی وا مەڵێ.. من پێی بێزار دەبم.

مریشکە سپی: (بەگۆرانییەوە)

هۆ تانجی.. تانجی خۆشپەز
لەنێو پووشان دەرپەڕە
شاڵاو بهێنە بەلەز.

ڕێوی: وتم ئەم جۆرە گۆرانییە مەڵێ.. کوا.. کوا تانجی لەکوێوە دێت.

ئەی من لەکوێوە هەڵبێم؟

مریشکە سپی: (بەگۆرانییەوە)

تانجی نێو گەرمە لانێ
پووشی سەرت وەلانێ
لەنێو چاڵاندا ڕابە
دۆست و هاوکاری چابە
دەرسی ڕێوم بۆ دابە.

ڕێوی: چی؟ تانجی لە کوێیە؟

(تانجی لەچاڵەکە دێتە دەرەوە و ڕێوی دەگرێت).

ڕێوی: وەی بەزەییت بێ.. بەزەیی..

تانجی: ئەوە تۆی فێڵباز.. دەرباز نابی لە دەستمان.

ڕێوی: بەزەییت بێ.. من یاریم لەگەڵ مریشک کرد، گۆرانیم بۆ جووجەڵەکان وت بۆ ئەوەی دڵخۆش بن.

تانجی: تۆ فێڵبازیت، هاتوویت بیانخۆیت.

جووجەڵە سوورەکە: ئێستا چی لێ بکەین؟

جووجوڵە بۆرەکە: دەیخەینە چاڵەکەوە.

جووجەڵە زەردەکە: پێش ئەوەی بیخەینە چاڵەکەوە، با چاوەکانی بەدەنووک دەربێنم.

مریشکە سپی: با دارکاری بکەین.

تانجی: وازی لێ بێنن... با بیخەینە چاڵەکەوە و بەجێی بهێڵین.

ڕێوی: تۆبە.. تۆبە.. بەزەییتان بێ.

تانجی: دەی بابیخەینە چاڵەکەوە..(دەیخەینە چاڵەکەوە)

جووجەڵە سوورەکە: ئیتر قەت جووجەڵە ناترسێنیت و نایخۆیت. بۆ خۆت هەر لەوێدا گۆرانی بڵێ.

تانجی: دەی فەرموو با برۆین بۆ لای پووڕە ڕەزێ.

ڕێوی: تکایە مەڕۆن و بەجێم مەهێڵن.. بەزەییتان هەبێت.

جووجەڵە سوورەکە: (سەیری چاڵەکە دەکات و بە ڕێوی دەڵێت) نا..نا.. نارۆین هەر لێرە دەبین تۆش بۆ خۆت لەوێدا هەر یاری بکە و گۆرانی بڵێ.

(هەموویان دەیکەن بە پێکەنین).

ڕێوی: جووجەڵەی ناسک تۆ دەرم بێنە.. من گۆرانیم بۆ تۆ دەڵێم.

مریشکە سپی: گۆرانی بۆ خۆت بڵێ. جووجەڵەکانم قەت نەکەن بێ پرس برۆن و ماڵ بەجێ بهێڵن.. با وەکو منتان لێ بەسەر نەیەت.

جووجوڵە سوورەکە: نا..نا.. هەرگیز شتی وا ناکەین.

تانجی: بابرۆین.. فەرموون.

جووجەڵە زەردەکە: بای بای ڕێوی.. ئێمە دەچین بۆ لای پووڕە ڕەزێ، تۆش لەوێدا هەرگۆرانی بڵێ.

هەمووان: بای.. بای.. (دەڕۆن).

ڕێوی: مەڕۆن، بەتەنیا جێم مەهێڵن.. تکایە مەڕۆن.

(دەنگی موزیک بەرز دەبێتەوە، پووڕە ڕەزێ بە وێنەی بینراوی دەسپێک و سەرەتا مندالەکانی لە چوار دەورە و چراکەی لەبەر دەمە و چیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە).

پووڕە ڕەزێ: منداڵان وەکو بۆم گێڕانەوە، تانجیە سوورە مریشکە سپی و جووجەڵەکانی بۆ هێنامەوە.. ئیتر لە خۆشیدا بەم شێوەیە کردمان بە گۆرانی و سەما..

(پووڕە ڕەزێ و مریشکە سپی و جووجەڵەکان و تانجییە سوورە سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن.....پاشان پووڕە ڕەزێ لەگۆرانی وتن و سەماکردن دەوستێت و دێتەوە بۆ لای منداڵان).

پووڕە ڕەزێ: منداڵە ئازیزەکان من پرسیارێ لە ئێوە دەکەم:ئایا پێویستە ڕێوییەکە هەر لەچاڵەکەدا بمێنێتەوە؟

(منداڵەکان هەر یەک بەجۆرێک وەڵام دەدەنەوە).

پووڕە ڕەزێ: بەڕای من پێویستە ئازادی بکەین.. ئەویش مافی ژیانی هەیە.. وەرە تانجییە سوورە، برۆ ڕێوی لەچاڵەکە دەربهێنە و ئازادی بکە.

تانجی سوورە: وەو.. وەو.. بەسەر چاو.. وەو.. (دەڕوات)

پووڕە ڕەزێ: منداڵینە وا چیرۆکەکەی ئەم شەویشمان کۆتایی هات... تا چیرۆکی شەوێکی دیکە.. چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز.. مەرگتان نەبینم هەرگیزاوهەرگیز... دەبڕۆن بنوون.

(پووڕە ڕەزێ چراکە دەکوژێنێتەوە).

تاریکی و کۆتایی

*** ئەم تێکستەم لە چیرۆکێکی (حەمە فەریق حەسەن) وەرگرتووە و ئامادەم کردووە، چیرۆکەکە بەناوی (ڕێوی گۆرانی دەڵێت)ـە، کە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ی ژمارە(٨٩٢) ی (٢٠١٠/٣/٢١) دا لە (لاپەڕەی منداڵان)دا بڵاوی کردووەتەوە.**

سموم

ئۆگوست ستریندبێرگ
لە سوێدییەوە: خەبات عارف
(سوێد)

کەسەکان:
بیسکرا؛ کچێکی عەرەب.
یووسف؛ دەستگیرانی بیسکرا.
گیمارد؛ ئەفسەرێک لە سوپای پیادەی فەرەنسا.

گۆڕستانێکی عەرەبی. لە ناوەڕاستدا، گۆڕێکی هەڵبەستراو. چەند بەرمالێک بەم لاو ئەولادا بڵاو کراونەتەوە. لە سووچی لای ڕاستەوە، جێیەک بۆ نوێژکردن.

دوودەربیەکەی بە پەردە داپۆشراو و چەند دەلاقەیەک دەکەونە بەشی پشتەوە. لەسەر زەوییەکە، لێرە و لەوێ، تەپۆڵکەی لم دەبینرێن. چەند لقەدارێکی لە ڕەگەوە هەڵکێشراو و چەند گەڵایەکی دارخورما لەسەر یەک کەڵەکە کراون.

دیمەنی یەکەم:

بیسکرا دێتە ژوورەوە، جلوبەرگێکی "بورنوس"ی لە بەردایە و کڵاوەکەی لە سەر کردووە، گیتارێکی بە کۆڵەوەیە، لەسەر بەرمالێک دادەنیشێت، ڕاست و چەپ دەستەکانی لەسەر سنگی دادەنێت و دەست بە پارانەوە دەکات. لە دەرەوە، گفتەی با دێت.

بیسکرا: لا اله إلا الله.
یووسف: "بەپەڵە دێتە ژوورەوە."
سموم بەڕێوەیە! فەرەنسییەکە لە کوێیە؟
بیسکرا: هەر ئێستا دەگات!
یووسف: بۆ یەکسەر نەتکوشت؟
بیسکرا: نا! بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت! ئەگەر یەکسەر بمکوشتایە، سپییەکان خێڵەکەیان قڕ دەکردین، چونکە دەزانن ڕێپێشاندەرەکەی منم؛ من عەلی، بەڵام نازانن کە من بیسکرام!
یووسف: خۆی، خۆی بکوژێت؟ چۆن؟
بیسکرا: تۆ نازانیت. سموم سپییەکان وەک خورما، وشک دەکاتەوە و دیمەنی ترسناکی وایان پێشان دەدات

که ژیانیان لێ دەکەن بە دۆزەخ و ناچاریان دەکەن بەوەی بەرەو دنیای نادیار و بێ کۆتایی مەرگ هەڵبێن.

یووسف: لەبارەی ئەمەوە بیستوومە و لە دوا بەیەکدادانیشدا شەش فەرەنسی، بەر لەوەی بگەنە جێ، ژیانیان لە دەست دابوو. بەڵام، ئەمڕۆ، متمانە بە سموم مەکە، چۆن بەفر لەسەر چیاکان باربوە و لە ماوەی نیو سەعاتیشدا هەموو شتێک کۆتایی دێت.

بیسکرا! هێشتا هەر ڕق ئەستوورێت؟

بیسکرا: ڕق ئەستوور؟ ڕقی من وەک سارا بێ سنوور، وەک خۆر سووتێنەر و لە خۆشەویستیشم بەهێزترە! هەر ساتێکی خۆش کە دەکرا مایەی دڵخۆشی بێت و دوای کوشتنی عەلی لێبان دزیم، ئێستا خۆی کۆ کردووەتەوە و بووە بە ژەهری ژێر کەڵبەی ئەو مارەی هەمیشە بۆ پێوەدان ئامادەیە. ئەوەی بە سمومیش ناکرێت، لە توانایی منداە هەیە.

یووسف: ڕاستە... دەتوانیت... بەڵام ڕقی من، لەو کاتەوەی تۆم بینیوە، وەک گیای ئەلفا لە پاییزدا، سیس و ژاکاوە. کەواتە، هێزم لێ وەربگرە و ببە بە تیری کەوانەکەم.

بیسکرا: لە باوەشم بگرە، یووسف! باوەش!

یووسف: لێرە نا. لە دییاری ئەم پیاوچاکەدا نا. ئێستا نا، پاشان، دوای ئەوەی، ئەوەی دەتەوێت، دەستگیرت دەبێت!

بیسکرا: چەند بە خۆت دەنازیت، چەند لە خۆت ڕازیت!

یووسف: بۆ نا! ئەو کچەی بە نیازە نەوەی من لە ژێر دڵیدا هەڵبگرێت، دەبێت پێشانی بدات کە شایانی ئەو شەرەفەیە.

بیسکرا: تەنیا منم. من. بیسکرا. ئەوەی مایەی ڕق لێبوونەوەیە. ئەوەی ناشیرینە، بەڵام بەهێزە. شایانی ئەوەیە، نەوەی یووسف هەڵبگرێت. کەسی دیکە نا!

یووسف: چاکە! ئەمێستا دەڕۆمە خوارەوە و لە نزیک سەرچاوەکەوە دەنووم! پێویست دەکات ئەو هونەرە نهێنییانەت فێر بکەمەوە کە لە شێخی گەورەوە فێریان بوویت و هەر لە منداڵییەوە لە بازاڕەکاندا تاقیت کردوونەتەوە؟

بیسکرا: نا پێویست ناکات! هەموو ئەو نهێنییانەی بۆ تۆقاندنی فەرەنسییەکی ترسنۆک پێویستن، دەیانزانم. ئەو ترسنۆکەی لەسەر چۆکان خۆی دەگەیەنێتە دوژمنەکەی و بەر لەوەیش گوللەکەی خۆی ئاراستە دەکات! هەموو شتێک دەزانم، تەنانەت هونەری دەربپینیش؛ بەبێ ئەوەی ناچار بیت بە قسەکردن. ئەوەی بە هونەرەکەی منیش ناکرێت، خۆر ئەنجامی دەدات، چونکە خۆر لەگەڵ یووسف و بیسکرایە.

یووسف: خۆر هاوڕێی موسوڵمانانە، بەڵام ناکرێت جێی متمانە بێت. ئاگادار بە نەتسوتێنێت! لەپێشدا، چۆڕێک ئاو بخۆرەوە، چونکە دەبینم دەستەکانت چڕچ هەڵاتوون و...

"ڕایەخێکی بەرز کردووەتەوە، سەری چاڵێکی هەڵداوەتەوە و بە دوای جامەئاوێکدا دەچێتە خوارەوە و دواتر بۆ بیسکرای ڕادەگرێت."

بیسکرا: "جامە ئاوەکە بۆ دەمی دەبات."

هەر لە ئێستاوە چاوەکانم سوور دەبینین، سیبەکانم وشک. دەبیستم، دەبیستم. دەبینیت هەر ئێستا لەکە بە بانەکەدا دێتە خوارەوە! دەبیستیت، ژێیەکانی گیتارەکە لێ دەدەن! سموم لێرەیە! بەڵام هێشتا فەرەنسییەکە نەگەیشتووە.

یووسف: وەرە خوارەوە بۆ ئێرە، بیسکرا. واز بێنە، با فەرەنسییەکە خۆبەخۆ بمرێت.

بیسکرا: سەرەتا دۆزەخ، پاشان مردن! لەو بڕوایەدایت فریو بخۆم!

"جامە ئاوەکە فڕێ دەداتە سەر تەپۆلکە لمێک."

لەکە ئاو دەدەم، تا تۆڵەسەندنەوە بڕوێت! دڵیشم وشک دەکەمەوە. ڕق گەورە بە! خۆر، بسووتێنە! با، بخنکێنە!

یووسف: بارەکەلا دایکی نەوەی یووسف، چونکە نەوەی یووسفی تۆڵەستێن لە تۆ دەکەوێتەوە! لە تۆ!

"بایەکە بەهێزتر دەبێت. ئەو پەردەیەی بە دەرگاکەدا دراوە، دەشەکێتەوە. ڕووناکییەکی سوور ژوورەکە ڕووناک دەکاتەوە و پاشان بەرەبەرە زەرد هەڵدەگەڕێت."

بیسکرا: فەرەنسییەکە بەرەو ئێرە دێت، سمومیش لێرەیە.بڕۆ!

یووسف: پاش نیو سەعاتی دیکە دەمبینیتەوە! ئەوەیش سەعاتە لمییەکە.

"دەست بۆ تەپۆلکە لمێک ڕادەکێشێت."

ئاسمان، بە خۆی، کاتی دۆزەخی کافران دەپێوێت!

دیمەنی دووەم:

بیسکرا. گیمارد دێتە ژوورەوە، شلوشێواو و سەرو ڕووی زەرد هەڵگەڕاوە، پەشێوە و بە دەنگێکی نیوەتاساو

دەپەیڤێت.
گیمارد: سموم لێرەیە! ئاخۆ دەزانیت خەڵکەکەی ئێمە بەرەو کوێ چوون؟
بیسکرا: بە ڕێی خۆرئاوادا بە ڕێم کردن بۆ خۆرهەڵات!
گیمارد: بە ڕێی خۆرئاوادا. خۆرهەڵات! با سەیر بکەم! لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات و لە خۆرهەڵاتیشەوە بۆ خۆرئاوا! لەسەر کورسییەک دامنێ و قومێک ئاویشم بدەرێ!
بیسکرا: "گیمارد بەرەو لای تەپۆڵکە لمێک دەبات و لەسەر ئەرزەکە دایدەنێت، سەری دەکەوێتە سەر لمەکە."
خۆش دانیشتوویت؟
گیمارد: "سەیری بیسکرا دەکات."
نەختێک نارێک دانیشتووم. شتێک بخەرە ژێر سەرم.
بیسکرا: "لمەکە لە ژێر سەریدا تۆپەڵ دەکات."
ئەوەیش سەرینێک بۆ ژێر سەرت!
گیمارد: سەر؟ پێم لەوێن! پێم لەوێ نین؟
بیسکرا: بێ گومان!
گیمارد: منیش پێم وا بوو! ئێستا شتێک بخەرە ژێر... سەرم.
بیسکرا: "کۆتەرەدارێک ڕادەکێشێت و لە ژێر قاچی گیماردا دایدەنێت."
ئەوەیش پاڵپشت!
گیمارد: ئاویش. ئاو.
بیسکرا: "جامە بەتاڵەکە هەڵدەگرێت، پڕی دەکات لە لم و بۆ گیماردی درێژ دەکات."
تا سارده بیخۆرەوە!
گیمارد: "جامەکە بۆ دەمی دەبات."
سارده، بەڵام تینوێتی ناشکێنێت! ناتوانم بیخۆمەوە. ڕقم لە ئاو دەبێتەوە. لایدە.
بیسکرا: ئەوەیش ئەو سەگەیە کە گەستیتی!
گیمارد: کام سەگ! قەت سەگ نەیگەستووم!
بیسکرا: سموم یادەکانی شێواندوویت! لەو وێنە فریودەرانە بە ئاگا بە کە سموم لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت! ئەو سەگە دڕەت نایەتەوە بیر، کە لە پێش دواڕاوکردندا لە "باب العوید" قەپی پێدا کردیت!
گیمارد: ڕاوی لای "باب العوید"! ڕاست دەکەیت. ئەو سەگەی ڕەنگی لە ڕەنگی دەڵەک دەچوو؟
بیسکرا: دەڵ! ئا! بنواڕە... لاڕانی گەستیت. هێشتا هەر هەست بە کزانەوەی جێقەپەکەی دەکەیت؟
گیمارد: "دەست بۆ پووزی دەبات. کۆتەرەدارەکە دەچێت بە دەستیدا."
ئا، هەستی پێدەکەم! ئاو! ئاو!
بیسکرا: "جامە پڕ لە لمەکەی بۆ درێژ دەکات."
بخۆرەوە، بیخۆرەوە.
گیمارد: نا، ناتوانم. ماربیای پیرۆز، دایکی یەزدان... دەترسێم.
بیسکرا: مەترسە! سارێژت دەکەم و بە هێزی ئەم مۆسیقایە هەموو خێوەکانی ناخت لێ دوور دەخەمەوە... گوێ بگرە...
گیمارد: "دەقیژێنێت."
عەلی! عەلی! مۆسیقا نا! بەرگەی مۆسیقا ناگرم! پاشان چ خێرێکی هەیە؟
بیسکرا: مۆسیقا ڕوحی نادیاری مارەکە ڕام دەکات. پێت وا نییە کە بەسەر سەگێکی دڕ و بەهەڵپەیشدا دەسەڵاتی بشکێت! گوێ بگرە!
"بەدەم گیتارلێدانەوە گۆرانی دەڵێت."
بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا، بیسکرا، بیسکرا، سموم! سموم!
یووسف: "لە ژێرەوە."
سموم! سموم!
گیمارد: ئەوە چ گۆرانییەکە؟ عەلی!
بیسکرا: گۆرانیم وتووە؟ سەیرکە، ئێستا گەڵاخورمایەک دەئاخنمە دەمم!
"چڵی دارخورمایەک دەخاتە بەینی ددانەکانییەوە."
"لە سەرەوە."
بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا.
"لە ژێرەوە."
سموم! سموم!
گیمارد: بۆ خاتری خوا ئەمە چ گۆرانییەکە!
بیسکرا: ئێستا گۆرانی دەڵێم!
بیسکرا و یووسف: "پێکەوە."
بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. بیسکرا. سموم!
گیمارد: "هەڵدەستێت."
بە دوو دەنگ گۆرانی دەڵێیت. چ شەیتانێکی تۆ! پیاویت، یان ژن؟ یان هەردووکیان؟
بیسکرا: من عەلیم... ڕێپێشاندەرەکەت... نامناسیتەوە، چونکە یادەکانت شێواون، بەڵام ئەگەر دەتەوێت خۆت لە دەست داوای هزر و دیتنەکانت ڕزگار

بکەیت، بڕوام پێ بکە، بڕوا بەوە بکە کــە دەیڵــێم، بەوەیش کە دەیکەم و فرمانەکانم جێبەجێ بکە.

گــیــمــارد: پێــویست ناکــات داوام لێ بکەیت، چۆن هەموو شتێک لە ژێر ڕکێفی خۆتدایە!

بیسکرا: دەیبینیت، بتپەرست!

گیمارد: بتپەرست؟

بیسکرا: ئا. ئەوەی سەر سنگت بێنە پێش!

گیمارد: "میدالیایەک دەهێنێتە پێشەوە."

بیسکرا: بیــخــەرە ژێر پێت، لە خــوای تاک و تەنیــا و میهرەبان بپارێوە.

گیمارد: "بە دووڵییەوە."

ئادواردی پیرۆز... فریادڕەسی من.

بیسکرا: هیــچی پێ دەکــرێت؟ دەتوانێت بتــپــارێزێت؟ دەتوانێت؟

گیمارد: نەء، ناتوانێت.

"بە ئاگا دێتەوە."

با، دەتوانێت!

بیسکرا: با بزانین!

"دەرگــاکــە دەکــاتەوە، پەردەکــە دەشــەکــێــتــەوە و گژوگیاکەش دەکەوێتە جوولّە."

گیمارد: "دەست بە دەمییەوە دەگرێت."

دەرگاکە داخە!

بیسکرا: بتەکەی سەر سنگت فرێ دە!

گیمارد: ناتوانم.

بیسکرا: دەیبینیت! سموم یەک تاڵەموو لە قژی من ناچەمێنێتــەوە، بەڵام تۆی بێ باوەڕ دەکــوژێت! بتــەکــەی سەر سنگت فرێ دە!

گیمارد: "مەدالیاکە فرێ دەداتە سەر ئەرزەکە."

ئاو! وا خەریکە دەمرم! ئاو!

بیــسکرا: لە خــوای تاک و تەنیــا، لە خــوای گــەورە و میهرەبان بپارێوە!

گیمارد: چۆن؟

بیسکرا: لەگەڵمدا بیڵێرەوە!

گیمارد: بڵێ!

بیسکرا: خــوا تاک و تەنیــایە، بێ لەو هیچ خــوایەکی دیکە نییە، خوای گەورە و میهرەبان!

گیــمــارد: خوا تاک و تەنیــایە، بێ لەو هیچ خــوایەکی دیکە نییە، خوای گەورە و میهرەبان!

بیسکرا: ئێستا لەسەر ئەرزەکە ڕاکشێ!

گیمارد: "نابەدڵ، لەسەر ئەرزەکە ڕادەکشێت."

بیسکرا: چی دەبیستیت؟

گیمارد: خوڕەی سەرچاوەیەک!

بیــسکرا: سەیرکە! خوا تاک و تەنیــایە، بێ لەو هیچ خوایەکی دیکە نیــیــە، خــوای گــەورە و مــیــهــرەبان! چی دەبینیت؟

گــیــمــارد: خــوڕەی ســەرچاوەیەک دەبینم! چرایەک دەبیــســتم، شــەوق دەداتەوە. لە پەنجــەرەیەکــدا کــە دەرییەکانی سەوزن. لە شەقامێکی سپیدا.

بیسکرا: کێ لە پەنجەرەکەدا دانیشتووە؟

گیمارد: ژنەکەم. ئێلیس.

بیسکرا: کێ لە پاڵ پەردەکانەوە ڕاوەستــاوە و دەستی کردووەتە ملی؟

گیمارد: کوڕەکەمە. جۆرج.

بیسکرا: کوڕەکەت تەمەنی چەندە؟

گــیــمــارد: لە جــەژنی "ســانت نیکۆلاس"دا دەبێت بە چوار.

بیــسکرا: هەر لە ئێــســتــایشــەوە دەتوانێت لە پشت پەردانەوە بوەستێت و دەست بکاتە ملی ژنی کەسێکی دیکە؟

گیمارد: ناتوانێت... بەڵام ئەوە...

بیسکرا: تەمەنی چوار ساڵ و سمێڵێشی زەردە!

گــیــمــارد: وتت ســمێــڵێ زەردە! ئەها، ئەوە "ژۆلیس"ی هاوڕێمە!

بیسکرا: لە پشت پەردەکــانیشــەوە وەســتــاوە و دەستی کردووەتە ملی ژنەکەت!

گیمارد: ئەی زۆڵ!

بیسکرا: کوڕەکەت دەبینیت؟

گیمارد: نا... چیی دیکە نایبینم.

بیــسکرا: "لە گــیــتــارەکــە دەدات و لاســایی ســەعــات دەکاتەوە."

ئەی ئێستا چی دەبینیت؟

گــیــمــارد: ســەعــات دەبینم، لێ دەدەن. هەست بە تامی لاشــەی مــردوو دەکــەم. لە دەمدا، بۆنی کــەرەی لینج و بۆگەنی لێ دێت. یەع!

بیسکرا: ئەی گوێت لە دەنگی قەشەکە نییە کە بە دیار لاشەی مردووی منداڵێکەوە دەپارێتەوە؟

گیمارد: ڕاوەستە! ناتوانم ببیستم.

"بە ماتییەوە."

بەڵام ئەگەر دەتەوێت؟ ئێستا... ئێستا دەبیستم!

بیــسکرا: ئەو چەپکەگــوڵە دەبینیت کــە لەســەر

تابووتەکەیە، ئەوەی لە نێوان خۆیاندا هەڵیانگرتووە؟
گیمارد: ئا...
بیسکرا: ئەوە چەپکەگوڵە وەنەوشەیە، لەسەر تابووتەکەیش نووسراوە: مالئاوا، جۆرجی خۆشەویست. باوکی خۆت.
گیمارد: ئا، وایە لەوێیە!
"دەگری."
جۆرج، کوڕەکەم، جۆرج. کوڕە خۆشەویستەکەم! ئێلیس، ژنەکەم، دڵنەواییم بکە! یارمەتیم بە!
"بەملاولادا دێت."
لە کوێیت؟ ئێلیس! بە جێت هێشتووم؟ وەڵامم بەرەوە! ناوی خۆشەویستەکەت بێنە!
"دەنگێک لە سەرەوە."
ژۆلیس! ژۆلیس!
گیمارد: ژۆلیس! من ناوم... هەر بە ڕاست، من ناوم چییە؟ ناوم "چارلس"ـە! کەچی ئەو بانگی ژۆلیس دەکات! ئێلیس؛ ژنە خۆشەویستەکەم، وەڵامم بەرەوە، چونکە گیانی تۆ لێرەوە... هەستی پێ دەکەم. تۆیش گفتت پێدام لە من زیاتر کەسی دیت خۆش نەوێت.
"دەنگەکە پێدەکەنێت."
گیمارد: ئەوە کێیە؟ کێیە پێدەکەنێت؟
بیسکرا: ئێلیسە. ژنەکەتە.
گیمارد: بمکوژە... نامەوێت چیی دیکە بژیم! وەک چۆن قێزم لە کەلەرمێکی گەنیوی "سانت دووا" دەبێتەوە، ئاوهایش قێزم لە ژیان دەبێتەوە! دەزانیت "سانت دووا" چییە؟ هەرچیوپەرچییان!
"لە بەر خۆیەوە تف دەکاتەوە."
تفم لە دەمداە نەماوە. ئاو... ئاو... ئەگین گازت لێ دەگرم!
"لە دەرەوە ڕەشەبایەکی بەهێزە."
بیسکرا: "دەست بە دەمییەوە دەگرێت و دەکۆکێت."
ئێستا دەمریت، فەرەنسی! تا کاتیش بە سەر نەچووە، دواخواستی خۆت بنووسە! کوا دەفتەرەکەت!؟
گیمارد: "دەفتەرێک و قەڵەمێک دەردەهێنێت."
چی بنووسم!؟
بیسکرا: پیاوێک لە کاتی گیانەڵادا بیر لە ژنەکەی و... بیر لە منداڵەکانی دەکاتەوە!
گیمارد: "دەنووسێت."
ئێلیس... نەفرەتت لێ بێت، ئێلیس! سموم... دەمرم...

بیسکرا: ئەمجا ئیمزای بکە، ئەگینا وەسیەتەکەت بەتاڵە!
گیمارد: ئیمزای چی بکەم؟
بیسکرا: بنووسە لا اله الا الله!
گیمارد: "دەنووسێت."
نووسراوە! دەکرێت ئێستا بمرم!
بیسکرا: ئێستا، وەک سەربازێکی ترسنۆک، سەربازێک کە ناپاکیی لە گەلی خۆی کردبێت، دەتوانیت بمریت! ئێستا دەکرێت لە گۆڕنانێکی جوان و شایانت لە جێیەکدا کە چەقەڵان دەوری لاشەکەتیان دابێت و لە دەورت بلوورێنن پێ ڕەوا ببینرێت!
"تەپڵ ئاسا بە گیتارەکەدا دەکێشێت."
گوێت لە دەنگی تەپڵەکەیە، بۆ پێشەوە، کافرەکان، ئەوانەی خۆر و سمومیان لەگەڵدایە، بەرەو پێش دەچن... لە کەمینەکانیان دێنە دەرەوە...
"لە گیتارەکە دەدات."
لە هەموو لایەکەوە دەنگی تەقەیە... فەرەنسییەکان پێڕاناگەن تفەنگەکانیان دابگرنەوە... عەرەبەکانیش بە ڕێکوپێکی تەقە دەکەن... فەرەنسییەکان هەڵدێن!...
گیمارد: "هەڵدەستێت."
فەرەنسییەکان هەڵنایەن!
بیسکرا: بە فلوتێک ئاوازی "پاشەکشێ" دەژەنێت.
کاتێک ئاوازی پاشەکشێ لێ دەدرێت، فەرەنسییەکان هەڵدێن!
گیمارد: پاشەکشێ دەکەن... پاشەکشییە... منیش لێرەم...
"نیشانە سوپاییەکان لە جلەکانی دەکاتەوە."
مردووم!
"دەکەوێتە سەر ئەرزەکە."
بیسکرا: ئا، مردوویت!... نازانیت کە دەمێکە مردوویت!
"دەڕوات و کەللەسەرێک دەهێنێت."
گیمارد: مردبووم؟
"دەست بۆ دەموچاوی دەبات."
بیسکرا: دەمێکە! دەمێکە مردوویت! لەم ئاوێنەیەدا لە خۆت بنواڕە!
"کەللەسەرەکەی پێشان دەدات."
گیمارد: ئاها! ئەوە منم!
بیسکرا: ڕوومەتە دەرپۆقیوەکانی خۆت نابینیت... نابینیت سیسارکەکان چۆن چاویان هەڵکۆڵیویت...

هەست بەو کونە ناکەیت کە کەوتووەتە جێی خرێی لای ڕاستت، ئەو خرێیەی ڕێت دا هەڵبکێشرێت... چاڵەکەی چەناگەت نابینیت، کە ڕیشە جوانەکەی چەناگەتی هەڵگرتبوو، ئەو ڕیشەی ئێلیس حەزی دەکرد دەستی پێدا بهێنێت... ئەو گوێیەت نابینیت کە جۆرج هەموو بەیانییەک، کاتی قاوەخواردنەوە، کردبووی بە خوو و ماچی دەکرد... جێدەمی تەورەکە نابینیت لەسەر مل... کاتێک جەللادەکە سەری سەربازە ڕاکردووەکەی دەپەڕاند...

گیمارد: "کە بە ترسەوە گوێی بۆ گرتووە و سەیری دەکات، بە مردوویی دەکەوێتە سەر ئەرزەکە."

بیسکرا: کە پێشتر لەسەر چۆکان بە دیارییەوە دانیشتبوو، پاش ئەوەی دەست لەسەر مەچەکی هەڵدەگرێت، هەڵدەستێتە سەر پێ و گۆرانی دەڵێت... سموم! سموم!...

"دووەرییەکە دەکاتەوە، پەردەکە دەشەکێتەوە، دەست بە دەمییەوە دەگرێت و بە پشتدا دەکەوێت."

یووسف!

دیەنی سێیەم:

ئەوانی پێشوو. یووسف لە چاڵەکەوە دێتە سەرەوە.

یووسف: "لە گیمارد ورد دەبێتەوە، بە دوای بیسکرادا دەگەڕێت."

بیسکرا: "دەیبینێت، بەرزی دەکاتەوە و لەسەر دەستەکانی هەڵێدەگرێت."

ماویت؟

بیسکرا: فەرەنسییەکە مردووە؟

یووسف: ئەگەر نەشمردبێت، دەمرێت! سموم! سموم!

بیسکرا: دە کەواتە من دەژیم! بەڵام ئاوم بەرێ!

یووسف: "بەرەو لای سەرقاپەکەی دەبات."

لێرە... ئێستا یووسف هیی تۆیە! هیی تۆ و بەس!

بیسکرا: بیسکرایش دەبێت بە دایکی کوڕەکەی یووسف، یووسفی گەورە.

یووسف: بیسکرای بەهێز. لە سموم بەهێزتر.

پاشەکی

ئۆگۆست ستریندبێرگ لە نێوان ساڵانی ١٨٨٨ و ١٨٩٢دا نۆ شانۆنامەی یەکپەردەیی نووسیوە. بەناوبانگترینیان بەهێزترەکە، پاریا و یاریکردن بە ئاگرە. سمومیش، (١) کە بیری سەرەکیی لە شەڕە بێ شومارەکانی نێوان عەرەبەکانی نیشتەجێی باکووری ئەفریقا و فەرەنسییەکانەوە؛بە تایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەمیندا، وەرگرتووە، بە یەکێک لە شانۆنامە ناوازە و تایبەتەکانی ئەو دادەنرێت.

ستریندبێرگ، ساڵی ١٨٨٩، لەبارەی سمومەوە و لە نامەیەکیدا بۆ ئولا هانسۆن(٢) دەنووسێت: "بە هەمان گیانی چیرۆکەکانی ئێدگار ئالان پۆوە شانۆنامەیەکی ناوازەم نووسیوە، ناوی سمومە."ئەمجا بەردەوام دەبێت: "سوودم لە توانستی بای بیابان وەرگرتووە و لەوێوە ئەو دیمەنە ترسناکانەم هێناونەتە پێش کە سەربازە فەرەنسییەکان بە خۆکۆژی ناچار دەکەن." لە نامەیەکیشیدا بۆ سیری قۆن ئێسنی ژنی دەنووسێت: "تۆ لە سمومدا؛ بای بیابان، ڕۆڵی کچێکی عەرەب دەبینیت کە لەڕێی کوشتنی ڕوحەوە، نەک کوشتنی ئاسایی، ئەفسەرێکی فەرەنسی دەکوژیت. یەک لەو هونەرانەیش کە بۆ ئەو کارە بە کاری دەهێنیت گۆرانییە."

لە کۆتاییەکانی چەرخی حەڤدەمین و سەرەتاکانی هەژدەمیندا دوو دیاردە گرنگییەکی سەرەکییان لەسەر ژیانی ستریندبێرگ و بەرهەمەکانی، بە تایبەت بەرهەمە شانۆییەکانی، هەبووە. یەکەمیان: بنەماکانی سروشتگەرایی کە ئەمیل زۆلا نوێنەری هەرە دیاری بووە، دووەمیشیان: شانۆی سەرەکیی بیروڕاکانی سروشتگەرایی، تیاتر لیبر لە پاریس، کە ساڵی ١٨٨٧ لە لایەن ئەندرێ ئەنتۆن و زۆلاوە دامەزرێنراوە.

ستریندبێرگ بە شێوەیەکی سەرەکی لە نووسینەکانیدا سوودی لەو پاژانەی سروشتگەرایی وەرگرتووە کە تایبەت بە سایکۆلۆژیای تاوان بوون، بەتایبەت بابەتی "ململانێی نێوان مێشکەکان" و ئەمیان یەکێک بووە لەو بیروبۆچوونانەی کە گوزارەیان لەوە کردووە چۆن دوو ڕوح لە ڕێگەی پەنابردنە بەر فێڵ و تەڵەکەبازی هەوڵ دەدەن یەکتر بەزێنن.

بێجگە لەمانەیش بیروڕاکانی نیتشە سەبارەت بە بانمرۆڤ، بەرهەمەکانی ئێدگار ئالان پۆ و سایکۆلۆژیا بە گشتی کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانی ستریندبێرگ هەبووە.

چەند بیروبۆچوونێک لە کارە دراماییەکانی دیکەی ستریندبێرگدا هەن کە لە سمومیشدا ڕوون و ڕەوان دەهێنرێنەوە پێشەوە و جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، ئەوانیش بیروبۆچوونی تایبەتی ئەون بەرانبەر بە ژن. ستریندبێرگ لە سەرلەبەری نووسینەکانیدا، لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە، سەیری ژن و ئەو بابەتانەی کردووە کە تایبەت بە ژن و ژیانی ژنانەوە بوون و لە بەشێکیاندا بە ئاشکرا دیارە کە نە حەزی لە چارەیان بووە، نە لە ژیان و

بوونیان و بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە ژنەکانی نێو بەرهەمەکانی ئەو، یان کەسایەتیی بێ هێز و دەستەوەستان، یان وەک درندەن و هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتردان.

سموم ساڵی ١٨٩٠ چاپ کراوە و هەمان ساڵیش خراوەتە سەر شانۆ، بەڵام وەک سەرچاوەکان دەگێڕنەوە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەوساوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و خەڵکیش پێشوازییەکی ساردوسڕی لێ کردووە، بەڵام دواتر، پاش تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ و کاتێک ژنی سێیەمی ستریندبێرگ؛ هاریەت بۆسە، ڕۆڵی بیسکرای تێدا بینیوە، بە جۆرێکی دیکە پێشوازی لێ کراوە و لەوساوە و تا ئێستایش وەک یەکێک لە کارەکانی دیکەی ئەو جێی شایانی خۆی کردووەتەوە، لەسەری دەنووسرێت و نمایش دەکرێت.

جێی دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیە گۆڕستانێکی عەرەبییە و لەگەڵ دەستپێکردنیاندا بیسکرا کە ڕۆڵی سەرەکیی هەیە دێتە گۆڕستان و "کاپوشۆنێکی بورنوس"ی(٣) لە بەردایە و بەسەر سەروچاویدا دایداوەتەوە. کەمێک دوای ئەو، یووسف کە دەستگیرانی بیسکرایە، دێت و بیسکرا بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن "ڕقی ئەو وەک بیابان بێ سنوورە" و چۆن داگیرکەرە فەرەنسییەکان، دوای کوشتنی عەلی، ئەویان"لە هەموو خۆشیی ژیان بێ بەری کردووە." عەلیش ناوی ئەو ڕێپێشاندەرە بووە کە فەرەنسییەکان کوشتوویانە و ئێستا ئەم خۆی لەوان کردووە بە عەلی و بەرگی ئەوی پۆشیوە، پاشان بەرە بەرە کەسی سێیەمی دراماکە؛ چارلس گیمارد، کە ئەفسەرێکە لە سوپای فەرەنسییەکاندا، ڕەنگ زەرد و سەرلێشێواو، دێت و لەڕێی گفتوگۆی نێوانی ئەو و بیسکراوە، بە جۆرێک بیروخەیاڵی دەشێوێنرێت کە باوەڕ دەهێنێت لم ئاوە و ژنەکەی داوێنپیسە و دەستی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێیدا تێکەڵ کردووە و جۆرجی کوڕیشی مردووە. ئەمجا بیسکرا، بەرە بەرە هەموو کەسایەتیی گیمارد دەڕووخێنێت، سەرلەبەر دەست بەسەر هەموو بیروبۆچوونەکانیدا دەگرێت و بە تەواوی گیمارد دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. سەرەتا ناچاری دەکات ئەو میدالیایەی کە "ئێدواردی پیرۆز" پێشان دەدات و بە سنگییەوە شۆڕ بووەتەوە، دابگرێت و بینێتە ژێر پێی و ئەمجا شایەتمان بهێنێت و دواتریش ڕۆڵی ئەو وەک باوک و میرد تێک دەشکێنێت. کۆتاییش ناچاری دەکات نیشانەکانی جلوبەرگەکەی لێ بکاتەوە و بەو جۆرە لە ئەفسەرێکی کاراوە ببێت بە هەڵهاتوویەک لە سوپا و بە تەواوی ترسی سزادانی لێ بنیشێت. سەرئەنجامیش کە گیمارد لە هەموو بیروباوەڕێک و لە خێزان و کارەکەیشی ڕووت دەکرێتەوە، دەمرێت و بەوەیش بیسکرای موسوڵمان تۆڵەی خۆی و عەلی و هەموو ئەوانە دەکاتەوە کە لە شەڕی بەردەوامی نێوان گەلانی عەرەبی دانیشتووی باکووری ئەفریقیا و فەرەنسییە داگیرکەرەکاندا کوژراون و سەرکەوتن بەسەر گیماردا وەک ئاماژەیەک بۆ سەرکەوتن بەسەر سەرجەمی سوپای فەرەنسیدا پێشان دەدرێت.

بیسکرا لە "سمومدا"، ڕێک بە پێچەوانەی زۆرێک لە شانۆنامەکانی ستریندبێرگەوە، زیاتر نیشانەکانی "پیاوەتی" نەک "ژنێتی" تێدا دیارن، ئەگەرچی ڕوون و ڕەوانیش وەک ژنێک پێشان دەدرێت، بەڵام توندوتیژی، چوستوچالاکی، خۆبەخۆی و هەڵمەتهێنان و چاونەترسی بەسەر کردەوەکانییەوە دیارن و ئەمانەیش، هەر نەبێت لە چاوی ستریندبێرگەوە، لەگەڵ ئەو کردانەدا نایەنەوە کە ژنیان پێ دەناسرێنەوە و لەوێوە ستریندبێرگ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ململانێی نێوان میشکەکان" دەبێت لە بەرابەرییەکی تەواودابن و لەو ململانێیەدا ئەو بەرەیە سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت کە دەتوانێت بە وریاییەوە پەنا بۆ کەرەسەکانی وەک فێڵ و فریودان و سەرلێشێوان و...تاد هەروەها بیات، هەربۆیە دوو "پیاو!"، نەک دوو ڕەگەزی جیاواز، بە گژ یەکتردا دەکات.

(١) ستریندبێرگ هەر وشە عەرەبییەکە "سموم"ی بە کار هێناوە، ئەگەرچی بە تەواوی لە ماناکەی؛ بای بیابان، ئاگادار بووە و بۆ ڕوونکردنەوە لە نامەکانیدا بۆ هاوڕێیانی ئاماژەی پێ کردووە و لەبەر ئەوە وەک خۆی هێڵراوەتەوە.

(٢) ئولا هانسۆن: نووسەرێکی سوێدییە، لە ١٨٦٠/١١/١٢ لە دایک بووە و ١٩٢٥/٩/٢٦ لە تورکیا مردووە.

(٣) بالاپۆشێکی بە کلاوە و لەنێو گەلانی نیشتەجێی باکووری ئەفریقا باوە و بە کار دەهێنرێت.

سەرچاوە:

Skrifter av August Strindberg, tolfte delen, samtida dramer, Samum s. 119-122, Albert Bonniers Förlag AB 1983.

مەرگ لە دەرگا دەدات

وودی ئالن
لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی
(سلێمانی)

(ڕووداوەکان لە ژووری نووستنی "نات ئاکرمان"دا ڕوودەدەن لە خانوویەکی دوو نهۆمیدا لە "کیوگاردنز" کە ئەرزەکەی لە دیوارەوە بۆ دیوار فەرشی تێدا ڕاخراوە. سیسەمێکی دوو کەسی و مێز تەوالێتێکی گەورەی تێدایە. ژوورەکەی بە کەلوپەل و پەردەی گرانبەها ڕازێنراوەتەوە. چەند تابلۆیەکی شێوەکاری و گەرماپێوێکی سەرنجڕاکێشیش بە دیوارەکانەوە دەبینرێن.

لەگەڵ مۆسیقایەکی هێمندا پەردە هەڵدەکشێت. "نات ئاکرمان"ی خاوەن کۆمپانیای جلوبەرگ، کە پیاوێکی سەر ڕووتاوەی ورگنی تەمەن پەنجا و حەوت ساڵانە، لەسەر سیسەمەکە ڕاکشاوە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی سبەینێیە. ڕۆبێکی حەمام و جووتێک نەعلی لە پێدایە. لەبەر تیشکی ئەو لامپەی کە بە سەری سیسەمەکەوەیە، ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە. کات نزیکەی نیوە شەوە. لە پڕێکدا گوێمان لە دەنگێک دەبێت. نات هەڵدەستێت و بە دانیشتنەوە لەسەر سیسەمەکە سەیرێکی پەنجەرەکە دەکات).

نات: دەبێ چی بێت؟

(تارماییەکی ڕەشی پاڵتۆ لەبەر ناشارەزایانە دەیەوێت بۆ پەنجەرەکە سەربکەوێت. کلاوێکی ڕەشی لەسەردایە و جلێکی تەسکی لەبەردایە. کلاوەکە سەری داپۆشیوە، بەڵام دەموچاوی بە دەرەوەیە و دەزانین کە لە ناوەڕاستی تەمەندایە و بە ڕوالەتیش لە "نات" دەچێت. بە دەنگێکی بەرز هەناسەبڕکێیەتی و بەسەر قەراغی پەنجەرەکەدا دەخزێتە دیوی ناوەوەی ژوورەکە و دەکەوێت)

مەرگ: (چونکە، بێجگە لەو کەسی تر نییە) ئای مەسیح، ئەوەندەی نەمابوو ملم بشکێت.

نات: (بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات) تۆ کێیت؟

مەرگ: من مەرگم.

نات: کێ؟!

مەرگ: مەرگ. گوێ بگرە، دەتوانم دانیشم؟ خەریکبوو ملی خۆم بشکێنم. وەکو گەلا هەڵدەلەرزم.

نات: تۆ کێیت؟

مەرگ: مەرگ، مەرگ. پەرداخێک ئاوت لایە؟

نات: مەرگ؟ مەبەستت چییە لە مەرگ؟

مەرگ: ئەرێ ئەوە تۆ چیتە؟ جلەڕەشەکەم و دەموچاوە سپییەکەم نابینیت؟

نات: بەڵێ، دەیبینم.

مەرگ: ئەی خۆ ئەمشەو جەژنی هالۆوین (Halloween) نییە؟

نات: نەخێر.

مەرگ: ئێ، دەکەواتە من مەرگم. ئێستا دەتوانیت پەرداخێک ئاوم بدەیتێ؟

نات: ئەگەر ئەمە گاڵتەکردنە؟

مەرگ: چ جۆرە گاڵتە کردنێک؟ تۆ تەمەنت پەنجاو حەوت ساڵ نییە؟ ناوت نات ئاکرمان نییە؟ ژمارە ١١٨ شەقامی پاسیفیک؟ مەگەر ونم کردبێت... ئادەی با ئەو کاغەزە دەربێنم کە زانیارییەکانی تێدایە. (گیرفانەکانی خۆی دەگەڕێت و دواجار کاغەزەکە دەدۆزێتەوە. لێی ورد دەبێتەوە).

نات: تۆ چیت لە من دەوێت؟

مەرگ: چیم دەوێت؟ لەو بڕوایەدایت چیم بوێت؟

نات: بێ گومان تۆ گاڵتە دەکەیت. من ساغ و سەلامەتم.

مەرگ: (بێ دەربەستانە) ئەها... (سەیری ئەم لاو ئەولای دەکات) شوێنێکی خۆشە. خۆت ڕێکت خستووە؟

نات: دیکۆرسازێکمان هەبوو، بەڵام خۆشمان ئیشمان تێداکردووە.

مەرگ: (سەیری وێنەیەک دەکات کە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە) من منداڵی وا چاوگەورەم خۆش دەوێت.

نات: من جارێ نامەوێ بڕۆم.

مەرگ: ناتەوێ بڕۆیت؟ تکایە دەست پێ مەکە. وەک دەبینیت بەو سەرکەوتنە وا خەریکم هێڵنج دەدەم.

نات: کام سەرکەوتن؟

مەرگ: بەو بۆڕیەدا سەرکەوتم. ویستم هاتنەکەم دراماتیکییانە بێت. سەیرم کرد پەنجەرەکان گەورەن و تۆش بێداریت و خەریکی خوێندنەوەیت. ئیتر وتم ئەوە دەهێنێت وەکو دیمەنێکی درامایی لێ بێت، سەردەکەوم و خۆم دەکەم بە ژووردا و... (پەنجەکانی دەستی دەتەقێنێت) ئیتر لەو کاتەدا پاژنەی پێم لە تۆپەڵێک مێو گیربوو و بۆڕییەکە شکا و منیش بە لقێکەوە خۆم گرتەوە، ئینجا پاڵتۆکەم درا. لەبەرئەوە دەڵێم بابڕۆین. لەوە دەچێت ئەمشەو یەکێک بێت لە شەوە سەختەکان.

نات: یەعنی بۆڕییەکەمت شکاند؟

مەرگ: شکا. نەشکاوە. کەمێک خواربۆتەوە. تۆ گوێت لە هیچ بوو؟ من کەوتمە سەر ئەرزەکە.

نات: من خەریکی خوێندنەوە بووم.

مەرگ: دیارە بە تەواوەتی تێیدا نوقم بوویت (ڕۆژنامەکەی کە بە دەست ناتەوەیە، لێی دەستێنێت) دەتوانم ئەو ڕۆژنامەیەت لێ وەربگرم؟

نات: ئاخر هێشتا من تەواوم نەکردووە.

مەرگ: نازانم چۆنت تێبگەیەنم.

نات: باشە تۆ بۆچی لە خوارەوە لە زەنگی دەرگاکەت نەدا؟

مەرگ: دەڵێم دەمتوانی لە زەنگی دەرگاکە بدەم، بەڵام ئەوە لە چی دەچوو؟ ویستم بەم شێوەیە کەمێک لایەنی دراماییی بدەمێ. تۆ "فاوست" ت خوێندۆتەوە؟

نات: چی؟

مەرگ: ئەی ئەگەر میوانێکت هەبوایە؟ تۆ لێرەدا لەگەڵ کەسانێکی گرنگدا دانیشتوویت. من مەرگم... من دەبێ لە زەنگی دەرگاکە بدەم و لە پێپلیکانەکانەوە بهاتمایەتە سەرەوە؟ تۆ تێک نەچوویت؟

نات: گوێ بگرە بەڕێز، تازە زۆر درەنگە.

مەرگ: ئا، بەڵێ. کەواتە بابڕۆین؟

نات: بۆ کوێ؟

مەرگ: مەرگ. سەرزەمینی بەختەوەری. (سەیری ئەژنۆی خۆی دەکات) دەزانیت، خراپ بریندار بووە. ئەمە یەکەم کارم بوو. دەترسم تووشی گانگرین بم.

نات: کەمێک چاوەڕێم بکە. پێویستم بە کاتە. من ئامادەنیم بڕۆم.

مەرگ: بەداخەوە. ناتوانم یارمەتیت بدەم. حەزدەکەم یارمەتیت بدەم، بەڵام تازە کاتی دیاریکراو هاتووە.

نات: چۆن شتی وا دەبێت؟ من تازە بە تازە ڕێکەوتنێکم لەگەڵ کۆمپانیای مۆدیست ئۆریجینالْ مۆرکردووە.

مەرگ: جا چی فەرق دەکات؟ دوو دۆلار زیاتر، یان

کەمتر؟

نات: بێ گومان تۆ بە خەیاڵتدا نایەت. ئێوە و مانان هەموو خەرجییەکتان بۆ دابین کراوە.

مەرگ: ئێستا تۆ دێیت لەگەڵمدا، یان نا؟

نات: (لە مەرگ ورد دەبێتەوە) داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام من بڕوا ناکەم تۆ مەرگ بیت.

مـــەرگ: بۆ؟ ئەی چاوەڕێی چیت دەکـــرد؟ ڕۆک هەدسۆن؟

نات: نا، مەسەلەکە ئەوە نییە؟

مەرگ: داوای لێبوردن دەکەم، من ئێوەم نائومێد کرد.

نات: نا... تووڕە مەبە. نازانم، بەڵام من هەمیشە وامدەزانی تۆ باڵات لەوە بەرزترە....

مـــەرگ: من بەرزیی باڵام ســەد و پەنجـا و حـەوت سانتیمەترە. ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ کێشمدا گونجاوە.

نات: تۆ کەمێک لە من دەچیت.

مەرگ: ئەی دەتویست لە کێ بچم؟ من مەرگی تۆم.

نات: کـەمێک کـاتی دیکەم بدەرێ. ڕۆژێکی دیکەم بدەرێ.

مەرگ: ناتوانم. چاوەڕێیت چیت پێ بڵێم؟

نات: تەنیا یەک ڕۆژی دیکە. بیست و چوار سەعات.

مەرگ: ئەم یەک ڕۆژەت بۆ چییە؟ ڕادیۆ وتی سبەینێ باران دەباریێت.

نات: دەمەوێ بزانم ناتوانین کەمێک پێکەوە بین؟

مەرگ: چۆن.

نات: شەترەنج دەزانیت؟

مەرگ: نەخێر، نایزانم.

نات: بەڵام من جارێکیان تۆم لە وێنەیەکدا بینیوە کە شەترەنجت دەکرد.

مـەرگ: من نەبووم، لەبەرئەوەی من شـەترەنج نازانم. جین ڕۆمی دەزانم.

نات: جین ڕۆمی«۱» دەزانیت؟

مـەرگ: جین ڕۆمی دەزانم؟ ئەرێ پاریس شـارە؟ ئەوە پرسیارە دەیکەیت؟

نات: کەواتە باشە.

مەرگ: زۆر باشە.

نات: ئێستا پێت دەڵێم چی دەکەم....

مەرگ: سەوداو مامەڵەم لەگەڵدا مەکە.

نات: جین ڕۆمی دەکـەین. ئەگـەر تۆ بردتەوە، ئەوە من یەکـسـەر لەگـەڵتـدا دێم. خـۆ ئەگـەر منیش یارییـەکـەم بردەوە، ئەوە کـەمێک کـاتی دیکەم بدەرێ. کـەمێک... یەک ڕۆژی دیکە.

مـــەرگ: کێ کـــاتی ئەوەی هەیە یاری جین ڕۆمی بکات.؟

نات: دەی، ئەگەر باشی دەزانیت وەرە...

مـەرگ: هەرچەندە هەست دەکـەم حـەزم لە دەسـتـێک یاریشە.

نات: دەی وەرە، سپۆرت بە. تەنیا نیو سەعات یاری دەکەین.

مەرگ: ئاخر مۆڵەتی ئەوەم پێنەدراوە.

نات: کـاغـەزەکـان لێرەدان. مـەسـەلەکە ئەوەندە گـەورە مەکەرەوە.

مەرگ: باشـە، کـەمێک یاری دەکەین. منیش تۆزێک دەحەسێمەوە.

نات: (کـاغـەزەکـان و دەفـتـەرێکی بچـووک و قـەڵـەمێک دەهێنێت) پەشیمان نابیتەوە.

مـەرگ: قـسـەی مـەزادچیـیـەکـانم لەگـەڵدا مـەکـە. کـاغـەزەکـان بێنە و بوتڵـێک ئاوی کـانزایی فـرێسکام بدەرێ و شـتـێکیش بـهـێنە بیـخـۆین. ئەی هاوار، بێگانەیەک هاتووە بۆ مـاڵەکـەت، نە چیـپـسـێکت بۆ داناوە، نە پسکیتێک.

نات: چەند پارچەیەک گـــۆشـــتـــمـــان هەیە لە قابلەمەیەکدایە لە نهۆمی خوارەوە.

مەرگ: ئەی ئەگەر سەرۆک کۆمار بهاتایە بۆ لات؟ هەر ئەوەت بۆ ئەویش دادەنا؟

نات: تۆ سەرۆک کۆمار نیت.

مەرگ: دەی دابەشی بکە.

(نات کاغەزەکان دابەش دەکات، کاغەزێکی "پێنج"ی دەخاتەڕوو).

نات: چی دەڵێیت بۆ هەر خاڵێک سەنتێک دابنێین؟ یارییەکە خۆشتر دەبێت.

مەرگ: بۆ؟ ئاواهی بەلاتەوە خۆش نییە؟

نات: ئەگەر لەسەر پارە بێت، من باشتر یاری دەکەم.

مەرگ: باشە، با ئەوە بێت کە تۆ دەیلێیت نیوت.

نات: نات، نات ئاکرمان. تۆ ناوی من نازانیت؟

مەرگ: نیـوت، نات... تووشی ژانەسـەرێک بووم هەر مەپرسە.

نات: تۆ ئەو "پێنج"ـەت دەوێت؟

مەرگ: نەخێر.

نات: کەواتە ڕاکێشە.

مەرگ: (بە دەم کاغەز ڕاکێشانەوە سەیری دەستی خۆی دەکات) ئای مەسیح، هیچی وا نەهات بە دەستمەوە.

نات: چۆنییە؟

مەرگ: چی چۆنییە؟ (بە دەم گفتوگۆکەیانەوە کاغەز هەڵدەگرن و کاغەز فڕێ دەدەن).

نات: مەرگ.

مەرگ: دەتەوێ چۆنی بێت؟ درێژ دەبیت و تەواو.

نات: ئەی هیچی بەدوادا نایەت؟

مەرگ: (بێ باکانە) خۆت دەیبینیت.

نات: ئۆو، کەواتە شتێک هەیە کە دوای مەرگ ببینم؟

مەرگ: باشە، دیارە نەدەبوو ئەوەت پێ بڵێم... دەی فڕێ دە.

نات: وەڵام وەرگرتن لە تۆ لە سەودا و مامەڵەیەکی زۆر گەورە دەچێت.

مەرگ: من ئێستا خەریکی یاری کاغەزم.

نات: زۆر چاکە، یاری بکە، یاری بکە.

مەرگ: بێجگە لەوە، من کاغەز دوای کاغەزت دەدەمێ.

نات: ئەوەندە گوێ بە ڕەتکردنەوەی کاغەزەکان مەدە.

مەرگ: نایدەم. ڕیزیان دەکەم. چیت فڕێ دا؟

نات: چوار. خۆ نیازت نییە دابەزیت؟

مەرگ: کێ دەڵێت بەتەمام دابەزم؟ تەنیا پرسیم چیت فڕێ دا.

نات: منیش بەتەنیا پرسیم ئاخۆ دوای مەرگ شتێک هەیە دڵی پێ خۆش بکەم؟

مەرگ: یاری بکە.

نات: هیچم پێ ناڵێیت؟ بۆ کوێ دەچین؟

مەرگ: ئێمە؟ ڕاستت بوێت، گرمۆڵە دەبیت و لەو ناوەڕاستەدا دەکەویت.

نات: ئۆو، ناتوانم بەرگەی بگرم، ئازاری زۆرە؟

مەرگ: بە هەمووی یەک چرکەی پێ دەچێت.

نات: ترسناکە (ئاخ هەڵدەکێشێت) پێویستم بەمەیە. یەکێک لەگەڵ کۆمپانیای مۆدیست ئۆریجینااڵ ڕێک کەوتبێت...

مەرگ: چوارەکان وەزعیان چۆنە؟

نات: دەتەوێ دابەزیت؟

مەرگ: وەزعیان باشە؟

نات: نەخێر. دووانیان لای منە.

مەرگ: گاڵتە دەکەیت.

نات: نەخێر، دەدۆڕێیت.

مەرگ: ئای مەسیح، من وامزانی تۆ بە "شەش" دەڕۆیت.

نات: نەخێر. دابەشی بکە. بیست و دوو خاڵ. (مەرگ کاغەز دابەش دەکات)

کەواتە دەبێ بکەومە سەر ئەرزی ژوورەکە؟ ئەی نابێ لەسەر قەنەفەکە بکەوم؟

مەرگ: نەخێر یاری بکە.

نات: بۆ نەخێر؟

مەرگ: لەبەرئەوەی تۆ دەکەویتە سەر ئەرزەکە. وازم لێ بێنە، دەمەوێ ئاگام لە یارییەکە بێت.

نات: باشە بۆ هەر دەبێ سەر ئەرزی ژوورەکە بێت؟ هەر دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بۆچی نابێ لای قەنەفەکەوە بوەستم و لەوێدا بکەوم؟

مەرگ: باشە من ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم. ئێستا دەتوانین یاری بکەین؟

نات: من هەر ئەوەندە دەڵێم. تۆ مۆی لیفکۆویتزم بیردەخەیتەوە. ئەویش کەللەڕەقە.

مەرگ: من مۆی لیفکۆویتزی بیردەخەمەوە! من کە یەکێکم لە ترسناکترین ئەو ڕوخسارانەی کە بتوانیت بیانهێنیتە بەرچاوی خۆت، کەچی دەڵێیت لیفکۆویتزت بیردەخەمەوە؟ ئەو کابرایە ئیشی چییە؟ فەروو فرۆشە؟

نات: تۆش دەبوایە فەرووفرۆش بوویتایە. ساڵی هەشتا هەزار دۆلار پەیدا دەکات. ئیشی چنینیش دەکات. کارگەکەش هی خۆیەتی. دووخاڵ.

مەرگ: چی؟

نات: دوو خاڵ. من دادەبەزم. چیت پێیە؟

مەرگ: دەستی من ئاڵۆزاوە، دەڵێی سەبەتەی باسکەیە.

نات: پریشە لە قەرە.

مەرگ: هەمووی هی زۆر وتنی تۆ بوو. (سەرلەنوێ کاغەزەکان تێک دەدەن و یاری دەکەنەوە)

نات: مەبەستت چی بوو تۆزێک لەمەوبەر وتت ئەمە یەکەم کارتە بیکەیت؟

مەرگ: یەعنی دەبێ مەبەستم چی بێت؟

نات: مەبەستت ئەوەبوو کە پێشتر کەس نەڕۆیشتووە؟

مەرگ: گومان لەوەدا نییە کە خەڵکێکی زۆر ڕۆیشتوون، بەڵام من نەمبردوون.

نات: ئەی کەواتە کێ بردوونی؟

مەرگ: ئەوانی دیکە.

نات: بۆ هی دیکەش هەن؟

مەرگ: بێ گومان. هەر کەسە و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕۆیشتن.

نات: من قەت ئەوەم نەزانیوە.

مەرگ: ئینجا تۆ بۆ ئەوە بزانیت؟ تۆ کێیت تا ئەوە بزانیت؟

نات: مەبەستت لەوە چییە کە من کێم؟ بۆ... یەعنی من هیچ نیم؟

مەرگ: هیچ نا، تۆ خاوەن کارگەی جلوبەرگیت. ئیتر چۆن لە نهێنییە ئەبەدییەکان تێدەگەیت؟

نات: ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ من دۆلار پەیدا دەکەم؟ هەردوو منداڵەکەم خستۆتە زانکۆ، یەکێکیان کاری ڕیکلام دەکات، ئەوی دیکەیان هاوسەرگیریی کردووە. خانووی خۆمم هەیە. ئۆتۆمبێلی کرایزلەرم هەیە. هاوسەرەکەم هەموو شتێکی هەیە: کارەکەر، پاڵتۆی چەرم، گەشت و سەفەر. ئێستا لە ئەدن ڕۆکە. ڕۆژی پەنجا دۆلار خەرج دەکات هەر بۆ ئەوەی لای خوشکەکەی بێت.

ڕەنگە هەفتەی داهاتوو منیش بچم بۆ لای. وا دەزانیت من کێم، بە هەتیو و مەتیوی سەرجادەکان تێم گەیشتوویت؟

مەرگ: باشە، ئەوەندەش هەستیار مەبە.

نات: کێ هەستیارە؟

مەرگ: حەز دەکەیت سووکایەتیم پێ بکرێ؟

نات: من سووکایەتیم بە تۆ کردووە؟

مەرگ: تۆ نەتوت لە من نائومێد بوویت؟

نات: تۆ چاوەڕێی چی لە من دەکەیت؟

مەرگ: من مەبەستم ئەو شتانە نییە. من مەبەستم خۆمە. کە وتت زۆر کورتەبالآم و ئەمەم و ئەوەم و...

نات: من وتم لە من دەچیت.

مەرگ: زۆر چاکە. دەی کاغەزەکە دابەش بکە، دابەشی بکە.

(دریژە بە یارییەکە دەدەن تا دەنگی مۆسیقا بەرز دەبێتەوە و ڕووناکییەکە کز دەبێت و سەر شانۆ تاریک دەبێت، پاشان وردە وردە سەر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە. ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە و یارییەکەیان تەواو بووە. نات خاڵەکانی دەژمێرێت)

نات: شەست و هەشت... سەد و پەنجا، چاکە، تۆ دۆڕایت.

مەرگ: (بە پەستییەوە سەیری کاغەزەکان دەکات) دەبوایە ئەو "نۆ"یەم فڕێ نەدایە. ئای بە نەفرەت بیت.

نات: کەواتە، سبەینێ یەکتر دەبینینەوە.

مەرگ: مەبەستت چییە لەوەی سبەینێ یەکتر دەبینینەوە؟

نات: ڕۆژێکم بردەوە. ئیتر لێم گەڕێ با تەنیابم.

مەرگ: تۆ بە جددیت بوو؟

نات: ئێمە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین.

مەرگ: بەڵێ، بەڵام....

نات: بەبێ "بەڵام" من بیست و چوار سەعاتم بردەوە. سبەینێ وەردەوە بۆ لام.

مەرگ: من نەمدەزانی بەڕاستی لەسەر "کات" یاری دەکەین.

نات: شتێکی خراپە. دەبوایە وریا بوویتایە و ئەوەت بزانیایە.

مەرگ: ئەی باشە ئەم بیست و چوار سەعاتە من بۆ کوێ بڕۆم؟

نات: ئەوە چ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە هەیە؟ ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە من بیست و چوار سەعاتم بردەوە.

مەرگ: دەتەوێ چی بکەم؟ بکەومە سەر جادەکان؟

نات: بڕۆ بۆ ئوتێل، بڕۆ بۆ سینەما. شۆڤەرلێتێک بە کرێ بگرە و بۆ خۆت بگەڕێ، بەڵام وریا بە تووشی پۆلیسی فیدراڵ نەبیت.

مەرگ: ئادەی خاڵەکان بژمێرەوە.

نات: تەواو، بێجگە لەوە دەبێ بیست و هەشت دۆلاریشم بدەیتێ.

مەرگ: چی؟!

نات: بەڵێ برادەر. ئەوەتانێ بیخوێنەرەوە.

مـەرگ: (گـیـرفـانەکـانی خـۆی دەپشکنێت) چەند دۆلارێکم پێیە، بەڵام بیست و هەشت تەواو ناکات.

نات: ئەگەر چەکیشم بدەیتێ هەر دەبێت.

مەرگ: لەسەر چ حیسابێک؟

نات: من لەگەڵ کێ سەودا و مامەڵەم کردووە؟

مـەرگ: بێ گـومـان لەگـەڵ منداا، بەڵام من چەکی حیساب لە کوێ بهێنم؟

نات: باشە، ئەوەی پێتە بمدەرێ، ئەوی دیکە گەردنت ئازاد بێت.

مەرگ: گوێ بگرە، من پێویستم بەو پارەیەیە.

نات: پارەت بۆ چییە؟

مەرگ: ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ ئەی تۆ ناچیت بۆ ئەو دنیا.

نات: ئێ؟

مەرگ: ئێ، دەزانیت رێگاکەی چەند دوورە؟

نات: ئێ، چی؟

مەرگ: ئەی بەنزین، ئەی کەلوپەل؟

نات: بۆچی ئێمە بە ئۆتۆمبێل دەڕۆین؟

مـەرگ: دواتر تێـدەگەیت. (ورووژاوە) سـەیرکـە، من سبەینێ دێمەوە. تۆش دەبێ دەرفەتی بردنەوەی پارەکەی خۆمم بدەیتەوە، ئەگینا تووشی دەردەسەری دەبم.

نات: هەرچیـیـەکت بوێت. لەسـەر دوو ئەوەندە، یان حەزیش دەکەیت لەسەر هیچ یاری دەکەین. من لەوانەیە هەفـتـەیەک، یان مـانگێکی دیکە بـبـەمـەوە، ئەگـەر تۆ ئاوها یاری بکەیت، لەوانەیە چەند سالێکیش ببەمەوە.

مەرگ: منیش بەدرێژایی ئەو ماوانە وێڵ و سەرگەردان بم.

نات: سبەینێ دەتبینم.

مـەرگ: (لە دەرگـاکە نزیک بووەتەوە) ئوتێلی باش لە کوێ هەیە. ئەوە خۆ من باسی ئوتێل دەکـەم، بەڵام پارەم پێ نەمـاوە. دەچم بۆ خـۆم لە مـەیدانی بلیک فـۆرد دادەنیشم (دەست دەداتە ڕۆژنامەکە)

نات: بڕۆ دەرەوە، بڕۆ دەرەوە، ئەو ڕۆژنامەیە هی منە. (لێی دەسەنێتەوە).

مـەرگ: (بە دەم چوونە دەرەوەوە) نەمـتـوانی لەگـەڵ خۆمدا ببەم و بڕۆم. لەو یاری کاغەزەدا نوقم بووم.

نات: (بانگی دەکات) کە بە پێپلیکانەکاندا دەچیتە خوارەوە ئاگات لە خۆت بێت نەکەویت. لەسەر یەکێک لە پێپلیکانەکان فەرشەکە دڕاوە. (ڕێک لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگی کـەوتنێکی ترسناک دەبێت. نات ئاخـێـک هەڵدەکێشێت. پاشان بەرەو لای مێزی نزیک سیسەمەکە دەچێت و تەلەفـۆنەکـە هەڵدەگـرێت و ژمـارەیەک لێ دەدات).

نات: هەلەو، مۆی؟ منم، گـوێ بگرە. نازانم یەکـێک گاڵتەی لەگەڵدا دەکردم، یان چی، بەڵام مەرگ لێرە بوو. کـەمێک پێکەوە یاری کـاغـەزمان کـرد.... نا، مـەرگ، خـۆی بوو. لەوانـەشـە کـەسـێک بووبێت لافی ئەوەی لێ دەدا کە مەرگە، بەڵام، مۆی، ئای کە چەند دەبەنگە!

(پەردە دادەدرێتەوە)

لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

The Complete Prose of Woody Allen
Wings Books- New York- 1991
183-195.PP

*** وودی ئالن لە ١ی دێسـەمبەری ١٩٣٥دا لە نیـویۆرک لەدایک بووە. دەرهێنەر و ئەکتەر و سیناریست و شانۆکارە، بێجگە لەوەی جاز ژەنیشە. بابەتی فیلم و نووسینەکانی بەسەر ئەدەب و سێکس و فـەلسـەفـە و دەروونناسی و شـوناسی یەهوودی و...تاد دابەش دەبن و زۆربەی ڕووداوی کارەکانیشی لە نیـویۆرکدا ڕووەدەدن.**

فـیـلمـەکانی چەندین جار بۆ خەڵاتی ئۆسکار پاڵێـوراون و چوار ئۆسکاری بەدەست هێناوە.

شانۆکاری کورد (سەرکاو هادی) تیشک دەخاتە سەر (شانۆی خۆر)ی فەرەنسی کە خۆی یەکێک بووە لە ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیە، هەروەها سەبارەت بە چەند پرسێکی دیکەی شانۆییش ڕاشکاوانە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.

* وەک شانۆکارێکی کورد کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ تیپێکی شانۆیی جیهانیدا کارت کردووە کە تیپی شانۆی خۆرە و دەرهێنەرەکەشی کەسێکی بەناوبانگی وەک (ئاریان منوشکین)ـە، چۆن ئەم پێوەندییە دروست کرا، ئایا هیچ مەرجێک، یان ئاستەمی و نارەحەتییەک لە ئارادایە بۆ شانۆکارێکی کورد لە ئەندام بوون لەو تیپە جیهانییانەی شانۆدا؟

– لێتان ناشارمەوە شتێک هەیە پەستم دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئەکتەرێک بە ناوی شانۆیەک، یان دەرهێنەرێکەوە بناسێنرێت. ئەم دیاردەیە نە تەنیا لە کوردستان، بگرە لە هەموو ئەوروپا و ئەمریکاشدا بەدی دەکرێ، واتە کە ئەکتەرێک لە شانۆیەکی بەناوبانگی وەک شانۆی خۆر، یان شانۆکەی پیتەر بروکدا کار دەکات، ئەو ناوەی بەسەردا دەبڕدرێت و خەڵک پێی دەڵێن (ئەکتەری شانۆی خۆر، یان ئەکتەری پیتەر بروک....تاد) کە پێدەچێ ئەو ئەکتەرە لە شوێنی تر بۆ ماوەیەکی زۆر کاری کردبێت، بەڵام شوێن، یان شوێنەکانی تر کە کاری تێدا کردوون، لەبەر ئەوەی ناوبانگیان نییە، باس ناکرێن. من بۆ خۆم لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە، ماوەی بیست ساڵ زیاترە کە کاری شانۆ دەکەم، ئێستا تەمەنم ٣٨ ساڵە.. پێنج ساڵ لە شانۆی خۆر بووم.. ڕاستە پێوەندیم بەم شانۆیەوە نەبڕیوەو هەرگیزیش نایبڕم، واتە وەک مالّی خۆم وایەو ئاریان منوشکین وەک دایکێک وایە بۆ من، چونکە لە هەموو پرۆژەکانمدا پرسی پێدەکەم و ئەویش پشتم دەگرێت، بەڵام پێم باش نییە کە بۆ هەر ولاتێکی ئەوروپاو جیهان

سەرکاو هادی:
پێم باش نییە کە بۆ هەر ولاتێکی ئەوروپا و جیهان و بۆ هەر شانۆیەک دەچم، بە ئەکتەر ئاریان منوشکین ناو ببرێم.

ئا: شۆڕش محەمەد حسێن
(سلێمانی)

و بۆ هەر شانۆیەک دەچم بە ئەکتەرەکەی ئاریان ناو ببڕێم، یان بە ئەکتەری شانۆی خۆر ناو ببڕێم. شانۆی خۆر بڕیتییە لە یەک لەسەر چواری تەمەنی کارکردنم لە شانۆدا. بێ گومان من شانازی پێوە دەکەم، بەڵام بە گشتی، بە ڕەوای نابینم ئەکتەرێک بەناوی تەنیا شانۆیەک، یان دەرهێنەرێکەوە بناسێنرێت. هەر ئەم هۆیەش بوو وای لە من کرد بڕیار بدەم کار بۆ خۆم بکەم و پرۆژەکانی خۆم لە دەرەوەی شانۆی خۆر بە ئەنجام بگەیەنم.

* تاچەند شارەزابوون لە زمان و زانینی زمان دەبێتە هۆی ئەوەی بەربەستەکانی بەردەم هونەرمەندی کورد لە دەرەوەی ولاّت نەمێنن؟

– من ساڵی ١٩٩٩ وەک پەنابەر گەیشتمە ولاّتی فەرەنسا. هەر دوای ئەوەی بڕیارم دا لەم ولاّتەدا بمێنمەوە و داوای پەنابەریی بکەم، بۆ شانۆیەک گەڕام کە تێیدا دەست بکەمەوە بە کار و پیشەکەی خۆم. سەرەتا ئەوەی کێشەی بۆ دروست دەکردم، یان لەڕاستیدا من وا بیرم دەکردەوە، زمان بوو. کە دەڵێم من وا بیرم دەکردەوە، چونکە شانۆ تەنیا زمانی ئاخاوتن نییە. چەندین زمان لە بەرهەمهێنانی کاری شانۆدا بەشدارن. زمانی ئاخاوتن و خوێندنەوەو نووسین تەنیا یەکێکە لەو زمانانە. زمانی ئاخاوتن، زمانی تایبەتی ئەو ولاّتەیە کە تۆ شانۆی تێدا فێر دەبیت کە زمانی تایبەتی ئەو بینەرانەیە تۆ شانۆیان پێشکەش دەکەیت. ڕاستە زمانی تایبەتی میللەت و بینەرێک، ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێیەوە دەگەیت بە کولتوور و مێژوو و بیرکردنەوە و هونەری ئەو میللەت و بینەرە و چەندە ئەو زمانە دەوڵەمەند بێت، ئەو کولتوور و مێژووە لە ناو تۆدا ئامادەیی دەبێت و کاریگەری لەسەر تۆ دەبێت و دەوڵەمەندت دەکات، چەندە زمانی تاکەکەسی تۆ دەوڵەمەند بێت، زانین و شارەزایی و زانیاری تۆ لەو کولتوور و مێژوو و کۆمەڵگەیە فراوانتر و دەوڵەمەندترە، بۆیە لە لایەکەوە ڕاستە ئەگەر بڵێین زمان نەزانین کۆسپ و تەگەرەو کێشەیە بۆ شانۆکارێک، لەلایەکی ترەوە لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین زمانی ئاخاوتن هیچ کێشەیەک لەڕێی دەربڕینی هونەریدا دروست ناکات. ئەمە لە سەرەتادا ڕاستترە بڵێم، ئەمە لە کاتێکدا کە تۆ لەسەر کولتوور و کێشە و بیرکردنەوەی خودی خۆت و کۆمەڵگەکەی خۆت کار دەکەیت، بەڵام کاتێک کە بتەوێت کارکردنت بەرفراوانتر و جیهانیتر و لەهەمان کاتدا تایبەتمەندتر بێت بە بینەرێکی بێگانە بە کولتووری خۆت و باس لە کێشە و کولتووری ئەوانی تر، یان مرۆڤ بە گشتی بکەیت، ئەوسا پێویستت بە زانینی زمانە، بگرە پێویستە ئاستێکی بەرزت لە زمانی ئەو کۆمەڵگە نوێیەدا هەبێت کە کاری بۆ ئەوە تێدا دەکەیت. بە گشتی بۆ ئەوەی کە هونەر گەردوونی و جیهانی بێت و بە شێوەیەکی بەرتەسک و ناوخۆیی نەمێنێتەوە، هەموو هونەرمەندێک، چ لە کوردستان و چ لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە زمانەکەیان و کولتووریان (بااڵدەست و سەرەکی) نین، بەڵایەنی کەمەوە پێویستیان بە زانینی یەکێک لە زمانە جیهانییەکانە، چونکە زمانەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و.. بێجگە لەوەی کە بەشی زۆری ئەدەبی مۆدێرن و هاوچەرخیان پێ نووسراوە، هەموو میتۆووی ئەدەب و نووسینیان پێ وەرگێڕراوە، ئەمانە زمانی دواڕۆژن، هیچ نەبێ بۆ چەند دەیەیەک بگرە سەدەیەکی تر.

* بە ئەندامبوونی شانۆکارێکی کورد لە گرووپێکی شانۆیی جیهانیدا، تا چەند ئاسانە و هەڵگری چ تایبەتمەندییەکە؟

بە ڕەوای نابینم ئەکتەرێک بە ناوی تەنیا شانۆیەک، دەرهێنەرێک بناسرێت

– بۆ ئەوەی لە شانۆی خۆر ببم بە ئەندام، دەڵێم بوونم وەک ئەکتەری کورد هیچ گرفتی بۆ دروست نەکردم، بگرە بە پێچەوانەوە تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش و جۆرێک بوو لە دەوڵەمەندی، چونکە (هونەرمەندی ئەوروپایی بەتایبەت و هونەرمەند بە گشتی وا بیر دەکەنەوە) هاتنی خەڵک بۆ ولاّتەکەت هەمیشە ئەو ولاّتە دەوڵەمەندتر دەکات، بەتایبەت ئەگەر ئەو خەڵکانە نووسەر و زاناو هونەرمەند بن. ئەم بیرکردنەوەیەش لەلای زۆربەی هونەرمەندانی ڕۆژئاوا هەیە، بەتایبەت شانۆی خۆر و ئاریان منوشکین. ئەو کەسەی کە لە دوورەوە دێت، ئەگەر تەکنیکێکی هونەری نوێش لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، جیهانبینی و کولتوورێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بیرمان نەچێت کە میتۆووی مرۆڤایەتی پڕە لەو نموونانە.

کۆچکردن و گەشت و ئاڵوگۆڕی نێوان میللەتان، شارستانییەتە گەورەکانیان پێکهێناوە. سۆمەری و ئاشووری و ماددەکان لە شوێنی ترەوە هاتن، ئاخاییەکان بە ڕەچەڵەک یۆنانی نەبوون، وەک هۆمیرۆس باسی دەکات، لە باکووری ئەورووپاو لە قەوقازەوە هاتن، سکۆتلەندی و ئیرلەندییەکان ڤیکینگن و لە باکووری ئەورووپاوە دابەزین، بەغدای سەردەمی عەباسییەکان بە زانای کوردو ئەفغانی و ئێرانی پێش کەوت. ڕۆما و ڤینیسیاو فلۆرانسی سەردەمی ژیانەوەی ئیتاڵیایی بە

هاتنی مەکەدۆنی و ئەلبانی و ڕۆمانی پێشکەوتن. پاریس و لەندەن و نیوێۆرک تەژین لە بێگانە، ئەم تێکەڵبوونەش بووە بە بزوێنەری شارستانییەت لەم شارانەدا. هەر دوور نەڕۆین، لە هەشتاکاندا هاتنی هونەرمەندی کەرکووک و هەورامان و دێ داگیراوەکان بۆ سلێمانی، بووە بزوێنەری ژیانەوەو سەرهەڵدانێکی هونەری نوێ لە سلێمانیدا. ئەوە تەنیا بیرتەسکی و ناوچەگەری و نەفامییە کە هەندێک دەڵێن (لادێیی ئەم شارەیان وێران کرد)، بگرە ئەوە خراپترین جۆری جیاکاری و کینەیە، چونکە هەمان ئەو کورەد نەفامانەی کە لە سلێمانی وایان دەوت، ئێستە لە ئەوروپا بەدەست ئەوەوە دەنالێنن کە ڕەگەزپەرستەکانی ئەوروپا وایان پێ دەڵێن. بێ گومان پێویستە ئەو کەسانەش کە دێنە شارێک، یان وڵاتێکەوە ڕێزی یاساو نەریتەکان بگرن، واتە دەبێ ئالۆگۆڕێکی دوولایەنە بێت.

* وەک لای زۆربەمان ئاشکرایە ئەزموونە شانۆییەکانی ئاریان مینۆشکین و شانۆی خۆر لە کولتوور و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات، بەتایبەت لە شانۆگەری (دواهەمین کاروان سەرا)دا کە ڕوون و ئاشکرا کار لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا دەکات، وەک چۆن پێشتریش دەرهێنەرانی تری شانۆیی وەک (پیتەر بروک) و تائێستاش بە کولتووری ڕۆژهەڵات سەرسامن و لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە ئەو کولتوورە تەوزیف دەکەن، دەکرێت بزانین منوشکین و شانۆی خۆر چۆن مامەڵە لەگەڵ کولتووری ڕۆژهەڵات دەکەن، بە واتایەکی تر ئەم شێوازی مامەڵەکردنەی منوشکین و شانۆی خۆر جیاوازی لە ئەزموونی شانۆکارانی پێش خۆی هەیە، جیاوازییەکان لە چ ئاستێکدایە؟

– ئەوروپا، بگرە هەموو شارستانییەتە مەزنەکان هەمیشەو بەردەوام بۆ سەرچاوەکانیان گەڕاونەتەوە. ئەم شارستانییەتەی ئەمڕۆی ئەوروپا لە ئەنجامی ژیانەوەی ئیتاڵیایی دروست بووە، کە ژیانەوەی ئیتاڵیایی گەڕانەوەیە بۆ یۆنانییەکان. ئەگەر ئێمە باشتر لە یۆنانییەکان وردبینەوە، دەبینین سوودێکی زۆریان لە میسری و ماد و فارس و بابیلۆنی و ئاشووری و سۆمەرییەکان وەرگرتووە. تۆ لە هیچەوە دروست نابیت، شارستانییەکانیش بە هەمان شێوە. بەدەر لەمە، ئەوروپا، بەتایبەت لە بواری هونەردا، هەمیشە ڕۆژهەڵاتی وەک سەرچاوە داناوە. هەمیشە لە نێوان ڕەسەنایەتی ڕۆژهەڵات و پێشکەوتن و نوێبوونەوەی خۆیدا لە هاتوچۆدایە.

سەردەمانێک، پێش ئەوەی هاتوچۆ و پێوەندیکردن وا ئاسان بێت، هونەرمەندە ئەوروپاییەکان لاسایی، یان هەوڵی دوور بە دووری تێگەیشتن و سوود وەرگرتنیان دەدا لە مێژووی دوورودرێژی هونەری ڕۆژهەڵاتی دوور، بەتایبەت شانۆ، ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتدا کار دەکەن، ئاسانی سەفەر و جێگۆڕکێ وای کردووە کە هونەرمەندی ڕۆژئاوا فێری هونەرەکانی ڕۆژهەڵات بێت و بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش وای کردووە کە هونەرمەندی هەر لایەک بتوانێت لەسەر هەر شوێنێک و هەر کولتوورێک بیەوێت کار بکات، چونکە دەتوانێت ڕاستەوخۆ لە وڵاتەکە خۆیەوە فێری کولتوورەکەی بێت و لەگەڵ هونەرمەندی ئەو کولتوورەدا کار بکات کە ئارەزوویەتی.

* پێگەی ئەم کارکردنەی شانۆی خۆر لە کولتووری ڕۆژهەڵات و باسکردن لە خەمە ڕۆژهەڵاتییەکان تا چەند پێگەیەکی بەهێزە و ڕوخساری گشتی ئەم شانۆیە و کارکردنی ئەم دەرهێنەرە جیهانییە پێکدەهێنێت؟

– ئاریان منوشکین لە سەردەمی گەنجیدا، ئەو کاتانەی خوێندکاری زانکۆ بوو، سەفەرێکی کرد بۆ هیندستان و لەوێشەوە بە پاکستان و ئەفغانستان و ئێراندا تێپەڕی. ئەو سەردەمانە بوو کە هیپی و پەنکەکان لە ئەوروپا دروست ببوون. ئەم گەنجانە بە هەمان ڕێگەی ئاوریشمدا بە کۆمەڵ، یان دوو دوو سەفەریان دەکرد بۆ کاتمۆندووی هیندستان. ئەمانە نەوەی شۆڕشی ئازادی ئافرەت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ٦٨ یان پێ دەڵێن. ئەمانە بە پێ، یان بە ئۆتۆمبێلی کرێ، یان بە پیکاب سەفەریان دەکرد. ئاریان لەم سەفەرەدا کەوتە ژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتەوە. ئەم سەفەرە هێندە درێژخایەن نەبوو تا بتوانین بڵێین لەم ڕێیەوە ڕۆژهەڵاتی ناسی، بەڵام هەندێک جار ئەو کاریگەرییەی کە بینینێکی سەرپێیی و تێپەڕ لەسەر هەستەکانمان هەیەتی، ژیانێکی دوورودرێژ لەسەر بیرکردنەوەمان نییەتی، بۆیە بە بۆچوونی من و لەدوای ئەوەی کە لەگەڵیدا کارم کرد، تێگەیشتم کە کارتێکردنەکە سەرەتا تەواو ئیستێتیکی و لەڕووی جوانکارییەوە بووە. دواتر بەهۆی ئەو سەفەرە یەک لەدوا یەکانەی کە بۆ کامبۆدیاو هیندستان و کۆریاو وڵاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی دوور کردوویەتی و بەهۆی ئەوەی کە زۆر لە شانۆکار و هونەرمەندە گۆرانیبێژ و موزیکژەنەکانی بۆ ئێرە بانگهێشت دەکرد، ناسینی بۆ ڕۆژهەڵات فراوانتر بوو.

کارکردنی لە وێناکردنی ئیستێتیکی بۆ ڕۆژهەڵات بۆ بینینێکی بابەتیانە گۆڕا. هەڵبەتە ڕۆژهەڵات بۆ شانۆکارێک واتە دوو شت، کولتووری ئەو وڵاتانە، بەتایبەت شانۆ و خودی ڕۆژهەڵات خۆی وەک

شارستانییەتێک، بۆیە سەرەتا سوودوەرگرتن و کارکردن لەژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتدا بۆ ئاریان منوشکین تەنیا لە ستایل و ئیستێتیکادا بوو، ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی شانۆکەی، دواتر بە ڕواڵەت شانۆکەی تا دەهات لەو شێوە ڕۆژهەڵاتییە دوور دەکەوتەوە، بەڵام لە ناواخندا و لە خودی سیستەمی کارکردندا سەرچاوەو ئیلهامبەخشی ئەم شانۆیە هەر دنیابینی و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتە.

* کارکردن بە چەمکی فرە کولتووری لە نێو شانۆی جیهانیدا تاڕادەیەک کارکردنێکی نوێیە و ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەم چەمکە لەگەڵ سەرهەڵدانی عەولەمەدا لەبواری شانۆ و هونەرە جوانەکاندا دروست بووە، شانۆی خۆرئاوا وەک زۆرێک لە تیپە شانۆییە جیهانییەکانی تر کار بە چەمکی فرە کولتووری دەکات، تا چەند ئەم کارکردنە ئێستا لەشانۆی جیهانیدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە، بەواتایەکی تر پێت وا نییە ئەم شێوازە نوێیەی کارکردن لەگەڵ گەشەکردنی چەمکی عەولەمە و کرانەوەی سنوورەکاندا زیاتر گەشە بکات؟

– ئەوەی ڕاستی بێت من نازانم مەبەست لە (چەمکی فرە کولتووری) چییە؟ لە ئەوروپاو ڕۆژئاوا بە گشتی، بەهۆی ئەوەی کە بێگانە و خەڵکی سەر بە کولتووری جیاواز زۆرن، بە شێوەیەکی سروشتی ئەکتەری سەر بە میللەتی جیاواز کار لە شانۆکانیاندا دەکەن. ئەمە نە تەنیا لە بواری شانۆدا، بگرە لە هەموو بوارەکانی تریشدا دەبینرێت. بۆ نموونە نەخۆشخانەکان پزیشکی سەر بە میللەتانی جیاوازیان تێدایە کە پێکەوە کار دەکەن، تاقیگەکانی فیزیا و بەرهەمهێنانی وزە، بواری کۆشکسازی...تاد. دەتوانین بڵێین شانۆ لە زۆر بواری دی درەنگتر ئەم تێکەڵاوبوونەی دروست کرد، چونکە شانۆ کاری بە کولتوور و زمانە، ئەم دوانەش زۆر لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا ڕۆچوون. بۆ ئەوەی دوو کولتوور و دوو زمان پێک بگەن، کاتێکی زۆرتری دەوێت و کارکردنێکی درێژخایەن و تایبەتی دەوێت. ڕەنگە بڵێین لێرەدا واتای چەمک دێتە ئاراوە بەو مانایەی کە لای ئێمە ئەو زاراوەیە بەکار دەهێنرێت.

ئەوروپا و هەموو شارستانییەتە مەزنەکان، هەمیشە و بەردەوام بۆ سەرچاوەکانیان گەڕاونەتەوە

دوو کرێکاری سەر بە دوو زمان و کولتووری جیاواز دەتوانن پێکەوە کار بکەن بەبێ ئەوەی بەو هاوئاهەنگییە بڵێین چەمک، بەڵام ئەکتەر کاری نەک هەر بە کولتووری ئەو وڵاتە هەیە کە تێیدا کار دەکات، بگرە کاری بە کولتووری ئەو ئەکتەرانەی تریش هەیە کە هەر یەک لە کولتووری جیاوازەوە دێن. چەمک بەم مانایە وەک نەخشەکارێکە کە هۆی کۆبوونەوەی ئەم کولتوورە جیاوازانە دیاری دەکات و شێوازی کارکردن، فەلسەفەی کارکردن و ئامانجی کارکردن ڕۆشن دەکاتەوە.

شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە، لە زۆر شوێنیشدا پێم لەسەر داگرتووەو دووبارەو چەند بارەم کردووەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم زاراوانە سەر بە زمانی ڕەخنەگرانن، هونەرمەند کاری تیوریزەکردنی ئیشکردنی خۆی نییە. من ئێستا کە باسی شانۆ دەکەم، بە زمانی تیوری باسی دەکەم، لەناو هۆڵی شانۆدا باسی شانۆ ناکەم، شانۆ دەکەم. مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ لە ئاریان منوشکین بپرسین ئایا چۆن کارت بە چەمکی فرە کولتووری کردووە، ڕەنگە وەڵامی نەبێت، ڕەنگە بڵێت من ئەم شتانە نازانم و ئارەزووم وایە کە لەگەڵ ئەکتەری سەر بە کولتووری جیاوازدا کار بکەم و تەواو.

هونەرمەند بە گشتی و شانۆکاریش وەک هونەرمەند مەرج نییە بتوانێ، یان پێشتر فەلسەفەیەکی تایبەتی بۆ کارکردن دیاری کردبێت، مەرج نییە هەموو هەنگاوەکانی پێشوەخت دارشتبن و تیوریزە کردبن. هونەرمەند دەزانێ دەیەوێ باسی چی بکات و چۆن باسی بکات و لەگەڵ کێدا باسی بکات. کاری شانۆ کارێکی پراکتیکییە، دەرهێنەر تەنیا ئەندازیارێک نییە کە نەخشە دابنێت و خۆی دەست لە هیچ شتێک نەدات، دەرهێنەر کۆشکسازەو لەگەڵ کرێکارەکانیدا پێکەوە کار دەکەن، واتە دەستی لەناو چیمەنتۆ و قورەایە، جلەکانی تۆزاوین، بازووی هەڵکردووە، دەرهێنەر فەیلەسووفێکی وشکی تیوریزان نییە. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین چەمک، ڕەنگە ئەو پێی بڵێ ئۆجاخی ڕوون، یان دیوەخانێکی گەرم، یان سەرایەکی جەنجاڵی پڕ لە کاڵاو هاتوهاوار.

* ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە ساڵی ٢٠٠٦ سەردانی کوردستانت کردەوە و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لەگەڵ قوتابیانی بەشی شانۆی ئەو پەیمانگەیە وۆرک شۆپێکت سەبارەت بە کارکردن و ڕاهێنانی ئەکتەر لە شانۆی خۆردا سازکرد، دەمەوێت بزانم چۆن لە ئاستی زانستی و مەعریفی قوتابیانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تێگەیشتیت؟ بۆ وەرگرتنی ئەم ئەزموونە نوێیانەی شانۆ، تا چەند زەمینەی زانستی و ئەکادیمیان لەباربوو؟

– بەڵێ ساڵی ٢٠٠٦ کە هاتمەوە کوردستان لە سلێمانی خولێکی دوو هەفتەییم بۆ هەندێ خوێندکاری

بەشی شانۆ سازکرد. (ئاستی خوێندکار) دەربڕینێکە کە زۆرجار دەیبیستم، تەنانەت لەوێ لەگەڵ مامۆستایانی شانۆ گفتوگۆم لەبارەوە کردووە. من ئەم دەربڕینە زۆر بە ناڕەواو بێ سوود دەزانم، بەتایبەتیش لە شانۆدا و لە زمانی مامۆستایەکی شانۆوە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە خوێندکار ئەگەر ئاستێکی باشی لە شانۆدا هەبێت، نابێتە خوێندکاری شانۆ، چونکە پێویستی پێی نابێت. دووەم من وەک شانۆکار هیچ کارێکم بە ئاستی ئەو ئەکتەرە، یان خوێندکارە نییە کە شانۆی فێر دەکەم. بگرە تا سادەتر و نەزانتر بێت بۆ من باشترە، چونکە زانینی ئەکادیمی و (قوتابخانەیی) زۆرجار هونەرمەندەکان دەشێوێنێ، مەبەستم لەوەیە کە مێشکیان بە کۆمەڵێک زانیاری پڕ دەکات کە ئیتر توانایی نامێنێت هیچ شتێکی تر بەدەر لەو زانیارییانە وەربگرن، بەڵام لە بوارێکی تیوری وەک کۆمەڵناسی، مێژوو، ئەدەب، ڕەخنەی هونەری...تاد خوێندکار پێویستی بەوەیە کە زانست و زانینی لە ئاستی ئەو پلەیەدا بێت کە تێیدایە، واتە نابێت خوێندکارێکی قۆناغی زانکۆ زانستەکەی لە ئاستی خوێندکارێکی ناوەندیدا بێت.

باشترین شانۆ، شانۆی ئەو میللەتانەیە کە ئاستی خوێندەواریان زۆر نزمە، وەک شانۆی دوورگەی بالی، یان هەندێک شوێنی هیندستان، یان مەکسیک، یان هەندێک شوێنی ئەفریقیا. مەبەستم لە خوێندەواریی ئەوەیە کە لە قوتابخانە ڕووکەشییەکانی هەندێ وڵاتی وەک ئەوەی ئێمەدا هەیە، کە نە سوودی قوتابی تێدایەو نە سوودی کۆمەڵگە، بگرە زیانی هەیە. ئەو میللەتانەی باسم کردن، نەزان نین، کولتوورێکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیەو ساڵەهای ساڵە کاریان لەسەر کردووەو پێی ژیاون، ئەو کولتوورە کولتوورێکی ڕاستەقینەیەو لە هەناوی کۆمەڵگەو مێژووی خۆیانەوە هەڵقوڵاوە. ڕۆژئاوا خوێندەوارن و کولتووری تاکەکەسی سیمای کولتووریانە بە گشتی. ئێمە نە ئەمیانمان هەیەو نە ئەویانمان ماوە.

بۆیە من قوتابییەکم پێ باشترە کە توانایی ئەوەی هەبێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ منداڕاستگۆ بێت کە فێرکاری ئەوم، پێویستم بە ئاستی بەرزی ئەو نییە. من باوەڕم بەوە هەیە کە کاری مامۆستایی لە شانۆدا لە هەموو بوارەکانی تر جیاوازە، مامۆستای شانۆ دەبێ لە ئالۆگۆڕێکی مرۆیانەی بەردەوامدا بێت لەگەڵ شاگردەکەیدا. شانۆ باس لە مرۆڤایەتیمان دەکات، شانۆ باس لە ئاستی ڕۆشنبیریمان ناکات. شانۆ کاری بە مرۆڤایەتیمانەوە هەیە، شانۆ کاری بەوە نییە چەند کتێبمان خوێندووەتەوە (ئەویش بە نیوەچڵی و لەڕێی وەرگێڕانی ناتەواوانەی سی چل ساڵ لەمەوبەر کە لە عەرەبی و فارسییەوە کراون و بە سێ زماندا تێپەڕیون تا بگەنە ئەو قوتابییە). ئەوە منم کە پێویستە ئاستم بەرز بێت، نەک شاگردەکەم. (پێم جوانە وشەی شاگرد بۆ خوێندکاری شانۆ بەکار بێت، چونکە شانۆ ناخوێنرێت، شانۆ کرداوە و پیشەیە، لەگەڵ وەستایەکدا فێری دەبیت).

✱ زۆرێک لە شانۆکاران و ڕەخنەگرانی هونەری شانۆ پرۆسەی بینین بە یەکێک لە پرۆسە هەرە گرنگەکان بۆ خوێندنەوەی نمایش و ئەزموونی نوێی شانۆی جیهانی دادەنێن، وەک خۆشت دەزانیت شانۆکاری کورد کەمترین هەلی بینینی بەرهەمە شانۆییە جیهانییەکانی هەیە و هەبووە، پێت وا نییە هەر ئەم حاڵەتی کەمی بینینە بووەتە هۆی ئەوەی شانۆکاری کورد بە ڕوخسارە ڕاستەقینەکانی نوێگەری لەشانۆدا ئاشنا نەبووبێت؟ بەواتایەکی تر تاچەند پرۆسەی بینین کۆمەکی شانۆکار دەکات تاوەکو زیدەتر پێش بکەوێت؟

– بینین نەک تەنیا بۆ شانۆکار وەک هونەرمەند، بگرە بۆ شانۆکار وەک مرۆڤێکی ئاساییش گرنگە، بینین بۆ هەموو مرۆڤەکان گرنگە و یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و مافێکی پیرۆزە، بگرە پیرۆزترین مافە، چونکە لەڕێی بینینەوە بوونی ئەویترت بۆ دەردەکەوێت، لەڕێی بینینەوە پەی بە جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگی مرۆڤەکان دەبەیت، لەڕێی بینینەوە دەگەیتە ئەویتر و دواجار دان بە ئەویتردا دەنێیت، ئەوەش بەرچاوت و بیرکردنەوەت فراوان دەکات. چەندە بینینی شانۆ بۆ شانۆکار گرنگە، هێندەش بینینی میللەت و کولتوور و شوێنی جیاواز گرنگە. بینینی شانۆ، بەتایبەت شانۆی ئەوانی تر، لە تەکنیک و شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی شانۆ ئاگادارمان دەکاتەوە، بەڵام بینینی شانۆ بە تەنیا نابێتە هۆی دروستکردنی شانۆ، چونکە شانۆ بەرهەمی کارکردنی کەسێکە، تۆش ناکرێت لەسەر بەرهەمی ئەویتر بەرهەمی بهێنیتەوە، بۆیە بابەتەکانت، کێشەکانت، پەیامی خۆت لە ژیان و کولتوور و ڕۆشنبیری خۆتەوە دێن، نەک لە بەرهەمەکانی ئەوانی ترەوە. پێویستە شانۆکار بە شانۆ ئاشنابێت، بەڵام گرنگتر لەوە ئەوەیە کە شانۆکار بە ژیان و کولتوورەکانی تر ئاشنا بێت.

ئاستی ئەکتەری کورد لەمڕۆی شانۆی کوردیدا

ئا: هەریم عوسمان
(سلێمانی)

سەبارەت بەلاوازیی ئاستی شانۆ و کەمیی ژمارەی ئەکتەری لێهاتوو، دەرهێنەران و ئەکتەران بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان پێیانوایە، کە هەلی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی شانۆیەکی باش و ئەکتەری باش هەیە، ڕوونتر بڵێین جۆرە کەمتەرخەمییەک لە شانۆی کوردیدا هەیە، دەنا دەبوو ئەمڕۆکە شانۆ زۆر گەشەی بکردایە، نەک لەو دۆخەی ئێستایدا بچەقێت. هەندێ لە بۆچوونەکانی دی دەڵێن هەلی باش نییە، بۆ ئەوەی دەق و بەرهەم و ئەکتەری باش دروست بێت، ئیدی گرفتەکان ماددی بن، یان مەعنەوی، بە جۆرێکی دی گرفتەکان دەخەنە ئەستۆی دامودەزگا هونەرییەکان، یان نەبوونی بینەری باش، یان ئەکادیمییەکانمان، کە نەیانتوانیوە وەک پێویست ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەمەش وا دەکات بڵێین ئەکادیمییەکان لە جیاتی بەرهەمهێنانی ئەکتەری شایستە، ئەکتەرکوژن، نەک ئەکتەر بەرهەمهێنن، دەنا لە ڕابردوودا کە ئاموژگا و ئەکادیمیای هونەریی نەبووە، بۆ شانۆ و ئەکتەری باش هەبووە؟.

بەهیواین دۆخی شانۆی کوردی بەرەو ئاراستەیەکی پێشکەتوو بڕوات، چونکە ئەمڕۆ هەست دەکرێت لایەنە تیوورییەکەی شانۆ خەریکە پێش لایەنە پراکتیکییەی دەکەوێ، کە ئەمە جێگەی دەستخۆشی و دڵخۆشییە، هاوکات جێگەی نیگەرانیشە، کە دەبێ گەشەکردن لە هەردوو لایەنەکەدا بێتە ئاراوە. فەرموون ئێوە و بۆچوونی بەشداربووان لە بارەی ئەکتەر لە ئێستای شانۆی کوردیدا.

سەرەتا، پرسیمان ئاستی ئەکتەر لە ئێستای شانۆی کوردیدا چۆن دەبینن؟

بەڕێز عەبدولی حەمە جوان پێیوایە، "ئەمڕۆ ئەکتەر هەموو خەسڵەتەکانی ئەکتەرێکی ئامادەکراوی تێدا هەیە، چ لە ڕووی مەعریفییەوە، چ لە ڕووی پسپۆڕی و ئاستی ئەکادیمی بوون، چ بوونی لە بواری بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو کارەکتەرەی لە کارێکی هونەریدا بەری دەکەوێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆی هونەری نواندن لای ئێمە دەبێت خاوەن ژمارەیەک ئەکتەری پسپۆڕ و شارەزای تەواو بین، لە بواری هونەری شانۆ، یان درامادا، بەڵام ئەگەر لە هەموو ڕوویەکەوە بەرواردی بکەین دەبینین لەچاو ئەو هەموو زەمینەسازییەی، کە هونەری درامـا و شانۆ لەبەردەستیدایە و ئەو دەرفەتەی بۆی ڕەخساوە و ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەر، کە سالآنە خوێندنی ئەکادیمی تەواو دەکەن، هێشتا کەمن ئەوانەی ئەمڕۆ لەو پانتاییەی شانۆکان و دراماکاندا دەبینرێن".

هەر ئەو ئەکتەرە دەڵێت: ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئێمەدا نییە و بەتەنیا ئەکادیمی بوونیش بەس نییە بۆ ئەکتەری باش "من نالێم ئەکتەری باشمان نییە، بەڵێ کۆمەڵێک ئەکتەرمان هەیە، کە جێی ڕەزامەندی هەموومانن، بەڵام لەچاو ئەو



عەبدولی حەمە جوان

زەمینەسازییەی ئەمرۆدا لە ئاست خەونەکانماندا نین، بێجگە لە ژمارەیەکی کەمیان نەبێت. لێرەدا دەڵێم تەنیا ئەکادیمی بوون ئەکتەر دروست ناکات، لەگەڵ ئەو خەسڵەتەدا سەلیقە و لێهاتوویی و بەهرە، لەگەڵ چەکی ئەکادیمی بوون، ئەکتەری پرۆفیشنالّ بەرهەم دەهێنێت".

لەلایەکی دیکەوە ئەکتەری بە ئەزموون عەلی کەریم پێیوایە "بە درێژایی قۆناغەکانی شانۆی کوردی بە شایەدی ڕەخنەگر و هونەرمەندانی عەرەب و بیانییەکان ژمارەیەک ئەکتەری شانۆی لێهاتوو بوونی خۆیان سەلماندووە، بەڵام لە ئێستای شانۆی کوردیدا بەهۆی کەم ئەزموونییەوە، بەدحاڵی بوون لە بنەماکانی هونەری شانۆ، ئەو دیاردەیە بەدی ناکرێت، چونکە هونەری شانۆ و هونەری بەشانۆکردن کردەیەکی مەعریفی ئیستێتیکییە"

سەبارەت بەهەمان پرس دەرهێنەر هۆرێن غەریب پێی وایە کە ئەو "وەک دەرهێنەرێک تا ئێستا لەگەڵ ئەکتەری باشدا کاری کردووە. مەبەست لە ئەکتەری باش ئەوەیە کە هەست بە جەستەی خۆی بکات، هەست بە سنووری شانۆ بکات، ڕێز و پابەندیی بۆ شانۆ هەبێت. ڕاستە من بەختەوەرم، کە لەگەڵ ئەکتەری باش کارم کردووە، بەڵام بەگشتی ئاستی ئەکتەری شانۆی کوردی زۆر خراپە. لە ڕووی ئەوەی کە ئایا ئەم ئەکتەرانە کەی شانۆیان بیر دەکەوێتەوە و چەند کاتی خۆیان داوە بەشانۆ؟ کاتێ شانۆ بوو بەشتێ ناوبەناو بیرت بکەوێتەوە و ڕۆژانە تۆ لە شانۆدا نەژیایت، ڕۆژانە تۆ ئەکتەر نیت. هەر کامێک لەو ئەکتەرانەی کە شانازییان پێوە دەکەین و وەک مامۆستای خۆمان لێیان دەڕوانین، ئەگەر لێیان بپرسین ئەکتەرە گەورەکانی شانۆی کوردی، ئێوە ڕۆژانە چەند سەعات وەک ئەکتەر دەژین؟ من دڵنیام لە هەفتەیەکدا چەند سەعاتێکی کەمیش خۆی بۆ تەرخان ناکات، لەبەر ئەوە گرانە باس لە ئەکتەری سەر تەختەی شانۆ بکەین، چونکە ئێمە ناوبەناو دەچینە سەر تەختەی شانۆ"

لەم دەرهێنەرەمان پرسی بۆ ناتوانین وەک ئەکتەر بژین؟ ئەو پێیوایە "ڕەنگە هۆکارە ئابووریەکە زۆر ڕۆڵی هەبێت، بەڵام شانۆ بلیت نافرۆشێت، دیارە مەبەستم شانۆی جیددییە نەک بازرگانی. من بڕوام بەوە نییە شانۆی ولاتێک بە بازرگانی مێژوو بۆ خۆی دروست بکات. لەبەرئەوە ناکرێ شوناسی میللەتێک بەشانۆی بازرگانی دروست بکەین. شانۆی جیددی و ڕاستەقینە بلیت نافرۆشێت، بەخۆڕایی شانۆ دەکات. دابینکردنی بودجە بۆ ئەم جۆرە شانۆیە زۆر نزمە، چونکە تۆ لە بودجەی گشتی ١٥ بۆ ٢٠ ملیۆن سەرف دەکەیت، بەڵام یەک دینار داهاتت نییە، واتە تۆ بەکاربەریت، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەماشای ئەو پارەیە دەکەیت کە دەیدەیتە ئەکتەرەکانت بەشەرمەوە دەیاندەیتێ، چونکە دڵنیام ئەو پارەیە بەشی ئەوە نییە کە بە هاتوچۆ و پێداویستیەکانی دیکە سەرفی کردووە. هەرچەند لەناو گرووپەکەی ئێمەدا جیاوازیمان نەکردووە و هەمووی وەک یەک پارەکەی وەرگرتووە. ئەکتەر ئەگەر بڕیار بدات بڵێ من ئەکتەری شانۆم بێ گومان دەبێ لە شوێنێکی دیکە کار بکات، کە پێوەندی بەهونەرەوە نەبێت".

هۆرێن غەریب پێیوایە "هۆکارە ناوەکییەکانی ئەم گرفتەی ئەکتەری شانۆ زۆربەیان پەیوەستن بە هۆکارە دەرەکییەکەوە، ئەو دەڵێت" گرفتە ناوەکییەکان ئێجگار زۆرن، چونکە پەیوەستدارن بە گرفتە دەرەکییەکەوە. من گومانم نییە لەوەی کە گرفتە ناوەکییەکە لە زۆر باردا چارە دەکرێت، ئەگەر گرفتە دەرەکییەکە نەمێنێ. بۆ نموونە من ناتوانم بە ئەکتەرێک بڵێم تۆ ١٠ کیلۆ وەزنی خۆت دابەزێنە، یان پێویستە فێری ٢ جۆر سەما بیت...تاد پێی دەڵێیت بۆ ئەوانەت نەکردووە، وەڵامت دەداتەوە،

بەدیعە دارتاش

دەڵێ من ئیش دەکەم و بەماندوویی دێم، من لە کرێکارییەوە دێم بۆ لات، بەڵام ئەگەر گرفتی کار و پارە نەما، ئەوەی دەمێنێتەوە خۆتەرخان کردنە بۆ شانۆ، واتە ئەوکات بە ئاسانی کاتی زیاتر بە داواکارییەکانی کارەکتەرەکەی دەدات، وەزنی خۆی دادەبەزێنێت، واتە ئەم ئەکتەرە دەتوانێ لە ڕووە مەعریفی و کردەییەکە، دەنگی خۆی و جەستەی خۆی پەروەردە بکات".

لەلایەکی دیکەوە خانم هونەرمەند بەدیعە دارتاش پێی وایە "ئاستی ئەکتەر لە ئێستای شانۆی کوردیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەوپەڕی ئاست نزمیدایە، تەنانەت ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو ئەکتەرانەی سالانی حەفتاکان و هەشتاکان شانازیمان پێیانەوە دەکردن، ئێستا ئاستیان زۆر دابەزیوە، ئەوەش ڕەنگە بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، ماندووبونیان و بە سالاچوون و بژێوی ژیان و خراپی باری تەندروستییان، کاریگەری خۆی لەسەر ئەو سستییە هەیە".

ئەو خانمە ئەکتەرە پێیوایە کە ئێمە سوودمان لەم دۆخە لەبارە وەرنەگرتووە "ئەکتەری شانۆی کوردی لەم بارودۆخە لەبارەدا ڕەهایی ئازادی و باش بوونی بژێوی ژیان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکتەر هیچ سودبەخش نەبووە، سەد خۆزگە بەو کاتانەی هونەرمەندی کورد دینارێکی لە گیرفاندا نەبووە، بەڵام داهێنەرانە کاری دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو چەوسانەوە و ترس و دڵەڕاوکێیە تا بەرهەمێکی هونەریی نمایش دەکرد، شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی کاریگەرییەکی باشی هەبوو"

یەکێکی دیکە لە بەشداربووانمان هونەرمەند فازڵ قەسابە کە پێیوایە "وەڵامی ئەم پرسیارە باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەو پێیەی وا پێویست دەکات نموونەگەلێک باس بکرێت، نەک سەرپێی بگوترێ ئاستی ئەکتەرەکانمان باشە، یان خراپە.

بەر لە هەر شتێک وا باشترە ئاوڕێکی خێرا لە خودی شانۆی کوردی بدرێتەوە. ئایا نمایشە شانۆییەکانمان چەندن و لە ڕووی چلۆنایەتییەوە لە چ ئاستێکدان؟ کارە هونەرییەکانی شانۆنامەیەک چەندە لە خزمەتی کارەکەدان و ئەوان چ ئاستێکیان هەیە؟ ئەی بینەرانی شانۆ کێن و چەندن؟ ئەوانە هەموویان پێکەوە گرێدراون و یەک ئەوی دیکە تەواو دەکا. شانۆ بەرهەمێکی دەستەجەمعییە و ناکرێ کارەکانی لەیەک هەڵاوێردرێن. من ڕام وایە دەرهێنەری سەرکەوتوو دەتوانێت ئەکتەری سەرکەوتووشی هەبێت، بەو پێیەی ئەو خودانی یەکەمی کارێکی شانۆییە. ڕەنگە کەسانێک هەبن ئەم بۆچوونە پەسەند نەکەن، ئەوەش ڕەوایە، بەڵام دیسانەوە جەخت دەکەمەوە، هیچ نەبێ لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا، کە هێشتا زۆربەی شتەکان بەباشی نەخەملێون، هونەرەکانی شانۆ، سینەما، موزیک پێویستیان بە پێشەوایە، کەسێک بە لێزانینێکی زۆر و تەواوەوە وردەکاریی هەموو کارەکان ڕابگرێت و شارەزای هەموو بوارەکانی کارێک بێت. دەکرێ لە بواری شانۆدا هونەرمەندی ئینگلیزی (گۆردن گرەیک ١٨٧٢-١٩٦٦) بەنموونە بهێنرێتەوە، ئەم پیاوە سەرلەبەری کارە شانۆییەکانی ڕایی دەکرد. چاوەڕوان نەبوو تا کەسێک بەرگی کارەکتەرێکی بۆ دیزاین بکات، یان ڕاستتر بڵێم ئەو خۆی دەیزانی نەخشەی دیکۆر و وردەکارییەکانی ڕایی بکات و ڕووناکی سەر شانۆکە چۆن ئەنجام بدات و چ ئێکسسواریک بەکاربهێنێ، لە هەموشی زیاتر چۆن لەگەڵ ئەکتەر مامەڵە بکات و ئەو کەرەستانەی ئەکتەرێک هەیەتی بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکان دەوڵەمەندتریان بکات. ئەو بەشداربووە پاش باس کردنی ئەو گرفتانە پێیوایە "شانۆی کوردی هێشتا خاوەنی ئەکتەری خاوەن توانستە، ئەگەر ناوەکانیان ڕیز بکەم لیستێکی باشی گەرەکە، بە ڕاستی ئەکتەرمان هەن کەرەستەی کارەکەی خۆیان هەیە و توانایی هەندێکیان لە ئەکتەرە شانۆییە ناوازەکانی

هۆرین غەریب

ناوچەکە و جیهان کەمتر نییە، بەبێ سڵەمینەوە هونەرمەند (شەماڵی عەبەڕەش) بەمۆونە دەهێنمەوە، کە سەردەمانێکی زووتریش گوتوومە ئەو هەر لەگەڵ لە دایکبوونیدا کەرەستەکانی ئەکتەرێکی خاوەن تواناییە هەبووە، بەڵام داخەکەم زۆربەی جارەکان لەگەڵ دەرهێنەری کەم سەلیقە –وەک زۆر ئەکتەری دیکە– کەمتر توانایی ڕاستەقینەی بەرجەستە دەبێ. کەسانی دیکەشمان هەن تاقیکردنەوەی سااڵنێکی زۆریان هەیە، کەچی هێشتا خۆیان نەگەیاندۆتە ئەو ئاستەی پرۆفێشناڵ بن، هەندێک لەوانە هەم لە ڕووی جەستەیی و هەم لە ڕووی تیوربیەوە گەشەیان بەتواناییەکانی خۆیان نەداوە. بەکورتی: شانۆی کوردی خاوەنی کۆمەڵێک ئەستێرەی بەتوانایی نواندنە، کەچی ئەم تواناییە باشانە بزرن".

یەکێکی دی لە بەشداربووان ئەکتەر و دەرهێنەر ئازاد حەمە بچکۆلە کە لەم بارەیەوە دەڵێ: "قسەکردن لەسەر کۆی ئەم مەسەلانە سەرنجی ورد و باس و لێکۆڵینەوەی زانستی دەوێت، شەنوکەوی ڕەنج و ماندووبوونی هونەرمەندانی ئێستا و ڕابردووی دەوێت، بۆیە کارێکی ئاسان نییە لە دەرفەتێکی وەهادا کۆتایی بەو باسە هەستیار و گرنگە بهێنین، دیارە ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ئێمە لەسەر کورسیی تەمەڵی دانیشین و چاوەڕوانی فریادڕەس بین" ئەو ئەکتەر و دەهێنەرە زۆربەی گرفتەکان دەخاتە ئەستۆی داموودەزگا هونەرییەکانەوە کە نەیتوانیوە دەرفەت بۆ ئەکتەر بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی تواناییەکانی خۆی بخاتە ڕوو "لەمپەرەکان زۆرن کە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی خەون و خواستی ئەکتەری کوردی سست کردووە. ئایا سیستەمی حوکمڕانی لەم دەڤەرەی ئێمەدا ئەم پرۆسەیە بەهەند وەردەگرێ، یان بە بێ بایەخ لێی دەڕوانێ؟ ئایا ئامادەیە زەمینە بۆ هونەرمەندان و بەهرەداران خۆش بکات سنووورەکان ببڕن و لە دەریاکان بپەڕنەوە تا بە هونەری پێشکەوتنخوازی ئەمڕۆی کۆمەڵگای دنیا ئاشنابن؟ ئایا دەتوانێ ژیانێکی شایستە بۆ هونەرمەند دابین بکات و چی دیکە هونەرمەند لە ژێر شمشێری دابین کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و خێزانی بەهرە و تواناییەکانی لە بەین نەبرێ؟ ئایا لە پایتەختی ڕۆشنبیریدا هۆڵەکانی سینەما و شانۆ بەرەو زۆربوون و بەهاوچەرخ بوون هەنگاو هەڵدەگرێ، یان بەرەو پووکانەوە؟"

ئەکتەرێکی دیکەی بەئەزموون، کە وەک ئەکتەر لە دەرەوەی هەرێمیش(لەشانۆی هۆڵەندی ئەزموونی هەیە) بەشداربووی ئەم تەوەرەیە کە بەڕێز سیروان جەماڵە، ئەو هونەرمەندە پێیوایە " ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە سەلیقە و توانایی دەرهێنەر و دەقی نایاب ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە دۆزینەوەی تواناییە شاراوەکانی ئەو ئەکتەرەی کە هەموو سیفەتەکانی ئەکتەری سەرکەوتووی تێدا بێت. ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کە ئەگەر ئەکتەر خۆی داهێنەر و خاوەنی خەون نەبێت، لەو بڕوایەدا نیم ئیزافە و زیادکراوی هەبێت و دەرهێنەریش بتوانێت توانایی و ئاستی بەرز بکاتەوە. سەبارەت بە ئەکتەری ئێستای شانۆی کوردی، من نااڵێم ئەکتەری باشمان نییە، بەڵکو ئەکتەری باش و بە سەلیقەمان هەن، بەڵام ئەگەر ئەم ئەکتەرە بە توانایە گوێ نەداتە ئاستی دەق و توانایی و سەلیقەی ئەو دەرهێنەرەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەوە ئیزافەی نابێت و ئاستی نواندنیشی دێتە خوارەوە. بەشێکی دیکەی هۆی لاوازیی، یان بەهێزیی ئاستی نواندن لای ئەکتەری کورد پێوەندی بە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانەوە هەیە لە چۆنیەتی پێگەیاندنیدا، سەرەڕای ئەوانەی سەرەوەش، دەبێ ئەکتەری کورد لە هەوڵی بەردەوامدا بێت بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن و دەوڵەمەندکردنی خۆراکە مەعریفییەکەی

عەلی کەریم

خۆی".

بەشداربوویەکی دیکە هونەرمەند جەبار مەعرووفە، پۆلێنکارییەک بۆ ئەکتەر دەکات و پێیوایە "دەتوانرێ ئەکتەری ئەمڕۆ بکرێ بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بەجیددی و بەعیشقەوە ڕوو لەتەختەی شانۆکان دەکەن، کە بەداخەوە ئەم بەشەیان کەمینەن، بەشەکەی دیکەیان جیددی نین و کاری شانۆییان نەکردووە بەخەم، بەڵکو وەک ئارەزوو شکاندنێکی کاتیی بۆ جۆرێک لەخۆ دەرخستن دێن، بەڵام ئەم بەشەیان دڵخۆشکەر نین، چونکە بەشێوەیەکی کاتی دێنە بوارەکەوە، بۆیە دەبینین ئەم بەشەیان لە ئاستێکی زۆر نزمدان، بەڵام بەشی یەکەمیان ئەو ئەکتەرە خەمخۆر و عاشقانەن، کە ڕوح و هەناسەیان لەگەڵ شانۆکەی خۆیاندا جووتە، کە بە ڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن و شەیدای شانۆکەیانن، هەر ئەمانەن دەبێ بەرز بیانن‌رخێنین، چونکە هەر ئەو ئەکتەرە ماندوونەناس و دڵسۆزانەن، کە لە ئاستێکی بەرز و گەورەدان".

یەکێکی دیکە لەو پرسە گرنگانە ئەوەیە، کە ئایا شانۆی ئێمە لە قەیراندایە؟

بەڕێز عەلی کەریم پێیوایە "بەڵێ لە قەیراندایە، هۆیەکەشی بۆ کەم ئەزموونی و بەدحاڵی بوون لە بنەماکانی هونەری شانۆیی دەگەڕێتەوە".

ئەکتەرێکی دی بەپێچەوانەوە پێیوانییە قەیران هەبێ، ئەو ئەکتەرەش عەبدولی حەمە جوان-ـە "ئەو دەڵێ کورد خاوەنی پۆلێک ئەکتەری بەتوانایە لەشانۆدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەن، یان ئامادەکراون نمایشی شانۆییەکان لە ڕووی ئەدا و دەنگ و جەستەوە ئاودان بکەنەوە. ئەو ژمارەیەش دەتوانێت سەر تەختەی شانۆکان ئاوەدان بکاتەوە، ئیتر بۆ ئەو قەیرانە هەیە و ڕووبەرووی ئەکتەری کورد بکرێتەوە؟".

هۆرێن غەریب وەک دەرهێنەرێک سەبارەت بەو قەیرانە بۆچوونی وایە کە وشەی قەیران سواوە هێند وتراوەتەوە، بۆیە دەڵێ "من گومان لەوە دەکەم شانۆ هەیە، یان نییە، دەرهێنەر هەیە، یان نییە. ئەکتەرمان هەیە، یان نییە؟ گومانەکە لەوەیە کە لە ٣٦٥ ڕۆژدا، ٦٥ ڕۆژەکەی شانۆت نییە. ٣٠٠ ئێوارە بێ شانۆ دەژین. دیارە ئەمە خاترانەیە دەنا ٦٥ ڕۆژەکەش شانۆ نییە". ئەو دەرهێنەرە باس لەوەش دەکات کە بەردەوام نەبوونی ئەکتەر لە ڕاهێنان هۆکارێکی گرنگی ئەم گرفتەیە "ئەکتەر کە هەموو ڕۆژێ کار نەکات ئەکتەر نییە، ئەگەر ئەکتەرێ سێ مانگ بەردەوام لە یەک شانۆدا نمایشی کرد (تکایە مەبەستم شانۆ بازاڕییەکە نییە، بەڵکو شانۆی ڕاستەقینە دەڵێم)، ئەوە چۆن دارتاشێک، یان مامۆستایەک بە مومارەسەکردنی بەردەوام حاڵەتە گرانەکانی لا ئاسان دەبێ، ئەو ئەکتەرەش بەهەمان شێوە، واتە ئەکتەرەکە جۆرێ لە کارامەیی تێدا دروست دەبێ. لە دیمەنێکدا پێویستە من پاڵتۆکەم فڕێدەمە سەر زەوییەکە و شەپقەکەم دەبێ بەهەڵدانێ بەدەسکی دەرگاکەوە بنیشێتەوە، ئەگەر بۆ ئەمە ١٥ جار پرۆڤەم کردبێ، ئەوە لە ڕۆژانی نمایشدا بێ گومان هەڵەی تێدا دەکەم، بەڵام ئەگەر ٢٠٠٠ جار پرۆڤەم کرد، ئەوە شیاو نییە هەڵەی تێدا بکەم. بەردەوام نەبوونی شانۆ دەرهێنەر و ئەکتەری بەتاڵی دروست کردووە. نمایشی بێ مانا و بێ تەکنیک و بێ هونەری دروست کردووە".

بەڕێز جەبار مەعرووف بەپێچەوانەی ئەو دەرهێنەرەوە پێیوایە "لەئێستادا ئەو قەیرانە بەناوی ئەکتەر لەشانۆی کوردیدا نییە، ئەوەندەی ئەمڕۆ ئەکتەری باش و سەرکەوتوو لەشانۆی کوردیدا هەیە، بڕوا ناکا هیچ زەمەنێک ئەوەندە هەبووبێ، بەتایبەتی کچان و ئافرەتان،

ئازاد حەمە بچکۆل

بەڵام تەمبەڵی لەهەندێک ئەکتەری بەئەزموون و جیددی دەبینێ، کە ئەمەش بووەتە هۆی قەیران، کە بەڵای ئەوەوە ئەم دیاردەیە بەقەیران نابینێ، بەڵکو بە کەمتەرخەمی دەیبینێ".

هاوکات سیروان جەمال پێیوایە "ئەگەر ئەکتەر گوێ نەداتە ئاستی دەق و توانایی و سەلیقەی ئەو دەرهێنەرەی، کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەوە بێ گومان قەیران دروست دەبێت. بە بۆچوونی ئەو ئەکتەری باش هەیە، گرفتی ئێمە نەبوونی ئەکتەر نییە، بەڵکو نەبوونی هەڵبژاردنی سەرکەوتوانەی دەق و میکانیزمی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەرهێنەری سەرکەوتوو. زۆر جار دەرهێنەری سەرنەکەوتوو وزەی داهێنەرانەی ئەکتەر دەکوژێت. ئەکتەر وزەی هەیە، بەڵام ئەم وزەیە دەبێ بزانرێ لە کوێ و بۆچی سەرف دەکرێت. هاوکات نەبوونی عەشق بۆ کاری شانۆیی یەکێکە لە گرفتەکان، دەبێ بەعەشقەوە کاری نواندن و دەرهێنان بکەین. ئەگەر وەک کارێکی لاوەکی لێی بڕوانین، بێ گومان بەرهەمەکەش لاوەکی و جێی سەرنج نابێ، دەمەوێ بڵێم کارەکە ڕەنگدانەوی ستافی کارەکە دەبێت، کاتی وا هەیە شانۆییەک دەبینی بەگشتی باش نییە، بەڵام ئەکتەرێکی تێدایە زۆر جوان خۆی ناسیوە، جەستە و دەنگ، ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەکتەر و خۆماندووکردنیەتی".

هونەرمەند فازڵ قەساب نزیک لە بۆچوونی هۆرێن غەریب گومان لە خودی شانۆ دەکات و دەڵێت "لە ڕاستیدا قەیرانەکە لە خودی شانۆدایە، شانۆ بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە لە حاڵێکی ناخۆشدایە، گرفتەکە تەنیا ئەکتەر نییە، ماوەیەکی زۆرە هیچ نەبێ لەو نمایشانەدا کە من بینیومن، دیزانێکی باشی دیکۆری شانۆییم نەبینیوە، مەگەر ئەو کارانەی کە ئەسڵەن بێ دیکۆر ئەنجامدراون، یان لە خانەی شانۆی ئەزموونگەری و شەپۆلە نوێیەکاندا بووبن، تەنانەت ئەوانیش بێ نەخشەی دیکۆر بەڕێوە ناچن، بەڵام لە فۆرم و بەکارهێنانێکی جودادا؟ مەبەستم لە دیکۆر ئەو پارتیشن و دەرگا و پەنجەرە و دیوارانە نییە، کە لە نمایشێکدا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو مەبەستم لە جوگرافیای شانۆ و ئەو پانتاییە بەکارهێنراوەیە، کە ڕەنگە ببێتە بەشێک لە وێناو بەرجەستە بوونی کارەکتەرێک، کەواتە بەڵێ قەیران هەیە و قەیرانەکەش هەمە لایەنەیە، لەبەرئەوەش ئەکتەر بەشێکی گرنگی جەستەی شانۆ و نمایش پێک دەهێنێت، ئەو قیرانە گەورەتر دەبینرێت و نەوەکانی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی کە سالانێک دەدرەوشانەوە، ئەوانەش کە سالانێکی کەمە لەو مەیدانەدا کاردەکەن".

سەبارەت بەو پرسیارەش کە ئایا کەمتەرخەمی دەرهێنەری شانۆ نییە، کە نەیتوانیوە سەلیقە و توانایی ئەکتەر بدۆزێتەوە و بناسێنێ؟

عەبدولی حەمە جوان پێیوایە "دەرهێنەر بەرپرسی یەکەمە لەدەستنیشان کردنی ئەکتەر بۆ هەر نمایشێک، کەواتە دەرهێنەر دەبێت ڕەچاوی توانایی و لێهاتوویی ئەو ئەکتەرانە بکات، کە لە نمایشەکەیدا سوود لە تواناییەکانیان وەربگرێت، بەدەر لە هەموو بۆچوونێکی دیکە، بێجگە لەوەی ئەرکی دەرهێنەرە هەوڵ بدات کەشفی هەموو تواناییەکانی ئەکتەر بکات، ئەوەی ئەو دەیەوێت بۆ کەسایەتییەکەی، ئەو ئەکتەرە بەرجەستەی دەکات و لە نمایشەکەدا دەری دەخات و پیشانی بینەری دەدات".

هاوکات عەلی کەریم دەڵێت: "دەبێ ئەکتەر ئامادەیی هەبێت بۆ ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت، ڕاستە لە کاری شانۆییدا بۆچوونەکانی دەرهێنەر سەنگی مەحەکن لە بنیادی گشتیی نمایشەکەدا، بەڵام خۆ دەبێ ئەکتەریش

سیروان جەمال

لەئاستی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەدا بێت، ئەگەر ئەکتەر ئامادەبوونی تێدا نەبوو، دەرهێنەر ناتوانێت بیکات بەئەکتەرێکی لێهاتوو".

لەلایەکی دیکەوە سیروان جەمال ئەم پرسیارە بەگرنگ دەزانێت و دەڵێت "ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، بەڵکو زۆرجار نەبوونی دنیابینیی و نەبوونی خەون و پرۆژەی جیددی لای دەرهێنەر کارێکی وا دەکەن، کە بەرهەمی سەقەت و ناجۆر لە بوارەکەدا نمایش بکرێن و دواجار ئەکتەر و بینەر و بزاوتی هونەرییش زەرەرمەند دەبن، واتە بەدەر لە تواناییە مرۆییەکە پارەیەکی زۆریش بەهەدەر دەچێت، بینەر پەشیمان دەبێتەوە کە کاتی داوە بە سەیرکردنی کارێکی ناجۆر، لەبەرئەوە دەرهێنەر ڕۆڵێکی گرنگ لە ناسین و دەستنیشان کردنی ئەکتەردا دەگێڕێت، چونکە دەرهێنەر دەزانێ کامە ئەکتەر دەتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، ئەمەش لە وردی و سەلیقەی دەرهێنەر و بە دواداچوونی بەردەوامەوە دەبێت"

یەکێکی دیکە لەهونەرمەندەکان جەبار مەعروف بۆچوونی تایبەتی هەیە و دەڵێ: "بەداخەوە من دەڵێم ئەمڕۆ دەرهێنەری شانۆییمان نییە، ئەوەی کە هەیشە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێ، زیرەکی دەرهێنەریش لەوەدایە، کە توانایی ئەکتەر کەشف بکات. من پێم وا نییە دەرهێنەرە شانۆییەکان کەمتەرخەم بن و نەیاتوانیبێت کەشفی توانایی ئەکتەرەکان بکەن، بەتایبەتی دەرهێنەرە لێهاتوو و بەئەزموونەکانمان".

خاتوو بەدیعە دارتاش بە قەهرەوە دەڵێ "زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم، کە ئاستی دەرهێنەری کورد هیچی زیاتر نییە لە ئاستی ئەکتەری کورد و هیچ بواریک بە ئەکتەر نادەن و ڕاوبۆچوونیان وەرناگیرێ و خۆیان چییان بوێت دەیکەن و هیچ کەشوهەوایەکی لەبار بۆ ئەکتەر نییە تا بتوانێت لە بارەی دەروونی و هونەرییەوە هەوڵێک بدات بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەی خۆی"

هونەرمەند "فازڵ قەساب" پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات و دەڵێ:

"دەرهێنەر دەتوانێ کەسانێک بۆ نواندن لە کارێکی شانۆییدا ئامادە بکات، کە تەنانەت لەوەوبەر نمایشێکیان نەدیبێ، هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا، کە کەسەکە ئامادەیی جەستەیی و تێگەیشتنی هەبێت، بەپێچەوانەشەوە، کەسانێک هەن دەرچووی پەیمانگا و ئەکادیمیاکانن، کەچی هێشتا دەرهێنەر زۆر بەدەستیانەوە ماندوو دەبێت".

هاوکات دەرهێنەر هۆرێن غەریب پێیوایە دەرهێنەری کورد خۆی ماندوو ناکات، تەنانەت هەندێ دەرهێنەر مشەخۆرن بەسەر شانۆوە و لەم بارەیەوە دەڵێت "دەرهێنەرە داهێنەرەکانمان کێن؟ زۆرن ئەوانەی بێ هیچ توانایی و بەهرەیەک بوونەتە مشەخۆر بەسەر ژیانی کولتووری و شانۆ کوردییەوە، ئەوانەش کە بە ڕاستی خەمی شانۆیانە و تواناییان بۆ کاری شانۆیی هەیە، بەڵام بەدوای ژیانەوەن تا بتوانن سێ سەعات بچن بۆ کاری شانۆیی. چۆن ئەکتەر بەدوای شتی ئاساندا دەگەڕێت، دەرهێنەرەکانیش بەهەمان شێوە. دەرهێنەر خۆی لەگەڵ ئەکتەرێکدا شەش مانگ هیلاک ناکات تا دروستی دەکات. ئەکتەر هەیە خۆی حازرە بەهەموو کلێشە و فێلەکانییەوە، دەرهێنەر دەچێت ئەوە دەهێنێ و بە مانگێک ئیشەکەی تەواو دەبێت. کەمترین دەرهێنەر هەیە بەدوای وزەی نوێدا بگەڕێ. یەکێک لە گرفتە گەورەکانی دیکە ئەوەیە، کە دەبینین ئەکتەرێک لە دۆخێکی دیاریکراودایە بیر لەوە دەکەینەوە بۆ خۆمانی بەرین، نەک ئەوەی کەسێکی دی پێبگەیەنین، کە بشێ بۆ ئەو حاڵەتە، واتە هەمیشە ڕێگە ئاسانەکە دەگرین، بەڵام ڕێگە ئاسانەکان دوژمنی هونەرن، ڕێگا ئاسانەکان

جەبار مەعرووف

کوشتنی هونەرمەندە. چ وەک دەرهێنەر چ وەک ئەکتەر".

ئەو دەرهێنەرە پێشی وایە کە "دەرهێنەر و ئەکتەری ئێمە بینینیان کەمە و نمایشەکان نابینن. من خۆم بە کەمتەرخەم دەزانم کە زۆرینەی کارنامەکانی ناو پەیمانگا نابینم. ئیدی ئەکتەر و وزەی نوێ لە کوێ بدۆزنەوە، ئەگەر لە نمایشەکاندا ئەکتەر نەدۆزینەوە، ئیدی چۆن لە دەرەوە ئەکتەری باش دەدۆزینەوە. لە دەرەوە ماوەی دەرگاکردنەوەیان هەیە، بۆیە هەموو کەسێک تاقی دەکەنەوە، ڕەنگە لە کۆتاییدا لە ٢٠٠ کەس ١٠ کەس بمێننەوە کە دەچنە سەر تەختەی شانۆ و وەک ئەکتەر کاردەکەن. لای ئێمە گەڕان نییە، کاستنیگ نییە، ڕەنگە سەدان کەس هەبن توانایی و حەزیان بۆ شانۆ هەبێت، بەڵام وەک سەدەی نۆزدە دەبێ لە ئاستی پێوەندی شەخسی کەس دەستنیشان بکرێت. ئێمە ئەو نەریتەمان نییە. من سەرەتا لە تەمەنی دوازدە بۆ سێزدە سالّیم، بیرم دێت بۆ خولێکی شانۆ وێرام بچمە ئەو خولەوە، بەڵام نەموێراوە بچم لە دەرگایەکی شانۆ، یان گرووپێک بدەم و بڵێم من دەمەوێ ببمە ئەکتەر. لەلایەکی دیکە دەشێ گرفت هەبێ لەوەی ئەمە نابێتە کولتوور. بۆ نموونە ئێمە شوێنمان نییە خەڵک چۆن بێت بۆ لای ئێمە. هاوکات تیپە شانۆییەکان سیستمێکی ئاشکرایان بۆ خەڵک نییە. هەموو گرووپەکان، ڕەنگە گرووپی ئێمە خراپترینیان بێت، میکانیزمێکی باشمان بۆ پێوەندی کردن بەخەڵکەوە نییە، ئەو گرووپانەش کە شوێنیان هەیە، کە دەچیتە ژوورەوە لە دەرگاکەوە ئەو ڕووە نابینیت پێشوازیت لێ بکات، خەریکی تاوڵە و دۆمینەن، یان هەستی نامۆیی داتدەگرێ، چونکە وەک کەسێکی نزم لێت دەڕوانن. بەکورتی هەست ناکەیت خۆت دەکەیت بەهۆڵێکی شانۆدا، بۆیە کەسەکە لەم دۆخە دەترسێ".

یەکێکی دی لەو پرسانە پەیوەستە بە بەردەوام نەبوونی نمایشی شانۆ، ئەمەش وای کردووە ئەکتەری باش دروست نەبێت؟

هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان سەبارەت بەو پرسە دەڵێ: "مەرج نییە نمایشی بەردەوام هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت و هیچ ڕۆڵێکی لە ئاست توانایی و بەهرەی ئەکتەر نییە. ئەکتەری خاوەن ئەزموون لەسالّێکدا لە یەک نمایشیش بەشداری بکات، توانایی خۆی دەسەلمێنێ".

هونەرمەند عەلی کریم جۆرێکی دی لەم پرسە دەڕوانێت و دەڵێت "بێ گومان کە شانۆ نەبوو، نمایشی شانۆییش بوونی نابێت، کە نمایشی شانۆییش نەبوو ئەکتەری باش دروست نابێت، ئەمە هاوکێشەیەکی فیزیکییە، وەک بنیادێکی نوێ لە پانتاییەکی فرەڕەهەندا پێوەندی بەزانستی شانۆوە هەیە، چونکە نمایشی شانۆیی ئاهەنگێکی هاوبەشی بەیەکداچوونی هەڵچوونەکانی ئەکتەر و بینەرن، لەوێوە هەستە بێگەردەکانی خود بەدەردەکەون و ئاماژەکان بەبەرهەم دێن و ماناکان ئاشکرا دەبن. ئەوسا ئەکتەر دەبێ بەسونبول و چێژ بەخش". هاوکات جەبار مەعرووف پێیوایە کە "لە دوای ڕاپەڕینەوە شانۆ ڕووی لە کزی کرد و شانۆکاران بڕوایان بەکاری شانۆیی نەدا، نمایشی شانۆیی کەم بووەوە، ئەمە وای کرد، ئەکتەری باش دروست نەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر کاری شانۆیی بەردەوام بوایە هەڵبەتە شانۆکاری باشیش دروست دەبوو".

هونەرمەند بەدیعە دارتاش بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو وتی: "بێ گومان نەبوونی نمایشی بەردەوام کاریگەری نەرێنی لە پێشخستنی هونەری شانۆدا هەیە و ئەگەر لە سالّێکدا، یان دوو سالّ جارێک فیستیڤالّێک ساز بکرێت، لە خزمەت کردن و بانگهێشت کردنی کۆمەڵێک بەرهەمی بیانیدا دەبێت، بە سەرف کردنی

فازڵ قەساب

پارەیەکی خـــەیاڵی بە بیـــانووی ناوبردنی بە (نێودەوڵەتی)، کە بە هیچ جۆرێک سوودی بۆ ئەکتەر و هونەری کـوردی نـیـیـە، تەنیـا ئەو دوو، یان سێ ڕۆژە گـردبوونەوەیەکی جەمـاوەری دەبێت و کە هاتنە دەرەوە، هیـچـیـان لەبیـر نامـێنێت، کـارەکـان هێندە لاوازن هیچ ئاسـەوارێک لە بیـرەوەری کـەسـدا جێ ناهێـڵـن، بەپێچەوانەی سالانی زوو چ کارێک بکرایە بەردەوام لە بیرەوەری خەڵکدا زیندوو دەمایەوە.

لە ئێستـادا ئەکـتەری باش نابینم بە خۆشـمـەوە، ئەو پاشاگـەردانییـەی ئێستـا لە هونەردا دەیبینم بە دڕێژایی هەموو تەمەنم نەمدیوە، چونکە لە ئێستادا ناهونەرمەند بۆتە هونەرمـەند و دەمـڕاسـتی هونەر و بالادەسـتـە، هونەرمەندی ڕاستەقینەش پەراوێز خراوە و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و بە دەیان کێشە و کۆسپی بۆ دروست دەکەن تا دوور کەوێتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان هەموو بوونەتە مـشـەخـۆر، وا دەزانن ئەگـەر یەکێک لەوانە لە هونەردا گەورەتر بێتە پێشـەوە، کە سەریان لە هونەرمەندی کوردی باوەڕپێکراو شێـواندووە، هەمـوو خـەمـێکی هونەرمـەند ئەمـڕۆ بۆتە هەوڵی پارە پەیداکـردن، دوور لە خـزمـەت و پێشخستنی هونەرە ڕەسەنەکەی میللەتەکەی".

هەر بۆ ئەم پرسـە سـیـروان جـەمـال دەڵێ: "ئەکـتـەر بەردەوام نابێت لەسـەر مـومـارەسـەکـردنی تواناییـە هونەرییەکەی، بەڵام هۆکاری دیکەش هەن، لەوانە ئەکتەر بۆ خـۆشی هەوڵی خـۆپەروەردەکـردن و خـۆپێگەیاندن نادات. ئێمە ئەکتەرمان هەیە بە تەنیا پشت بە سەلیقە و بەهرەی خـۆڕسکی خـۆی دەبەسـتێت، بەبێ ئەوەی سـاڵی دوو کـتـێب بخـوێنێتـەوە، یان مـوتابەعـەی ئەزمـوونە شـانۆییـەکـانی دنیـا بکات. ڕۆشنبـیـریی شـانۆیی لەناو ئێمەدا زۆر کەمە، سەرەڕای نەبوونی ڕەخنەی جیددی لە بارەی شانۆ، تا قسـەی خـۆی هەبێت، کە ئەمەش بۆ خـۆی هۆکارێکی دیکەیە بۆ دروست نەبوونی ئەکتەری باش"

هونەرمەند فازڵ قەساب نموونەی بەرجەستە سەبارەت بەم پرسە دەهێنێتـەوە و دەڵێ "بەردەوامی و ئەزمـوون بۆ هەر کـارێک گـرنگیی خـۆی هەیە، ئەزمـوون قـاڵبـوون و قـوواڵبـوونەوەیە، ڕێژەیەکی زۆری ئەکتەری کورد لە دراما تەلەڤزیۆنییـەکاندا دەردەکەون، ئەوەش کاری نواندنە بەو جیاوازیانەشەوە، کە لە شانۆ و درامـایەکی تەلەڤزیۆنیدا، یان کارێکی سینەماییدا هەن.

هەر ئەم ڕۆژانە کـە ئێـوە ئەم باسـەتان وروژاندووە، دراماى (ڕۆژژمێـری شـارێک) لە کـەناڵی کـوردسـاتەوە پەخش دەکـرێت، زۆربەی ئەکـتـەرەکـانی ئەو درامـایە پێـشـینەیەکی باشی ئەزمـوونی شـانۆییـان هەیە چ وەک دەرهێنان چ وەک نواندن، هەندێکیشـیـان خـاوەنی ڕۆڵی گـەورەن و جێ پەنجـەیان لە شـانۆی کـوردیدا دیـارە، ئەو هونەرمـەندانە بەردەوام بەرهەمـیـان هەیە، هەندێکیـان لە شانۆدا و هەندێکیان لە دراما تەلەڤزیۆنیەکاندا، کەواتە کـەمیی نمایشـە شـانۆییـەکان تەنیـا هۆکـاری ئەو قـەیرانە نییە کە ئێوە باسی دەکەن".

شانۆی کوردی لە ئێستادا پێویستی بە ئەکتەری باش هەیە، بەڵام ئەکـتـەری باش بە بەراورد لەگـەڵ سـاڵانی ڕابردوو ژمارەیان کەمترە، ئەمەش پرسیارێکی دیکە بوو، کـە هونەرمـەند عـەبدولی حـەمـە جـوان لە بارەیەوە وتی: "ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام جێی داخە نمایشی شانۆیی باشمـان کەمە و لە ئاست بۆچوون و خەونەکانماندا نییـە، هەروەها دروست بوونی ئەکتەری باش پەیوەستە بە بەهرە و لێـهـاتوویی ئەکـتـەرەوە، نەک زەمـەن و سـەردەم و بڕوانامە".

هونەرمەند عـەلی کەریم لە بارەی هەمان پرسیار دەڵێت ئەکتەری باشمـان هەیە، بەڵام ئەو بەهۆی لاوازی شانۆوە ڕەنج بەخـەسـار بوون "ناتوانم بڵـێم لەئێـسـتـادا شـانۆی کـوردی ئەکـتـەری باشی نیـیـە، ئەو بەرهەمـانەی کـە لەم

سالانەی دواییدا بینومن چەندین ئەکتەری موژدەبەخشم بینیوە، ئومێدیان لێدەکرێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە شانۆی کوردی وەک پرۆسەیەکی بەردەوام بوونی نییە، هەشبێت ئیفلیجە و نەیتوانیوە لە بنەماکانی دامەزراندنی نزیک بێتەوە، سەدای خەونەکان نییە، ئێستای تێنەپەڕاندووە و کاریگەری بەسەر ئێستامانەوە نییە، لە حاڵەتی وادا موژدەبەخشەکانیش ڕەنج بەخەسار دەبن، ئیتر چۆن ئەکتەری لێهاتوو دروست دەبێت"، هەروەها پێیوایە: "ڕابردوو و ئێستا دوو زەمەنی جودان، هەر زەمەنە و خەسڵەتەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدایە، دوو قۆناغی لەیەک نەچوو، دوو مێژووی جیاواز، ڕاستە دەڵێن دوێنێ ئەمڕۆی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام مەرج نییە لە هەندێ وەرچەرخانی مێژوویی ئەمڕۆ درێژەپێدەری دوێنێ بێت، مەسەلەکە پێوەندی بەکەم ئەزموونی و بەدحاڵی بوونەوە هەیە، بەدحاڵی بوون لە تێگەیشتنی پەنسیپەکانی هونەری شانۆ".

ئەکتەر و دەرهێنەر ئازاد حەمە بچکۆلیش پێیوابوو "کە گرفت لەبەردەم ئەکتەردا هەیە، دەنا ئەکتەری باشمان هەیە، بەڵام لەمپەرەکان هێند زۆرن کە وزە و خەون و ئومێدی ئەکتەری کوردی لاواز کردووە، دەبێ هەنگاوێکی جیددی بنێین بۆ گۆڕانکاری لەم دۆخەی ئێستا"

هاوکات جەبار مەعرووف دەڵێت بەپێی ئەو ئەزموونەی لەگەڵ هونەرمەندانی غەیرە کورد هەمە، ئەوان بە ئەکتەری کورد سەرسامن "کاری شانۆیی کارێکی هەرەوەزییە و چەند بنەمایەکی بنچینەیی هەیە، گرنگترینیان دەقی باش و دەرهێنەری باشە خۆ ئەگەر ئەم دوو بنەما گرنگە هەبن، من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەکتەری باشیش دروست دەبێ، پێم وا نییە لە ئێستادا ئەکتەری باشمان نەبێت، بەپێچەوانەوە بەپێی ئەو ئەزموونەی لە بواری شانۆ و سینەما و درامادا هەمە، زۆر کاریشم لەگەڵ هونەرمەندانی عیراقی و سووری و ئێرانی و بەریتانی کردووە، ئەمانە بەرانبەر ئەکتەرەکانی ئێمە زۆر سەرسام دەبوون، لەبەرئەوە ئێمە ئەکتەری زۆر باشمان هەیە، ئەو هونەرمەندە بیانیانە شایەتحاڵی ڕاستیی وتەکانی منن، کە لە زمانی خۆیانەوە گوێبیستیان دەبووم". هەر ئەو هونەرمەندە سەبارەت بەئاستی ئەکتەر لە ڕابردوو بە بەراورد بە ئێستا دەڵێت "لە ڕابردوودا ئەو کەسەی دەچووە بوارەکەوە، یەکەم شت خودی کەسەکە خۆی پەیامێکی هەبوو، یان بەرچاو ڕوونییەکی هەبوو، کە بۆچی ئەم کارە هەڵدەبژێرێ، هەروەها باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی باشی هەبوو، گرنگترین شت کەسێکی بە هەڵوێست و نیشتمانپەروەر بوو، بەتایبەتی ئەگەر ئەم دوو سیفەتەی تێدا نەبووایە لەو بوارەدا جێی نەدەبووەوە، چونکە هونەری شانۆ بۆ خۆی مەسەلەیەکی گەورە بوو، هەروەها لە ڕابردوودا مامۆستای زۆر باش هەبوون، کە ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی ئەکتەری باش پێبگات. بەڵام بەداخەوە ئێستا بەو جۆرە نییە، ئەمەش دەگێڕمەوە بۆ تەمبەڵی کەسەکە و خۆماندوو نەکردن و نەدۆزینەوەی خودی خۆی".

خانمە هونەرمەند بەدیعە دارتاش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت: "دەبێت تەماشای هەموو شانۆی کوردی وەک نووسەر، دەق، دەرهێنەر، ئەکتەر بکەین. من پێم وایە شانۆی کوردی لە وێنە گشتییەکەیدا لە قەیراندایە، ئەگەر بەراوردی شانۆی کوردی ئێستا و سالانی هەشتایەکان بکەین، تێدەگەین کە شانۆ لە قەیراندایە، بەڵام قورسایی ئەم قەیرانە هەمووی ناکەوێتە سەر ئەکتەر، بەڵکو ئەکتەری باش پێویستی بە دەقی باش هەیە، دواجار پێویستی بە دەرهێنەری سەرکەوتوو هەیە، کە تواناییەکانی کەشف بکات. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئێمە لە شانۆدا زۆر جار ڕووبەڕووی گرفتی دیکە دەبینەوە وەک دیکۆر و دیزاین و ڕووناکیی و تەنانەت میوزیکیش"

جیاواز لەو بۆچوونانە هۆرێن غەریب دەڵێ: ئێمە شانۆ و ئەکتەری ڕابردومان پیرۆزکردووە، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا وا نییە "من لەو کەسانە نیم، کە بەهیچ جۆرێ ڕابردوو بسرمەوە، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەبێ ڕەچاوی بکەین. لە حەفتاکاندا ئاستی ڕازیبوونی ئێمە بەبەراورد بە ئێستاکە زۆر ئاسانتر بووە، واتە بەسادەترین شت سەرسامبووین، چونکە بینینمان کەمبووە. خەڵکی ئێمە لەو دەمەدا بەیەک، یان دوو کەنالی تەلەڤزیۆنی ڕازیبوون، بە شاشەیەکی چواردەی ڕەش و سپی و بەکوالێتییەکی نزم ڕازیبوون. جوانترین شاکارمان بەڤیدیۆیەکی VHS دەبینی، بەڵام ئێستا بە سادەیی لەناو مالەکەتدا داوای ئەوە دەکەیت گەورەترین و باشترین شاشەت هەبێ، سیستمی دەنگی باشت هەبێ. فیلم کە بەکوالێتییەکی باش نەبوو ئامادە نیت سەیری بکەیت. لە دەشتێکی چۆڵدا یەک دەوەنی بچووک، وەک درەخت دەردەکەوێت، بەڵام لەناو دارستانێکدا درەختەکان بەیەکەوە دەتوانن دەرکەون. من نالێم ئێمە

دارستانەکەمان هەیە، بەڵام ئێستا ئەکتەر و شانۆی جیهانی دەبینین، چوونە دەرەوە و تێکەڵبوون هەیە. ئەو خەڵکانەی کە جاران بە وەهمێک شکۆمەندییەکیان دروست کردبوو، ئێستا هەست دەکەیت زۆر ئاسایین، بەڵکو لەئاستی پێویستیشدا نین، ئەمە بۆچوونی منە. لەو چۆڵەوانییەدا زۆر بەئاسانی دەبوویت بە ئەکتەر و دەرهێنەری دیار. لە گوندێکدا کابرایەک شمشاڵ دەژەنێت، بێ گومان هەموو گوندەکە دەیناسێت، بەڵام لە شارێکی وەک سلێمانی، کە ئێستا دەیان موسیزیانی باش هەن، کەسیش نایانناسێت". پرسیمان هەست ناکەیت تواناییەکان لەودەمەدا لە ڕووی کەرەستەوە هەر هێندە بووە، بەڵام دڵسۆزی هەبووە، هەنووکە کەرەستەکە هەیە، بەڵام دڵسۆزی، یان ڕوحییەتەکە بۆ کاری جیددی لاوازە؟

ئەو دەرهێنەرە دەڵێ "لە هەشتاکاندا من کە بینەری شانۆ بووم، نەک شانۆکار، سێ بۆ چوار گرووپی ئەکتیف لە سلێمانیدا هەبوون، هەموو نمایشێکی ئەوان لەو بڵاوکراوانەی ئەودەمە، کە سێ بۆ چوار ڕۆژنامەو یەک دوو گۆڤار بوون، لەسەری دەنووسرا، واتە جۆرە گەرمو گوڕییەک هەبوو، بەڵام ئێستا ئەگەر دە وتاریش لەسەر نمایشێک بنوسرێ هێندەی ئەودەمە کاریگەریی نییە. ئێستا بەهۆی لێشاوی میدیاکان تێکەڵبوونێک هەیە، کە هیچ شتێ بە سەلامەتی دەرناچێ. نامەوێ ناوی هیچ ئەکتەرێ بێنم، بەڵام لە هەشتاکاندا ئەکتەر هەبووە پاش نمایشەکە بەسەعات چاوەڕێم کردووە، تا کە هاتە دەرەوە دەستخۆشی لێبکەم، بەڵام ئێستا ئەو تواناییە نەماوە و سەرسامی بینەریش کەمبۆتەوە. من ئێستا بەخۆمدا دەچمەوە کە ئەودەم چەند لەشانۆدا هەژار بووین، کە بەو ڕۆڵ و کارە هەژارانە سەرسامبووین، بەگشتی ئەمە وابووە. من ئێستا بۆم دەردەکەوێت ئەوەی ئەودەم بە ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەری زێڕین لێمان دەڕوانی، دەرکەوت ئەوە ئێمە بووین نەمانزانیوە زێڕ چییە!"

لەلایەکی دیکەوە فازڵ قەساب بیروڕای خۆی هەیە و دەڵێ: "من ئەو قسەیە ناسەلێنم، ئەکتەری زۆر باشمان هەیە، تەنانەت هەندێک لەوانە سەردەمانێکی پڕ لە سەروەرییان لە مێژووی نوێی شانۆی کوردیدا هەیە، گرفتەکە ئەوەیە بواری لەبار بۆ دروشانەوەی ئەو بەهرە جوانانە نەڕەخساوە، ئەوەی بەلای منەوە سەیرەو جێی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە ڕازی بوون و بێدەنگیی ئەو هونەرمەندە بەتواناییانەیە لەبەردەم کارە لاوازەکاندا. بە مانایەکی دیکە بەهرەو داهێنانی خۆیان لەگەڵ کاری لاوازدا بەهەدەر دەدەن، بۆیە دەڵێم شانۆ و دراماى کوردی بەر لە ئەکتەری باش، پێویستیان بە دەرهێنەری باش هەیە".

سەبارەت بەوەی بۆچی لە ڕابردوودا ئەکتەری باش پێدەگەیشت، بەڵام هەنووکە بەو جۆرە نییە؟ وتی: "ئەگەر زۆڵم لە کەس نەکەم دەڵێم ئەوسا شانۆ و دراما بەگشتی پەیامێکی دیکەیان هەبوو، ئەگەر لەکاتی ئێستادا ئەو ڕوحە نەچێتەوە بەری پەیامی دراماى کوردی، نەک هەر ئەکتەر، بەڵکو بەگشتی ئەو کارانە لە تێزێکی ئارەزوومەندانە بەولاوە شتێکی دیکە نابەخشن".

پرسیارێکی دیکەمان سەبارەت بە ڕۆڵی ستۆدیۆی ئەکتەرە، کە بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە هەیە. عەبدولی حەمە جوان پێیوایە "ستودیۆی ئەکتەر کۆمەڵێک گەنجی بەسەلیقە و بەهرەداری تێدا کۆبووەتەوە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، ئەوانیش شانبەشانی بواری کۆمەڵایەتی و گرووپەکانی دیکە لەخەمی ئەمڕۆی شانۆی کورددان".

هاوکات جەبار مەعروف پێیوایە "گرنگترین ڕۆڵ بۆ ئەکتەر ستۆدیۆیە، بەش بەحاڵی خۆم ڕۆڵی ستۆدیۆی ئەکتەر بەرز دەنرخێنم و پێویستە بایەخی پێ بدرێ، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەکتەری دروست، ئەگەر مامۆستای باش وانەی تیوری و پراکتیکی تێدا بڵێتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ پێویستە خودی کەسەکانیش گوێگرێکی باش و چالاک بن".

خانمە هونەرمەند بەدیعە دارتاش لەم بارەیەوە دەڵێ: من دەڵێم ئەکتەری باش لەخوێندنگە، یان پەیمانگا و کۆلێژی باش دروست دەبێت، بە هۆی مامۆستای جیددی و دڵسۆز و لە خۆبردوو و خۆنەویست کە مەبەستی سەرەکی ئەوە بێ خزمەتی خوێندنگا بکات و هەوڵی زۆری لەگەڵ بدات تا دەیخاتە سەر ڕێگە ڕاستەکەی، کە دەبێت بە کردار هونەر فێر بێت و تێبگات کە نواندن چییە؟ چۆن لە بواره جیاجیاکانی ژیانی هونەریدا دەبێت بەئەکتەرێکی سەرکەوتوو؟ بە ڕێگەی تیوری و پراکتیکی بە شێوەیەکی زانستیانە، هەر مرۆڤێک لە ژیانیدا پسپۆڕی لە چ بواریکدا هەبێت بە پێی پێشکەوتنەکانی سەردەم بەردەوام پێویستی بە خۆ نوێ کردنەوە و بەهێزکردنی هەست و هۆش و بیری هەیە، بۆیە ئەکتەر لە هەموو کەس زیاتر دەبێت هۆشمەند و هۆشیارتر بێت، بەو دوو ئامێرە سەرەکییە جەستە و دەنگی لە نۆژەن

کردنەوەیاندا بە ئاگا بێت، هەمیشە پەراوەکردن بە شێوەی زانستیانە بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ هەر کەسێتییەک کە بیەوێ ڕۆڵی ببینێ، بەڵام ئەکتەری کورد ئەو دوو ئامێرەی ژەنگی هێناوە و پەکی کەوتووە".

هونەرمەندی بەئەزموون سیروان جەمال سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: ئەگەر ستۆدیۆی ئەکتەر بتوانێت ئەکتەری باش و خاوەن توانایی پێبگەیەنێت، ئەوە ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێشخستنی شانۆدا هەیە، بەڵام دواجار دەبێت کەسی بەشدار لە ستۆدیۆی ئەکتەر خەونی هەبێت، بخوێنێتەوە، خۆی پەروەردە بکات، چونکە ستۆدیۆی ئەکتەر کارگە نییە بۆ بەرهەمهێنانی خێرای ئەکتەر".

لەلایەکی دییەوە فازڵ قەساب ڕای وایە: ستودیۆ کەرەستەکانی ئەکتەر دەوڵەمەند دەکات، ئەزموونی پێ دەبەخشێ و ئامادەی دەکات بەو جۆرەی بەبێ ماندووبوونی دەرهێنەر ئەرکەکەی ئەنجام بدات".

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئێمە گرفتمان لە دەق و دەرهێنەر و شانۆ هەیە، یان تەنیا لە ئەکتەری باش؟

هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان دەڵێت "گرفتی ئێمە تەنیا دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر نییە، گرفتی ئێمە نەبوونی بینەری شانۆیە، لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، دەبێت بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین، هەرچەندە وەڵامەکەی هەروا ئاسان نییە. ئایا نەبوونی بینەری باش شانۆی باش پەک ناخات؟ واتە بینەری شانۆ ڕەنگدانەوەی شانۆیەکە خۆی نییە و بە پێچەوانەشەوە؟

هاوکات عەلی کەریم دەڵێ "ڕێبەری شانۆی هەژار (جێرسی گرۆتۆڤسکی) لە پێناسەکردنی شانۆدا دەڵێ: (ئەوەی لەنێوان ئەکتەر و بینەردا ڕووەدات) پێی دەڵێین شانۆی هەژار. دریژە بەپێناسەکردنی کاری شانۆیی دەدا و دەڵێت: (بەبێ دیکۆر و جلوبەرگ و مۆزیک و دەق) دەتوانین نمایشی شانۆیی بەرهەم بهێنین، بەڵام هەرگیز بەبێ ئەکتەر ئەم کردەیە نایەتە دی، چونکە ئەکتەر ڕەگەزی سەرەکی نمایشە، بۆیە گرفتەکە بەتەواوی لە دەقدا نییە، بەڵکو لە دەرهێنانێکی پشت ئەستوور بەجیهانبینییەکی سەردەمانە و ئەکتەرێکی بەئاگا و ڕووناکبیر و لێهاتووە لە ڕووی دەنگ و جەستەوە، چونکە زۆربەی ڕەوتە شانۆییەکانی ئەمڕۆی جیهان کردەی دەرەکی، واتە جەستەیان بە ڕەگەزێکی گرنگی نمایشی شانۆیی داوەتە قەڵەم. تێزە شانۆییەکانی (مایەرهولد) و (پیتەر بروک) و (گرۆتۆڤسکی) و (باربا) ڕاستی ئەم قسانە دەسەلمێنن، کەواتە گرفت لە (دەق)دا نییە، گرفتەکە لە جیهانبینی و تێگەیشتنی بنەماکانی شانۆ و تەکنیکدایە، گرفتەکە لە ئەکتەردایە کە جەستە و تواناییەکانی خۆی ناناسێت".

جەبار مەعروف پێیوایە "هەموو ئەم بنەمایانە تەواوکەری یەکن، هەر گرفتێک هەبێ لەلایەن دەقەکەوە، یان دەرهێنانەوە، یان ئەکتەرەوە، بێ گومان شانۆیەکی نادروستمان دەداتێ".

خانمە هونەرمەند بەدیعە دارتاش-یش دەڵێت "تەنیا بە ئەکتەری باش شانۆ پێش ناکەوێ، بەڵکو ئەو سێ کوچکەیە قەڵایەکی گەورەیە لەسەرخستنی کاری هونەریدا، ئەکتەر، دەرهێنەر، دەقی باش کە لە خزمەتی خواستی جەماوەردا بێت تا ڕەوتی شانۆی کوردی بەرەو پێش بڕوات"

سەبارەت بەڕۆڵی ڕەگەزی ئافرەت لە شانۆی کوردیدا لە خانمە هونەرمەند بەدیعە دارتاش-مان پرسی، ئەویش وتی" ئەوەی جێی داخە ئافرەتی کورد تا ئێستا دوورەپەرێزە لە خزمەتی هونەری شانۆی کوردی و لە هەر بەرهەمێکی شانۆیی، یان درامی ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن بۆ ئافرەتێک کە ئەلف و بێ لە هونەر نازانێت و بە پارەی زۆر هانی دەدەن و دەیهێننە بوارەکەوە و زۆر فاشیلانە کارەکە ئەنجام دەدرێت، لە کاتێکدا تا ئێستا زیاد لە هەزار کچ لە بەشی شانۆیی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەرچووە، کە لە ١٠-٢٠ کەس زیاتر لە گۆڕەپانی هونەردا نابینرێن، ئینجا ئەو کچانەی بەناوی ئەکتەر دێنە بوارەکەوە دواجار بە ئاسانی پاشەکشە دەکەن و دوورپەرێز دەوەستن و دەبنە تەماشاکارێک، چونکە هەرگیز خزمەتی هونەری شانۆ لەلای ئەوان نەبۆتە خەون و خەمێک، بەڵکو ئەو هاتنە کاتییەی تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی کاتی خۆی بووە و هیچی دیکە. لەلایەکی دیکەیشەوە ڕادەی ڕۆشنبیری هونەریی لای ئەو هێندە لاوازە، کە بچووکترین هەڵوێست کاری تێدەکات، توانایی ڕووبەڕووبونەوەی نییە تا بەرگری لە خۆی و پیشەکەی بکات".

دوا پرسیار کە گرنگی خۆی هەیە، سەبارەت بەهاتنی درامە و کاریگەری لەسەر شانۆ بوو. ئەم پرسیارە بۆچوونی جیاوازی لێکەوتەوە، هۆرێن غەریب وەک دەرهێنەر دەڵێ: ئەگەر دراماچییەکان لێم زویر نەبن درامە بەقەسابخانەی ئەکتەری کورد ناودەنێت و دەڵێ" بەداخەوە ئەو کەسانەی هیوایەکمان لەسەر تەختەی شانۆ

پێیان هەبوو، تەنانەت لەسەر ئاستی شانۆی کوردیشدا بێ، ئەو توانایيە باشانە کە لەبەردەم کامێرادا دەیانبینین، تووشی شەرمەزاری دێین و دەڵێم بریا نەمدیبا. بێ زیادەڕۆیی دەڵێم دڵم پڕ بوو، کە هەندێ ئەکتەرم لەبەردەم کامێرادا بینی، دراما باشترین ڕێگەیە بۆ لەناوبردنی ئەکتەری شانۆ، خراپییەکەشی لەوەدایە، کە پارەیەکی زۆر و ماندبوونیشی کەمترە، لەکۆتاییشدا بینەرێکی زۆریشی هەیە، چونکە کێشەکە لێرەدایە، بەرهەمەکە باش بێ، یان خراپ بینەر هەر سەیری دەکات. کاتێ ئەکتەرە باشەکان لەدرامادا دەبینێ، تەمەنا دەکەیت نەیبینی، چونکە وادەزانی بۆ ڕۆژێ ئەکتەر نەبووە، وشەیەکی لەبارەی شانۆوە نەخوێندووەتەوە، وادەزانی لەتەمەنیدا پێنج دەقە پەروەردەی دەنگ و جەستەی خۆی نەکردووە. بۆ چەند ساتێ وەک ئەکتەر لەگەڵ ناخی خۆیدا نەژیاوە و من هیچ کات تەمەنا ناکەم هیچ ئەکتەرێکی شانۆ بچێتە بەردەم کامێرا، چونکە دراما زۆر کاریگەریی خراپی لەسەر شانۆ و ئەکتەری کورد هەبووە، دراما کوشتنی توانایی و وزەی ئەکتەرە. من تێناگەم ئەکتەرەکان بۆ ئەمە قبوڵ دەکەن؟

هاوکات عەبدولی حەمە جوان دەڵێت "کاتێ شانۆ بینەرمان ناچار نەکات بۆ بینین، ئیدی ئەکتەر ڕووەکاتە دراما تا توانایی و بەهرەکەی لەناو ماڵەکەیدا بگەیەنێتە بینەر، بەڵام کەمیی درامای کوردی و ئاستی هەندێ لەدراماکان بینەر بەرەو درامای تورکی و عەرەبی و فارسی دەبەن، لێرەدا هەموومان لەئاست کارەکانمان بەرپرسارین. بێ گومان کەناڵەکان و حکوومەت و کۆمپانیاکانیش بەرپرسن، کە دەبێت ئاورێکی جیددی لە هونەرمەندەکان بدرێتەوە، لەبەرئەوەی لەپەنجەرەی هونەرەوە دەتوانین خۆمان و کولتوور و گەورەیی میللەتەکەمان بناسێنین، لە ڕێگەی ئەو هەموو بەسەرهات و لێقەومان و کارەساتانە کە پیشانی دنیای بدەین، واتە دەبێ ڕابردوومان بکەینە وێنە و نیشانی دنیای بدەین، کە ئێمە پاش ئەو هەموو کارەساتانە هێشتا دەژین و لە گەشەداین".

هەر سەبارەت بە هەمان پرس عەلی کەریم دەڵێ: "کێشەکە لەبەرهەمی زۆری درامادا نییە، ئەوەندەی لە ئەکتەری شانۆیی خۆیەتی"

جەبار مەعرووف بۆچوونی وایە کە "لەدوای ڕاپەڕینەوە وەک نەتەوەی کورد خۆشبەختانە پاش ئەم ئازادییە بەرفراوانە بووینە خاوەنی چەندین کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی، کە ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دروست بوونی ئەکتەری دراما هەیە، چونکە هەر زنجیرە درامایە، کە خزمەتێکی گەورە بەئەکتەر دەکا، خۆ ئەگەر ئەو ئەکتەرە بتوانێ خزمەتی کارەکتەرەکەی خۆی بکا و ڕۆڵەکەی جوان بەرجەستە بکات و تێیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوە بینەرێکی زۆر بۆ خۆی دروست دەکات و دەبێتە خاوەن ناو و ناوبانگ.

پێشتر باسی قەیرانی ئەکتەری شانۆییمان کرد، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانەش بوونی درامایە، کە وای کردووە شانۆیی کەم ببێتەوە و زۆربەی شانۆکاران ڕوویان کردە دراما و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و بینەری شانۆیی کەم بووەتەوە".

خاتوو بەدیعە دارتاش دەڵێ: "کاری دراما ئەزموونێکی نوێیە و هێشتا لەسەرەتادایە و لە هەموو بوارەکانی درامادا هیچ ئاسۆیەکی دڵخۆشکەرەی لێ بەدی ناکرێت. هونەرمەندی کورد هیچ شارەزاییەک و زانیارییەکی ئەوتۆی لەو بوارەدا نییە، زۆر شانۆییانە کار دەکەن و مرۆڤ شەرمەزار دەکەن، بەدەیان هەڵەی زەقی تێدا بەدی دەکرێت، پارەیەکی خەیاڵیشی بۆ سەرف دەکرێت"

نزیک لە بۆچوونی ئەم خانمە هونەرمەندە سیروان جەمال دەڵێت "گرفتی ئێمە ئەوەیە زۆرجار ئەکتەر لە درامادا بە هەمان شێوازی شانۆ نواندن دەکات. شەپۆلی خێرای درامـا و زۆربوونی دراماکان کاری کردە سەر ئەوەی ئەکتەر کەمتر مەیلی بەلای شانۆدا بچێت. دواتر ئەمە بە شێوەیەکی نێگەتیڤیش کاری کردە سەر کزبوونی چالاکیی شانۆیی"

بەڵام هونەرمەند فازڵ قەساب بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێت" ئەگەر بەخێرایی سەیری ڕەوتی شانۆی هەندێ وڵات بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی لە خۆمانەوە نزیکن، تێبینی دەکەیت کەسانێکی زۆر هەن لە درامـا شانۆییەکان و تەلەڤزیۆنیەکانیشدا ڕۆڵ دەبینن. ئەکتەری لێوەشاوە و سەرکەوتوو دەتوانێ خۆی لەسەر شانۆ و لەسەر شاشەش بسازێنێ. پێموا نییە چ شانۆ چ تەلەڤزیۆن و سینەما نێگەتیڤانە کار لەیەک بکەن".

ئەگەر شانۆی کوردی لە قەیراندایە کێ لەو قەیرانە بەرپرسیارە؟

کامەران حاجی ئەلیاس

شانۆ پێناسەیەکی ئاسایی خۆی هەیە کە دەڵێت: شانۆ، کارێکی هونەرییە، کاتێ ئەکتەرەکان بە هاوکاری دەرهێنەر دەقێکی نووسراو لەسەر تەختەی شانۆ بۆ نمایشێکی نواندن دەگۆڕن، کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە، کە نووسەر نووسیویەتی، بەرجەستە دەکەن و پێشکەش بەبینەران دەکرێت.

شانۆ ئەو هونەرەیە کە بەباوکی هونەر ناوزەد کراوە، چونکە کاری شانۆیی چەندین هونەری دیکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، یان بەواتایەکی دیکە تەواوکەری پرۆسەی شانۆیین وەک موزیک، شێوەکار...تاد ئەگەر موزیسیان لە ڕێگەی ئامێری موزیکەوە هونەرەکەی پێشکەش بکات و شێوەکار لە ڕێگەی فڵچەکەیەوە تابلۆیەکەی پێشکەش بەبینەر بکات، ئەوە شانۆکار بەشێوەیەکی زیندوو لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە هونەرەکەی پێشکەش دەکات، هەر بۆیە کاریگەری لەسەر وەرگر زیاتر دەبێت.

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانەوە شانۆی کوردی تووشی قەیران بوو، لەو کاتەی ئازادییەکی ڕەها بۆ هونەرمەندان فەراهەم بوو، هیچ سانسۆرێک لەسەر کارەکانیان نەبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کێ لەم قەیرانە بەرپرسیارە؟

بەمەبەستی دەرباز بوون لەو سستییە، یان لەو قەیرانەی شانۆی کوردی تێی کەوتووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان سالآنە چەندین فیستیڤاڵی شانۆیی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم سازکردووە، تاوەکو ئێستا چەندین سیمینار و کۆڕ و دیداری شانۆیی بۆ شانۆکاران لە شارەکانی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێم سازکراوە، بێ ئەوەی هیچ ئەنجام، یان چارەسەرێکی ئەوتۆی بۆ ئەو قەیرانە شانۆییە کردبێت، لێرەدا بەچاکی دەزانم ئاوڕێک لەم کۆڕ و سیمینارانە بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کاریگەری ئەم کۆڕ و سیمینارانە تا چەند ڕۆڵی لە چارەسەری ئەم قەیرانەدا بینیوە.

یەکەم سیمیناری لەسەر ئاستی هەرێم لە ٢٠٠٤/٩/٢٤ لەشاری هەولێر بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ ساز کرد کە زۆربەی شانۆکارانی شارەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، ناوەڕۆکی سیمنارەکە بەم شێوەیە بوو.

لە ٢٣- ٢٠٠٤/٩/٢٤ شانۆکارانی کوردستان بەمەبەستی بووژانەوەی شانۆی کوردی کۆبوونەوە، دوای دوو ڕۆژ لە گفتوگۆکردن لەبارەی تەوەرەکانی(دەق، نواندن، دەرهێنان، ڕەخنە) و وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی ئامادەبووان، لە کۆتاییدا کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردەیان خستە بەردەم وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بریتی بوون لە:

- دامەزراندنی تیپی شانۆی نەتەوەیی.
- سازدانی کۆنگرەیەک بۆ شانۆکاران بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی.
- سازدانی فیستیڤاڵی شانۆیی سالآنەی سەرتاسەری.
- چاپکردنی شانۆگەرییە کوردییەکان.

– سازدانی پێشبڕکێی ساڵانە بۆ دەقە کوردییەکان.
– دامەزراندنی مەڵبەندی شانۆی کوردی.
– دروست کردنی هۆڵی نوێ بە هەموو پێداویستییە هونەرییەکان لە شارەکانی کوردستان و نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکانی ئێستا.
– وانەی شانۆ لە قۆناغەکانی خوێندن ببێتە پرۆگرامی خوێندن.
– پێداچوونەوە بەسیستەمی خوێندن و وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.
– دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لەو شارانەی کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییەیان تێدا نییە.
– هاوکاری و یارمەتیدانی شانۆکارانی کورد بۆ بەشدار بوون لە فیستیڤاڵەکانی ناوچەیی و جیهانی.
– کردنەوەی کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە شارەکانی کوردستان.
– ناردنی شانۆکاران بۆ خوێندنی باڵا.
– سازدانی فیستیڤاڵی هاوبەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.
– پێداچوونەوە بەسیستەمی تیپە هونەرییەکان و تەرخان کردنی بودجەی سالانە بۆ تیپەکان.
– دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە هونەرەکانی شانۆ.

لێژنەی پێشنیار و ڕاسپاردەکان لەم هونەرمەندانە پێکهاتبوو: (تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، جیهاد دڵپاک، ئازاد جەلال، ژیلوان تاهیر، گەزیزە عومەر، موحسین محەمەد، زیاد عابد، د. سەلام فەرج، کامەران حاجی ئەلیاس، ڕەفیق نووری، بەدیعە دارتاش، خەلیل یابە، سەلاح ڕێکانی.). بەداخەوە دوای ئەوەی ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کران تەنیا یەک خاڵیشیان لێ جێبەجێ نەکرا، ئەم هەموو خەرجی و هیلاکی هونەرمەندانەش بەباچوو.

لە ٢٠٠٨/١/١٥ ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر سیمینارێکی شانۆیی بۆ شانۆکارانی هەولێر سازکرد کە نوێنەری سەرجەم تیپە شانۆییەکانی شاری هەولێری تێدا ئامادە بوون، چەندین بیروڕا لەمەڕ ڕەوتی شانۆ باسو خواسی لەسەر کرا، چەندین پرۆژە گفتوگۆی لە بارەوە کرا، یەکێک لەو پرۆژانە کە لەلایەن هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمانەوە پێشکەش کرا، پرۆژەی شانۆی نەتەوەیی بوو. دوای مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ چەندین خاڵی دیکە وەک ڕاسپاردەو پێشنیار پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری کرا، بەڵام بەداخەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لەسەر بانگهێشتی گرووپی شانۆڤانی کورد بەهاوکاری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر لە٢٠١١/٣/١٩ لە ژێر دورشمی (گفتوگۆیەکی کراوە لە پێناو ئەمرۆی شانۆ)دا بۆ شانۆکارانی هەولێر ئەنجام درا کە نوێنەری زۆربەی تیپە شانۆییەکانی تێدا ئامادەبوو، کە چەندین تەوەری لە خۆ گرتبوو (گەڕانەوەی خۆشەویستی لە ناو ڕیزەکانی شانۆکاران، بەسیستم کردنی شانۆ لە دامودەزگەکانی حکوومەت، شیکردنەوە و جیاکردنەوەی بەرهەمی شانۆیی لە نێوان بەرهەمەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ شوێنە ئەکادیمییەکان، گەڕانەوەی تیپە شانۆییەکان بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ)، گفتوگۆیەکە بەچەندین پرسیار لەنێوان شانۆکاران لەسەر تەوەرەکان بەڕێوەچوو.

د. ئازاد حەمەشەریف باسی لەو فاکتەرانە کرد کە بووەتە هۆی سستی شانۆ لەهەولێر وەکو ڕۆتین لە ڕووی خەرج کردنی پارە لە لایەن دەزگاکانی داراییەوە، نەبوونی جیاوازی لە نێوان تیپە شانۆییەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان، لەو کاتەی شێوەی کارکردنی تیپە شانۆییەکان لەگەڵ سەنتەرەکان زۆر جیاوازە، نەبوونی هۆڵی شانۆ. ئەوەی هەیشە زۆر کەموکوڕی هەیە وەک ڕووناکی، شوێنی دانیشتنی بینەران، نەبوونی گەرمی و ساردی.

شانۆکار موحسین محەمەد دەسەلاتی بەرپرسی یەکەمی دانا لەو سستییەی کە شانۆ کوردی پێدا دەڕوات بەهۆی نەبوونی سیستەمی کارکردن لە بەڕێوەبەراتییەکانی هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ...تاد، کەچی شانۆکار وەلید مەعرووف دەڵێت: دەسەلات هیچ کەموکوڕی نییە، چونکە لەهەموو کارێکی هونەری بەپێی پێویست بودجە دابین دەکات. شانۆکار ڕەفیق نووری گوتی: بەداخەوە هەندێ کەسی بەرپرس هەیە لە جیاتی هاوکاری هونەرمەند بن، کەچی گرفتمان بۆ دروست دەکەن، شانۆکار ڕووپاک عەبدولقادریش دەڵێت: هونەرمەندان بەرنامەی کارکردنیان نییە. شانۆکار مەهدی حەسەن گوتی: هاوکاری لە نێوان تیپە شانۆییەکاندا وەک پێویست نییە، بەڵکو هەندێ جار دەگاتە سڕینەوەی یەکدی.. شانۆکار حەمەسوار عەزیز گوتی: بەداخەوە ئەوەندەی باس لە پارە کرا، ئەوەندە باس لە گرفتەکان نەکرا. شانۆکار کاروخ ئیبراهیم گوتی: ئێمە وەک گرووپی (گەنج بۆ شانۆ) هیچ گرفتمان نییە، سالانە بەرنامەی خۆمان دادەڕێژین، لەوانەیە هەندێک تێبینیمان لەسەر سیستەمی کارکردن هەبێت. دواتر وەک بەرپرسی سەندیکای هونەرمەندانی هەولێر و بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر شانۆکار هیوا سوعاد وەڵامی زۆر لە

ئامادەبووانی دایەوە، چونکە زۆربەی پرسیارەکان تا ڕادەیەک بەوەوە پەیوەست بوون. لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا بڕیاردرا لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانەوە سیمینارێکی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان بۆ شانۆکارانی هەرێم ساز بکرێت، کە واتە ئەم سمینارەش ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.

دوادیدار لە ١٨-١٩-٢٠١١/١٢/٢٠ بوو بەچاکم زانی ناوەرۆکی ئەم دیدارە شانۆییەش لەگەڵ ئامانج و ڕاسپاردەکان بخەمە ڕوو.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەرۆژانی ١٨- ١٩- ٢٠١١/١٢/٢٠ لەشاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان دیدارێکی شانۆیی بۆ شانۆکارانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک) ساز کرد، ئەم دیدارە شانۆییە بەسەر شەش تەوەری شانۆییدا دابەش کرابوو، کە بەم شێوەیە بوو: شانۆی کوردی و پێوەندی و کۆمەنیکەیشن، ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە پاراستنی مافی شانۆکار، پێگەی ژن لە شانۆدا، گرنگیدان بەشانۆی منداڵ و فێرگە، میکانیزمی چالاک کردنی تیپ و گرووپەکان، گرنگیدان بە پەروەردە و پێگەیاندن لە بواری خوێندنی زانستی شانۆدا.

تەوەری یەکەم: کە بریتی بوو لە شانۆی کوردی و پێوەندی کۆمەنیکەیشن چوار هونەرمەند لەسەر ئەم تەوەرەیە دەستنیشان کرابوون بۆ ئەوەی باسەکانیان پێشکەش بکەن کە بریتی بوون لە هونەرمەندان (سەعدوون یوونس لە هەولێر، هۆرین غەریب لە سلێمانی، د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ لە دهۆک، سیروان بێلانە لە کەرکووک)، ئەگەرچی زاراوەی کۆمەنیکەیشن لەلایەن شانۆکاران چەندین لێکدانەوەی بۆ کرا، خۆی وشەکە بەمانای گەیاندن دێت.

هونەرمەند سەعدوون یوونس: پێویستە شانۆ لە ناوخۆ گرنگی پێبدرێت، هیچ پێویستی بە دەرەوە نییە.

سەرەتا هونەرمەند سەعدوون یوونس گوتی: پێویستە شانۆ لە ناوخۆ گرنگی پێبدرێت، هیچ پێویستی بە دەرەوە نییە! چونکە سیستمی دەرەوە لەگەڵ سیستمی ئێرە زۆر جیاوازە، لەبەر ئەوە دەڵێم شانۆی کوردی لە دەرەوە بوونی نییە، کاتێ شانۆکاران دەچنە دەرەوە بینیەریان نییە ٢٠ تا ٢٥ کەس لە شانۆکان ئامادە دەبن، ئەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوەدەکرێتەوە هیچیان ڕاست نین.

هونەرمەند د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ: شانۆ لەشاری دهۆک بەهۆی هاوکاری حکوومەتەوە زۆر باشە و شانۆی ئەڵمانی بوونی هەیە، کاتێ شانۆکاران لەشێوەی گرووپ و وۆرک شۆپ گفتوگۆ بکرێت، بەڵام لەبەر گوشاری ئامادەبووان بڕیار درا لە دوای پێشکەش کردنی هەر تەوەرێک لەلایەن هونەرمەندانی ئامادەبووەوە گفتوگۆیەک لەسەر تەوەرەکان بکرێت.

تەوەری دووەم: ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە پاراستنی مافی شانۆکار، هونەرمەندان(مەریوان زەنگەنەلە کەرکووک، کامەران سوبحان لە سلێمانی، ئەحمەد مشاخی لە دهۆک. یووسف عوسمان لە هەولێر) لەسەر ئەم تەوەرەیە قسەی خۆیان کرد.

د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ گوتی: من زۆر گەشبین بووم بە شانۆی کوردی، بەڵام کاک سەعدوون یوونس منی ڕەشبین کرد، شانۆ لەشاری دهۆک بەهۆی هاوکاری حکوومەتەوە زۆر باشە و شانۆی ئەڵمانی بوونی هەیە، کاتێ نمایشکی شانۆی دەکرێت هەزار بینەر، یان سەد بینەر ئامادە دەبن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کێن ئەو کەسانەی ئامادە دەبن. شانۆی کوردی پێوەندی لە گەڵ دەرەوە هەیە، بەڵام ئەو پێوەندییەیە چۆنە و لە چ ئاستێکدایە، باشە، یان خراپە؟

هونەرمەند هۆرین غەریب: کۆمەنیکەیشن لەپێناو ئەوە بێت ئاگاداری یەکدی بین، یەکدی ببینین

هونەرمەند هۆرین غەریب لەسەر ئەم تەوەرە گوتی: کۆمەنیکەیشن زۆر پێویستە. لە ڕێگەی شانۆوە دەتوانین بڵێین لێرە مرۆڤ هەیە، بەڵام چی وەربگرین ئێمە نازانین چیمان دەوێت فێر بووین بڵێین (قەیناکە)... کۆمەنیکەشن لەپێناو ئەوە بێت ئاگاداری یەکدی بین، یەکدی ببینین بۆ نموونە من چەند نمایشی هەولێر، یان دهۆک، یان کەرکووکم بینیوە. دەبێ کۆمەنیکەیشن بۆ پرکردنەوەی کەموکوڕییەکان و بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکان بێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پێش هەموو شتێک خۆمان ڕێک بخەین.

هونەرمەند سیروان بێلانە: **پێوەندی ناوخۆمان وەک پێویست نییە، پێوەندی برادەرایەتی و کەسی کاریگەری سلبی لەسەر ڕەوتی شانۆ هەبووە:**

هونەرمەند سیروان بێلانە قسەی خۆی هەبوو گوتی: بەداخەوە تا ئێستا هیچ نمایشێکی کەرکووک نەچووەتە دەرەوەی وڵات، پێوەندی ناوخۆمان وەک پێویست نییە، پێوەندی برادەرایەتی و کەسیی، کاریگەری سلبی لەسەر ڕەوتی شانۆ هەبووە، ئێمە پلانمان نییە، شانۆی کوردی قەزاو قەدەر بەڕێوەی دەبات!!

سەرەتا لەلایەن لیژنەی بالای دیدارەکەوە بڕیاریان دابوو کە هیچ کەسێک لە ئامادەبووانی دیدارەکە پرسیار و تێبینی لەسەر تەوەرەکان نەبێت، تا کۆتایی تەوەرەکان لە دواڕۆژی دیدارەکان لەشێوەی گرووپ و وۆرک شۆپ گفتوگۆ بکرێت، بەڵام لەبەر گوشاری ئامادەبووان بڕیار درا لە دوای پێشکەش کردنی هەر تەوەرێک لەلایەن هونەرمەندانی ئامادەبووەوە گفتوگۆیەک لەسەر تەوەرەکان بکرێت.

هونەرمەند ئەحمەد مشاخی: ئەو پرۆژەیەی هونەرمەندان لە پەرلەمانە بەداخەوە ئێمە وەک شانۆکار لەم پرۆژەیە سوودمەند نابین.

سەرەتا شانۆکار ئەحمەد مشاخی گوتی:هیچ شتێک بەناوی شانۆی ئەڵمانی نییە، ئەگەر شانۆی یۆنانی ڕوحیەت نەبێ. ئەگەر تۆ گۆرانیبێژ بیت، یان موزیکژەن بیت، ئەوە تۆ هونەرمەندیت، بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم بۆچوونە هەیە، ئێستا ئەو پرۆژەیەی هونەرمەندان لە پەرلەمانە، بەداخەوە ئێمە وەک شانۆکار لەم پرۆژەیەدا سوودمەند نابین، چونکە زیاتر لایەنی ئەدەبی لە خۆدەگرێت، پێویستە ئێمە پلانمان بۆ کارکردن هەبێت، دەبێ پاڵپشتی لەداهێنان بکەین، نابێ فیستیڤاڵی شانۆیی لەسەر میزاجی کەسیی سازبکرێت، بە پێچەوانەوە دەبێ جۆر و شێوازی فیستیڤاڵ دیاری بکرێت، بۆ نموونە مۆنۆدراما، ئافرەتان، تایبەت بەدەقی خۆماڵی، یان بیانی بێت. لەهەمان کاتدا دەبێ گرێبەستی دەرهێنەران، ئەکتەران، دانەری ڕووناکی و ماکیاژ و...تاد ڕێک بخرێت.

هونەرمەند کامەران سوبحان: **دەکرێت سەندیکا خۆبەخشانە کار بکات، چونکە لە هەموو جیهاندا سەندیکا خۆبەخشانە کار دەکات.**

شانۆکار کامەران سوبحان گوتی: من زۆر بە ڕاشکاوانە قسە دەکەم، بەداخەوە سەندیکا وەک پێویست نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، چونکە مۆرکی حزبایەتی پێوە دیارە، کە یەکێکە لەگرفتەکانی پێکهاتەی ئەم سەندیکایە. دەکرێت سەندیکا خۆبەخشانە کار بکات، چونکە لە هەموو جیهان سەندیکا خۆبەخشانە کار دەکات، بەداخەوە لەلای ئێمە سەندیکا بووەتە سەندیکایەکی خێرخوازی و نوێنەرایەتی بەشێک لە هونەرمەندان دەکات، نەوەک سەرجەمی هونەرمەندان. تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە بەدەسەلات بڵێین کە هونەر یەکێکە لە پێدوایستییەکانی ژیان، دەبێ ئازادی تەواو لە ناو سەندیکا هەبێت و هەردەم لە ململانێدا بێت بۆ دابین کردنی مافەکانی هونەرمەندان.

هونەرمەند مەریوان زەنگەنە: **کاری سەندیکا پاراستنی ئازادی هونەرمەند و هاوکاری تیپە شانۆییەکانە.**

پاشان شانۆکار مەریوان زەنگەنە گوتی: دەبێ سەندیکا مافەکان دەستنیشان بکات و بیانپارێزێت، هەروەها کاری سەندیکا پاراستنی ئازادی هونەرمەند و هاوکاری تیپە شانۆییەکانە.. بەداخەوە لەکەرکووک چەند تیپێک هەیە تاکو ئێستا مۆڵەتیان نییە و وەک پێویست هاوکاری نەکراون.

هونەرمەند یووسف عوسمان: **دەبێ بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان هەبێت و دەبێ کاریان بۆ بکرێت.**

لەکۆتایی ئەم تەوەردا شانۆکار یووسف عوسمان گوتی:سەندیکا هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی مافی شانۆکاران بپارێزێت، بەردەوامیش دەبێت، ئێستا یاسای خانەنشینی هونەرمەندان لە پەرلەمانە، لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامداین بۆ گەڕانەوەی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندان، بەڵام دەبێ بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان هەبێت و کاریان بۆ بکرێت.

تەوەری سێیەم لەژێر ناوونیشانی (پێگەی ژن لە شانۆدا) بوو، ئەم هونەرمەندانە باسەکانیان پێشکەش کرد (شاناز کەریم لەسلێمانی، حەمەسوار عەزیز لە هەولێر، دڵخاز حاجی لە دهۆک، قاسم غەمگین لە کەرکووک، فرمێسک مستەفا لە هەولێر).

هونەرمەند خاتوو شاناز کەریم: **هۆکارەکانی پاشەکشەی ژن لە شانۆدا زۆرن وەک: بێ متمانەیی لە ناوەندە هونەرییەکان، واتە مەبەستێکی دیکە لە پشت هونەرکەوە هەیە.**

سەرەتا شانۆکار خاتوو شاناز کەریم گوتی: من لەگەڵ ئەوە نیم ژن لە پیاو جیا بکرێتەوە، بەڵام لە شانۆییەکانماندا هەردەم ڕەگەزی پیاو لە ڕەگەزی مێینە زیاترە. ئێمە وەک پێویست گرنگی بە شانۆ نادەین. بۆ نموونە لە هەموو عیراقدا تەنیا دوو قوتابخانەی باڵێ هەیە، یەکیان لە بەغدایەو ئەوی دیکەیان لە سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی پاشەکشەی ژن لە شانۆدا زۆرن وەک: بێ متمانەیی لە ناوەندە هونەرییەکان، واتە مەبەستێکی دیکە لە پشت هونەرکەوەیە هەندێ جاریش خودی ژنەکە داکۆکی لە مافی خۆی ناکات.. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کاتێ لە فیستیڤاڵەکان لیژنەکان دادەنرێن زۆربەیان پیاون، ئافرەت وەک پێویست ڕۆڵی نییە، کاتێ ئافرەتێک دەچێتە ناوەندێکی هونەری، زۆربەیان لە ڕەگەزی پیاون.

هونەرمەند حەمەسوار: **ژن هەیە وەزیرە، ژن هەیە بەڕێوەبەری گشتییە، بەڵام بەداخەوە لە شانۆدا ژن بە هێز نییە، بەتایبەتی لەبواری دەرهێنان و نووسین ژمارەیان زۆر کەمە.**

شانۆکار حەمەسوار بەم شێوەیە باسی لە پێگەی ژن لە شانۆدا کرد: ئایا پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵگە هاوتایە لەگەڵ پێگەی ژن لە ناو شانۆدا ئەگەر تەماشا بکەین پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا زۆر بەهێزە، ژن هەیە وەزیرە، ژن هەیە بەڕێوەبەری گشتییە، بەڵام بەداخەوە لە شانۆدا ژن بەهێز نییە، بەتایبەتی لەبواری دەرهێنان و نووسیندا ژمارەیان زۆر کەمە، پێگەی ژن لە شانۆدا بەپێی شارەکان جیاوازە بۆ نموونە لە سلێمانی تاڕادەیەک

گرفت کەمترە، بەڵام لە هەوڵێر تەنیا چەند ئافرتێک هەن کە لە هەموو نمایشەکاندا دووبارە دەبنەوە بەمەش هیچ داهێنانێک نابێت. دەتوانین بڵێین لە هەوڵێر ژن شوێنی ژن دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، بەڵام نەبوونی ژن لە شانۆ لە هەوڵێر هۆکاری زۆرە، بەداخەوە کاتێ ئافرەتێک دێتە سەر تەختەی شانۆ لەلایەن خودی هونەرمەندانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژنان وەک پێویست نییە. سالانە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان چەندین ئافرەت بەشی شانۆ تەواو دەکەن، بەڵام دەبنە مامۆستاو وەک هونەرمەند دانامەزرێن، هەروەها پاداشتی ئافرەتان بەرانبەر هەر کارێکی شانۆیی کە دەیکەن زۆر کەمە.

هونەرمەند دڵخاز حاجی: **ڕۆشنبیری کۆمەڵگەو ڕۆشنبیری ژنی شانۆکار لەئاستی پێویستدا نییە.**

شانۆکار دڵخاز حاجی گوتی: شانۆ کارێکی مرۆڤایەتییە، پێگەی ژن لە شانۆدا وەک پێویست نییە، هۆکاریش زۆرە هەر لە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی...تاد لەهەمان کاتیشدا ڕۆشنبیری کۆمەڵگەو ڕۆشنبیری ژنی شانۆکار لەئاستی پێویستدا نییە و دەبێ ئێمە شانۆی (جاد) لەشانۆی گەڵتەجاری دوور بخەینەوە.

هونەرمەند فرمێسک مستەفا: **بەداخەوە ژنی شانۆکار تاکو ئێستا نەیتوانیوە وەک پەرلەمانتارێک، یان وەک وەزیرێک بێت.**

شانۆکار فرمێسک مستەفا گوتی: دەبێ کچان بزانن کە بووکە شووشە نین شوێنەکانیان پێ پڕ بکرێتەوە! دەبێ خۆمان هەوڵ بدەین خۆمان تەسلیمی ئەم واقیعە نەکەین بەداخەوە ژنی شانۆکار تاکو ئێستا نەیتوانیوە وەک پەرلەمانتارێک، یان وەک وەزیرێک بێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

هونەرمەند قاسم غەمگین: **ئافرەتان لە بواری ڕاگەیاندن دەردەکەون، بەڵام لە شانۆ دوور دەکەونەوە.**

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا شانۆکار قاسم غەمگین گوتی: نەبوونی، یان کەمی خانمان لە شانۆدا بۆ ئەو دابونەریتە سلبیانەی ناو کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئافرەتان لە بواری ڕاگەیاندن دەردەکەون، بەڵام لە شانۆ دوور دەکەونەوە، کەواتە هۆکارێکی کەمی ئافرەتان بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارە شانۆییە بریتی بوو لە (میکانیزمی چالاککردنی تیپ و گرووپەکان) لەم تەوەرەدا هونەرمەندان. (سەباح عەبدولڕەحمان لە هەوڵێر، عومەر عەزیز لە کەرکووک، یاسین بەرزنجی لە سلێمانی، هەڵکەفت ئیدریس لە دهۆک) قسەیان کرد.

هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی: **دوای دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانی کاریگەری ئیجابی لەسەر ڕەوتی شانۆدا هەبوو.**

سەرەتا شانۆکار یاسین قادر بەرزنجی بەم شێوەیە باسی لەم تەوەرەیە کرد: کۆمەڵێ هونەر و وێژەی کوردی لەسااڵنی پەنجاکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، چەندین لقی لە شارەکانی کوردستان هەبوو، وەک تیپی مۆڵەت پێدراو چالاکانە کاری دەکرد، چونکە ئەو کاتە نە پەیمانگە نە کۆلیژی هونەر نەبوون. دوای دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی کاریگەری ئیجابی لەسەر ڕەوتی شانۆدا هەبوو، دوایی چەندین تیپ و سەنتەری شانۆ دامەزران، بەڵام دەبێ ئەم تیپ و سەنتەرە شانۆییانە بە خۆیاندا بچنەوە و بیر لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە، دەبێ ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان: **دامەزراندنی دەزگایەکی هونەریی شانۆیی سەربەخۆ پێویستە کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت.**

پاشان شانۆکار (سەباح عەبدولڕەحمان) زۆر بە ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆی ڕوون کردەوە: شانۆی کوردی لە قەیراندایە، خەریکە لەناو بچێت، هۆکاریش زۆرن وەک: جیاوازی لە بووجەی تیپەکان، ئەو ڕۆتینەی دارایی لەگەڵ تیپەکان دەیکات، دەستی حزب لەناو تیپەکان.. بۆ چارەسەرکردن پێویستە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە چۆنیەتی مۆڵەتدان بەتیپەکان بکرێت و لەسەر بنەمای زانستی مۆڵەت بە تیپەکان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم تیپە شانۆییەکان هەڵبوەشێنەوە و دەزگایەکی هونەری شانۆیی سەربەخۆ پێویستە کە ڕاستەوخۆ سەر بەئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت، پێویستە سندووقی داهێنان ڕابگیرێت، چونکە بە میزاج پارە دەدرێتە هەندێ کەس و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانە بکرێت کە بوونەتە ڕێگر و بەربەست لە ڕێگەی پێشکەوتنی کاری شانۆیی، گۆڕینی سیستمی تەسویەی منحەی (بەخشین) مانگانەی تیپەکان، چونکە ئەم سیستمە ئێستا وادەکات هونەرمەند فێری تەزویر و فرتوفێڵ بێت.

هونەرمەند عومەر عەزیز: **بە داخەوە لە ناو تیپەکاندا پسپۆری کارکردن نییە، نازانین لەسەر چ بنەمایەک بودجە بۆ تیپەکان دادەنرێت.**

شانۆکار (عومەر عەزیز) لەسەر ئەم تەوەرەیە گوتی: ئەم دیالۆگە زۆر گرنگە، لە ناو تیپەکاندا پسپۆڕی کارکردن نییە و نازانین لەسەر چ بنەمایەک بودجە بۆ تیپەکان دادەنرێت و بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دروست کردنی تیپە شانۆییەکان بڕوانامەی هونەریی چەند

مامۆستایەک بۆ وەزارت دەبەن و مۆڵەتی پێ وەردەگرن بەبێ ئەوەی ئەو مامۆستایانە ئاگادارین.

هونەرمەند هەڵکەفت ئیدریس: **لەناو تیپە شانۆییەکان ئەوەندەی بیر لە بودجە دەکەنەوە بیر لە داهێنان ناکەنەوە.**

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا شانۆکار (هەڵکەفت ئیدریس) گوتی: تیپەکان وەک پێویست نەیانتوانیوە کارەکانی خۆیان مەیسەر بکەن، پسپۆری لەکارکردن لە ناو تیپەشانۆیەکاندا نییە، ئەوەندەی بیر لە بودجە دەکەنەوە، بیر لە داهێنان ناکەنەوە.

دیارە شانۆی منداڵ لەم دیدارە شانۆییەدا لە ژێر ناوونیشانی (گرنگیدان بە شانۆی منداڵ و فێرگە) بوونی هەبوو، بۆ ئەم تەوەرەیەش ئەم هونەرمەندانە باسیان هەبوو (هەرمان شاکر لە کەرکووک، موەفەق عارف لهۆنی لە سلێمانی، یوونس عوسمان لە هەولێر، بورهان قەرەداغی لە سلێمانی).

هونەرمەند بورهان قەرداغی: **حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک پێویست گرنگی بە منداڵان نەداوە، زۆریش فەرامۆش کراون، چونکە منداڵ خۆپیشاندان ناکات، منداڵ بەشداری هەڵبژاردن ناکات و ناچێتە سەر شەقام.**

سەرەتای ئەم تەوەرەیە شانۆکار (بورهان قەرەداغی) گوتی: دەبێ ئەوە بزانین کە شانۆی ئێمە لە فێرگەوە دەست پێدەکات، منداڵ هیچ مافێکی ئەوتۆی نییە، لە رێگەی مووچەی دایک و باوکییەوە(١٠) هەزار دیناری دەدرێتێ، کەچی لەدەرەوە بەهەزاران دۆلاری بۆ سەرف دەکرێت. لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە وەک پێویست گرنگی بە منداڵان نەدراوە، زۆریش فەرامۆش کراون، چونکە منداڵ خۆپیشاندان ناکات و بەشداری هەڵبژاردن ناکات و ناچێتە سەر شەقام شانۆی منداڵ هیچ جیاوازییەکی لە ڕووی پێکهاتەی لەگەڵ شانۆی گەورەکان نییە، بۆیە دەبێ شانۆی منداڵان گرنگی پێ بدرێت و لە رێگەی دانانی میتودەوە لە قۆناغەکانی خوێندندا چالاک بکرێت، هەروەها گرنگیدان بە نووسەرانی شانۆی منداڵ و بە هۆڵی شانۆی منداڵ کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا گرنگی بە بووکەڵەو شانۆی سێبەر و بەشی منداڵان لە تەلەڤزیۆنەکان بدرێت، لەگەڵ سازدانی فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان. ئامانج لە شانۆی منداڵ بریتییە:

١- پەروەردەکردنی سۆز و خەیاڵی منداڵ.

٢- جواناسی و ناساندنی بە هونەر.

٣- شانۆی منداڵ بەشێکە لە جیهانی منداڵ.

هونەرمەند موەفەق عارف لهۆنی: **دەبێ گوشار بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە تا وانەی پەروەردەی هونەری شانۆ لە تەک وانەکانی دیکەی خوێندن بخوێنرێت.**

شانۆکار (موەفەق عارف لهۆنی) لەسەر ئەم تەوەرەیە گوتی: بەداخەوە کۆمەڵگە بەگشتی وەک پێویست گرنگی بە منداڵ نادات، گاڵتە بەشانۆی منداڵ و ئەوانەی کاری منداڵان دەکەن، دەکات، تاکو ئێستا شتێک نییە ناوی شانۆی قوتابخانە بێت، یان شانۆی فێرگە و شانۆی منداڵ لە هەولێر هەبوایە، بۆ منداڵ پێویستە لە فێرگەو قوتابخانەکان وانەیەکی هونەریی شانۆی منداڵ و پەروەردەی منداڵ هەبوایە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکات دەبێت پسپۆڕیی لە بوارەکانی دەق، دەرهێنان، دیکۆر، جلوبەرگدا هەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ گوشار بخرێتە سەر وەزارەتی پەروەردە بکرێتەوە کە وانەی پەروەردەی هونەری شانۆ لە تەک وانەکانی دیکەی خوێندن بخوێنرێت، چونکە پێویستە کادری منداڵان دروست بکەین.

هونەرمەند هەرمان شاکر: **منداڵ لە رێگەی شانۆوە تواناییەکانی خۆی بەشێوەیەکی پراکتیکی دەردەخات.**

شانۆکار (هەرمان شاکر) لەسەر ئەم تەوەرە گوتی: شانۆ بۆ منداڵ زۆر گرنگە. منداڵ زۆر حەزی لێدەکات، چونکە تواناییەکانی خۆی بەشێوەیەکی پراکتیکی دەردەخات، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەک پێویست ئەم لایەنەی بەهەند وەرنەگرتووە، دەبێ هەوڵ بدەین تیپی شانۆی منداڵ دروست بکەین.

هونەرمەند یونس عوسمان: **تەنیا لە بۆنەکاندا یادی منداڵان دەکرێتەوە.**

شانۆکار (یوونس عوسمان) گوتی: تەنیا لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا باسی منداڵ دەکرێت، تاکو ئێستا لە قوتابخانەکاندا وانەی شانۆ لە خشتەی وانەکاندا نییە وەک وانەی نیگار و سروود و موزیک، ئەگەرچی میتودێکی شانۆیی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا بە فەرمی وانەی شانۆ لە قوتابخانەدا ناخوێنرێت.

دوا تەوەری ئەم دیدارە شانۆییە لە ژێر ناوونیشانی (گرنگیدان بە پەروەردەو پێگەیاندن لە بواری خوێندنی زانستی شانۆدا) بوو، بۆ ئەم تەوەرش هونەرمەندان (ئەحمەد سالار لە هەولێر، کارۆخ ئیبراهیم لە هەولێر، محەمەد عەلی لە دهۆک، نیاز لەتیف لە سلێمانی، تەها یاسین لە کەرکووک) قسەی خۆیان هەبوو.

هونەرمەند ئەحمەد سالار: **پرۆگرامی خوێندن زۆر کۆنەو بینای شیاوی بۆ کۆلیژی هونەر نییە.**

سەرەتا شانۆکار (ئەحمەد سالار) گوتی: هەموو جۆرە خوێندنێک پێویستی بە دوو لایەن هەیە، یەکەم کەرەستەی فێرکردن...تاد دووەم شوێنی خوێندن، کە بەداخەوە لەلای ئێمە ئەو دوو کەرەستەیە وەک پێویست

نییە، پرۆگرامی خوێندن تەواو نییە و زۆر کۆنە، شوێنی کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە شوێنی دەزگایەکی هونەری ئەکادیمی ناچێت، چونکە نە هۆڵی شانۆیی و نە پۆڵەکانیش پۆڵی خوێندنن. لەلایەکی دیکەوە وەرگرتنی قوتابیان لە پەیمانگەو کۆلیژەکان بەشێوەیەکی دروست نییە، دەبێ ئێمە سوود لە پەیامی شانۆ وەربگرین کە هیچ کەمتر نییە لە وتاربێژی مزگەوتەکان. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە چالاکی قوتابخانەکان ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی هونەرمەندانداا هەبووە، بەداخەوە ئێستا وەک پێویست بایەخ بەم دەزگایە نادرێت.

هونەرمەند کارۆخ ئیبراهیم: **پەیمانگەکانی هونەری ماهیەتی خۆیان لەدەست داوە**.

شانۆکار (کارۆخ ئیبراهیم) گوتی: هەموو قۆناغەکانی پەروەردە لە تیپ و گرووپە شانۆییەکانەوە دەستی پێ کردووە، پاشان پەیمانگەکان دێت، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ پەیمانگەکان ماهیەتی خۆیان لەدەست داوە، چونکە میتود بووەتە میتودی خودی مامۆستا، قوتابی وا فێر دەکرێت کە هەر بابەتێک وەردەگرێت دەبێ لەبەری بکات، بێ ئەوەی لە بابەتەکە بگات، واتە دەراخ بێت، ئەمەش بۆ نەبوونی مەعریفەی زانستی دەگەڕێتەوە. لە هەمان کاتیشدا جۆرە پەرتەوازەییەک لە نێوان موفرەداتی پرۆگرامی پەیمانگەی هەولێر و سلێمانیدا هەیە، ئەو موفرەداتانەش جێگیر نین، تاکو ئێستا میژووی شانۆ لە کوردستان ڕای جیاوازی هەیە، بۆیە نەمانتوانیوە وەک میتودێک لە پەیمانگە قوتابیان بە میژووی شانۆی کوردی ئاشنا بکەین.

هونەرمەند نیاز لەتیف: **زۆری و بۆری پەیمانگەکان کاری سلبی لەسەر ڕەوتی شانۆ هەبووە**.

شانۆکار (نیاز لەتیف) لە سەر ئەم تەوەرەیە ڕای خۆی هەبوو و گوتی: ئەوەی جێگەی داخە خوێندن لە بواری تواناسازیدا، دەرچوانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان نایانگرێتەوە، زۆری و بۆری پەیمانگە کاری سلبی لەسەر ڕەوتی شانۆ کردووە، بۆیە پێویستە ژمارەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کەم بکرێنەوە. لەپەیمانگەکان لەگەڵ بەشی دەرهێنان و نواندن پێویستە دوو بەشی دیکەی لێ بخوێندرێت، کە بەشی (سینۆگرافیا و بەشی ڕەخنە)یە، هەروەها پێویستە گرنگی بەشانۆی گەڕۆک بدرێ و هەوڵ بۆ نووسینی ئینسکلۆپیدیای شانۆی کوردی و کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ئێواران بدرێت. کردنەوەی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی کوردی بۆ سەر زمانی بیانی و سازدانی فیستیڤاڵی شانۆ لەسەر ئاستی پەیمانگەکانی کوردستان گرنگە. دەبێ دەستنیشان کردنی تەمەن لە زانکۆکان نەمێنێت، جگە لە دروست کردنی (٤٠) هۆڵی شانۆیی بەشێوەیەکی زانستی لەسەرتانسەری هەرێم.

هونەرمەند تەها یاسین: **لە جیاتی (١٢) پەیمانگەی هونەرجوانەکان، تەنیا (٣) پەیمانگەی هونەری بەس بوو**.

شانۆکار (تەها یاسین) لەسەر هەمان تەوەر گوتی: دابینکردنی کادیری لێهاتوو بۆ پەیمانگەکان زۆر پێویستە، نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ پەیمانگەکان کاریگەری سلبی لە شانۆدا دروست کردووە، هەروەها پێویستە لە جیاتی (١٢) پەیمانگە لە کوردستان تەنیا سێ پەیمانگە پێویستە، زۆرێک لەو پەیمانگەیانە سەرکەوتوو نین و سەقەتن.

هونەرمەند محەمەد عەلی ئەتروشی: **شانۆ کاران دەبێ پەوەردەی ڕۆشنبیریان هەبێت**.

شانۆکار (محەمەد عەلی ئەتروشی) بۆ ئەم تەوەرە گوتی:

پەروەردەی ڕۆشنبیری شانۆکاران زۆر پێویستە، وەرگرتنی قوتابیان لە ئەکادیمیاو پەیمانگەکان ئارەزوومەندانە بێت، ئێمە تاکو ئێستا هیچ سوودێکمان لە ڕاگەیاندن وەرنەگرتووە.

لەکاتی بەڕێوەچوونی سەرجەم تەوەرەکاندا شانۆکارانی ئامادەبوو گفتوگۆیەکی والآیان دەکرد، ئەگەرچی ماوەی قسەکردنەکە زۆر کەم بوو. لەدواڕۆژی دیدارەکەدا هەریەک لە گرووپی تەوەرەکان سەرجەم پێشنیار و ڕاسپاردەکانیان خوێندەوە و لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون پێکهێنرا، پێشنیارو ڕاسپاردەکانی لیژنەی (شانۆی کوردی و پێوەندی و کۆمەنیکەیشن):

١- لە ئایندەیەکی نزیکدا دەزگایەکی شانۆیی سەربەخۆ دروست بکرێت، ئێمەش بە باشی دەزانین ئەو دەزگایە ببێتە پردی پێوەندی لە نێوان شانۆکارانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و سەرجەم کارەکانی بە شەفافی بکرێ.

٢- هەر دەزگایەکی فەرمی و نافەرمی کە بودجە تەرخان دەکات بۆ کۆمەنیکەیشن، دەبێت وەک ئەرک و بێ بەرانبەر و بێ مەرج و بێ هیچ دەست تێوەردانێک ئەو کارە بکات.

٣- هەموو گرووپ و تاکەکەسێک دەتوانێت پێوەندی دروست بکات، بەڵام ئەو پێوەندییە ناشێت وەک نوێنەری شانۆی کوردی خۆی بناسێنێ.

٤- دروست کردنی تۆڕێکی پێوەندی لە نێوان شانۆکارانی کوردستان بەسوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا تازەکان وەک ئینتەرنێت ...تاد.

٥- پارەی گشتی دەبێت بۆ ئەو بەرهەمانە خەرج بکرێت کە لە ڕووی هونەرییەوە ئاستێکی بەرزیان هەبێت

و شیاوی ئەوە بین بڕۆنە دەرەوەی کوردستان، بە مەرجێک پێش وەخت لە کوردستان نمایش کرابن و لەلایەن ئەو دەزگا سەربەخۆیەوە پشتگیری کرابێت، ئەمەش بۆ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی پارەی گشتی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی.

٦- پێشنیار دەکەین بۆ ناوەوەی کوردستان کە نمایشەکان پاش ئەوەی لە شاری یەکەم نمایش دەکرێ ببرێتە شارەکانی دیکەی کوردستان.

٧- سازدانی دیداری شانۆیی سالانە لە سەرەتای ساڵدا، بە مەرجێک هەر ساڵێک لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان ساز بکرێت.

(٨) لەسەر ئاستی تاکەکەسی و گرووپەکان لە لایەن شانۆکارانەوە گرنگی بەزمان بدرێ و لەسەر ئاستی فەرمیش بە پلانێکی زانستی کاری بۆ بکرێ.

پێشنیار و ڕاسپاردەی لیژنەی تەوەری (گرنگیدان بەشانۆی منداڵ و فێرگە)

(١) دامەزراندنی سەنتەرێک لە شارەکان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، بەهەماهەنگی وەزارەتی (پەروەردە و کاروباری کۆمەڵایەتی) کە سەرجەم نووسەر و پسپۆڕەکانی بواری دەروونناسی و پەروەردەیی و کۆمەڵناسی و هونەرمەندانی شێوەکار و موزیک و ئەکتەر و دەرهێنەرانی شانۆی منداڵ لە خۆبگرێت، بەمەبەستی توێژینەوەو پلاندانان و بەرنامەڕێژی بۆ هونەری منداڵ و شانۆکەی (بۆ دامەزراندنی ئەم سەنتەرە کارەکانی زیاتر دەستنیشان دەکرێت).

(٢) پێداچوونەوە بە میتودی هەردوو وانەی سروود و نیگار لە قۆناغی بنەڕەتیداو گۆڕینی بەوانەی پەروەردەی هونەری کە تێیدا هەموو لقەکانی هونەر لە خۆبگرێت و بەپێی پۆلەکان میتود دابنرێت و بکرێتە وانەیەکی سەرەکی و پراکتیزە بکرێت.

(٣) دروست کردنی هۆڵی شانۆی منداڵ بەپێی تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵ، بەتایبەتی لە سەنتەری شار و قەزاکاندا، چاککردنەوە و وەرگرتنەوەی ئەو هۆڵانەی کە تایبەتن بە قوتابخانە و خوێندنگەکان بۆ خزمەتی شانۆی منداڵ.

(٤) چالاککردن و پشتگیری کردنی شانۆی قوتابخانەکان لە ڕووی بودجەو گەشەپێدانی توانایی کادیرەوە، لەنێو یەکەی چالاکی قوتابخانەکاندا، چونکە قوتابخانەمە کۆی شانۆ منداڵە.

(٥) دانانی سندووقێکی کۆمەک بۆ شانۆی منداڵ لە شارەکاندا کە نمایشی شانۆیی لێی سوودمەند بێ.

(٦) دروست کردنی شانۆی گەڕۆک بۆ نێو لادێ و قەزاو ناحیەکان.

(٧) گرنگیدان بە شانۆی بووکەڵە بە هەموو جۆرەکانییەوە، کردنەوەی وۆرک شۆپ لە دەرەوەی هەرێم و ناوەی هەرێم بۆ شارەزابوون لەم هونەرە.

(٨) سازدانی فیستیڤاڵی شانۆی منداڵ، وەرزی و ساڵانە.

(٩) هاندانی نووسەرانی شانۆی منداڵ لە ڕێگەی خەڵات کردن و سازدانی پێشبڕکێ و چاپکردنی بەرهەمەکانیانەوە.

(١٠) کردنەوەی وۆرک شۆپ بۆ هەموو بوارەکانی شانۆی منداڵ بە میواندارى کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەداو ناردنە دەرەوەی پسپۆڕانی شانۆی منداڵ بۆ ئەو ولاتانەی لە شانۆی منداڵان پێشکەوتوون.

(١١) ئەکتیڤ کردنی بەرهەمی منداڵ و دەستگیرۆیی کردنی تیپە تایبەتمەندەکانی هونەری منداڵان.

(١٢) ساڵانە سازکردنی دیداری تایبەت بە شانۆی منداڵ و هونەرەکانی.

پێشنیار و ڕاسپاردەکانی تەوەری (پێگەی ژن لە بواری شانۆدا)

پێگەی ژن لە شانۆی کوردیدا لە ئاستی ئەو پێگەیە نییە کە ئەمڕۆ ژن وەک ڕەگەزێکی کارای کۆمەڵگەی کوردی بەدەستی هێناوە، بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی پێگەو ڕەوشی ژن لە نێوەندی شانۆی کوردیدا پێشنیار دەکەین کار لەسەر ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە بکرێت:

پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەر

(١) جیاکردنەوەی بەشەکانی پسپۆڕیی کارکردن لە بەشی پەروەردەی هونەری، تەنیا دەرچووانی بەشی پەروەردەی هونەری وەک مامۆستا سوودیان لێ وەربگیرێت، دەرچووی بەشەکانی نواندن و دەرهێنان لە بواری کاری شانۆییدا سوودیان لێ وەربگیرێت.

(٢) وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵانە بەشێک لە کچانی دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژە هونەرییەکان وەک شانۆکار لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆیی شارەکان دابمەزرێنێت، بەتایبەتیش ئەوانەی زۆر کاران.

(٣) بەپشت بەستن بە خاڵی یەکەم، هەموو ئەو کچانەی کە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژە هونەرییەکان وەردەگیرێن کەفالەتێک لە دادنووس پێشکەش بکەن کە دوای دەرچوونیان لە کاری شانۆیی بەردەوام بن.

ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە پاراستن و بەهێز کردنی پێگەی ژن لە بواری شانۆدا

(١) دەرکردنی (لائیحەیەکی) پاداشتی کارکردن بۆ ئەو ژنە شانۆکارانەی کە لە نمایشی شانۆییدا بەشداری

دەکەن، بە مەرجێک بڕی پاداشتەکە لە ئاستێکی زۆر باشدا بێت، کە بتوانێت ژنی شانۆکار لەسەری بژیت، بەتایبەتیش کە ژنی شانۆکار لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەرکی نێو خێزاندا بارگرانییەکی زیاتری لەسەرە.

(٢) سەندیکا ڕێگە بەهیچ کەسێک نەدات سووکایەتی بە هونەر بکات، یان هونەرەکە لە پێناو خۆبردنە پێشەوە ئیستغلال بکات، یان لە ژێر پەردەی هونەردا هەندێ کاری نەشیاو بکات، بەتایبەتیش ڕۆڵی کارای هەبێت لە پاراستنی ئەو ژنە شانۆکارانە کە ڕەنگە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ڕێگەی هونەرەوە دەستدرێژی و تەحەروشیان پێ دەکرێت.

٣- پێگەی ژن لە فیستیڤاڵ و بۆنە شانۆییەکاندا دیار و بەرچاو بێت، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە لیژنە هونەری و ئیدارییەکان هەبێت کە سەرپەرشتیاری ئەو بۆنانە دەکەن.

٤- جێگە کردنەوەی ژن لە پێگە ئیدارییە باڵاکانی بواری شانۆ و سەندیکاو گرووپ و سەنتەرە هونەرییەکاندا.

٥- پشتگیری کردنی ژنانی شانۆکار بە هەردوو شێوە مادی و مەعنەوییەکەی.

٦- سالانە ئەو ژنانە خەڵات بکرێن کە ڕۆڵی بەرچاویان لە چالاکییە شانۆییەکانی ئەو ساڵەدا هەبووە.

٧- پەراوێز نەخستنی ژن لەو شاند و سەفەرە هونەرییانەی کە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕێک دەخرێن، بەشێوەیەک کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی شانۆکار دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بە شانۆکانی دیکەی دنیا ئاشنا بن.

٨- هاندان و هۆشیارکردنەوەی ئەو خێزانانەی کە کچەکانیان لەم بوارەدا کار دەکەن و هان بدرێن بۆ ئەوەی ڕێگری لە کچەکانیان نەکرێت کە لەبواری شانۆدا بەردەوام بن.

٩- دابینکردنی دەرماڵەی هونەری بۆ ئەو ژنانەی کە وەک مامۆستا دادەمەزرێن و لە کاری شانۆییش بەردەوامییان هەیە و بەڕێژەی سەدا پەنجای موچەکانیان کار دەکەن.

١٠- ڕێکخستنی دیدار و کۆنفراسی شانۆیی تایبەت بە ژن و بەهێز کردنی ڕۆڵ و پێگەی ژن لە نێوەندی شانۆدا.

پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەوەری (ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە پاراستنی مافی شانۆکار)

دوای دانیشتنی گرووپی (ڕۆڵی سەندیکای هونەرمەندان لە پاراستنی مافی شانۆکار) ئەم چەند خاڵانە گەلاڵە کران:

١- هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی شانۆکاری کورد بەشێوەیەکی مەدەنی و پێشکەوتووخواز، کە لەگەڵ یاسای سەندیکا هونەرییەکانی ولاتانی پێشکەوتوودا بگونجێت.

٢- کارکردن بۆ گۆڕینی شێوازی کارایی سەندیکایی و پیشەیی لە کوردستان بەجۆرێک ئەو سەندیکایە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی هەموو شانۆکار و هونەرمەندێک ئەو سەندیکایە بە مولکی خۆی بزانێت.

٣- هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕایەڵەیەکی هونەری تۆندوتۆڵی شانۆیی لە ڕووی پراکتیکی و تیوریییەوە لە نێوان شارەکانی کوردستاندا، بەجۆرێک نمایشە شانۆییەکان لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا پێشکەش بکرێت، ئەمەش وا دەکات لانی کەم شانۆکاران لەسەرجەم شارەکانی کوردستان لە بەرهەم و نمایشی یەکدی بە ئاگابن.

٤- پێویستە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان پێوەندی و کۆنتاکت لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە شانۆییەکانی دنیا دروست بکات بۆ کردنەوەی وۆرک شۆپ و خولی شانۆیی بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێوەندی تایبەتی بکرێت و بەکارهێنانی پێوندییەکان بۆ مەرامی تاکەکەسی بەکارنەیەت.

٥- گوشار بخرێتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە هەموو مافەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دارایی بۆ شانۆکار و هونەرمەندی کورد لە جێبەجێ کردنی بە پێی ڕێکەوتنەکانی جیهانیی، کە تا ئێستا چەندین ساڵە سەندیکا بەدوای ئەو کێشانەوەیە و حکوومەتی هەرێم جێبەجێیانی نەکردووە.

٦- جیاکردنەوەی سەندیکای شانۆکار و موزیک، شێوەکاری.

پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەوەری(میکانیزمی چالاککردنی تیپ و گرووپەکان:

١- داڕشتنی هەلومەرجی یاسایی و هونەری نوێ بۆ مۆڵەت پێدانی تیپە شانۆییەکان.

٢- لەبەر ڕۆشنایی خاڵی یەکەمدا مۆڵەتی سەرجەم تیپ و گرووپەکان لەکاربخرێ و سەرلەنوێ مۆڵەت وەربگرنەوە.

٣- کارکردن بۆ سازکردنی فیستیڤاڵێکی سەرانسەری کوردستان بۆ تیپ و گرووپە شانۆییە خاوەن مۆڵەتە نوێیەکان و بەشداری پێکردنی ئەو تیپانەی بەر لە وادەی نمایش لیژنەی تایبەتمەند بەرهەمیان هەڵدەسەنگێنن.

٤- جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تیپە هونەرییەکان لە سەنتەرە ڕووناکبیرییەکان.

٥- دانانی چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ هەر نمایشێک کە لەڕووی هونەرییەوە بودجەی بۆ تەرخان بکرێ.

٦- کارکردن بۆ هێنانە ئارای دەزگایەکی شانۆیی تایبەتمەند کە خاوەنداری سەنتەری ڕووناکبیری شانۆیی و تیپی شانۆیی نەتەوەیی بکات و ئەم دەزگایە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێ.

٧- نەهێشتنی ڕۆتینی تەقلیدی بۆ خەرجکردن و تەسویەکردنی بودجەی تیپەکان بە مانگانەو بودجەی نمایشیانەوە، بەڵکو کار بکرێ بەم شێوەیە کۆمەکی تیپەکە بکرێ:

ا- تەرخانکردنی بەخشینی ساڵانە بەچوار جار بۆ سەرجەم خەرجییەکانی کەرتینی لە "خەرجی بەڕێوەبردن" و ڕۆژانە.

ب- لە مانگی نیسانی هەر ساڵێکدا بەخشینی چالاکی و بەرهەمهێنانی وەرزی بکات.

ج- لە سەرەتای مانگی تەمووزدا بەخشینی ناوبراو خەرج بکرێ.

د- لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەخشینی سێیەم بۆ هەمان مەبەست خەرج بکرێ "بە مەرجێک هەر گرووپەو ئەگەر لە وەرزێکدا چالاکی نەنواند وەرزی دووەمیش لەم بەخشینە بێ بەش بکرێ ".

هـ- هەر گرووپەو پەیڕەوی پاکتاوی یاسایی ژمێریاری دەبێت.

پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەوەری (گرنگیدان بە پەروەردەو پێگەیاندن لە بواری خۆێندنی زانستی شانۆدا)

١- کەمکردنەوەی پەیمانگەکان لە قەزاو ناحیەکاندا، لەبری ئەوانە گرنگی بەهەر چوار پەیمانگەکانی "دهۆک، سلێمانی، کەرکووک، هەولێر بدرێت".

٢- لابردنی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە کۆلیژەوە و دابەش کردنی بۆ سەر چوار سکولی پسپۆڕی "شانۆ، شێوەکاری، موزیک، سینەما" بەبێ بەهای زانستی لە بەشەکەوە لەڕووی مامۆستاو پرۆگرامی خوێندنەوە و بەسەر شارەکاندا دابەش بکرێن.

٣- هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی پەیمانگەکان کە زۆر کۆنەو بۆ ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە و دانانی پەیڕەوێکی نوێ کە لەگەڵ سیستمی نوێدا بگونجێت.

٤- دابەش کردنەوەی سەر لەنوێی بەشەکان، بە تایبەتی بەشی شانۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا- بەشی نواندن

ب- بەشی دەرهێنان

ج- کردنەوەی بەشی پەروەردەی هونەری کە لە پۆلی سێیەمەوە هەر سێ بەشی شانۆ و موزیک و شێوەکاری، بۆ ئەو بەشەی بە پێی خواستی خۆیان دابەش دەبن بۆ ئەوەی مامۆستای پەروەردەی هونەری لێ دەربچێت.

د- بەشی سینۆگرافیا کە پێکدێت لە: دیکۆر - ڕووناکی - جلوبەرگ - ئێکسسوار - ماکیاژ - موزیکی شانۆ و کارتێکەرە دەنگییەکان.

هـ- بەشی ئەدەبی شانۆیی کە لە نووسینی تێکستی شانۆیی - ڕەخنەسازی پێکدێت.

٥- گۆڕینی میتودی بەشی شانۆ کە لەگەڵ میتودەکانی شانۆی جیهانیدا بگونجێت.

٦- پاڵپشتی کردنی پرۆژە هونەرییەکان وەک چالاکییە شانۆییەکان و سازکردنی فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگەکان.

٧- پاڵپشتی کردنی دەرچووانی پەیمانگەکان بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنی هونەری لە زانکۆکان و ڕێ خۆش کردن بۆ پرۆگرامی تواناسازی و تایبەتمەندییەکانی هونەری بە تایبەت شانۆ.

٨- دانانی بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بۆ کارنامەی دەرچوونی خوێندکارانی دوا قۆناغی بەشی شانۆ.

٩-دانانی بڕی (٢٥٠٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دینار بۆ ئەزموونی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی دەرهێنان.

١٠- دروست کردنی باڵەخانەی هاوچەرخ بە پێی سیستمی هونەری شانۆ بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و کەرکووک و کۆلێژی هونەر لە هەولێر، هەروەها دروست کردنی هۆڵی شانۆ بۆ پەیمانگەکانی هەولێر و دهۆک.

١١- دانانی پسپۆڕی تایبەتمەند لە بواری هونەردا بۆ چاودێری کردنی پەیمانگە هونەرییەکان و کاری سەرپەرشتی کردنی زانستی لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگەکانەوە.

١٢- دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگەکانی بەشی شانۆ لە قوتابخانە و خوێندنگەکان وەک پسپۆڕی شانۆ بەدەر لە ڕێنماییەکان.

١٣-پشتگیردکردنی توێژەران و پسپۆرانی شانۆ لە بەشداری پێ کردنیان لە کۆنفراسەکانی جیهاندا، بە توێژینەوەی تایبەتی لەسەر شانۆی کوردی.

١٤-دانانی وانەی هونەری شانۆ لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا قۆناغی دوازدە، بە مەرجێک ئەو وانەیە لە خزمەتی چیژ بەخشین و بواری زانستیدا بێت.

١٥- دانانی لیژنەیەکی پسپۆڕی بۆ چاپکردن و وەرگێڕانی میتودی هونەری شانۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی هونەری شانۆ لە کۆلێژ و پەیمانگەکان.

١٦- کردنەوەی زیاتر لە (٤٠) هۆڵی شانۆیی جۆراوجۆری تایبەت بە شانۆ لەسەر ستانداردی جیهانی

لە سەرجەم پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکیشەوە.

بۆ ئەم دیدارە شانۆییە دەڵێم: لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٠١١/٣/٢٧ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە هەولێر بەندە وتاری تیپ و گرووپە شانۆییەکانی شاری هەولێری خوێندەوە کە زۆربەی شانۆکارانی هەولێر و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانیش لەوێ ئامادە بوون، لە میانی وتارەکەدا داوام لە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان کرد کە بە زووترین کات دیدارێکی شانۆیی بۆ شانۆکارانی کوردستان ئەنجام بدرێت. وەزیریش هەر لەوێ بڕیاری دا کە وەزارەت بە زووترین کات ئەم دیدارە شانۆییە ئەنجام بدات، کە بووە مایەی دڵخۆشی هونەرمەندانی شانۆکار دوای ٩ مانگ دیدارەکە سازکرا! من دەمگوت ئەم هەموو دواکەوتنە لە سازدانی دیدارە شانۆییەکە دەبێ بەمەبەستی ئامادەکارییەکی زۆر باش بێت جیاواز لە دیدارەکانی پێشوو، بەڵام کاتێ لە هەموو تەوەرەکان ئامادەبووم، بۆم دەرکەوت ئەم دیدارە شانۆییە زۆر بە پەلەپرووزە ئەنجام دراوە کە بەچەند خاڵێک باس لە دیدارەکە دەکەم:

- هەندێ لەو هونەرمەندانەی دەستنیشان کرابوون بۆ ئەوەی باسەکەیان پێشکەش بکەن دەیانگوت، ئێمە پێش سێ ڕۆژ لە وادەی دیدارەکە ئاگادار کراوینەوە باس لەو تەوەرە بکەین کە بۆیان دەستنیشان کردووین.

- زۆربەی ئەوانەی باسەکانیان پێشکەش دەکرد، باسەکەیان وەک نووسین ئامادە نەکردبوو، بەشێوەی زارەکی بوو، بۆیە زۆر جار لەنێو گفتوگۆی شانۆکاران لەیەک حاڵی نەبوونێک بەدی دەکرا، بێجگە لە چەند شانۆکارێک ئەوانیش لە بەر نەبوونی ماوە نەیانتوانی بەتێروتەسەلی بابەتەکەیان پێشکەش بکەن.

- ئەوانەی بابەتەکانیان پێشکەش دەکرد، خاوەن توانایی بوون، بەڵام بەداخەوە زۆریش لە هونەرمەندانی لێهاتوو لە سەرجەم شارەکان پێویست بوو لەم دیدارە شانۆییەدا ئامادەبن کە خاوەن ئەزموونی گەورەن، کەچی فەرامۆش کرابوون.

- ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، هەندێ لەو هونەرمەندانەی کاتێ بابەتەکانیان پێشکەش کرد، دوایی ون بوون، بگرە لە کاتی گفتوگۆ و لە کۆتایی دیدارەکە و لە کاتی خوێندنەوەی پێشنیار و ڕاسپاردەکانیشدا لەوێ نەبوون!.

- لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی دیدارەکەدا هیچ لەتەوەرەکان کامێرایەک، یان ڕیکۆردەرێک نەبوو تاکو بابەتەکان و گفتوگۆکان تۆمار بکات.

- هەندێک لەو هونەرمەندانەی بۆ دیدارەکە بانگهێشت کرابوون لە هەر سێ ڕۆژی دیدارەکە نقەیان لێوە نەهات نە بەچاک نە بە خراپ قسەیان نەکرد.

- ماوەی قسەکردن لەسەر تەوەرەکان زۆر کەم بوو، بەجۆرێک بۆ هەر هونەرمەندێک تەنیا (١٥) خولەک مافی هەبوو لەسەر بابەتەکەی قسەبکات.

- بۆ ئەوەی بە تێروتەسەلی لەسەر بابەتەکان گفتوگۆ کرابا، دەبوایە ماوەی ڕۆژەکانی دیدارەکە زیاتر بووایە.

-ئامادە نەبوونی هونەرمەندانی شانۆکار لە کاتی گفتوگۆی تەوەرەکان، بەتایبەتی هونەرمەندانی شاری هەولێر بەو پێیەی دیدارەکە لە شاری هەولێر بوو.

- ئەو تەوەرانەی دەستنیشان کرابوون زۆر باش بوون، بەڵام هەندێ تەوەری دیکە زۆر پێویست بوو گفتوگۆیان لەسەر بکرێت وەک: ڕەخنەو ڕەخنەگر، دەقی شانۆیی خۆمالّی و بیانی.

- ئامادە نەبوونی لایەنی پێوەندیدار لە کاتی بەڕێوەچوونی تەوەرەکان وەک سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان نوێنەری وەزارەتی پەروەردە، نوێنەری وەزارەتی دارایی، نوێنەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە هەندێ کێشە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بەوانەوە.

بەو هیوایەی ئەم دیدارە شانۆییە وەک دیدارەکانی دیکە نەبێت تەنیا مەبەست سازدانی دیداری شانۆ بێت، بەڵکو ئەنجامی باشی هەبێت، چونکە من خۆم پێشتر لە سێ دیداری شانۆیی لەسەر ئاستی هەرێم بەشدار بووم، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.

پێدەچێت وەک نەریتێکی سالّانە وەزارەتی ڕۆشنبیری دیدار و سیمینار بۆ ڕەوتی ئەمڕۆی شانۆی کوردی ساز بکات، بەڵام بێ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کارەکانی پیشووی خۆی بکات.

دەرهێنەر لە شانۆی هەولێردا
١٩٧٠ - ١٩٩٠

موحسین محەمەد

پێشەکی

هونەری دەرهێنانی شانۆیی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی شانۆیی، ئەم هونەرە لە کوردستان مێژووی خۆی هەیەو بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. دەرهێنانی شانۆیی بەداخەوە تاوەکو ئەمڕۆ زۆر بە دەگمەن توێژینەوەی لەسەر کراوە، بۆیە بە پێویستم زانی سەرەتا توێژینەوەی مێژوویی لە کار و شێوازی دەرهێنەرەکان بکەم، بۆ ئەم مەبەستەش قۆناغی بەر لە ڕاپەڕینم وەکو سەردەمێکی مێژوویی هەڵبژاردووە، لە دەرفەتێکی تردا دێمە سەر ئەو بیست ساڵەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین، بەو ئومێدەی بتوانم هونەری دەرهێنانی شانۆیی و ئاستە جیاوازەکانی بەدیار بخەم.

دەرهێنانی شانۆیی بە پێوەرە ئەکادیمییەکەی بەدیدی من لە ساڵی لە ١٩٧٠ دەست پێدەکات، ئەو کاتەی ڕێکەوتننامەی مێژوویی یازدەی ئادار لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردو حکوومەتی بە غدا ڕاگەیەنرا، ئەو زەمینەی ئازادییە، پۆلێک دەرهێنەری شانۆیی هونەری پیشەیی بەخشییە شانۆکانی کوردستان. قۆناغی ئەو ڕێکەوتننامەیە چوار ساڵی خایاند، پاشان حکوومەتی بەغدا لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆوە، شەڕ لە پێناو ئازادی و مافەکانی گەلی کورد هەڵگیرسایەوە، بەڵام ئاستی شانۆیی دانەبەزی، بەڵکو شانۆکە پتر بووە هونەرێکی پیشەیی ئەکادیمی، ئەو قۆناغەش بیست ساڵی خایاند. حکوومەتی عیراق لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ دەوڵەتی کوێتی داگیرکرد، لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییەدا هێزی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ ئازادکردنی دەوڵەتی کوێت پێکهێنرا، لە ئەنجامی ئەو ئازادکردنەشدا، ڕاپەرینی خەڵکی عیراق بە گشتی دژی حکوومەتی دیکتاتۆری بەغدا سەری هەڵدا، لە ئاداری ١٩٩١ گەلی کوردیش ئەم بەشەی ئێستای هەرێمی کوردستانی ئازاد کرد، بەم ڕووداوانەش قۆناغێکی نوێ هاتە دی کە بە قۆناغی دوای ڕاپەڕین ناسراوە.

ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییەی من تەنیا قۆناغی یەکەم دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان ١٩٧٠ - ١٩٩٠، حەز دەکەم ئەمە ڕوون بکەمەوە، بابەتەکەم نە لە دوور، نە لە نزیک باسی شانۆی مندالان، یان شانۆی لاوان، یان شانۆی ئارەزوومەندان وەکو کرێکاران، یان جووتیاران ناکات، هەروەها باسی بزاڤی شانۆی شۆڕش ناکات کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا نمایش کراون، بێ گومان ئەم جۆرە شانۆیە لە ناو هەر شۆڕشێکدا بێت ئامانجی خۆی هەیە. مەبەستی سەرەکی من لەم لێکۆڵینەوەیە، بەدیارخستنی ئاست و شێوازی دەرهێنەری هونەری پیشەییە، کە ئەکادیمییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەم ڕەوتە هونەرییەدا بینیوە، بێ گومان شانۆی پیشەیی هونەری جیاوازییەکی

تەڵعەت سامان

زۆری لەگەڵ ئەو جۆرە شانۆیانەدا هەیە کە ناومان هێنان. هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیەم وەک دەروازەیەکی مێژوویی هونەری سوودی خۆی هەبێت.

سەرەتایەکی مێژوویی

شانۆی نوێی کوردی، ئەو هونەرەی کە لەسەر شێوەی شانۆی ئەوروپایی پەیدابووە، لەشاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١ کاتێک بۆ یەکەم جار شانۆگەری سەلاحەددینی ئەیوبی لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا پێشکەش کراوە. بێ گومان سەرەتای پەیدابوونی ئەم هونەرە شێوەی چالاکییەکی هونەری و ڕۆشنبیری ئارەزوومەندانە بووە، دوور بووە لە بەهاکانی هونەری ئەکادیمی و پیشەیی. ئەم ڕەوتەی شانۆی ئارەزوومەندانەی قوتابیانی ئەو سەردەم، تاوەکو دوا دوای شەستەکانی هەمان سەدە درێژەی کێشاوە.

هونەرمەند جەواد ڕەسوڵ ناجی مامۆستایەکی هونەری شێوەکاری هەولێر بوو، ئەو هونەرمەندە بەهرەیەکی زۆری لە بواڕە جۆربەجۆرەکانی هونەردا هەبوو. لەساڵی ١٩٥٣شانۆگەری ئۆتیللۆی دەرهێناوە. ئەو شانۆگەرییە لەسەر ئاستی دەرهێنەر و دەرهێنانی شانۆیی شارەکە، گۆڕانکارییەکی مەزنی بەدی هێنا. ئەوسا سەفوەت جەڕاح لەو شانۆگەرییەدا بەشداری دەکات، پاش ئەو بەرهەمە ئارەزووی خوێندنی شانۆیی دەکا. سەفوەت جەڕاح بەخت یاوەری دەبێت و لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەردەگیرێ، لەساڵی ١٩٥٨ پەیمانگە تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر دوو شانۆگەری دەردەهێنێ. هونەرمەندی پێشەنگی شانۆی عیراقی حەقی شبلی لە بەغدا دەزگایەکی شانۆیی دادەمەزرێنی، لەسەر داوای حەقی شبلی، سەفوەت جەڕاح دەگەڕێتەوە بەغدا و لە دەزگایەکە وەکو ئەکتەر جێگیر دەبێت، بەشداری لەشانۆگەرییەکانی عیراقدا دەکات. سەفوەت لەو ماوە کورتەیدا، لە شەستەکان کاریگەری خۆی لەسەر سەباح عەبدولڕەحمان بەجێ دەهێڵێ، ئەویش دەچێتە بەغدا بۆ خوێندنی شانۆ، لە ساڵی ١٩٦٨پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەواو دەکات. لە ڕووی مێژوویییەوە، ئەو قۆناغەی سەفوەت دەتوانین بە ئەڵقەی یەکەمی دەرهێنەر و دەرهێنانی شانۆی پیشەیی هونەری شاری هەولێر ناو ببەین. ئەڵقەیەکی تر کە تا ئێستا سەرەتایەکەی ڕوون نییە، تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف کە لە گەڕەکێک دەژیان، تەڵعەت سامان ئارەزووی خوێندنی شانۆیی دەکات و دەچێتە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا، ساڵێکیش دوای ئەو فەرهاد شەریف دەچێتە هەمان بەش، تەڵعەت سامان لە ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لە بواری شانۆدا بەدەست دێنێ، فەرهاد شەریف-یش دوای ئەو بەساڵێک خوێندن تەواو دەکات، (زوهێر عەبدولمەسیح)یش لە دوای فەرهاد شەریف خوێندنی ئەکادیمی لە بەشی سینەما تەواو دەکات. لە ڕاستیدا ئەم دوو ئەڵقە مێژوویییەی دەرهێنەری شانۆیی لە شاری هەولێر گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر ئاست و مێژووی شانۆی شارەکەدا هێنا. حەفتایەکان قۆناغێکی زۆر گرینگی هەموو بواڕە کولتوورییەکان بوو، هونەری شانۆ بە سوودوەرگرتن لە زەمینەی ئازادی، زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە.

هەر لەو سەردەمە مێژوویییەدا، سەعدوون یوونس، فەتاح خەتاب، پەیمان بەگۆک، ساڵح عومەر ناسراو بە ساڵح بریخت لە هەولێرەوە بە نیازی خوێندنی شانۆیی دەچنە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، ئەو پۆلە بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی دبلۆمی شانۆیی لەو بواڕەدا بەدەست دێنن، ئەو هونەرمەندانە دەگەڕێنەوە هەولێر و بەگەرمی بەشداری لە بووژانەوەی شانۆی پیشەیی هونەری دەکەن، دەکرێ دەرچوونی ئەوان بە ئەڵقەی سێیەمی شانۆی ئەکادیمی هەولێر پێناسە بکرێت. لە نیوەی دووەمی حەفتایەکان وەلید مەعرووف و سەمیر

عەبدۆک دەچنە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، سەمیر سینەما تەواو دەکات، وەلید مەعروفیش شانۆ. لە ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دامەزرا، بەم ڕووداوەش زەمینەیەکی گەورەتر بۆ شانۆکاری کورد پەیدا بوو، ئەوە بوو هەر پێنج ساڵ جارێک پۆلێک دەرهێنەر خوێندنیان تەواو دەکرد و دەهاتنە سەر شانۆکان، ئەو پەیمانگەیە بۆ شانۆی هەشتاکان تا ڕادەیەکی زۆر سوودی خۆی گەیاندە بزاڤی شانۆیی سلێمانی. چەند قوتابییەکی هەولێریش بە خت یاوەریان دەبێت و لەو پەیمانگەیەدا وەردەگیرێن. شانۆی کوردی لە شاری هەولێر بە دەرچوونی ئەو پۆلە هونەرمەندەی کە ناومان بردن، توانییان ئاستی شانۆی ئارەزوومەندانە لە حەفتایەکان بۆ شانۆی پیشەیی هونەری بگۆڕن، لە هەشتایەکاندا هونەری شانۆ لەم شارەدا بەتەواوی چووە قۆناغی شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری، گومانی تێدا نییە دەرهێنەرانی شانۆ هۆکاری سەرەکی بوون لەم گۆڕانکارییە مەزنە هونەرییەدا.

دەرهێنەرانی شانۆی هەولێر ١٩٧٠ - ١٩٩٠
نووسەر و دەرهێنەر تەڵعەت سامان

نووسەر و دەرهێنەری شانۆیی تەڵعەت سامان لەسەرەتای حەفتایەکان یەکەمین کەس بووە کە بە دوو توانایی ئەکادیمی، نووسین و دەرهێنان، بزاڤی شانۆیی لە شاری هەولێر بەرەو قۆناغی هونەری پیشەیی گواستۆتەوە. دوای نمایشکردنی شانۆگەری نەفرەت لێکراو کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بوو، وەکو پێویستییەک بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری شانۆدا، بەرهەمەکەی لە ساڵی ١٩٧٠ بەزمانی عەرەبی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا نمایش کرد، پاشان بە زمانی کوردی وەک بەرهەمێکی شانۆیی لە بەغدا پیشان درا. تەڵعەت سامان هەر لەو ڕۆژەی ئەو بڕوانامەیەی بە دەست هێناوە، بەبێ وچان بۆ شانۆی دەنووسی و دەری دەهێنا. بە ئاوڕدانەوەیەک لە بەرهەمە شانۆییەکانی حەفتایەکان، تەڵعەت سامان بە پلەی یەکەم زۆرترین بەرهەمی شانۆیی نمایش کردووە، دەکرێ بڵێین: کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی شانۆی نەتەوەییە لە کوردستان بەگشتی و لە شاری هەولێر بەتایبەتی. لەو دەیەدا دوازدە شانۆگەری دەرهێناوە کە زۆربەیان بە خۆی نووسیویەتی، یان ئامادەی کردووە. (ترس، نووسینی خۆی، دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار، نووسینی زەکی ئەحمەد هەناری، بووکی پەردە، نووسینی عەبدولڕەزاق بیمار، خاڵۆی ڕێبوار، نووسینی محەمە مەولوود مەم، خەملێ پەمۆ، نووسینی حەسەن قزڵجی، تاقیکردنەوەیەک، نووسینی خۆی، کاوەی ئاسنگەر یەکێکیان خۆی ئامادەی کردبوو، دووەمیان مستەفا ڕابەر ئامادەی کردبوو، مەم و زین نووسینی خۆی، پیلان، نووسینی محەمە مەولوود مەم، قەل و ڕووتە، نووسینی خۆی، پیشانگە، نووسینی مەهدی ئومێد) لە هەشتایەکان کە بە سەردەمی هەشت ساڵەی جەنگی عیراق- ئێران ناسراوە، ئاستی نووسین و دەرهێنانی شانۆیی ئەو بە تەواوی ڕووی لە بابەتە مێژوویی و سیاسییەکان کرد.

لەو دە ساڵەدا نۆ شانۆگەری دەرهێناوە (گێچەڵەکانی حەمە وەی وەی، نووسینی خۆی، بووکی بەفر، نووسینی مەهدی ئومێد، قەڵای دم دم، خۆی ئامادەی کردبوو، خانزادێکی تر، نووسینی خۆی، فایلی شەست و حەفت، نووسینی ئیسماعیل فەهد ئیسماعیل، شاری ئەوین، نووسینی خۆی، خەج و سیامەند، نووسینی نازم دڵبەند، ئەفسانەی چیای ئاگری و حەمەدۆک، نووسینی یەشار کەمال). لە ماوەی بیست ساڵدا بەشداری لە دامەزراندنی سێ تیپی هونەریدا دەکات: تیپی شانۆی لاوان، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لقی هەولێر، تیپی هونەری نوێ. لە نیوەی دووەمی هەشتایەکان لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی شانۆیی داوای دامەزراندنی تیپی شانۆی سامان دەکەن، بەڵام (دائیرەی ئەمنی هەولێر) بە وەڵامێکی زۆر سەیر دەڵێت: ڕازین لەسەر دامەزراندنی ئەو تیپە بە مەرجێک، تەڵعەت سامان و غازی غەفوور و نەوزاد ڕەمەزانی تێدا نەبێت). لە حەفتایەکان چەندین ئەکتەری خۆڕسک دێنێتە سەر شانۆ، دواتر ژمارەیەکیان هونەرمەندی بەتوانایان لێدەرچوو، هەندێکیان تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامن، هەندێکیشیان بە پێی بارودۆخی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی وازیان لە شانۆ هێناوە، یان بوونەتە پێشمەرگە، پاشان چوونەتە هەندەران لەوانە: قاسم عەزیز، شێرزاد ڕەنجەڕۆ، پەیمان بەگۆک دەرچووی پەیمانگە بوو، ئەسعەد عومەر، دڵشاد سامان. ئەو ئەکتەرانەی کە تا ئێستا بەردەوامن و لە ژێر دەستی ئەو دەرهێنەرە پەروەردەبوون: شێرزاد پۆلیس، شوکرووڵڵا شێخانی، غازی غەفوور، نەوزاد ڕەمەزان. بەرهەمەکانی تەڵعەت سامان، ئەگەر هەمووی نەبێ، ئەوە زۆربەیان سیاسی و مێژووین، لە هەناوی کولتووری کوردی و مێژووی گەلی کورد هەڵهێنجراون. ئەو هەمیشە لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤی کورد دەدوێت، بەردەوام هەوڵی داوە پەیامێک بێت بۆ چاکسازی سیاسی و کۆمەڵایەتی.



سەباح عەبدولڕەحمان

کێشەی بابەتەکانی ئەو بەتەنیا کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان نەبووە، بەڵکو کێشەی سنوور و دابڕانی کورد و خەمی کوردی هەموو پارچەکانی لە ئەستۆ بوو. ئەو کەسێک نەبووە تەنیا بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی، یان نەتەوەیی کاری کردبێت، بەڵکو زۆر بایەخی بە هونەری نواندن و دەرهێنان بە پلەی سەرەکی، پاشان پێکهاتەکانی دیکەی شانۆیی داوە. تەڵعەت سامان لە ژیانیدا کاری نواندنی نەکردووە، بەڵام ئەو هەمیشە لە ڕۆژانی پرۆڤەکردنی شانۆگەرییەکانیدا ئەگەر ڕای لە شێوە، یان ئاستی ئەکتەرەکەی نەبوایە، ئەوە لە پێش ئەکتەرەکە تەمسیلی دەکرد، پاشان داوای لێدەکرد لاسایی بکاتەوە، بێ گومان ئەو خەسڵەتەی بۆ هەموو ئەکتەرەکان نەبووە، ئەو پرسیارەم لە هونەرمەندان: عەلی ئەحمەد، ئیبراهیم حەکیم، موئەیەد فەقێ کرد، کە لە هەندێ لە ئیشەکانی ئەو ئەکتەر بوونە، هەرسێکیان کۆک بوون لەسەر ئەوەی تەڵعەت سامان لە کاتی پرۆڤەکردن، تەمسیل بۆ ئەکتەرەکانی دەکات. سەبارەت بە شێوەی شانۆی ئەو بە گشتی شانۆی ڕیالیزم بووە.لە بەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە لە چوارچێوەی شانۆی ڕیالیزمی ڕەخنەیی بنیادی دەق و دەرهێنانەکەی بکات. پێکهاتەی هونەری ئەو لە جووڵانەوە، دیکۆر، جلو بەرگ، هەندێ جار مۆسیقای دانراو، کەلوپەلەکان هەمووی کوردی بوون. لە شانۆگەری مەم و زین، هەموو بوارەکانی شانۆیی لە دەق و نواندن و دەرهێنان و جلو بەرگ و دیکۆری شانۆیی گەیاندە لووتکەی دەرهێنانی شانۆی کوردی، باشترین ئەکتەرانی ئەوسا بەشداربیان تێدا کردبوو. سەعدوون یوونس لە ڕۆڵی دەرویش، فەرهاد شەریف لە ڕۆڵی میر زەینەددین و پەیمان بەگۆک، مەم و ئاشتی عەبدولکەریم لە ڕۆڵی زین، سالح بریتخیش لە ڕۆڵی بەکری مەرگەوەڕ، تواناییەکی بەرز و جوانی هونەری نواندنی گەیاندە بینەران. شانۆگەری مەم و زین پێکهاتەیەکی هونەری شانۆی کوردی زۆر مەزن بوو، هەر کەسێک ئەو شانۆگەرییەی بینیبێ، زۆر ئەستەمە بتوانێ لەبیری بکات. ماوەی حەفت ڕۆژ بینەر بە پلیت شانۆگەرییەکەی دەبینی، لەم بەرهەمەدا هیچ جۆرە کێشەیەک لە توانایی و ئاستی هونەرمەندەکاندا نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە کورد و هونەرەکەی کیانێکی سیاسییان نەبوو ئەو تواناییانە لەباوەش بگرێت و پەرەیان پێ بدات. هەر ئەم هۆیە بوو ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرانی بەشدار بوو، بە تایبەتی ئافرەتەکان لە شانۆ دوورکەوتنەوە. ئەمڕۆ کە پتر لە سی و شەش ساڵ بەسەر نمایشی مەم و زیندا تێپەڕیوە، شانۆی هەولێر ئەگەر (هەبوو نەبوو)ی سەباح عەبدولڕەحمانی لێ دەربهێنین، هیچ شانۆگەرییەک نەیتوانیوە بگاتە ئاستی مەم و زین.

بێ گومان هۆکاری سەرکەوتنی هەر شانۆگەرییەک بە پلەی یەکەم لەسەر سێ کۆڵەگەی سەرەکی دەوەستێت کە بریتین لە دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر. تەڵعەت سامان بۆ خۆشی لە دوای مەم و زین چەندین کاری شانۆیی پیشەیی هونەری نمایش کردووە، بەڵام وەک ڕاستییەک بەرهەمەکان نەدەگەیشتنە ئاستی مەم و زین. ئەو لەهەموو کارەکانیدا تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ کێشەکان هەبوو، هەمیشە خوێندنەوەی خۆی بۆ مێژوو هەبووە. لە شانۆگەری (پیلان) ئامانج و تاکتیکی دوژمنان بەرانبەر بەکورد دەخاتە ڕوو. لە قەڵ و ڕووتەدا، پێشبینی هەڵبژاردن و دەنگدانی گاڵتەجارانە دەکات. لە خانزادێکی تر مێژوو بە چەشنێکی تر دەخوێنێتەوە، لەجیاتی ئەوەی لەشکری بکوژرێ، خانزاد ئەڵقەی دەزگیرانی لە پەنجەی دەکات. نووسەر و دەرهێنەری شانۆیی تەڵعەت سامان هەر لەسەرەتای ژیانی هونەرییەوە دەیزانی بۆچی خەبات دەکات، ئەو بە هۆشیاری تەواو لەگەڵ ڕەوتی سیاسی سەردەمەکان، دەقەکانی دەنووسی و نمایشی دەکردن. لە دوای دروستبوونی سانسۆر لەسەر دەقی ئەدەبی بە گشتی و هونەری شانۆ بەتایبەتی، کارەکانی ئەو هەمیشە دەکەوتە

ژێر نەشتەری چاودێرانی حکوومەتی بەغدا. زۆر جار شانۆگەرییەکانی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی وەستاندن وەک شانۆگەری شاری ئەوین، شانۆگەری پیلان. ئەگەر هەموو دەقەکانی نەبێت، ئەوە بەشی هەرە زۆری دەقەکانی کەوتۆتە بەر مەقەسی سانسۆر. هەندێ جار ناوی شانۆگەرییەکەیان پێ گۆڕیوە وەکو شانۆگەری ئەژدیها کرایە شاری ئەوین، بەڵام ئەو دوا جار بەرهەمەکەی پیشان دەدا، کەمو کوڕیەکانی لە کاتی دەرهێناندا پڕ دەکردەوە. تەڵعەت سامان بڕوای تەواوی بە دەقەکانی هەبوو، بۆیە دەبینین هەر دەقێکی چەندین جار بڵاوکراوەتەوە. بەرهەمەکانی لە هەر سەردەمێک بوایە، بینەری خۆی هەبوو، نرخی پلیت هەر چەند بوایە لە حەفت ڕۆژ کەمتر شانۆگەرییەکانی پێشکەش نەدەکرد. هەمیشە لە دوای نمایشەکانی چەندین بابەتی ڕۆژنامەگەری و ڕەخنەیی لەسەر شانۆگەرییەکانی ئەو دەنووسران. بە کورتی دەتوانین بڵێین: نووسەر و هونەرمەند تەڵعەت سامان، پێکهاتەیەکی تەواوی هونەری شانۆی پیشەیی ئەکادیمی جەماوەری بووە لە شاری هەولێر. لە دەیەی یەکەمی قۆناغی دوای ڕاپەڕین ئەو لەکار و بەرهەم هێنانی شانۆییدا، بەهەمان شێوەی شانۆی پێشووی، بە ناوەڕۆکی جیاواز ڕوو لە بینەرانی دەکات.

ئەکتەر و دەرهێنەر سەباح عەبدوڵڕەحمان

هونەرمەند سەباح عەبدوڵڕەحمان دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدایە، بەر لە سەعدوون یوونس کاری دەرهێنانی شانۆیی کردووە و هاوسەردەمی دەرهێنەر تەڵعەت سامانە، کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی شانۆی ئەکادیمییە لەشاری هەولێر. سەباح عەبدوڵڕەحمان لە ژێر کاریگەری ئەڵقەی یەکەمی شانۆی ئەکادیمی هەولێر بەر لە نووسەر و دەرهێنەر تەڵعەت سامان خوێندنی تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی دبلۆمی هونەری لە بواری شانۆدا بەدەست هێناوە. دوای دەرچوونی وەک پسپۆرێک لە چالاکی قوتابخانەکان دادەمەزرێ، لە ماوەی دوو سێ ساڵدا چەندین چالاکی شانۆیی لە بۆنەکانی حکوومەتدا نمایش دەکات، وەک: ڕۆژی ئافرەتان، ڕۆژی نەخوێندەواری... لە ساڵی ١٩٧١ بە شانۆگەری مەسەلەی شەرەف و شانۆگەری فاڵچی، زۆر بەگەرمی دێتە سەر شانۆی هونەری پیشەیی هەولێر. هەر ئەو کات سەباح عەبدوڵڕەحمان کۆمەڵێک ئەکتەری نوێی خۆڕسک کۆدەکاتەوە، دواتر ڕۆڵێکی گرینگی لە پێگەیاندنی چەند ئەکتەرێک بینی. شانۆگەری مەسەلەی شەرەف و فاڵچی کە لە تەلەڤزیۆن نمایش کراون، هەروەک لە ناوەکەیان دیارە، بابەتەکانیان چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دەخستە ڕوو.

سەباح عەبدوڵڕەحمان لە شانۆگەری شێرپەنجە کە دواتر بە ناوی (مارەیی) بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار کرا، شانۆگەری مەسەلەی شارێک، قاڵبی شانۆی کۆمەڵایەتی ئەو بەتەواوی دەچەسپێت. ئەگەر بمانەوێ لێکۆڵینەوە لە بابەتی کۆمەڵایەتی لە شانۆی کوردیدا بکەین، ئەوە ئیشەکانی سەباح عەبدوڵڕەحمان باشترین سەرچاوەی ئەو لایەنە شانۆییەن. لە ماوەی حەفتایەکاندا ئاستی هونەری سەباح عەبدوڵڕەحمان بە شانۆگەری چاڵپاو نووسینی، مەکسیم گۆرگی و وەرگێڕانی عەزیز گەردی زۆر بەرزدەبێتەوە، لەو بەرهەمەدا بە کوردی کردنی دەقێکی جیهانی بە ئاستی شانۆییەکی ڕیالیزمی مەزن، شێوەیەکی زۆر گرینگی هونەری بە شانۆی شارەکە دەناسێنێ، لەو ئیشەدا جۆرە وەرچەرخانێک بەسەر ئاستی هونەری ئەودا دێت، دوای ئەو سەرکەوتنەی، شێوازە هونەرییەکەی لە هەبوو نەبوو، لاس و خەزاڵ دەگاتە لووتکە. شانۆگەری چاڵپاو جۆرە ئاوێتە بوونێکی شانۆی کوردییە بە شانۆی جیهانی. بەدیدی من ئەو ئامادەکردنە سەرکەوتووترین شێوازی هونەرییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شانۆی کوردی بۆ شانۆی جیهانی. چاڵپاو بێجگە لە شێوازی ئامادەکردن و دەرهێنانەکەی، توانایی نواندنی ئەکتەرەکان پڕ بوو لە هەستی هونەری ڕیالیزم. سەرکەوتنی ئەو شانۆگەرییە، سەباح عەبدوڵڕەحمانی هان دا لە شانۆگەری هەبوو نەبووی قاسم محەمەد بە هەمان شێوەی چاڵپاو کاربکات. سەباح عەبدوڵڕەحمان لەماوەی حەفتایەکاندا بە هیچ شێوەیەک کاری لەسەر بابەتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی نەکردووە، وا پێدەچێ نەکەوتبێتە ژێرکاریگەریی ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمەوە، بۆیە دەبینین بەرهەمەکانی زۆربەیان کۆمەڵایەتین، تەنیا کاوەی ئاسنگەر و ئۆپەرێتی کاروانی خەبات نەبێ، دووەمیان، نووسینی مومتاز حەیدەری بوو. هەرچەندە من ئەو ئۆپەرێتەم نەبینیبوو، بەڵام ئەوەی ئێمە لە ساڵی ١٩٧٦ لە دەرهێنانی سوبحی کۆیی نمایشمان کرد، مەبەست لەو خەباتە ئازادی بوو بۆ هاونیشتیمانیانی عیراقی بە کورد و عەرەبەوە. سەباح عەبدوڵڕەحمانی ئەکتەر و دەرهێنەر، هەوڵی داوە بینەر لە دابونەریتە کۆنەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کورد هۆشیار

سەعدوون یوونس

بکاتەوە. دوای ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو دەرهێنەرە لە شانۆگەری چلّپاو، بە شانۆگەری هەبوو نەبوو نووسینی قاسم محەمەد، وەرگێڕانی عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە هەموو ئاستەکانی نواندن، دەرهێنان، دەقی ئامادەکراو، جلو بەرگ دەگاتە لووتکەی داهێنانی هونەری شانۆی کوردی. دوای ئەوەی هەبوو نەبوو لە تەلەڤزیۆن پەخش دەکرێت، کاریگەرییەکی مەزن و بێ وێنە لە میژووی شانۆی کوردیدا بەسەر بینەران بەجێ دەهێڵێت، هەبوو نەبوو تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، تامو چێژ و کاریگەری خۆی بەسەر بینەرانەوە هەیە، زۆر کەس لەو بڕوایەدان جارێکی تر شانۆی هەولێر ناتوانێ بگاتەوە ئەو ئاستە هونەرییەی هەبوو نەبوو. بەڕای من هۆکاری هەرە سەرەکی لە سەرکەوتنی ئەو ئیشە، دەقەکەو ئامادەکردنەکەی لەلایەک، سەعدوون یوونس و ئەکتەرە بە ئەزموونەکانی تر لەلایەکی تر بوون.

بێ گومان بەسەر ئاوخستنی هەموو ئەو تواناییانەش بۆ دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان و بە کوردی کردنی ژینگەی دەقەکە دەگەڕێتەوە. نکولّی لە ئاستی تەکنیکی دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییە ناکرێ، بەڵام جیاوازییەکی مەزن لەگەڵ دەق و شێوازی دەرهێنانەکەی خودی نووسەر قاسم محەمەد هەبوو، من ئەو شانۆگەرییەم بە عەرەبی بینیوە، ئەوەی قاسم محەمەد بەتەواوی داستانی بوو، ئەو بە تاڵەمووێک لە شانۆی بڕێخت لای نەدابوو، دەقەکەشی لە بنەڕەتدا لەسەر هزر و تیوری شانۆی برتۆلد بڕێختی ئەڵمانی بنیاد نرابوو، بەڵام ئەو کولتوورانەنە کوردییەی سەباح عەبدولڕەحمان پتر لە شانۆگەرییەکی ڕیالیزمی کوردی نزیک کردبۆوە، لەبەر ئەمە هەموو ئەکتەرەکان لەسەر پێڕەوی ستانیسلاڤسکی بۆ نواندن (چوونە ناو کارەکتەر) کاریان کردبوو، ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەیە کە شانۆگەرییەکەی لەسەر بنیاد نرابوو. قاسم محەمەد کاری بۆ جوولّاندنەوەی هزری بینەران کردبوو، بەڵام سەباح عەبدولڕەحمان کاری لەسەر جووڵانەوەی سۆزی بینەران کردبوو. هەر دوای بڵاوبوونەوەی ناوبانگی سەباح عەبدولڕەحمان و گرووپەکەی لە هەبوو نەبوودا، دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو شێوازی کارکردنە، هەر زوو بەهەمان مەبەست کار لە شانۆگەری لاس و خەزاڵ نووسینی نازم دلّبەند دەکات. لەو شانۆگەرییەشدا حکایەتخوان هەیە ڕووداوەکان دەباتە پێشەوە، بەڵام دووبارە چوونە ناو کارەکتەر بە پێڕەوی شانۆی ڕیالیزمی دەروونی دەبینینەوە. لاس و خەزاڵ وەک ئامادەکردنێکی شانۆیی دیکە توانی لە ماوەی نۆ ڕۆژدا بینەرێکی یەکجار زۆر ڕابکێشێتە ناو هۆڵی گەل، بینەرانی ئەوسا وەک هەر شانۆیەکی پیشەیی هونەری جیهانی بە پلیت بۆ بینینی شانۆگەرییەکان دەچوون. شانۆگەری لاس و خەزاڵ دووبارە کاری لەسەر کرایە وەک فیلمێکی کولتووری کوردی تۆمار کرا و چەندین جار لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک نمایش کراوە.

سەباح عەبدولڕەحمانی دەرهێنەر و ئەکتەر بە هەر چوار شانۆگەری، فاڵچی، چلّپاو، هەبوو نەبوو، لاس و خەزاڵ، لە کوردستان ناوبانگێکی هونەری زۆری پەیدا کرد، بەداخەوە لەدوای ئەم چوار شانۆگەرییە، چرای داهێنانی هونەری ئەو بەرە بەرە کز دەبێت، لەشانۆگەری مرۆڤ و ئازارەکانی، لە نمایشێک چۆن مۆنکیبۆت لە ئازارەکانی ڕزگار دەبێت لە نمایشێکی تردا، ئاستی دەرهێنانی ئەو بەتەواوی کز دەبێت، لە شانۆگەری تاشەبەرد و چاڵدا بەتەواوی بەردەبێتەوە. هەر ئەو بەربوونەوە شانۆییە بوو، ئیتر قۆناغی ڕاپەرینی بەسەرداهات، سەباح عەبدولڕەحمان وەک دەرهێنەر نەیتوانی ڕاست ببێتەوە، بەڵام بۆ ویژدان ئەو هەر کاتێک وەک ئەکتەر ئامادە بێت، دەتوانی مافی ئەو ڕۆڵە بدات کە یاری تێدا دەکات، ئەوەشمان لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی مەمی ئالان دەرهێنانی ناسر حەسەندا بینی. سەباح عەبدولڕەحمانی دەرهێنەر چەشنی هەردوو هاوشانەکەی تەڵعەت سامان و سەعدوون یوونس، خاسیەتی

دەرهێنەری ئەکادیمی هەبوو، چەندین شانۆگەری منداڵان و ئۆپەرێتی نمایش کـردووە. بەشـداری لە دامـەزراندنی تیپی هونەری هەولێر و تیپی نواندنی هەولێری سەر بە شانۆ و هونەر مللییەکانی بەغدا کردووە، هەروەها تیپی شـانۆی ڕۆشنبـیـری. هەروا دەسـتـێکی باڵای لە پێگەیاندنی چەندین ئەکـتـەری خـاوەن توانایی هەبوو لەوانە: سـەلام کۆیی، شلێر ئەحـمـەد، عـەلی ئەحـمـەد، جەلال بەیار، فـەیسـەڵ مـحـەمـەد سـاڵح، عـەبدولڕەزاق شەمسەددین، خەلیل یابە، ئەحمەد جەمیل. سەبارەت بە شێوازی ئیشکردن و پڕۆژەکردن لە شانۆگـەرییـەکانی سـەباح عـەبدولڕەحـمـان، مـوئەیەد فـەقێ دەڵێت: سـەباح عـەبدولڕەحـمـان تەنیـا ڕێنمـایی ئەکـتـەرەکان دەکـات، تەمسیلیـان بۆ ناکات. ئیبراهیم حەکیم دەڵێت: سەباح عەبدولڕەحمان ڕێنمایی ئەکتەر دەکات، هەندێ جاریش تەمسیل بۆ ئەکتەرەکەی دەکات. عەلی ئەحمەد دەڵێت: سـەباح عـەبدولڕەحـمـان تەنیـا ڕێنمـایی هونەرمـەندە پیشەییەکان دەکات، بەڵام ئەوانەی کە ئەزموونیان کەمە هەندێ جار تەمسیلیان بۆ دەکات. سەباح عەبدولڕەحمان وەکـو نووسـەر لە چەند شـانۆگـەرییـەکـدا ناوی دەبینین، بەڵام ئەو دەقانە تاوەکو ئەمڕۆ بڵاونەکراونەتەوە، بەدیدی من دەقەکان ئەو ئاستەیان نەبووە، یان نەیویستووە خۆی بە خـاوەنی دەقـەکـان بزانێ، بۆیە نووسـەر پاشی نمایشکردنیـان چاوپۆشی لە لەچاپدان و بڵاوکردنەوەیان دەکات.

نووسەری شانۆیی حەمەکـەریم هەورامی لە شانۆگەری فـاڵچی دوای نمایشکردن، لەبەر ئەوەی مـتـمـانـەی بە ئاستی دەقەکەی هەبوو، لە دووتوێی کتێبێکدا لەگـەڵ پێشەکییەکی زۆر جوان لەبارەی مێژووی شانۆی کوردی بەچاپی گـەیاند. بەداخـەوە تاوەکـو ئەمـڕۆ یەک دەقی بڵاوکـراوەی سەباح عـەبدولڕەحمانمان نەبینیـوە. لە دوای ڕاپەڕین ئەکـتـەر و دەرهێنەر بەتەواوی چرای دەرهێنانی شانۆیی دەکوژێتەوە، لەو بڕوایە دانیم بتوانێ لە ئایندەدا جارێکی تر چرای داهێنانی ئەو ڕۆشن ببێتەوە.

ئەکتەر و دەرهێنەر سەعدوون یوونس

ئەکـتـەر و دەرهێنەر سـەعـدوون یوونس یەکـێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی شانۆی پیشەیی هونەری ئەکادیمی هەولێـر، سـەرەتای ژیانی شـانۆیی لە دوای سـەباح عەبدولڕەحمان و تەڵعەت سامان دەست پێدەکات. ئەو وەکـو هەر دەرهێنەرێکی لاساییکەرەوە، سەرەتا ئیـشی لەناو دەقی جـیـهـانی، یان شـانۆی عـەرەبی کـردووە. بەرهەمـەکـانی سـەعـدوون یوونس بە بەراورد لەگـەڵ کارەکانی سەباح عەبدولڕەحمان، لە سەر ئاستی نواندن و دەرهێنان، بێجگە لە شانۆگـەری چلّپـاو، هەبوو نەبوو، لاس و خەزاڵ، لەڕووی هزری هونەرییەوە ئاستێکی زۆر جـیـاوازی هەیە. بە بەراورد لەگـەڵ تەڵعـەت سـامـان نەیتـوانیـوە بگاتە ئاستی مـەم و زین، پیـلان، قـەل و ڕووتە، شاری ئەوین. سەعدوون یوونس بایەخی زۆری بە لایەنی ئایدیۆلۆژی داوە، بەڵام هەرگـیـز لایەنی هونەری پشتگوێ نەخستووە. ئیشەکانی ئەو بە شێوەیەکی گشتی ئاسـتـی پیـشـەیی هونەری زۆر بەرزتری هەبوو وەک لە ئاستی پیشەیی و هونەری سەباح عەبدولڕەحمان، بێجگە لەو ئیشانەی کە لە تیپی شانۆی لادێ نمایشی کردووە. من شانۆگەری جەنگاوەری شێـتـم نەبینیـوە کە یەکـەمین بەرهەمی دەرهێنانی شانۆیی هاوبەشی بوو لەگەڵ فەرهاد شـەریف. یەکـەمین کـاری دەرهێنانی سـەربەخـۆی ئەو، شانۆگەری چیرۆکی شۆڕشێک بوو کە هەر خۆی لە دەقی نیکۆس کـازانتـزاکی ئامـادەی کـردبوو، ئەو بەرهەمـە یەکـەمین کـاری ئامـادەکـردنی شـانۆیی بووە لە دەقـە جـیـهـانییـەکـان. بێ گـومـان ئەو شێوازی ئیشکردنە لە جـیـهـاندا باوە، ئامـادەکـردن لە شـاکـارە جـیـهـانییـەکـان گـرۆتینێکی بەهێز دەبەخشێتە ئاستی هونەری شانۆیی هەر نەتەوەیەک، بۆ شـانۆی کـوردیش وەک هەنگاوی یەکـەم ئاستی شانۆی خـۆمـاڵی بەرەو ئاستی شـانۆی جـیـهـانی بەرز دەکـاتەوە، دواتر ئەوەمـان لە شانۆگـەری چلّپاو و هەبوو نەبووی سەباح عەبدولڕەحمان بەداهێنانی بەرزەوە بینی.

سـەعـدوون یوونس لە حـەفـتـایەکـان دە شـانۆگـەری دەرهێناوە، زۆربەیان دەقی بیـانین، یان بەشـێـوەیەک ئامـادەکـراون کـە لەگـەڵ ژینگەی کـۆمـەڵگای کـوردەواری بگونجـێن، بینەر نامـۆ نەبێت لە بینینی شانۆگەرییـەکە، بەڵام وەکـو سـەباح عـەبدولڕەحـمـانیش نەبووە لە بەکـوردەواری کردنەکـاندا. بێ گـومـان لەو جۆرە کـارانەدا پێکهـاتەکانی هونەری پیشەیی بەشێوەیەکی باشتر بنیاد دەنرێن، وەک کارکردن لە دەقی خۆمـاڵی. شانۆی کوردی لەبەر کەم ئەزموونی و هێزی سانسـۆر و نەبوونی پێوەندی بە شانۆی دەوربەر و جیـهـانییـەوە، هەژار و سست بووە، هەرچەندە شانۆگەری مەم و زینی تەڵعەت سامان بە شێوە و ناوەرۆکی کوردی، هەموو ئاستەکانی هونەری پیشەیی تێپەڕاند. بەگشتی کارکردن لە شانۆی جیـهـانی ئاستی نواندن و دەرهێنانی شـانۆیی بەرەو پێـشـەوە دەبات، کـە دواتر ئەو کـاریگەرییـانـە لەسـەر ئەکـتـەر و بینەر و

تیپەکانی هەولێردا دەبینینەوە. لەو دە شانۆگەرییەی حەفتایەکانی سەعدوون یوونسدا، شەش دەقیان بیانین و چواریشیان خۆمالێن. چیرۆکی شۆڕشێک، نووسینی نیکۆس کازانتزاکی، ساختەچی ئاخر زەمان، نووسینی عەلی سالم، شەوچرا، نووسینی تاها سالم، بەڕێزان ئاگادارین، نووسینی نەبیل بەدران، وەرگێڕانی ئازاد عەبدولواحید، چیرۆکەکانی مام سمایل، نووسینی عادل کازم، وەرگێڕانی هەژار سابیر، مالّی نوێ، وەرگێڕانی سابیر عەبدولڕەحمان، جەنگاوەری شێت، نووسینی تەلّعەت سامان، جۆمالّ، نووسینی حەمە کەریم هەورامی، ژانی گەڕانەوە، نووسینی عەبدولّلا ئەحمەد داود، سەرژمێری، نووسینی خۆی. وەکو تێبینی دەکرێ سەعدوون یوونس لە حەفتایەکان ویستوویەتی جۆرە پارسەنگێک لە نێوان شانۆی کوردی و شانۆی بیانی دروست بکات، بێجگە لە ئامانجە ئایدیۆلۆژیەکانی ئەو ئامانجی پیشەیی هونەریشی هەبووە، بۆیە هەمیشە چاوێکی لە شانۆی بیانی بووە، بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە نزیکن، یان گوزارشت لە بیروباوەڕی ئەو دەکەن. سەعدوون یوونس لە حەفتایەکان بیری سۆشیالیزمی بە هیوای مرۆڤایەتی دەزانی، ئەو زۆر خەمی کولتوور و بیری نەتەوایەتی نەبووە. لە دەیەی دووەمدا سەعدوون یوونس کەوتە ژێرکاریگەری ناوداریەتی ڕەجەبی هەبوو نەبووی سەباح عەبدولڕەحمان، کە خۆی ئەو ڕۆڵەی تێدا دەبینی. لەبەر ئەمە دواتر دەبینین بەلای درامای تەلەڤزیۆنیدا دەشکێتەوە و مالەی سەگردەکە تۆمار دەکات، پاشان گەڕەکەکە و دواتریش خولێکی تەلەڤزیۆنی دەبینێ، ئیتر دەکەوێتە ناو تێکەڵەیەک لە شانۆی کوردی، شانۆی بیانی، بەرهەمی تەلەڤزیۆنی. سەعدوون یوونسی ئەکتەر و دەرهێنەر لەماوەی هەشتایەکاندا شەش شانۆگەری دەردەهێنی: (خۆتان بگرن هات ١٩٨٠، محەمەد و سێوێ ١٩٨٠، قەلاّی دم دم ١٩٨٤، کەونە دەرکە، ١٩٨٨، هاوارێک لە حاجی قادری کۆییەوە ١٩٨٨، زولەیخا ١٩٨٩). ئاستی سەعدوون یوونس لە چەندایەتی بە بەراورد لەگەڵ حەفتایەکان چوار شانۆگەری دابەزیوە، بەلاّم لە ڕووی هونەرییەوە ئاستی پیشەیی و هونەری دانەبەزی، بەلّکو پتر بەرەو شانۆی ئەکادیمی هەنگاوی دەنا.لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سەعدوون یوونس سەر بە بەرەی سۆشیالیزم بوو، بەلاّم دواتر لە ژێر کاریگەری بینەری شانۆگەرییەکانی تەلّعەت سامان و زایەر عەبدولّلای قوتابی و برادەری، دەکەوێتە ژێر تەوژمی شانۆی نەتەوەییەوە، بۆیە دەبینین، لە محەمەد و سێوێ و هاوارێک لە حاجی قادری کۆییەوە، کە هەردوو بەرهەمەکە لە نووسینی زایەر عەبدولّلا بوون، هەرچەندە لە محەمەد و سێوی ناوی سەعدوون یوونسیش دەبینین، کولتووری کوردی لای سەعدوون یوونس زەق دەبێتەوە. دوای قەلاّی دم دمی تەلّعەت سامان بە دیدێکی تر دەچێتە ناو قەلاّکە.

لە شانۆگەری هاوارێک لە حاجی قادری کۆییەوە، لە ڕووی بنیادی هونەرییەوە، دەکەوتە ژێر کاریگەری شانۆیی ئاهەنگسازی ئەحمەد سالار. ئەو سێ شانۆگەرییە ئەوە دەسەلمێنن: سەعدوون یوونس لە ڕووی فۆرم و بابەتی شانۆییەوە لە هەشتایەکان کەوتۆتە ژێرکاریگەری شانۆی دەوروبەری، هەروەک چۆن لەسەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەری شانۆی عەرەبی عیراقی. وەک ڕاستییەکی مێژوویی لە نیوەی دووەمی حەفتایەکانەوە زۆر بە تین لە شانۆی پیشەیی هونەری دەچێتە پێش، لە شانۆگەری ساختەچی ئاخر زەمان ١٩٧٦ کە لەسەر شانۆیەکی نوێی هەژاری پڕ لە کەموکوڕی لاوان نمایش کرا، توانی بەرهەمێکی بەرز بە میتودی شانۆی داستانی نمایش بکات، ئەو سەردەمە بینەری شانۆی هەولێر ئاشنایەتی لەگەڵ شانۆی برێخت نەبوو، هەروەها لە شانۆگەری شەوچرا کە دەرهێنانەکە هاوبەش بوو لەگەڵ فەتاح خەتاب، سەعدوون یوونس لە هەمان کاتدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینی، هەمان ئەو ئاستە تەکنیکی و پیشەیی و هونەرییەی لە هەموو پێکهاتەکانی: نواندن، دەرهێنان و ڕووناکی بەرجەستە کرد. لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە سەر شانۆگەرییەکانی سەعدوون یوونس لە تیپی شانۆی لادێیی هەولێر کە وەکو تیپێکی گەڕۆک لە گوندەکانی کوردستان نمایشیان دەکرد، بێ گومان ئامانجی ئەو تیپەو بەهەرمەکان پتر بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی گوندەکان بوو، وەک شانۆگەری سەرژمێری، ژانی گەڕانەوە، جۆمالّ کە ئەو دەری هێنابوون، سەعدوون یوونس لەو تیپەدا لە ڕووی هونەرییەوە بە شێوازێکی سادەتر ئیشی دەکرد. سەعدوون یوونس وەکو هونەرمەندێکی توانایی بەتەنیا تێنوویەتی بە دەرهێنان نەدەشکا، بەڵکو وەک ئەکتەرێکی ئەکادیمی زۆر حەزی دەکرد لە کاری نواندن بەشداربێت، بە تایبەتی لە ڕۆڵی قارەمانی شانۆگەری، یان کەسایەتی سەرەکی. هەر ئەو حەزەی بوو، توانایی هونەری ئەوی لە کارەکتەری ڕەجەب لە شانۆگەری هەبوو نەبووی سەباح عەبدولڕەحمان وەکو کانیاوێک تەقاندەوە

و کاریگەرییەکی مەزنی بۆ سێ دەیەی بەسەر بینەری شانۆییدا بەجێ هێشت. سەعدوون یونس ڕۆڵی دەرهێنەری وەک پێشڕەوێک دەبینی، ئەویش لە دامەزراندنی تیپی نواندنی هەولێری سەر بە دەزگای شانۆ و هونەرە میللییەکانی عیراق بەشدار بووە، هەروەها چەندین ئەکتەری پێگەیاندووە، ئەوانیش چەشنی ئەکتەرەکانی تەڵعەت سامان هەندێکیان دوور کەوتنەوە، هەندێکیشیان تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامن، لەوانە : زایەر عەبدوڵڵا، شیرین سابیر، سیروان عوسمان، ئەنوەر عەزیز، ئەحمەد جەمیل، ڕزگار ئەحمەد. سەعدوون یونس بەدەر لە دەرهێنەرەکانی تر چەند ئەکتەرێکی لەناو خانەوادەکەی خۆی دروست کردووە کە خزمەتیان بە شانۆی شارەکەیان گەیاندووە لەوانە: سەمیرە عەبدۆکی خێزانی و سەوسەنی کچی، هەروەها پەرەی بەتوانایی چەندین ئەکتەری دەرهێنەرەکانی تر داوە، بە بەشداری پێکردنیان لە ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەرییەکانی خۆیدا. ئەوساکە ئەکتەرەکانی هەولێر دابەش ببوون، بۆ نموونە: کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لقی هەولێر ڕێگەی بە ئەکتەرەکان نەدەدا ئیش لە شانۆگەری تیپەکانی تر بکەن. سەبارەت بە شێوازی ئیشکردنی سەعدوون یونس لەگەڵ ئەکتەر، موئەیەد فەقێ یووسف دەڵێت: سەعدوون یونس هەمیشە ڕێنمایی ئەکتەرەکان دەکات و کارەکتەرەکە بۆ ئەکتەرەکان شی دەکاتەوە، تەمسیل بۆ ئەکتەرەکانی ناکات تا لاسایی ئەو بکەنەوە. ئیبراهیم حەکیم هەمان ڕای موئەیەد فەقێیە بەڵام بە شێوەیەکی تر دەڵێت: ئەو ڕێنمایی ئەکتەرەکە دەکات، جووڵانەوە بە ئەکتەرەکانی نادات. عەلی ئەحمەدیش دەڵێت: سەعدوون یونس وەکو سەباح عەبدولڕەحمانە، ڕێنمایی ئەکتەر دەکات، ئەگەر بڕوای نەهات ئەوە تەمسیل بۆ ئەکتەرەکەی دەکات. سەعدوون یونس کارەکانی هەمیشە لە هەردوو قۆناغدا مۆرکی سیاسییان هەبووە، ئەو لەناو بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا کاری نەکردووە، بەڵکو لەسەرەتاوە ئامانجی سیاسی هەبووە، وەکو لە یەکەمین بەرهەمی حەفتایەکانی: جەنگاوەری شێت نووسینی تەڵعەت سامانداە ئەمە دەبینین، دواین بەرهەمیشی لەهەشتایەکان زولەیخا بوو، پێشی ئەو بەرهەمەش شانۆگەری هاواریک لە حاجی قادری کۆییەوە، لەسەر دواندنی (هەڵکەن بەیرەقی کوردی لە دەوران) تووشی لێکتۆڵینەوەی ئەمنی هاتن، بەڵام دواتر نووسەر حوسێن ڕەشوانی کە ئەوسا سەرنووسەری گۆڤاری کاروان بوو، بە زیرەکی خۆی کێشەکەی چارەسەر کرد. سەعدوون یونس وەک دەرهێنەری شانۆیی لە دوای نمایشی شانۆگەری زولەیخا ١٩٨٩ بەردەبێتەوە تاوەکو ئەمڕۆ نەیتوانیوە خۆی ڕاست بکاتەوە، یان پارێزگاری لەو ئیشانەی بکات کە ناوبانگی هونەری بە ئەو بەخشی. لەماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەی قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا کاری لە چەند بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنیدا کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو بەرهەمانەش نەیانتوانی سەروەریەکانی ڕابردووی ئەو هونەرمەندە زیندوو بکەنەوە.

ڕێژەی بەراوردکاری دەرهێنەرانی هەولێر ١٩٧٠ - ١٩٧٩

ژ	کارەکانی تەڵعەت سامان		کارەکانی سەعدوون یونس		کارەکانی سەباح عەبدولڕەحمان	
1	ترس	971	جەنگاوەری شێت	970	ئاڵۆپی	1971
2	دوازدەی دەڵاکی تڵدار	-	چیرۆکی ڤۆڤاسێك	971	مەسەلەی شەرەف	-
3	بووکی پەردە	972	ساختەچی شاخر زەمان	976	کۆتایی تڵدار	-
4	خەڵی پەڵ	-	شەوچرا	977	شێزیەخمە (مارەبی)	1972
5	خاتوی ڕێوار	973	سەرۆمێری	-	مەسەلەی ڤارێك	-
6	تاقیکردنەوەیەك	-	ژانی گەرانەوە	978	چاڵبار	973
7	کاوەی ئاسنگەر	-	بەڕێزان ئاگادارین	-	سوالکەر	-
8	کاوەی ئاسنگەر	974	جۆمان	978	لە پێناوی ڕووناکیدا	974
9	مەم و زین	976	چیرۆکەکانی مام سمایل	979		
10	پیلان	977	مانی نوێ	1979		
11	قەڵ و ڕوبەند	978				
12	پیشانگە	-				

ڕێژەی بەراوردکاری دەرهێنەرانی هەولێر ١٩٨٠ - ١٩٨٩

ژ	کارەکانی تەڵعەت سامان		کارەکانی سەعدوون یونس		کارەکانی سەباح عەبدولڕەحمان	
1	گێچەڵەکانی حەمە...	980	خۆزان بگرن هات	980	هەیوو نەبوو	980
2	بووکی بەفر	980	مەمەد و ...	980	ئاس و خەرزان	983
3	قەڵای دم دم	982	قەڵای دم دم	984	مرۆڤ و تارزەکانی	983
4	خانزادێکی تر	983	کەپنە دەرکە	988	تاشەبەرد و چاڵ	989
5	قاپلی 67	983	هاوارێك لە حاجی قادر	988		
6	شاری ئەوین	985	زولەیخا	989		
7	خەج و سیامەند	985				
8	ئەفسانەی چیای ئاگری 87					
9	حەمەجۆك	988				

دەرهێنەرانی دەرەوەی پێشبڕکێی شانۆیی

بێجگە لەو سێ دەرهێنەرەی کە لە ماوەی بیست ساڵی بەر لە قۆناغی ڕاپەڕیندا لە پێشبڕکێی بەرهەمهێنانی شانۆی هونەری پیشەیی بوون، چەندین دەرهێنەری تر بە هەمان ئاستی شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری، بەڕێژەی کەمتر کاریان کردووە. هەندێ لە شانۆگەرییەکانی ئەو دەرهێنەرانە، لەسەردەمی خۆیاندا، بەڕاستی وێستگەیەکی گرینگی داهێنانی هونەری شانۆیی بووە، لەبواری ڕەخنەو بابەتی ڕۆژنامەوانیدا بایەخی تایبەتییان پێدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بەرهەمانە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا ڕێژەکەیان زۆر کەم بووە، دەرهێنەرەکان نەیانتوانیوە بچنە پێشبڕکێی ئەو سێ دەرهێنەرەی کە باسمان کردن، بێ گومان لە ڕووی مێژوویییەوە ناکرێ ڕۆڵ و کاریگەری ئەو دەرهێنەرانە فەرامۆش بکرێت، بۆیە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ بەرهەمی ئەو دەرهێنەرانە دەکەم.

هونەرمەند فەرهاد شەریف: ساڵێک بەر لە تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی، بە هاوکاری سەعدوون یوونس شانۆگەری جەنگاوەری شێت لە تیپی شانۆی لاوان لە ساڵی ١٩٧٠ نمایش دەکەن.فەرهاد شەریف سەرەتا هونەرمەندێکی گورجو گۆڵ بووە، بەڵام شێوازی جۆر بە جۆری دەرهێنانی ئەو، ئامانجی سیاسی و هزری بەدیار ناخات. ئەو لە ساڵی ١٩٧٦ لەبەر ئەوەی تەڵعەت سامان داپیرەی کۆچی دوایی دەکات، ماوەی پێنج شەش ڕۆژ لە پرۆڤەی شانۆگەری مەم و زین ئامادە نابێت، فەرهاد شەریف وەک دەرهێنەر ئیشەکە بەڕێ دەکات. لە نیوەی دووەمی حەفتایەکان دەچێتە دهۆک لەوێش سێ شانۆگەری: مارەیی، شەهید، پانتۆمیمی یەکێتیی نیشتیمانی دەردەهێنێ. لە سەرەتای هەشتایەکان دەگەڕێتەوە هەولێر، لە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لقی هەولێر لەتەک هاوڕێی تەڵعەت سامان لەماوەی ئەو دە ساڵەدا چوار شانۆگەری دەرهێناوە: بەزۆر کراوە بەدکتۆر ١٩٨٣، خزمەتکارێکی گوێرایەڵ ١٩٨٥، ڕاشۆمۆن ١٩٨٨، تەرمی سەر شۆستەکە ١٩٨٩. ماوەیەکیش دەچێتە سلێمانی و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەبێتە مامۆستای شانۆ، شانۆگەری مەم و زینی تەڵعەت سامان نمایش دەکات. هونەرمەند فەرهاد شەریف هەر لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە هەمیشە لەسەر جیاوازی بەرهەمەکانی ئیشی کردووە، بۆ نموونە: لەهەشتایەکان بەکلاسیکی نوێی فەرەنسی مۆلێر دەست پێدەکات، بە شانۆگەریەکی بچووکی عەرەبی تەرمی سەرشۆستەکە ماڵئاوایی لەسەردەمەکە دەکات. ئەو لەسەر ئاستی دەق و شێوازی هونەری دوو بەرهەمی نابینینەوە لەیەک نزیک بن، یان تەواوکەری یەک بن، ئەو بەتەواوی پێچەوانەی تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان سەعدوون یوونس بوو، لەسەر هیچ شێوازێکی شانۆیی لەنگەری نەگرتووە، ئەوان زۆر بەوردی ئیشیان لەسەر ئەو شێوازە دەکرد کە بڕوایان پێ بوو، فەرهاد شەریفیش بەردەوام لە شێوازێک بۆ شێوازێکی تر بازی داوە.

هونەرمەند هاشم زەینەل: خەڵکی شاری کەرکووکە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی بەغدایە، لەسەرەتای حەفتایەکان تا نیوەی دووەمی هەشتایەکان لە هەولێر ژیاوە، شەش شانۆگەری لە قۆناغی حەفتایەکان دەرهێناوە، ئادابا ١٩٧٢، ئاوارە ١٩٧٣، پەشیمانی ١٩٧٤، نەخۆشی لەبیرچوونەوە ١٩٧٥، کێ بەرپرسیارە ١٩٧٦ سێ چاو ١٩٧٦، ئەو شانۆگەرییانە سیانیان خۆمانین و سێیانیش بیانین. ئیشەکانی هاشم زەینەل لە ڕووی ئەکادیمییەوە هەموو پێداویستییە هونەرییە پیشەییەکان لە خۆ دەگرێت. لەهەشتایەکان دوو شانۆگەری دەرهێناوە: وەلی دێوانە و شەم ١٩٨١، ئادابا ١٩٨٣. شانۆگەری ئادابا وەک دەرهێنان بۆ ئەو دووبارە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ئاستی هونەری و پیشەیی زۆر بەرزی هەبوو، باشترین ئەکتەرانی شانۆی ڕۆشنبیری بەشداریان تێدا کردبوو، بەرهەمەکە لە ڕووی نواندن و دەرهێنان و پێکهاتەکانی دیکەی شانۆیی لە دیکۆر و ڕووناکی ئاستێکی زۆر پیشەیی ئەکادیمیان هەبوو. هاشم زەینەل دوای ئادابا ئیتر وەک دەرهێنەر لە شاری هەولێر سەردەمەکەی تەواو دەبێت، دەگەڕێتەوە شاری کەرکووک. بەدیدی من هاشم زەینەل لەنێو هەموو ئیشەکانیدا، ئاوارەی ١٩٧٣ و ئادابای ١٩٨٣ دوو کاری زۆر ئەکادیمی و پیشەیی هونەری بوون لە مێژووی شانۆی هەولێردا. هاشم زەینەل هەرچەندە بە ڕەگەز تورکمانە، بەڵام لە شاری هەولێر بەخت یاوەری بوو، یەکەمین هونەرمەندە کە دەتوانین لە دوای ڕیزبەندی پێبشڕکێی سێ دەرهێنەرەکە پۆلێنی بکەین، ئەمەش بەدیدی من وانەیەکە بۆ هەر شانۆکارێک لە هەر کوێ کار بکات، دەتوانێ پەیامی ڕاستەقینەی شانۆیی خۆی لەدەست نەدات.

هونەرمەند فەتاح خەتاب: دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدایە، لەسەرەتای ژیانی هونەرییەوە، کە لە حەفتایەکانەوە دەست پێدەکات، کەسێکی پابەند بووە

بەو ئایدیۆلۆژیایەی کــە باوەڕی پێی هەبووە، هەر لەو پێناوەشدا بەرهەمە هونەرییەکانی نمایش کردووە، پاشان بووە بە پێشــمەرگــە. فــەتاح خــەتاب لە حــەفــتــایەکــان مــاوەیەک لە تــیــپــی شــانۆی لادێ کــاری کــردووە، یەک شانۆگەری خۆمالّی و دوو شانۆگەری بیانی دەرهێناوە: داسەکەی شاسوار ١٩٧٣، شەوچرا ١٩٧٧ بەهاوبەشی سەعدوون یوونس، ئەو پیاوەی بوو بەسەگ ١٩٧٩. لە هەشتایەکانیش دوو شانۆگەری دەرهێناوە: مام حەسەن دەگەڕێتــەوە ١٩٨٠، ئەی ئەو کــەســەی لەوێیــە ١٩٨١. فەتاح خەتاب لە کارەکانیدا زۆرتر بایەخ بە دەق و هزری شانۆیی دەدات، ئەکــتــەر و پێکهــاتە هونەرییــەکــانی تر لەلای ئەو هەموویان کەرەستەی هونەرین بۆ شیکردنەوەی دەق و گــەیاندنی ئەو بیــرۆکــەی دەقــەکــەی لەسەر بنیــاد نراوە.

هونەرمــەند ســەفــوەت جــەڕاح: بە ئەلّقــەی یەکــەمی بنیــادنانی شــانۆی پیــشــەیی هونەری لە شــاری هەولێــر دادەنرێت، دوای ئەوەی لەســەرەتای هەشــتــایــەکــان لە بەغداوە دەگەڕێتەوە هەولێر، دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆ و هونەرە میللییەکان، دەچێتە ناو پێشبڕکێی شانۆیی ئەو سێ دەرهێنەرەی باســمــان کــردن، بەلّام بەڕاســتــی ئاســتــی هونەری و پیــشــەیی شــانۆگــەرییــەکــانی ســەفــوەت جــەڕاح نەدەگــەیشــتــە ئاســتــی هونەری و پیــشــەیی ئەو سێ دەرهێنەرە، ئەو بەرهەمانەی کە ئەو پێشکەشی کردووە لە مــاوەی ئەو دەســالّەی بەر لە ڕاپەڕین بریتی بوون لە: ســورمێ خــان ١٩٨٣، خــاتووکــلّاوزەڕ ١٩٨٥، ڕاوچی ١٩٨٦، کــانی مــەلەک ڕێزان ١٩٨٧، لە پرســەی سیراجەددینداا ١٩٨٧، کونە با ١٩٨٩. لە ڕووی ئاستی هونەرییــەوە، ســورمێ خان و خــاتوکــلّاوزەڕ دوو بەرهەمی پیــشــەیی هونەری جوان بوون، پێکهــاتە هونەرییــەکانی لە دەق و نــوانــدن و دەرهــێنــان، جــلــو بــەرگ و ڕووناکــی و مۆســیــقــا کــاری پیــشــەیی هونەری بەرزیان هەبوو، پتر شــێــوازی ئیش کــردنەکــەی دەگــەڕایەوە ســەر شــێــوازی تەلّعەت سامان، بەلّام لە ڕێتمدا زۆر سست و خاو بوو، ڕێتــمی ئیــشــەکــانی تەلّعــەت ســامــان ڕێتــمی تۆندتر و سەرنجڕاکێشەرتر بوون.

هونەرمــەند ئازاد مــەولوود: هونەرمــەندێکی خۆڕسکە، ئەو هیــچ جۆرە خوێندنێکی شــانۆیی نەخوێندووە، بەلّام توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەکادیمی خۆی پێ بگەیەنێ، لە حــەفــتــایەکــان لە تیــپــی شــانۆی لادێ وەک ئەکــتــەر لە چەندین شانۆگەریدا بەشداری کردووە، لە هەشــتایەکــان دوای ئەوەی ڕۆشنبیری شانۆیی خۆی بە خوێندنی هونەری پتــەو دەکات، بە ئاســتــێکی هونەری پیــشــەیی بەرز چوار شانۆگەری دەردەهێنێ: لێو بەبارەکان ١٩٨٥، ئیمپراتۆر جۆنز ١٩٨٦، مێــوان ١٩٨٨، مــاری ١٩٩٠، هەرچەندە مــێــوان و مــاری کــاری شــانۆی بچــووک بوون، مــاری مــۆنۆدرامــا بوو، بەلّام ئەو دوو بەرهەمــەش بە تەواوی مۆرکی شــانۆی پیــشــەیی هونەری پێوە دیار بوو. مــاری تەنیــا لە فــیــســتــیــڤــالّی پەیمانگەی هونەرە جــوانەکــانی سلێمانی سالّی ١٩٩٠ نمایش کراوە.

دەرهێنانی شــانۆیی لە شــاری هەولێــر لەمــاوەی ئەو بیــست ســالّەی ســەردەمی بەر لە ڕاپەڕیندا، بێــجگە لە پێشبڕکێی نێوان، تەلّعەت سامان، سەعدوون یوونس، ســەباح عــەبدولڕەحــمــان، هەروەها بێــجگە لە کــارەکــانی هاشم زەینەل، فەرهاد شەریف، فەتاح خەتاب، سەفوەت جەڕاح، ئازاد مــەولوود. چەندین هونەرمــەندی تر لە تیــپــە هونەرییــەکــان کــاری دەرهێنانی شــانۆیی زۆر جــوانیــان لە بــواری شــانۆی ئەکــادیمی پیــشــەیی هونەری، بە شــانۆی بچووک، یان شانۆی گەورە نمایش کردووە. بەداخەوە ئەو هونەرمــەندانە شانۆگەرییەک، یــان دوو سێ شانۆگەرییان نمایش کردووە، زۆربەیان بە پلەی یەک ئەکتــەری شانۆیی بووینە، هەندێکیــشــیــان تەنیــا دەرهێنەر بووینە، دواتر وازیان لە کاری دەرهێنانی شانۆیی هێناوە.

سەرچاوەکان:

١- ئەرشیڤی تایبەتی نووسەر.

٢- مــێــژووی شــانۆی کــوردی ١٩٧٠ - ١٩٧٩ نووســەری ئەم باسە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٨ ساڵی ٢٠٠١.

٣- مــێــژووی شــانۆی کــوردی ١٩٨٠ - ١٩٨٩ نووســەری ئەم باسە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٨/٦٧ / ٦٩ ساڵی ٢٠٠٢.

٤- دیمانەی تایبــەتی لە گــەڵ زۆربەی ئەکــتــەرەکــانی هەولێــر، بەتایبــەتی عــەلی ئەحمەد، جەلال بەیار، موئەیەد فەقێ، ئیبراهیم حەکیم، نووسەر و دەرهێنەر تەلّعەت سامان.

ئاراستەکانی دەرهێنان لە نمایشی شانۆی کوردیدا

ژیلوان تاهیر
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی هونەرە جوانەکان)

پێشەکی

بزووتنەوەی شانۆی کوردی بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دنیادا زۆر نوێیە، سەرەتاکانی ئەم هونەرە لای ئێمە بۆ بیستەکانی دوا سەدەی هەزارەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. شانۆی کوردی لەسەر تەختەی شانۆی ناو قوتابخانەکان لەدایکبووە، سەرئەنجام لەژێر کاریگەری شانۆی عیراقدا بالآی کردووە، لە عیراقدا کۆنترین شانۆگەری و یەکەمین بەرهەم لە ساڵی ١٨٨٠ لە شاری مووسڵ پێشکەش کراوە، کە شانۆگەری (الشماس)ی (حەننا حەبەش)ـە. سەبارەت بەیەکەم شێوە نمایشی شانۆی کوردیش بیروڕای جیاواز هەیە، یەکەمیان: لەسەر ئەو ڕایەیە کە سەرەتاکە بۆ سەیرانەکانی سەرچناری ساڵی ١٩١٢ دەباتەوە کە لە وەرزی بەهاردا لەمیانی چەند یارییەک نواندنیان ئەنجام داوە، حوکمڕانیان خوڵقاندووە و پادشای فەرمانڕەوا سزای ئەو کەسانەی داوە کە لە بڕیار و ڕاسپاردەکاندا لای داوە و سزای خستنە ناو ئاوی سەرچناریان بۆ دەرکردووە، ئەم شێوە نمایشە لەدوای نیوەڕۆ سازکراوە و تاکو ئێوارە بەردەوام بووە و خەڵکی سەیرانکەران وەک بینەر بەدیار ئەم نمایشەوە کاتیان بەسەر بردووە و چێژیان لێ وەرگرتووە، ڕای دووەمیش: لەو باوەڕەدایە کە شانۆی کوردی لە نمایشی شانۆی ناو قوتابخانەکانەوە گەشەی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە قوتابخانەی (ئەربیل ئوولا)ی هەولێر (لیژنەی فەن و تەمسیل) دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٢١دا شانۆی (سەلاحەددینی ئەیووبی)یان نمایش کردووە، لە ساڵی ١٩٢٢دا هەر لە شاری هەولێر شانۆگەری (قەرالیچە) پێشکەش کراوە، لە ساڵی ١٩٢٣دا شانۆیی (جوولەکەی کۆڵ گێڕ) نووسینی (شێخ سەلام)ی شاعیر لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە. یەکەم تیپی شانۆیی لە کوردستاندا (تیپی شانۆی قوتابخانەی زانستی) بووە، کە لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزراوە، هەر لەم ساڵەدا شانۆیی (عیلم و جهل) لەلایەن (فوئاد ڕەشید)ـەوە ئامادە و پێشکەش کراوە، هەمدیسان لەم ساڵەدا قوتابیانی کچانی سلێمانی شانۆیی (دایک)یان پێشکەش کردووە لە نووسینی (شێخ نووری شێخ سالح) بووە. تێکستەکانی ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵگری مانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە، پێش گرنگیدان بە لایەنە هونەرییەکان، بە هەمان شێوە ڕۆڵی لە ڕۆشنبیرکردن و وریاکردنەوەی خەڵکیدا هەبووە، هەر لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری تا دەگاتە دەستنیشان کردنی ڕۆڵی ئافرەتان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران و دەرەبەگ و چەوسێنەرانی ناو کۆمەڵگەی کوردی خۆی. ئەم چالاکییە شانۆییە لە سییەکان و چلەکان و پەنجاکاندا چڕتر دەبێت و کۆمەڵێک ئارەزوومەند دەهێنێتە ناو بواری

نواندن (تەمسیل)ـەوە، بینەری شانۆش هەتا دێت زیاد دەبێت و خێزانەکانیش بە تایبەتی خەڵکی فەرمانبەر و شارستان، دەچن بۆ بینینی شانۆگەرییەکان. لە شەستەکانیشدا کۆمەڵە و تیپ و گرووپی شانۆیی دروست بوون کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەرموگوڕکردنی جووڵەی شانۆیی لە کوردستاندا هەبووە.

لەگەڵ ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە بارودۆخی گشتی نەتەوەی کورد کەوتە دۆخێکی باشەوە، بزووتنەوەی شانۆش بە پشتگیری سەرکردایەتی سیاسی کورد، هەنگاوێکی باش هاتە پێشەوە و هەوای ئازادی هەڵمژی، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ تا ١٩٧٤) چەندین تیپی شانۆیی لە کوردستان دامەزران و نمایشی شانۆیی لەنێو هۆڵی ناو قوتابخانەکان هاتە دەرەوە و هۆڵی تایبەت بە شانۆ دروست بوو، کە توانرا چەندین بەرهەمی شانۆیی پێشکەش بکرێت و جەماوەرێکی بەرچاویش لە دەوری شانۆ کۆببووەوە.

هەر لەو سەردەمەدا هونەرمەندانی کورد خۆیان بۆ سازدانی فیستیڤاڵی هونەریی ئامادە کرد و یەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە ٢/٢٥ تا ١٩٧٤/٣/٢ لە بەغدا سازکراو تێیدا چەندین شانۆگەری سەرکەوتوو نمایش کران و شانۆکاری کورد لەبەردەم شانۆکارانی عیراقی بوونی خۆی سەلماند و سەرجەم بابەتەکان تەعبیریان لە شۆڕش و کولتووری نەتەوەی کورد دەکرد، هەربۆیە دەکرێت قۆناغی حەفتاکان بە قۆناغی (خۆ دۆزینەوە) لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و کولتووری ناوببەین.

لە تایبەتمەندییەکانی شانۆی کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ تا ١٩٧٤) دەروازەیەکی باشی خستە بەردەم ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی، شانۆش زەمینەیەکی فراوانی بۆ ڕەخساو چاپ کردنی شانۆنامە دەستی پێ کرد، لەوانە کتێبی (نان و ژیان)ی حەمە ئەمین ئوسمان کە لە سێ دەقی شانۆیی پێکهاتبوو، هەروەها شانۆنامەی (کاوەی ئاسنگەر)ی شێرکۆ بێکەس و شانۆیی (داسەکەی شاسوار)ی ئەمین میرزا کەریم کە لە چوار دەقی شانۆیی پێکهاتبوو، هەروەها ساڵی ١٩٧٢ شانۆیی (فالچی)ی حەمە کەریم هەورامی چاپ کرا، (عومەر عەبدوڵڕەحیم)یش هەر ئەو ساڵە حەوت دەقی شانۆیی لەبەرگێکدا، بە ناوونیشانی (شانۆگەری منداڵ)، لە ساڵی ١٩٧٣دا چاپ کرد، (محەمەد تۆفیق وردی) پێنج دەقی شانۆیی بەناوونیشانی (چیرۆک بۆ شانۆ) چاپ کرد، لە ساڵی ١٩٧٤یشدا شانۆگەرییەکانی (زەکی ئەحمەد هەناری) بەناوونیشانی (لەپێناو ئەویندا) چاپ کرا، هاوکات لە شاری کەرکووک جموجوولێکی باشی شانۆ و درامای تەلەڤزیۆنی دروست بوو، درامای (مەرەزە) و (بەهاری دزراو) کاریگەرییەکی باشیان لەسەر هەست و دەروونی بینەر دروست کرد، هەر ئەوکاتەش (بەشی کوردی تەلەڤزیۆنی تەئمیم) کرایەوە، کە بەهۆیەوە توانرا چەندین درامای کوردی لەلایەن تیپە هونەرییەکانەوە پێشکەش بکرێن. هەر لەم ماوەیەدا شانۆی کوردی بە شانۆی جیهانی ئاشنا بوو، ژمارەیەکی زۆر لە شانۆنامە بیانییەکان وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی وەکو (بازرگانی ڤێنیسیای)ی شکسپیر کە (ع.ع. شەونم) وەریگێڕاوە، (دواگۆرانی) چیخەف وەرگێڕانی (مەحمود زامدار)، (زیانی تووتن)ی چیخەف وەرگێڕانی (ڕەئووف حەسەن)، شانۆنامەی (مانگرتن)ی کلیفۆر ئۆدیس وەرگێڕانی (کاوە ئەحمەد میرزا) و (هاملێت)ی شکسپیر کە (دارا حەسەن) وەریگێڕابوو، (جەنابی موفەتیش)ی گۆگۆڵ وەرگێڕانی (ڕەئووف حەسەن)، (شایی خوێناوی)ی لۆرکا کە (شێرکۆ بێکەس) وەریگێڕابوو و (چار هەر شووە)ی مۆلێر کە (محەمەد مەعرووف فەتاح) وەریگێڕابوو...تاد. سەرجەمیان بوونە سەرچاوەیەکی باش لەبەردەستی دەرهێنەران بۆ ئەوەی لە نمایشی شانۆییدا بەرجەستەی بکەن. هەر لە ساڵانی حەفتاکاندا دوای ئەوەی هەندێک لە گەنجەکان خوێندنی شانۆ لە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، شانۆ پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەوە لەوانەش (تەلعەت سامان، ئەحمەد سالار، فەرهاد شەریف، بەدیعە دارتاش، غازی بامەڕنی، سەباح عەبدوڵڕەحمان، حەسەن تەنیا، عوسمان چێوار، تەها خەلیل، سەعدوون یونس، سمکۆ عەزیز، سەفوەت جەڕاح (شەستەکان)، نەوزاد مەجید...تاد) لەوسا بەدواوە شانۆ لە کوردستان توانرا لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و تەکنیکی پێشکەش بکرێت و ئەم پۆلە شانۆکارە ئەکادیمیە توانییان ئەکتەر و کادیری هونەری باش بۆ شانۆی کوردی دروست بکەن و تیپە شانۆییەکان بەڕێوە ببەن، لەهەشتاکانیشدا شانۆی کوردی دەبێتە خاوەنی چەندین ڕەنگی جیاواز و کاری شانۆیی لەسەر میتوودە جیاوازەکان دەکرێت و شانۆی ئەزموونگەری سلێمانی و هەولێر و دهۆک دروست

دەبێت، بەتێکڕا هەنگاوی گەورەتر دەنێن، بەدرێژایی ئەم مێژووە کورتەی شانۆی کوردی، نەبوونی پیەسی خۆمالّی یەکێک بووە لە گرفتە گەورەکانی بەردەو پێشەوە چوون و دامەزراندنی شانۆی کوردی، هەروەها نەبوونی ڕەخنەگری پسپۆڕ و ئەکادیمی بۆ شرۆڤەکردنی نمایشە شانۆییەکان بە وردبینی و قوولّی، لەسەر بنەمای فیکر و فەلسەفە و هونەرێکی ئیستێتیکی، هەمدیسان گرفتێکی گەورە بووە لەبەردەم بالاگرتنی شانۆی کوردی، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە کۆمەلّێک نووسەری کورد هەر لە سەرەتاوە بەپێی توانایی هەوڵی نووسینی پیەسی کوردییان داوە.

لە بواری بە ئەرشیڤ کردنی شانۆی کوردی هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس یاسین قادر بەرزنجی شەونخوونییەکی زۆری کردووە بۆ ڕێکخستنی ئەرشیڤی شانۆی کوردی لە سلێمانی، هەروەها لە شاری هەولێر هونەرمەند و نووسەر (موحسین محەمەد) بە هەمان شێوە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆری داوە بۆ بە ئەرشیڤ کردنی شانۆ لەشاری هەولێر، کە ئەمانە سەرچاوەی گرنگن بۆ هەر توێژەرێک کە توێژینەوە لەسەر شانۆی کوردی بکات.

سالّی ١٩٩١ کە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد بەرپا بوو، ئازادی بالّی بەسەر کوردستاندا کێشا و هیچ سانسۆرێک لەبەردەم بەرهەمی شانۆییدا نەما، سەرکردایەتی سیاسیی کورد و بەرەی کوردستانی بەرێزەوە پێشوازییان لە چین و توێژی ڕۆشنبیر و هونەرمەندان کرد، شانۆکاران ڕۆلّێکی گرنگیان لە دامەزراندنی کەنالّە ناوخۆییەکاندا هەبوو کە لەلایەن پارت و حزبە کوردستانییەکانەوە یەک لەدوای یەک دادەمەزران. سالّی ١٩٩٢ کە یەکەم کابینەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکارییەکی باشی شانۆکارانی کوردستانی کرد و بەپێی توانایی ئەو سەردەمە، بەلّام بەهۆی گرانی گوزەرانی ژیان و خراپی باری ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە شانۆکارانی کوردیش وەکو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلّگە سەر تەختەی شانۆیان جێ هێشت و بەدوای پارووپەک نانا دەگەڕان، لێرەو لەوێ بە پچڕ پچڕی جوولّەی شانۆیی هەبوو، بەلّام بەرهەمە شانۆییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی پێویستدا نەبوون و بینەری شانۆش هەتا دەهات کەم دەبووەوە، سالّی ١٩٩٢ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەشاری هەولێر و دهۆک دامەزرا، ڕۆلّێکی گرنگی لە دروست کردنی کادیر بینی و جارێکی دی هێنانەوەی بینەر بۆ ناو هۆلّەکانی شانۆ، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت لەسەرجەم هۆلّە شانۆییەکانی کوردستان بە دەردی دامودەزگاکانی حکوومەت کەوتبووە بەر تالّانی جەماوەری ڕاپەڕیو، هیچ تەکنیکێکی هونەری وەکو ڕووناکی و دەنگ و دیکۆر، تەنانەت پەردە و سایکیشی پێوە نەمابوو، ئەمانەش هەمووی گرفت بوون لەبەردەم شانۆکاران کە نەتوانن نمایشێکی شانۆیی فەنتازی و ئیستێتیکی بەرجەستە بکەن.

سالّی ١٩٩٤ کە شەڕی ناوخۆ لە کوردستان بەرپا بوو، ئەو هەوڵە پچڕپچڕانەی لەوەو پێش هەبوون بە تەواوی پەکیان کەوت و وەستان مۆدەی کۆچ کردنی خەلّک بەرەو ئەوروپا وەکو شەپۆل دەستی پێ کرد، زۆرێک لە شانۆکارە بەسەلیقە و ناوداڕەکانی کوردستان کۆچیان کرد و بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتن و بە ولاتاندا بلاوەیان کرد، دەرگەی هەندێک لە تیپە شانۆییەکان داخران، جوولّەی شانۆ بە تەواوی وەستاو وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە دوو وەزارەت، یەکێک لە هەولێر و ئەوی دیکە لە سلێمانی، کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی نێو شانۆکاران پچڕا، دوای شەڕی ناخۆ لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاسۆیەکی باش بۆ شانۆکاران بەدەرکەوت، چالاکی شانۆیی بە گوڕ و تینێکی نوێ بە بەشداری نەوەیەکی تازە لاوی شانۆکار دەستی پێ کردەوە و چەندین تازە لاوی شانۆکار دەستی پێ کردەوە و چەندین تیپی شانۆیی هاتنە دامەزراندن، ئەوەی شایەنی باسە لە دوای سالّی ٢٠٠٠ تا ئەمڕۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هونەری شانۆوە بودجەیەکی زۆری بۆ بەرهەمی شانۆیی تەرخان کردووە، بەلاّم بەهۆی نەبوونی سیستمێکی تۆکمە و زانستییەوە زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکان لە ئاستێکی نزمدا پێشکەش کراون و نەیانتوانیوە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بەرهەمە سەرکەوتووەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، هەر بۆیە تا ئەمڕۆش قەیرانی شانۆ تەواو نەبووە و لەپێناو ڕازی کردنی دلّی ئەم و ئەو شانۆ قوربانی ئەم دیاردە ناهونەرییە بووە، کە ئەمەش بە دلّنیاییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارە، ئێمە لە کوردستان دەرهێنەر و ئەکتەر و شانۆکاری زۆر چاکمان هەیە، بەلاّم بەهۆی نەبوونی پۆلێنێک و تەماشاکردنی باش و خراپ بەیەک چاو، هونەرمەندە شانۆکارە پڕ

ئەزموونەکانیش سارد بوونەتەوە و هەندێکیش هەڵوێستیان وەرگرتووە و دابڕاون، لە زانکۆی سەڵاحەددین ماوەی حەوت ساڵە بەشی شانۆ لە کۆڵێژی هونەرە جوانەکان کراوەتەوە و دووخولی تێدا دەرچووە، بەڵام نەیتوانیوە وەکو پێویست کاریگەری لەسەر بزاڤی شانۆ هەبێت و ئەم گۆمە بشڵەقێنێت، بێجگە لەوەی لە هەندێک شارۆچکەی کوردستان پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کراوەتەوە وەکو (کۆیە- ڕانیە- کفری- هەڵەبجە)، هەروەها لە شاری کەرکووکیش لەم چەند ساڵەی دواییەدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کرایەوە، بەڵام هێشتا شانۆ لە کوردستان نەبووەتە پیشەگەری، هەر بۆیە نەیتوانیوە لە داهێنان نزیک بێتەوە، ئەمڕۆ وای لێهاتووە ئەدیبان، شاعیران، ڕۆشنبیران، مامۆستایانی زانکۆ، گەنج و لاوان ناچن بۆ شانۆ ئەگەر بەداوەت کردنێکی زۆرەوە نەبێت. جاران خەڵک چێژیان لە کۆڕی فیکری و فەلسەفی و ئیستێتیکی و هونەری وەردەگرت، کەچی ئێستا خەڵک بەگرفتەکانی ژیانەوە سەرقاڵە و لە هەست و نەست تێری ناکات و بەدوایدا ڕادەکات، کەچی دڵیشی خۆش ناکات، ئەمانە هەمووی مۆدەی سەردەمن، چاولێکەری لە کولتووری ئێمەدا تەواو نابێت، هەر بۆیە هەستی ڕۆمانسیەت و ئیستێتیکاو خەون و خەیاڵی جوان لە فەزای ئێمەدا نەماون و بڕواش ناکەم بەبێ ئەدەب و هونەر، بەبێ ئیستێتیکا ژیان تامی هەبێت. گۆڤاری ڕامان و شانۆی تیپی شانۆی سالار کە ساڵێکە ڕاگیراوە، ڕۆڵی گرنگیان لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە و تێکست و نووسینی شانۆیی گێڕاوە بە تایبەتی بەڕێز ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان ئازاد عەبدولواحید لە ڕێگەی گۆڤارەکەیەوە زۆر خزمەتی بزاڤی ئەدەبی شانۆیی کردووە، هەروەها بەڕێزان مامۆستا ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەرویش لە ڕێگەی گۆڤاری (شانۆ)وە کە شایستەی ڕێز و سوپاس و پێزانینن. بەڕێوەبەرایەتیەکانی هونەری شانۆ لە کوردستان خزمەتێکی باش و بەرچاوی بزاڤی شانۆیان کردووە، هەروەها زنجیرە تێکستە وەرگێڕدراوەکانی دەزگای ئاراس کە هونەرمەند دانا ڕەئووف سەرپەرشتی دەکات هەوڵێکی گرنگە بۆ شانۆی کوردی.

پرۆسەی دەرهێنان لە شانۆی کوردیدا

ئەو چیرۆکە تەمسیلییانەی لە سەرەتاکانی شانۆی کوردیدا کە لەسەر شانۆی قوتابخانەکان نمایش دەکران، کارێکی ئارەزوومەندانە بووە، هەر خودی نووسەر لەگەڵ ئەکتەرەکان بەشێوەی لاسایی کردنەوە ڕۆڵی کەسایەتییەکانیان دەبینی، دەرهێنەر نەبوو، بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی هەیانبوو، لەسەر هەڵسوکەوتیان شانۆ دەکرد، دیکۆری سەر شانۆیان بەشێوەی ڕەسم لەسەر خام لە دواوە بوو، یان لەسەر پارتێشن وێنەیان لە تەنیشت یەک دادەناو وێنەیەکی گشتییان لێ پێکدەهێنا و لە زۆربەی کاتدا تەنیا دەرگە و پەنجەرەکانیان بەشێوەی دیکۆر دروست دەکرد بۆ هاتن و چوون و پیشاندانی بەشی دەرەوە (ئەودیوی بینین)، ئەکتەرەکان هەوڵیان دەدا بە هەموو هێزی دەنگیان هاوار بکەن تاکو دەنگەکە بگات، هەروەها جووڵەی جەستەییان بەفراوانی بەکاردەهێنا بۆ مەبەستی دڵنیایی بوون لەگەیشتنی پەیامەکەیان، بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، هەروەها تێکستەکان بریتی بوون لە بابەتی نێو کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە وەکو (نەخوێندەواری، دکتۆر و نەخۆش، ژن بەژنی، گەورە بەگچکە، هەژاری و دەوڵەمەندی، پادشا و گزیر...تاد، لە هەمان کاتدا کارکردن لەناو هونەری شانۆدا پێویستی بە لەخۆ بوردن و جورئەت بووە، چونکە ئەو سەردەمە هێشتا ئافرەت ڕێگەی پێ نەدراوە کاری نواندن بکات، بەناچاری ڕۆڵی ئافرەت پیاو دەیبینی، کە ئەمەش گرفتێکی کۆمەڵایەتی بووە لەو سەردەمەدا، ناکرێت باسی دەرهێنان بکەین کە هێشتا بنەماکانی دەرهێنان و ڕەگەزە گرنگەکانی شانۆ کۆڵەکەیان لەناو ئەم چالاکییە شانۆییەدا دانەکوتیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان بەهەر شێوەیەک بووبێت، گرنگ بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەری ئەو سەردەمە، ئەم بارودۆخە تا ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان بەردەوام بوو، میللەتی کورد بە حوکمی ئەوەی واقیعبین بووە و واقعییانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیاندا کردووە، لە شانۆشدا بەهەمان شێوە شانۆی واقیعی نزیکترین شانۆ بووە، کە بینەری کوردی وەرگرتووە و باوەشی پێدا کردووە و چێژی لێ وەرگرتووە، هەر بۆیە شانۆکاری کورد هەر لە ساڵانی شەستەکاندا هەوڵی داوە پایەکانی شانۆی واقیعی لەناو بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا بچەسپێنێ، لەواقیعدا خاک و نەتەوە و جوگرافیا و کولتوور و هەموو دابو نەریتەکان یەکدی لە باوەش دەگرن و یەک فەزاو کەشوهەوا دەخولقێنن.

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی شرۆڤەی

بزووتنەوەی شانۆی کوردی بکەین، هەروەکو لەپێشەکیدا ئاماژەی پێ کراوە، شانۆی هونەری کوردی لەساڵی (١٩٧٠)وە دەست پێ دەکات لەسەر دەستی پۆلێک لە دەرچوانی پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، کە لەسەر دەستی مامۆستایانی شانۆی عیراقی توانییان ئاراستەکانی دەرهێنانی شانۆیی و میتودە شانۆییەکانی وەکو (ستانیسلافسکی- بریخت، مایرهولد- ئارتۆ- پیتەر بروک و گرۆتۆڤسکی...تاد) بۆ شانۆی کوردی بگوێزنەوە، هەرچەندە لە زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکاندا ئەم ئاراستە شانۆییانە وەک خۆی پەیڕەو نەکراوە، هەر بۆیە دەبینین لە زۆربەی نمایشە شانۆییەکاندا شانۆی واقیعی لەگەڵ تەعبیری، یان شانۆی ڕەمزی لەگەڵ تەقسی، یان شانۆی واقیعی لەگەڵ شانۆی داستانی، یان شانۆی بێهوودەیی لەگەڵ شانۆی هەژاردا تێهەڵکێش کراوە، بەشێوەیەک کە ناتوانرێت پۆلێنی بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەش هاوکات بەرهەمی شانۆیی زۆر باش پێشکەش کراوە کە لە هەڵگری سیمای هونەری و ئیستێتیکی بن، هەڵگری پەیامێکی نەتەوایەتی بن، میللەتی کورد خاوەنی کولتوورێکی زۆر دەوڵەمەندە، لە ساڵانی هەشتاکان کە شۆڕشی کورد لە چیاکانی کوردستان ژیلەمۆی شۆڕشی ئەیلوولی گەش دەکردەوە، شانۆکاری کورد، دەرهێنەرە شانۆییە نیشتمان پەروەرەکان گلۆپەی شۆڕشیان بەتین دەکرد لە ڕێگەی نمایشە شانۆییە کولتووریيەکانی (مەم وزین و لاس و خەزاڵ و خەج و سیامەند و محەمەد و سێوی)وە، لەمیانی ئەقینی دوو خۆشەویستەوە، ڕووە و ئاسۆ دەیڕوانی، هەوری ڕەشی ڕادەمالّی و بەهەوای بەرەبەیانێکی نوێ ئەستێرەکانی دەژمارد تا ڕووناکی بێتەوە سەر سیمای عاشقانی دنیا. لەدوای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بنەماکانی دەرهێنان لە شانۆی کوردی پەیڕەوکراو چەمکی دەرهێنان بە ستایلی (قوتابخانەی) ستانیسلافسکی، چەمکی دەرهێنان لەسەر ڕێبازی بریخت لە شانۆی کوردیدا وەکو مۆدیلێکی سەردەمیانە بووە، میتودێکی باو و لە گوتارە شانۆییەکاندا لێرە و لەوێ مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە. لە هەشتاکاندا شانۆکاری کورد بۆ ئەوەی فریای تەوژمە خێراکانی شانۆی ئەوروپی و ڕۆژهەلاتی بکەوێت، کەوتنە خۆ ڕۆشنبیرکردن و وەرگرتنی زانیاری لەسەر فۆرمە جیاوازەکانی شانۆ، هەر ئەو سەردەمە پیشەسازی لەجیهاندا کەوتە پێشبڕکێیەکی زۆرخێراو تەکنیکی شانۆیی سوودێکی زۆری لەو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە وەرگرت و شانۆی ئەزموونگەری بووە چەمکێکی کراوە و دەنگوڕەنگ و پانتایی و فەزای شانۆ بە نەخشە و ئەندازەیەکی نوێ خۆی نمایش کردەوە. شانۆ بووە پرۆژە و هەموو ڕێباز و میتودەکانی دەرهێنان یەکدییان لە ئامێز گرت، ئەگەر ستانیسلافسکی دەروازەیەک بێت بۆ مایرهولد و فاختانکۆف و ئیلیاکازان، ئاواش گرۆتۆڤسکی دەرگای چوونە ژوورەوەیە بۆ پرۆژەیەک کە ئەکتەر تێیدا دەبێتە ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ فیزیکی شانۆیی، کە زۆرجار وا ڕاڤە دەکرێت کە گرۆتۆڤسکی تەواوکەری میتودەکەی ئارتۆیە کە ناوی نابوو (شانۆی توندوتیژی)، ئارتۆ پێی وابوو مرۆڤی نەخۆش لە هەموو کەسێک پتر چاوی لە ژیانە، هەڵمژینی هەوای پاک و هەناسەدانێکی ئاساییە، هەر بۆیە لەمیانی خەون و وێنە ئەفسوناوییەکانەوە، هەست بە بوونێکی زیندووی ژیان دەکات و گۆڕینی دیدی شانۆ بە ئاراستەی بینەر. بەر لە ئارتۆ ڕاینهارت و مایرهولد هەوڵێکی زۆریان داوە، بۆ گۆڕینی نێوان ئەکتەر و بینەر وەکو دوو چەمکی وزەبەخش و وەرگر. هەروەک چۆن بریخت هەوڵی دا بینەر لەژێر کاریگەری سۆز و عاتیفە دەربینێت و نەکەوێتە ناو حاڵەتی ناهەستی و لەمیانی ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە و کرداره نامۆیەکانەوە بینەر بخاتە بەردەم پرسیارەکانەوە. شانۆی هاوچەرخ هەر لە قۆناغی ستانیسلافسکییەوە تا دەگاتە باربا‌و ئەنتڕۆپۆلۆژیای شانۆ و سیمیای ئەزموونەکانی شانۆ بە چەندین هاوکێشەی فیزیکی و ماتماتیکی خۆی دەرخستووە و بە مۆدیلی جیاواز شرۆڤەی پرۆژەکانی پێش خۆی کردووە و بەم شێوازانە پرۆسەکان ئەنجام دراوە:

١- (تێکست + ئەکتەر + دەرهێنەر + بینەر)
٢- (ئەکتەر + دەرهێنەر + تێکست + شوێن)
٣- (بیرۆکە + سینۆگرافیا + دەرهێنەر + بینەر)
٤- (ئەکتەر + فەزا + بینەر + دەرهێنەر)
٥- (ئەکتەر + تەکنیک + دەرهێنەر + بینەر)
٦- (شوێن + ئەکتەر + بینەر + دەرهێنەر)

یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی نمایشی شانۆی کوردی، ئەرکی بەڕێوەبردنی فیکری و هونەری و ئیستێتیکی هەر هەمووی لەسەر ئەستۆی دەرهێنەرە و ئەکتەر وەک میوانێکی بەشدار ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بێجگە لە کاری دەرهێنان و ڕاهێنانی ئەکتەرەکان، ئەندازە و نەخشە و سەرپەرشتی کردنی سەرجەم کارە

هونەری و تەکنیکییەکان وەک (دیکۆر، ڕووناکی، جلوبەرگ، ئارایشت، ئێکسسوار...تاد) هەر هەمووی لەسەر ئەستۆ و بەرپرسیارەتی دەرهێنەرە، کە ئەمەش ئەرکێکی ئێجگار قورسە، لە هەمان کاتدا هەر کارێکی تەکنیکی لە شانۆدا، پسپۆڕیەتی تایبەتی خۆی هەیە و تا ئێستا ئێمە لە شانۆی کوردیدا کەسی پسپۆر و ئەکادیمی وردمان لە بواری تەکنیکە هونەرییەکانی شانۆ نییە، تەنیا چەند کەسێک وەکو مومارەسە شارەزاییان لە بواری تەکنیکی هونەری وەک دیکۆر و ڕووناکی و موزیکی شانۆیی وەرگرتووە، بەو تەکنیکە فەنتازییە سەرەتاییەی لەبەردەستە کارەکان بەڕێوە دەبەن، لەلایەکی دیکە نەتوانراوە جەمسەرە هونەرییەکانی بە تۆکمەیی بەیەکەوە ببەسرێتەوە، یان هونەرەکان هاو توخم نەکراون، بۆ نموونە ئەو هونەرمەندە شێوەکارەی کاری دیکۆری شانۆیی ئەنجام دەدات، بەشێوەیەکی قوڵ لەسەر پێوەری بنەماکان دەرهێنان دیکۆری شانۆییەکە ئەنجام نادات، چونکە لە شێواز و ستایلە شانۆییەکانی ئەو شارەزاییە ئەکادیمییەی نییە، دیکۆری کلاسیکی لەگەڵ ڕۆمانسی، یان واقیعی لەگەڵ داستانی، یان ڕەمزی لەگەڵ بێهووەیی پۆلێن بکات و جیایان بکاتەوە و لە ڕووی سایکۆلۆژیای ڕەنگەوە پشت بە باکگراوەندێکی زانستی شانۆیی ببەستێت، بەڵکو تەنیا لەسەر بیروبۆچوون و تێبینییەکانی دەرهێنەر خەیاڵی خۆی دەجووڵێنێت، بۆ ئەوەی دیکۆرێکی جوان و هێما ئامێز و سەرنجڕاکێش دابمەزرێنێت و دەرهێنەر پێی ڕازی بێت، کە زۆرجار هاوکێشەکە ئاڵۆز دەبێت، چونکە نە دیکۆریستەکە بە تەواوی لە هونەری دراما تێگەیشتووە، بەتایبەتی لە یەکەکانی (کات و شوێن) و خوڵقاندنی باری ئابووری و سایکۆلۆژیایی و کۆمەڵناسی و ڕامیاری و سروشتی...تاد.

ئەگەر باسی ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بکەین لە نمایشی شانۆی کوردیدا، دەبێت هەڵوەستە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، چونکە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر لە نمایشدا دەبینن و زۆربەی دەرهێنەرەکان پشت بە موزیکژەنەکان دەبەستن و زۆربەی دەرهێنەرەکانمان زانیارییەکی پێویستیان لەسەر زانستی موزیک نییە، تەنانەت دەرهێنەری وامان هەیە خۆی گوێچکەی موزیکی باش نییە، هەر بۆیە ناتوانێت لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی گفتوگۆ لەگەڵ ئامادەکاری موزیکدا بکات و لە هەمان کاتدا موزیکژەنەکانیش پشت بە باکگراوەند و ڕۆشنبیری خۆیان دەبەستن لە دانان و ئامادەکردنی پارچە موزیکەکان بۆ دیمەنە شانۆییەکان و بەدەگمەن نەبێت کەسی پسپۆڕمان نییە تەنیا کاری موزیکی شانۆیی بکات و لە هونەری موزیکی شانۆییدا قووڵ بووبێتەوە، ئامادەکردنی موزیک لە شانۆدا پەیوەستە بە ڕوحی دراما و بەشداریەکی کاریگەر لە (کات) و (شوێن) دەکات و خوڵقاندنی کەشوهەوای دەروونی و بەڕێوەبردن و دیاری کردنی ڕیتمی دیمەنە شانۆییەکان، چونکە ئەرک و فەرمانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بریتی نییە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و ڕاکێشانی دیمەنە شانۆییەکان، بەڵکو بەشداری لە جۆری بابەت و ڕووداو و بەرزبوونەوە و دابەزینی ململانێیە درامییەکان دەکات، هەروەها ڕەگەزێکی کاریگەرە بۆ چوونە ناو دەوری ئەکتەرەکان لە بنیادی کارەکتەرەکان، هەروەها بەشداری لە بەخشینی چێژی ئیستێتیکی و فیکری و هونەری و خوڵقاندنی تەقس و مەوداکانی فەزای نمایش دەکات، کاریگەری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە شانۆدا پێویستە بە قەبارە و ئاراستەی ڕووداوەکان بێت، زۆرجار لە هەندێک شانۆییدا لە دیمەنی سادە و ساکاردا موزیکێکی زۆر قورس لە سۆز و عاتیفە و کاریگەر لەسەر دەروون بەکارهێناوە، زۆر لە هەست و سۆز و قەبارەی ڕووداوی دیمەنەکە گەورەتر بووە و موبالەغەی زۆری تێدا کراوە، کە بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە ئاماژەیەک بۆ بنیادی دیمەنە شانۆییەکە دروست بکات، یان بە قەدەر قەبارەی ڕووداوەکە بێت، ئەمەش وای لە ئەکتەر کردووە کە نەتوانێت تەعبیر لە کرداری درامییەکان بکات، یان بە پێچەوانەوە لە دیمەنێکی زۆر قورس و سەرنجڕاکێش و گرنگ لە ململانێی لووتکەی درامیدا، موزیکێکی لاواز و بێ کاریگەر بەکارهاتووە کە ئاستی دیمەنە شانۆییەکەی هێناوەتە خوارەوە و نەیتوانیوە تەعبیر لە شێوە و ناوەڕۆکی ڕووداوەکە بکات، هەر لەسەر ئەم تێڕوانینە مامەڵەکردن لەگەڵ موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە نمایشی شانۆییدا پێویستی بە شارەزایی و وردبینی و لێزانینێکی تەواو هەیە، تاکو سەرئەنجام لەمیانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان هەموو حاڵەتەکان بەشێوەی نۆرماڵ پەخش بکەین و بگەیەنین و بینەری ئەمڕۆش گوێگرێکی باشی موزیکە، زۆر بە ئاسانی هەست بەم دیاردەیە دەکات، هەر بۆیە ناتوانێت بەشێوەیەکی سروشت چێژی لێ وەربگرێت و هەست بە

ئیستێتیکایەکی هونەریی بکات.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕووناکی لە شانۆی کوردیدا لەبەر نەبوونی تەکنیکی نوێی ڕووناکی لەناو هۆڵە شانۆییەکاندا، ناتوانین دەرهێنەر بکەینە بەرپرسیاری سەرەکی لە نمایشی شانۆی کوردیدا، بەڵام بەپێی ئەو ئامێر و کەرەستە سەرەتاییانەی هەیە توانراوە لە میانەی تەکنیکی ڕووناکییەوە کەشو هەوایەکی دراماتیکی بخوڵقێنن، ئێستاش لە کوردستان کادیری هونەری باشمان هەیە کە شارەزاییەکی باشیان لە تەکنیکی ڕووناکی پەیدا کردووە، خوازیارین وەزارەتی ڕۆشنبیری هەوڵی جیددی بدات بۆ نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکان بە تەکنیکی ڕووناکی پێشکەوتووی نوێ، چونکە ڕووناکی ڕەگەزێکی گرنگی نمایشی شانۆییە، لە فەزای نمایشدا دەرهێنەر دەتوانێت بەهۆی ڕووناکییەوە جوانترین فەنتازیا بۆ دیمەنە شانۆییەکان بخوڵقێنێت و لە یەکەکانی (کات) و (شوێن)دا بە ئیستێتیکایەکی هونەری دیمەنە شانۆییەکان بەڕێوە ببات و ئاراستەکانی دەرهێنان بەرجەستە بکات، ڕووناکی کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر ئەکتەر بۆ جوان ئەداکردنی ڕۆڵەکەی لەسەر شانۆ و دەرکەوتنی دەموچاو تەعبیرکردن و سەرجەم ئەندامەکانی جەستەی. خۆ ئەگەر بمانەوێت باسی ڕەنگەکانی ڕووناکی بکەین ئەوە خۆی لەخۆیدا بابەتێکی قووڵ و تایبەتە، چونکە بەکارهێنانی هەر ڕەنگێک لە ڕووناکی ڕەمزێکی پڕ بەهاو مانایەو بەهارمۆنی کردنی ڕەنگەکان دروست کردنی کۆنتراست بە هەمان شێوە مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەرهێنەر بەپێی ڕوئیای دەرهێنان ئەو ستایلە شانۆییەی کاری لەسەر دەکات دەتوانێت مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکات، هەروەها پێوەندی نێوان جلوبەرگ و ئارایشت و دیکۆر و ئێکسسوار هاوکێشەیەکە کە زۆرجار بە بەشداری هەمووان دەتوانن تەکامولی درامی دروست بکەن و چێژێکی هونەری ببەخشنە بینەری شانۆکە، ڕەگەزەکانی شانۆ بە بینەر تەواو دەبێت. بینەری شانۆی کوردی بۆ سێ گروپ دابەش دەکرێت.

گرووپی یەکەم: بینەرە ئارەزوومەندەکانی شانۆن، کە زیاتر حەز لە شانۆی واقیعی دەکەن و حەز لەو تێکست و نمایشە شانۆییانە دەکەن کە لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواریەوە نزیکن، حەز دەکەن وانەی نوێی لێوە فێربین و ڕۆشنبیریان بەرز بکاتەوە و چێژی لێ وەربگرن.

گرووپی دووەم: بینەری هونەرمەند و ڕۆشنبیر و کایە بەرزەکانی ناو کۆمەڵگەن کە حەز لە نمایشی کلاسیکی و مۆدێرن و ئەزموونی نوێ دەکەن و دەیانەوێت شانۆ بەردەوام لە ئاستێکی بەرزدا خۆی بنوێنێت و فیکر و ئیستێتیکای تێدا زاڵ بێت و بە ڕوئیا و خەیاڵێکی نوێوە نمایشە شانۆییەکان ببینن.

گرووپی سێیەم: گرووپی ڕەخنەگر و شرۆڤەکارانی شانۆن، یان مامۆستای ئەکادیمی بواری شانۆ کە هەمیشە بەچاوێکی ورد و ڕەخنەییەوە دەڕوانە شانۆ و لەپێناو ڕاکردنی شانۆکاران، بە تایبەتی دەرهێنەران لە پێشبڕکێ داهێناندا بەردەوام خاڵ لەسەر وشەکاندا دادەنێن و لە نمایشی شانۆیی ئاساییدا دڵ و دەروونیان تێر نابێت و هەندێک جار زۆر بە تۆندی ڕەخنە دەگرن و دەیانەوێت هونەرێکی شانۆی باڵا ببینن، بە تایبەتی لەسەر دەستی گەنجەکان و گرووپە شانۆییەکان، بۆ ئەوەی شانۆ بە ئاراستەیەکی مۆدێرن و نوێدا هەنگاوەکانی خێرا بکات و لە زەمەن و جیهانی جیهانگەریدا دوانەکەون.

سەرچاوەکان:

١- أرتون انتونين، جماليات المسرح الجديد، عمان: دار الكندي للنشر والتوزيع، ١٩٩٩.

٢- أردش، سعد، المخرج في المسرح المعاصر، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون، ١٩٧٩.

٣- إيفاتر، جيمس روس، المسرح التجريبي من ستانسلافسكي الى بيتر بروك، ترجمة فاروق عبدالقادر الناشر: هلا للنشر و التوزيع، ٢٠٠٠.

٤- ريد، هربرت، تربية الذوق الفني، ترجمة يوسف ميخائيل اسعد، القاهرة، دارالنهضة العربية، ١٩٧٥.

٥- کەریم، سەلام فەرەج. گەشەسەندنی درامای کوردی ١٩٧٥- ١٩٩٥ سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ٢٠٠٩.

٦- بەرزنجی، یاسین قادر. چەند باسێک دەربارەی شانۆی کوردی کوردستان: وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٥.

شانۆی ڕۆژ و
تێڕوانینێکی سیاسیی بۆ شانۆ

دانا ڕەووف
(سوێد)

(١ - ٢)

یەک دوو ساڵ لەمەوبەر، باسێکم لە گۆڤاری (شانۆ) لەسەر ئاریان منوشکین بڵاوکردۆتەوە، کە لە زۆر ڕووەوە باسی دیدە شانۆییەکەیم کردووە. هەر زوو هەستم کرد کە هێشتا لەگەڵ ئەم شانۆیە و ئەم شانۆکارە گەورەیە تەواو نەبووم، ئەم باسەش قوولّ بوونەوە و بەردەوامییەکی ئەو باسەیە و خوێنەر و شانۆکاران دەتوانن زیاتر لە ئاریان منوشکین، پرۆژەکانی، دیدە سیاسییەکەی بۆ شانۆ و لە شانۆی "ڕۆژ" تێبگەن.

سەرەتایەک

پاریس یەکێکە لە پایتەختە چڕ و دەوڵەمەندەکانی شانۆی ئەوروپی و هەمیشە دەرگای شانۆکان بۆ گرووپ و نمایشە جۆراوجۆرەکان و هونەرمەندە نێونەتەوەییەکان ئاوەڵا بووە. زۆربەی تەوژم و ڕێبازە شانۆییەکانیش لەوێوە (لە پاریسەوە) سەرچاوەیان گرتووە.

جوولانەوە سیاسییە ڕادیکاڵەکان، بزووتنەوەی چەپەکان و قوتابیان پێگەیەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان لە گفتوگۆ و زەمینە خۆشکردنی شانۆ و ڕۆڵی شانۆدا دیوە، شەقامەکانی پاریس بە هەمان شێوەی هۆڵی شانۆکان جێگای ململانێی سیاسی و فیکری و هونەری بوون.

پرۆژە شانۆییە گرینگەکانی دنیا، دەزگا و گرووپە جیهانییەکان، چەندە لەسەر شانۆی ولاتەکانی خۆیان کاردەکەن، هێندەش وەک میوان دەرگاکانی پاریسیان بۆ کراوەتەوە و لەسەر شانۆکانی ئەم ولاتە، میوانێکی ڕێز لێ گیراون.

چەندین دەزگای هونەری، تیپی شانۆی نەتەوەیی و سەر بە ڕێکخراوە فەرمییەکان و سەدان گرووپی سەربەست لە هەموو پاریسدا بڵاوبوونەتەوە. لەناو ئەو گرووپە شانۆییە سەربەستانەدا شانۆی (بوف دی نورد)ی پیتەر بروک و شانۆی (ڕۆژ)ی ئاریان منوشکین دیارن، بینەران نەک تەنیا لە پاریسەوە، بەڵکو لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکاوە ڕوویان تێدەکەن.«١»

پیتەر بروک و ئاریان منوشکین لە زۆر ڕووەوە لە یەکترەوە نزیکن، هەردووکیان کار لە پرۆژەیەکی فراوانی نێونەتەوەییدا دەکەن، هەردووکیان دەیانەوێت شانۆیەکی فرەکولتووری بخولقێنن و هەردووکیان لە پاریس کار دەکەن. ئەم دوو هونەرمەندە چەندە لە یەکترەوە نزیکن، هێندەش لە یەکترەوە دوورن، بە دوو ڕێگا و فۆرمی جیاواز کار دەکەن، شێوازی کار و زمانی شانۆ و فۆرمی کارەکانیان لە یەکترەوە دوورن.

دیمەنێک لە شانۆگەری «دوایین پەناگەی شەوی کاروانەکان»

ئاریان منوشکین توانیویەتی شەکسپیر، درامای گریکی و شانۆنامەی مۆدێرن، لە فۆرم و دید و بۆچوون و ترادیشونی شانۆی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاستەوە (چین، هیندستان، ژاپۆن، تایلاند، ڤیێتنام و کەمبۆدیا) چارەسەر و بەرجەستە بکات و لەسەر ئاستێکی بەرز تێکەڵاوی چەمکەکانی دراماتۆرگی شانۆی ئەوروپیان بکات.

ئاریان منوشکین بە سوود وەرگرتن و گەڕانەوە بۆ سەر فۆرم و ترادیشونی شانۆی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەکارهێنانی جەستە، دەمامک، سەما و گۆرانی و شانۆیەکی فیزیکی و جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ، پیتەر بروکیش بە گەڕانەوە بۆ ڕەهەندە گەوهەرییەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی فۆرمێکی مینیمالیزم کار دەکات.«۲»

ئەم دوو ڕێژیسۆرە، لەگەڵ گرووپ و هاوکارەکانیان، بە مەبەستی پشکنین و تاقیکردنەوەی هەلومەرج و تواناییەکانی شانۆ بۆ کێشوەرە دوورەکان، بۆ ئاسیا، ئەفەریقا و هیندستان گەشتی هونەرییان کردووە، نمایشە شانۆییەکانیان خەسڵەتێکی جیهانی لەخۆ دەگرێت و زمانێکی گەردوونی و هاوبەشیان دەستەبەر کردووە. بروک و منوشکین دەیانەوێت شانۆیەک دروست بکەن، کە هەموو سنوورەکان، کولتوورەکان و چینە جیاوازەکان ببڕێت و ڕاستەوخۆ و بەبێ جیاوازی ڕەگەز، تەمەن و نێرومێ و لە ئەتمۆسفیرێکی هونەریدا، لەگەڵ بینەرەکانیان کۆببنەوە. ئاریان منوشکین و پیتەر بروک بە پرۆژە گەورەکانیان سەرلەنوێ مێژووی شانۆیان چ لە ڕووی ئیستێتیکا، پۆلەتیک و جۆری خۆ ڕێکخستنەوەوە، نووسیوەتەوە، بوونەتە دیاردەیەکی جیاواز و نموونەیەکی باڵای چەندین نەوەی دیکەی شانۆکار لە جیهاندا، بەڵام ئەوەی ئاریان منوشکین بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە پیتەر بروک جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ئاریان منوشکین، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بەردەوامە لە سوود وەرگرتن و تاقیکردنەوە و قوواڵبوونەوەیەکی هەمەلایەنە بە شێواز و فۆرم و چەمکە جۆراوجۆرەکانی شانۆ لە هەموو جیهاندا، بەتایبەتیش فۆرم و تراديشونە دێرینەکانی ئاسیا لە چین و ژاپۆن و هیندستان. شانۆی کۆنی گریکی، کۆمیدیای دیلارتی و فۆرمەکانی شانۆیەکی میللی، کە زیاتر لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە فەرەنسا لە بڕەودا بوون، جێگای سەرنج و سەرچاوەی کارەکانین.

ئەمە، بێجگە لەوەی، کە ئاریان منوشکین هەمیشە پرسە هەنووکەییەکانی جیهان سەرنجی ڕادەکێشن و شانۆکەی بە شانۆیەکی ڕامیاری زیندوو دادەنرێت.

پیتەر بروک و ئاریان منوشکین لە شانۆ گەورەکانی دەوڵەت، وەک شانۆی نەتەوایەتی، شانۆی شار و شانۆی پاشایەتی ... تاد دوور کەوتووەتەوە، هەردووکیان هەردەم پشتیان کردۆتە ئەم دامەزراوە گەورانە و گرووپی تایبەتمەندی خۆیان دامەزراندووە، لە هەموو لایەکەوە ئەکتەر، شانۆکار، هەروەها هونەرمەندیان لەخۆیان کۆکردوونەتەوە، بڕوایەکی پتەویشیان لەلای جەماوەرێکی گەورە و لە هەموو جیهاندا، بە کارە هونەری و ئەزموون و بیروبۆچوونەکانیان دروست کردووە. بینەرانیش توخمێکی گرینگی پرۆسەی کارەکانیانە و هەردووکیان لە بنەما کاریگەرییەکانی بینەرانەوە کاردەکەن و لەو ڕوانگەیەشەوە، نمایشەکانیان هەمیشە لە گۆڕان و نوێ بوونەوەدایە.«۳»

سەرەتایەک بۆ شانۆ، دەروازەیەک بۆ سیاسەت

شانۆی "ڕۆژ" لە یەکەم سەرەتاکانییەوە، لە دەستپێکی کارە هونەری و هەوڵە ئەزموونگەرییەکانییەوە

هاوسەنگییەکی هەمەلایەنەیان لەنێوان پرسە سیاسییەکان و دید و بۆچوونە هونەرییەکانیاندا دروست کردووە.

ئاریان منوشکین هەر لە شەستەکانەوە تا ئێستا شانۆیەکی بە هەڵوێست و ڕامیاری بەرجەستە کردووە و خۆی لەنێوەندی ڕووداوەکانی جیهاندا بینیوەتەوە. ئەم ڕووداوانەش، لە ئەورووپا، یان لە ئەفەریقا و ئاسیا، سەبارەت بە گەلانی چەوساوە، ڕەوشی پەنابەرە، یان بە پەراوێزکردن و چەوساندنەوەی ئافرەت بووبێت، کاریان تێکردووە. ئەم کارتێکردنانەش لە شانۆکەیدا، دوور لە هەموو جۆرە پڕوپاگەندە، ئایدیۆلۆژیا و پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە شانۆیەکی بەرز.

شانۆی "ڕۆژ" نزیکە لە ژان و ئازارەکانی مرۆڤەوە، شانۆیەکە بە شانۆ و تەکنیکێکی بەرزی هونەری و ئیستێتیکا، گوزارشتی لە تەنگژە و گرفتەکانی مرۆڤ کردووە. هەموو ئەندامەکانی شانۆی "ڕۆژ" پێکەوە دەژین و پێکەوە کاردەکەن، هەموویان بەرپرسیارن لە هەموو شتێک: لە پرۆڤەکردن، ڕێکخستن و پاککردنەوەی هۆڵی شانۆ، خواردن دروست کردن، نۆژەن کردنەوە، دروست کردنی سینۆگرافیا ... تاد و هەمووشیان یەک موچەیان هەیە.«٤»

ئاریان منوشکین ئەم پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنەی ئەندامانی گرووپەکەی کردۆتە سیاسەتێکی جێگیر و بنەمایەکی گرینگی ستراکتۆری شانۆی "ڕۆژ". لەم ڕووەوە بەم شێوەیە ئەم سیاسەتە هونەری و ڕێک خستنەی گرووپەکەی ڕوون دەکاتەوە (ئێمە چەند یاسایەکمان هەیە، کە لەسەر ئاستێکی بەرز سیاسین، بۆ نموونە چۆنیەکی لە موچەدا، هەموومان هەمان موچەمان هەیە و ڕێز لە پارە دەگرین. بەر لە ساڵی ١٩٨١ پارەیەکی ئێجگار کەمان لە دەوڵەت وەردەگرت، پارە هی وڵاتە و هی ئەوانەیە کە باج دەدەن، لەبەر ئەوە پێویستە ڕێز لەو پارەیە بگیرێت کە وەری دەگرین. ئەو یاسایانە تا ئێستاش بەکارن. پارە بۆ ئەوەیە، کە ئەزموون و چێژێکی ڕاستەقینە بە بینەران ببەخشین.)

ژیان، شانۆ و سیاسەت، لای ئاریان منوشکین یەکەیەکی پتەو و گرینگی شۆڕشێکی بەردەوامە، لەپێناوی شانۆیەکی جیاواز، لەپێناوی بەدەست هێنانی یەکسانییەکی هەمیشەیی و گشتگیری مرۆڤایەتیدا.

ئاریان منوشکین، وەکو گەنجێک، لە شانۆی قوتابیانەوە دەستی پێکردووە، لە زانکۆی سۆربۆن قوتابییەکی چالاک بووە، پێوەندییەکانی بە بزووتنەوەی قوتابیانەوە بەهێز بوون، بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای شەستەکاندا و لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا گرووپێکی شانۆیی بەناوی (کۆمەڵەی شانۆکارانی قوتابیانی پاریس)ـەوە دامەزراندووە. هەر لەم قۆناغەدا "ژان پۆل سارتر" بۆ زانکۆی سۆربۆن بانگهێشت دەکات تا سەبارەت بە شانۆ قسەیان بۆ بکات؛ سارتر بە گرینگی پێدانەوە باسی بڕیشت، شانۆی مەلەمی، تەکنیکی نامۆبوون، کاریگەریی و تێڕوانینی بڕیشتیان بۆ شانۆ بۆ دەکات. ئاریان منوشکین ئاماژە بۆ ئەو سەرەتایە دەکات و دەڵێت (هەر لەوێش لەوە گەیشتم، ئەوەی من لە منداڵییەوە خەونم پێوە دیوە، کە دنیا بگۆڕیت، ئەوە بە شانۆ و لە شانۆدا دەکرێت.)

ئەو گرووپە شانۆییەی زانکۆی سۆربۆن دە کەس بوون و دواتر لە ساڵی ١٩٦٤دا تەنیا ئاریان منوشکین خۆی و دوو ئەندامی دیکەیان دەمێننەوە، ئەم سێ هاوڕێیە پێکەوە شانۆی "ڕۆژ" دادەمەزرێنن.

(ئێمە بۆ ناوێک دەگەڕاین بۆ گرووپەکەمان، بیرمان لە چەند وشەیەک، وەکو دەروازەیەک بۆ چۆنیەتی بیرکردنەوەکانمان دەکردەوە، بۆ نموونە جوانی، ژیان، گەرمی، ڕووناکی. دواتر لە ئەکتەرەکانم پرسی، کە لە ژیاندا تامەزرۆی چین و حەز لە چی دەکەن؟ هەموویان وتیان "ڕۆژ" هەر لەوێدا وتم ئێمە ناومان شانۆی "ڕۆژ"ـە! ئێمە لەم شانۆی ڕۆژەدا، جۆرە مەملەکەتێکی پاشایەتیمان بۆ خۆمان خوڵقاند، لەوێدا دەمانتوانی بە سەربەستی بەدوای جوانیدا بگەڕێن، کە لە ژیانە ڕاستەقینەکەدا هەبوون.)

هەر لەم ساڵەدا شانۆنامەی (بۆرژوازییە بچووکەکان)ی مەکسیم گۆرکی نمایش دەکەن، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧دا بە شانۆنامەی (چێشتخانە) لە نووسینی "ئەرنۆلد ویسکر" زیاتر دەناسرێن و ڕەخنەگرە شانۆییەکان ئاماژەیەکی جیاوازیان بۆ دەکەن. لە ساڵی ١٩٦٨ یشدا بە شانۆنامەی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) پێگەیان بەهێز دەبێت و دەبنە یەکێک لە گرووپە دیارەکانی فەرەنسا.

ئاریان منوشکین لە (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) بەر لە پیتەر بروک، دەروازەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەی

دیمەنێک لە شانۆگەری «مۆرانە»

شەکسپیر دەکاتەوە، بۆ یەکەم جاریش شەکسپیر لە دەرەوەی ڕێسا تەقلیدییەکانەوە دەخوێنێتەوە. شانۆی "ڕۆژ" لەم قۆناغەدا زیاتر پەنایان بردۆتە بەر شانۆی جیهانی و دەقی نووسەرە گەورەکان، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز، بە فۆرمێکی نوێ و بە ڕوحییەتێکی ئەزموونگەری نمایشیان کردووە.

شانۆی "ڕۆژ" و پرۆژەیەکی هەرەوەزی

شانۆی "ڕۆژ" لە ساڵی ١٩٦٩دا بە شانۆنامەی (لێبووکەکان) پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەی کارەکانیانەوە، لێبووکەکان پرۆژەیەک دەبێت چ لە ڕووی تێکست و چ لە ڕووی ئامادەکردنی نمایشەکەوە، بە چاودێری و سەرپەرشتی ئاریان منوشکین، بە کاری هەرەوەزی و ڕاگوزاری پێکەوە بنیادی دەنێن.

(لێبووکەکان) کاریکی ئاسایی نابێت، وێنە شانۆییەکان، ناوەرۆکە قوڵ و فەلسەفییەکەی، بۆ نموونە، تەنیایی و غەمگینی ڕووکاری ناوەوەی لێبووکێکی گاڵتەئامێز، وابەستەی ژیانی دەرەوە و ڕوالەتی دیار و بە گەمەکردنی واقیع دەبێت. لەم بەرهەمەدا سێرک و ژیانی ئاسایی، کۆن و نوێی، شانۆی ئیتاڵی و شانۆی "نو"ی ژاپۆنی پێکەوە کۆدەکەنەوە، نمایشێک پێشکەش دەکەن زیاتر لە سێرکەوە نزیک بووە وەک لە شانۆ.

لە ساڵی ١٩٦٩ دا ئەم گرووپە و لەسەر داوای (ژان فیلەر) کە دامەزرێنەری فیستیڤاڵی ئەڤینیۆن بووە، بە نمایشی (لێبووکەکان) بەشداری دەکەن، ئەم کارەش دەبێتە یەکێک لە پرۆژە هەرە بەرز و جیاوازەکانی ئەو ساڵەی فیستیڤاڵی ئەڤینیون. شانۆنامە و نمایشی (لێبووکەکان) چەکەرەی شانۆیەکی فیزیکی و میللی لەلای ئاریان منوشکین و شانۆی "ڕۆژ" دەکات و پێناسە هونەرییەکەیان ڕوون دەکاتەوە.«٥»

شانۆی "ڕۆژ" گرووپێکی ئاسایی نییە، چ لە ڕووی چۆنیەتی و چ لە ڕووی ئاستی بەرهەمەکانییەوە، میتودی کارکردن، بنەمای دارایی و پرۆفیلە هونەرییەکەیان جیاوازە، بەبێ گومان بە یەکێک لە باشترین گرووپە شانۆییەکانی ئەورووپا دادەنرێت.

شانۆی "ڕۆژ" بۆ هەر پرۆژەیەکیان چەندین مانگ، شەو و ڕۆژ مەشق و پرۆڤە دەکەن، پێکەوە دەژین و هەموو پرۆڤەیەکیان ڕۆنانی ئەزموونێکی تازەیە بۆ ئەوان. دابەش کردنی ڕۆڵی شانۆنامەکانیش، دوای دوو تا چوار مانگ لە مەشق و پرۆڤەیەکی بەردەوام دەبێت، ئەکتەرەکان بەر لە بڕیاری کۆتایی ئاریان منوشکین، لەگەڵ هەموو ڕۆڵ و کارەکتەرەکاندا، لە هەموو ڕوویەکەوە ئاشنا دەبن.«٦»

چەمکی سەفەر و شانۆیەکی سەخت

کار و پرۆژەکانی شانۆی "ڕۆژ" سەفەرێکی سەختە بە دوای فۆرمێکی دیکەی شانۆدایە، هەر لەم ڕووەوە ئەم شانۆیە، بەشێوەیەکی بەهێز پابەندە بە چەمکەکانی سەفەرکردنەوە. هەموو نمایشێک گەشتێکە بۆ خۆی، لەوێدا هەموو گرووپەکە، وەکو پاپۆڕێکی گەورە وان، دەریا بێ سنوورەکان دەبڕن بۆ ئەوەی بە دوای شتە نادیار و نەناسراوەکاندا بگەڕێن. ئەم شانۆیە تەنیا بەدوای فۆرمێکی تازەدا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای هەست و سۆزێکی تازەشدا. یەکەم سەفەرەکانیش، سەفەری ئاریان منوشکین بووە بۆ ئاسیا، میژووی شانۆی "ڕۆژ" یش لەو سەفەرەوە دەست پێ دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئاریان منوشکین دەڵێت (یەکەم سەفەرم لە ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤، کرد بەر لەوەی شانۆی ڕۆژ دابمەزرێنم. من دەموبست بچم بۆ چین، بەڵام ڤیزەیان نەدامێ، لەبەر ئەوە چووم بۆ هیندستان، لەوێشەوە بۆ ژاپۆن. لە ژاپۆن سەرلەنوێ شانۆی ئاسیاییم دۆزییەوە، کە لەوەوبەر بەشێکی زۆر بچووکیم لە فیستیڤاڵی شانۆی گەلان دیبوو. بێ گومان نەمدەزانی، کە ئەم سەفەرە بە چ ئاراستەیەک و چۆن ئەزموونی من دەوڵەمەند دەکات، بەڵام دوایی لەوە تێگەیشتم، کە تا ئێستا کاریگەری

خۆی هەیە. من لەوێ هەستم دەکرد، کە هەموشتێک میتافۆرە و ژیانی ڕۆژانە جۆرە ڕیتوالێکە، یان ژیانی ڕۆژانە بە تەواوی ڕیتوالّی کرا بوو. هەموو شتێک بە جەستەو زمانی جەستە بالآ دەست بوو، هەموو شتێک بە شێوەیەک لە شێوەکان شانۆ بوو.)

تەکنیکەکانی شانۆی ڕۆژهەلآت، چ لە چین، ژاپۆن، یان هیندستان دەبێتە بەشێک لە ئامرازەکانی، لە تەکنیک، جۆری بیرکردنەوە و دیدی ئاریان منوشکین بۆ کار و خوێندنەوەکانی. ئاریان منوشکین بە شانۆی "ڕۆژ" و گەڕانەوە بۆ شانۆی ڕۆژهەلآت شانۆی ئەوروپی دەولّەمەند دەکات و ئەزموونێکی دیکەی بێ وێنەی پێ دەبەخشێت.

ئاریان منوشکین لەو گەشتەوە، لە ڕۆژهەلآتەوە پێناسەی هونەری خۆی، چەمکەکانی شانۆیەکی فیزیکی و تەکنیکێکی نوێ بۆ شانۆی جیهانی؛ ڕۆژهەلآت/ ڕۆژئاوا لە فۆرمێکی تایبەتی خۆیدا دەدۆزێتەوە. لە ڕۆژهەلآتەوە بۆچوونە سیاسییەکانی قوولّ دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی پشت بکاتە شانۆ و تەکنیکەکانی شانۆی ڕۆژئاوا، زمانێکی گلّۆبالیزم دەبەخشێتە شانۆی ڕۆژهەلآت و سەفەرێکی هەتایش بۆ شانۆی "ڕۆژ" دەستەبەر دەکات. لە بەشەکانی دیکەی ئەم باسەدا زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەم مەسەلەیە.

شۆڕشی فەرەنسی و بنەماکانی شانۆیەکی میللی

شانۆی "ڕۆژ" لە دوای نمایشی (لێبووکەکان)ـەوە بڕەو بە کارەکانیان دەدەن، لە تەکنیکەکانی شانۆی ڕاگوزاریدا قوولّ دەبنەوە و بە دیدێکی هەمەلایەن و گیانێکی هەرەوەزییەوە ڕووبەڕووی ئایینده دەبنەوە. سەرکەوتنی (لێبووکەکان) وزەیەکی دیکەیان پێ دەبەخشێت، کەسانی دیکەیان لە دەور کۆدەکاتەوە، دید و بۆچوونەکانیان ڕوون و ئاشکراتر دەبن. ئەم گرووپە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز و هەموو دەرگاکانیان بەشێوەیەکی تر بۆ دەکرێتەوە. شانۆی "ڕۆژ" لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە، لە ژێر کاریگەری شۆڕشە جەماوەرییەکەی سالّی ١٩٦٨ی پاریس بە تایبەتی و هەموو فەرەنسا بە گشتی، گۆمێکی مەنگ دەشلّەقێنێت و میژوو دەکاتە شانۆ، شانۆش دەبێتە میژوویەکی بەهێزی بەردەوام.

ئەم گرووپە بە میتودەکانی شانۆی ڕاگوزاری دەگەڕێنەوە بۆ میژوو، تا میژوو لەو ساتەدا بخوێننەوە و میژوویەکی دیکە بۆ خۆیان و بۆ شانۆی "ڕۆژ" تۆمار بکەن. گەڕانەوەش بۆ میژوو و بە شانۆکردنی میژوو کارێکی سەختەو ئەزموون و دیدێکی ئاشکرا و نووسەر و ڕێژیسۆرێکی خاوەن توانایی دەوێت، ئەم مەرجانەش لە ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکانی ئەو گرووپەدا هەبوون. هەر لەبەر ئەوە شانۆی "ڕۆژ" بە هەردوو شانۆنامەی (١٧٨٩) و (١٧٩٣) سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسی، ناوبانگێکی گەورەی هونەری لەسەر ئاستی فەرەنسا و هەموو ئەوروپا بەدەست دەهێنن.«٧»

ئاریان منوشکین لەم نمایشانەدا لە چەمک و پێوەدانگە گشتگر و هەمەلایەن و گرینگەکانی شانۆیەکی میللی فەرەنسی، بە تایبەتی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا نزیک دەبێتەوە. ڕەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی "بێرنارد دۆرت" دوای بینینی ئەم نمایشانە دەڵێت (شانۆی ڕۆژ گرووپی سەردەمێکە، ئەمە یەکەم جارە لە سەرەتاکانی ژان فیلەرەوە ئێمە ڕووبەڕووی شانۆیەکی ڕاستەقینەی میللی فەرەنسی دەبینەوە.) هەموو ئەکتەر و ئەندامانی شانۆی "ڕۆژ" پێکەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژەیە چەندین دوکیومێنت، وێنە، فاکتە، زانیاری سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسی کۆ دەکەنەوە، دوای ئەوە ڕووداو و کەسایەتییەکانیان هەڵبژاردووە و بە ڕێگای ڕاگوزاری بۆ شانۆ ئامادەیان کردۆتەوە.

ئاریان منوشکین دەڵێت (من پێشنیاری ئەوەم بۆ ئەکتەرەکان کرد، کە شانۆنامەی (١٧٨٩) پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی لەو ئەگەرانە بکۆڵینەوە، کە شانۆ چۆن باسی بابەتێکی وەکو شۆڕش دەکات. بەرجەستەکردنی "شۆڕش" لە دەقێکی شانۆیدا، ئێمە ناچار دەکات ئەم مەسەلەیە لە هەموو لایەنەکانییەوە هەڵبسەنگێنین و بەتەواوی بیری لێ بکەینەوە. خودی پرۆسەی بیرکردنەوەکە لە دەقەکەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ڕەنگی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی لەخۆ دەگرت. سالّی ١٩٧٠، بۆ هونەر و بۆ ژیانی سیاسیمان سالّێکی تایبەتی بوو.)

شانۆی "ڕۆژ" لە دووتوێی کتێبی میژوو و ئەو ڕووداو و شەڕە ڕاستەقینانەوە، کە سەرکردە سەربازییەکانیان کردوویانە، شۆڕشی فەرەنسی ناگیرێتەوە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە گەلی فەرەنسی، ئەو گەلەی خۆیان دروستکەری شۆڕشەکە بوون و بەو شێوەیەی هەستیان بەو شۆڕشە کردووە و بینیویانە، بگێڕنەوە. ئاریان

منوشکین هەموو نمایشەکە لە ڕوانگەی میللەتەوە بەرجەستە دەکات و میللەتیش ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. کۆمەڵێک ئەکتەر پێکەوە، بە وێنە، بە سەما، بە جەستە، بە بەکارهێنانی شانۆی بووکەڵە، گۆرانی، گەمەی لێبووکەکان، پانتۆمایم و هونەری ئەکرۆباتیک گوزارشت لە شۆڕش دەکەن. لەم نمایشەدا ئەندێشە دەبێتە واقیع، وێنە ئەفسانەییەکانیش دەبنە میژوو. واقیع و میژوو، لە چرکەساتەکانی ئێستا و لەم کاتەدا شۆڕشێکی دیکە هەڵدەگیرسێنن، شۆڕشێک کە بنەماکانی لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە.«٨»

بەشی یەکەمی ئەم پرۆژەیە دەستپێک بووە بۆ گێڕانەوەی سەرەتا پڕ لە هیواکانی شۆڕشی فەرەنسی. ئاریان منوشکین بۆ ئەم مەبەستە ژینگە و ئەتمۆسفیرێک دەخولقێنێت، بۆ ئەوەی بینەرەکانی ئەو هیوایەی سەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسییان بیتەوە یاد. هیوایەکی نوێ لە شۆڕشە جەماوەرییەکەی سەردەمی خۆیانەوە، بە بینەرەکانی ببەخشێت.

شانۆی "ڕۆژ" بۆ بەرجەستەکردنی ئەم شانۆنامەیە و گێڕانەوەی شۆڕشی فەرەنسی، شێوازێکی داستانی هەڵدەبژێرێت و بە حیکایەتخوانێک، کە دەڵێت: ڕۆژێک لە ڕۆژان (...) دەست پێدەکات، بەڵام دواتر نمایشەکە فۆرمی گێڕانەوە و سەرگوزشتە لەخۆناگرێت، بەڵکو دەبێتە ئاهەنگێکی میللی و بەرجەستەکردنی ئازارەکانی میللەت و پیشاندانی پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤ.

ئەکتەرەکانیش وەکو کارەکتەری لێبووک، گاڵتەگێڕەکان، پاڵەوانباز و بووکەڵە وابوون، جارێک ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە و جارێک ڕووداوەکانیان نمایش کردووە. شانۆی "ڕۆژ" لە ڕێگای ڕۆچوونە خوارەوە بە ژیانی بێ دەرەتان و چەوساوە و هەژار و هونەرمەندە گەڕۆکەکانی ئەو سەردەمەوە، چیرۆکەکەیان گێڕاوەتەوە، لە ڕووی فۆرمیشەوە توانیویانە هاوسەنگییەک لەنێوان شانۆی داستانی "بریشت"، شانۆی میللی سەدەکانی ناوەڕاست و دیدی خۆیاندا دروست بکەن.

ئاریان منوشکین لەم کارەیدا دەتوانێت زیرەکانە بواریک لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا بنیاد بنێت، بواریک کە وا لە بینەران بکات بە شێوەیەکی دیکە بڕوانن نمایشە شانۆییەکە و دیدێکی ڕەخنەگرانە و بابەتییان هەبێت، لەهەمان کاتدا ئەو بارودۆخەش بۆ بینەران بڕەخسێنێت کە سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی دیکە میژوو بدۆزنەوە. ئاریان منوشکین ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە ئەو دەیەوێت لەم ساتەدا، وەک هونەرمەندێک بەشداری لە میژووودا بکات، چەمکەکانی شۆڕش زیندوو بکاتەوە، نەک مێژوو وەک خۆی بگێڕێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەتمۆسفیرە ئاهەنگ ئامێزە میللییەکانی ئەوکاتەی پاریس زیندوو دەکاتەوە، پانتایی شانۆکە بەسەر پێنج شوێنی جیاوازی نواندندا دابەش دەکات و بینەرانیش توانیویانە بە سەربەستی بەنێو ئەم پێنج شانۆیە، لەناو خودی هۆڵی شانۆ گەورەکەدا بجوواڵێن. بەم شێوەیەش ئاهەنگ و گەمە و شانۆ و نمایشی لێبووکی سەرشەقامەکانی پاریسی ١٧٨٠ کانی زیندوو کردۆتەوە. شانۆنامەکەش لەو خاڵەدا کۆتایی پێدێت، کە بۆرژوازییەکان و دوای سەرکەوتنی میللەت، میللەت پەراوێز دەخەن و خۆیان دەسەڵات دەگرنە دەست.

نمایشی (١٧٨٩) و (١٧٩٣) کە ئاریان منوشکین لەسەر بنەماکانی شانۆی ڕاگوزاری و لەگەڵ ئەکتەرەکان پێکەوە نووسیویانە، چیرۆکێکی مێژوویی، بەپێی زنجیرەی ڕووداوەکان لەخۆناگرێت، ئەکتەرەکانیش بە مانا تەباکەی هونەری نواندن لە ڕۆڵەکانیاندا بزر نابن، بەڵکو زنجیرە لۆژیکییەکەی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕیان پێکراوە و دراماتۆرگییە تەقلیدییەکەیان تێک شکاندووە، وەک لەمەوبەر ئاماژەشم بۆ کردووە، نمایشەکە لە ڕوانگەی ڕۆڵی میللەتەوە دەبێتە ئاهەنگێکی میللی گەورەی شانۆیی.

ناوونیشانی شانۆنامەکانیش، بەشی یەکەم ١٧٨٩ و بەشی دووەمیش ١٧٩٣ کە کۆمەڵێک ڕووداو لە ساڵەکانی شۆڕشی فەرەنسی لەخۆ دەگرێت، بۆ شانۆی "ڕۆژ" و ئاریان منوشکین گەڕانەوە، بەستنەوە و بەرجەستەکردنی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ و مانگرتن و بزووتنەوەی قوتابیانی زانکۆکانی پاریس دەبێت. دوای نمایش کردنی شانۆنامەی ١٧٨٩ بینەران بەهیچ شێوەیەک قایل نابن بڕۆنە دەرەوە، بەڵکو تا بەرەبەیان لەگەڵ ئەکتەرەکان و ئاریان منوشکین لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە لەناو خۆیاندا دەکەونە گفتوگۆ و وتوێژێکی چڕەوە.

شانۆی "ڕۆژ" هەر لە سەرەتاوە، پێوەندییەکی تایبەتمەندیان لەگەڵ بینەرەکانیاندا دروست کردووە، پێکەوە نان دەخۆن و پێکەوە سەیری نمایشەکانیان دەکەن. ئاریان منوشکین ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە

ئەوان بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لە لایەن بینەرانەوە هەیە. "ئەوە زۆر گرینگە کە بینەران، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بووە، هەندێک جار لە ماوەی چەند مانگێکدا بڕوای خۆیان بە ژیان و بە مرۆڤایەتی بۆ بگەڕێتەوە، بڕوا بە کراوەییماندا بە ڕووی یەکدیدا، بڕوا بە جوانی و بە سۆزی دەروونماندا"

ئاریان منوشکین لە بەشی دووەمیشدا ١٧٩٣ بە چەشنی بەشی یەکەم، لە خوارەوە، لە میللەتەوە سەیری شۆڕشی فەرەنسی کردووە، بۆ نموونە "دانتۆن" و "مارا" کە دوو فیگۆری گرینگی شۆڕشی فەرەنسی بوون، بوونیان نییە، لەبری ئەوان خەڵکی ئاسایی: نانەوا، ئاسنگەر، کرێکار، ڕۆشنبیر، قوتابی، ئافرەت... تاد کارەکتەرە سەرەکییەکانی نمایشەکە بوون.

شانۆی "ڕۆژ" لە شەستەکاندا شانۆیەکی تایبەتمەندیان نەبووە و هەر نمایشێکیان لەسەر شانۆیەک، یان لە گۆڕەپانی یاری و پانتاییە بەرینەکانی سێرکدا پێشکەش کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠دا لە دەرەوەی شاری پاریس و لە یەکێک لە خانووبەرە چۆڵکراوەکاندا، لە هۆڵەکانی کارگەیەکی تەقەمەنی کۆندا دەگیرسێنەوە. لەم شوێنەدا بەپێی هەلومەرجی تایبەتمەندی خۆیان و بە دەست و بازووی ئەندامەکانی شانۆی "ڕۆژ" ئەو شوێنە نۆژەن دەکەنەوە و دەیکەنە پلاتفۆرم و یەکێک لە تەلیسماویترین پانتاییەکانی شانۆ لە جیهاندا.«٩»

ئەندامەکانی شانۆی "ڕۆژ" لەبەر ئەوەی هیچ داراییەکیان نەبووە، بوونەتە کرێکار، شەو و ڕۆژ کاریان کردووە و تەنیا بە سێ هەفتە، ئەو کەلاوە گەورە بەجێ هێڵراوەیەیان کردووە بە شانۆ. ئاریان منوشکین دەڵێت (ئەوە موعجیزە بوو، شانس نەبوو، بەڵکو موعجیزەیەکی گەورە بوو.)

لەم قۆناغەدا ئەندامەکانی شانۆی "ڕۆژ" ئەکتەری تەواوەتی و دەرچووی ئامۆژگاکانی هونەری نواندن نەبوون، بە ڕۆژ کاریان کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان و بە شەویش لەگەڵ ئاریان منوشکین ژیاون، مەشقی شانۆ و کارە هونەرییەکانیان کردووە.

ئاریان منوشکین خۆی، کە لە یەکێک لە قوتابخانە نێونەتەوەییە بەناوبانگەکانی پاریس و لە ژێر دەستی مامۆستایەکی گەورەی وەک Jacques Lecoq پانتۆمایمی خوێندووە، وانەکانی نواندن، پانتۆمایم، گۆرانی و تەکنیکی دەنگ، ئەکرۆباتیک، هونەری ڕاگوزاری و سەمای لە ڕوانگەی پرۆژەکانیانەوە پێ گوتوون، لە هەموو ڕوویەکەوە هاریکاری و ئامادەی کردوون. لەم قۆناغەدا ڕاگوزاری و کاری هەرەوەزی، بە تایبەتی لە بواری نووسینی ئەو شانۆنامانەی کە پێشکەشی دەکەن، دەبن بە یەکێک لە مۆرک و سیما گرینگەکانی ئەم گرووپە شانۆییە. ئەو پێوەندییەی ئاریان منوشکین بە گرووپ و ئەکتەرەکانییەوە، لەسەرەتای دامەزراندنی شانۆی "ڕۆژ"ـەوە دروستی کردووە، تا ئێستاش یەکێکە لە بنەما گرینگەکان و نهێنی سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندە. هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤ لەگەڵ هەموو نمایشێکی نوێدا، شتێکی تازە و چاوەڕوان نەکراو دەبینێت. هەمیشە شتێک لە نێوان ئەو و گرووپەکەیدا ڕوودەدات، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستە بە یاسا نهێنییەکانی شانۆوە. هەر ئەو یاسا نهێنییانەشە پێوەندییەکانی ئەوانی، وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە چنیوە بە کۆمەڵێ کۆد و بنەمای دیکەی کۆمەڵایەتی، هونەری، سیاسی و داراییەوە. کە سەیری نمایشەکانی ئەم هونەرمەندە، ئەم گرووپە دەکەیت، وەک ئەوە وایە ڕێگایەکی نادیار و شاراوە بگریت. ئەکتەرەکانی جیهانە مەزنە پڕ لە فەنتازیاکەی منداڵ دەخوڵقێننەوە، چونکە ئاریان منوشکین، بەڕای هەموو پسپۆڕانی بواری شانۆ، خۆی توانیویەتی ئەو جیهانە لە خۆیدا بپارێزێت. بینەرانیش بەشداری خوڵقاندنی ئەو پرۆسەیەن.

مۆلێر - منوشکین
ژیانێک بۆ شانۆ، شانۆیەک بۆ ژیان

شانۆی "ڕۆژ" لە دوای نمایش کردنی هەردوو شانۆنامەی ١٧٨٩ و ١٧٩٣ تووشی تەنگژەیەکی دارایی، کۆمەڵایەتی و هونەری دەبن. هەندێک لە ئەندام و ئەکتەرەکانی واز لە شانۆی "ڕۆژ" دێنن و ئەندامی تازە دێن و ستراکتوری شانۆکە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت.

لەبەرئەوە شانۆی "ڕۆژ" لە ساڵی ١٩٧٦دا پشوویەکی دوو ساڵی لە شانۆ وەردەگرن، لەبری ئەوە ئاریان منوشکین دەکەوێتە خۆ ئامادەکردن و وێنەگرتنی فیلمی (مۆلێر) و لە ساڵی ١٩٧٧ دا تەواوی دەکات.«١٠» مۆلێر دیاردەیەکی تایبەتمەندە لە مێژووی شانۆی فەرەنسی و جیهانیدا، لە هیچ سەردەمێکدا وێنەی نەبووە، هەروەها شانۆکارێکی هەمەلایەن و گشتگیر

بووە، هیچ کەسێک تا ئێستا بەو شێوە سەراپاگیرە کاری لە شانۆدا نەکردووە. مۆلێر لەیەک کاتدا خاوەنی شانۆ بووە، بە مانا مۆدێرنەکەی ئەمڕۆ سەرۆکی تیپ بووە، ڕێژیسۆر و ئەکتەری سەرەکی هەموو نمایشەکانیان بووە، بە تایبەتی کارەکتەر و فیگۆرە کۆمیدییەکان. ئەمانە هەمووی لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، نووسەری ئەو شانۆنامانەش بووە، کە گرووپەکەی پێشکەشی کردوون، لەبەر ئەوە خۆی ئەو ڕۆڵ و کارەکتەرە کۆمیدیانەی بۆ خۆی نووسیون.

فیلمی مۆلێر تەنیا ژیان و بیۆگرافیای شانۆنامەنووس و ئەکتەری فەرەنسی (مۆلێر) ناگرێتەوە، هەرچەندە فیلمەکە بەرجەستەی ژیانی ئەم هونەرمەندە هەر لە منداڵییەوە تا مردنی لەسەر شانۆ دەکات، بەڵکو لە دیدی خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەند و گشتگیری زەمەنێکەوە، بەرجەستەی ژیانی مرۆڤێکمان بۆ دەکات، کە بە شانۆ و لەگەڵ شانۆ و لە پێناوی شانۆدا ژیاوە، هەروەها ئاریان منوشکین هەر لەم فیلمە درێژەدا گرفتەکانی نێوان هونەرمەند، دەسەلات و کۆمەڵگا دەخاتە ڕوو. هاوکێشەی دەسەلات و هونەرمەند دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە پرۆسێسی فیلمەکە و لە ژیانی مۆلێر خۆیدا. بێ گومان بەستنەوەی ئەم هاوکێشەیە بە تەنگژە چڕەکانی دەسەلات و پێوەندییەکانی بە هونەرمەندانەوە لە ژیانی هونەری فەرەنسای حەفتاکاندا، وای کردووە فیلمی مۆلێر و کارەکتەری مۆلێر بێت بە هێماگەلێکی ئاشکرا و لە چەقی ڕووداوەکانی ئەمڕۆماندا بجوولێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، هەموو فیلمەکە ڕەنگدانەوەیەکی ژیانی ئاریان منوشکین و شانۆی "ڕۆژ" و مۆلێرە، لە بەرگێکی دیکە و لە زەمەن و کۆمەڵگەیەکی جیاوازدا، بەڵام بە هەمان ئامرازەکانی هونەر و شانۆوە دەردەکەوێتەوە. ئاریان منوشکین دوای چەندین ساڵ، بەم شێوەیە باسی ئەو پرۆژەیە دەکات (سێ سەد ئەکتەر و هونەرمەند، پێنج سەد دەمامک، هەشت سەد جلوبەرگ و دارایی‌یەکی پازدە ملیۆن فرانک، ئەمە هەر وەک ئەوە وابوو، کە لە هۆلیوود کار بکەین. فیلمەکە چوار کاتژمێر درێژ بوو، ئەکتەرەکانیش گرینگترین کاری هەرەوەزی و کۆمەڵکاریان ئەنجام دا، ئەمە بە ڕاستی پرۆژەیەکی جیاواز بوو. من دەمویست فیلمێک لەسەر مۆلێر بکەم، لەبەر ئەوەی مۆلێر و گرووپە شانۆییەکەی جێگای سەرنجم بوون، هەروەها مۆلێری مرۆڤ، مۆلێری ئەکتەر، نووسەر، ڕێژیسۆر؛ بوونێک مانای چی دەگەیەنێت، کە لەسەر شانۆ و هونەر ڕۆنراوە، لەسەر هاوڕێیایەتی، یان نەبوونی هاوڕێ، خۆشەویستی، پارە، خۆپەرستی، دڵفراوانی ڕاستەقینە، پێکەنین...تاد ئەو خێزانە سەیرەی، کە شانۆ دروستی کردووە.)

بەشێک لە دیمەنەکانی فیلمەکە جۆرە کەرنەڤاڵێکە، کە بنەماکانی لە دابونەریتە میللییەکانی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپاوە وەرگیراوە. مۆلێر لەم کەرنەڤاڵانەوە، لە ژیانێکی ئاهەنگسازی سەرشەقام، بەزم و ڕەزمی لێبووک و ئەکتەرە گەڕۆکەکانەوە، پشت دەکاتە ژیانە ئارامەکەی خۆی و خانەوادەکەی، تێکەڵاوی گرووپە شانۆییەکان دەبێت و ژیانێکی دیکە هەڵدەبژێرێت. گرووپێکی گەڕۆک دروست دەکات، بە شار و گوند و هەرێمەکاندا دەگەڕێن، شانۆیەکی تراژیدی لە پشت خەندە و پێکەنین و کۆمیدیایەکی قوواڵەوە پێشکەش دەکەن.

یەکێک لە جوانترین دیمەنەکانی ئەم فیلمەش ئەوەیە، کە گرووپەکە لە دەشتێکدا، لەسەر عەرەبانەیەک نمایشەکەیان بۆ ئەو بینەرانە پێشکەش دەکەن کە لە دەوریان کۆبوونەتەوە، لەپڕ ڕەشەبایەکی توند هەڵ دەکات، پاڵ بە عەرەبانەکەوە دەنێت و بەنێو ئەو دەشتو دەرەدا پاڵی پێوە دەنێت. ئەکتەرەکان بەردەوام دەبن، نمایشەکەیان ناوەستێنن و بینەرانیش بە دوایاندا ڕادەکەن. تا لە کۆتاییدا بینەران بەدەم قاقای پێکەنینێکی بێ وێنەدا، لەو دەشتو دەرە بە شانۆ گەڕۆکەکە دەگەنەوە.

مۆلێر توانی ترادیشۆنی شانۆی گەل و میللی تێکەڵاوی ئەدەب و ئەدەبی شانۆیی بکات، بەمەش یەکەیەکی دیکەی بۆ زمانی شانۆ خوڵقاندووە. لەنێو شانۆی کلاسیکی فەرەنسیدا تەنیا مۆلێر بەم شێوە بەرفراوانە، بە دیدی جیاواز و خوێندنەوەی نوێ و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەوە خراوەتە ڕوو. تەنیا مۆلێر بەرگەی گۆڕانکاری و هەموو تەوژمەکانی گرتووە، هەر لە ڕۆمانتیک، ڕیالیزم، ناتورالیزم و تا دەگاتە سوریالیزم و ئەبسوردیزم، بە زیندوویی ماوەتەوە و شانۆنامەکانی لەنێو ئەو تەوژمانەدا جێگا و ڕێگای خۆیان کردووەتەوە. ئەمڕۆش گرووپە گەورەکانی دنیا، ڕێژیسۆرە بەرزەکانی جیهان مامەڵە لەگەل مۆلێر دەکەن.

مـۆلێـر بووەتە سـەمـا ، شـانۆیەکی فـیـزیکی و پـۆست مۆدێرنیزمیش.

ئاریان منوشکین پێناسـەی هونەری خـۆی لە مـۆلێـر و هەوڵەکـانی ئەو بۆ دروست کـردنی شـانۆیەکی مـیللی و گەشتە هونەرییەکانی، هەروەها ئەو ژیانە کۆلێکتیڤەی دەدۆزێتەوە، کە لەگەڵ ئەکتەرەکانی هەیەتی.

گەشتێک بە جیهانی شەکسپیردا

شـانۆی "ڕۆژ" دوای چواردە سـاڵ لە کـاری هەرەوەزی و پرۆژەی ڕاگـــوزاری و خـــوڵقـــانی نمایشی گـــەورەی ئەفسـوونـاوی، لە دەرەوەی بازنەکانی دەق و شانۆنامـەی نووسـراوەوە، پێ دەنێـتە قـۆناغـێکی نوێی کارکـردنەوە. ئاریان منوشکین لە هەشـتـاکـانـدا، بە پێـچـەوانەی کـارە ڕاگـوزاریـیەکـانـیـیـەوە، ڕووەدکاتە شەکسپیر و پرۆژەیەکی گـەورە بە ناوی (گـەشـتـێـک بە جـیـهـانی شـەکسـپـیـردا) پێشکەش دەکات.

ئەم پرۆسـەیە چەندین سـاڵ دەخـایەنێت، کـۆمـەڵێ لەشانۆنامە مێژوویی و کۆمێدییەکانی شەکسپیر لەخۆ دەگـرێت، بۆ نموونە: ڕیچـاردی دووەم، شـەوی سـێـزدەم، هێنریکی چوارەم (دوو بەش) و هێنریکی پێنجەم.

ئـاریـان مـنـوشـکـین هـەر خـــــۆی، بـۆ ئـەم پرۆژەیـە و سـەرلەنوێ، بەش بە بەش شـانۆنامـەکانی شـەکسـپـیـر لە ئینگلیزییەوە وەردەگـێـڕێتەوە سـەر زمانی فـەرەنسی، بەم شێـوەیە وەرگـێـڕان و زمـانـە بەکارهێنراوەکەی لەگەڵ نواندن و وێنە شانۆییەکانیدا دەگونجێنێت.«١١»

ئاریان منوشکین لە سـاڵی ١٩٨١دا سـەبارەت بە پرۆژە شەکسـپـیـرییـەکـەیان وتوویەتی (ئێـمـە دەمـانـەوێت، وەک قـوتابی و شـاگـرد بچـینـە وەرشـەی مـامـۆسـتـاکـەمـانـەوە، تـا ئەو ئامـرازانەی کە پێـویسـتـمـانـە، بە دەسـتـیـان بهـێـنین بۆ ئەوەی چیرۆکەکانی ئەمڕۆمانی پێ بگێڕینەوە.)

ئاریان منوشکین لە دوو مـانگی یەکەمی سـەرەتای ئەم کـارەدا و بە هاوکـاری شـانۆی "ڕۆژ" شـەو و ڕۆژ لەسـەر دوو ئاست و بە دوو ئاراستـەی جـیـاواز کـاریان کـردووە، لەلایەکـەوە مـەشـقـێکی کـردەیی و تـوێژینـەوەی ئـاسـاییـان لەسـەر دیمەنەکـانی ئەم شـانۆنامـانـە لەگەڵ ئەو ئەکتـەرانە کـردووە، کە تـازە و بـۆ ئەم پرۆژەیە پێـوەندییـان بە شـانۆی "ڕۆژ"ـەوە کـردووە، لە لایەکی دیکەشـەوە بەدوای سـتـایل و شـێـواز و فـۆرمـێـکی تـایبـەت بە خـۆیـان گـەڕاون، بە تـایبـەتی لە ڕێگای چەندین مـەشقی چڕی ڕاگـوزاریـیـەوە، بۆ خوێندنەوە و بەرجەستەکردنی شەکسپیرەکەیان.

مەشقە چڕ و گرانەکانی شانۆیەکی ڕاگوزاری، هەمیشە سـەرەتـایەکی گـرینگی هەمـوو پرۆژەکـانـیـانە؛ وێنەیەک، ڕەوشـێـک، بیـرۆکـەیەک، کـە لە خـودی دیدی کـارەکـەوە وەردەگـیـرێت، دەبێـتە بنەمـایەک بۆ ئاریان منوشکین. لەم ڕووەوە ئەکتـەرەکانی شـانۆی "ڕۆژ" چەندین جار دووپاتی ئەوەیان کـردۆتەوە، کە ئاریان منوشکین لە کاتی مـەشـقـە ڕاگوزاریـیەکانیاندا بە تـوانـاییـەکی ئەفسـوونـاوییـەوە گوێیان لێ دەگـرێت، سـەیریان دەکـات، تێـیـان دەگـات، کـاریان لەگـەڵ دەکـات و زەمـینـەیەکی دەوڵـەمـەند و پڕ لە حـەزی بەردەوامی و ئەفراندنیان بۆ دەخوڵقێنێت.

ئاریان منوشکین دوای چەند مـانگێکی چڕی گـەڕان بە دوای سـتـایل و فـۆرمـێکدا بۆ پرۆژە شەکسـپـیـرییـەکەیان، دەگـاتە ئەو بـەرئەنجـامـەی، کـە تـەکنیکی شـانۆی کـۆنی ڕۆژهەڵات و مـۆدێـرنی ئەوروپا تێکەڵاو بکات: ریچاردی دووەم بە چاکـەت و پانتـۆڵەوە دەرکـەوتووە، بـەڵام خـودی شـانۆ و تەکنیک و کـارە هونەرییـەکـان، وەک دیدێکی ڕیژی لە شـێـوازەکـانی (نو) شـانۆی کـلاسـیکی کـۆنی ژاپۆنی، فـۆرمـەکانی شانۆی ئاسیای ناوەڕاست و شانۆی هیندییـەوە وەرگـیـراون. بۆ نموونە جـەنگاوەر و ئەسپ سوارەکانی چاخەکانی ناوەڕاستی بەریتانیا ناهێنێتە سەر شـانۆ، بەڵکو لەبری ئەوە جـەنگاوەرە ژاپۆنییـەکـان (سامۆرای) دەبنە پاڵەوان و فیگۆرەکانی شەکسپیر. لەم ڕووەوە ئینگلتەرای سەردەمی ڕێنسانسی لە فۆرمەکانی شـانۆی ڕۆژهەڵات، نو و کـابـووکـیـدا تێکەڵاو کـردووە. ئاریان منوشکین دووپاتی ئەوە دەکـــاتەوە، کـــە ئەو کولتوورانەی تـرادیشـونە شانۆییەکانی خۆیان پاراستووە، بەتایبەتی بە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی دەمامک، زمانی جـەسـتـە و ئـامـاژەکـان، شـانۆی ژاپۆنی، هیندی، چینی و بـالـیـیـە. لەم شـانۆیانەدا ژیانی ئەسپ سـوارەکـان، کـۆمەڵگای فـیـودالیـزم، بە هەمـوو وردەکـارییـەکـانیـیـەوە بەرجەستە دەکرێت، ئەمەش لەگەڵ پرۆژە شەکسپیرییەکەی ئاریان منوشکین یەکی گـرتـۆتەوە، بە تێکەڵاوکـردنیـشی لەگـــەڵ چەمک و تەکنیکەکـــانی شـــانۆی ئەوروپی، شەکسپیرێکی تایبەتمەند پێشکەش دەکات، کە سەر بە هەموو مرۆڤایەتی، گەردوونی بێت.

ڕیچاردی دووەم و فۆرمێکی ژاپۆنی

شـەکـسـپـیـر لە ڕیچـاردی دووەمـدا، بە شـێـوەیەکی

تووندوتیژ باسی پۆلیتیک، دەسەلآت و گەمەی دەسەلآت دەکات. لەلای ئاریان منوشکین-یش دەبێتە جۆرە "سامۆرا"یەکی تووڕە، شێتگیر و کەللەڕەقی فیلمەکانی کۆرۆساوا، ئەم فۆرمەش چەمکێکی ئەزەلی و لە هەمان کاتدا بەرگێکی ئەفسوونی بەم فیگۆرە شەکسپیرییە دەبەخشێت.

ئاریان منوشکین پانتاییەکی فراوانی بۆش بۆ بەرجەستە کردنی ئەم ڕیچارده ژاپۆنییە بەکاردەهێنێت، هەر لەم دەروازە بۆشەشەوە دیدە شانۆییەکەی بۆ ئەو خوێندنەوەیە بەرجەستە دەکات. ئاریان منوشکین لەلای ڕاستی شانۆکەوە دوو ڕاڕەوی دڕێژی دروست کردووە؛ لەم ڕاڕەوانەوە ئەکتەرەکان دێنە سەر شانۆ، زۆرجار بە گرووپی گەورە، وەکو کۆمەڵە ئەسپ سواربک، پۆلە جەنگاوەرێک دێنە سەر شانۆ کە بۆ شەڕ ئامادەن، دوای ئەوە لەسەر پانتاییە بۆشەکە بڵاودەبنەوە، ڕوودەکەنە بینەران و نمایشەکەیان دەست پێ دەکات.

ئاریان منوشکین بەشێوەیەکی زۆر دیاریکراو دیکۆر و کەرەستەکانی دیکەی بەکارهێناوە، جەستەی ئەکتەر، وزەی نواندن و دەنگی تەپڵ و مۆسیقا یەکەیەکی گرینگی نمایشەکەن. هەموو سینۆگرافیاکەش بریتییە لە فەرشێکی ئاوریشمی گەورە، کە وەک فۆندێک بەرانبەر بە بینەران بە قوواڵایی شانۆکەدا هەڵواسراوە. لە پشت ئەم فەرشە ئاوریشمییەوە، چەندین فەرشی دیکە بەسەر یەکتریدا هەڵواسراون، بە دڕێژایی نمایشەکە، بە پێی ڕەوشە دراماییەکە و گۆڕانی دیمەنەکان، ئەو فەرشانەش یەک لەدوای یەک دەکەونە خوارەوە. بەم شێوەیەش ڕەنگ و شێوازی ئەو فۆندانە دەگۆڕدرێن، هەر فۆندێکیش هێمای خۆی هەڵگرتووە و گوزارشت لە کات و شوێنی جیاوازی خۆی دەکات.

فۆرمە توند و ڕێسا جێگیر و دیاری کراوەکانی تەکنیکی ئەکتەر لە شانۆی ڕۆژهەڵاتدا، چوارچێوە و ستراکتورێکی چڕ و بە پلان بە ئەکتەرەکان دەبەخشێت و لەو سنوورەدا ناچاریان دەکات، بە ئاگاییەکی بێ هاوتاو بە دیقەتێکی قوڵ و بە هەستێکی بەرزی نواندنەوە بجوڵێنەوە و مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵەکانیان بکەن. ئەکتەرەکانی ئاریان منوشکین، لە ڕیچاردی دووەمدا ئەو فۆرمەی شانۆی ڕۆژهەڵات بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی دەسەلآتی ڕەهای خۆیان وەک ئەکتەر، لەناو تراديشونە ئەوروپییەکەی خۆیاندا لەدەست بدەن.

جووڵەی سەمائامێزی ئەکتەرەکان زیاتر چووەتەوە سەر سەمای پەرستگا و سەماکانی دوورگەی بالی، جلوبەرگەکانیشان لە زۆر ڕووەوە لە جلوبەرگی تراديشونی وڵآتی تایلاندەوە وەرگرتووە.

لە شانۆنامەکانی دیکەدا هەموو جیهانە شەکسپیرییەکەیان لە دنیای کارەکتەری لێبووکەکاندا بەرجەستە کردووە، تەکنیک و چەمکی لێبووک بووەتە ناوەند، لە بیرۆکەی کارەکتەری لێبووکەوە نمایشەکەیان ڕۆناوە. ئەوەش بە گەڕانەوە و سوود وەرگرتن لە تەکنیک و شانۆی کۆمیدیای دیلارتی، تەکنیکی چەمک و شێوازەکانی لێبووکی مۆدێرن. ئەم تێکەڵاوکردنەش لە نێوان تەکنیکی کۆمیدیای دیلارتی و فۆرمی لێبووکەکانی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپیدا، بارودۆخێکی دی، تەکنیکێکی جیاوازتر و دیدێکی هەمەلایەنە لە پرۆسە شەکسپیرییەکەدا دەخوڵقێنێت. ئاریان منوشکین بەم تێکەڵاوکردنە، وێنەیەکی مۆدێرنی سەردەمیانە بە مۆدێل و ستایلە شانۆییەکەی سەردەمی ئێلیزابێس دەبەخشێت. بەم شێوەیەش شەکسپیر لە هەردوو ڕووی ناوەڕۆک و تەکنیک و فۆرمەوە، لە دیدێکی فرە کولتووریییەوە نزیک دەکاتەوە و لە هەموو جیهانیشدا دەروازەیەکی نوێ بۆ خوێندنەوەکانی شەکسپیر دەکەنەوە. ئاریان منوشکین لەم پرۆژانەدا بە دوای ئاماژە و جووڵەی دەرەکی وادا گەڕاوە، کە بتوانێت گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی ناوەوە بکات.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە ئاریان منوشکین لەم پرۆژە مەزنە شەکسپیرییەدا چەندە شێواز و فۆرمە میللی و خۆرهەڵاتییەکانی چین و ژاپۆنی بەکارهێناوە، هێندەش لە ڕوحی ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی تووندوتیژ نزیک بۆتەوە، میتودە گرانەکەی بەکارهێناوە، هێز و وزەیەکی دیکەی نوێشیان لە نێو چەمکەکانی شانۆی ڕۆژهەڵاتەوە بە ئارتۆ بەخشیوە. «١٢»

ئاریان منوشکین لە نزیکەوە، بە چەشنی مایرهولد، گۆردن گریک و بریشت لە شانۆی کۆنی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی کۆڵیوەتەوە، ئەم شانۆ دێرینانەش لە هەموو پرۆژەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. گەشتەکەی شەکسپیریش دووپات کردنەوە و قووڵ بوونەوەیەکی هەمەلایەنە بووە بە جیهانگەری شانۆی ڕۆژهەڵآت. «١٣»

هەر لەم ڕووەوە دەتوانین دووپاتی ئەوە بکەینەوە، کە ئاریان منوشکین لەگەڵ هەموو نمایشێکی نوێدا، هونەری

شـــانۆ و ڕیژی و نـواندنی نوێ کـــردۆتەوە، بە هەمـــوو نمایشێکی شانۆیەکی نوێ و مۆدێرنی خوڵقاندووە.

ئاریان منوشکین/ هێلێن سیسوو و هاریکارییەکی دریژخایەن

هەرچەندە ســەرەتای کـــارە هاوبەشـــەکـــانی ئاریان منوشکین و هێلێن سیسوو بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەشتاکاندا ئەو هاریکارییە دەگاتە ئاستێکی بەربڵاو و تا ئێستاش بەردەوامە.«١٤»

ئەم نووســەرە فــرە بەرهەمــە لە دایک و باوکـــێکی جـووڵەکـە لە جـەزائیـر هاتۆتە دنیـاوە، دایکی بە نەژاد ئەڵمانی و باوکیشی ئیسپانی/ فەرەنسییە و ئەم ڕەگەزە جـووڵەکـەییـەش ڕۆڵێکی گـەورەی لە نووسـینەکـانیـدا گێڕاوە.«١٥»

زمان لە نـووسینەکانی هێلێن سیـسـوودا کارەکـتـەری ســەرەکی و پاڵەوانی یەکـەمـە، بە سـەربـەسـتی لەنێـوان ڕاڕەوەکانی فـەلسـەفـە، شـیـعـر و درامادا دەسـووڕێتەوە، تێکســتــەکــانی زمــانێکی شـیـعــری و ڕەهەندێکی فەلسەفییان هەیە.«١٦»

پرۆژەکـــانی ئاریان منوشکین و هێلێن ســیـــســـوو لە بەرئەنجـامی پێـوەندییـەکی چڕی هونەری، فـیـکری و پێ داگرتن و بەردەوامیدا دروست بوون، دەستپێکی هەمـوو پرۆژەیەک بە وتووێژێکی قـوڵی هەمـەلایەنە دەست پێ دەکـات. ئەم دووانە پێکەوە پشکنین بەدوای بابەتێکدا دەکـەن، بە تایبـەتی کـە بە شـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بە ســیـاســەت و مـێـژووی هاوچەرخـەوە پەیوەست بێت: منوشکین و ســیـســـوو دەیانەوێت ئەوە پیـشـان بدەن و دەنـگ بۆ ئەوانە بگەڕێننەوە، کـــە مـــێـــژوو بێ دەنگی کردوون و لە پەراوێزی ڕۆژگاردا بزر بوون. بەم شێوەیەش تراژیدیای گەورە لەدایک دەبێت، ئەفسانە و سیاسەت لە هوروژمی زمـانێکی شـیـعـری بالآ و وێنەی شـانۆییـدا ڕووبەڕووی یەکـــدی دەبنەوە، هەرچەندە ســیـــاســـەت مـۆرکـێکی گـرینگی کـارەکـانی ئاریان منوشکین بووەو شانۆی "ڕۆژ" هەمیشە پەیامێک و ئامادەییەکی سیاسی بەهێـزی هەبووە و هەیە، بەبێ ئەوەی ئەو پەیامـە ببێـتـە پڕوپاگەندە، لایەنگیری سیـاسی، یان دەخیلێک بەسەر نمایشـەکـانیـانەوە، بەڵام ئەم پەیامـە، ئەم هەڵوێسـتـە بەهێـزەی شـانۆی "ڕۆژ" لە کـار و پرۆژە هاوبەشـەکـانی هێلێن سیسووسدا زیاتر چڕ دەبنەوە و پەیامە سیاسییەکە بە هێزێکی دیکەوە دەردەکەوێت.

هێلێن ســیـــســـوو لە ڕوانگەی چەندین شـــانۆنامـــەی داســـتـــانیی گـــەورەوە، چارەســـەری تەوەر و ڕووداوی مـێـژوویی و کـارەسـاتی هەنووکـەیی، بۆ نموونە مـێـژووی کەمبۆدیا، هیندستان، لافاو و کارەساتە سروشتییـەکانی وڵاتی چین، بارودۆخی پەنابەر لە ئەورووپا، کـارەســاتی تووش بوون بە نەخۆشی ئایدز ... تاد کردووە.

پەراوێزەکان:

١- ئاریان منوشکین لە ســاڵی ١٩٣٩ لە پاریس لە دایکێکی ئینگلیـز و باوکـێکی پەنابەری ڕووس لە دایک بووە، باوکی لە جـــووڵەکـــە ڕووســـەکـــان بووە و وەک پەنابەرێک لە فـــەرەنســـا گیرساوەتەوە، لە بواری فیلم و بەرهەمهـێنانی فـیلم و سینەمادا کاری کردووە، بەم کارەشی بواریکی فراوانی بۆ ئاریان منوشکین - ێکی منداڵ ڕەخساندووە تا لەنێو ستۆدیۆ، کامێرا و ئەکتەرەکاندا حەزی سینەما و شانۆی لەلای گەشە بکات.

٢- لە مـاوەی ئەم چل ســاڵەی دواییـدا، بینەران و ڕەخنەگـر و لێکۆڵەرەوان، لە هەمـوو جـیـهـانەوە ڕوویان کـردۆتە پاریس تا لە نزیکەوە کار و پرۆژە شانۆییەکانی پیـتـەر بروک و ئاریان منوشکین ببینن. ئەم دوو ڕێژیسـۆرە لەگەڵ ئەکتـەر و هونەرمەندی کولتـووری جـیـاواز کـاردەکـەن و پرۆژەکـانیـان لە بۆتەی پرۆسـەیەکی چڕ و دوورودرێژدا، بە مەبەستی لیکۆڵینەوە، تاقیـکردنەوە و دۆزینەوەی چەمکەکانی هونەری شانۆ کاردەکەن.

٣- ئەوەی جێگای ئاماژەیە، کـە ئەم دوو شـانۆکـارە گـەورەیە، هەرگیز باسی یەکتریان نەکردووە و بە هیچ شێوەیەک ئاماژەشیان بە کارەکانی یەکتر نەداوە، تەنیا خاڵێکی هاوبەشیش کە ئەم دوو ڕێژیسـۆرە گـەورەیە کـۆبکاتەوە، تێـڕامـان و گـەڕانەوە و سـوود وەرگرتنە لە شەکسپیر و لە شانۆی تۆندوتیژی ئەنتۆنین ئارتۆ.

٤- ئاریان منوشکین خـۆی بە هەمـوو کـارێک هەڵدەسـتـێت، بۆ نموونە دەرگای شانۆکەیان بەڕووی بینەراندا دەکاتەوە، بلیـتـەکانیان لێـوەردەگرێت، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و پێشوازییان لێ دەکات.

٥- هەر زوو ئاریان منوشکین بە مـیـراتگری ترادیشـونە قـووڵ و دەوڵەمەندەکەی (ژان فیلەر) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٦- لەم شـانۆیەدا، ڕۆڵەکـان بە شـێـوە تەقلیـدییـەکـان دابەش ناکـرێن، بەڵکو ئەکـتـەرەکـان، دوای پرۆڤـەیەکی بەردەوام ئەو کارەکتەرانە دەدۆزنەوە، کە لەوانەوە نزیکە.

٧- ئەم دوو شانۆنامەیە بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار دەکرێت و دواتر لە زۆربەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی ئەورووپادا بڵاودەکرێتەوە.

٨- شـانۆنامـەی ١٧٨٩ بۆ یەکـەم جـار لە مـانگی سـەرمـاوەزی

ساڵی ١٩٧٠دا لەسەر شانۆی پیکۆلۆ Piccolo Teater لە میلانۆ نمایش دەکرێت، دوای ئەوە شانۆی ڕۆژ دەگەڕێنەوە بۆ پاریس و لەسەر شانۆکەی خۆیان پێشکەشی دەکەنەوە. هەر لەم ساڵەشدا ڕیژیسۆر و شانۆکاری گەورەی فەرەنسی (ژان فیلەر) دەمرێت. ژان فیلەر هەمیشە گەرەکی بووە، کە بە شانۆ و لە باوەشی شانۆدا ئاهەنگێکی میللیی گەورە دروست بکات.

٩- کە ئاریان منوشکین لە سەرەتای حەفتاکاندا، شانۆکەی بۆ دەرەوەی پاریس و بۆ ناو هۆڵێکی کۆنی داخراو دەگوێزێتەوە، چەندین گرووپی دیکە لە سەرانسەری فەرەنسادا دادەمەزرێن. بەکارهێنانی ئەو شوێنە کۆنەش وەک شانۆ دەبێتە مۆدێل و هێماگەلێک بۆ شانۆکارەکان، هەموو گرووپەکان دەیانەوێت شانۆکانیان ببەنە ئەو جۆرە شوێنانە، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بۆ ئاریان منوشکین و لە دەرەوەی شاری پاریس، تەنیا دیدێکی هونەری و پێداویستییەکی دارایی نابێت، بەڵکو هەڵوێستێکی سیاسی و هونەری بووە، ویستوویەتی شانۆیەکی میللی و جیاواز دروست بکات.

١٠- ئاریان منوشکین لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت (من فیلمی مۆلێرم نووسیوە و هەر خۆشم دەرم هێناوە، بەڵام زیاد لە دوو سەد کەس ئەو فیلمەیان دروست کردووە.)

١١- شانۆنامەی (شەوی سێزدەم) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٢ لە فیستیڤاڵی ئەفینیۆن نمایش دەکرێت، دوای ئەوە لە پاریس لەگەڵ ڕیچاردی دووەم تا هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام دەبێت، لەهەمان کاتدا خەریکی پرۆژەی هێنریکی چوارەم و هێنریکی پێنجەم دەبن.

١٢- شانۆی ڕۆژ لە ساڵی ١٩٨٤ بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەم شانۆیەدا، سەرلەنوێ، بە شێوەیەکی تەواوەتی و گشتگیر هەموو شانۆنامەکانی پرۆژە شەکسپیرییەکەیان لە پاریس و لە فیستیڤاڵی ئەڤینیۆندا پێشکەش کردووەتەوە.

١٣- لە شەستەکاندا گرووپێکی ئۆپێرای پەکین لە چین-ەوە سەردانی پاریس دەکەن، ئەم سەردانە دید و بیروبۆچوونەکانی ئاریان منوشکین سەبارەت بە شانۆ، بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕن. ساڵێک دوای ئەم نمایشە ئاریان منوشکین سەردانێکی یەک ساڵی بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست: هیندستان، ژاپۆن، کەمبۆدیا و ڤیێتنام ... تاد دەکات و هەر دوای ئەم گەشتەش شانۆی ڕۆژ دادەمەزرێنێت.

١٤- لە ساڵی ١٩٧٢ دا ئاریان منوشکین و هێلێن سیسوو لە پرۆژەیەکی شانۆی سەرشەقامدا کۆدەبنەوە، نمایشەکە هەر دوای چوار چرکە بە هێزێکی پۆلیس ڕادەگیرێت و زۆر بە دڕندانەش هێرش دەکەنە سەر هێلێن سیسوو. ئەوکاتە هێلێن سیسوو گرووپێکی شانۆی سەرشەقامیان هەبووە، زیاتر پرسە سیاسییە هەنووکەییەکانیان خستۆتەڕوو، گرووپەکەیان بە ناوی Groupe Information Prison، لەبەردەمی بەندیخانە، سەرشەقام و باخچە گەورەکاندا نمایشەکانیان پێشکەش کردووە.

١٥- هێلێن سیسوو لە فەرەنسا بە بچووکترین دکتۆری فەلسەفە ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر (جێمس جۆیس) بەدەست هێناوە، لە ساڵی ١٩٦٩شدا بە ڕۆمانی Dedans یەکێک لە گەورەترین پاداشتە ئەدەبییەکانی فەرەنسا Prix Medicisی وەرگرتووە.

١٦- هێلێن سیسوو تا ئێستا زیاتر لە پەنجا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، بێجگە لە شانۆنامە، بابەتی جۆراوجۆر، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە و لە سەرو ئەمانەشەوە ڕۆمان دەنووسێت. لە زانکۆی هەشتەمی پاریس، هەموو ڕۆژانێکی شەمووان سیمینارە نێونەتەوەییەکانی پێشکەش دەکات، قوتابی و لێکۆڵەرەوە لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێدەکەن.

شانۆی داستانیی
دراماى گۆڕانکارى، یان فەنتازیای سیاسی؟

کەریم پەڕەنگ
(ئەڵمانیا)

بیرتۆڵت بریخت چ وەک دراماننووس و چ وەک شاعیر هەمیشە ژیانێکی خۆش و ئاسانی نەگوزەراندووە. زۆر جار لە لایەنی ئیستێتیکی و لە لایەنی سیاسییەوە بە شەڕەنگێز و بەدگۆ ناوی ڕۆیشتووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شانۆنامەکانی نمایش نەکرێن، یان شیعرەکانی پەخش و بڵاو نەکرێنەوە. ماوەیەکی زۆریشی خایاند تا لە پاش ساڵی ١٩٤٥ـەوە شانۆییەکانی لە وڵاتەکەی خۆی، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا نمایش کران و شیعرەکانی بڵاو کرانەوە.

بریخت لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا دەستی بە خوێندنەوەی مارکس کردووە و هەتا تێیدا قوواڵتر بووەتەوە، زیاتر خۆی بە پرسیارەکانی سەردەمەوە سەرقاڵ کردووە. هەتا زۆرترین خۆی بە ڕاڤەی مارکسییانەی دیاردە سیاسی و ئابووریییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوەندە زیاتر ئەو دیدە لە ناخیدا گەشەی کردووە کە ئەم واقیعە ناتوانرێ بە شێوەی شانۆ و دراماى تەقلیدی ڕەنگی پێ بدرێتەوە، بەمەش قۆناغێکی چڕی ئەزموون لە لای بریخت دەستی پێکرد.

هەر لە ئەرستۆوە هەتا لێسینگو کلاسیک و مۆدێرنە ئەو هاوەنگییە سەردەست بوو کە ئەرکی شانۆ وەک دامەزراوەیەکی هونەر ئەوەیە لە خزمەتی خۆشی و فێرکردنی بینەردا بێت.

بریخت داهێنەری بەرنامەڕێژییەکی شانۆیی «داستانی-ملحمی-» نوێیە، کە بریخت خۆی وەک «نائەرستۆیی» و لە دووا ساڵەکانی ژیانیدا بە «شانۆی دیالەکتیکی» ناوزەدی کردووە، بێ گومان ئەم بەرنامەڕێژییە ساختمانێکی سیستماتیکی تەواوی تیوری نییە، بەڵکو چەندان بیرۆکە و هەنگاون، کە بە یەکەوە بەستراون و لە دەوری بیرۆکەی کاکڵێکی دیاریکراو و دەستەواژەی ناواخندا دەخولێنەوە. هەر لە بەر ئەوەش ڕێکەوت نییە، کە بریخت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بیری لە شانۆی مەلحەمی دەکردەوە، وێناکانی هەرگیز لە نوسخەیەکی نووسراوی بەرفراواندا گەڵاڵە نەکردووە، بەڵکو زیاتر وەکو تێبینی و سەرنج لە پایینی کارە پراکتیکییەکانیدا یاداشتی کردوون. لە ساڵی ١٩٣٩دا دەستی بە پرۆژەیەکی گەورەی کاریک کرد لە ژێر ناوی «کڕینی مس»دا، کە بنەماکانی شانۆی مەلحەمی لە شێوەی گفتوگۆ لە نێوان فەیلەسووفێک و چەند پیشەوکارێکی شانۆدا دەخەنە ڕوو و مشتومڕ لە بارەی شانۆیەکی زانستی نوێوە دەکەن، لە پاڵ ئەوانەشدا دەبوو شانۆیی، بێجگە لە دەقی دیالۆگ، شیعری

برتۆلد بریخت

فێرکاری، دیمەنی نمایش و وتاری سەربەخۆ لە خۆ بگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بریخت لەسالانی کۆتایی ژیانیدا جاروبار خـۆی پێـوە سـەرقـاڵ کـردووە، بەڵام ئەم کـارە بە تەواونەکراوی مایەوە. ئەم مۆدێلە نوێیەی شانۆ، بێجگە لە «مسکرین»ی تەواونەکراو، بە شێوەیەکی گشتی لە پەخشانە بچووکە هەرەزۆرەکانی، سەرنج و تێبینییەکانی بریخت پەرەیان پێدراوە، لە نێویاندا ئەو دەقەی بە ناوی «لە بارەی شانۆی ئەزموونگەرییەوە»، کە نووسەر خۆی وەک پێشـەکی بەرنامـەی بۆ دانابوو، ئەم نووسـینە باشـترین کورتە ڕامانە لە تیـوریی ئەم ڕەوتە تازەیە. لە پاڵ ئەمـەدا دەتوانین ئامـاژە بۆ «ڕێبـازی بچـووکی لێکۆڵینەوە لە شانۆ»، بکەین کە وتارێکی تا ڕادەیەک بەرفراوانە و ئەنجامگیرییەکی مسکرین پێکدەهێنێ.

لە سـاڵی ١٩٤٨دا دوای گـەڕانەوەی بریخت لە ئەمەریکاوە کە بەڕەچاوکردنی کاری کردەیی(عەمەلی) شانۆوە لە بەرلین نووسرا و دەبوو ئەکتەرەکان بە بیرۆکەی شانۆی مەلحەمی ئاشنا بکات. ئەم ڕیبازەش بۆ سەرەتا زۆر باش دەگونجا، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە هیچ جۆرێک هەموو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەکانی بریختی شەنوکەو نەکردبوو.

دەتوانین زۆر بە ئاسانی دوای هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی بریخت بکەوین، گـرنگتـرین شت بۆ بریخت دانانی سنووریک بوو لە نێـوان شـانۆی مـەلحـەمی و شـانۆیەکی دیکەدا، مـۆدێلی ئەو شـانۆیەی کـە بە «ئەرستۆیی» یان «دراماتیکی» ناوزەد دەکرێ، بریخت گـرنگتـرین مـۆرکـەکـانی ئەم دوو شـێـوەیەی شـانۆ بە خشتەیەک بەرانبەر بە یەکدی دادەنێ، بەڵام ئەم بەرانبەر یەکـتـر دانانە دروشـمگەرایەی بریخت، ڕەنگ بێ بە ئاسانی ببێتە هۆی بەدحاڵیبوون و بریخت لە پایینی ئەم خشتەیەوە سەرنجێکی نووسیوە و جەخت لەوە دەکات، کە لێـرەدا مـەبەست «دژوازیی ڕەها»نیـیـە، بەڵکو مـەبەست تەنیا جەختکردنەوەیە، بێجگە لەوەیش شانۆی ئەرستۆیی لە جـەوهەردا دروسکردنی بریخت خـۆیەتی، دژوازییـەکی نەرێنی، کە سوودوەرگرتنی لە پێگە و ڕوانگەی خۆی بۆی ئاسان کردووە. ئەو شانۆیەیە بریخت ئامازەی بۆ دەکات و زۆر لایەنی شێوازی شانۆی سروشتی لە خۆ دەگرێ، ئەم شـانۆیە هەوڵ دەدات لە ژێی عـاتیـفـەی بینەر بدات و تێکەڵی ڕووداوەکـانی شـانۆی بکات، هاوهەست و هاسـۆزی بکات، بە شێـوەیەکی گـشـتی ڕەنگدانەوەی وێنای کلێشـەیی فـێرکاری بۆرژوازیانەیە بۆ شانۆ وەک بەرنامەڕێژییەکی خەملێنراوی تیوری، وەکو لە میژووی ئەدەب و شـانـۆدا بە ڕاسـتـی ئەم وێنانەیە بوونی هەبووبێت، بەڵام بریخت بە هیچ شێـوەیەک نەیویستـووە هەمـوو شێـوەکانی شانۆی هەتا ئەو کاتە لە ئارادا بوون، ڕەت بکاتەوە. لە نووسینەکانیدا بۆ شانۆ داستانییەکەی ئامـاژە بۆ چەندان سـەرمـەشقی دیکە لە دەرەوەی نەریتی شانۆی ئەوروپی دەکات. بۆ نموونە زۆر بە شانۆی چینی سەرسام بووە.

پاش وەرچەرخـانی مـارکـسـیـیـانەی بریخت، کـە لایەنگیرییە ئەنارکی و پاشاگەردانییەکەی بە قازانجی تێگەیشتنێکی گەشبینانەتری میژوو چەپەر کـرا، بەڵام بریخت بە هیچ جۆرێک ئارەزووی بۆ دژوازی کز نەبوو. بە پێچەوانەوە لە نووسینێکیدا بەم جۆرە هەڵوێستی ئەو کاتەی گوزارشت لێ دەکات: «کۆششکردن بۆ تەنگژەکە، شەڕەنگێزی بۆ دژوازییەکان، هونەری کردەیی نەفیکردن، وەک ڕەخنەیەک، کـە (...) لەو ڕوانگەیەوە کـە بە سـەر چارەسـەرێکی دیاریکراوی شـیـاوەوە دەڕوانێ، ڕەخنە دەکات» جگە لەوە دەنووسێ: «شانۆی زانستی دەتوانێ دیالەکـتـیـک بکاتە لەزەت.» شـانۆی داسـتـانـی، نا-ئەرسـتـۆیی، یان شـانۆی زانسـتی لە ڕاسـتـیـدا چەمکی جـیـاواز بوون بۆ دیالەکـتـیـک لە ئیـسـتـێـتـیـکادا. لەبەر

ئەوەی جیهان و مێژوو هەمیشە لە گۆڕاندان، دەبێ هەمیشە ئەگەری ئیستێتیکی نوێ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی درک بەم گۆڕانکارییانە بکات و نمایشیان بکات. بڕێخت نەک هەر تەنیا داوای نمایشی دیالەکتیکی نوێی دەکرد، بەڵکو داوای نمایشێکی دەکرد، کە جەوهەری دژوازییەکانی بهێڵێتەوە، واتە شێوە زیندووە، فرە لایەنە هەتا کۆتایی دانەڕێژراوەکەی بپارێزێت.

زۆر بە تایبەتی بڕێخت گرێدانی شانۆی داستانی بە پێرەوی ژیانی ڕۆژانەوە کردووە، بڕێخت لەو بڕوایەدا بوو، کە ژیانی ڕۆژانە شێوەی گەمەی شانۆیی تێدایە و تەنیا دەبێ لە لایەنی هونەرییەوە سەرومەڕتر بکرێ و پەرەیان پێ بدرێ. شانۆی داستانی بە پلەی یەکەم دوای ئامانجگەلی فێرکاری و ڕۆشنگەری دەکەوێ و دەیەوێ ڕوانگە بۆ ڕووداوەکان لە پێوەندی هاوبەشی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە بگەیەنێ. بڕێخت پێویستیی بوونی شانۆکەیەکی لەو جۆرە لە پەرەسەندنی مێژوویی سەدەکانی دواییەوە هەڵدەهێنجێ، کە بە دەستەواژەی «قۆناغی زانستی» گوزارشتی لێ دەکات. لەم قۆناغەدا دەستەڵاتی مرۆڤ بە سەر سروشتدا لە ڕێی گەشەسەندنی بە تەوژمی زانست و تەکنیکەوە زۆر زیادی کردووە، بەڵام بە هیچ جۆرێک بە هۆی ئەمەوە ژیان ئاسانتر و خۆشتر نەبووە بنەماکانی پێکەوەژیانی مرۆڤ، واتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونەتە تێمای شرۆڤە و ڕاڤەی زانستی و تا ڕادەیەکی زۆر ناڕوون و کۆنترۆڵ نەکراو ماونەتەوە. بە تێگەیشتنی بڕێخت زۆربەی مرۆڤەکان لە بەرانبەر کاریگەریی ئەم بنەما کۆمەڵایەتی و پرۆسێسانە، ئەم نایەکسانی و نادادپەروەرییە فرەلایەنانە دەستەوەستانن، وەکو چۆن باب و باپیرانیان لە بەردەم زەبروزەنگە ڕام نەکراوەکانی سروشت، دەستکەوتە گەورەکانی زانست و تەکنیک دەستەوەستان بوون و زۆر جار وەکو هۆکار بۆ ڕووتاندنەوە و سەرکوتکردنیان دژیان بە کار هێناوە. لە دیدی بڕێختەوە، مارکسیزم دەستی بەوە کرد، زانستییانە ڕووناکی بخاتە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەنیا شانۆیەک کە پشت بەم هەوڵانەوە بدات و لە لایەن خۆیشییەوە پشتگیریی بکات، دەتوانێ لە ئاستی «قۆناغی زانستی»دا بێت. بەوەی نمایشی هونەری بگەیەنێتە ئاستی هەنووکەیی تیوری مارکسی کۆمەڵگە، دەبێ شانۆی داستانی بە سەر ئەم جوداکردنەوە تونده‌ی نێوان هونەر و زانستدا زاڵ بێت.

تێگەیشتنی بڕێخت بۆ دیالەکتیکی بەرهەمهێن، زۆر جار لەگەڵ بەرە سیاسییەکەی خۆیدا تووشی گێرمەوکێشەی دەکرد. ناکۆکی بڕێخت لەگەڵ تیوریدا زۆر بە زەقی لە هەندێک لە شانۆییە فێرکارییەکانیدا دەردەکەون، تەنانەت هەندێک تیوریی مارکسی بە کردەی واقیعی دەپێوێ و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، ئافەرۆزیان دەکات، «چونکە مرۆڤ زیندووە، دەنەڕێنێ و کلۆڵییەکەی هەموو بەربەستێکی تیوری دەڕووخێنێ.» بڕێخت حەزی بەوە دەکرد، سەرتاپای جیهانی نەریتی بیرکردنەوە بخاتە ژێر گومانەوە. بە کورتی بیروڕای چەسپاو بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم شانۆ نوێیەی بڕێخت هەوڵی بۆ دەدات، ئامانجی ئەوەیە، فەزای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە بەردەم تێگەیشتنی بینەرەوە و لەم ڕێیەوە بیخاتە ژێر کۆنترۆڵ و کارابوونی ئامانجگەراییەوە: جیهانی کۆمەڵایەتی دەبێ ببێتە تێمای پڕ مانای پێڕەوی مرۆڤ، وەک چۆن لە مێژە دراوە سروشتییەکان بوونەتە پێڕەوی مرۆڤ. لاساییکردنەوەکانی ڕەفتار و شێوەی ژیانی مرۆڤ کە لە سەر شانۆ نمایش دەکرێن، دەبێ بە جۆرێک ئامادە بکرێن، کە ڕێسا و نۆرمەکانی بخەنە بەرچاو. شانۆی داستانی مۆدێلی کردەنی واقیع دەخاتە ڕوو و پەردە لە سەر هۆکارەکان هەڵدەداتەوە. هونەرێک کە مۆدێلێکی لەو جۆرە دەخولقێنێ، لە جیاتی تەنیا لاسایی کتومتی ڕووکەشی دیاری بەشێک لە واقیع بکاتەوە، بڕێخت بە واقیعی ڕاستەقینە ناوزەدی دەکات و هەموو ستراتیژییە هونەرییەکانی شانۆی داستانییەکەی لەم ئامانجەوە هەڵدەهێنجێ.

وەک چۆن بۆ شێلەری شاعیری کلاسیکی ئەڵمان، بەستنەوەی ئەزموونی درامایی و تیوری ئیستێتیکی بێ گومان بوو، بڕێختیش هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەدا بوو. وەک لە چەند شوێنێکی دیکەیشدا ئەماژەمان پێ کردووە، بڕێخت تەنیا شانۆگەرینووس نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا تیورکار و پێڕەوکاریش بووە، ئەمەش مۆرکێکی تایبەتی جیاکەرەوەیە لە شانۆنامەنووسێک، تیورکارێک، یان پێڕەوکارێکی جودا دەکاتەوە.

بڕێخت بانگەشەی ئەوە دەکات کە شانۆی ئەرستۆیی بە تەواوی ئامانج و وەزیفەی دیکەی هەیە، لە بەر ئەم هۆیەشە ئەم شانۆیە دەکەوێتە بەر ڕەخنەی بڕێخت، لە دیدی بڕێختەوە ئەم شانۆیە لە ئاستی «سەردەمی

فۆتۆ: جیهانگیر گەردی

زانست»دا نییە. بڕێخت لەو بڕوایەدایە ئەگەر کارگەلێک بە نموونەی ئەرستۆیی بخولقێنیت، ئەوە بە پلەی یەکەم جیهانی هەڵاتن بۆ بینەرێک دەخولقێنیت کە تووندوتیژیی و زۆرداریی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان تەنگەتاویان کردووە؛ خۆشی و لەزەتی دەخەنە بەردەم، کاتێکی خۆشنوود بەسەربەرێ و بۆ تاوێک کێشمەکێشی بوونی ڕۆژانەی لە بیر بکات. بەسەرهاتی شانۆ لێرەدا وەک ماددەیەکی هۆشبەر وایە، کارەکتەر خەولێخەری هەیە و وەرگرەکان دەخاتە باری ناکاراییەکی سەرومڕەوە. ئەگەر لە لایەنی تیوریی یەوە پاساوی بۆ بەهێنرێتەوە، ئاراستەیەکی هونەری لەو جۆرە لە ڕێی ئیستێتیکایەکی سەربەخۆوە، کە ساختمانی هونەری لە هەموو هاوپێوەندییە کۆنکریتییەکانی ژیان دادەپچڕێ و بە فەزایەکی بڵند و پیرۆز دەورەی دەدات. لە نێوان دنیای ئاسایی ژیان و شانۆی بە پەرستگەی تەمەڵی کراودا ئاڵوگۆڕ نامێنێ، هەردوو فەزاکە بە توندی لە یەکتر دادەبڕێن.

شانۆی داستانی بە تەواوی سەنگەری دژ دەگرێ، بەوەی مامەڵەکردنی پرسیارەکانی کۆمەڵگە دەکاتە پرسی سەرەکی خۆی. لێکۆڵینەوە و ڕەخنە دەبێ بێنە ناو شانۆوە. لە جیاتی بینەر ئەزموون و گرفتەکانی ئافەرۆز بکات، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەکرێتەوە، بەڵام بە شێوەیەک نیگای قوواڵتر بکرێت، کە لێیانەوە ڕێسای ڕەفتاری کردەنییان لێوە هەڵهێنجێ. بڕێخت نایەوێ لە شانۆوە فێرگەیەکی ڕووت بخولقێنێ، کە تەنیا تیوریییەکی کۆمەڵگەی لە قاڵبی هونەری پێچراوەدا دەرخوارد بدات. بە پشتبەستن بە داواکاریی هۆرازی شاعیری ڕۆمی لە تیوری و پراکسیسدا کۆشش بۆ هونەرێک دەکات، کە هەم سوودمەند و هەمیش لەزەتبەخش بێت، واتە ئامانجی ئەم جۆرە شانۆیە فێرکردنێکی لەزەتبەخشانەی بینەرە. شانۆی داستانی ڕوو دەکاتە سەرجەمی مرۆڤ، ڕوو دەکاتە توانایی عاتیفی و هەستەکانی و شەهوانیەتی، دەبێ ئەقڵ و هەستیان بۆ فێربوونێکی بەرفراوان ئامادەبکرێ و توانایی شرۆڤەکردن و گۆڕینی جیهانیان تێدا بێدار بکرێتەوە و ئەرکی شانۆیە، بێجگە لە لەزەتێکی ڕووت، ڕوحی شۆڕشگێڕانەی بوروژێنێ.

لە بەر ئەوەی شانۆی بڕێخت دیاگنۆزی بارودۆخی کۆمەڵگەی بە لاوە گرنگە، بە پلەی یەکەم ڕووی دەکاتە ئەو چینانەی کۆمەڵگە، کە بتوانرێ بایەخی هاوشێوەیان تێدا بێدار بکرێتەوە، واتە چەوساوەکان و مافخوراوەکان، بە شێوەیەکی جەوهەری پرۆلیتاریا. لە جیاتی تێگەیشتنی بۆرژوازییانە لە هونەر، کە هەرگیز لەوە ماندوو نابن هەمان شت بڵێنەوە، گوایە شتی بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤانە بخرێتە بەرچاو، نەک شتی ڕیزیەڕ و دانسقە و ناوازە. کە لە دیدی بڕێختەوە ئەم بەهانەیە تەنیا بۆ داپۆشینی دژوازییە ئایدیۆلۆژییە ڕاستەقینەکانن، شانۆی داستانی لایەنگرانەیە و بە تەواوی بە تێگەیشتنی مارکس، دەرۆستی گۆڕانکاریی ڕێسای کۆمەڵاتییە بە قازانجی چەوساوەکان.

ئەمە بەوەمان دەگەیەنێ، کە شانۆنامەکانی ڕەوتی داستانی، دەبێ وەرگر بە تەواوی بخەنە هەڵوێستێکی دیکەوە، وەک لە کارەکانی شانۆی ئەرستۆیی کە ئامانجی ئەوەیە، بینەر دەبێ لە لایەنی عاتیفییەوە ئاوێتەی فیگەری دراماى سەر تەختەی شانۆ بێت و هاوسۆز و هاوهەستی فیگۆرەکان بێ و هەتا دەکرێ وەک تەلیسم لێکراو چاو لە شانۆ ببڕێ و بۆ چرکەساتێک لێی دانەبڕێ. بە دیدی بڕێخت ئەنجامەکانی ئەم شێوەیەی شانۆ کوشندەن. هیچ میانەیەک لە نێوان ڕووداوە پیشاندراو و فیگۆرەکاندا نییە و ڕووداو کە وەکو بێ گومان و ئاسایی و نەگۆڕ، هەست و کردەی بەشدارەکان وەکو شتێکی گشتیی مرۆڤ و هەمیشە ڕەوا پیشان دەدرێن. لە بەرانبەردا شانۆی داستانی هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی میانەیەکی تەندروست لەنێوان بینەر و ڕووداوی شانۆدا بهێڵێتەوە، کە پێشمەرجێکی پێویستە

بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی بینەر. بینەر نابێ خۆویستانە ئەوە وەرگرێ کە دەخرێتە بەردەمی، زیاتر داوای لێدەکرێت بەرهەمهێنەرانە لەو پرۆسێسەی مەعریفەدا بەشداری بکات کە شانۆی بڕێخت وەگەڕی دەخات. لە جیاتی هاوهەست لەگەڵ فیگۆرەکانی درامادا ئاوێتە بێت و ڕووداوەکان لە دیدی ئەوانەوە ئەزموون بکات، دەبێ بینەر مەیدانەی چاودێرێکی هێمن بهێڵێتەوە، ڕەفتاری فیگۆرەکان و هۆکارەکانی بە وردی شەنوکەو بکات و ئەگەری دەستخستنی گۆڕانکارانە بۆ هاوپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مەرجەکانی ڕەفتاری مرۆڤ بدۆزێتەوە. بە کورتی شانۆی داستانی نایەوێ بینەر گێژ بکات، بەڵکو دەیەوێ ڕایتەکێنێ و بێداری بکاتەوە.

ئەم دوو شێوەیەی شانۆ تەنیا تێگەیشتنی زۆر جیاواز لە هونەر لە یەکدییان جیا ناکاتەوە، بەڵکو هەر یەکەیان وێنەی دنیا و مرۆڤی خۆیان هەیە. شانۆی ئەرستۆیی فیگۆرەکانی، یان لە چارەنووسێکی نادیاردا دەبینێ کە بەسەریاندا سەپێنراوە، وەکو بۆ نموونە تراژیدیاکانی کۆنی یۆنان، یان ڕادەستی غەریزە و کەڵکەڵەکانی خۆیان بوونە، کە لە سروشتی نەگۆڕی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. لە سەر ئەم بنەمایە شانۆی ئەرستۆیی هەوڵ بۆ هاوهەستی و هاوسۆزی بینەر و ئاوێتەبوونی بە فیگۆری درامـا دەدات و لە هەمان کاتدا دەیەوێ قەناعەت بە بینەر بکات ئەو ڕووداوانەی پیشان دەدرێن، ناتوانرێ خۆیان لێ لا بدرێ. بە پێچەوانەوە شانۆی داستانی هەوڵ دەدات، مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕوون بکاتەوە، کە لە سایەیاندا دەژی و ڕەفتار دەکات. بەڵام ئەم مەرجانە لە ڕەوتی مێژوودا دەگۆڕێن و مرۆڤ دەتوانێ بە ئاگاییەوە و بە ئامانج کاریگەریی لەسەریان هەبێ، بەمەش لە شانۆی داستانیدا ئاسۆیەکی گۆڕانکاری دەکرێتەوە، کە لە مۆدێلی ئەرستۆییدا لە ئارادا نییە.

گرنگترین ئامرازی کار، کە شانۆی داستانی کاری پێ دەکات نامۆکردنە، نامۆکردن و ئەفێکتی نامۆکردن، لە چەقی بیرکردنەوە تیوریییەکانی بڕێختدا بوون. لە دیدی بڕێختەوە، ئاشنایی، بێ گومانی ڕووکەشی دیاردەکان، گەورەترین کۆسپن لە بەردەم تێگەیشتنی ڕاستەقینە و گۆڕانکاریی شیاو. لە بەر ئەوە زۆر بە لایەوە گرنگە، یەکەم جار ئەم ئاشنایەتییە لاببرێ، ئەو شتە، جا چ کلێشەی بیرکردنەوە بێت، چ شێوەیەکی ڕەفتاری باو بێت، یان ڕەگەزێکی ڕێسای کۆمەڵگە، دەبێ دەستکرد نامۆ بکرێ، نائاسایی و پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت، چونکە لە ڕێی ئەم کردەیەوە ڕێ بۆ لێکۆڵینەوەی عەقڵانی و ڕەخنە خۆش دەبێ. ئەو هەڵوێستە ساکارەی لە بیروباوەڕی نموونەیەکدا بەیان بووە «ئیتر ئاوهایە!»، دەبێ بشکێنرێ و بە سەرسامی و سەرسوڕمان جێی بکرێتەوە. بەم جۆرە دەبێ پرۆسێسێکی مەعریفە بێتە ئاراوە، کە بە سێ هەنگاو لە دۆخی بیرلێنەکراوەی دەستپێکەوە بە سەر نامۆکردندا دەیگەیەنێتە تێگەیشتنێکی نوێ، بەڵام قووڵ. لە سەر شانۆ دەبێ ئێفێکتەکانی نامۆکردن هەر لەسەرەتاوە ڕێ لە هاوهەستبوونی بینەر بگرن، کە ئەو شتەی پیشانی دەدرێ لە جیاتی وەک ئاسایی و پێویست بۆی دەرکەوێ، دەبێ بۆ هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە = بەرهەمێنەرانە بگوێزرێتەوە.

بڕێخت بە میژوونووسیکردن بە شێوەیەکی گرنگی نامۆکردن دەزانێ. شانۆی داستانی ئەو خەیاڵە دەڕووخێنێ، کە مرۆڤ لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا لە لایەن سروشتێکی مرۆڤانەی بە کات و سەردەم ناوابەستەوە دەئاژووترێ، بەوەی ڕەفتاری مرۆڤ و شێوەکانی پێکەوەژیان دەکاتە ڕەهەندێکی میژووویی، بەمەش وەرگۆڕانی بنەمایی دەردەخات: ئەوەی لە نێوان ئەو فیگۆرانەدا ڕوو دەدات، کە لەسەر سەکۆی شانۆی داستانی دەردەکەون، وابەستەی دۆخی دیاریکراون، لە بنەمادا دەتوانن بە جۆرێکی دیکە بن و بە هەر حاڵ لە ڕەوتی کاتدا دەتوانن شێوەیەکی دیکە وەرگرن. شانۆی داستانی دەتوانێت هەنووکە و هەلومەرجە هاوچاخەکان لە ڕێی بە میژوونووسیکردنەوە نامۆ بکات. پەردە لەسەر ڕێژەگەرایی و لەناوچوونی هەڵبەداتەوە و ملکەچکردنی چارەنووساز و دۆخی سەروەر دەشێوێنێ. بارودۆخەکان ڕەونەقی لە گۆڕان نەهاتن ون دەکەن و دەخرێنە بەردەم حوکمی ڕەخنەگرانەی بینەرەوە.

ئیفێکتەکانی نامۆبوون، کە بڕێخت لە شانۆنامەکانیدا دەیانخاتە گەڕ، زۆر بەرفراوانن. بۆ ئەوەی فرەڕەنگی شێوەکانی دەرکەوتنیان دەربکەون، باشترە سێ ئاست جیا بکرێنەوە، کە دەتوانرێت نامۆکردن لە شانۆی داستانیدا تەوزیف بکرێ:

١- بینا و پێکهاتەی شانۆنامەکان.

٢- دارشتنی زمان به وردەکاری.
٣- کردەی نمایش، ئامادەکردن، دیکۆر، ڕووناکی، مۆسیقا و پێش هەموو شتێک هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان لە خۆ دەگرێ.

بڕێخت لە نووسینە تیوریییەکانیدا، کە تا ڕادەیەک بۆ کردەی شانۆ، بە تایبەتی بۆ ئەکتەرەکان بیریان لێ کراوەتەوە و ویستوویەتی لە ڕێی ئەم نووسینانەوە ئەکتەر لەگەڵ بیرۆکەی شانۆی داستانیدا ئاشنا بکات، بڕێخت زۆرترین گرنگی بە ئاستی سێیەم دەدا. ئاستەکانی دیکە بۆ بڕێخت لەم خاڵە کەمتر گرنگ نین و دەتوانین نموونەی شانۆنامەکانی بڕێخت خۆی بهێنینەوە.

١- لە کاتی بیناکردنی کارە داستانییەکانیدا هەمیشە دژی تیوریییەکانی درامای کلاسیکی دەوەستێتەوە، کە داوای نزیکایەتی و پێکەوەلکانی ئۆرگانیکی دەق دەکەن، بۆ نموونە لە شێوەی بنەمای کلاسیکی پێنج پەردەییدا، کە کەوانەی ڕووداو تووندوتۆڵ لە سەرەتاوە بە سەر خاڵی ترۆپک و وەرچەرخاندا هەتا کارەساتی کۆتایی، یان چارەسەر دەبات. بڕێخت تا ڕادەیەک سەربەخۆیی دەبەخشێتە بەشە جیاجیاکانی شانۆنامەکانی: دەبێ بە دیاری لە یەکدی جودا کرابنەوە و پچڕان و کەلێن نەشارنەوە، بۆ ئەوەی بینەر بتوانێ خاڵی دەستپێکی زۆر بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و حوکمدانی بدۆزێتەوە، لە جیاتی پابەندی بە دوایەکداهاتنی پێکەوە لکاوی کەمەندکێش بێ. بڕێخت دوای هەمان بنەماگە دەکەوێ، کاتێک لە ناو شانۆییەکانیدا شێوەی هونەری جیاواز بەکاردەهێنێ. دەق، گەمەی دیمەن، مۆسیقا و دیکۆر لە ناو کارێکی هونەریدا بە شێوەیەکی هارمۆنی نەک هەر ئاوێتە دەبن، کە لە ڕێی کاریگەریی ئیستێتیکی سەرسوڕهێنەرییەوە بینەر کەمەندگیر دەکات، بەڵکو یەکتر نامۆ دەکەن. بۆ نموونە ئەو گۆرانییانەی ئاخنراونەتە ناو شانۆنامەکانییەوە، بە هیچ جۆرێک بە بێ پچڕان لە ڕووداوەکە دەرناچن؛ بەڵکو بە ئاشکرا لێی جیا دەکرێتەوە و بەم جۆرە دەتوانرێ لە میانەیەکی دیاری کراوەوە ڕاڤە بکرێن و بیریان لێ بکرێتەوە.

بڕێخت ئەو ئەگەرە بەکار دەهێنێ، لە ڕێی تابلۆی دەق و پیشاندانی وێنە و فیلمەوە زانیاری پشتینە لە بارەی ڕووداوەکەوە، مەرجی گشتگر، بۆ نموونە ناوکۆیی مێژوویی لە سەر شانۆ پیشان بدات. زۆر لەو شانۆنامانەی بەشەکان ناوونیشانی سەربەخۆیان هەیە، کە وەکو ناوونیشانی دیمەنەکان بەکاردەهێنرێن و ناوەرۆکەکەیان بە کورتی لە پێش دەست پێکردنی دیمەنەکەدا پیشان دەدرێن. بینەر لە ڕێی ئەم پەیامانەوە دەخرێتە پێگەیەکی سەردەستەوە، بەسەر شتەکاندا دەڕوانێ و بۆی ئاسان دەبێ، میانەیەکی ڕەخنەگرانە بهێڵێتەوە: ئاگاداریی بینەر لە ئەنجامی ڕووداوەکەوە و ڕەوتەکەی بە وردەکاری و پاڵنەر و هاوپێوەندییەکانی نمایشەکە دەگوێزرێتەوە. جاروبار بڕێخت داستانخوانێک دادەنێ، کە وەک دەستەڵاتێکی گەیەنەر لە سەر شانۆ ئامادەیی هەیە، ئاراستەی ڕووداو دیاری دەکات؛ حیکاتخوانێکی لەم بابەتە کاکڵی ڕووداوەکان لە (بازنەی تەباشیری قەوقازدا) دەخاتە ڕوو.

٢- بینای ئاستی بچووکی زمانی نامۆبوون لە شانۆنامەکانی بڕێختدا هەمیشە خۆی بەیان دەکات، لە شێوەی پچڕانی حیساب بۆ کراو، لە شکاندنی شەڕەنگێزی دژی چاوەڕوانی باودا. زۆر جار وەک گۆڕینی ڕووهەڵماڵراوی ناسک و کارامەی ئیدیۆمی ئاشنا دەردەکەوێ. نامۆکردنی گوتەزای باو و کلێشەی زمان لە هەمان کاتدا پێشداوەرییە چەسپاوەکانی موستەری بیرکردنەوە و دنیابینی دەڕووخێنێت. وەرگێڕانی ئەم نامۆکردنە لە زماندا وەرگێڕ تووشی ئاستەنگێکی زۆر دەکەن و گواستنەوەی نەفەسی ئەم تەکنیکە لە زمانی ئەڵمانییەوە کارێکی زۆر زەحمەتە ئەگەر نەڵێین مەحاڵە.

٣- بڕێخت لە زۆر کاریدا بە دوورودرێژی پەرە بە ئیدیالی ئەکتەر لە شانۆی داستانیدا دەدات. چۆن دەبێ ڕێ لەوە بگیرێ بینەر لەگەڵ فیگۆرەکانی سەر شانۆدا هاوهەست و هاوسۆز بێت، دەبێ ئەکتەریش دەستبەرداری ئەوە بێت، بە تەواوی بچێتە پێستی ئەو ڕۆڵەوە کە نمایشی دەکات، لە شانۆی ئەرستۆییدا، ئەمە وەک پێشمەرجی بنەمایی دەستکەوتێکی قەناعەتپێکەری نواندن تەماشا دەکرێ. لە شانۆی داستانیدا لە جیاتی شێوەیەکی ترانس لەگەڵ کەسە خەیاڵییەکەدا ئاوێتە بێت، دەبێ ئەکتەر میانەیەک بهێڵێتەوە و دەبێ ڕۆڵەکەی وەک ئاماژە نمایش بکات و جیاوازی لە نێوان ئەکتەر و فیگۆری درامادا بمێنێتەوە و بینەر دەیبینێت. لە بەر ئەوە ئەکتەر وا پیشان نادات، هەروەک ئەو ڕۆڵەی نمایشی دەکات، لە ناو گەرمەی ڕووداوەکاندا بێت، پتر بە ڕوونی پیشانی دەدات، کە ئاگای لە ڕەوتی ڕووداوەکە هەیە و

دەتوانێت ڕەفتاری فیگۆرەکەی لەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگێنێت. بۆ ئەوەی خۆی لە وەهمی زۆرداری ڕووداوی شانۆ لابدات، لە سەرووی ئەمەشەوە ئەو ئەلتەرناتیڤە شیاوە، بەڵام لە لایەن فیگۆری شانۆییەکەوە بە واقیع نەکراوە وەردەگرێت، لە ڕێی ئەمەشەوە دیدی ڕەخنەگرانە بۆ بینەر ئاسان دەکات. لە هەموو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە نمایش لە سەر شانۆی داستانی، کارەکتەری هونەری و شەنوکەو کردن ناشارێتەوە، بەڵکو زەقی دەکاتەوە. چاودێر نابێت هیچ چرکەساتێک لە بیری بکات، کە لە هۆڵی شانۆدا دانیشتووە و لە جیاتی واقیع بە هۆکاری هونەری لە بەردەمدا بێت بە مەبەستی فێرکاری مۆدێلێکی گونجێنراوی لە بەردەمدایە. شانۆی ئەرستۆیی بە شێوەیەکی بە ڕوالەت سروشتی نمایش دەکات، وەکو بینەران لەوێ نەبن؛ هەوڵ دەدا دیواری چوارەمی خەیاڵی، کە لە ڕاستیدا پانتایی شانۆ بەرەو بینەران لە ئارادا نییە، بهێڵێتەوە. بە پێچەوانەوە شانۆی داستانی گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە، کە بینەرانی بە هۆشیارییەوە ئەوە دەزانن کە لە هۆڵی شانۆدان و گەمەکەی ڕووی لەوانە.

بە کۆمەکی شانۆی داستانی، کە نامۆکردن لە شێوە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات، بڕێخت ویستی چاوی بینەرانی بکاتەوە؛ دەبوو هۆشیاریی پێگەی کۆمەڵایەتی بینەر پێ بگەیەنرێت و توانایی دەست تێوەردانی لە بنەما ئاڵۆزەکانی واقیعی ژیانی پێ بدرێت. بڕێخت بە بەرنامەڕێژییەکەی تەوژمی دایە هەموو مشتومڕە تیوریییەکانی درامای سااڵنی دوایی، کە گرنگییەکەی ناتوانرێت بنرخێنرێت. بێ گومان بیرکردنەوەکانی، کە لێرەدا ئاماژەمان بۆ کردن، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، بڕێخت بڕوا و متمانەیەکی زۆری بە ئەگەری کاریگەریی هونەر بە شێوەیەکی گشتی و نمایشی شانۆیی بە شێوەیەکی تایبەتی هەبوو، کە بڕێخت لەگەڵ زۆرێک لە درامانووسەکانی قۆناغی ڕۆشنگەریی کۆ دەکاتەوە. ئەو بەرهەڵستییە گومانگەرایەی کە بڕێخت زیادەڕۆیی بە کاریگەریی ئەدەب و شانۆوە بۆ سەر گۆڕینی شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەوە کردووە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ڕەوایی هەیە. لە کۆتاییدا دەبێت پرسیاری ئەوەش بکەین، ئایا ئەو بینەرە بیرکەرەوە ڕەخنەگرە کە شانۆی داستانی دەیەوێت پێی بگەیەنێت و لە ڕاستیدا پێشمەرجییەتی، بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بڕێخت بخەملێنێت. خۆی هەر لە سەرەتاوە بینەرێکی هۆشیار و تێگەیشتوو و چاوکراوە نییە؟

ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت بیرۆکەی شانۆی داستانی تیوریییەکی سیاسی شانۆیە، هەر لە بەر ئەوەشە ئەگەر بمانەوێت باسی ئیستێتیکای شانۆی بڕێخت و تیوری شانۆی داستانی بکەین، ناتوانین تەنیا خۆمان بە ڕاڤەکردنی ئیستێتیکییانەی دەستەواژەی شانۆی داستانییەوە سەرقاڵ بکەین، بە بێ ئەوەی بتوانین خۆمان لە کاریگەرییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی سەر بڕێخت ببوێرین و ئافەرۆزیان بکەین. شانۆی بڕێخت بە گشتی و شانۆی داستانی بە شێوەیەکی تایبەتی هێندە بە سیاسەتەوە بەستراوەتەوە، کە باسکردنی یەکێکیان بە بێ ئەوی دیکەیان مەحاڵە.

بڕێخت هەر لە سەرەتای کارکردنیەوە وەک ئامرازی شۆڕشگێڕانەی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی لەشانۆ تێدەگەیشت، وەک میدیۆمێکی کاریگەری پێڕەوکاریی دەستێوەردەری کۆمەڵایەتی و بۆ ئەو شانۆی داستانی، یان دیالەکتیکی هەمیشە کاتەگۆرییەکی کۆمەڵایەتی بووە نەک ئیستێتیکی شێوازکاری.

سەرچاوەکان:

Franz-Josef Payrhuber, Bertolt Brecht, Reclam, Stuttgart, 2004

Walter Hinderer(hg), Brechts Dramen, Reclam, Stuttgart, 2007

Robert Heinz Vellustig, Dramatik im Zeitalter der Wissenschaft, Erlangen, 1989,

ئیستێتیکای خانمیەتی لە شانۆی کوردیدا
ئامینە و فاتمە و گوڵێ لە شانۆیی (سەرگوزشتەی دەفێک)دا

هاوڕێ زەنگەنە
(ئەڵمانیا)

١- پێشەکی
٢- چەند ڕستەیەک بۆ ناوەرۆکی شانۆگەری (سەرگوزشتەی دەفێک).
٣- فاتمە و لێکدانەوەی فەلسەفی لە سەرگوزشتەی دەفێکدا.
٤- موسڵمان و میتراو زەردشت و گومانەکەی فاتمە.
٥- سایکۆلۆژی فاتمە و دیاردەکانی سایکۆلۆژییەت.
٦- تراومای فاتمە و فاتمە و تراوماکەی.

١- ڕوونکردنەوەیەک

ڕەنگە خوێنەرێک بپرسێت بۆ ئەم شرۆڤە فەلسەفی و دەروونناسی و ئیستێتیکییە لە دەقێکی شانۆی کوردیدا، کە خودی نووسەرەکە ئەم شرۆڤە چڕەی بۆ دەکات. دەمەوێت بڵێم شانۆ وەک زۆربەی زانستەکانی جیهان بەردەوام لە لایەن زاناکانییەوە لە لێکۆڵینەوەدایە. هەر وڵاتێک ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ ئەو پرۆژە ڕەنگاوڕەنگانەی بوارەکانی شانۆ تەرخان دەکات. تێگەیشتنێکی نوێ و لایەنی چڕی تری زانستی هونەری شانۆ و دیاردەی تر دەردەکەوێت. یەکێک لەو دیاردانەی تر، کە لە زۆربەی هۆڵە بەناوبانگەکانی شانۆدایە ئەوەیە، کە پێش نمایشی شانۆگەرییەکە بە کاتژمێرێک، کەسێتییەکی پرۆژەی شانۆگەرییەکە، لێکدانەوەیەک بۆ شانۆگەرییەکە دەکات، ئەم لێکدانەوەیە لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەبێ. ئامانجی ئەم لێکدانەوەیەش بە شێوەیەکی گشتی خستنەوەی دانوستانی جۆراوجۆرە بۆ پرۆژە شانۆگەرییەکە و هۆشمەندی کردنی شانۆکاران و بینەران بۆ ئەو کارە شانۆییەیە، لە ڕوانگەی تێکستی (دەق)ـەوە، دەرهێنانەو فەلسەفەی شانۆگەرییەکە و پرسیاری سەردەمییانەو ئەمڕۆیە لەم شانۆگەرییەدا، مەبەستی درامۆتۆرگی لەم پرۆژەیەدا..تاد. بەمەبەستی هاندانی بینەر بۆ تێڕوانینێکی قوڵتر و تێگەیشتنێکی تر لە بوارە جیاوازەکانی ئەو بەرهەمەی، کە بەبینەران پێشکەش دەکرێت. نموونەی ئەو هۆڵە بەناوبانگانەی شاری میونشن، هۆڵی فۆلکس تیاتر و هۆڵی کامەر شپیل و هۆڵی ڕیزیدێنس تیاتر، کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە زانستییە بۆ نمایشە شانۆگەرییەکانیان دەکەن. زۆر لەو توێژینانەوەی، کە سەبارەت بە چەندین بەرهەمی شانۆی سەردەمێکی دیاری کراو کراوە، کۆمەڵێک پرسیار بەوالاّیی ماونەتەوە. منیش بەلامەوە گرنگ بوو، تێکستی (دەق)ی ئەم شانۆگەرییە لە ڕوانگەی فەلسەفەو ئیستێتیکی و دەروونناسییەوە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی شانۆی کوردستان.

٢- چەند ڕستەیەک بۆ ناوەرۆکی شانۆگەری

(سەرگوزشتەی دەفێک).

دەقی ئەم شانۆگەرییە باس لە داستانی دەفێک دەکات.

ئەم دەفە دەبێت بە حیکایەتخوان، ئەم دەفە دەبێت بە شاهید حاڵ، ئەم دەفە چۆک دانادا، ئەم دەفە سەروتی نییە. ئەم دەفە ماندوو نابێت، ئەم دەفە دەفێکەو بۆنی خاکی گوندەکەی هەڵگرتووە، ئەم دەفە مێژووە، ئەم دەفە شەپۆلێکی ئاوزە و دەڕوات و دەڕوات و دەچڕێت و شارستانییەتێک لەهەگبەکەیدایە، ئەم دەفە خاوەن دیوەخانە، ئەم دەفە دەفی گوندێکی گەرمیانە.

ئەم دەفە زۆر بەسەرهاتی شادی و جوانی و خۆشی بینیوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەسەرهاتی ناخۆشیشی بینیوە. ئەم دەفە بە هەموو خەڵکی گوندەکە (ئاواییەکە) ئاشنایە و هاوەدەمی بەزم و خۆشی مرۆڤەکانی ئەو گوندەیە. هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونیانەوە تا لاواندنەوەی ساتەوەختی پیریەتی و مانئاواییان لە ژیان.

(من دەفێکم مێژووم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە، ئەم شەو دەبم بە میوانتان، من میوانێکی نەناسراوم، بەڵام بە هەموتان ئاشنام)(١). ئەم دەفە یەکێک لە بەسەرهاتەکانی گوندەکەی تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئارامی لێ بڕیوە، بۆیە ئەم دەفە بێ دیوەخانیش دەبێت بە حیکایەتخوان. ئەم دەفە باسی بەسەرهاتی فاتمە(٢) بۆ بێداران و نووستوان دەکات. باسی بەسەرهاتی فاتمەو یادەوەرییەکانی و ڕۆژانی ئەنفال دەکات، کە چۆن لە دوای ئەم کارەساتە لەگەڵ یادەوەرییەکانیدا بەتەنیا ماوەتەوە و لەگەڵ وێنەی شەوانی چاوەڕوانیدا دەجەنگێت. پرسیارەکانی ئەم کارەساتە ژیانی فاتمە بێ وەڵام دەمێننەوە. فاتمە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕوو دەکاتە ڕیشەی سوورەتی ئەنفال و لەگەڵ میتۆلۆژیای میترای گوندەکەدا ڕووبەڕووی دەکاتەوە. فاتمە ناوەستێت و خۆی دەست دەکات بەگەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا. بۆ بژێوی ژیانی خۆی دەڕواتە دەرەوەی ماڵ. فاتمە هەر ڕۆژەی بۆ ماڵێک نان دەکات.

ئەم جار بە ئامینە ئاشنا دەبێت. ئامینە کێیە؟ ئامینە ئەو ژنەیە، کە بێدەنگی لە ژیانیدا هەڵبژاردووە، نهێنییەکی پڕ لە پرسیاری لە ناخی خۆیدا حەشار داوە. ئامینە ڕۆژگار ناچاری کردووە بۆ بژێوی ژیان لەشی بەرانبەر بە پارە بفرۆشێت، بەڵام وەکو لەشێکی مردوو ئەو جەستەیەی خۆی بە پیاو دەفرۆشێت، بەڵام کام پیاو؟ ئەو پیاوانە کێن، کە جەستەی ئامینە بۆ کاتژمێرێک دەکڕن. ئەو پیاوانە کام پیاون لەسەر جەستەیەکی پڕ لە نهێنی حەشاردراو، پێکەنینی لەزەتیان هەناسەبڕکێیان پێ دەکات. ئامینە بێدەنگی و کپی بۆ چیرۆکی ڕێگەی کاری لەشفرۆشتنەکەی هەڵبژاردووە، بەڵام فاتمە کۆڵ نادات و دەخوازێت ئەو نهێنییە بدرکێنێت. ئامینە بێدەنگییەکەی دەخوات و دەخواتەوە. خەریکە بێدەنگییەکەی خۆی، خودی خۆی دەخنکێنێت.

لەلایەکی ترەوە فاتمە لە ڕیگەی نانکردنەوە بەخەڵکێکی زۆر ئاشنا دەبێت. لە ڕێگەی کاری نان کردنەکەیەوە بە ژنێک ئاشنا دەبێت، کە ناوی (گوڵێ)یە، بەڵام کام گوڵێ؟ گوڵێ ژنێکی سادە و نەفام و بێ ئاگا لە ژیان. گوڵێ تەنیا بەلایەوە گرنگە پیاوەکەی دەسەڵاتێکی (مەسئوولێکی، ئەفسەرێکی) بەرزی هەیە. گوڵێ هیچ ئاگای لە کردەوەکانی پیاوەکەی نییە. پیاوەکەی گوڵێ ناوی (هادی)یە و یەکێکە لەئەنفالچییەکان. جارێکیان گوڵێ لەگەڵ پیاوەکەی نانەکەیان دەبەنەوە. ئا لەم کاتەدا فاتمە چاوی بە هادی دەکەوێت، فاتمە کاتێ هادی دەبینێت، بەتایبەت بەو جلو بەرگانەوە. یەکسەر ڕووداوەکانی دێنەوە بیر و هادی دەناسێتەوە، چی ڕوودەدات؟

پرسیارەکانی فاتمە لێرەوە دەبن بە پرۆسەی هۆشمەندی و وریاکردنەوەو بزووتنەوە و بەرپرسیاریەتی. ئا لێرەدا هەنگاونان بەرەو ڕوو بەڕووبوونەوە ڕوو دەدات. فاتمە لەگەڵ خۆیدا پرسیارەکانی بە ڕۆژ دەسووڕێنێتەوەو شەوانیش ئازاری دەدات، چی لێ دێت؟ ئایا بە مەخسەد دەگات؟ ئایا هادی ڕووبەڕووی پرسیارەکانی ڕۆژگار دەبێتەوە؟ ئایا ئەم ژنانە چی بەهادی دەکەن؟ ئایا ئەم ژنانە چۆن بە یەکتر ئاشنا دەبن؟ ئایە چۆن دەبنە پرۆسەیەکی نوێ؟ لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە چۆن واقع دەگۆڕن؟ ئەی چی لە هادی دەکەن؟ چۆن ئەم ئافرەتانە، فاتمە و ئامینە و گوڵێ بە جەسارەتێکی جەسوورانەوە ڕووبەڕووی هادی دەبنەوە. لەسەر بناغەی دارشتنی سیستمێکی زانستییانە و هومانیستانەوە ڕووبەڕووی هادی دەبنەوە. ئەی ئامینە چی دەکات؟ ئەی گوڵێی ژنی هادی چی بەسەر دێت؟ ئەی نهێنییەکەی ئامینە چی بەسەر دێت؟ تایبەتمەندیەتی ڕۆڵی ئافرەت لە شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێک لە دیدگای سێ خانمی جیاوازەوە چۆن ڕەنگ دەداتەوە؟ بەم ڕەنگدانەوەیە وێنەی هزری بینەر چی لێ دێت؟ ئەی ئەو دانوستانەی دوای خوێندنەوەی دەقەکە، یان بینینی شانۆگەرییەکە چۆن

کۆتایی دێت؟ یان دانوستانی نێو هزری هەر بینەرێک لە بینەرەکەی تر جیاوازە؟ ئەی چی لای هەموان دەوروژێنێت؟

٣- فاتمە و لێکدانەوەی فەلسەفی لە سەرگوزشتەی دەفێکدا.

فاتمە و ڕەنگدانەوەی فاتمە لە چەند خاڵێکی بنەڕەتیدا لە نێو ئەم شانۆیەدا دەردەکەوێت و ڕوو بەڕووی بینەر و خوێنەر دەبێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە چۆنە، لە ڕووی فەلسەفییەوە چۆن شرۆڤە دەکرێت؟ بە شێوەیەکی گشتی پرسیار و پرسیارکردن و پرسیار وروژاندن یەکێکە لەدیاردەکانی ئەم دەقە شانۆییە. پرسیار و پرسیارکردن و پرسیار وروژاندن یەکێکە لەدیاردە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی فەلسەفی، بەم شێوەیە بەڕەو لێکدانەوە و تێگەیەشتن دەچێت. بە گشتی فەلسەفە یانی خۆشەویستی بۆ زانست و دانشمەندی. لە لایەکی ترەوە فەلسەفە دەخوازێت جیهان لێک بداتەوە و لەبوون تێبگات. ئەو کاتە مرۆڤ خۆی دەیەوێت لە ڕێگەی فەلسەفەوە لە خود و بوونی خودبوون لەم گەردوونەدا تێ بگات.

بۆ ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنە فەلسەفییە پێویست بە جۆرە هەنگاونانێکی تایبەتی هەیە، یەکێک لەو هەنگاوانەش پرسیارکردن و جۆری پرسیارکردنە. ئەو جۆرە پرسیارکردنەش بە شێوازی لۆژیکی و ئیتیکییەوە پەیوەستە. پرسیارکردن سەبارەت بە هەر دیاردەیەک دەوەستێتە سەر جۆری پرسیارکردنەکە و دەربڕینی پرسیارەکە؟ شانۆ پێوەندییەکی زۆر بەتینی لەگەڵ فەلسەفدا هەبووە و هەیە، بەتایبەت بۆ کەسانی شارەزای شانۆ. هەر لەسەردەمی نمایشی ڕیتوالّی شانۆ و سەردەمی کۆنی شانۆی یۆنانییەکاندا، شانۆکارەکانیان شارەزاییەکی گەورەیان لەبواری فەلسەفدا هەبووە. نموونەش بۆ ئەوە، فەیلەسووفی ناسراوی یۆنانی ئەرستۆ نووسینێکی چڕی فەلسەفی و هونەری و سایکۆلۆژی سەبارەت هونەری نواندن و ئاخافتن و تراژیدیا و کۆمیدیا نووسیوە(٣). ئەو نووسینە تاکو ئەمڕۆش لێکدانەوەی تازەی بۆ دەکرێت و شتی نوێی تێدا دەست دەکەوێت. تازەترین شرۆڤەی نووسینەکەی ئەرستۆ پرۆفیسۆر ڤارستات پار پێشکەشی جیهانی زانستی شانۆی کرد.

زۆربەی شانۆکارە مەزنەکانی جیهان بۆ وەڵامی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکانیان بە نێو تێڕوانینە فەلسەفییەکاندا گەڕاون. فەلسەفەیان کردووە بە فێرگەی هزریان و شانۆشیان وەک گونجاوترین بوار بۆ دەربڕین و دانوستانیان لە گەڵ جەماوەر هەڵبژاردووە. فریدریش شیلەر (١٧٥٩ - ١٨٠٥)ی شانۆکاری ئەڵمانی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی بۆ ماوەی دە ساڵ ڕوو دەکاتە خوێندنەوەی فەلسەفە، بە تایبەت (کانت ١٨٠٤/١٧٢٤). لەدوای ئەو دە ساڵە ئەم جار ڕووداوێکی وڵاتەکەی دەکاتە ڕووداوێکی جیهانی بە شێوازێکی فەلسەفی و دەقی شانۆگەرییەکەی دەنووسێتەوە.

کانت لە ڕووی هزری فەلسەفییەوە وەرچەرخانێکی لە ئەوروپادا هێنایە کایەوە و بوو بە قوتابخانەیەکی فەلسەفی چڕی هزری بۆ شانۆکارانی سەردەمی خۆی.

پرسیارکردن لەلای کانت بەهایەکی گرنگی هەیە، تەنانەت کانت بە چوار پرسیارەکەی (ڤ) بە ناوبانەگە. لە ڕێگەی ئەو چوار پرسیارەوە، چوار فەلسەفەی تیوری ئەنترۆپۆلۆژی و زانیاری و ئایینی و ئیتیکی خستووەتە ڕوو. لەم پرسیارکردنەوە دەچێتە نێو لێکدانەوە چڕەکانی ژیان و کۆمەڵگەی وڵاتەکەی. لە شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێکدا پرسیارەکان چۆن دەکرێن و کێ دەیانکات و بە چ شێوەیەک پرسیارەکان دەکرێن و لەکێ دەکرێن؟ ڕوو لەهزر دەکات، یان ڕوو لە هەست، یان ڕوو لە هەردووکیان و زیاتر؟ بابزانین کێن ئەوانەی لەم دەقەدا پرسیارەکان دەکەن؟

فاتمە لەم دەقە شانۆییەدا بە مەنۆلۆگێکی پرسیاراوی دەست پێ دەکات، پرسیارەکەشی پرسیاری ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خودی خۆیدا.

"لە چاوەڕوانییەکی نادیار و ون ناخۆشتر هەیە؟"

"...هەموو شتەکانی ژیانم بەستراوە بە چاوەڕوانییەکی نادیار و خنکێنراوەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت چاوەڕوان بین."

من دەبێت بگەڕێم.. بزانم.. کێن..؟ بۆ ئەوەی جارێکی تر کۆڕپە بێ دایک نەکرێ. باوک بێ منداڵ نەکرێ... خێزان لەیەکتر نەترازێ." ئەم جار ڕوو دەکاتە خەڵکی کوانێ.. کوانێ.. بۆ کەس گوێی لەدەنگم نییە؟"(٤)

ئیستێتیکای جوانکاری پرسیارەکان لەوێدا دەردەکەوێت، کە فاتمە کەس وەڵامی ناداتەوە، بەڵام کۆڵ ناداو لەسەر گەڕان و پرسیارکردن بەردەوام دەبێت. فاتمە پرسیارەکانی زۆر سادە و زانستییانەیە. فاتمە

بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆگیانەی سەردەمیانەی ئەوتۆ لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵگە: " بەڵێ دیارە کۆمەڵ نەخۆشە.. ئەرێ کۆمەڵگە نەخۆش دەکەوێ؟ ئەم جار دەڵێت با هەگبەی پرسیارەکانم بدەم بەکۆڵمدا و بەدوای ڕاستیدا بگەڕێم؟(٥).

لە ئیستێتیکای فەلسەفی و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا لەو پرسیارە ئەزەلییەدا خۆی دەبینێتەوە، کە مرۆڤ تاکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی جیاواز عەودالێیەتی. ئەی فاتمە لەم شانۆگەرییەدا چۆن عەودالێیەتی؟ ئەی فاتمە لەناو دەقی ئەم تێکستە شانۆییەدا چۆن هونەری دراماتۆرگی و فەلسەفی دەکات بەجیهانی خۆی و لەناخی خۆیدا قووڵی دەکاتەوە و دەیکات بە ژیانی خۆی.

لە ڕووی زانستی فەلسەفییەوە گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، یەکێکە لە پرسیارە وروژێنەرەکانی هزری داهێنانی فەلسەفی، لەبەر ئەوەی پرسێکی ئەزەلی مرۆڤە. ڕاستی جۆری زۆرە و ڕەنگی زۆرە. لە لای سوکرات ڕاستی لە ژەهرەکەدا دەبینێتەوە، کە بڕیاری خواردنەوەی دەدات و دەڵێت ڕاستی ئەمەیە، هەروەک ئەوەی کە ئەرستۆ دەڵێت: دەسپێک سەرەتای نیوەی هەموویەتی(٦). هەر لەکۆنەوە زۆربەی فەیلەسووفەکان بە شێوەیەک لەشێوەکان عەودالی گەڕانن بەدوای ڕاستیدا. یەکێک لەوانە: چارلس ساندیرس پیرێس (١٨٣٩ - ١٩١٤)(٧) بە یەکێک لە هزرمەندی پراگماتیکی مۆدێرن دادەنرێت، هەروەها بە یەکێک لە پێشرەوانی سیمیۆلۆژیا و دامەزرێنەری لۆژیکی مۆدێرن ناسراوە. گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان ناوەندێکی گرنگی بابەتەکانییەتی، بۆیە تاکو ئەمڕۆ هزرمەندەکانی جیهان عەودالی گەڕانن بەدوای ڕاستیدا. فاتمە لە هەنگاوی یەکەمدا سوود لە فەلسەفە پراکتییەکەی چارلس وەردەگرێت. فاتمە ڕاستییەکی پراگماتیکی هەیە، کە تایبەتە بە خودی فاتمە. ئەوەش لە گەڕانەوە دەست پێ دەکات. بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی خۆی بە ناو خەڵکیدا دەگەڕێت. نەک لە جیهانێکی داخراوی مالّەوە، بەڵکو لە ناو کۆمەڵگەکەیدا بۆ ڕاستییەکان دەگەڕێت. هەروەک چارلس لە زانستە تیوربییەکەی بە وردبینی بۆ گەیشتن بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕاستییەکان باسی دەکات، لە ناسینەوەی زانیارییەکانەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ئامانج دەڕوات. چارلس لە ناو خودی ڕاستیدا باوەڕی بە یەقین بوون هەیە و (قەناعەت) دەبینێتەوە، فاتمە لە نێو دەقی شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێکدا یەقینی باوەڕبوون دەکاتە چارۆگەی کۆڵی و بە پراکسیس بە باوەڕی یەقین و لە پراکسیسەوە بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەگەڕێت. چارلس لە ناو خودی ئەم تیوربییەدا بۆیری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاستییەکاندا دەبینێتەوە، فاتمە ئا لێرەدا بۆیری مامەڵەکردنە فەلسەفییەکەی تێکەڵ بە زانستی لۆژیکی و سایکۆلۆژی هەیە. ئا بەم شێوەیە فاتمە بە هەنگاوێکی زانستیانەتر و هزرمەندانەتر ڕووبەڕووی ڕاستییەکان دەبێتەوە، ئەوەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی «فاتمە و هادی»دا دەبینرێتەوە.

فاتمە بە شیوازێکی زۆر لۆژیکانە پرسیار لە ئامینە دەکات، پرسیارەکانی وروژێنەرێکی دیراسەکراوی دەروونناسانەیە، ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی هزری ئامینە دەبێتەوە، ئامینەش هۆشمەند دەبێت و دەکەوێتە گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکاندا، گوڵێش بەم شێوازە، هادی ڕووبەڕووی هەموو پرسیارەکان دەکاتەوە. فاتمە وا لە هادی دەکات تووشی وەرچەرخانی عەقڵ و میژووی دەکاتەوە، بەم وەرچەرخانە کۆمەڵگە بەرەو تەندروستییەکی سایکۆلۆژی دەبات چۆن؟ وەرچەرخانی ڕووبەڕووبوونەوی قوربانی و جەلاد، وەرچەرخانی کارکردنی لەسەر پاککردنەوەی میژوو و نووسینەوەی میژوویەکی تر، بەجێ دەمێنێت، ئەمە دیراسەیەکی قووڵی زانستییانەیە کە زاناکان، بەتایبەت زانا دەروونناسەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. بۆ نموونە لەو وڵاتانەی کە کارەساتیان بەسەردا هاتووە، گەر ڕووبەڕووبوونەوە ڕوو نەدات، ئەوە ناساغییەکی سایکۆلۆژی لەنێو کۆمەڵگەدا بەجێ دەهێڵێت. لێکۆڵینەوەکانی بەرازیل و ئەڵمانیاو باکووری ئەفەریقیا ئەم ڕاستییە دەردەخەن.

فاتمە بەم پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەیە ئیستێتیکای پەروەردەیەکی تر دەهێنێتە کایەوە، ئەمەش ئیستێتیکای فەلسەفەی خۆ پاکژ کرنەوەیە، لە ڕێگەی ڕووبەڕوونەوەی هادی لەگەڵ فاتمەو ئامینەو گوڵێ. لەدوای ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەم جار هادی لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە دانوستان. هادی دەست دەکات بە دانان بە کردارەکانیدا و لەگەڵ هەر بەشێکی جلەکانیدا تاوانێک ئاشکرا دەکات و ئەو بەشە جلەی فڕێ دەدات. ئەم پرۆسەیە لەبەردەم فاتمەو خەڵکانی تردا ڕوو دەدات.

٤- موسڵمان و میتراو زەردشت و گومانەکەی فاتمە

فاتمە و کەسوکاری فاتمەو خەڵکی گوندەکەشیان بە موسڵمانیەتی، گەورە و پەروەردە کراون، بەڵام ئەم ڕووداوەی ئەنفال وا لە فاتمە دەکات بەخۆیدا بچێتەوە. فاتمە لەم سوورەتە دەکەوێتە گومانەوە، کە کێ نووسیویەتی و کێ وەریگرتووە و لە کێ وەرگیراوە، بۆ کەس ئەم پرسیارە ناکات.؟ ئایا بۆ جارێکی تر ئێمە بە بەڵگەکاندا نەچینەوە. ئەی کێ چاپی کردووە، دەبێت لە کوێ چاپکرابێت؟ باشە بۆ فاتمە دەکەوێتە گومانەوە، لەوەی موسڵمانیەتی لە ئەنفال جیاوازتر بێت؟

هەر کە گوێی لە وشەی ئەنفال دەبێت. یەکسەر هەموو وێنەکانی ڕووداوەکەی دێتەوە بەرچاو و وێرانیی ناوەوەی دەست پێ دەکات. فاتمە دەگاتە ئەوپەڕی هێز دەڕبڕین و دەڵێت: (ئای چەند ڕقم لەم وشەیەیە "ئەنفال"، تەنانەت لەناو دەفتەر و مێژوو و کتێبە پیرۆزەکانیشدا ئەو لاپەڕەیەم دڕبوە و پارچە پارچەم کردووەو فڕێم داوە، کەچی.. کەچی..)(٨). هەموو لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی بەشی ئەنالیزی دەردەخەن، کە ئەو مرۆڤانەی لە ڕووداوێکەوە تووشی کارەساتی دەروونی دەبن، دەبێت لەسەر ئەو خاڵە بوەستن، تاکو دەگەنە ئەوەی هۆشمەندی تێگەیشتن و ئارامی تێگەیشتنیان پێ دەگات. زۆرجار ئەو مرۆڤانە بەیارمەتی دەروونناسیشەوە سااڵنێان دەوێت، تاکو لەو دیاردەیە و لەترسی ئەو دیاردەیە ڕزگاریان دەبێت، بۆیە فاتمە لێرەدا دەکەوێتە بیرکرنەوە لە مێژووی خۆی و ڕابردووی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی دیکەی خاکەکەی پێش هاتنی موسڵمانیەتی، بۆیە ڕوو بکاتە کێ؟ ئەمە پرسیارە، کێ ئاگای لەم کارەساتە بووە؟ دەتوانێت پێم بڵێت بۆ؟ بۆ وایان کرد؟ ئەم جار ڕوو دەکاتە خودای میترای، کە ئەمەش خودانی فەلسەفەیەکی قوواڵە، کە لە نێوان زەوی و ئاسماندایە ئاگای لە هەردوو لا هەیە. ئەم خودایە ئامانجی ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرە و خودای لێقەوماوانە، ئەم خودایە بەشەو بەخەبەرە و ئاگای لە کردەوەکانی سەر زەمین هەیە، لەلایەکی ترەوە خودای ئەشق و ئاشتی و خۆشەویستییە، کەچی ئەمڕۆ ئێمە بەرانبەر بە میژووی خۆمان نامۆین، ئیستێتیکای جوانی گوتەکانی فاتمە لەم دەقەدا لۆژیک بوونی گەڕانیەتی بۆ هێزێکی تر کە بە خاک و گوندەکەمان ئاشنایە.

ئا لێرەدایە خوێنەر و بینەر دەدوێنێت و ڕووبەڕووی میژووەکەی خۆی دەکاتەوە. کاتێ بیر لە خودی ئەو خاکە دەکاتەوە کە تێیدا لەدایک بووە، دەگاتە هزرێکی یەقین و سوێند بە ڕۆژ و ڕۆشنایی دەخوات، ئەم سوێندە هەیە، بەڵام لێرە فاتمە باوەڕێکی زۆر سوێند دەخوات، بۆچی ئەم سوێندە؟ بۆ گەڕان و دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی، جوانکاری ڕۆڵی فاتمە لێرەدا لەو خاڵەدایە، کە دەگاتە کرۆکی کولتوورەکەی خۆی، کە ڕۆشنایی و ڕۆژی تێدا پیرۆزە.

(وەک یارسان و ئەهلی هەق و کاکەیی و بابە مەنزووری و ئێزیدی، حەمە سوورییەکان و زەردەشتی) ئەم ئایینانە لە خاکەکەیدا لەدایک بوونەو ڕۆشنایی و ڕۆژیان لەلا پیرۆزە و سەرچاوەی ژیانێکی شادییە.

فاتمە لە هەوڵدایە بۆ خۆناسینەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت لە گومانەکەی ڕزگاری بێت، ئەم ڕزگار بوونەی فاتمە لە شێوەی ڕزگاربوونی گومانەکەی بڕوایەرە، کە داوا لەنیتشە دەکات لەم گومانە ڕزگاری بکات، (دکتۆر بڕوایەر: نیتشە من ئێستا پێویستیم بەتۆیە بۆ ڕزگارکرنم لەم دوودڵی و گومانە)(٩)، بەڵام نیتشە خۆی و گومانەکەی پەنا دەباتە بەر فەلسەفەکەی زەردەشت. فاتمە لێرەدا بە جیاوازی سااڵنەی سااڵ ڕێچکەیەکی دی دەگرێتە بەر و پەنای بردووەتە بەر چی؟ هزری دەخاتە کار و تەرازووی بڕیاردان وەک تاقانەیەک هەڵدەستێتەوە و وەرچەرخانێک دەکات و بینەر ڕووبەڕووی خودی خۆی دەکاتەوە و کەسایەتی تاک (ئندیڤیدوم) خۆی خودانی هێز و جووڵەی بڕیار و چارەنووسە. لێرەوە هەنگاوی گەڕانی دەست پێ دەکات و بەڵگەی جیهانی بۆ دێنێتەوە. بینەر و خوێنەر دەهەژێنێت و بە خۆی دەڵێت ئەی من؟ ئەی ئێمە تاکەی؟

٥- سایکۆلۆژی فاتمە و دیاردەکانی سایکۆلۆژییەت

یادەوەرییەکان و بینینی خەون و زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکان چی لە لای فاتمە دەوروژێنن؟ شەوانیش فاتمە لەگەڵ کارەساتەکاندا ڕوو بەڕوو دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی یادەوەرییە تاڵەکان بوونە بە دێوەزمەیەکی سایکۆلۆژی و یەخەی فاتمە بەرنادات. یەکێک لە نیشانەکانی خەوی ئاڵۆز، سەختیی دەروونییە. ڕووداوەکان سەختییەکی دەروونییان لەناخی فاتمەدا دروست کردووە. ئەم سەختییە لە ڕووی دەروونناسییەوە دەبێت بێتە دەڕبڕین، ئەم دەڕبڕینەش بە هاوکاری شارەزایەکەوە لە شیوەی پرۆسەی کارکردن کاری لەسەر بکرێت، واتە ئەم سەختییە گەر بەتاریکییەک

بیشوبهێنین و ئەو تاریکییە سەختیی زۆر بۆ ژیانی مرۆڤەکە دروست دەکات، تاکو ئەو ڕۆژەی ئەو تاریکییە لادەچێت و دەبێت بە ڕۆشنایی. ئەمە کارێکی ئاسانە بۆ شارەزایانی دەروونناسی، بەڵام بۆ کەسانێ قورساییەکە بەتەواوی ژیانی خۆی، لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت و دەبێتە سەرچاوەی دەیان گرفتی ڕۆژگار. ئەو گرفتە چی لەمانەوە یان لەدەرەوە بێت.

ئەم سەختییە لە ناخی فاتمەدا بووە بەترس و ڕاچەڵەکین و بینینی شتی سەیر لە بنمیچی ژوورەکەدا، کە لە ڕووی دەروونناسییەوە پێی دەڵێن هەلۆتسیناتسیۆن(١٠). واتە بینینی شتی سەیر و سەمەرە لە ژوورەکەدا، یان بینینی ئاژەڵی جۆراو جۆر، یان شتی نائاسایی، بەڵام لەڕاستیدا خۆی بوونی نییە، بەڵام بۆ کەسەکە ڕاستییەو بوونی هەیە. ئەم دیاردەیە بە شارەزای دەروونناسی دەتوانێت لەنیو بچێت و نەمێنێت، ئەم جۆرە دیاردەیە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دی دەگۆڕێت.

لایەنی سایکۆلۆژی ئەم شانۆگەرییە لە دەستپێکەوە لەگەڵ شەوانی فاتمەدا دەست پێ دەکات، لەگەڵ بێداری و شەونخوونی شەوانی فاتمەدا دەست پێدەکات، بێداری و ئاستەنگی و سەختی یادەوەرییەکان ناخی فاتمەی پڕکردووە. لە ناخ و لە هزر و لە جەستەیدا دەردەکەوێت. لە ڕووی دەروناسییەوە ئەم دیاردەیە، مرۆڤ ماندوو دەکات و ڕێگە لە ژیانێکی ئاسایی دەگرێت. کاتێک دەروننناسێک ئەم شتانە دەبیستێت، ئیتر جۆری سەختییەکە دەستنیشان دەکات و دەتوانێت دەست بەکاری پرۆسەی چارەسەرکردنی بە چەند دانیشتنێک بکات، تاکو چارەسەر نەکرێت ئەوە بە بەردەوامی ڕێگە لەخەون دەگرێت. ئەوە چییە کە ناهێڵێت فاتمە بە ئارامی بخەوێت، لە لایەکی ترەوە فاتمە دەڵێت:

"هەموو شەوێک کە دەچمە جێگاوە، سەیری بنمیچی ژوورەکەم دەکەم لە ترساندا لێفەکەم بەسەر دەم و چاومدا دەدەم...."(١١)

لێرەدا زیاتر وردەکارییەکانی دەروونی دەردەکەون(شەو و بێداربوون، خەون و ترس)، ئەو ترسە خاڵێکی تری سایکۆلۆژی ناوەوەی فاتمەیە، کە لەگەڵ ترس و بێداری شەواندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. شتێکی تر فاتمەی بەتەواوی ماندوو و شەکەت کردووە و جیهانی ناوەوەی فاتمەی وێران کردووە، ئەوەش چاوەڕوانییە. شتەکان وەک خۆیانن و ڕۆژگارەکان دووبارە دەبنەوە. ئەم دیاردەیە فاتمەی جار بە جار بێ هیوا کردووە، چونکە ئەم چاوەڕوانییە چاوەڕوانییەکی تاریکە و چاوەڕوانییەکی وشکانییە و چاوەڕوانییەکی مردووە و چاوڕوانییەکی خنکێنراوە.... ئەوەندەی دیکە فاتمە شەکەت و ماندوو دەکات و وێرانییەکەی گەورەتر دەبێت.

فاتمە ئەم گۆمە وەستاوە دەشڵەقێنێت و ئیستێتیکای جەسووری فاتمە لێرەدایە، کە فاتمە بە جۆرێکی زۆر جوانی جونکاریانەوە و لە پرۆسەیەکی زۆر لۆژیکانەوە بوارێکی سەختی دەروونیی ڕووبەڕووی تاوانکار دەکاتەوە. ترۆپکی لووتکەی شانۆگەرییەکە لەو ڕووبەڕووبوونەوەدایە، لێرەدا هەموو دەرگەکان بۆ لێکدانەوەی ترسەکان و بێدارییەکان و شەونخونییەکانی فاتمەو سەختییەکانی ئامینەو گوڵێ دەکاتەوە. ئا لێرەدایە ئیستێتیکای خانمیەتی فاتمەو ئامینەو گوڵێ لەوپەڕی جوانکاری شانۆییدا دەردەکەوێت. فرە لایەنیانەی زانستییانەی فەلسەفی و سایکۆلۆژی و دراماتۆرگی خۆی نیشان دەدات.

٦-تراومای فاتمەو فاتمەو تراوماکەی.

ئیستێتیکای فاتمە لە جوانکاری دەربڕینی شێوازی تراوماکەی و جوانکاری بردنە پێشەوەی ئەم پرۆسەیەیە بەرەو ئامینەو بەرەو گوڵێ و دواجار بەرەو هادی. هەنگاو بە هەنگاو لۆژیکانەو سایکۆلۆژیانە بابەتەکان لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر دەبات. فاتمە لێرەدا دەبێتە نموونەیەکی چارەسەری پرۆسەی دەروونی بۆ خودی خۆی و کۆمەڵگەیەکی دروست.

هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ئەشکەنجە و زەبروزەنگ و تووندو تیژی و کوشتنیان لێدەکەوێتەوە، دەشێت ببنە هۆی سەختییەکی دوروونی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، یان هەموو جۆرە دەستدرێژی کردنێک و ترس و خورپەیەکی ناکاو کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کەسێک دەبێتەوە، بەهەمان شێوە دەشێت ببێتە هۆی سەختییەکی دەروونی و دەشێت تووشی تراومای بکات. یان زۆربەی ئەو میللەتانەی کە لە جەنگدا ژیاون تووشی تراومە دەبن. زانستی دەروونناسی دەریخستووە، کە جەنگ جگە لە چەندین پاشماوەی جۆراوجۆر پاشماوەی تراوماش بەسەر خەڵکەکەوە بەجێ دەهێڵێت. ڕزگاربوونی ئەو کۆمەڵگەیەش تەنیا لە ڕێگەی تیراپییەوەیە تیراپی: چارەسەری دەروونی لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە، ئەم گفتوگۆیە بە چەندین دانیشتن دەکرێت و هەر

دانیشتنێکیش نزیکەی نەوەد خولەک دەخایەنێت. لەم ڕێگەیەوە ئەو کارەساتە، یان ئەو ڕووداوە لە شاراوەیەکی نهێنی و بڤەو باسکردنی دەردەچێت و بە وردی باس دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە کەسایەتییەکە وای لێدێت. لە خاڵی یەکەمدا هۆشمەند دەبێت و لە خاڵی دووەمدا ڕووداوەکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ڕوون دەبێت و هیچ تەمومژییەک لە ئارادا نامێنێت و لە قۆناغی دوا جاردا هەنگاو نان بەرەو ئەوە دەڕوات، کە کەسایەتییەکە بە سەر خودی خۆی، بەسەر سەختییە دەروونییەکەدا زاڵ دەبێت، ئەمەیە قودرەت و هونەری زانستی دەروونناسی، ئەم هونەرەی دەروونناسی جیهانێکی شاراوەیە و تاکو ئەمڕۆش دەروونناسەکانی جیهان بەردەوامن لە دۆزینەوە و داهێنانی لایەنە شاراوەکانی تری. ئەوەی جێگەی سەرنج بێت بۆ ئێمەی شانۆکاری کورد، کە شانۆش لەو داهێنان و گەڕانە بەشدارە، بەکورتی جاری یەکەم سەختییە دەروونییەکە دەسەلآتی بەسەر کەسایەتییەکەدا زاڵە، بەڵام لەکۆتایی پرۆسەکەدا دەسەلآتی کەسایەتییەکە بەسەر سەختییە دەروونییەکەدا زاڵە.

ئەم زانستە لەنێو دانشگەکانی وڵآتەکانی ئەوروپا و لە زانستگەکاندا بە وردی دەخوێنرێت، بەڵام لە وڵآتانی ڕۆژهەڵآتدا ئەم بواره هێشتا بە گشتی نامۆیە. ڕیشەی دۆزینەوەی ئەم سەختی و چارەسەرییە تازەیە و بۆ نێو سەدەی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەروونناسان لە دوای یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی و کارەساتی هیرۆشیماو ناکازاکی و جەنگی ڤیێتنام و... تاد. لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵآتانەدا، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە لە جەنگدا بوون و گەڕاونەتەوە، دیاردەیەک لە نێو ئەو خەڵکانەدا بوو، کە لە هەموویاندا شێوە نزیکایەتییەکیان هەبوو، ئەوەش سەختییەکی دەروونی بوو. ئەم سەختییە دەروونییە زیاتر چووە ناو لێکۆڵینەوەی زانستی دەروونناسییەوە، لەهەمان کاتدا لە زۆربەی بوارەکانی تری زانستی و هونەری گرتەوە، ئەی هونەری شانۆ دەتوانێت بۆ کوردستان چی بکات؟(١٢)

تایبەت بە کوردستان هەموو ئەو ڕووداوانەی جەنگ لەسەر تەواوی ئەو خەڵکانەی کە جەنگیان بینیوەو لە جەنگدا ژیاون، یان کەسوکاریان لەجەنگدا تێدا چووە، یان لە ناکاودا تووشی هەواڵی سەخت بوونەتەوە، یان هەر لە چاوەڕوانییەکدان بۆ هەواڵێک و بەتایبەت کارەساتی ئەنفال و کەسوکاری کارەساتەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان تووشی ترس و سەختیی دەروونی بوونەتەوە. بەشێکیشیان تاکو ئەمڕۆ لەو سەختی و تاڵییە لێ نەبوونەتەوە. تراوماش جۆری زۆرە، واتە هەموو تۆندو تیژییەک و کاردانەوەی جەستەیی و ڕوحی و دەروونی هەیە، ئەو ڕووداوانە لەسەر ڕوح و جەستە و ناوەوەی ئەو کەسانەدا دەردەکەوێت. ئەم دەرکەوتەیە لەشێوەی بریندارى ناوەوەیانە، ئەو بریندارییەش لە ئەنجامی ئەو خورپەیەی لەناکاودا تووشیان بووە. ئەم تراومایەش دەشێت ماوەیەکی زۆر درێژ بخایەنێت، تاکو چارەسەری زانستییانەی دەروونناسییانەی بۆ نەکرێت. لە بیر چوونەوە و پشتگوێ خستنی هزر لە ڕووی دەروونناسییەوە زیانێکی گەورە دەبەخشێت و چارەسەر نییە، بەڵکو دەبێت لای ئەم بابەتە ڕاوەستین و هۆشمەندی کردنی ئەو کەسانە تا ڕادەیەکی ئەوتۆ و بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە کەسەکە خۆی کۆنترۆڵی ڕووداوەکە بکات، نەک ڕووداوەکە کۆنترۆڵی هزری کەسەکە بکات، بۆیە فاتمە لە ڕێگەی ئەم شانۆگەرییەوە ئەو نوێکارییە دەهێنێتە نێو کۆمەڵگەکەمانەوە و زۆر بەزانستییانە ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال و ئاستەنگییەکەی لەم شانۆگەرییەدا دەخاتە ڕوو. ئەو ئاستەنگییە و سەختیی دەروونی ناو خودی فاتمە و ئامینە دەردەخات و وەک کۆدێک ڕەوانەی بینەری دەکات، بینەریش دەهێنێتە نێو دەروونی خۆیەوە، تەنانەت ئیلیمێنتی کەمکردنەوەی سەختیی دەروونی و چارەسەرکردنی پێشکەش دەکات. لەلایەک بە خودی خۆی و لەلایەکی ترەوە بە بینەری نمایشەکە، واتە بە خودی خۆی و بینەر.(١٣)

لێرەدا فاتمە مۆدێرنترین لێکدانەوەی شانۆ پێشکەش دەکات و قودرەت و توانایی شانۆی لە بواری هونەری پزیشکیدا دەردەخات. ئەم تواناسازییە لە ڕێگەی قودرەتی دانوستاندنی (کۆمۆنیکاتسیۆن)ی شانۆییەوە بووە، لەلایەکی ترەوە جەسووری ئەم پرۆسەیە بەدەستی خانمێکەوەیە، کە خودی خۆی ئەم جەسارەتە و وزە (ئینێرژی)یە بە ئامینەو گوڵێ دەبەخشێت.

چۆن بە ئامینەی دەبەخشێت؟ لەکاتێکدا کە فاتمە ئامینە دەناسێت، وەک خەڵکی بەچاوی سووکەوە سەیری ناکات، بەتایبەت کاتێک کە هۆکارەکانی بۆ دەردەکەوێت، بۆی دەردەکەوێت، کە ئەویش هەمان هۆکار مالّی وێران کردووە و شیرازەی ژیانی شێواندووە، بۆیە وازی لێ ناهێنێت و بەتەنیا بەجێی ناهێڵێت تا ئەو

ڕۆژەی کە ئامینە دێتە گوفتار و بێدەنگی دەپسێنێت و بەرەو ناو خەڵکی دێت، ئیتر دێتە قسە کردن و دوان لەو ڕووداو و کارەساتانە (ئەنفال و کارەساتەکانی تر)ی کە تێیدا ژیاوە. ئامینە ئیدی قسە دەکات و باسی هەموو شتەکان دەکات، لە لایەکی ترەوە گوڵێ بە هاوکاریی هۆشیارکردنەوەی فاتمەوە، ئیتر تێ دەگات کە هاوسەرەکەی چی ناسنامەیەکی هەیە و کردەوەکانی چییە و لەکاتی ئەنفالدا چی جۆرە ئەنفالچییەک بوو، چۆن لەخەڵکیان شاردووەتەوە. ئامینە هەموو ئەمانە بۆ خەڵکی و گوڵێ دەخاتە ڕوو. گوڵێ شۆڕشێک لە ناو هزری خودی خۆیدا بەرپا دەکات و بڕیارێکی زۆر جەسوورانە دەدات و ئەوەش دەڵێت: (من ئیتر نامەوێت خێزانی ئەنفالچییەک بم و تۆ بۆنت دێت)(١٤). گوڵێیەکی نەفام و سادە، گوڵێیەکی تەنیا پارەو ماڵ و زێڕ لای گرنگ بووە، ئێستا دەبێتە کەسێکی تر، ئەمە قودرەتی پرۆسەی فاتمەیەو بەرەو ئامینەو بەرەو گوڵێ دەڕوات.

کارەساتەکان و ڕووداوەکان لەنەبوونیدا ئامینە ناچار دەکەن تەسلیم بێت و بەرانبەر بە پارە خۆی و جەستەی دەفرۆشێت، بەڵام ئامینە لە دوای پرۆسەی هۆشمەندییەکەییەوە لەلایەن فاتمەوە، دەبێتە کەسایەتییەکی زۆر سەرنجڕاکێش. ئامینە دەبێتە کەسایەتییەکی خاوەن هەڵوێست و جەسوور بۆ خاکەکەی و خەڵکەکەی هەڵدەستێتەوە و سەرشۆڕی قبوولْ ناکات. ئامینە لە جەلاد نابووریت تاکو ئەو ساتەوەختەی جەلاد دەکەوێتە سەر چۆک و دەگەڕێتەوە. ئامینە لەنێو خودی دەقەکەو سەر سەکۆ دەبێتە کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش(١٥)، بەڵام بەرانبەر بە خاک و خەڵک هەڵدەستێتەوە و سەرشۆڕی قبوولْ ناکات و ڕووبەڕووی هادی دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی فاتمەوە. ئیستێتیکای پرۆسەی فاتمە لەو خاڵە زانستییە دروونناسییە خۆی دەبینێتەوە، کە هەموو بەسەرهات و نهێنییەکان لە ناخی خۆیدا قەتیسماو ناکات و جەسوورانە دەڕیدەبڕێت و لە هەمووی گرنگتر ڕووبەڕووی جەلادەکانی دەکاتەوە. بەم شێوەیە خۆی لە بەشێکی زۆری ئازارەکان ئازاد دەکات. تراومای فاتمە بەرەو ڕزگاربوون و کۆتایی پرۆسەکە دەڕوات، ئیتر فاتمە شەوان ئەو دێوەزمەیەی بەسەرەوە نەما و خەونە ئاڵۆزەکانی بەسەرچوو، هەست بەئارامبوونی دەکەیت.

فاتمەو ئامینە و گوڵێ لەبەردەم بینەران و لەسەر سەکۆ لەگەڵ هادی-دا ڕووبەڕوو دەبنەوە. پرسیارەکانی خۆیان ڕووبەڕووی هادی دەکەنەوە، هادیش بە خۆیدا دەچێتەوە و ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، لە نەهامەتی و پەشیمانیدا بەرانبەر بە بینەران و فاتمەو گوڵێ و ئامینە لەگەڵ دانپێدانانی هەر کردەوەیەکیدا بەشێکی جلەکانی دادەکەنێت و بەم شێوەیە ڕێگەی پاکژکردنەوە و پەشیمانی دەگرێتە بەر. ئەم کردەوەیە بەشێکە لە پرۆسەی تێڕاپی مۆدێرن.

لە میژووودا چەند جارێک ڕووی داوە، کە شانۆ پێش زەمەن دەکەوێت، ئەم شانۆگەرییە لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ نمایش کرا. ئەم شانۆگەرییە لە دوای نووسین و پێشکەش کردنی بەدوو ساڵ ڕژێمی دیکتاتۆری ئەنفالچی سەرنگون دەکرێت و تاکو ئێستا لەکوردستاندا ئەم پرۆسەیە ڕووی نەداوە، گەرچی ئەم شانۆگەرییە لە پێش ڕووخانی ڕژێم نووسراوە، فاتمە ئێنێرژی قودرەت و ڕابەرایەتی دەسەڵات دەگرێتە دەست و کردەوە وەحشیانەکانی ئەنفالچییەکان دانە بەدانە ڕووبەڕووی خۆیان و ڕووبەڕووی میژوویان دەکاتەوە. فاتمە دەسەڵاتیان لێ وەردەگرێتەوە و سیستمێکی هومانیستی بۆ کۆمەڵگەیەکی دروست دەخاتە بەردەستی کوردستان. بەبێ ڕووداوی پرۆسەیەک و سیستمێکی دروست قوربانییان و کەسوکاری ئەنفال و زۆر ڕووداوی تر لە کوردستان، ئەوە کۆمەڵگەکەمان گرفتەکانی لە بواری تردا ڕەنگ دەدەنەوە. ئێستاش کوردستان دەشێ سوود لە پرۆسەیەک و سیستمێکی زانستی نێو ئەم شانۆگەرییە وەربگرێت بۆ دروست کردنی دروستییەکی باشتر(١٦).

ئەم شرۆڤەیە تەنیا لە ڕووی تێکستی شانۆگەرییەکەوە بوو، بەهەمان شیوە دەتوانرێت، لە بوارەکانی تری هونەری نواندن، ستایلی دەرهێنان و جلوبەرگ و ڕەنگ و ڕۆشنایی و موزیک و شێوەکاری سەکۆوە شرۆڤەی وردی بۆ بکرێت.

١- شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێک نووسین و دەرهێنانی هاورێ زەنگەنە، نواندنی ڕۆڵی (فاتمە و ئامینە)، فرمێسک مستەفا، ڕۆڵی (دەف) هەژار زەهاوی، مستەفا دادار، میشائیلە گۆتس، ڕۆڵی (گوڵێ و هادی)، خۆشی خەفاف و فەرهاد موحێدین، ڕۆڵی (گوڵێ و هادی) دجلە ئایلەر، ئایتکین کۆشکن، ڕۆڵی (مەلا) ڕەمزی ئوزگێمز و کچەکەی. شێوەکاری سەکۆ بۆ سەکۆی سەرگوزشتەی دەفێک، هونەرمەند تەها سالْح و هونەرمەند خۆشی شەوقی، ئەم شانۆگەرییە لە ٢٠٠١

(له میونشن، شتوتگارت، بەرلین و بە دیمەنێکی کورتی لە کوردستان، لە چوارچێوەی کۆرێکدا) نمایش کرا.

2- Grundprobleme der groben Philosophen. Philosophie der neue zeit V.Hsg: Josef Speck. Vandenhoeck und. Ruprecht in Göttingen. 1991. S.119.

3- Peters, Uwe Henrik, S. 571. s.233. Wörterbuch der Psychiatrie, Psychotherapie und medizinische Psychologie. Urban und Schwarzenberg- München. 1999.

4- Die Poetik, Manfred Fuhrmann. 1994. PHILIP- VERL

5- M. Warstaat. Krise und Heilung. Wirkungsästhetik des Theater. 2011. Wilhelm Fink. München.

6- Und Nietzsche weinte. Nach dem Erfolgroman von Irvin Yalom Teil. 2Münchner Stadtbibliothek München. 148 (Film).

پەراوێزەکان:

١- تێکستی دەقی شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێک لە نووسینی (هاورێ زەنگەنە) (ئەرشیف)

٢- فاتمە ڕۆڵی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە.

٣- Die Poetik, Manfred Fuhrmann. 1994. AG PHILIP- VERL بەتایبەت لەم سەد ساڵەی دواییدا زاناو پرۆفیسۆرەکانی شانۆ دەروونناسی وردەکاری زۆریان لەو کتێبەی ئەرستۆ بەدی کرد و بەردەوام شرۆڤەی لەسەر دەکەن، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٢ دا پرۆفیسۆر «مەتیاس ڤارستات»ی بواری شانۆ گەورەترین شرۆڤەی زانستی سەبارەت بە تەنیا یەک وشەی (کاتەرسیس) واتە پاکژ کردنەوە ناوەوەی خود لە ڕیگەی شانۆوە و ئیلیمێنتی تیراپیەوە، ئەمە بابەتێکی چڕ و سەربەخۆیە لەدەرفەتێکی تردا دەشێت باسی بکەم..

٤- دەقی سەرگوزشتەی دەفێک (ئەرشیف)

٥- دەقی سەر گوزەشتەاکتی دەفێک (ئەرشیف)

٦- گەدامەر لە بەرنامەی لێکدانەوەی مانی فەلسەفەوە دەسپێکی فەلسەفەدا باسی ئەرستۆ دەکات.

7- Grundprobleme der groen Philosophen. Philosophie der neue zeit V. Hsg:Josef Speck. Vandenhoeck und Ruprecht in Göttingen. 1991. S.119.

٨- دەقی تێکستی شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێک (ئەرشیف)

9- Und Nietzsche weinte. Nach dem Erfolgroman von Irvin Yalom Teil. 2Münchner Stadtbibliothek München. 148(Film).

10- Uwe Henrik Peters Der Psychiatrie, Psychologie und medizinische Psychologie, Urban und Schwarzenberg. 1999 München. S.233.

١١- شانۆگەری سەرگوزشتەی دەفێک. نووسینی هاورێ زەنگەنە ٢٠٠٠.

١٢- ئەمە بواریکی چڕە زانیاری لە ڕێگەی پراکسیس و خوێندنەوە دەشێت بەدەست بهێنرێت. من خۆم بۆ ماوەی ٥ ساڵە (کۆ تێراپوێت) لە شاری میونشن کاردەکەم و بەشدارم لەگەڵ دانشگای ل.م. ئو. لە پرۆژەیەکی هاوچەشندا، تەنیا وەک زانیارییەک..

13- M. Warstaat. Krise und Heilung.

١٤- دەقی سەرگوزشتەی دەفێک، لە نووسینی هاورێ زەنگەنە.

١٥- لەکاتی نمایش کردنی ئەم شانۆگەرییەدا، کەسانێکی زۆر دیندار، کە هەموو هەنییەک سەردانی مزگەوت دەکەن و لە ئایینی موسڵمانیدا زۆر قوواڵ بوونەتەوە، هاتن بۆ سەیری شانۆگەرییەکە، لەدوای نمایشەکە من چاوەڕوانی زۆر شتم دەکرد بیڵێن، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە فاتمە گریانمانی و زۆر شتی پێداین بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خۆمان بۆ هەموو جێگەیەک بیبەین، بەڵام ئامینەمان زۆر خۆش دەوێت و فێری خۆشەویستی خاکێکی کردین، بەڵام هەمان ئەو جۆرە کەسانە ڕەنگە کەسانی وەک ئامینە بکوژن و پارچە پارچەی بکەن. ئا لێرەدایە شانۆ و قودرەتی کومۆنیکاتسیونی شانۆ دەردەخات.

١٦- هەر کەسێک و لایەنێک و ڕێکخراوێکی مەدنی و دەسگایەکی کوردستان خواستی سوود لەم سیستمە وەربگرێت، ئەوە نەک تەنیا شانۆگەرییەکە، بەڵکو لێکۆڵینەوە و جۆری سیستمەکە دەخەمە خزمەتی، ئەمە بواری لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژە.

دەرهێنان و میتافیزیک (١)

ئەنتۆنان ئارتۆ
لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم
(فەرەنسا)

لە موزەخانەی لۆڤەر تابلۆی وێنەکێشێکی سەرەتایی هەیە (پریمیتیف)(٢) نازانم ناسراوە، یان نەناسراوە، بەڵام لە هیچ قۆناغێکی گرنگی میژووی هونەردا ئاماژە بۆ ناوی ئەو ناکرێ. ئەو هونەرمەندە لۆکاس ڤەندن لایدنە، بەبڕوای من ئەو چوار ساەد، یان پێنج ساەد ساڵەی دوای ئەو دێن، تێدەپەڕێنێ.

ئەو تابلۆیەی دەربارەی دەدوێم ناوی (کچەکانی لوت)ـە. بابەتی تابلۆکە لەتەوراتەوە وەرگیراوە و لەو سەردەمەدا بابەتێکی باو بووە. بێ گومان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەو جۆرە لە تەورات نەگەیشتوون وەکو ئەمڕۆ ئێمە تێیدەگەین. ئەم تابلۆیە نموونەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێشە کە دەتوانرێ لە دەرئەنجامە سۆفیگەراییەکانی تەوراتەوە وەربگیرێ. لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەرییەکەی بینراوە، تەنانەت لە دووریشەوە. بە هۆی جۆرێک لە هارمۆنی بینراو و کارتێکەر کە لەیەک نیگادا کۆدەبێتەوە هزر دەکاتە ئامانج، تەنانەت پێش ئەوەی ببینین بابەتەکە بە چییەوە پەیوەستە هەست دەکەین کە شتێکی مەزن لەوێدا ڕوودەدات، وەک بڵێی گوێچکەش لە هەمان کاتدا وەکو چاو پێی دێتە خرۆشان. پێدەچێ کارەساتێک لە ئاستێکی هزرگەرایی بەرز لەوێدا کۆبووبێتەوە، وەکو کۆبوونەوەی لەناکاوی ئەو هەورانەی ڕەشەبایەک، یان چارەنووسێکی زیاتر ڕاستەوخۆ هێنابێتیان بۆ پێوانەکردنی بروسکەکانیان.

لە ڕاستیدا ئاسمانی تابلۆ کە ڕەش دەچێتەوە و هەور دایپۆشیوە، بەڵام تەنانەت پێش ئەوەی بتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئەو کارەساتە لە ئاسمانەوە لەدایک بووە و لەوێدا ڕووەدات، دەبینین کە ڕووناکی تایبەتی تابلۆکە و فۆرم و فیگەرە بەنێو یەکچووەکان و ئەو هەست و گوزارشتەی دەری دەبڕن، هەموو ئەمانە بانگەواز بۆ جۆرێک لەکارەساتی سروشتی دەکەن. پرکێشی دەکەم کە هیچ کام لە وێنەکێشەکانی سەدەی زێڕین توانییێتی هاوتای ئەم کارەمان پێشکەش بکات.

ڕەشماڵێک لەکەنار دەریا هەڵدراوە، لەبەردەم ئەو ڕەشماڵە لوت بە زرێپۆشەکەی و ڕدێنێک کە لە جوانترین ڕەنگی سووردایە دانیشتووە و تەماشای هەڵسوکەوتی کچەکانی دەکات، وەکو ئەوەی ئامادەی ئاهەنگەخوانێکی سۆزانییەکان بێ.

لە ڕاستیدا کچەکانیش بە لەخۆباییبوونەوە خۆیان پیشان دەدەن. یەکێکیان لەشێوەی دایکێکی خێزان و یەکێکی دیکەیان لەشێوەی جەنگاوەر چەک دروست دەکات و قژ شانە دەکات. وەکو ئەوەی هیچ مەبەستێکیان نەبێ، بێجگە لە شەیداکردنی باوکیان، بێجگە لەوەی هانی بدەن وەک گەمەیەک، یان وەک

ئامـرازێک بەکـاریان بهـێنێ. بەم چەشنە خـەسـڵـەتی زینائامێزە قوواڵەکەی بابەتە دێرینەکە سەر هەڵدەدات کە ئەو هونەرمەندە لێرەدا و لە وێنە پڕ جۆشەکاندا گەشەی پێـدەدات. بەڵگەش ئەوەیە کـە قـوواڵی خـەسـڵـەتی سـێکسگەرایی بابەتەکـەی، بەشـێـوەیەکی شـاعـیـری، لەژێردەسـتی دەرباز نەبووە. هەروەک چۆن لەژێر دەسـتی ئێمەش دەرباز نابێ.

لەلای چەپی تابلۆکـە، کـەمـێک لەئاسـتی دواوە، تاوەرێکی ڕەش بـە بڵـنـدییـەکی سـەرسـوڕهـێن بەرزدەبێـتـەوە، بناغـەکـەی بەکـۆمـەڵـێ بەرد و نەمـام و درەخت و ڕێگای پێـچاوپێـچی پەرژیندار پاڵـپشت دراوە کـە لەم بەر و ئەوبەریانەوە خـانووبەرە هەڵـچنراون. ڕێگایەک لەو ڕێگایانەی کـە خـزابووە نێـو فـیـگـەرە کـەڵـەکـەبووەکـان دەربازدەبێ، پردێک دەبڕێ بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگات بەتیشکی ئەو ڕووناکییە زریاناوییەی کـە لەنێـو هەورەکـانـەوە بەشـێـوەیەکی ناتەبا ناوچەکـە دەپڕژێنێ. دەریا لەقووڵایی تابلۆکەدا لە ڕادەبەدەر بەرزە، لە ڕادەبەدەریش هێـمـنـە، سـەرباری بوونی ئەو چەپکە ئاگرەی کە لە سووچێکی ئاسماندا لە کەفوکوڵدایە.

جـارجـارێک ڕووەدات کـە لەنێـو قـرچکەقـرچکی تەقینەوەی فیشەکە شێتەکـان و لەمیانەی بۆردومانی شـەوانەی ئەسـتـێـرەکـان و مـووشـەکـەکـان و بۆمـبـە خـۆرییـەکـانەوە، لەپڕێکدا ببـینین کـە وردەکـاری وێنەی چەند دێمەنی سـروشـتی لەنێـو ڕووناکـیـیـەکی وڕێناویدا لەپێش چاومان دەربکەون و بەسەر تاریکی شەودا شێـوە بگرن، کـە درەختەکـان، تاوەر، خانووەکـان، چیاکـان کە ڕووناکییەکانیان و دەرکەوتنیان بەشێـوەیەکی دیاریکراو لە هزری ئێمەدا جێگیردەبن وپەیوەست دەبن بە بیرۆکەی ئەو پەرتبوونە زایەڵەدارەوە.

مـەحاڵـە لەمە چاکتر گوزارشت بکرێ لە ملکەچ کردنی ڕوخسـارە جۆراوجۆرەکانی ئەو دێمەنە لەبەردەم ئەو ئاگرەی لە ئاسماندا دەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕوخسارانە ڕووناکـیـیـەکی تایبـەت بەخـۆیان هەیە، بەڵام سـەباری هەمـوو شـتـێکیش هەر پێـوەندییـان لەگـەڵ ئەو ئاگـرەدا دەمـێنێـتـەوە، بەشـێـوەی جۆرە سـەدایەکی خـاو، بەشـێـوەی خـاڵـی ئەو ئامـاژە زیندووانەی کـە لەوەوە لەدایکبـوون و لەوێدا جێگیرکراون بۆ ئەوەی ڕێی پێ بدەن هەمـوو هێزی کاولکاری خۆی جێبەجێ بکات.

لەگـەڵ ئەوەشـەوە لەنێـو ئەو شـێـوازەی ئەو وێنەکێـشـە

وەسـفی ئەو ئاگـرەی پێـدەکـات شـتـێـک هەیە کـە بەشـێـوەیەکی سامناک وزەئامێزە و بەشـێـوەیەکی شێـوێنەر بەدی دەکـرێ وەک بنەمـایەک کـە هێـشـتـا لەکـارکـردن و جـووڵـانەوەدا بێ، بەڵام لەچوارچێـوەی گـوزارشـتـێـکی جێگیرکراودا. زۆرگرنگ نییە بزانین لە ڕێی کام هۆکارەوە ئەو کاریگەرییە بەئەنجام گەیشتووە، بەڵام کاریگەرییەکی ڕاسـتـیـیـە و تەماشاکردنی تابلۆکە بەسە بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەین.

ئەو ئاگـرە هەرچی چۆنێک بێ، کـە هیچ کـەسـێک ناتوانێ ئینکاری ئەو هەسـتـە ژیرئامـێـزی و بەدکـارەی بکات کـە لێـوەی هەڵـدەقـووڵـێ، بە هۆی خـودی تۆندوتیـژییـەکـەیەوە لەنێـو هزردا دەبێـتـە پارسـەنگێکی جـێـگـیـربوونی مـاددی و بەکـێش لەبەرانبـەر ئەوەی دەمـێنێـتـەوە. لەنێـوان ئاسـمـان و دەریادا، بەڵام لەلای ڕاست و لە هەمـان ئاستی ڕوانگەی تاوەرە ڕەشەکـەوە، زمـانەیەکی باریک لە زەوی کـە کـلـێـسـەیەکی لەسـەر دانراوە بۆ پێـشـەوە دێت. ئەو پارچە زەوییـە کـە پێـدەچێ زۆر نزیک بێ لەو کەنارەی کە ڕەشمااڵەکەی لوتی لەسەر هەڵـدراوە جێ چۆڵ دەکـات بۆ کـەنداوێکی فـراوان کـە پێـدەچێ کارەساتێکی دەریایی بێ وێنەی تێدا ڕووبدا، کەشتـیـیـەکان دوو کەرت بوون و هێـشـتـا بەتەواوی نوقم

نەبوون و خۆیان بەسەردەریادا داوە، وەک ئەوەی لەسەر دوو گۆچان وەستابن و ستوون و کۆڵەگەی چارۆکەکانیان بە هەموو لایەکدا شەپۆل دەدەن.

لەوانەیە دژوار بێ ئەگەر بپرسین بۆچی هەست کردن بەو کارەساتەی کە تەنیا لە بینینی کەشتییەک، یان دوو کەشتی تێکشکاوەوە هەڵدەقوڵێ، دەبێ هێندە فرە گشتگیربێ. پێدەچێ وێنەکێشەکە شارەزایی لە هەندێک نهێنی سەبارەت بە هارمۆنی هێڵکاری و هۆکارەکانی کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان لەسەر میشکی مرۆڤ هەبووبێ، ئەمەش وەک بزوێنەرێکی فیزیکی. بە هەرحاڵ ئەو هەستە ژیرئامێزەی بەسەر سروشتی دەرەوەدا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتیش لەشێوازی پێشکەش کردنیدا، لەچەندین وردەکاری دیکەی نێو تابلۆکە بینراو و لەپێش چاوە. نموونەی ئەو پردە کە بە بەرزی خانوویەکی هەشت نهۆمی لەسەر دەریا بنیاد نراوە و هەندێ کەسایەتی بەسەریدا ڕێ دەکەن، یەک لەدوای یەک، وەک بیرۆکەکان لە ئەشکەوتی ئەفلاتوون.(٣)

ڕاست نییە ئەگەر لافی ئەوە لێدەین و بڵێین ئەو بیرۆکانەی لەم تابلۆیەوە هەڵدەقوڵێن، ڕوون و ئاشکران، بەڵام بە هەرحاڵ مەزنییەکی وەها لەخۆدەگرن کە وێنەکێشان بە درێژایی چەندین سەدە لەو بیرۆکانە بێ بەرییان کردووین، واتە ئەو وێنەکێشەی، بێجگە لە وێنەکردن هیچی دیکە نازانێ.

بیرۆکەیەک، بەپلەیەکی ناوەندی، سەبارەت بە سێکسگەرایی و زاووزێ کردن لەلای لوت و کچەکانی بەدی دەکرێ. وەک ئەوەی لوت لەوێ بۆ فریودان و بەکارهێنانی کچەکانی، وەک کەسێکی (مشەخۆر) دانرابێ. ئەم بیرۆکەیە بە نزیکی تاکە بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تابلۆکە لەخۆی گرتبێ. سەرجەم بیرۆکەکانی دیکە میتافیزیکین. زۆر نیگەرانم لە دەربڕینی ئەو زاراوەیە، بەڵام خۆی هەر بەو ناوەوە ناوزەد دەکرێ، تەنانەت دەتوانم بڵێم کە بااڵدەستیی شیعریان و کاریگەری کۆنکرێتیان بەسەرمانەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە میتافیزیکین، هەروەها قوولّی ڕوحگەرایەکانیان لە هارمۆنی شێوەگەرایی و هارمۆنییە دەرەکییەکانی تابلۆکە جیانابنەوە، هەروەها بیرۆکەیەکیش دەربارەی (پێشکەوتن) هەیە کە وردەکاری جۆراوجۆری نێو دیمەنەکە و ئەو شێوازەی وێنەکێشانەکەی پێ ئەنجام دراوە کە بەهۆیەوە هەندێک لەئاستەکان هەندێکی دیکەیان دەسڕنەوە و لەبەرچاو ون دەبن، یان پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، ئەو بیرۆکەیە دەخزێنێتە نێو هزرمانەوە، تەواو وەک ئەوەی چۆن مۆسیقایەک ئەوکارە ئەنجام دەدا.

بیرۆکەیەکی دیکەش هەیە کە دەربارەی چارەنووسە (قەدەر) کە لە ڕێی ئەو ئاگرە لەناکاوەوە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر گوزارشتی لێکراوە لەچاو گوزارشت لێکردنی ئەو شێوازە شکۆمەندەی کە سەرجەم فۆرمەکانی پێ ڕێک دەخرێت، یان تێک دەدرێت لەژێر سایەی خودی ئەو ئاگرەدا. هەندێک لەو فۆرمانە لەوەدەچێ کە لەژێر کاریگەری ڕەشەبای ترسێکی بەرگری لێنەکراودا چەمابنەوە، هەندێکی دیکەیان جێگیر و تاڕادەیەک تەنزئامێزن، هەموویان لەبەردەم هارمۆنییەکی هزرگەرایی بەهێز ملکەچن کە لە ڕوحی سروشتێک دەچێ بەرجەستەکرابێ.

دیسان بیرۆکەیەک سەبارەت بە کاۆس (فەوزا)، هەیە بیرۆکەیەکیش سەبارەت بە پەرجوو، یەکێکی دیکە سەبارەت بە پارسەنگی، بیرۆکەیەک، یان دووانیش دەربارەی بێ توانایی وشە کە ئەو تابلۆیە، بەشێوازێکی لە ڕادەبەدەر بابەتی و ئەنارشییە، بێ کەڵکییەکەیان بۆ دەردەخات.

دەمەوێ پرسیارێک بکەم:

چۆن دەکرێ لە شانۆدا، لانی کەم لە شانۆی ئێمە لە ئەوروپا، یان ڕۆژئاوا، هەموو ئەو شتانەی بەشێوەیەکی تایبەتمەند شانۆیین، واتە هەموو ئەو شتانەی ناچنە ژێرباری گوزارشتی وشەوە، یان ئەگەر بمانەوێ، هەموو ئەو شتانەی لە دووتوێی دیالۆگدانین دەبێ پشتگوێ بخرێن و بخرێنە ڕیزی دواوە؟

چۆن دەکرێ شانۆی ڕۆژئاوایی (دەڵێم ڕۆژئاوایی لەبەرئەوەی خۆشبەختانە شانۆی دیکە هەیە وەک شانۆی ڕۆژهەاڵتی کە توانیویەتی بیرۆکەی شانۆ بێ شێواندن بپارێزێ، لە کاتێکدا ئەو بیرۆکەیە لە ڕۆژئاوا وەک هەموو شتەکانی دیکە بێ حورمەت کراوە) دەڵێم چۆن دەکرێ شانۆی ڕۆژئاوایی لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە نەڕوانێتە شانۆ و تەنیا لەگۆشەنیگای دیالۆگ ئامێزەوە تەماشای شانۆ بکات؟

دیالۆگ شتێکی - نووسراو و وتراوە- بەشێوەیەکی تایبەتی سەر بەشانۆ نییە، پەیوەستە بە کتێبەوە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە دەستنووسەکانی میژووی

ئەدەبدا ئەو جێگایەی بۆ شانۆ تەرخان دەکرێ، وەک لقێکی لاوەکی لە مێژووی زمانی ئاخاوتن تەماشا دەکرێ.

من دەڵێم سەر شانۆ شۆنێکی فیزیکی و کۆنکرێتە، داوامان لێ دەکات پڕ بکرێتەوە و وەهای لێ بکەین کە بەزمانە کۆنکرێتەکەی خۆی بدوێ. دەڵێم ئەو زمانە کۆنکرێتییە کە ئاراستەی هەستەکان دەکرێ، کە سەربەخۆیە لە بەرانبەر ئاخاوتندا، سەرەتا دەبێ خواستی هەستەکان بهێنێتە دی، وەک چۆن شیعرێک بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە، شیعرێکیش بۆ هەستەکان هەیە. ئەو زمانە فیزیک و کۆنکرێتەی ئاماژەی بۆ دەکەم، نابێت بە زمانێکی شانۆیی ڕاستەقینە تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە ئەو بیرۆکانەی گوزارشتیان لێدەکات لەنێو زمانی ئاخاوتندا جڵەوگیر نەکرێن و دەربازبن.

لێم دەپرسن ئەو بیرۆکانە کامانەن کە زمانی ئاخاوتن ناتوانێ گوزارشتیان لێ بکات، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر چاکتر دەربڕینی باڵایی خۆیان لەزمانی کۆنکرێت و فیزیکی سەر شانۆدا دەبینەوە؟ دەتوانم کەمێکی دیکە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام من پێم وایە ئەو کارەی لە هەموو شتێک گرنگترە ئەوەیە کە بزانین ئەو زمانە فیزیکە، ئەو زمانە بابەتییە بەهێزەی کە بەهۆیەوە شانۆ دەتوانێ جیاوازی خۆی پیشان بدات لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئەو زمانە لەنێو هەموو ئەو شتانەی کە سەر شانۆ داگیردەکەن خۆی دەبینێتەوە. لەنێو هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانن بەشێوەیەکی ماتریاڵی دەربکەون و گوزارشت لە خۆیان بکەن کە لە سەرەتادا خۆیان ئاراستەی هەستەکان بکەن، لە جیاتی ئەوەی لەسەرەتادا خۆیان ئاراستەی هزر بکەن وەک چۆن زمانی ئاخاوتن دەیکات.

زۆرباش دەزانم کە وشەش توانستی دەنگسازی لەخۆ دەگرێ، دەتوانرێ بە شێوازی جۆراوجۆر لە پانتاییدا جێبەجێ بکرێ، بەم کارەش دەوترێ نەبرەسازی (گۆڕانکاری لەبەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی تۆنەکانی دەنگ) و دەکرێ لەسەر بەهای کۆنکرێتی نەبرەسازی لە شانۆ زۆر بوترێ، لەسەر ئەو توانستەی کە وشەکان لە خۆڵقاندنی جۆرێک لە مۆسیقا هەیانە، ئەویش بەپێی ئەو شێوازەی پێی دێنە ئاخاوتن بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە مانا کۆنکرێتییەکانیان و دەشتوانن دژی ئەو مانایەیان بێنە بەکارهێنان، یان لە خوڵقاندنی تەزوویەک لە گوزارشتی ژێربەژێر، لە پێوەندی بەستن، لە لێکچواندن لەپشت زمانەکەوە، بەڵام ئەم شێوازە شانۆییە لە تێڕوانینی بۆ زمان لەلای نووسەری شانۆنامە وەک زمانێکی لاوەکی تەماشا دەکرێ و لەکاتی نووسینی شانۆنامەکان لای لێ ناکەنەوە، کەواتە با لێی گەڕێن.

ئەو زمانەی کە لەپێناوی هەستەکاندا پێکدێت، لەپێشدا دەبێ خۆی سەرقاڵی بەدیهێنانی خواستی هەستەکان بکات. ئەو کارەش ڕێگری لێ ناکات کە دواتر هەموو دەرئەنجامە هزرگەراییەکانی لەسەر گشت ئەو ئاستانەی شیاون و بە هەموو ئاراستەکاندا گەشە پێبدات، ئەمەش ڕێ خۆش دەکات بۆ گۆڕینی شیعری وشە بۆ شیعری پانتایی کە لە بواریکدا ئاوێتە دەبێ و بەهیچ جۆرێک پەیوەست نابێ بە وشەکانەوە. بێ گومان حەزدەکەن ئاماژە بۆ چەند نموونەیەک لە شیعری پانتایی بکەم کە لە توانابیدایە چەندین جۆر لە وێنەی ماتریاڵی بخوڵقێنێ کە هاوتای وێنەکانی شیعری وشەن. دواتر ئەو نموونانە دەخرێنە بەرچاو.

ئەو شیعرە فرە قورس و ئاڵۆزە و چەندین شێوە و ڕوخساری جۆراوجۆر دەپۆشێ، سەرەتا شێوە و ڕوخساری سەرجەم هۆکارەکانی گوزارشت کردن دەپۆشێ کە بۆ بەکارهێنان لەسەر شانۆ شیاون، وەک مۆسیقا، سەما، شێوەکاری، پانتۆمیم، جوواڵە، ئاماژە، نەبرە، بیناسازی، ڕووناکی و دیکۆر.

هەریەک لەو هۆکارانە شیعرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شیعرێکی ناوەکی، دواتر جۆرێک لە شیعری تەنزئامێز لەو شێوازەی سەرهەڵدەدات کە خۆی لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەی گوزارشت کردندا دەگونجێنێ. دەرئەنجامەکانی ئەو گونجاندنە و دەرئەنجامی کاردانەوەکانیان و تێکشکاندنی هاوبەشیان بۆ یەکتر بەئاسانی تێبینی دەکرێن.

دواتر دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەو شیعرە کە ناتوانێ تەواوی کاریگەرییەکانی خۆی بەدەست بێنێ، ئەگەر شیعرێکی کۆنکرێتی نەبێ، واتە کاتێک کە بەشێوەیەکی بابەتیانە شتێک بەرهەم بێنێ، بەهۆکاری ئامادەییەکی کارا لەسەر شانۆ.

کاتێک کە دەنگێک، لە شانۆی باڵێدا، هاوتابێ لەگەڵ جوواڵەیەک، لەبری ئەوەی وەک دیکۆر بەکاربێ و هاوشانی بیرۆکەیەک بکات، ئەو بیرۆکەیە گەشەپێدەدات، ئاراستەی دەکات، تێکی دەشکێنێ، یان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەیگۆڕێ.

یەکێک لە فۆرمەکانی ئەو شیعرەی پانتایی- بەدەر لەو فۆرمەی کە دەتوانرێ لەڕێی گونجاندنی هێڵەکان، فۆرمەکان، ڕەنگەکان و شتەکان لە حاڵەتی پەتیياندا بێنەخوڵقاندن وەک لەنێو هەموو هونەرەکاندا دەیانبینین- سەر بە زمانی ئاماژەکانە. هیوادارم ساتێک بوارم هەبێ دەربارەی ئەو ڕوخسارەی دیکەی زمانی پەتیی شانۆ بدوێم. دەربارەی ئەو زمانەی بەهۆی ئاماژەکانەوە کاردەکات.بەهۆی ئەو جوولّە و هەڵوێستانەی بەهایەکی هێمائامێز لەخۆدەگرن. وەک ئەوەی لە هەندێک لە پانتۆمیمە نەشێوێنراوەکاندا دەبینرێ. کە دەڵێم پانتۆمیمی نەشێوێنراو، مەبەست لێی پانتۆمیمی ڕاستەوخۆیە کە جوولّەکان لەوێدا لە جیاتی ئەوەی بۆدی ڕستەکان نمایش بکەن، وەک چۆن پانتۆمیمی ئەوروپی ئێمە کە تەمەنی تەنیا پەنجا ساڵێک دەبێ و تەنیا شێواندنی هەندێ لایەنی بێ دەنگی کۆمێدیای ئیتاڵییە ئەو کارە دەکات، دەبێ بیرۆکەکان، هەڵوێستەکانی هزر، ڕوخسارەکانی سروشت بەشێوەکی ڕاستی و کۆنکرێتی نمایش بکات، واتە بەردەوام ئاماژە بۆ شتەکان بکات و بۆ وردەکارییە سروشتییەکان. وەک ئەو زمانە ڕۆژهەڵاتییەی کە بەهۆی درەختێکەوە کە باڵندەیەکی لەسەر هەڵنیشتووە و چاوێکی داخستووە و خەریکە چاوەکەی دیکەیشی دادەخات نمایشی شەو دەکات، هەروەها دەتوانرێ لەڕێی چەندین سمبۆلی جۆراوجۆری (تەوراتە)ـەوە بیرۆکەیەکی ئەبستراکت، یان هەڵوێستێکی هزری نمایش بکرێ. بۆ نموونە: (حوشتر بە کونی دەرزیدا ناچێت).

دەبینین ئەو ئاماژانەی کە لە کۆمەڵێ هێمای هیرۆگلیفی ڕاستەقینە پێکدێن، مرۆڤ لەنێویاندا، بەڕادەی بەشداری کردن لە پێکهێنانیاندا، بەتەنیا دەبێت بە فۆرمێک وەک ئەوانی دیکە، بەڵام بەهۆکاری سروشتی دوولایەنەیەوە ئەفسوونێکی بێ وێنەیان بۆ زیاد دەکات.

ئەو زمانەی کە کۆمەڵێ وێنە بەخەسڵەتێکی شیعرگەرایی، یان ڕوحگەرایی چڕوپڕەوە لە هزردا دەوروژێنێ، ئەو بیرۆکەیە بەدەستەوە دەدات کە شیعری پانتایی، سەربەخۆ لەبەرانبەر زمانی وشەدا، دەتوانێ چۆن بێت و بە چ شێوەیەک بێت.

ئەو زمانە و شیعری ئەو زمانە هەرچی چۆنێک بێت، بەڵام من تێبینی ئەوە دەکەم شانۆی ئێمە کە لەژێر باری دیکتاتۆری گشتگیری وشەدا دەژی، زمانی ئاماژەکان، هێماسازی جوولّە، پانتۆمیمی بێ دەنگ، باروهەڵوێستەکان، جوولّەکان کە لە هەوادا ئەنجام دەدرێن، تۆن و دەنگسازییەکان، بەکورتی هەموو ئەو شتانەی وەک تایبەتمەندێتی شانۆیی لە شانۆدا تەماشایان دەکەم، هەموو ئەو بنەمایانەی لە دەرەوەی دەقدا هەن، بەڵای هەموانەوە لایەنە نزمەکانی شانۆ پێکدەهێنن و بێ گرنگی پێدان بە (هونەر) ناویان دەبەن و ئەو بنەمایانە تێکەڵ دەکرێن لەگەڵ ئەو کارەی پێی دەوترێ دەرهێنان و زۆریش خۆشحاڵن کاتێک بااڵدەستی ئەو بیرۆکە هونەری و دەرەکییەی کە بەتەواوەتی پەیوەستە بەجلوبەرگ و بە ڕووناکی و بەدیکۆرەوە ناخەنە پاڵ دەرهێنان.

لەبەرانبەر ئەو شێوازە لە تێڕوانیندا، ئەو شێوازەی کە بەڵای منەوە تەواو ڕۆژئاواییە، یان زیاتر لاتینییە، واتە شێوازێکی بەربەستکارە.دەتوانم بڵێم ئەو زمانەی دیکە بەو ڕادەیەی کە لە تەختەی شانۆوە دەست پێدەکات و کاریگەری داهێنانە خۆرسکییەکەی لەوێوە لەسەر شانۆوە بەدەست دەخات، بەڕادەی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تەختەی شانۆ کاردەکات و تێدەکۆشێ بەبێ گوزەرکردن بەنێو وشەدا (بۆچی بیر لە خولّقاندنی شانۆگەرییەک ناکرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ پێکبهێنرێ و لەسەر شانۆ ئامادە بکرێ) کاری دەرهێنانە کە دەبێت بە شانۆ زۆر زیاتر لەوەی کە دەقێکی نووسراو و وتراو ببێت بە شانۆ.

بێ گومان داوای ئەوەم لێدەکەن کە ئەو شتە ڕوون بکەمەوە کە لاتینییە و لەنێو شێوازی ئەو تێڕوانینە دایە و هاودژە لەگەڵ تێڕوانینی من. دەڵێم ئەوەی کە لاتینییە خۆی لە پێداویستی بەکارهێنانی وشە بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکەکان دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی بیرۆکەکان ڕوون بن. لەکاتێکدا بەڵای منەوە بیرۆکە ڕوونەکان، چ لە شانۆدابن، یان هەرجێیەکی دیکە، بیرۆکەگەلێکی مردوون و کۆتاییان هاتووە. بیرۆکەی شانۆگەرییەک ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆوە ئامادە بکرێ و لەبەرکەوتنیدا لەگەڵ بەربەستەکانی دەرهێنان و بەربەستەکانی سەر شانۆ کەشف کردنی زمانێکی کارا دەسەپێنێ، زمانێکی کارا و ئەنارشی کە سنوورە باوەکانی هەستەکان و وشەکانی تێدا فەرامۆش دەکرێن.

بەهەرحاڵ دەڵێم شانۆیەک کە دەرهێنان، واتە هەموو ئەو بنەمایانەی کە بەشێوەیەکی تایبەتمەند تێیدا شانۆیین،

ملکەچی دەق بکات ئەوە شانۆی کەسی دەبەنگ و شێت و لەڕێ لادەر و بەتاڵ و دژە-شیعر و بەرژەوەندخوازە، واتە کەسێکی ڕۆژئاواییە. لەگەڵ ئەوەش زۆرجاک تێدەگەم کە زمانی جوولّە و بارە جەستەییەکان هەروەک زمانی سەما، هەروەک زمانی مۆسیقا توانایی کەمترە لەچاو زمانی وشەدا لە شرۆڤەکردنی خەسڵەتێک، لە باس کردن و گێڕانەوەی بیرۆکە مرۆییەکانی کەسایەتییەک، لە پیشاندانی قۆناغەکانی ئاگامەندییەکی ڕوون و ئاشکرا، بەڵام کێ دەڵێ کە شانۆ لە بنەڕەتدا بۆ ڕاڤەکرنی خەسڵەتێک، بۆ چارەسەرکردنی ململانێیە مرۆییەکان و سۆزدارییەکان و بۆچارەسەری کێشە گشتی و دەروونییەکان خولّقاوە کە شانۆی هاوچەرخی ئێمەیان تەنیوە.

شانۆ، وەک ئەوەی ئێمە لێرە دەیبینین، پێدەچی تەنیا پێمان بڵێ ئەوەی گرنگە لە ژیاندا بیزانین، ئەوەیە کە ئایا دەتوانین باش بپەڕین، دەتوانین جەنگ هەڵگیرسێنین، یان لە پێناوی ئاشتیدا دەبێ ترسنۆک بین، یان چۆن دەتوانین خۆمان لەتەک دردۆنگی ئاکاری ساەدەماندا بگونجێنین، ئایا چۆن دەتوانین لە گرێ دەروونییەکانمان بەئاگابێن (ئەمەیان لەسەر زاری زاناکانەوە دەوترێ)، یان گرێ دەروونییەکان دەتوانن بمانخنکێنن. لەلایەکی دیکەوە وتووێژەکان بە دەگمەن بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی هەڵدەکشێن و بۆ ئەوەی بتوانن پرۆسەی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئاکاری ئێمە لەخۆ بگرن. شانۆی ئێمە هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستەی بتوانێ ئەو پرسیارە لە خۆی بکات و بڵێ ئایا ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و ئاکارییە ستەمکار نییە؟ من دەڵێم باری کۆمەڵایەتی ئێستا ستەمکارە و شایانی تێکشکاندنە، ئەگەر ئەرکی شانۆ بێت خۆی بەو کارەوە خەریک بکات، ئەوە ئەو ئەرکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی تفەنگەوە. شانۆی ئێمە تەنانەت لە توانایدا نییە ئەو پرسیارە بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر بکات، بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارەشی کرد، ئەوە لە ئامانجەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە کە بەلای منەوە ئامانجێکی شکۆدار و پەنهان ئامێزە.

هەموو ئەو سەرقاڵیانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بەشێوەیەکی باوەڕپێ نەکراو مرۆڤ بۆگەن دەکەن، مرۆڤی کاتی و ماددی، تەنانەت دەتوانم بڵێم مرۆڤی گەنیو. ئەوەیشی پێوەندی بەمنەوە هەیە، قێز لەو سەرقاڵیانە دەکەمەوە، تا ئەوپەڕی ڕادە قێزیان لێدەکەمەوە وەک چۆن قێز لە هەموو شانۆی هاوچەرخ دەکەمەوە کە چەند مرۆییە هێندەش دژە-شیعرە، سێ چوار شانۆنامەی لێدەرچێ، ئەوانی دیکە بۆنی بۆگەن و داڕمانیان لێدێ.

شانۆی هاوچەرخ لە حاڵی داڕماندایە، لەبەرئەوەی لە لایەک هەست کردن بە جددییەت و لە لایەکی دیکەوە هەست کردن بە پێکەنینی لە دەست داوە، چونکە پێوەندی لەگەڵ جددییەت لەگەڵ کاریگەری ڕاستەوخۆی زیانگەیەنەر پچڕاندووە، بەکورتی پێوەندی لەگەڵ خەتەرناکیدا پچڕاندووە. لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی هەستی گاڵتەجاری ڕاستەقینە و توانایی لێک جیاکردنەوەی جەستەیی و ئەنارشی لە پێکەنیندا ون کردووە، لەبەرئەوەی پێوەندی لەگەڵ ڕوحی قوڵی ئەنارشیدا پچڕاندووە کە بنچینەی هەموو شیعرێکە.

دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە هەموو شتێ لە دوا مەبەستی بابەتێکدا، یان لە مانا، یان بەکارهێنانی فۆرمێکی سروشتیدا، هەمووی کاری یاسا و ڕێساکانە.

کاتێک سروشت فۆرمی درەختی بە درەخت بەخشی، دەیتوانی فۆرمی ئاژەڵێک، یان گردێکی پێ ببەخشیبا، ئەو کاتەش ئێمە لەبەردەم ئاژەڵێک، یان گردێکدا دەوەستاین و بیرمان لە درەخت دەکردەوە و کارەکەش بەو جۆرە دەبوو.

هەموو دەزانین ئافرەتی جوان دەنگێکی ناسک و خۆشی هەیە، بەڵام ئەگەر لەسەرەتای ئەم دنیایەوە گوێمان لێبوایە کە ئافرەتە جوانەکان بە نەڕەنەڕ بانگیان بکردباین و سڵاویان لێ بکردباین، ئێمەش بۆ تاهەتایە بیرۆکەی نەڕەنەڕ و بیرۆکەی ئافرەتی جوانمان پێکەوە دەبەستەوە، ئەوکاتەش ئیتر بەشێک لە تێڕوانینی ناوەکیمان بەرانبەر بەجیهان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕدرا.

لەمەوە تێدەگەین کە شیعر ئەنارشییە، بەو ڕادەیەی هەموو پێوەندییەکانی بابەتێک بە بابەتێکی دیکەوە، پێوەندی فۆرمەکان لەگەڵ ماناکانیان دەخاتەوە ژێر پرسیار و چاویان پێدادەخشێنێتەوە، هەروەها شیعر ئەنارشییە بەو ڕادەیەی کە دەرکەوتنەکەی دەرئەنجامی تێکەڵ بوونێکە کە لە کاۆس نزیکمان دەکاتەوە.

نموونەی دیکە دەربارەی ئەم باسە ناهێنمەوە، دەتوانین چەندین نموونەی جۆراوجۆر و بێ کۆتایی بخەینە پێش چاو، نەک بەتەنیا بەو شێوە تەنزئامێزەی من بەکارم هێنا.

ئاوەژووکردنی فۆرمەکان بەشێوەیەکی شانۆیی، جێگۆڕکێ پێکردنی ماناکان، کە دەتوانن ببن بە بنەمایەکی بنەڕەتی شیعری تەنزئامێز و شیعری پانتایی، ئەرکی دەرهێنانە ئەو کارە بکات.

لە یەکێک لە فیلمەکانی (برایانی مارکس) پیاوێک لەو باوەڕەدایە کە ئافرەتێکی لەئامێز گرتووە، کەچی کە دەبینێ مانگایەکی لە باوەشدایە و دەبۆڕێنێ، لەدەرئەنجامی بارودۆخێک کە باس کردنی لێرەدا درێژە دەکێشێ، ئەو بۆڕاندنە لەو چرکەساتەدا شکۆمەندییەکی وەها لەخۆدەگرێ کە هاوتای هاوارێکە کە هەر ئافرەت بیکات.

حاڵەتێکی لەم شێوەیە کە لە سینەمادا دەتوانرێ ئەنجام بدرێ، لە شانۆشدا کارێکی مەحاڵ نییە. تەنیا لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ شتی کەم بۆ نموونە: لەشوێنی مانگاکە بووکەڵەیەکی جوواڵەدار، یان شتێک لە شێوەی درندەیەک بچێ کە بتوانێ قسە بکات، یان کەسێک لە شێوەی ئاژەڵێک خۆی گۆڕیبێ بەکاربهێنرێ، ئەمەش لەپێناوی دۆزینەوەی نهێنی شیعرێکی بابەتییانەیە کە لەسەر بنچینەی تەنز بنیاد نرابێ، کە شانۆ فەرامۆشی کردووە و بۆ هونەری موزیک هۆڵ دەسبەرداری بووە و سینەماش سوودی لێ ببینیوە.

کەمێک لەمەوبەر باسم لە (خەتەرناکی) کرد، من پێم وایە کە ئەوەی باشتر دەتوانێ بیرۆکەی ئەو خەتەرناکییە لەسەر شانۆ بەرجەستە بکات، چاوەڕوان نەکراوییەکی بابەتییە، چاوەڕوان نەکراو نەک لەنێو حاڵەتەکاندا، بەڵکو لە شتەکاندا ڕووبدات، هەروەها گواستنەوەیەکی خێرا و لەناکاو، گواستنەوەیەک لەکاتی ناوەختدا، لە وێنەیەکی ئەندێشەکراوەوە بۆ وێنەیەکی ڕاستی. بۆ نموونە کەسێک کوفر دەکات لەپڕێکدا ببینێ کوفرەکانی لە وێنەیەکی ڕاستیدا، لە سیمایەکی ڕاستەقینەدا لەپێش چاوی بەرجەستە بن، بەمەرجێ ئەو وێنەیە بێ پاساونەبێ و ئەویش وێنەی دیکە لەهەمان جۆری ڕوحگەرایی بەدوای خۆیدا بەرهەم بهێنێ. نموونەیەکی دیکە: دەرکەوتنی بوونەوەرێک لە تەختە و قوماش دروست کرابێ، بەتەواوی داهێنراوبێ و لە هیچ نەچێ لەگەڵ ئەوەش بەهۆی سروشتییەوە دڵەڕاوکێیەک بخوڵقێنێ و لەتواناییدا بێ لەسەر شانۆ بڕێکی کەم لەو ترسە مەزنە میتافیزیکییەی زیندوو بکاتەوە کە بنچینەی هەموو شانۆی دێرین بووە.

خەڵکی بالی بە ئەژدیها داهێنراوەکەیانەوە، وەک هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان، هەستی ئەو ترسە پەنهانەیان ون نەکردووە، کە دەزانن یەکێکە لە بنەما هەرە کاریگەرەکان. (هەروەها بنەمایەکی بنچینەیی شانۆیە و کاتێک بخرێتەوە ئاستە ڕاستەقینەکەی خۆی).

لەبەرئەوەیە کە شیعری ڕاستەقینە، بمانەوێ، یان نەمانەوێ، میتافیزیکییە، بەهەمان شێوە دەتوانم بڵێم، مەودا میتافیزیکییەکەی و پلەی کاریگەرییە میتافیزیکییەکەی بەها ڕاستەقینەکەی پێکدەهێنێ. بڕوانن ئەمە دووەم جارە، یان سێیەم جارە کە پەنا بۆ میتافیزیکا دەبەم. کەمێک پێش ئێستا باسم لە پزیکۆلۆژی کرد، لە بیرۆکە مردووەکان کرد، هەست دەکەم کەسانێکی زۆر هەن دەیانەوێ پێم بڵێن کە، ئەگەر لە دنیادا بیرۆکەیەکی نامرۆیی هەبێ، ئەگەر بیرۆکەیەکی ناکارا هەبێ، ئەگەر بیرۆکەیەکی مردوو هەبێ، کە بێجگە لە شتێکی کەم، هیچی وەها نەڵێ تەنانەت بە هزریش، ئەوە بیرۆکەی میتافیزیکایە. هۆکاری ئەمەش، وەک ڕێنێ کێنۆن(٤) دەڵێ، دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەتی ڕۆژئاواییمان. بۆ شێوازی دژە-شیعری و کورت بینین لە تێڕوانینمان بۆ پڕەنسیپەکان (لەدەرەوەی ئەو حاڵەتە ڕوحگەرایە وزەبەخش و چڕوپڕەی کە پێوەیان پەیوەستە). لەشانۆی ڕۆژهەڵاتیدا کە خاوەن مەیلە میتافیزییەکانە و دژی شانۆی ڕۆژئاواییە کە خاوەن مەیلە پزیکۆلۆژییەکانە، کۆی چڕوپڕی جووڵەکان و ئاماژەکان و بار و هەڵوێستەکان و دەنگەکان کە زمانی دەرهێنان و زمانی سەر شانۆ پێکدێنن، لەسەر هەموو ئاستەکانی ئاگایی و بە هەموو ئاڕاستەکاندا گشت دەرئەنجامە کاریگەرییە جەستەیی و شیعرییەکانی خۆیان گەشە پێدەدەن، کە بە ناچاری هزر پەلکێش دەکەن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستە قووڵەکان، ئەو هەڵوێستانەی کە دەتوانین بە (میتافیزیکا لە کارکردنداا) ناوزەدیان بکەین. دوای کەمێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە، بەڵام ئێستا دەچینە سەر شانۆی باو.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئامادەی وتووێژێک بووم دەربارەی شانۆ(٥). چەندین جۆر مرۆڤی مارئاسام بینی، پێیان دەوترا نووسەری دراما، هاتبوون ئەو شێوازە ڕوون بکەنەوە کە چۆن شانۆنامەیەک دەخرێننە نێو دڵ و دەروونی بەڕێوەبەری شانۆیەک، وەکو چۆن لەکۆندا مرۆڤەکان ژەهریان دەکردە گوێی نەیارەکانیان. لەو

باوەڕەدام کـە ئەو کـۆڕە پەیوەست بوو بە دیاری کـردنی ڕێچکەی ئایندەی شـــانۆ، یان بە واتایەکی دیکە بە چارەنووسی شانۆوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک شـتێکیـان دیاری نەکرد و لە هیچ ساتێکیشدا کێشەی چارەنووسی ڕاسـتەقـینەی شانۆیان تاووتو نەکرد، واتە نەدەربارەی ئەوە دوان کـە شـانۆ بەهۆی پێناسـەکـەی و بەهۆی مـاهیـەتیـیـەوە بەمـەبەسـتی نمایش کـردن چارەنووسی دارێژراوە، نـە دەربـارەی ئـەو هۆکـــــارانـەش کـــــە لەبەردەستیدان بۆ ئەو مەبەستە. لەبەرانبەردا شانۆم وەک جیـهـانێکی ساردوسڕ هاتە پێش چاو، لەگەڵ کـۆمـەڵێ هونەرمەندی ڕۆچووی نێو ئەو جوولانەی ئیدی لەمەودوا بە کەڵکی هیچیان نایەت، لەگەڵ ئەو تۆنی دەنگە ڕەق و بێ گـیـــانانەی لەهەوادا پارە پارە بەردەبنەوە، لەگـەڵ مۆسیقایەک کە بۆ جۆرێک لە ژمارەی ڕیزبەندکراو کورت کـراوەتەوە و ئامـاژەکـانیـان لە لەنێوچوونداں، لەگـەڵ ڕووناکیـیـەکی بریسکەدار ئەمیش بێ هەست و بێ گیان کـە شـوێن پێی جـوولانەوەکـان هەڵدەگـرێ، هەروەها بەچواردەوری هەمـوو ئەمـانەدا هەندێ کەسی لەڕادەبەدەر لەخۆبایی و لە جلوبەرگێکی ڕەش و فەرمیدا و لە بەردەم سـەکـۆیەک کـە تا ئەوپەڕی زیادەڕۆیی گـەرم داهاتووە، دەمەتەقێی نامە گۆڕینەوە دەکەن. هەروەک ئەوەی ئیدی مـاشـێنی شانۆیی لەمـەودوا تەنیـا لەو شـتـانەدا کـورت بکەیتەوە کە دەورەیان داوە، ئینجا لەبەرئەوەی ماشێنی شانۆیی بۆ ئەو شتانەی دەورەیان داوە کورت کراوەتەوە و شـانۆش بۆ ئەو شـتـەی کـە شـانۆیی نـیـیـە بچـووک کـراوەتەوە، بۆیە بۆگـەنی کـەشـوهەواکـەی کـونە لووتی خاوەن هەستە بەرزەکان پڕ دەکا.

بۆ من شانۆ لەگەڵ توانستەکانی کارکردنی و جێبەجێ کـردنیـدا تێکەڵ دەبێت، کـاتێک دەرئەنجامـە شـیـعـریـیـە پەڕەنگیـــرەکـــان لەو کـــارەوە هەڵهـێنجین، هەروەها توانسـتـەکـانی جێبـەجێ کـردنی شـانۆش سـەرجـەمـیـان پەیوەستن بە بواری دەرهێنانەوە کە وەک زمانی پانتایی و زمانی جوولە تەماشای دەکرێ.

هەڵهـێنجانی دەرئەنجـامـە شـیـعـریـیـە پەڕەنگیـرەکان لە هۆکـارەکـانی جێبـەجێ کـردنەوە، واتای دروست کـردنی مـیـتـافـیـزیک دەگەیەنێ. من لەو باوەڕەدام کە هیچ کەس دژی ئەو شـێـوازە نابێـتـەوە کـە تەمـاشـای کـێشـەکـەی پێدەکرێ.

بەڕای من دروست کـردنی مـیـتـافـیـزیکای زمـان و جوولەکان و هەڵوێستەکان و دیکۆر و مۆسیقا، لە گۆشە نیگای شـانۆوە، واتە دەبێ بە بەراورد لەگـەڵ هەمـوو ئەو شـێـوازانەی تەمـاشـا بکرێ کـە دەتوانن لەگـەڵ زەمـەن و جوولەدا یەکانگیرییان هەبێ.

پیـشـاندانی نموونەی بابەتی دەربارەی ئەو شـیـعـرەی دەرئەنجـامی ئەو شـێـوازە جۆراوجـۆرانەن کـە دەتوانن ببنە پاڵـپـــشت بۆ جـــوولەیەک، دەنگێک، تۆنێک لەگـــەڵ پێداگیرییەکی زۆر، یان کەم لەسەر ئەم بەشەی، یان ئەو بەشەی پانتایی، لەم چرکەساتەدا، یان لەو چرکەساتەدا، پێـدەچێ کـارێکی قـورس و گـران بێ، هەروەک قـورس و گرانی گەیاندنی چۆنێتی هەستی تایبەتی دەنگێک، یان پلە و ئاسـتی چۆنێـتـی ئازارێکی جـەسـتـەیی لە ڕێی وشـەکـانەوە. هەمـوو ئەمـانە پەیوەستن بە دەرهێنانەوە و تەنیا لەسەر شانۆ دەتوانرێ دیاری بکرێن.

ئێستا پێویسته گشت هۆکارەکانی گوزارشت کردن که شانۆ (یان دەرهێنان لەنێو ئەو سیستمەی کەمێک پێشتر باسم کـرد کـە لەگـەڵ شـانۆ تێکەڵ دەبێ) دەیانگرێتـەخـۆ تاووتوی بکەم.ئەم کـارەش بۆ دوورتر پەلکێـشم دەکـات، بۆیە تەنیا نموونەیەک، یان دووان دەخەمە پێش چاو.

سەرەتا زمانی وتراو:

دروست کـردنی مـیـتـافـیـزیکای زمـانی ئاخـاوتن، واتە بەکـارهێنانی ئەو زمـانە بۆ گـوزارشت کـردن لەوەی کـە بەشـێـوەیەکی باو و ڕاهاتوو گـوزارشـتی لێناکـات. واتە بەکارهێنانی بە شێـوازێکی نوێ و تایبـەت و ناباو، واتە گەڕاندنەوی تواناکانیـەتی لە هەژاندنی جەسـتـەدا، واتە دابەش کـردن و بەش بەش کـردنی لەنێـو پانتـاییـدا بەشێـوەیەکی چالاک و کارا، واتە بەکارهێنانی تۆنەکانی دەنگە بەچەشنێکی کـۆنکرێتی ڕەها و توانسـتـەکـانی لە هەڵـوەشـاندنی شـتـەکـان و پیـشـاندانی شـتـەکـانی بۆ بگێـڕدرێتـەوە، واتە وەسـتـان دژی زمـان و دژی سـەرچاوە سوودبەخشە ئاست نزمەکانی کە دەتوانین بڵێین خۆراک ئاسـان. دواجـار واتە بەکـارهێنانی زمـان لەشـێـوەی ئەفسووندا تەماشا بکرێ.

هەموو شتەکان لە چوارچێوەی ئەو شێوازە شیعرییەدا و ئەو شـێـوازەی کـە لە بەرانبـەر بوونەوەی گـوزارشت کـردن لەسـەر شـانۆ چالاک و کـارایە، بەڕەو ئەوەمـان دەبات کـە پشت لە تێڕوانینی مرۆیی و هەنووکەیی و پزیکۆلۆژی بۆ شـانۆ بکەین، بەمـەبەسـتی دۆزینەوەی تێـڕوانینێکی ئایینگەرایی و سـۆفـیـگەرایی کـە شـانۆی ئێـمـە مـانا و

مەبەستەکانیانی لە دەست داوە.

ئەگەر بەتەنیا ناوهێنانی وشەی ئایین، یان سۆفی بەس بێ بۆ ئەوەی لە ڕەبەنی کەنیسەیەک، یان لە دەرویشێکی بووزی نەفامی دەرەوەی پەرستگاکەی جیانەکرێنەوە، ئەوە دەیسەلمێنێ کە ناتوانین لە وشەیەکەوە هەموو دەرئەنجامەکانی وەربگرین، هەروەها قوولّی نەفامی هزرمان دەسەلمێنێ بەرانبەر بە کاری کۆکردنەوە و لێکچواندن.

پێدەچێ ئەمە بەو واتایە بێت کە لەو بارودۆخەی ئێمەی تێدا دەژین، هەموو پێوەندییەکمان لەگەلّ شانۆی ڕاستەقینەدا ون کردبێ، لەبەرئەوەی شانۆ لەو بوارەی کە هزری ڕۆژانەیی دەتوانێ دەستی بگاتێ، سنووربەند دەکەین، یان لە بواره زانراو و نەزانراوەکانی بێ ئاگاییدا، بەلاّم ئەگەر بەشێوەیەکی شانۆییش پەنا بۆ بێ ئاگایی بەرین، تەنیا بۆ ئەوەیە کە دەمانەوێ ئەو ئەزموونانەی کە لە دەرئەنجامی ژیانی ڕۆژانەوە کەلّەکەیان دەکات (یان دەیانشارێتەوە) لێی داپچڕین.

دەبێ بوترێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی کاریگەری جەستەیی لەسەر هزر، یەکێک لە هۆکارەکانی هێزی کرداری ڕاستەوخۆ و وێناکراو لە چەند نمایشێکی شانۆی ڕۆژهەلاّتیدا، وەکو شانۆی بالی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو شانۆیە پشت ئەستووره بە کۆمەلّێ دابونەریتی هەزاران سالّە و توانیوێتی نهێنییەکانی جوولّە و دەنگسازی و هارمۆنی لە بەرانبەر هەستەکان و بە تایبەتیش لەسەر هەموو ئاستە شیاوەکان بێ شێواندن بپارێزێ. ئەو کارەش شانۆی ڕۆژهەلاّتی مەحکوم ناکات، بەلّکو ئێمە مەحکوم دەکات، ئێمە و حالّەتی ئەو شتانەی کە لەنێوانیاندا دەژین، کە شایستەی تێکشکاندنێک بەشێوەیەکی وەرد و کاریگەر لەسەر هەموو ئاستەکان و هەموو ئەو پلە و ئاستانەی ئازادی کار و چالاکی بیرکردنەوە تێک دەدەن.

پەراوێز:

١- دەرهێنان و میتافیزیک، دەقی سمیناریکە کە ئەنتۆنان ئەرتۆ لە ١٠ی بەفرانباری لە سالّی ١٩٣١ لە سۆربۆن پێشکەشی کردووە. لە مانگی ڕەزبەری، سالّی ١٩٣١ ئەرتۆ تابلۆکانی لۆکاس لێید لە لۆڤەر دەبینێ و نامەیەک لە ١٩٣٧/٩/٦ بۆ جان پۆلهان دەنێرێ و تێدا دەلّێ (ئایا تێبینی کارەکانی لۆکاس ڤەندن لایندن-ت لە لۆڤەر کردووە، لێکچوونێک لەگەلّ شانۆی بالێدا بەدی دەکرێ). دەسنووسی ئەو سیمیناره کە لەلایەن کۆلێت ئالاندیەوە بەدەستمان گەیشتووە لەژێر ناوی (تابلۆ)دا بوو. لە مانگی ڕەشەمەی ١٩٣٢ لە گۆڤاری: Novelle Revue Francaise ژمارەی ٢٣١ بلاوکراوەتەوە.

٢- پرێمییتیف واتە بەرایی، یان سەرەتایی، لە هونەری وێنەکێشاندا بەو هونەرمەندانە دەوترێ کە دەکەونە پێش قۆناغی ڕێنسانسەوە.

٣- ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان تابلۆکەی لۆکاس ڤەندن لایندن و وەسفەکانی ئارتۆ دەبینین کە چەندین وردەکاری لەلایەن خودی ئارتۆوە داهێنراوە، وەک ئەوەی ئارتۆ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تابلۆکە بکات.

٤- ئارتۆ گرنگی زۆری بە نووسینەکانی ڕێنێ گێنۆن دەدا. کتێبی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا و کتێبی حالّەتە جۆراوجۆرەکانی بوون، بەشێوەیەکی تایبەتی جێی سەرنج و گرینگی پێدانی ئەو بوون.

٥- گرووپی، (L'effort)، لە ٨ی بەفرانباری ١٩٣١ کۆڕێک ساز دەکەن بەناوونیشانی چارەنووسی شانۆ، ئارتۆش بەشداری دەکات.

لوت و کچەکانی: مەبەست حەزرەتی لوتە کە برازای ئیبراهیم پێغەمبەرە. لە تەوراتدا باس لە چیرۆکی وێران کردنی شارۆچکەی سۆدوم دەکرێ لەلایەن یەزدانەوە لەبەر بەدڕەفتاری (نێربازی) خەلّکەکەی و گوێ نەگرتنیان لە پەیامەکانی لوت. پێش ئەوەی سۆدوم لەگەلّ هەلّهاتنی ڕۆژدا ژێرەوژوور بکرێ، لوت و دوو کچەکەی لە شار دەچنە دەرەوە، پاشان لە ناوچە شاخاوییەکان و لە ئەشکەوتێک دەگیرسێنەوە. لەوێ کچەکان بیر لەوە دەکەنەوە لەگەلّ باوکیان سێکس بکەن بەمەبەستی خستنەوەی وەچە، لەبەر ئەوەی هیچ پیاوێک لەو ناوچەیە بەلایاندا ناچن. یەکەم جار کچی گەورە شەراب دەدات بە باوکی، سەرخۆشی دەکات و لەگەلّی دەخەوێ. شەوی دووەم کچە بچووکەکەی ئەو کارە ئەنجام دەدات. ئەم کارەش بەبێ ئاگایی باوکیان ڕوودەدات کە لە حالّەتی مەستیدا دەبێ. دواجار هەریەکەیان کوڕێک دەخاتەوە. بابەتی زیناکردن لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بابەتە بۆتە هەوێنی چەندین شیعر و نووسین و تابلۆی جۆراوجۆر.

ئاماژە شاراوەکانی زمان لە بنیادی شانۆییدا

عەلی عوسمان یاقووب
(سوێد)

تا ئەو جێگەیەی زمان بتوانێت گوزارشت لە هەموو شتێک بکات، بە شتە باش و خراپەکانەوە، هونەر بە گشتی دەتوانێت هەموو ئەزموونی مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت. هیچ شتێک لە دنیای سروشتی و لە ڕێ و ڕەوشتی چاک و خراپ و کردەوە و ڕەفتاری مرۆڤدا لە دنیای هونەر بەدەر نییە، چونکە هیچ شتێک دژی پرۆسیسی پێکهاتن و دروستبوونی خۆی ناوەستێت، بەڵام وەکو "جێری ڕۆبین"(١) بە ڕوونی دەیخاتە ڕوو، ئەگەر کولتوورێک، بەرەو نەمان بچێت، هەموو شتێک تێک دەشکێنێت، لە پێشەوەی هەموواندا، زمان. دەشێت ئەو کاتە زمان ببێت بە ڕێگر لەبەردەم پێوەندیکردندا. لێرەدا ڕووبەڕووی گیروگرفتی زمان دەبینەوە، بەڵام ئایا سروشتی ئەم گیروگرفتە چییە و توانایی ڕاستەقینەی تێکشکانی تا چەندە، پاشان چۆن نووسەرەکان ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەتەوە. دیارە ئەمە باسێکە و ناکرێت تەنیا لە نووسینێکی ئاوادا بە هەموو دیوەکانیدا بچینەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لەم بارەوە باسی لێوە دەکەین توانایی شانۆ، هەروەها بەرپرسیاریەتی هەندێک لە بەها مرۆڤایەتییەکانە، کە پەردەدەسێنن و بڵاو دەبنەوە. بەو پێیەی توانایی شانۆ لە کارکردنە سەر ژیانی خەڵک و گۆڕینی ئەو بەهایانە، شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

"جان ڤانیێر"، وەک "جانێت مالکین" لە کتێبی "تۆندوتیژی زمانی ئاخاوتن لە دراماى سەردەمدا" ئاماژەی بۆ دەکات(٢)، لە نووسینێکدا لە ساڵی ١٩٥٦، کە دواتر لە ساڵی ١٩٦١ بۆ زمانی ئینگلیزی بەناوی "شانۆی زمان" لە دراماداوەرگێڕرا، ئاماژە بە سێ جۆر زمان دەکات. یەکەمیان زمانێکی درامی کۆنباوە، کە گوزارشت لە هەست و سۆز و بیروبۆچوونی کارەکتەرەکان و پێوەندییە دەروونییەکانیان دەکات، کە تەنیا زمان دەتوانێت بیانگوێزێتەوە. ئەم زمانە زۆر لە

خەڵکەوە نزیکە و هێندە نابێتە جێگەی سەرنج پێدان. دووەمیان، زمانێکە، کە لە باری سروشتییەوە کار دەکاتە سەر بینەر، چونکە ئەو پێوەندییە تێک دەدات، کە لە نزیکەوە بە خەڵکییەوە هەیەتی و دەچێتە کایەی دنیایەک، زیادەڕۆیی و ڕازاوەیی پێوە دیارە. "ڤانیێر" ئامۆژگاری و بۆچوونی "ئەنتۆنان ئەرتۆ"، کە زمان دەکاتە "فۆرمێکی دەنگیی هێما و جوولەی لەش"، ئەم جۆرە زمانە بە زمانێکی شیعریی پێشەنگ دەزانێت لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانییەوە. ئەم زمانە، بە بۆچوونی "ڤانیێر"، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سروشتی زمانی درامی هێنایە کایەوە، بەڵام نەک لە کار و ئەرکەکەیدا، کە بەیەکجارەکی لە شانۆدا هەڵچنراوە، واتە زمان ئامرازێکە بۆ ڕووداو شانۆییەکان، نەک وەکو تەوەری سەرەکی، کە ببێتە مەبەستی دراما. جۆری سێیەمیش، کە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە پەیدا بوو، ئەو زمانەیە، کە دەبێتە ناوەرۆکی دراما، نەک "هۆ"یەک بۆ گەیاندن. "ڤانیێر" ناوی دەنێت "شانۆی زمان". کەواتە، زمان، بە پێی جۆری سێیەم نابێت بە "نێوەند"، یان "هۆ" بۆ گەیاندنی بابەتە درامییەکە، بەڵکو بەرز دەبێتەوەو دەبێت بە خودی بابەت و ئامانجە درامییەکە.

لە کاتێکدا، کە "ڤانیێر" ئەم بۆچوونەی خۆی، لە بنچینەدا بەسەر شانۆنامەکانی "بیکێت" و "ئادامۆڤ" و "یۆنسکۆ"دا جێبەجێ دەکات، زۆر لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی وەکو خاتوو "جانێت مالکین"، پێیان وایە، بە پێی بۆچوونەکەی"ڤانیێر"، کە زمان دەکات بە بابەتی درامی، پانتایی کارکردنی زمان تەسک دەبێتەوە. "مالکین" زیاتر جەخت لەسەر بۆچوونی "مارتین ئەسلین" دەکات سەبارەت بەوەی، کە زمان لە شانۆی "ئەبسێرد"دا، کەموکوڕی لە ئاخاوتن پیشان دەدات.

شانۆی پووچگەرا - ئەبسێرد - متمانەی بە زمان نییە، وەک "هۆ"یەک بۆ گەیاندن. زمان، بە پێی "ئەبسێردیزم" بووەتە "هۆ" بۆ ئالۆگۆڕکێی شتە پووچگەراو کۆنباو و کلیشەییەکان. وشەکان ناتوانن گوزارشت لە کرۆکی بەسەرهات و شارەزاییەکانی مرۆڤ بکەن، هەر لە ڕوالەتدا دەوەستن و ناتوانن بە قووڵاییدا بچنە خوارەوە. شانۆی "ئەبسێرد"، بەر لە هەموو شتێک، هێرش دەکاتە سەر زمان و وەک ئامرازێکی ناتەواو، کە پشتی پێ نابەستریت لە گەیاندنداو، بۆیە لە ڕێگەی بەکارهێنان و گاڵتەکردن بەو قسە و دەستەواژە کلیشەییانەی، کە لەکار کەوتوون و خەڵک ڕۆژانە بەکاریان دێنن، هەوڵ دەدات وا لە خەڵک بکات سنووری شێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە ببەزێنن و بە شێوەیەکی ڕاستەقینەتر شتەکان بە یەکدی بگەیەنن، چونکە ئەو ئاخاوتنە کلیشەییانە دەبن بە بەربەست لەنێوان ئێمە و دنیای ڕاستەقینەدا. بۆ ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەقینەمان بە دنیای واقیعەوە هەبێت، پێویستە پشت بە وتە و دەستەواژە چەوتە کلیشەییەکانی زمان نەبەستین. لە شانۆی "ئەبسێرد"دا، کەرەستە شانۆییەکان گرنگترن لە زمان: ئەوەی ڕووەدات سنووری ئەو ئاخاوتنانە دەبەزێنێت، کە دەربارەی ڕووداوەکە دەکرێت. بایەخی سەرەتا و بنەتای شانۆی "ئەبسێرد لە مانا شاراوە و نادیارەکانی وشەکاندایە، جگە لەوەی، کە بە ڕاستی دەگوترێت. شانۆی "ئەبسێرد" هەوڵ دەدات بینینەکە بە تەواوی بگەیەنێت.

ئەوەی "ڤانیێر" بانگەشەی بۆ دەکات ئەوەیە، کە زمان چی دیکە دووڕەپەرێز و پووچگەرا نییە، بەڵکو وەک هێزێکی زاڵ و مەترسیداری کاریگەر لە شانۆدا دەردەکەوێت. دەکرێت مرۆڤ لە ڕوانگەی بابەتە شانۆییەکە و لە ڕوانگە درامییەکەوە سەیری ئەم بۆچوونەی "ڤانیێر" بکات. چۆن؟

ئەگەر لە ڕوانگەی بابەتی شانۆنامەکەوە سەیری شانۆنامەکانی "کاسپەر"، کە "پیتەر هاندک" نووسیویەتی، شانۆنامەی "وانە"، کە "یۆنسکۆ" نووسیویەتی، شانۆنامەی "گامێشی ئەمریکی" ی "دێڤید مەمێت" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"ی "هارۆڵد پینتەر"و "ئاهەنگی ناو باخچەکە"ی "ڤاکلاڤ هاڤێڵ" و "کێ لە ڤەرجینیا وۆلف دەترسێت"ی "ئەدوارد ئەلبی" و هەروەها "ددانی تاوان"ی "سام شەپەرد" بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر هەموویان لە چوارچێوەی مل پێ کەچکردن، یان دەستەمۆکردنی مرۆڤ، یان بە قوربانیکردنی مرۆڤدان لە ڕێگەی ئەو وشە و دەستەواژە کۆنباوە کلیشەییانەی، کە بەسەریاندا سەپێنراوە. لە ڕووی درامیشەوە، هەموو ئەو شانۆنامانە کاری زمان دەردەخەن، کە کارێکی تووندوتیژ و هەڕەشەئامێز و بەزەبرە، بۆیە زمان وەک کارەکتەرێکی درامی دژ -an tagonist پیشان دەدرێت، کە کارەکتەرەکان تێک دەشکێنێت دوای ئەوەی ناچاریان دەکات بچنە ژێر باری وشە و دەستەواژە و ستڕەکتورەکانی زمانەکە خۆی. بە

واتایەکی دیکە، زمـان دەبێتـە ئەو زیندانەی، کـە دەربازبوونی لە دەست نیـیە و بڕیار لەسـەر چارەنووسی مـرۆڤ دەدات. بۆ نموونە، لە شانۆنامـەی "کاسـپەر"دا، زمان دەبێتە هێزێک، یان کارەکتەرێکی دژ، کە مرۆڤ بچـووک دەکـاتەوە تا دەیکاتە ملکەچێکی دامـاوی بێ هۆش. چیـرۆکی شانۆنامەکە دەربارەی پیـاوێکە بەناوی "کاسـپەر"، کـە بێ زمـانە، قسـە ناکـات. ئەم پیـاوە لە ڕێگەی بەزۆر فێرکردنی زمانەوە دروست دەبێت و تێک دەشکێنرێت. دەکرێت شانۆنامـەکە، وەک نووسەر خـۆی باسی لێوە دەکات، ناو بنرێت "ئازاری ئاخاوتن".

پێوەندی نێوان مرۆڤ بە زمان، پێوەندیی ئازارچەشتن و ئەشکەنجـەدان و زۆرلێکردنە. شـانۆنامـەکە پێشـانی دەدات، کە چۆن دەکرێت وا لە یەکێک بکرێت لە ڕێگەی قسـەکـردنەوە، شت دەربـبـڕێت. ئەمـە کـرۆکی بابەتی شـانۆنامـەکەیە. زمـان لای "یۆجین یۆنیسکۆ" دەبێتـە چەکـێکی بەزەبر بۆ زاڵبـوون و تێکدان. ئامـرازێکی کـوشندەیە و تا ڕادەیەک هێـزێکی ئەفسـوونی هەیە بۆ تێکشکان. قـوربانییـەکانی زمـان هەر ئەوانە نین، کە زمـان لە دژیان ئاراستـە دەکـرێت، بەڵکو ئەو کەسـەیش دەبێتە قوربانی، کە قسەی پێ دەکات.

بیـرۆکەی سەرەکی لە شانۆنامەی "وانە"دا، دەسـەڵاتە. هەر سێ کارەکتـەری شانۆنامـەکە، خوێندکارە کچەکە و پرۆفیسـۆرەکە، هەروەها "ماریا"ی کارەکەر، لە ڕوانگەی باڵادەستی/ لاوازییـەوە پێوەندییان بە یەکدییـەوە هەیە. تەنیا ئەو کارەکتەرە لە هەموو کاتێکدا باڵادەستە، کە لە باری ئاخاوتنەوە باشترینە. لە سەرەتادا، خوێندکارەکە لە بارێکی نایابدایە: چوسـتو چالاک و زمـانڕەوانە و بڕوای بەخـۆی هەیە. پرۆفیـسـۆرەکـە، بە بەراورد لەگـەڵ ئەو، لاوازە و زمانی دەگیـرێت. کـە ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان وەردەگرن، باڵادەستییەکە بەلای پرۆفیسۆرەکەدا دەکەوێت و خـوێندکـارەکـە وزە و تینی نامـێنێت و کـەمـوکـوڕی دەکـەوێتە قسـەکردن و دەربڕینی وشەکـانی، کـە دەبێتـە مـایەی ئازارێکی زۆر. لە بەرانبـەردا، پرۆفـیـسـۆر لە قسـەکردن و دەربڕیندا زاڵ دەبێت. دواجار، خوێندکارەکە دەبێتە کەسێکی درِ و شەڕانی و لەبەر دەستی پرۆفیسۆر دەبێت بە کـەسـێکی هیچ لەباردانەبوو و سـست و خـاو. نووسەر لەسەرەتاوە پێمان دەڵێت، کە پرۆفیسـۆرەکە بە چەقـۆ لە خـوێندکـارەکـە دەدات، خـوێندکـارەکـە هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، هەروەها لە شانۆنامەی "گامێشی ئەمریکی"ی "دێڤید مـەمێت"دا، زمانێکی کلیشەئامێزی پیس و ناشـیـرین هەست و توانایی پەیداکـردنی شـارەزاییـەکـانی مـرۆڤ پەک دەخـات. توێژەر و ڕەخنەگـرەکـان خـوێندنەوەی جـیـا جـیـایان دەربارەی شانۆنامەکانی "مەمێت" هەیە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن، کـە شـانۆنامـەکـانی "مـەمـێت" شـانۆنامـەی زمـانن بە پلەی یەکـەم. یەکـەم شت، کـە سـەرنجی مـرۆڤ ڕادەکێشێت لە شانۆنامەکانیدا، بەکارهێنانی زمانێکی پیس و ناشیـرینە. لەگەڵ ئەوەشدا، زمـان لای "مـەمێت" تەنیا وەکو فـۆرم گرنگ نییـە، بەڵکو وەکو بابەتیش. بە واتایەکی دیکە فـۆرم دەبێـتـە ناوەرۆک و ناوەرۆکـیش دەبێت بە فۆرم.

لە شانۆنامەکانی "مەمێت"دا چەندین بیرۆکە و بابەتی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە زمان دەدۆزیتەوە، لە ناویاندا، زمان دەچێتە چوارچێوەی ڕووداوە شانۆییـەکە، یان دەبێت بە ناسنامـە، یان زمان لە دۆخێکی خراپ و نالەباردایە، کـە ڕەنگدانەوەی خـراپی و نالەباریی کـۆمـەڵگە و دامـەزراوە کـۆمـەڵایەتییـەکـان و نائاسوودەیی ڕوحییـە. لەلای "ڤاکـلاڤ هاڤێڵ"یش زمـان دەبێت بە بەشێک لە دەسـەڵاتی سـیـاسی و کـۆنـتـرۆڵی دەکـات. زمـان لای "ئەدوارد ئەلبی" وەک لە شانۆنامـەی "کێ لە ڤـەرجـینیا وۆڵـف دەتـرسـێـت"دا دەردەکـەوێت، لـە ڕێگـەی سـەرزەنشـتکردن و قسـەی ڕەق و جنێـودانەوە، پێـوەندی نێـوان مـرۆڤـەکـان سنووردار دەکـات. "سـام شـەپەرد" لە شـانۆنامـەی "ددانی تاوان"دا ئەو ڕایە دەخـاتەڕوو، کـە مـرۆڤ لە ڕێگەی شـێـوازی ئاخـاوتنی بەهێـز و بەزەبروزەنگەوە، شوناس و دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنێت.

بەپێی بۆچوونی"ئەلبـێـرت کـووک"(۳) زمـان، لە شانۆنامە کلاسیکییەکاندا، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەم گێـڕانەوەیەش زیاتر ئەو ڕووداوانە دەگرێتـەوە، کە هێزی جەستـەییان تێدا بەکار دێت و لە جیاتی ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ پیشان بدرێن، لەسەر زاری کارەکتەرێکەوە دەگـێـڕدرێنەوە. بۆ نموونە، لە شانۆنامـە بەناوبانگەکـەی "ئێـسـخیلۆس"، مەبەستم شانۆنامـەی "ئاگامێـمنۆن"ـە، "کلیـۆتایمێستـرا"، دوای کوشتنی "ئاگامێمنۆن"ی مێردی، کـە لووتکەی ڕووداوە تراژیدییـەکـەیە، خـۆی ڕووداوەکـە دەگـێـڕێتـەوە بێ ئەوەی لەسـەر تەختـەی شـانۆ پیـشـان بدرێت. ئەو زانیـارییانەی، کە "کلیـۆتایمێسـترا" پێمان دەدات، شتێکی تازە نییـە، چونکە ئێـمـە ئاگـاداری ئەو زانیـاریـیـانـەین. ئێـمـە دەزانین، کـە لاشـەکـە هی "ئاگامێمنۆن"ی مێردییەتی، کە خۆی کوشتوویەتی:

لێرەدا، مێردەکەم؛ ئاگامێمنون، کەوتووە،
لاشەیەکی بێ گیان، شاکارێکی تۆڵەسەندنەوە
بەم دەستە ڕاستەم. ئەمە و هیچی دیکە نا(٤).

ئەم دیالۆگەی " کلیۆتایمێستراـ"، کە ئاراستەی "کۆرس"ـەکەی دەکات:" ئەمە و هیچی دیکە نا"، جگە لە پاساوهێنانەوە بۆ کرداری کوشتنەکە، بەگشتی لووتبەرزی و لەخۆبایی بوونێکی شاژنئاسای پێوە دیارە. "کلیۆتایمێستراـ"، بە پێی ئەفسانەکە، پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ "ئایگیستۆس"دا هەبووە، ئەگەرچی "ئاگامێمنۆن" دوای گەڕانەوەی لە شەڕی "تەروادە" لەلایەن"ئیجێستەس" و بە هاوکاری "کلیۆتایمێسترا" دەکوژرێت، بەڵام "ئێسخیلۆس" لە شانۆنامەکەدا، کوشتنەکە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە پێشان دەدات، کە شانۆی سەردەم بەو شێوەیە نایخاتەڕوو، بەڵکو زیاتر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێماوە پێشکەشی دەکات، واتە زمان ئەم ئاراستەیە وەرناگرێت. بۆ نموونە، دەکرێت لووتبەرزییەکەی لە ڕێگەی فەرمانێکی وەک "ئەم لاشەیە لێرە هەڵگرن" پێشان بدرێت. پاساوهێنانەوەکەی لە ڕێگەی ئاخاوتنێکی خۆشەویستانەوە بخرێتەڕوو، هەروەها لەخۆبایی بوونە شاژنئاساکەی لە ڕێگەی هەندێک جوواڵە، یان فەرماندان بە کۆرسەکەوە دەرکەوێت، کە بینەر لە ئاماژەکەی بگات نەک لە ڕێگەی ئاخاوتنێکی ڕوون و ئاشکرا وەک لێرەدا دەیبینین. کردار نابێت بگێڕدرێتەوە، بەڵکو پێویستە لە ڕێگەی نمایشەوە پێشکەش بکرێت.

کارەکتەرەکانی شانۆنووسی فەرەنسی "جان ڕاسین" (١٦٣٩ - ١٦٩٩) هەستە قووڵەکانیان بە گێڕانەوە دەردەبڕن زیاتر لە نواندن. لە تراژیدیای "ئەندراماک"دا، "پیرهوس"، کوڕی "ئەخیلس پاشا"، کە گوشار دەخاتە سەر "ئەندراماک"، ژنی پێشووی هێکتۆر، تەنیا بە شێوازی گێڕانەوە هەست و سۆزی بەتینی خۆی بۆ دەخاتەڕوو. "ئەندراماک" لەسەر تەختەی شانۆ هیچ بەرهەڵستکردنێک پێشان نادات ، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بەرهەڵستی دەکات و دڵسۆزی خۆی بۆ یادگاریی میردەکەی دەخاتەڕوو. "ئۆرێستێس"، کوڕی "ئاگامێمنۆن"ی پاشا، هەردەم ئامادەیە هەموو کارێک بکات لە پێناوی "هێرمیۆنا"، کچی "مێنێلۆس"پاشا و داواکارییەکەیشی دەربارەی کوشتنی "پیرهوس"، هیچ ویستێکی لە پشتەوە نییە، بەڵکو تەنیا گێڕانەوەی "هێرمیۆنا"یە دەربارەی ململانێی نێوان لەخۆبایی بوون و خۆشەویستییەکی ناکام. "هێرمیۆنا"، دواجار،"ئۆرێستێس" قایل ناکات تا ملکەچی بێت، چونکە ملکەچبوون بۆ پێشاندانی دڵسۆزیی ئەو، هەردەم شاراوە و نادیارە، هەروەک چۆن ڕەتکردنەوەی کوشتنەکە لە لایەن"هێرمیۆنا" هەر لە سەرەتاوە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە لە ڕوانگەی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانییەوە. هەست و سۆزەکان لە ڕێگەی کردار، یان ڕووداوەکانەوە ناگۆڕێن، بەڵکو لە ڕێگەی گێڕانەوەوە تەنگەتاو دەکرێن تا ئاشکرا دەبن.

بیرکردنەوەی کارەکتەر بە دەنگی بەرز، یان خۆدواندن، لە ڕاستیدا، ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی ڕەفتارێکە بەر لە ئەنجامدانی، یان دوای ئەنجامدانی. "هاملێت" هۆکاری نەکوشتنی"کلادیەس"ی پاشا لەکاتی نوێژکردنیدا بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات، هەروەک "پاشا"ش، دوای نوێژکردنەکە، باس لەوە دەکات، بۆ پێی وایە نوێژکردن کاریگەرە. کاتێک زمان لە شانۆدا کردار دەگێڕێتەوە، کاری کردارەکە دەکات. ڕووداوەکان بیرتیژییەکی زۆریان پێوە دیارە. هەڵبەت شەکسپیر بێ هاوتایە، بەڵام زۆر لە ڕووداوەکان هەر بە ڕووالەت بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوەوە دەردەکەون.

لە شانۆنامەی "شالیر" و لە دیمەنی ڕەشباکەدا، "لیر" و "بالوول" و "تۆما"ی داماو، قسە لەگەڵ یەکدی ناکەن. مەبەستم ئەوەیە بابەتێکی هاوبەش نییە تا لە گفتوگۆیەکدا کۆیان بکاتەوە. "بالوول" بە مەتەڵ قسە دەکات. مانای قسەکانی، کە بە ئەندازەیەکی زۆر دەربارەی ئێشو ئازاری ڕەشەباکەیە، ناڕوون و بەهەڵەدابەرە. "تۆم"ی داماو وەک شێت قسە دەربارەی تاوان دەکات و بە شێتگییەوە ددان بە چەندین خراپەکاریدا دەنێت. پڕپێداکردن و پەلاماردان و بردنی ناوەناوە و مەنەلۆژە پچڕپچڕەکانی لیر بە شێوەیەکی هەلەق و مەلەق دەربارەی تۆڵەسەندنەوە و نادادپەروەرییە. لە هەمان کاتدا گڤەگڤی ڕەشەباکە ناوبەناو هەر بە ڕێکەوت قسە هەلەق و مەلەقەکان و ئاخاوتنە بێ سەروبەرەکانیان دەبڕێت. پشێوییەکە سنووری شانۆنامەکە دەترازێنێت: ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر ناتوانین لەم سێ قسەکەرە بگەین، بە زەحمەت دەتوانین پێوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان ئالۆگۆڕی قسەکەرە جیاوازەکاندا بدۆزینەوە، یان تەنانەت لەنێوان ئاخاوتنەکانی هەمان قسەکەریش. بێ گومان، کە زمان لەم دیمەنەدا گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەردا دێت. ئایا چ

لێکدانەوەیەک لە پشت ئەم گۆڕانەدایە؟ ئەمە کێشەکەیە. بە بۆچوونی "لۆرانس دانسن"(٥)، زمـــان لە دیمەنی ڕەشـەباکـەدا، وەک پەرچەکـرداریک بۆ پەیڕەوکـردنی لەڕادەبەدەری نەریت لە دیمەنە ســـەرەتاییـــەکـــانی شـانۆنامـەکـە، توانایی نامـێنێت کـۆنتـرۆڵی هەست و ســۆزەکـــان بکات. شـــێـــوازی ئاخـــاوتن لە نمایشی دادگـاییکردنی ڕیگان و گـۆنرێڵ، کـە لە ژوورێکی ناو مـاڵێکی سەر مەزراکەی نزیک قەڵاکەوە بەڕێوە دەچێت، ئەو کـاتەی لیـر و ئێدگـار و بالوول بەهۆی ڕەشەباکـەوە تێیدا دەگیرسێنەوە، دەچێتە کایەی پێکهاتە سروشتییە بێ پێچوپەناکان، کـە گـوزارشت لە توانایـیەکی زیاتری زمان دەکات. ئەوەی ئێمە لە تراژیدییاکانی شەکسپیردا دەیبینین، هەر ئەوە نییـە، کـە پیـاوێک قسـە دەکـات، بەڵکو پیـاوێک هەوڵ دەدات قسـە بکات، هەوڵ دەدات زمـانێک دروست بکات، کـە بە ڕاسـتی گـوزارشت لەو بکات. دەرهێنانی ئاخـاوتنێک لە مـرۆڤەوە، دۆزینەوەی زمـــانێک، کـــە بتـــوانێت بە ڕێکوپێکیـــیـــەوە باسی ئاڵۆزییـەکـانی ئەزمـوونی مـرۆڤ بکات، ئەرکی سـەرەکی شەکسپیر و کارەکتەرەکانی، هەروەها بینەرەکانییەتی. لیـر زمـان پچـڕ پچـڕ وەردەگـرێت و ناتـوانێت زمـانێک بدۆزێتەوە، کە پێویستییەکانی دەربڕێت. "دانسن" بایەخ بەوە نادات تا چەند قسەکەری سەرەکی لە شانۆنامەکەدا بەرپرسە لە تێکشکانی زمان لە دنیای خۆیدا. دواجار، ئەوە زمـانی پاشـایە، کـە لە دەسـتپـێکی شـانۆنامـەکـەدا زاڵە. کـاتێک "گـۆنرێڵ" و "ڕیگان" بە قسـەی لووس و ڕازاوەی بۆشـو بەتاڵەوە خـۆشـەویسـتی خـۆیان بۆ لیـر دەردەبڕن، وشـە و زاراوەکـانی لیـر دادەتاشن و بەکـاری دێنن. زمان لە دیمەنی دادگاییکردنەکەدا، ئەرکێکی زۆری خـراوەتە سـەر نـەک سـەبارەت بە ڕێسـا و نەریتـەکـانی زمان، بەڵکو بەهۆی پێشبینی و داواکارییە بێ سنوور و لە ئەندازەبەدەرەکانی شالیرەوە. لیر هەر لەسەرەتاوە زمان وەکو نێوەندێک بۆ جێبەجێکردنی ویست بەکار دێنێت: لە ڕێگەی قسەکردنەوە ئارەزووەکانی دێنەدی. بە جارێدان مەملەکەتەکەی دابەش دەکات. بە فەرمانێک "کۆردیلیا" لە میرات بێ بەش دەکات و "کێنت"یش ڕەهەندە دەکات. تەنیا زمانێک، کە ڕێگەی پێ دەدات، ئەو زمانەیە، کە پێویستە مل بۆ ویستی ئەو کەچ بکات و پشتگیری لە بڕیارەکەی ئەو بکات. هەڵبـەت دواتر، کـە ڕووداوەکـان بەرەو پێش دەچن، ئەو زمـانەی بیـر دێتـەوە، کـە هەر خزمەتی ئەوی کردووە:

"وەک سەگ کلکەلەقێیان بۆ کردم... بۆ هەر شتێک، کـە بمگوتبا، دەیان گوت 'بەڵێ'، یـان 'نەخێر'!... پێیـان گوتم، کە من هەموو شتێکم" (دیمەنی شەشەم/ پەردەی چوارەم)

هەمـوو فـۆرمـێکی ڕەخنەو ڕووبەڕووبوونەوە دەمکوت دەکـات. هەڵبـەت بە پێی پلەوپایەی خـۆی، لیـر مـافی خـۆیەتی بە یاسـا قسـەی خـۆی بکات، ئەگـەرچی ئێمـە ڕەنگە لەوە بەگـومـان بین، کـە فـەرمـانەکـانی ئەو لە مـێـشکیـدا بە ئاراسـتـەی بەرژەوەندیی مـەملەکـەتەیدا داڕێژرابێت. بەهەرحاڵ، تەنانەت دوای وازهێنانیشی لە تەخـتـی پاشـایەتی، بەردەوام فـەرمـان دەردەکـات و چاوەڕوان دەکـات جێبـەجێ بکرێن. هەڵبـەت ئەو کـاتە قســەکـانی پشـتگوێ دەخـرێن. نێـردەکـەی لە دار دەبەسترێتەوە. لیر لە هەموو ئەم دیمەنانەدا پەنا دەباتە بەر جنێـو و نەفـرەتلێکردن وەک ئەوەی ئەو دەسـەڵاتەی، کـە ڕۆژگـارێک لە پاشـایەتیـدا هەیبـوو، لە هێـزە ناسروشتییەکاندا بۆ خۆی کۆ بکاتەوە.

ڕەهەندە تایبـەتییـەکانی ئەو قسـانەی لیر، کـە لە دوو بەشی یەکـەمی شـانۆنامـەکـەدا دەیکات، ، لە دیمەنی ڕەشـەباکـەدا دەردەکـەون. قسـەکـانی تووندوتیـژتر و دیکتاتۆرانەترن لە قسەکانی پێشووتری. لە بری خەڵکی ژێر دەسـتـەی خـۆیەوە، فـەرمـان بە ڕەگـەزەکـانی سروشت دەدات. "فـەرمـان بە ڕەشـەبا دەدات، زەوی هەڵداتە نێـو زەریاوە، یان زەریا هەڵبـچێت تا شـەپۆلەکـانی ئەم خاکە دەخـەنە ژێر خـۆیانەوە بۆ ئەوەی شـتـەکـان بگۆڕێن، یان بوەستێ"(دیمەنی یەکەم/ پەردەی سێیـەم)، پاشان داوا لە ڕەشـەبا دەکات "خـڕۆکەیی ئەم دنیا پڕە تەخت بکات»". لە قسـەکـانیـدا، نیـاز و مـەبەسـتـەکـانی سـەبارەت بە تێکشکاندن بە ڕادەیەک بەهێز دەبێت، کـە لای باشـترە قسەکانی بۆ ئەوە بەکاربێنێت تا داوا بکات "داڕشتەکانی سـروشت تێک بشکێنێت، هەمـوو تۆوێک ببـڕێنێتـەوە، کە مـرۆڤی سپڵـەی لێ دروست دەبێت" (دیمەنی یەکەم/ پەردەی سـێـیـــەم) لەبری ئەوەی بۆ دابەشکردنی مەملەکەتەکە، وازهێنان لە تەختی پاشایەتی، دەرکردن و بەنەفرەتکردن بەکاری بێنێت.

کـاتێک بیری دێتـەوە ئەو کـاتـەی دەسـەڵاتی هەبوو چۆن فەرمانی دەدا، دیسان لەسەر هەمان باسی خۆپەرستییەوە دەڕوات. قسـەکـانی تـا ئەو جێـیـەی دەرگـەی ئەم باسـە بکوتن، بۆ ئەوە بەکـاریان دێنێت، چۆن "ویست"ی خـۆی جێبەجێ بکات، چۆن تۆڵەی خۆی لە ڕێگەی پەنابردن بۆ

"کاره تۆقێنەرەکانی سەرزەمین" بکاتەوە، کە نە دەتوانێت وێنایان بکات و نە دەتوانێت دەریانبڕێت. ئاخاوتنەکانی دەربارەی دادپەروەری و بەدکــرداری، دادگــاییکردن و لێپرسینەوە لە کچەکانی، هەروەها هەڵچوونەکانی وەک "دەبێت وا بکەم هەزار پیــاو بە خۆیان و بە شــیشی/ داخکراوەوە بە فیکە لێ کردنەوەوە هێرشیان بۆ ببەن" (دیمەنی پێنجــەم/ پەردەی سێیــەم)، یان کــە دەڵێت "فــڕینی ئەم مــەلە چەندە جــوانە.. نیــشــانەی لێ بگرە، نیــشــانەی لێ بگرە، هیــوو!" (دیمەنی پێنجــەم/ پەردەی چوارەم"، هەروەها کــاتێک لە زاواکــانی تووڕە دەبێت و دەڵێت "ئەگەر ئەوساش بێ خشپە و بە دزییەوە گەیشتمە سەر ڕوحی زاواکــانم/ ئەوسا دەکــوژم، دەکــوژم دەکــوژم، دەکــوژم، دەکــوژم، دەکــوژم! (دیمەنی شــەشــەم/ پەردەی چوارەم) هەموو ئەمانە لە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و لەو بیــروباوەڕە چەسپاوەوە سەرچاوەیان گرتووە، کــە ئەو" مــرۆڤــێکە زیاتر تاوانی دەرهەق کــراوە لەوەی تاوانی کــردبێت "(دیمەنی دووەم/ پەردەی سێیــەم). "سپڵــەیی کــچــەکــان"ی و "بڕیاردان بۆ تۆڵە ســەندنەوە" ئەو ڕەشەبایەیە، کە لە ناخیدا، لە مێشکیدا، چی هەست و سۆزی هەیە ڕایدەفڕێنێت و لە هەموو وشەیەکیدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕەشــەباکــە تەنیــا شــێــوازی ئاخــاوتنی بە زەبروزەنگ و خۆپەرستانەی لیر خراپتر دەکات. دەکرێت بڵێین زۆر بەر لەوەی کچەکانی فڕێی بدەنە دەرەوە، ئەو خــۆی لە دەســەڵات دوور خــســتــەوە کــاتێک بە هەڵە میکانیزمی ڕێکخستنی پێوەندیی خۆی بە کچەکانییەوە بەکــار هێنا، بێ ئەوەی ســەبارەت بە پایە و بارودۆخی خۆی بیر لە دەرئەنجامەکەی بکاتەوە. کەموکوڕییەکە لە خودی زمــانەکــەدا نیــیــە، کــە ڕێ لە دەربڕینی گوتەکان دەگرێت و شێوەی پێوەندیکردن دەشێوێنێت، بەڵکو زیاتر لە کــەموکوڕییــەکی مۆرالیی ئەو کــەســەیە، کە زمــانەکــە بەکــار دێنێت. شتێکی چاوەڕوانکراوە، کە لیر ســەبارەت بە کــەللەڕەقی خۆی، تێگەیشــتنێکی ڕاســتــو دروســتی نابێت بۆ بەخشین و وەرگرتن. تراژیدیای لیــر ئەو کــاتە دەکــەوێتــە جــوولّــە، کــە مــەملەکــەتەکــەی هەڕاج دەکــات لەبەرانبــەر ددانان بە خۆشەویستییــەکی بۆشو بەتاڵدا، ئەو کــاتەی هەمــوو شــتێک دەبەشێتــەوە و لەبەرانبــەردا سپڵــەیی کچەکانی بەدەست دێنێت. دوای ئەمە لیر هەوڵ دەدات بەهــەمــان شــێــوەی ئەوان پاداشــتی کــچــەکــانی بداتەوە، بەڵام ناتوانێت تەنانەت " کــارە تۆقێنەرەکــانی ســەرزەمین" وێنا بکات، کــە لەبەر چاوی ئەو شایســتــەی ئەوانە. بانگکردنی جنۆکــە و دێو و درنج لەوســــەری دنیــاوە، هەوڵدانێکە بۆ دانانی هاوسەنگییــەکی ڕاست لەســەر ئاستی گەردوون. کــاتێک لیر ئەو بەڵایە بەســەر خــۆی دێنێت و دەکــەوێتــە ئەو پێدەشــتــە چۆڵــۆ هۆڵ و بێ بەزەییــە، هەمــوو ئەو پاداشــتــەی، کــە بەشــیــیــەوە بەتاڵ دەکات. چەمکی ئاڵوگۆڕکردن لای لیر زیاتر لە شێوازی ئاخاوتنەکەی پێویستی بە گۆڕینە.

کێشەی زمان لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەبێت بە بنەمای ڕووداوە شانۆییەکان. کارەکتەرەکانی پینتەر هەست بەوە ناکــەن، کە ســەرچاوەی کێــشــەکــانیــان لەو بێــدەنگییــەدایە، کــە لەپشت ئاخــاوتنەکــانیــانــەوەیە. مــەبەست لە بێــدەنگی، قــســــەنەکــردن نیــیــە، بەڵکو دەرنەبڕینی مەبەستە ڕاستەقینەکانە لە ئاخاوتندا. هەموو ئەو ڕەخنەگــــر و تۆێژەرەوانەی، کــــە لە بــەرهــەمــــە شــانۆییــەکــانی "هارۆڵد پینتــەر"یان کــۆڵــیــوەتەوە و دەکــۆڵــنەوە، بەردەوام دەستــەواژەی "زمانی پینتــەر"، یان "تایبەت بە پینتەر"یان بەکار هێناوە و بەکار دێنن. دیارە ئەمــەیش دانانە بەو تازەگەرییــەی، کــە ئەم نووســەرە لە بواری بەکــارهێنانی زمــان لە شــانۆدا ئەنجــامی داوە. ڕووکەشترین هونەری "پینتــەر" لەم بارەیەوە لە دیالۆگی نێــوان کــارەکــتــەرەکــاندا دەردەکــەوێت. دیارە "پینتــەر" تێگەیشــتنێکی ســەیر و ئاڵۆز، بەڵام ورد و تەواوی بۆ بەهەڵە بەکــارهێنانی ئەو زمــانەی هەیە، کــە خــەڵــک لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، مەبەستی ئەو ئەوە نیــیــە، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم قســە هیچ و بێ بایەخانەی خەڵکی سادەوە دڵی بینەر خۆش بکات، یان وایان لێ بکات خــۆیان لە خــەڵکە ســادەکــە بە گــەورەتر، یان لە ســەرووی ئەمــانەوە بزانن. "پینتــەر" بینینێکی تازەی بەخشــیــیــە دیالۆگی شانۆیی، کــە تێیدا زمان وەک چۆن لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا بەکاردێت، لە دیالۆگە شانۆییەکاندا زانیارییەکان بگەیەنێت نەک بە لۆژیکی زمانێکی لە ڕادەبەدەر خەملێنراودا، کە پێشتر بۆ گەیاندنی زانیارییەکان لەسەر تەختەی شانۆ بەکار دەهات. خەڵک هەر لە سەردەمی سۆفۆکلیسەوە(٤٩٧-٤٠٦پ. ز) تا دەگاتە شەکسپیر(١٥٦٤-١٦١٦) و لەوێشەوە تا دەگاتە ڕاتیگان(١٩١١-١٩٧٧) لەسەر تەختــەی شــانۆدا زمــانێکی بێ پێــچــو پەناو پاراو و ڕوونتــریان بە ئاراســتــەی مــەبەســتی دیاریکراو بەکــار دەهێنا، لەوەی کــە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکــاریان دەهێنا. ئەمە لە درامای شیــعریدا زۆر بەرچاو بوو، کە نەک هەر

دەبوو ملکەچی بنەما هونەرییەکانی هۆنینەوەی شیعر بێت، بەڵکو هونەری ڕەوانبێژیش لە دیالۆگەکان بەکار بێنێت، کە پێوەندی بە شێوازی ڕوونکردنەوە و گونجاندن و هاوسەنگکردنی ئاخاوتنەکانەوە هەبوو بۆ ئەوەی بینەر بە ئاسانی لێیان تێ بگات. ئەم نەریتە لە درامادا هێندە بەهێز بوو، تەنانەت لە درامای ناتورالیستیش بەردەوام بوو، ئەگەرچی هەندێک جار لە ڕواڵەتدا شاراوە بوو. ئاخاوتنە جوان و ناسکەکانی ناو شانۆنامەکانی "ئیبسن" و "بێرناردشۆ" ڕەوانبێژی و زمانپاراوییەکی زیرەکانەیان پێوە دیارە، تەنانەت لە دیمەنەکانی سەرەتای ئەو شانۆنامانەدا، کە ئاخاوتنەکانیان تێدا هێندە گرنگ نین بە بەراورد لەگەڵ دیالۆگی کارەکتەرەکان، ئەم نووسەرانە، بەر لەوەی بابەتەکە بوروژێنن، بەوپەڕی ڕێکوپێکی و کارامەییەوە زانیاریە گرنگەکان، پاڵنەرەکانی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، دەخەنە ڕوو. دەشێت ئەم خستنەڕووە لە ڕواڵەتدا شێوەیەکی پچڕ پچڕی کەم خایەن بەخۆوە بگرێت، بەڵام بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا.

دیارە دواتر بەرە بەرە کەموکورتی لە پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان، ئەوانەی کە زیاتر لە پشت یەکدییەوە، یان لابەلا قسە لەسەر یەکدی دەکەن نەک ڕووبەڕوو، لەسەر دەستی شانۆنووسە بەناوبانگەکانی وەک "ستڕینبێرگ"(١٨٤٩-١٩١٢) و شانۆنووسی ئەڵمانی "فرانک وێدکایند" (١٨٦٤-١٩١٨) لە شانۆدا بەکار هات و دیالۆگی ناڕاستەوخۆ - ئەو دیالۆگەی، کە بیرۆکەیەکی شاراوە لەخۆدەگرێت و بینەر، یان خوێنەر هەستی پێ دەکات - یەکەم جار لەلایەن "چیخەف"ەوە بەکار هات. نموونەیش بۆ ئەمە ئەو دیمەنەی شانۆنامەی "باخی گێلاس"ە، کە ڕووداوەکانی تێدا دەگەنە لووتکە، یان پلەی هەرە بەرزی. ئەو کاتە کرداری ڕاستەقینەکە - واتە بێ توانایی "لۆپاکین" لە دەربڕینی بیروڕای خۆی بۆ "ڤاریا" - لە پشت ئالۆگۆڕکێی ئەو ئاخاوتنە ئاساییەدایە، کە دەربارەی دیارنەمانی پارچە قوماشێکە. بەڵام "چیخەف" زۆر بە کارامەییەوە ئامادەکاری بۆ ئەم دیمەنە کردووە، چونکە پێشتر لە دیمەنێکدا بە ڕوونی بینەری ئامادە کردووە بۆ ئەوەی پێشبینی داخوازی "ڤاریا" لەلایەن "لۆپکین"ەوە بکات. واتە بینەر هەست بە مەسەلەکە دەکات، ئەگەرچی لەم بارەیەوە هیچ دیالۆگێکی ڕوون و ئاشکرا نییە. "پینتەر" بەردەوامی بەم تەکنیکەی "چیخەف" دەدات، بەڵام لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا.

با بەراوردێک لە نێوان دوو دیمەنی کۆتایی، لە هەریەک لە شانۆنامەی "خاڵە ڤانیا"ی "چیخەف" و شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون"ی "هارۆڵد پینتەر"دا بکەین کە تێیاندا ڕووداوەکان لە بەرزترین پلەدا دەگەن بە خاڵی وەرچەرخان، بۆ ئەوەی تەکنیکەکە باشتر ڕوون بێتەوە: لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەی "خاڵە ڤانیا"دا، کارەکتەری سەرەکی هیچ ئومێدێکی بە خۆشەویستییەکەی، یان گەیشتن بە ئامانج نەماوە. "ڤانیا" ڕوو لە "سۆنیا" دەکات و هەست و سۆزی خۆی لە هەڵچوونێکی بەرچاودا دەردەبڕێت:

کچۆڵەکەم، بارێکی زۆر قورسم کەوتووەتە سەرشان. خۆزگە دەتزانی دڵم چەندە بە ئازارە!

"سۆنیا"ش بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە:

"باشە، ئەدی ئێمە چی بکەین؟ پێویستە بەردەوام بین لە ژین. "وچانێکی کورت". پێویستە بەردەوام بین لە ژین، خاڵە ڤانیا. پێویستە ڕۆژگارەکان، شەوە ناخۆشەکان یەک یەک بەسەر ببەین. دەبێت بە دان بەخۆداگرتنەوە ئەو ئەشکەنجە و ئازارە بچێژین، کە چارەنووس بەسەر ئێمەیدا دەیسەپێنێت. پێویستە کار بۆ خەڵکی دیکە بکەین، ئێستا لە پیرێتیماندا، بواری حەسانەوەمان نابێت..."

دوای ئەوەی "سۆنیا" ڕاستیی ژیانی داهاتووی خۆیان دەخاتەڕوو، باسی ئەو ئومێدە گەورەیە دەکات، کە بە حەسانەوەی ئەبەدی - واتە مەرگ - هەیانە:

"ئەوسا دەحەسێینەوە! گوێمان لە فریشتەکان دەبێت. ئاسمان دەبینین بە ئەستێران داپۆشراوە، هەر لە دانەی گەوهەر دەکەن. دەبینین چۆن خراپەکاریی ئەم دنیایە بە چاکە و کرداری ڕاست، کە تەواوی ئەم سەرزەمینە دەگرێتەوە، ڕادەماڵرێت. ئەوسا ژیانمان هێمن و ئاسوودە و شیرین دەبێت وەکو خۆشەویستی. من باوەڕم وایە... من باوەڕ بەمە دەکەم... کلۆڵی بەستەزمان، خاڵە ڤانیا، ئەوە دەگریت... تۆ هیچ خۆشییەکت لە ژیاندا نەبینیوە، بەڵام چاوەڕوان بە... هاکا حەساینەوە... دەحەسێینەوە... دەحەسێینەوە!"

ئەم نووسینە زۆر جوان و ڕازاوە و بەجێیە، بەڵام هەڵبەت کچێکی وەکو "سۆنیا" ناتوانێت لە حاڵەتێکی ڕاستەقینەی هاوشێوەی ئەمە زمانێکی ئاوا بەکار بێنێت. ڕەوانبێژی و زمانپاراوی سەردەمی پێشتر لە شێوازی نووسینی "چیخەف" بەهێزە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ هەست دەکات ئەم دیالۆگەی "سۆنیا" پەیامێکی

ناڕاستەوخۆی لەخۆ گرتووە، چونکە لەکاتێکدا ئەو ددان بەوەدا دەنێت، کە بڕوای بە خۆشی و کامەرانی ئەبەدی دنیای دوای مردن هەیە، ئێمە هەست دەکەین ئەمە ئەو حەقیقەتە نییە، کە ئەو خۆی بڕوای پێیەتی. "سۆنیا" وێنەی ئەو بەهەشتەی، کە بۆ دنیای دوای مەرگ دروستی دەکات، لە نائومێدییەوە وەکو دوایین هەوڵی بۆ دڵدانەوەی خاڵە "ڤانیا" دێت. ڕێبازی داهێنەرانە و هێزی تازەگەریەتی "چیخەف" سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان لە هاوتەریب نەبوونی، یان جیاوازی نێوان ئەو دیالۆگەیە، کە دەردەبڕێت لەگەڵ ئەوەی، کە لە پشت دیالۆگەوەیە و دەرنابڕێت، بەڵام مرۆڤ هەستی پێ دەکات.

"هارۆڵد پینتەر" لە دوایین دیمەنی بەشی سێیەمی شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"دا حاڵەتێک دێنێتە پێشەوە هاوشێوەی ئەم دیمەنەی شانۆنامەی "خاڵە ڤانیا"یە. "پینتەر" بە ڕادەیەکی زۆرتر پەرە بە حاڵەتی بێ ئومێدیی "مێگ"، کە کارەکتەرێکی ژنە، دەدات سەبارەت بە خۆشەویستییەکەی. کارەکتەرەکانی "پینتەر" هیچ کاتێک بە ڕوونی باسی دۆخەکانیان ناکەن. "مێگ" لە کرۆکەوە دەزانێت، کە "ستانلی" ڕۆیشت، بەڵام ناتوانێت، یان نایەوێت ددانی پێدا بنێت، هەروەها "پیتی" – واتە مێردەکەی – ناتوانێت هەست و بیری خۆی بۆ دڵدانەوەی بە باشی دەربڕێت وەک "سۆنیا" لە شانۆنامەکەی "چیخەف" دەیکات:

مێگ

من لە هەموو ژنەکان جوانتر سەمام دەکرد.

پیتی

بەڕاست؟

مێگ

ئا، بەڵێ. هەموویان وایان دەگوت.

پیتی

منیش باوەڕت پێ دەکەم. تۆ وا بوویت.

مێگ

ئا، بەڕاستی وا بووم.

"وچانێکی کورت"

دەزانم وابووم. (٦)

"مێگ" چوار جار ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە ئەو لە ئاهەنگەکە لە هەموو ژنەکانی دیکە جوانتر سەمای دەکرد، ئەو ئاهەنگە کارەساتئامێزەی، کە تێیدا "ستانلی" واتە ئەو کوڕە کرێچییەی لە میوانخانەکەی "مێگ" دابەزیبوو، فڕێنرا. شتێکی ئاشکرایە، کە "مێگ"، وەک لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت، نایەوێت هیچ شتێک بڵێت دەربارەی ئەو کاریگەرێتییەی، کە بەڕاستی بەسەر ئاهەنگەکەدا جێبەجێی کرد. ئەو هەر هەوڵ دەدات لەسەر ئەو خەیاڵە بەردەوام بێت، کە هەموو شتێک وەک جاران هێمن و بێدەنگە و ئاهەنگەکەیش هیچ کارەساتئامێز نەبوو، بەڵکو ئەو سەرکەوتنە بوو، کە بە ئومێدییەوە بوو. ئەم چوار جار دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکە لەو ڕوانگەیەوە نییە، کە خۆی حەز دەکات هەمان شت دووبارە بکاتەوە. ڕاستی، دووبارەکردنەوەکە بەڵگەی بێ ئومێدبوونە لە هەوڵەکەی، خۆدوورخستنەوەیە لە کارەساتەکە، بۆیە دووبارەکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە خودی دەستەواژەکە و ڕوونی و پچڕپچڕی و ناوەڕۆکەکەی پێوەندی بەو بیرۆکەیەوە هەیە، کە نووسەر دەیەوێت دەری ببڕێت. بە هەمان شێوە، جەختکردنی "پیتی" لەسەر دەستەواژەکە تا ئەو جێگایە شتێکی ڕاستە، کە گوزارشت لە هاوسۆزی و بێ ئومێدیی خۆی و لە سەرووی ئەمانەیشەوە بێ توانایی ئەو – واتە "پیتی" – لە یارمەتیدانی "مێگ" بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ڕاست بزانێت و بچێتە ژێر باریەوە. کەواتە دووبارەکردنەوەکە، دەستەواژەکە لە ناوەڕۆکەکەی دادەچۆڕێت و ئاراستەیەکی پێچەوانە دەبەخشێتە دیالۆگەکە. کاریگەریەتی درامیانەی ئەم جوولە زیرەکانەی ئەو دیالۆگە کورت و ڕێکوپێکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستە پێچەوانەیەی نێوان ئەوەی، کە دەگوترێت لەگەڵ ئەو کرداره سایکۆلۆژی و دەروونییەی، کە دەبێت بە بنچینە بۆ دیالۆگەکە. کەواتە زمان، لەم حاڵەتەدا، پاراوی و ڕەوانی و هێزی ڕوونکەرەوەی خۆی لەدەست دەدات و بە تەواوی لەگەڵ کرداره درامییەکە تێکەڵ دەبێت. هەڵبەت لە دیالۆگی ئاوادا پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان زۆر کەمە، چونکە نە "مێگ" و نە "پیتی" بە ڕاستی یەکدی لەو شتە ئاگادار ناکەنەوە، کە دەیانەوێت دەربببڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دیالۆگی لەم جۆرە وا وەسف بکەین، کە هیچ پێوەندییەکی تێدا نییە، ئەوە دیالۆگەکە مەبەستەکەی بە تەواوی لەدەست دەدات "پینتەر" هیچ کاتێک نەیگوتووە، کە زمان ناتوانێت پێوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان خەڵک دروست بکات، بەڵام بەردەوام سەرنجمان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت، کە مرۆڤ لە ژیاندا بە دەگمەن زمان بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێنێت. ئەو هەڵچوونە تووندوتیژەی، کە لە پشت

قسەکانەوەیە، لە ناوەرۆکی قسەکان گرنگترە. مرۆڤ لە رێگەی هێزی قسەکردنەوە، دەتوانێت پێوەندییە زارەکییەکە، هەروەها کردارەکەش بە قسە دەربڕێت. کەواتە ئەوەی خەڵک لە رێگەی پێوەندییە زارەکییەکەوە بەرانبەر بە یەکدی دەیکەن زۆر جار زیاترە لە ناوەرۆکی دیالۆگەکانیان.

کێشەی زمان بە شێوەیەکی بەرچاو دەرهێنانی شانۆیی سەردەمیشی گۆڕیوە. زۆربەی رێژیسۆرەکان بیرۆکەکانی "ئەنتۆنان ئەرتۆ"یان جێبەجێ کردووە، ئینجا ئەگەر لەژێر کاریگەریەتی شێوەی کارکردنی شانۆی "گێرزی گرۆتۆڤسکی"، شێوازی "پیتەر بروک"، "ژوولیان بێک"، یان "جوودیس مالینا" بن. بەپێی بۆچوونی "ئەرتۆ"، ئەرکی زمان دروستکردنی وێنەی هزری، نموونەی بنچینەیی و دۆزینەوەی قووڵایی دەروونی مرۆڤە. ئەو کەسانەی دوای ئەو دەقە شانۆییانە دەکەون، کە زمانەکانیان شتگەلێک دەردەبڕن، کە ڕوون و ئەشکران، گێل و کاڵفام و دەبەنگن. زمان لە شانۆی "ئەرتۆ"دا زمانێکی ئەفسوونییە، یان زمانی ئاماژەیە، کە تێیدا بیرۆکەکان لە رێگەی وێنە و نیشانەوە دەردەبڕێن. "ئارتۆ" پێی وایە "ئەگەرەکانی تێگەیشتن و گەیاندنی مانا پێوەندیی بە" mise-en-scene"، واتە نواندنی شانۆیی بە هەڵبژاردنی دەوروبەر و رێکخستنی ئەکتەرەکان و کەرەستە شانۆییەکان و دواجار ئەو کەشە شانۆییەی دەیهێنێتە ئاراوە، هەیە، وەک زمانی جووڵە و دەوروبەری شانۆیی"(۷). ئەم بۆچوونەی "ئەرتۆ" بۆ "گرۆتۆڤسکی" مانای لابردنی هەموو شتێکی زیادەیە بە زمانیشەوە. "گرۆتۆڤسکی" جەخت لەسەر هەندێک خەسڵەتی تایبەتی دەکاتەوە لە هونەری شانۆدا و پێی وایە، کە شانۆ وەک فۆرمێکی هونەری لەسەر دوو ڕەگەز بنیات دەنرێت: ئەکتەر و بینەر. لە شانۆدا ئەکتەر و بینەر دەتوانن خۆیان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییانە بکەنەوە، کە خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیانشارنەوە. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا"شانۆیەکی هەژار"، دەنووسێت:" ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لە ڕاستییەکانی خۆمان بدزینەوە، لە کاتێکدا شانۆ هانمان دەدات هەڵوەستە بکەین و وردتر لە خۆمان بڕوانین"(۸). "گرۆتۆڤسکی" بۆ ئەم مەبەستە ڕێبازێکی دەستەبەر کرد، کە ناوی نا"via negetiva" واتە ڕێبازی نێگەتیڤ. بەپێی ئەم ڕێبازە، هەوڵی دا هەر پێکهاتەیەکی شانۆیی، کە بەگشتی پێویست نەبێت، لە شانۆدا لای بدات. لە کتێبەکەیدا "شانۆیەکی هەژار" دەنووسێت: "لە ڕێگەی بەرەبەرە لابردنی هەموو ئەو شتانەی، کە لە شانۆدا پێویست نین، بۆمان دەردەکەوێت، کە شانۆ دەتوانێت بەبێ ماکیاژ، بەبێ جلوبەرگی تایبەت، سینۆگرافیا، بەبێ کەرەستەکانی دەنگ و ڕووناکی... هەڵبکات، بەڵام ناتوانێت بەدەر لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و هەست جووڵێن و نزیکبوونەوەیەکی ڕوحی و دەروونیی نێوان ئەکتەر و بینەر هەڵبکات"(۹). "بروک" بە دوای زمانێکدا دەگەڕێت "زیاتر لە مانای دەقاودەقی وشە ببەخشێت، زمانێک زانیاری زیاتر بئاخنێتە مێشکەوە و قووڵتر بە ناخدا ڕۆبچێت(۱۰).

پەراوێزەکان:

۱- بڕوانە:

http://foucault.info/Foucault-L/archive/msg05391.shtml

۲- بڕوانە:

Jeanett R. Malkin, ?Verbal Violence in Contemporary drama: From Handke to Shepard? Cambridge University Press, 1992

۳- بڕوانە لاپەڕە ۲۵- ۱۵:

Albert.S.Cook, Language and Action in Drama, College English, Vol. 28, No. 1 (Oct., 1966)

٤- لاپەڕە ١٤٩ لە:

ئێسخیلۆس، شانۆنامەی: ئۆرێستێیا، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: خەبات عارف، زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، ٢٠١٢

٥- لاپەڕە ٣-٢ لە:

Lawrence Danson, Tragic Alphabet: Shakespeare's Drama of Language(New Haven: Yale Univ. Press, 1974

٦- بڕوانە لاپەڕە ٣٧٥ لە:

هارۆڵد پینتەر، ئەسانسێرەکە، ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، وەرگێڕانی: عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

۷- بڕوانە لاپەڕە ٤٥ لە:

Artaud, Theater and Its Double, p. 45.

۸- لاپەڕە ۳۷ لە:

Jerzy Grotowski, Towards a Poor Theatre (New York: Simon and Schuster, 1968)

۹- لاپەڕە ۱۹ لە هەمان سەرچاوە.

۱۰- لاپەڕە ٤٤.

Brook, Empty Space, penguin, 2008.

ئەزموونی کارکردنم لە شانۆی منداڵانی کورددا

ڕزگار کەریم سەعید
(بەریتانیا- لەندەن)

(١ - ٢)

لە بواری کارکردنمان لەگەڵ منداڵانی کورددا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ - ١٩٨٥دا بەختمان زۆر ڕەش بوو، هەر لە قوتابخانەی ئامادەیی سەلاحەددینەوە بۆ ناو تیپی نواندنی سلێمانی، پاشانیش لەگەڵ منداڵانی بێ باوک و دایکانی پەروەردەی سلێمانیدا دەبوایە وەک هەر وڵاتێکی پێشکەتووی ئەم جیهانە بەگوێرەی تەمەنەکانی منداڵان کارمان بکردایە، یان ئەوەتا لە شانۆی قوتابخانەوە دەستمان پێ بکردایە، ئەوجا بەرەو شانۆی باوەڕپێکراو ملی ڕێگەمان بگرتایە، بەڵام لەبەر تێکەڵیی تەمەنی جیاواز و بوونی منداڵانێکی زۆری بچکۆلانە و گەورە پێکەوە دەبوایە بە شێوەیەکی دادوەرانە هەموومان بەشداری پێ بکردنایە، بۆیە هەر لە سەرەتای ١٩٧٨ـەوە بڕیارم دا کۆمەڵێک چیرۆکی نووسەرەکان بهێنم و بۆ شانۆیی پلەی ١٠ - ١٢ ساڵانی پۆلی یەکەمی ناوەندی و دووەم ئامادەیان بکەم، پاشان شانۆییەکی دیکە بۆ پلەی ١٢- ١٨ ئامادە بکەین و دواجاریش شانۆییەکی گەورەکان پێشکەش بکەین. لە ڕۆژئاوا چۆن کار دەکەن؟! ڕێکخراوی دراما و هەندێک پرۆفیسۆری ئافرەتان هەن کە پسپۆڕی شانۆی منداڵانی تەمەن ٢-٦ ساڵانن و لە زانکۆکانی جیهاندا وانە دەڵێنەوە و بۆ کاری وۆرک شۆپ دەچنە ئەفریقیا و ئاسیا و لە منداڵانی زۆر وردیلەوە دەست پێ دەکەن. وەک باخچەی ساوایان و ئەمە کارەکەیانە.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک پسپۆڕی ناوداری ئەمەریکی و بەریتانی هەن کە تەنیا کار لەگەڵ قوتابخانە ناوەندییەکاندا دەکەن کە لە تەمەنی ١٠-١٦ ساڵانەوەن، بە هەمان شێوە هەندێک دەزگای تایبەتی هەن کە تەنیا کار لەگەڵ لاواندا دەکەن کە لە ١٤-١٨ساڵی دەگرێتەوە و بەشانۆی لاوان ناوزەدی دەکەن. بەختە ڕەشەکەی ئێمە ئەوە بوو کە دەبوایە لەگەڵ منداڵان و لاوانی ٣-١٨ کارمان بکردایە و بواری هەموویانمان بدایە، بۆیە زۆر جار ناچار دەبووم دەستکاری تێکستەکە بکەم تا بواری کارەکە ئاسان و ڕۆڵە ئاساییەکانی بۆ منداڵانی وردیلە شی بکەمەوە. بەهەمان شێوە لە بەریتانیا هەموو ئەو قوتابخانە

کوردییانەی کە وانەی درامام تێدا دەگوتەوە تێکەڵوپێکەڵ بوون، لە منداڵی ٣ ساڵەنەوە تا لاوی ١٨ ساڵی تێدابوو. کێشەکەش لەوەدایە کە هەفتەی یەک ڕۆژە و نازانی چۆن دەست پێ بکەیت. نازانیت قسە بۆ وردیلەکان بکەیت، یان هەرزەکارەکان ئەمەش وای دەکرد بەهۆی منداڵە وردیلەکانەوە هەردەم لە وۆرک شۆپەکان و جێبەجێ کردنی پلەکانی پرۆژەی ئەو ڕۆژەدا دوا بکەوین، پاش ماوەیەکی دوورودرێژ بیرم لەوە کردەوە کە هەندێک هەرزەکاری ١٦ ساڵی جیابکەمەوە و منداڵە وردیلەکانیان بدەمە دەست تا ئەوان کۆنترۆڵی بارەکە بکەن، بەڵام شتی وا سەیریان دەکرد تەنانەت لاوە هەرزەکارەکانیش کۆنترۆڵیان بۆ نەدەکرا.

لە یەکێک لەو دیمەنانەدا لاوێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و ژیر ڕۆڵی مامۆستای پۆلێکی دەبینی، زۆربەی منداڵەکانیش لە نێوان ٣ - ١٦ ساڵیدا بوون، لەپڕ منداڵێکی ٣ ساڵانە لە گەرمەی باسێکی گرنگدا، یان جڕتێکی لێ دەدا، یان بەبێ پرس دەیگوت دەچم بۆ سەرئاو، یان هەر لەخۆیەوە دەچوو دارەکەی لە مامۆستاکە دەسەند و یاری پێ دەکرد. کە هەمووپانی تووشی سەرسامی و بێ دەنگی دەکرد، یان منداڵێک لەپڕ دەگریا و بانگی دایکی دەکرد، یان پەرداخە ئاویان دەڕشت، یان کارەبای سەر شانۆکەیان دەکوژاندەوە، بەم جۆرە هەرجارەی تووشی شۆکێکیان دەکردین. سیستمی قوتابخانەکەش وەها بوو کە دەوڵەت بەمەرجێک پارە دەدات بەو قوتابخانانە کە هەموو منداڵێکی کورد بەیەکسانی بەشداری چالاکییەکان بکات. بۆ منیش ئەمە ئاسان نەبوو، جارێک دەبوایە ئەو ڕۆژە دوو کاتژمێر و نیو لە پاسدا بوومایە تا دەگەیشتمە شارەکە، لە ناو شاریش یەک کاتژمێرم دەڕۆیشت تا دەگەیشتمە قوتابخانەکە و لە کاتی ١١ تا ٢ قوتابخانە هەبوو یەک کاتژمێری بۆ نانی نیوەڕۆ دانرابوو. دوو کاتژمێری دەمایەوە کە دەمویست ئەو منداڵ و لاوانەی لە تەمەنی ١٢-١٦دان گەشە بکەن و بەرەو پێشەوە بڕۆن و شتی نوێ بڵێمەوە، بەڵام کێشەکانی وردیلەکان بواری نەدەدا، لە کاتێکدا یەکێک لە مەرجەکانی من ئەوە بوو کە دەبێت هەموو باوکان و دایکان و مامۆستاکانی زمانەکانی دیکە لە هۆڵەکەدا بن بە بینەر و چاودێر و شاهێدی وۆرک شۆپەکە، لەبەر زۆر مەسەلەی تایبەتی لەوانە، ئەگەر باوک و دایک لەوێ نەبن لەوانەیە منداڵەکە شوولێ لێ هەڵکێشێ و کارەکان تێک بداتەوە، چونکە سیستمی بریتانی لە سیستمی کوردستان جیاوازە، منداڵ کە تووشی بێ تاقەتی بوو هیچ هێزێک نییە وەهای لێبکات گوێ لە مامۆستا بگرێت و دەچێتە ناو دنیای خۆیەوە، تاکە شتێک کە بەختەوەری دەکردم ئەوە بوو کە بەزمانی ئینگلیزی وۆرک شۆپەکەم دەگوتەوە، منداڵەکان داوایان دەکرد بەکوردی بێت تا زیاتر سوود لە زمانی کوردیش وەربگرن. زۆر جار مەوجەکەم دەگۆڕی بۆ ئینگلیزی و خۆم لە یاد دەکرد، لەپڕ منداڵێک بەئاگای دەهێنامەوە و دەهاتمەوە سەر کوردییەکە. کێشەیەکی دیکەیش ئەوە بوو کە (مادەی تایبەتی) لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا بریتی بوون لە: زانست، جێم، میوزیک، هونەری وێنەکێشان و دراما کە ئەگەر لە قوتابخانەیەکدا مامۆستای دراما نەبێت، ئەوە (مادەی تایبەتی) ئەو هەفتەیە لەو وانانەی سەرەوەدا کەسێکی دیکە دەیگوتەوە. سەیر لەوەدابوو کە تەماشای قوتابخانە ئینگلیزی و کوردییەکەم دەکرد، کوردییەکە بەختێکی باشتریان هەبوو، لەبەر ئەوەی یەکێک لە باوکی منداڵەکان خۆی میوزیکژەن بوو، منیش سۆلفیج و گۆرانیم تێدەکرد لەگەڵ دراماکەدا و بەسوودی ئەوان دەگەڕایەوە، بێجگە لە وەرزشی شانۆیی و بۆدی تەکنیک کە دەبووە وۆرک شۆپێکی سێ وانەیی لە یەک ڕۆژدا، بۆیە لەهەر شۆێنێک وانەی درامام گوتبێتەوە دەوڵەت بێ کێشە پارەی گرانتەکەیانی دەدا. دەوڵەت وەهایان دەزانی کە من بە پارە وانەی دراما دەڵێمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ٢٠ ساڵی کارکردنمدا لە لەندەن و بۆرمۆس و ئۆکسفۆرد هیچ ڕۆژێک بە پارە وانەم نەدەگوتەوە تەنیا نووستن و هاتوچۆکردن و خواردنەکەم بۆ دەدرا، ئەویش لوتفی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەبوو کە لەمالی خۆی دەیهێشتمەوە و خزمەتێکی زۆر بەرز و بێ پایانیان بۆ دەکردم.

کێشەیەکی دیکەی قوتابخانە کوردییەکانی ئەوروپا ئەوە بوو کە نە گوناحی منداڵانی تێدا بوو نە بەندە، ئەویش شەڕوشۆڕی ناو بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە و ئەندامانی کۆمیتەکە بوو، واتە کێشەی گەورەکان بوو لەسەر مەسەلەی سیاسی و ململانەی حزبەکانی کوردستان و کێشەی چۆنیەتی سەرف کردنی پارە بۆ کۆمیتەکە و لەپڕ دوو منداڵی زۆر ژیر و زیرەک دیارنەدەمان هەفتەیەک پێیان ڕادەگەیاندم کە چوون بۆ دیدەنی کەسوکاریان، هەفتەیەک دەیانگوت دایکیان لە خەستەخانەیە، تا وای لێ دەهات گومانەکەم زیاتر دەبوو، نەمدەویست ڕەنجی ئەو چەند مانگەم بەفیڕۆ بڕوات و داوام دەکرد کە بزانم چی ڕووی داوە؟ دەیانگوت باوک و دایکی لەسەر کێشەی بیروباوەڕی سیاسی و کۆمیتە و بەڕێوەبردنی ناو کۆمیتە بڕیاریان داوە کە چیدی منداڵەکانیان نەهێنن کە زیاتر داوای ڕوونکردنەوەم دەکرد چیرۆکی وەها بێ مانایان بۆ دەگێڕامەوە لەسەر دابەشکردنی پارە و مینحەی دەوڵەت قێزم لە هەڵسوکەوتی هەندێک کورد دەهاتەوە کە چۆن ئەو منداڵانەیان دەکردە قوربانی قۆڕیاتی گەورەکان و کێشەی شەڕوشۆڕی تایبەتی. تا زۆر جار دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە ناوچەکەدا دوو قوتابخانەی لێ دەکەوتەوە، هەر وەک حزب حزبێنەکانی کوردستان و کێشەکانیان منیش ڕاهاتبووم لە ئەزموونی خۆمەوە دەمگوت: من مامۆستای

درامام بەهیچ شێوەیە نابمە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخراوەکەتان و بەهیچ شێوەیەکیش هەقم نییە بەسەر پارە و مینحەی دەوڵەت و گرانتەکانتانەوە و تەنیا ئاواتی من ئەوەیە، ئەگەر توانرا پارەی فیلمێکی کورت، یان شانۆییەک لە دەوڵەت وەربگرن تا بتوانین بۆ لاوەکان و منداڵەکان فیلمێکی پێ بکەین. هیچ کات ئەو ئاواتەم لە ٢٠ ساڵی خزمەت کردندا نەدەهاتە دی و بەناچاری وازم لە قوتابخانەکە دەهێنا. ئەوە پرکردنەوەی فۆرم و ناردنی پرۆپۆزەڵە دوورودرێژەکان واز لێ بێنن، کە هەموو پشووی هەفتەی بە ١٠ کاتژمێر و ٢٠ کاتژمێر کارم تێدا دەکردن و دەکەوتنە ڕووبارەکەی بەغداوە!! بە ڕاستی مایەی پێکەنینە، ئەم بارودۆخەی کوردی تێکەوتووە چ لە کوردستان و چ لەدەرەوەی وڵات. زۆر دەوڵەت هەن کە توانیویانە ئەم کێشانەیان کۆنترۆڵ بکەن، لەوانەش نەرویژ بە پلەی یەکەم، کە هیچ کات بەخۆڕا پارە نادەن بەهیچ کۆمەڵ و دەزگایەک تا دڵنیا نەبن لەوەی لە خزمەتکردنی کەڵچەری کوردیدا بەکار دەهێنرێت.

یەکێک لەو جوانییانەی دیکە کە لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا هەمانبوو هەموو ساڵێک وەها باوە کە هەر(گرەیدێک) واتە هەر پلەیەکی خوێندن دەبێت (شانۆیی کلاس) ی خۆی پێشکەش بکات، بە مەرجێک سێ مامۆستا دایبنێن و قوتابییەکان لە ڕۆژی (ئەسێمبلیدا) پێشکەشی بکەن، کە مەبەستەکەی بۆ خۆشگوزەرانی ڕازی کردنی کەسوکارەکانیان دەبوو، یان بۆ مەسەلەی پەروەردە دەکرا. ئەو دوو سوودەی هەبوو کە ئیمکانیاتێکی باشی تێدا سەرف دەکرا، بەڵام لای ئێمە هەر دوو مانگ جارێک سێ شانۆیی بۆ کەسوکارەکان و هەندێک لە فەرمانبەرانی شارەوانی و خوێندن و پەروردە پێشکەش دەکرا، کە ئێمە تەنیا یەک کلاسی دراماماں هەبوو کە لە سێ کلاسی تەمەن ٣-٦ ساڵی و ٧-١٢ ساڵی ١٣-١٨ ساڵی پێکهاتبوو کە تێکەڵمان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو مانگدا زیاتر لە چوار گرووپ کە منداڵەکان خۆیان هەڵیان دەبژارد ٨ شانۆیی (ئیمپرۆفایزەیشن) لەلایەن منداڵەکانەوە پێشکەش دەکرا، لەناو وۆرک شۆپەکاندا بەدزییەوە پرسیارم لە منداڵەکان دەکرد کە ئایا حەزیان بە چ وانەیەکە لە قوتابخانەکەدا هەموویان دەیانگوت: دراما لە بەریتانیاشدا لە هەموو وانەکانی دیکە زیاتر منداڵان و لاوان هەر حەزیان بە دراماکە دەکرد بە پلەیەکی باش و بێ خۆدزینەوە هەردەم لەوێ ئامادە دەبوون تا کاتی ڕۆژی پێشکەش کردنی (شانۆیی کلاس)ەکەیان.

دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ٢٩ ساڵی ڕابردوو، شاری سلێمانی و هەندێک تێبینی ورد لەسەر چۆنیەتی کارکردنم لەگەڵ منداڵان تۆمار بکەم، پێش ئەوەی بەرەو بیرۆکەکە بچم. کاتێک بواری ئەوەم بۆ ڕەخسا کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بخوێنم، زۆر شتی جوان و ناسک فێر بووم، باوەڕم بەوە نەبوو کە هەندێک دەرهێنەر دەیانگوت: نهێنییەکانی پسپۆڕی خۆت (سر المهنه) بەکەس نەڵێیتەوە. حەز ناکەم باسی کەس بکەم ئەم وشە ناقۆڵایەم لەو هونەرمەندانە دەبیست کە هیچ ڕۆژێک پەیمانگە، یان ئەکادیمیایەکیان تەواو نەکردبوو، هیچیان بەخەڵک نەدەگوتەوە و لای خۆیان دەیانشاردەوە. بەندە وەها نەبووم بڕیارم دا هەرچی لە ئەکادیمیا فێری دەبم بە(خۆڕایی) بە قوتابییەکانی بڵێمەوە. لەبەر ئەوە هەموو ڕۆژێک لە پرۆڤەدا باسی مەسەلەیەکی ئەکادیمیم بۆ بەشداران دەکرد، چ قوتابییەکانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان (کە بە وردی هەڵم بژاردبوون)، چ منداڵەکانی خۆمان، کاتێک بیرم لە پرۆژەی (منداڵە بچکۆلانەکە و گەشتی چارەنووس- شازادەی بچکۆلانە) کردەوە، لەگەڵ مامۆستا (کاوەی ئەحمەد میرزا)دا باس کرد، کە زۆر یارمەتیدەر بوو، یەکێک لە مەرجەکانم ئەوە بوو کە دەبێت هەندێک ئەکتەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەک میوان بهێنم، کە خۆم دەیانناسم و بەرپرسیار دەبم بەرانبەر کەفالەت کردنیان، خوا هەڵناگرێت بیرەکەی بەهەند وەرگرتم و سەرپشکی کردم کە دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە سەدا ٤٠ ی ئەکتەرەکان لە ناو تیپی نواندنی سلێمانیدا بن، من گوتم مەحاڵە ئەو وۆرک شۆپانەیان نییە کە من دەیکەم، نیازی (ستۆدیۆی ئەکتەر) م هەیە، کە ئەوان بەرگەی ناگرن. ئەوە بوو لە سەدا ١٥ی ئەکتەرەکانی تیپم بەکارهێنا کە ئەوانیش (کاک کاوەی ئەحمەد میرزا و ئەریوانی عومەر دەوڵەتی شەهید و کەریم عوسمان و خۆم) بوون و لەسەدا ٨٥ ی ئەکتەرەکانم لە دەرەوە هێنا. چیرۆکی کەریم عوسمان لە ٣ ڕۆژ پێش شانۆییەکە هاتە ئاراوە کە دوو ئەکتەری پەیمانگە وازیان هێنا، ئینجا خۆم و کەریم عوسمان هاتینە ناوەوە کە ئیتر چارمان ناچار بوو، دواتر هەموو ئەکتەرەکانم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەوە هێنا، لای زۆر کەس سەیر بوو تیپی نواندنی سلێمانی شانۆیی منداڵانی باوەڕپێکراو(محترف) دەکات، نەیاندەزانی چی ڕوودەدات، پشتیوانی من کاوەی ئەحمەد میرزا بوو کە بە عیشقەوە ڕووی لەکارەکە کرد، تەنانەت دیکۆر و ڕەنگ و بۆیە و نیگارەکانیشم دا بە (عەلی مەندەلاوی) ئەو کاتانە ئاسان نەبوو کەسێکی وەک (عەلی مەندەلاوی) لە بەغداوە بهێنیت بۆ سلێمانی، بەر لەساڵێک بەهۆی (مەحموود زامدار)ی هێژاوە عەلی مەندەلاوی-مان تێگەیاندبوو کە هەردەم مەحموود دەیگوت ئەم هەتیمە شتێکی عەجایبی بەدەستەوەیە، بە خودای دەچێتە میژووەوە. مەحموود زامدار شانۆییەکەی وەرگێڕا و هونراوەکانیشی بۆ دانا، لەگەڵ مامۆستا (ولیەم یۆحەننا) ڕێک کەوتبووم بەر لە ساڵێک

که یارمەتیم بدات ئەو سەپۆرت و پشتگیری تەواوی کردم و گوتی: سەماکان بدەرە کاک(ئەنوەر قەرەداغی) و با دوو هۆنراوەش ئەو ئاوازی بۆ دابنێت. گوتم: مامۆستا گیان ئیشی ئەکادیمی و باوەڕپێکراوی من ئەوەیە کە هەموان وەک بەریتانیا و ئەمەریکا کاری خۆیان وەرگرن. باوی دیکتاتۆریەتی دەرهێنەر نامێنێت، من ئەو دیکتاتۆریەتەی کە لە شانۆی کوردیدا هەیە تیرۆر دەکەم. کێت پێ باشە با ئاوازەکانی دابنێ. ئەوە بوو خۆم داوام کرد، ئەگەر مامۆستا (سەلاح ڕەووف) بەشداری بکات خۆشحاڵ دەبم، چونکە زۆر بەختەوەر بووم بە کارەکانی تیپی میوزیکی پیرەمێرد، هەر بۆیەش لە ناو تیپی پیرەمێرد (گۆران عارف)م هەڵبژارد کە لەگەڵمدا بێت. شتێکی زۆر خۆشی کاوەی ئەحمەد میرزا دەگێڕمەوە کە (عەلی مەندەلاوی) بە ئامێری نوێ و کەلوپەلی تازەی جیهانییەوە ئیشەکانی دەکرد، گوێم لێ بوو بە(سەلاح باڵا بەرز)ی دەگوت: کاکە هەمووی بە مەکینە دەکات بڕین و بۆیە و دیزاین و هەموو شتەکانی مەکینەیە. بەم قسەیە زۆر سەیرم دەهات، بەڵام نەمدەویست هیچ شتێک بڵێم. ئێمە فێری چەکوش و بزمار و فڵچەی بۆیە بووین بە ڕێگە کلاسیکییەکەی و (عەلی مەندەلاوی) بە ئامێری نوێی ئەوروپی کاری دەکرد، پێیان سەیر بوو. لە تیپی نواندن کارمان دەکرد مێژووی شانۆ و ئەدەبی شانۆ و چیرۆکە خۆشەکانی مێژووی منداڵانی جیهان و ڕووناکی و میکیاژ و دەنگ و سۆلفێژ و وەرزشی شانۆ و ئەلفا بێتای ئەکتەرم بە منداڵان و قوتابییەکانی هونەر دەگوتەوە. چۆن ئەکتەر ڕادەوەستێت، چۆن جوگرافیای شانۆ بەکار دەهێنێت و هەندێک جار منداڵێکم دەدایە دەست قوتابییەکانی پەیمانگەوە وەک تیپ لیدەرێک و ئەوان پرۆژەیان پێ دەکردن. ئەو کاتانە قوتابییەکانی پەیمانگە تێنەدەگەیشتن کە بۆچی دەیانکەم بە سەرۆکی تیمێک و منداڵەکانیان دەدەمە دەست. ئێستا هەست دەکەم لە بەریتانیاوە یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی هەر کارێکی شانۆیی. لای منێکی کورد تەنیا ئەوە بوو کە بوار بڕەخسێنیت بۆ هەر یەک لەو زاتانە و بەس تا ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، نەمدەزانی کە لە دواییدا لە ئەوروپا دەبێتە وۆرک شۆپێکی مەزن.

لای بەندە تەنیا ڕێزلێنان بوو بەو قوتابییانە کە هەست بکەن (هەن و بوونیان هەیە و ڕێز لە تواناییان دەگیرێت). دوای ئەوەی ڕاهێنانی تاکی ئەکتەرمان تەواو دەکرد، دەستم دەکرد بە ڕاهێنانی ئەکتەرێک لەگەڵ دووان، یان سیاندا، پاشان تێکەڵم دەکردن بە منداڵەکان، باوەڕ ناکەم ئەکتەرێکی ئەماتۆری بەناوبانگی کورد ڕازی بوایە بەرانبەر منداڵێک ئەوە بکات، بەڵام قوتابییەکانی پەیمانگە دەیانکرد و دەبوونە هاندەری منداڵەکانیش، بۆیە منداڵەکان هەستیان دەکرد بوونیان هەیە، ڕێزیان لێ دەگیرێت و جیاوازی لە نێوان قوتابییەکی پەیمانگە و ئەواندا نییە، بۆیە پێشبڕکێیی کێ باشە دروست دەبوو، کە کێ لەوی دیکە چاکتر بێت، بۆیە هەر زوو هەندێک کارەکتەر و ئەکتەرم جێگۆڕکێ پێکرد و زۆریش لەسەرم کەوت. بۆ نموونە عەباس بۆسکانی ڕۆڵی مارەکەی دەبینی پاش دوو هەفتە تەماشام کرد ئەم منداڵە ١٣ سالانەیە زۆر لەوە چالاکترە کە ڕۆڵێکی وەها بچووک ببینێت، ڕۆڵی شازادەکەم پێدا و ئەو منداڵەی دیکەم لابرد کە بووە هۆی لێپرسینەوەی تیپ بەرانبەرم، پاشان لە تیپدا نامەی (ناڕەزایی و سزا)م پێ درا. هۆکارەکانی لابردنی منداڵی یەکەم زۆر بوون، برای هاوڕێیەکی میوزیک ژەنی خۆم بوو، دەبوایە دەبڵ کاست بوونایە، بەڵام ئەو لە ڕووی نواندن و بەهرە و تواناییەوە دەرەقەتی (عەباس بۆسکانی) نەدەهات، ناچار بووم کە ئەو موجازەفەیە نەکەم ڕۆژێکی بەهێز و ڕۆژێکی خراپ پێشکەش بکەم، خۆم لەوە پاراست و ئیزنم دا و تا ئەمڕۆ لێی پەشیمانیش نیم. هەر ئەو ئینزارەی تیپیش وەهای کرد کە بە یەکجاری واز لە تیپ بهێنم و بۆ سالی داهاتوو بڕۆم بۆ لای منداڵە بێ باوک و دایکەکان. لەگەڵ منداڵەکاندا هەوڵمان دەدا دەنگی باوبۆران و ئاژەڵان و دەریا و هەموو کاریگەرییە تایبەتییەکان خۆمان بیکەین، هەرچی لە دکتۆر(سەلاح قەسەب و عەونی کەرومی)یەوە فێر دەبووم یەکسەر لە ستۆدیۆی ئەکتەردا بەوانم دەگوتەوە. بۆ یەکەم جار کە دەستمان کردە خوێندنەوەی تێکستەکە ڕێبازێکی تازەم لە تیپدا بەکارهێنا کە لەوەوپێش ڕەچاوی نەکرابوو، ئەویش بە پێوە تێکستەکان بخوێنرێتەوە و ئەکتەرەکان سەرپشک بن (لاشعوری) بجوڵێنەوە و لەکاتی خوێندنەوەکاندا لە بری لە چوار دەوری میزێک گرد بینەوە و بیخوێنینەوە، هەموو شتەکانم وەک یارییەک بۆ منداڵەکان دادەنا، پاشان کە دیمەنەکانمان جیاکردەوە کارەکان بە سانایی ملی ڕێگەی خۆیان دەگرتە بەر. بۆ سالی دووەم کە بۆ منداڵەکانی پەروەردەی بێ باوک و دایکەکان پرۆژەی (بەلەمی ئەفسوناوی)مان دەکرد، لەبەر ئەوەی (کات و شوێن) مالەکەی خۆیان بوو، منداڵەکان زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی من و کاک (یاسینی حاجی قادریان) دەکرد تا بگەینە ناو هۆڵەکە. یەکێک لە کارە جوانەکانی ئەوێ ئەوە بوو باخچەی تێدا بوو کە یاریکردنیشمان لە پشووەکاندا بۆ منداڵەکان زیاد کرد کە خۆشمان بەشداریمان لە یاری فۆلکلۆری کوردی و چالاکی کەڵچەریدا دەکرد، ئەمەش وەهای کرد ئەو منداڵانەی کە ژیر و چالاک بوون بەشداربیان لە کاری بۆیەکردن و دیکۆر و ئێکسسواردا پێ بکەم کە لە ئەوروپا بە (Fun with Stage Craft) بە ناوبانگە کە من ئەو کاتانە ئەوەم نەدەزانی تەنیا دەمزانی بەشداری پێکردنیان لە کارە تەکنیکی و

هونەرییەکاندا زۆر پێویستن.

منداڵ کاتێک دەست دەداتە فلّچە و بۆیە ئیتر ڕوحی گەورەکان دەبات و چاودێری کارەسات و مەرگەساتێکی لێ دەکرێت، بەڵام ئەو منداڵانە هەرچییەکمان پێ دەگوتن بە چاکی ئەنجامیان دەدا. من زۆر سەرسام بووم بە دوو برا (هاوار و هاوڕێ مستەفا)ی برای زۆر ژیر بوون لە چەکوش بەکارهێنان و بزمار لێدان و جانفاز دروست کردن و چوارچێوە و بۆیەدا. ئەمەش هەروەها (باکۆ ئەحمەد و گۆران عارف و نەژاد عبدول...تاد)ی دەگرتەوە، کە لەگەڵ ئەمانەدا (فەلاح عیزەددین)یش لاسایی دەکردنەوە و شتی زۆر سەیروسەمەرەیان دەکرد، ئەمەشم لە لای خۆمەوە وەرنەگرتبوو تا خەڵکی بڵێن ئەم براەرە ژیر بووە، نا لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا خوێندبوومەوە کە وێنەکێشێکی جیهانی لە وێنەی منداڵانەوە شتەکانی دروست دەکرد و زۆر بەناوبانگ بوو، کاتێک لێیان پرسیبوو کە ئەفسوونی کارەکانی چییە؟ گوتبووی لە وێنە شقڵ و پقڵییەکانی منداڵانەوە فێر بووە وا وێنە بکێشیت. منیش ئەمەم لە وۆرک شۆپەکاندا بەهەند وەرگرتبوو و باوەڕی تەواوم بە منداڵەکان هەبوو کە شتی باش دەکەن. دەبێت لێرەدا ئەوەش بڵێم کە: سۆز و خۆشەویستی هونەرمەند (عومەر ڕەسوڵ و یاسینی حاجی قادر و عومەری کەریم ئاغا و نەوزاد باراوی و دانا سەعید و هونەرمەند هاودەم سالح جاف - کە ئاوازەکانی پێڵاوی سووری هەموو دانا) بۆ منداڵەکان هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی وەک تاکێک لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی هەست بە بوونی خۆیان بکەن و هاندەربن بۆیان تا هەرچییەکی بیکەن بە تەواوی هەست بەخۆ بوون بکەن. ئێمە پەرورەد شوناس و هونەرمەند و باوک و دایک و برا گەورە و هاوڕێی ئەو منداڵانە بووین، خۆزگە کەسێکیش هەبووایە لە ژیانی منداڵی منداڵ ئاوا یارمەتی بدامایە. لێرەدا بیرێکی شێتانە بە میشکمدا هاتووە حەز دەکەم لێرەدا بیڵێم: ئەگەر ئەو ڕێچکە و یاسا و پەیڕەوانەی کە ئێمە دەمانکرد لە کوردستاندا لە سالانی سەرەتای هەشتاکاندا هەڵبگیرایە و بهێنرایەتە ولاتێکی پێشکەوتووی وەک بەریتانیاوە، سەد دەر سەد ئەو منداڵانە هیچیان لە ئەکتەرێکی منداڵی وەک: مالکۆڵم کۆلکین، یان ئێدوارد فۆرلێن، یان هەر کەسێکی ناوداری دیکەی ناو هۆلیوود کەمتر نەدەبوو، بەڵام ئەفسووس ئێمە لە کوردستاندا بووین!!!

منداڵێکم لا بوو ناوی (فەلاح عیزەددین) بوو، ناسیاوێکی خۆشەویستی خێزانەکەمان بوو، هەستام ئەزموونێکی شێتانەم لەگەڵدا ئەنجام دا، ئەوی منداڵیکی شەرمن بوو، بێ باوک و بێ ناز بوو، لە قوتابخانەی عەرەبی بوو، زمانی کوردیشی نەدەزانی بخوێنێتەوە. ڕۆڵی مێرووڵەیەکی ساکاری لە بەلەمی ئەفسوونایدا بینی، بڕیارم دا ساڵی داهاتوو ١٩٨٤ ڕۆڵی سەرەکی لە (پێڵاوی سوور) ی هانز کریستیان ئەندرسندا بدەمێ. ئەم کارە ئەزموونگەرییەم لای کەس باس نەکرد، چونکە دەمزانی لەوانەیە ڕێگرم بۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوەی دوو کاری زۆر سەرکەوتوومان ئەنجام دابوو، نەماندەویست شتێکی خراپ بکەین. ئەم منداڵە پێویستی بە سۆزی باوکایەتی و ڕێزلێنان و ئاگاداری بوو، دەشمزانی کە دایکی دەیگوت: نازانێ دەسکێ کەوەر لە بازاڕ بکڕێت و زۆر شەرمنە، ئەو هاوینەی شانۆیی بەلەمی ئەفسوونەاوی چاوی کرایەوە و لەناو ئەکتەرەکانی ناو پەیمانگە و منداڵەکاندا خەریک بوو قسەی خۆشی دەکرد و باوەڕی بەخۆی پەیدا کرد، یەکێ لەو هۆیانەی کە پێش ساڵێک بڕیارم دا ئەو ڕۆڵە گەورەیەی بدەمێ کە من هێشتا خەریکی ئامادە کردن و بەکوردی کردنی دەقەکە بووم، ئەوە بوو کە خزمێکی خۆم بوو، کێشەم لەگەڵ کەسوکاریدا بۆ دروست نەدەبوو، پاشان هانم دا، ئەگەر فێری کوردی ببێت ئەوسا ڕۆڵێکی گەورەی دەدەمێ، پاشان پلانمان دانا کە من بە کاسێت کوردی بۆ تۆمار بکەم و هەر جارێک لە بەغدا هاتمەوە تاقیکردنەوەی بۆ بکەم، پاشان دەستمان کرد بە نووسینی ئەلف و بێی کوردی و ورده ورده فێربوو کوردی بنووسێت و بخوێنێتەوە، پاش ١٠ مانگ بەتەواوی فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بوو. لەم کاتەدا دەقەکە ئامادە بوو، هەر هەموویم بۆ بەدەنگی خۆم تۆمار کرد، پاشان کە هاوینی ١٩٨٤ هات و دەستمان کرد بە پرۆڤە، هیچ کەس ناڕەزایی دەرنەبڕی، چونکە ئەو لە کارەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بوو. خۆشحاڵییەکە لەوەدا بوو داده (خوشکە گەزیزە) و (دادەتریفە جەمال) گرنگییەکی تایبەتییان پێ دەدا و ئاگاداریان دەکرد. (خوشکە گەزیزە) بۆ ئێمە بەرەکەت و نیعمەتێک بوو کە تەنیا بوونی ئەو لە ناو دراما تەلەڤزیۆنییەکەدا خۆی لە خۆیدا بۆ منداڵەکان زۆر زۆر بوو. بڕیارمان دا کە ئەم کارەیان بۆ تەلەڤزیۆن بێت، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو من ئەکادیمیام تەواو دەکرد و دەبوایە بڕۆم بۆ سەربازی، یان دەرەوە و شاخ کە ئەوی دووەمیانم هەڵبژاردبوو. کێشەیەکی کە هەمان بوو هاتوچۆ بوو لەو بارودۆخ و قڵێشانەوانەی سلێمانیدا، هەستاین پاسێکمان بە کرێ گرت کە هەموو منداڵەکان کۆ بکاتەوە و بیانهێنێت بۆ جێگای پرۆڤە و هەموشیان بەرێتەوە ماڵەوە، تا لە کێشەی گیروگرفتی قڵێشانەوە و تەقە و نائاسایی بوونی شار ڕزگارمان بێت.

تەنیا داخێک کە تا ئێستاش لەدڵمایە و تا ئەمڕۆیش من ئەو کارەم لە تەلەڤزیۆندا نەبینیوە، کە لە شاخ بووم ئاگادار بووم کە بە چوار ئەڵقە پەخش کرابوو. خۆشبەختانە دەرهێنەرە تەلەڤزیۆنییەکەی کۆرێکی کوردی سووری بوو کە لە ئەکادیمیا ماجستێری دەخوێند ناوی (سەلمان) بوو، لەگەڵ پەکەکەدا هاوەڵ بوو، ئەو یارمەتی باشی داین، کە بەو

شێوەیەی خۆمان دەمانەوێت کارەکە دەربهێنین. دوای ئەم کـــارە بە پەلە ٥ شـــانۆگـــەریمان بۆ ڕادیۆی منداڵان لە قـوتابخـانەکـانی سلێـمـانی تۆمـار کـرد، هەر شـانۆیی یەکێکمان دەرمـان دەهێنا و دیسـانەوە ئەو هاوینە هەمـوو منداڵەکانمان لە کۆڵان و بێ تاقەتی ناو ماڵەوە ڕزگار کرد، دەمزانی کە دەبێت سـاڵی ١٩٩٥ ئیـتـر بەرەو شـاخ بڕۆم و کۆتایی بەو شادی و خۆشییە بێت کە لەگەڵ منداڵانی شارە ئازیزەکەمدا بردمە سەر، بەڵام بەداخەوە تـا ئێستاش پارەی ئەو ٦ تەمـسـیلییـە ڕادیۆیانەمـان وەرنەگرت، چونکە من چوومـە دەرەوە و لە سـاڵی ٢٠٠٣ لە لەندەن بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی بەغدام بینییەوە گوتی: کە پارەکەمان داوە بە (عەباس زەنگنە) و ئەو وەریگرتووە. ئەو گوتی ئێمە پارەی بەشی کـوردیمان هەردەم دەدا بە بەشی کـوردی و پارەکـەت وەرگیراوە و خوراوە.

هەمـوو شـتێکی جـوان و ناسک بە بیـرۆکـەیەک لەدایک دەبێت، بیـرۆکە و چیـرۆک بنەمای درامایەکی سـەرکەوتوو دەبن، بەر لە ٢٨ سـاڵ لەمەوبـەر ئەوەم دەسـتنیشـان کردبوو کە لە داسـتان و ئەفسـانەکانی کوردەوە دەتوانرێت شـانۆیی منداڵانەی ناسک و جوان بنووسرێتەوە. هەر لەو دەمـەدا لە ئەکـادیمیـای بەغـدا بۆ یەکـەم جار بیسـتم کـە (نووسـەری دەرهێنەر) یەکێکە لە ڕێچکە باشەکانی پێشکەش کردنی کـــارێکـی داهێنـارانە. وەرک شـــۆپەکـــان و کـــارە ئەزموونگەرییـەکـانی ٢٠ سـاڵی ڕابردوو سـەلماندوویانە کە منداڵان و لاوان خەیاڵێکی فراوانیان هەیە، ئەگەر ڕێزیان لێ بگیـرێت و بواریان بدرێت کە بیر و چیـرۆکی خۆیان بە کۆمـەڵ بنووسـنەوە کـاری چاک و جـوان دەکەن. جـارێکیـان داوام لە منداڵەکان و لاوەکان کرد کە بچنەوە ماڵەوە و بۆ هەفـتـەی داهاتوو هەریەکـە چیـرۆکێک بنووسن تـا دوایی ئیـشـیـان تێـدا بکەین، پاشـان هەریەکـە ئایدیایەکی خـۆی هێنابوو، پاشان بەکۆ دانیشتین هەر بیرۆکە و ئایدیایەکمان تاووتو کرد و لەو ئایدیایانەدا دەسـتمان بە نووسـینی یەک دراما کرد، بەبێ ئەوەی کارتێکردنی خۆمی بەسەرەوە بێت، بە ئەوپەڕی سـەربەسـتییـەوە کارەکـەم بۆ خۆیان جێهێـڵا و خۆیان بڕیاریان لەسـەر دا، چونکە خـۆم بەمنداڵی شـەرمن بووم، هەردەم بە تەنیا دەمـتـوانی باش بیر بکەمـەوە، نەک لەناو خەڵکیدا باسی شـتێک بکەم کە خۆم بەباشی بزانم، بۆیە ئەو پلەیەم لە باری یەکـەمـدا بەکـارهێنا، چونکە دەمـزانی کـێـژەکـان زۆر شـەرمـن و پێـویسـتـیـان بەکـاتی تایبـەتی هەیە لەگەڵ خـۆیاندا. ئەو جا پلەی دووەم هاتین بەکـۆمـەڵ بیـر و چیـرۆکـەکـانمان تاووتو دەکـرد، پاشـان ئەو چیرۆکەی کە هەڵبژێررا دامە دەست یەک لاوی ژیر و هێمن کـە بڕواتەوە و پاش هەفـتـەیەک یەک درامـای لێ دروست بکات. ڕاســـتـــە هەندێک لەو منداڵانە زوبر دەبن کـــە ئایدیاکـانیـان لادەبرێن و ئەگـەر نیـشـانیـشی نەدەن لە ناخیـاندا کـاریان تێ دەکـات، بەڵام ئەگـەر ڕێگە بدرێت لە پۆلەکـەدا هەر منداڵەی دوو ڕستـە بنوسـێت، بەم پێـیـە ئەو بارە دەروونییەش ڕوو نادات. ئایدیای چەند کەسێک بهێنە و داوا بکە هەر منداڵەی شـتـێکی بۆ زیاد بکات و هەر کەسەی دوو دێڕی بخاتە سەر لەو باوەڕەدام کـە بۆ منداڵان خـۆیان شـتـێکی زۆر نایابی لێ دەردەچێت، بەمـەرجـێک زمـانی خـۆیانی تێـدا بێت کـێـشـەکـانیـان، بارە دەروونییەکانیان، بیرکردنەوە و هەستیان، چونکە ئاسان نییە کەسێکی ٥٠ سالان بتوانێت بە زمانی لاوێکی ئێستا بنووسـێت. مـینی درامـایەکی زۆر سـەرکـەوتووی گـەنجـان هەبوو لە کەنالی (مۆر فـۆر) کە سـاڵی یەکـەم ٨ ئەڵقەی لێکرا و سـاڵی دووم و سـێـیـەم ١٦ ئەڵقەی دیکە کـە ١٢ کەس نووسیبوویان و هەر هەموویان کەسانی گەورە بوون، بە بیـرو هۆشی خـۆیان بە زمـانی گـەنجـانی ئێـسـتـا دەیاننووسی، من خۆم سێ جار سەیرم دەکردن و زۆرم بەدڵ بوون، وام دەزانی شـەوی پێنج شـەمە بە ملیـۆنان گـەنجی بریتانی تەماشای دەکەن، لە هەندێک لە گەنجانی گەڕەکم پرسی کە بۆچوونیـان لەبارەیەوە چیـیـە؟! گوتیـان ئەسڵـەن هەرتەماشای ناکەین!! تووشی شۆک بووم هەوڵم دا لایانی شـیـریـن بکەم و باسی شـتـە جـوانەکـان و نوکـتـە و کارەساتەکانی کارەکتەرەکانم بۆ دەکردن، ئەوان دەیانگوت: ئەسڵەن باسی ئەم نەوەیەی ئێمە ناکات و هیچ پێوەندیەکی گیـانی و دەروونی تێـدا نییـە کە باسی ئەم نەوەیەی ئێـمـە بکات، ئەوە کـۆمـەڵێک کـەسی گـەورە نووسـیـویانە و ئەکـتـەرەکـان تۆزێک هەوڵیان داوە لە دنیای ئێـمـە نزیکی بکەنەوە. لەهەمـان کـاتدا مـامـۆسـتـایەکی دراما کـۆمـەڵێ منداڵی ژیر بانگ دەکـات کـە مـینی درامـایەک بکەن، بەمـەرجێک ئەم دەینووسێت و ئەوان لە وەرک شـۆپەکاندا بەئارەزووی خـــۆیان بـا دەســـتـکاری بکەن، بەڕای من سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا، پاش ٨ حەڵقەی یەکـەم لە ٢٠١٠ دا سـاڵی ٢٠١٢ بەشی دووەمی کـرایەوە کە ٨ ئەڵقەی دیکە بوو ئیـتـر وەسـتـا. ناوی (قـوتابخانەی کۆمێدی) بوو کە منداڵەکان ڕۆڵی گەورەیان دەبینی و پڕ بوو لە پارچەی فیلمە بەناوبانگەکانی بەریتانیا و ڕیکلامە بەناوبانگەکانی ئێستا. زمانەکەشی زۆر خەتەرناک و پڕ لە جنێوی گەنجانە بوو، بە شێوەیەکی کۆمیدی بەرز کە چینی خێزانە خۆپارێزەکانی قەناعەت پێ دەکرد، کە ئەو جنێوە بۆ مەبەستی پەروەردە و کۆمیدیا لە جێی خۆیدا بوو.

یەکـێک لە ئایدیاکـانی دیکە ئەوەیە کـە کـار لەگـەڵ منداڵانی ٦ - ١٢ ســاڵاندا دەکـەیت زۆر پێـوبسـتـە کارەکتەرەکان لە (کات)ی نواندنی سەر تەختەدا بەقەدەر یەک لەسـەر شـانۆ بن. پاڵەوانێکی درێژ دروست مـەکـە و پاشان (سەپۆرتین) کارەکتەری پشتگیری، پاشان کاستە نزمەکان، با هەر کارەکتەرێک بەقەدەر یەکدی لەسەر شانۆ

بهێننەوە، تا بەیەکسانی و دادوەری هەریەک ڕۆڵی چالاکی خۆی ببینێت.

یەکێک لەو هەڵانەی کە دانی پێدا دەنێم کە کردوومە ئەوە بوو، پاش وۆرک شۆپی ئەکتەران وەک ڕاهێنانیان کە ئەلفابێتای نواندنم فێری منداڵان دەکرد، یەکسەر بازم دەدایە سەر تێکستەکە و دەستمان بەخوێندنەوە دەکرد و خۆشم وەک دەرهێنەرێک تەفسیرم دەکرد. زۆر هەڵەیە یەکسەر باز بدرێتە سەر تێکست کە جارێ منداڵان خۆیان دەربارەی زانیارییە زۆروزەبەندەکانی ناو تێکستەکە پێنەگەیشتوون، لە کاتێکدا شانۆییەکان هەموویان لەلایەن بێگانەیەکەوە نووسرا بوون، نەک لەلایەن کوردێکەوە و خۆمالّی نەبوون. ئایدیای ئەوەی کە بچیتە سەر تێکست لە پاش هەفتەی وۆرک شۆپی نواندن دەبوایە یەک تا دوو مانگ خەریکی زانیارییەکانی ناو تێکستەکە بیت تا منداڵان شارەزاییەکی تەواویان دەربارەی ناوەرۆکەکەی هەبێت زۆر جار هەستم دەکرد ئەو منداڵە نازانێت مانای دیالۆژەکەی چییە و باس لە چی دەکات، پاڵم پێوە دەنا کە وەهای بڵێی و وەهای دان پێدابنێ، بەڵام دەشمزانی منداڵی کورد ژیر و زیرەکن و لاساییت دەکەنەوە، ئەوەی کە دەتەوێت بۆت دەکەن، بەڵام ڕوح و گیانی ناوەوەی خۆیانی تێدا نییە.

دەبێت منداڵەکان زانیارییەکانی ناو تێکستەکە بە هێواشی وەربگرن و لێی تێ بگەن، (بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکان هی تیپی نواندن بوو، یان بەڕێوەبەرێتی منداڵە بێ باوک و دایکەکان و هاوین سێ مانگ بوو، نەدەکرا دوو مانگی بۆ لێکۆڵینەوە و تەفسیرکردن و وۆرک شۆپ دابنرێن)، ئەمە لە قوتابخانەکانی بەریتانیا و ئەمەریکادا دەکرێن، چونکە لەوێدا بەلایەنی کەمەوە ٦ مانگ بوار هەیە کاری تێدا بکرێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر داستانی دوازدە سوارەی مەریوانم بکردایە، لێرەدا کارەکە ئاسانتر دەبووەوە، بۆ؟ چونکە ئەو منداڵانە سەد دەر سەد لە کەسێکیانەوە داستانەکەیان بیستووە، پاشان کەڵچەری خۆیانە و ناسراوە(فێمیلیە) دەتوانن تەنانەت یاریش بە دیالۆژەکان بکەن و شتی خۆیانی بۆ زیاد بکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ کام لەو شانۆییانە بە ئەسڵ کوردی نەبوون، بۆیە بڕیارم دا کە (پێڵاوی سوور) بەکوردی بکەم و بۆ کوردی ئامادەی بکەم، هەرچەندە ئێستا دەزانم ئەگەر (هانز سمٹ) ئامادەکەری پێڵاوی سوور لە چیرۆکەکەی هانز کریستیان ئەندرسنەوە بزانێ کە چیم کردووە لەوانەیە زۆر زۆر زویر بێت!! چونکە یەکەم پێرەمێردەکەم کردبوو بە (خدری زیندە)، تەنیا خۆمان دەمانزانی و نەمانهێشت تەلەڤزیۆن بزانێت ئەو کارەکتەرە کێیە؟ ئەگینا کێشەیان بۆ دروست دەکردین. بۆ نموونە کێژەکەم کرد بە کوڕێک، مادام بڕیاری ئامادەکردن و وەرگێڕان و بەکوردی کردنم دابوو دەمتوانی دەستکاری گەورەی تێدا بکەم، تا لەگەڵ بیرووباوەڕ و کەڵچەری کوردیدا بگونجێت، لێرە لە بەریتانیا بۆم دەرکەوت کە مامۆستا (قاسم محەمەد) چەند دەستکاری مەزنی (شازادەی بچکۆلانەکەی) (ئەنتوان ئاکزۆپێری) کردبوو، تا بۆ منداڵ و مێرد منداڵانی عیراق بگونجێت، چونکە وەک تێکستە فەرەنسییەکە پاش ٢٥ ساڵ بەسەر دەرهێنانەکەی خۆمدا بە فیلم بینیم، زۆر خاو و وەرزکەر بوو، چونکە زۆربەی دیمەنەکان و دەمەتەقێکانی فەلسەفی و قوونن.

شتێکی زۆر جوان لە بەریتانیا و ئەمەریکا هەیە کە لە شانۆنووسینی بە کۆمەڵدا پێی دەوترێت (Trail) هەوڵدان و تاقیکردنەوە بۆ نووسینی شانۆییەک لەلایەن مامۆستا و قوتابیەکانەوە، لە تەلەڤزیۆندا پێی دەوترێت (پایلۆتین) واتە بەرنامەیەکی نوێ ئامادە دەکەن و وردە وردە کار لە هەموو بارەکانیدا دەکەن وەک ڕووناکی، دیکۆر، سپێشەڵ ئیفێکت و گرافیک و بێژەرەکانیش دەگۆڕن، ئەگەر خراپ بوون تا ڕۆژێک (وەک زیندوو) یەک بەرنامەی لێ تۆمار دەکەن و بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەلەڤزیۆن بەرزی دەکەنەوە، تا بڕیاری لەسەر بدەن. نەک مامۆستا با منداڵەکان بیر لە چیرۆکێک بکەنەوە بە یەک (ڕستەی سەرەتانی!!) بیخەنە بەردەستی خۆیان و ئیشی تێدا بکەن. لە قوتابخانەی (بۆرموس) باشووری بەریتانیا لەگەڵ مامۆستا (پێشڕەو گورجی) سێ گرووپمان جیا کردەوە، هەر گرووپەی (ڕستەی سەرەتانی) بۆ خۆی دانا و چارەکێک بیریان کردەوە و پاشان گوتیان: مامۆستا ئێمە ئامادەین هەر ئێستا و ئەمڕۆ شانۆییەکی (ئیمپرۆڤایزەیشن) بکەین بۆتان. ڕاستە هەندێکیان گوم دەبوون و هەندێک جار بەرەو دووبارە بوونەوە و بێ تاقەتی دەڕۆیشت، بەڵام هەر سێ شانۆییە ئیمپرۆڤایزەیشنەکە سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا، چونکە لەناو گرووپەکاندا کەسانێکی ژیریان تێدا بوو کە کلیلی ڕیتم و خێرایی و چیرۆکەکانیان دەگرتە ئەستۆی خۆیان و بە ناوەرۆکی چیرۆکەکان سویچیان پێدەکرد و هەر هەمووشیان باسی (سەردەمی نەبوونییەکەی ١٩٩٦) یان دەکرد لە (هەولێر) و کوردستان، پاشان دانیشتین و بڕیارمان دا کە ئەو سێ شانۆییەش بکرێت بە یەک شانۆیی و (خەڵات و سەرپرایزمان) دەستنیشان کرد، بەوەی کە لە ڕۆژی نەورۆزی ئەو ساڵەدا و لەم هۆڵەدا بۆ کوردەکانی شارەکانی (بۆرموس و ساوث هامپتن) شارەکانی باشووری بەریتانیا پێشکەشی دەکەین و بەم شێوەیە (دێد لاین – ڕۆژی پێشکەشکردنمان) دانا و پەیامنمان دانێ کە لەو ئەکتەرانە باشترینی دەخەینە ناو فیلمێکی کورتی منداڵانەوە. بە زمانی ئینگلیزی دەیکەین و دەیبەینە فیستیڤاڵەکانی بەریتانیاوە. ئەم خەڵات کردنە وەهای کرد کە خۆیان دەست بەنووسینی شانۆییەکە بکەن، بۆ ئەمەش سێ مانگی ڕەبەقمان لەبەر دەستدا بوو.

خەسڵەتەکانی دیالۆگ لە شانۆگەریە کوردییەکاندا

حەیدەر عەبدولڕەحمان

زۆربەی شانۆگەرییە کوردییەکان کێشەی نووسینی دیالۆگیان لە تێکستی شانۆییدا هەیە، زۆرجاران ئەو کێشەیە دەبێتە مایەی ئیفلیج بوونی شانۆگەرییەکەو لە بارچوونی داهێنان، چونکە دیالۆگ لە شانۆدا لە توخمە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی شانۆیە، بۆیە هەندێ جار هاوکێشەی هاوسەنگ ڕاگرتنی شانۆگەری لەسەر دیالۆگ دەوەستێت، بە تایبەت لەو شانۆگەرییانەی کە پشت بە تێکست دەبەستن، زێتر لەوانەی جەستەو ئەدای ئەکتەر دەکەنە ئەلتەرناتیڤی دیالۆگ و ئامرازی گەیاندن. لە شانۆی دیالۆگدا، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دیالۆگەکانی ژیانی ڕۆژانە و دیالۆگەکانی دیکەی دراما هەیە، چونکە چەندین جۆری هەیە، یەک لەوان دیالۆگی مۆنۆلۆژییە کە پەیوەستە بە ناخی مرۆڤ و لەسەر شانۆدا بە دەنگێکی دەرەکی ئاوێتەی بزووتنەوەی ئەکتەر دەکرێت، دووەمیان دیالۆگی سەرزارەکییە، ئەوەی سێیەمیان دیالۆگی جەستەییە کە ئەکتەر بە هێماو بزووتنەوە و ئەدای خۆی گوزارشتی لێ دەکات.

دیالۆگ یان جەستەی ئەکتەر؟

بوونی هیچ ستایلێکی شانۆیی لە بەردەم ستایلێکی دیکەدا ڕێگر نییە، چێژی شانۆش لە ڕەنگاوڕەنگ بوونی شێوازەکانیدایە، ئەوەتا وێڕای ئەو هەموو ڕەوتە پێشکەوتووانەی شانۆ، بەڵام شانۆی کلاسیکی لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی شانۆدا هەر ماوە و شانبەشانی شێوازەکانی دیکە جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، لە شانۆی کلاسیکیدا دیالۆگ توخمێکی زیندووە و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت، بەڵام گرۆتۆفسکی و پیتەر بروکیش جەستەی ئەکتەر دەکەنە ئامراز بۆ وەرگر و

ئەوەندە پێویستییان بە دیالۆگ نییە، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەکتەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بتوانێت ئەو جەستەیەی بە شێوەیەک تەوزیف بکات کە ببێتە ئەلتەرناتیڤی دیالۆگ، خۆ ئەگەر هاوکێشەکە وا دەرنەچوو، ئەوە ئەکتەر ناتوانێت بە بێ دیالۆگ پەیامی شانۆیی خۆی بگەیەنێت.

زۆرینەی ئەکتەرانی ئێمە لە بەر ئەوەی ئەکتەری ئەکادیمی نەبوون، نەیانتوانیوە پەروەردەی جەستەیی خۆیان بکەن، یان لەسەر دەستی چەند ڕاهێنەرێکی جەستەیی لە توخمەکانی جەستە و ئەدا و ئیلقا و تەوزیف کردنی جەستە خۆیان ڕابێنن، کە ڕەنگە بە مۆرک هەڵگرتنی ئەو خەسڵەتەش پێویستی بە ڕاهێنانێکی درێژخایەن هەبێت، وەک لابوری لالشی هونەرمەندان نیگار قەرەداغی و شەماڵ عومەر کە ئەرکی سەرەکییان دروست کردنی ئەکتەر و ئامادەکردنیەتی لە ڕووی جەستەوە، نەک هەر تەنیا ئەکتەری کورد، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو وۆرک شۆپانە دەکەنەوە کە یاریدەی پێشخستنی ئەدای جەستەیی ئەکتەر دەدەن، بە تایبەت لەشانۆی پانتۆمایم، یان مۆنۆدراما دا.

دەشکرێ دەرهێنەر پێهاتەی شانۆگەرییەکەی بە یەکسانی دابەشی سەر هەردوو لا بکات، هەم دیالۆگ بکات بە پێکهاتەیەکی زیندووی شانۆگەرییەکەی، هەم ئەکتەر لە ڕووی جەستەییەوە بە شێوەیەک ئامادە بکات کە توانستە فیزیکییەکانی خۆی بۆ بەرجەستەکردنی دیالۆگەکان تەوزیف بکات. وەک گەزیزە عومەر و د. فازڵ جاف کە هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو هاوسەنگییە بۆ لەنگەرگرتنی ڕیتمی شانۆگەرییەکانیان بەکار بێنن و تا ڕادەیەکی گونجاو تێیدا سەرکەوتوو بن..

زمان لە شانۆدا

زۆربەی توێژەرە شانۆییەکان پێیان وایە زمانی شانۆ زمانێکی دراماتیکی تایبەتە، کە ڕەنگە ئەو زمانە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەر زمانێکی دیکەی کاری داهێنان هەبێت، لەوانەش زمانی ڕۆمان و پەخشان و چیرۆک کە ڕەنگە لە یەک ڕەحم لە دایک ببوون، بەڵام هەر یەک لەوانە تایبەتمەندی و زمان و ڕیتم و شێوازی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بۆیە زۆر شانۆگەری کە لە ڕۆمانێکەوە ئامادە دەکرێت، دەبێ بەر لە هەموو شتێک

لە ڕەگوڕیشەوە زمانی ڕۆمانەکەو دیالۆگەکانی بگۆڕێت و بە شێوەیەک بزاندرێت کە ئەو ڕۆمانە بەرگێکی شانۆیی درامی پۆشیوە کە لە هەموو توخمەکاندا لێک ناچن. زۆر لە شانۆگەرییەکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئەو زمانە دراماییە دروست بکەن و کاریگەری ڕۆمان، یان چیرۆک و پەخشان و حیکایەتخوانی هەر بەسەر شانۆگەرییەکەوە دەمێنێتەوە، بۆیە لە کاتی بینینی شانۆگەرییەکە وا هەست دەکەیت کە پارچە پەخشانێکت بۆ دەخوێننەوە، لەو بەینەشدا ئێمە دەست کورت بووینە لە تەوزیف کردنی شیعر، یان پەخشان لە شانۆدا، یان نەمانتوانیوە شیعر و پەخشان بخەینە ناو چوارچێوەیەکی درامی، بەڵکو وەک خۆیان هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا کردووە، ئەوەتا کاتێ شکسپیر شیعر لە شانۆ تەوزیف دەکات، بە زمانی شانۆ شیعر لە دووتوێی درامادا دەتوێنێتەوە، یان کە ئیپسن پەخشان دەکاتە بنەما بۆ شانۆگەری، لەو پەخشانەدا توخمێکی درامایی هەیە کە حاڵەتێکی دراماتیکیت بۆ دەخوڵقێنێ..

بوونی ئەم دیاردەیەی شیعر و پەخشان بە ڕووتی، دیاردەیەکی زەقەو بەسەر زۆر لە شانۆگەرییە کوردییەکانی وەک ئەحمەد سالار، ئەرسەلان دەروێش و هەندێکی دیکە، یان بەکارهێنانی زمانی خیتابییەتی ڕاستەوخۆ و ڕووکردنە بینەر و گوتار هەڵڕشتن، کە ڕەنگە بینەر لە

کەشوهەوای شانۆ دوور خاتەوە و خەیاڵی بینەر ببات‌ەوە بۆ خوتبەی هەینییەک، یان گۆڕەپانێکی گوتار خوێندنەوە، ئەو دیالۆگە خیتابیانە بکەونە نێو دیمەنی هەر شانۆگەرییەک، ئەوە بینەر لەوێوە دەزانێت کە ئەو لە هۆڵێکی شانۆیی دانەنیشتووە و بە دوای خۆیدا دەگەڕێت، ئەم خیتابیەتە لە زۆر لە شانۆگەرییەکانی ئێمەدا درکییان پێ دەکرێت، تەنانەت لە شانۆی هەندێ لە گەنجەکانیشدا، بە تایبەتیش لە هەندێ لە شانۆگەرییەکانی کاروخ ئیبراهیم بەدی دەکرێ.

یان ئەو شانۆگەرییانەی شکسپیر کە بۆ سینەما ئامادە کراون، لە چەشنی هاملێت و ئۆتیلۆ و لیر پاشا و گێژەڵووکەکە بە زمان و شێوە و دیالۆگی سینەمایی بەرجەستە کراون، چونکە سینەما زمانی خۆی هەیە و شانۆش زمانی خۆی، لە کاری شانۆییدا چەند توخمێکی بنەڕەتی ئەدەبی و هونەری ئاوێتەی یەکتر دەبن بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی زیندووی هونەریی دروست بکەن، کە هەر یەکێ لەو توخمانە بەشێوەیەک و بە ئاستێک کاریگەریی تایبەتی خۆیان بەسەر هزر و دەروونی بینەرەوە دەبێ، ئەریک بانتلی دەڵێت : بینەرێک هەیە گوێی لێ گرتووی، تۆ دەبێ ئەو گوێ گرتنە بۆ ئەوە تەوزیف بکەیت کە بێجگە لە تێگەیشتن، تاموچێژ لە قسەکانت وەربگرێت، وەک ئەو تاموچێژەی لە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەتدا وەری دەگرێت، بۆیە هەموو توێژینەوە زانستییەکانی لە مەڕ تێکست، لە ڕووی سادەیی لە زمان و چڕکردنی لە مانا و تێرکردنی لە ڕیتم جەخت لە هونەری دیالۆگ دەکەنەوە. هەمیشە ڕەخنەگرەکان پێیان وابووە کە شانۆ گواستنەوەی وێنەی دەقاودەقی ژیان نییە، بەڵکو نیشاندانی ژیانە بە وێنەیەکی جوانتر لە خۆی، بە هەمان شێوەش هەڵبژاردنی دیالۆگ و بەهێزکردنی، بەمانای پتەوکردنی بنەماکانی داهێنانە لە شانۆدا، ناشێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە دیالۆگی لاستیکی و درێژدادڕ یەکێکە لەو ڤایرۆسانەی کە پێوەندی بینەر و شانۆ دەپچڕێنن، هەر کاتێکیش بینەر لە ژێر کاریگەریی دیالۆگە دوورودرێژەکاندا لەگەڵ شانۆدا دووچاری سڕ بوون و دەست لێک بەردان بوو، ئەوە دەبێت ئەوە بزانین کە دانیشتنی بینەر لە هۆڵی شانۆییدا بێهوودە دەبێت.

دەکرێ بە دیالۆگەکانی شکسپیردا بچینەوە، ئەوکات دەزانین ئەو دیالۆگانە چەند سرنجڕاکێش و کاریگەرن، چەند لە فەلسەفە ساکار و چڕن، چەند ئامانجەکان دەپێکن و چەند خزمەتی ڕووداوەکان دەکەن، هەر بۆ نموونە کاتێ شایلۆکی جوولەکە وەڵامی ئەنتۆنیۆ دەداتەوە پێی دەڵێ : ئاگام لێیە چەند نەفرەتم لێ دەکەیت، بەڵام من زۆر بە هێمنی بەرگەی هەموویانم دەگرت، ئەوەتا تۆ بە کافر ناوت دەبردم، هەندێ جاریش بە سەگ بانگت دەکردم و تف بارانی عەباکەمت دەکرد، دواتر وەک سەگ بەر لەقەت دەدام، ئێستاش بە پێی خۆت هاتووی و داوای یارمەتیم لێ دەکەی و بە لووت بەرزییەوە پێم دەڵێی شایلۆک پارەم بە قەرز بدەرێ، باشە سەگ سێ هەزار پاوەنی هەیە تا بیدات بە خەڵک؟

یان لە شوێنێکی دیکەدا بۆرشیا بەشایلۆک دەڵێت : ڕەحمەت وەک باران بەسەر ئەو شوێنەدا دەبارێ و دوو بەرەکەت دەبارێنێ، بەرەکەتێ بۆ ئەوەی پێی دەبەخشرێت، بەرەکەتێکیش بۆ ئەوەی دەیبات، ئەمە جوانییەکە بۆ پاشا جوانتر لەو تاجەی لەسەریەتی، ئەمە خەسڵەتێکی خوای گەورەیە، کاتێکیش ڕەحمەت تێکەڵ بە عەدالەت دەبێت، دەسەڵاتدارەکانی سەر زەوی دەیانەوێت لەخوا نزیک ببنەوە، ئەوەتا ئێمە هەموومان نوێژ بۆ ڕەحمەت دەکەین، ئەو نوێژانەن فێرمان دەکەن کە چۆن بەزەیی خۆمان بەکار بێنین.

کاریگەری دیالۆگ بەسەر ئەکتەردا

دیالۆگ ئامرازێکی گەیاندنە لەڕێی ئەکتەرەوە، ئەو دەتوانێت بە ئیلقا و ئەدای خۆی نرخ و بەهای دیالۆگە شانۆییەکان زێدە بکات، لە هەمان کاتیشدا هەر خودی ئەکتەر دەتوانێت بە هۆی لاوازی ئیلقا و دەنگ، دیالۆگەکان لەسەر شانۆدا بمرێنێ. دیالۆگەکان چەند بە هێز بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەموو حاڵەتێکدا هەر تەنیا ئەکتەر ئامرازی یەکەمی ڕووخاندنی دیالۆگ نییە، بەڵکو نووسەر و دەرهێنەریش دەکەونە نێو بازنەی هۆکاری ڕووخانەکەوە. متوربەکردنی تێکستی شانۆیی لە دەست دەرهێنەرە، ئەگەر بیەوێت هاوسەنگی شانۆگەرییەکەی خۆی ڕابگرێت، بە تایبەت لە ڕووی بە هاوسەنگ ڕاگرتنی دیالۆگ لەو کاتانەی کە تێکست پێویستی بە قەڵەمکاری دەبێت، چ لە تێکستە بیانییەکان و چ لە تێکستە خۆمالێییەکاندا.

باشترین فاکتەری هاوسەنگ بوون ئەوەیە کە دەرهێنەر پتر لە هەوڵی ئەوەدا بێت، کە دەست بە دیالۆگەوە بگرێت و زێتر پشت بە ئەکتەر و توخمە هونەرییەکانی دیکەی شانۆ ببەستێت، چاوی بینەر بە دوای جوولّەو ئەدای ئەکتەر و توانستی ئەکتەر دەگەڕێت بۆ بەرجەستە کردنی ڕووداوەکان.

دەبێت دەرهێنەر ئەو هەلە بۆ ئەکتەر بڕەخسێنێ کە نرخ و بەها بداتە دیالۆگەکان و بەشێوەیەکی هونەری هەڵسوکەوت لە گەڵ بەرزی و نزمی دەنگدا بکات، بۆ ئەوەی بەرز کردنەوەی ڕیتمی دەنگ بە بێ پاساو، یان نزم بوونەوەی نا پێویست نەبنە هۆکار بۆ بێزار کردنی بینەر. هەر دەرهێنەرێشە هەندێ جار بە هۆی دیالۆگی دوورودرێژ و مردوو لە ئاستی ئەدا و توانستی ئەکتەر دادەبەزێنێ و وا دەکەن کە ئەوەندەی ئەکتەر بیر و هۆشی لای خۆیندنەوەی دیالۆگ دەبێت، ئەوەندە نایپەرژێتە سەر ئەداو نواندن و داهێنان. بە پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەوە زۆر جاران دیالۆگی بەهێز و ڕیتمی دیالۆگ دەبنە یاریدەدەر بۆ ئەدای جوانتری ئەکتەر، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت دیالۆگ بە هەموو شێوەکانییەوە کاریگەری دەروونی خۆیان بەسەر ئەکتەر و ئاستی توانستی ئەکتەرەوە هەیە.

دیالۆگ و کەسایەتی شانۆیی

بۆ بەرجەستەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان و دیاری کردنی ئاستی ڕۆشنبیریی و دەروونییان، دیالۆگەکان فاکتەرێکی گرنگن بۆ لێک جوداکردنەوەی هەر کارەکتەرێک و ڕەسم کردنی کەسایەتییەکانییان بە پێی سروشتی کۆمەڵایەتی و تەمەن و هێڵە گشتییەکانی کەسایەتی. وەک چۆن شکسپیر لە دیالۆگەکانیدا زمانی هەر یەک لە کەسایەتییەکانی بە خۆیانەوە لکاندووە، بەڵام لە هەندێ شانۆگەری کوردیدا بە گشتی کەسایەتییەکان لە زمان و ئاستی ڕۆشنبیریی و سروشتی مرۆییان لێک دەچن، لەو کاتەدا لە ناساندن و بەرجەستە کردنی کەسایەتییە شانۆییەکان درک بە گرنگی دیالۆگ دەکەیت.

پرسیارێک هەیە هەمیشە لای زۆرینەی هەوادارانی شانۆ سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە: ئایا زمانی شانۆ زمانی نووسین بێت، یان زمانی گشتی خەڵکی؟

هەن لەوان دەڵێن پێویستە شانۆگەرییەکان زمانی نووسین بن بۆ خۆ دوورەپەرێز ڕاگرتن لە سنووری جوگرافی زمان و دیالێکتی جۆراوجۆر و ناوچەگەریەتی، هەیشن دەڵێن نەخێر زمانی گشتی لە ئاستی واقیعبوونی شانۆ نزیکت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی زمانی شانۆ جیاوازی لەگەڵ زمانی ئەدەب و زمانی کتێب هەبێت، مادام شانۆ بۆ نیشاندانە و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خەڵک دەبێتەوە، با زمانێکی شەفاف و ئاسایی خەڵک بێت، ئەو کاتی بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکان بە زمانی خۆیان لێیان ئاسانتر و نزیکتر دەبێت. جاران لە شانۆی واقیعیدا، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زمانی گشتی خەڵک لە شانۆدا باو بووە، لەوانە شانۆگەرییەکانی تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، عومەر عەلی ئەمین، بە پێچەوانەی شانۆگەرییەکانی ئەحمەد سالار کە زمانی نووسینییان تێدا زاڵە و تاموبۆیەکی ئەدەبی بە بینەر دەبەخشن.

ئێمە دەتوانین بۆ شانۆ سوود لە هەر دەقێکی ئەدەبی وەرگرین، بەڵام دەبێ ئەو دەقە ئەدەبییە کە بۆ شانۆ ئامادە دەکرێت، لەچوارچێوە ئەدەبییەکەی خۆی تێپەڕێنێ و بکرێت بە دەقێکی شانۆیی، چونکە زۆر جاران دەقی جوانی ئەدەبی، شاکاری شانۆیی و درامی و داهێنانی گەورەی شانۆییان لێ دروست دەبێت.

هەر بۆ نموونە دەرهێنەری ناسراوی بریتانی پیتەر بروک توانی شانۆگەری (دەستت بخە ناو دەستم) لەو ٤٠٠ نامەی پڕ لە خۆشەویستی ئەنتوان چیخەف وەربگرێت کە پڕ بوون لە وشەی ئاگرینی ڕاستگۆ و چیخەف لە تەمەنی سی سالّی و لە کاتی کارکردنی لە شانۆی مۆسکۆ بۆ ئۆلگا کنیفەری ئەکتەر و هاوسەری نووسیبوونی و دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک شانۆی کۆبن هاگن فیستیڤاڵێکی شانۆیی پێ بکاتەوە. کەواتە دیالۆگ لە زەمەنی نوێشدا، تەنانەت لە شانۆگەرییە نوێخوازەکانیشدا توخمێکی بنەڕەتیی بە زیندوو ڕاگرتنی شانۆیە و ئامرازێکی مکوومی نزیکی بینەرە لە شانۆدا.

شانۆ وەک تێکست و وەک نمایش

د. موحسین ئەحمەد عومەر

شانۆگەری بە فۆرمە هاوچەرخەکەی، دیاردەیەکی ئەدەبی ڕۆژئاواییە و دەرکەوتنی لە ناو کورد بە تایبەتی (لە هەموو ڕۆژهەلآت بە گشتی)دا بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. یەکەم تێکستی شانۆیی کوردی، تێکستی "مەمێ ئالان"ی ڕەحیم ڕەحمی هەکارییە کە لە ژینی ئەستەنبۆل لە ١٩١٨ بلآوبووەتەوە، بەلآم دەرکەوتنی شانۆگەری وەک نمایش و کاری پراکتیکی بە هەمان شێوازی ڕۆژئاوایی، بۆ دوای دووەمین جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەم ڕووەشەوە شاری سلێمانی لە ناو کورد لە پێشەنگی بزووتنەوە و گەشەسەندنی شانۆی کوردییە.

نمایش و دیمەن و چیرۆک گێڕانەوە...تاد، بە تایبەتی هەموو ئەوانەی جۆرێک لە نمایش و دیمەنیان تێدابووە لەسەر ئاستی میللی هەردەم لە ناو کورد هەبووە. ئەم نمایشە میللییانە بەشێک بوونە لە کولتووری میللی و ئاگایی گشتی Conscience Collective، کورد وەک نەتەوە و گەلێکی سەربەخۆ و خاوەن ناسنامەی کولتووری تایبەت بە خۆی. ئەم کولتوورە بە شێوازە میللییەکەی تا بەرکەوتنی بە نیشانەکانی "سەردەمی نوێبوونەوە" وەک ناسیۆنالیزم و سەرهەلّدانی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپخانە و خوێندنی نوێ... تاد، درێژەیان بە خۆیان داوە، لە ڕوانگەی منەوە "سەردەمی نوێبوونەوە" تا سالآنی شەستەکانی سەدەی بیستەم درێژ دەبێتەوە. لە دوای ئەم مێژووە سەردەمی هاوچەرخ دەست پێدەکات، ئەمەش ڕوخسار و فۆرم و پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە. ئێمە دەتوانین سەردەمی کۆن، واتە پێش نوێبوونەوە بە "سەردەمی کلاسیک" دابنێین، بەلآم ئەم ناولێنانە لە ڕوانگەیەکی تەواو ڕەخنەیی، ڕۆژئاواییە، بۆیە بە لامەوە باشتر و پەسندترە هەر بە "سەردەمی

کـۆن"ی دابنێین کـه خـاوەن نمایش و دیمەنی مـیللی و فۆلکلۆری بووە. ئەم پێشەکییـه لە ڕوانگەی منەوە زیاتر وەک کـارێکی تەکنیکیـیـه بۆ باسکردن لە جیـاوازی و تایبەتمەندی کورد لەم ڕووەوە.

لە ئەزموونی ڕۆژئاوا، (واتە لە ئەزموونی ئینگلستان و ئەڵمانیا و فرەنسا) لە سەردەمی کلاسیک، کە زیاتر سەدەی حەڤدە و هەژدە دەگرێتەوە، شانۆی کـلاسیکی هەبوو کە بە شانۆی "ڕاسین و شکسپیر"یش ناسرابوو، . ئەم شـانۆگەرییـه وەک تێکست و وەک پراکـتـیک، یان نمایش بە شانۆی چینی ئەریستۆکراسی لە قەڵەم دەدرا. بزووتنەوەی فـیکری و ئەدەبی "سـەردەمی ڕۆشنایی" و کاریگەری شۆڕشی فرەنسی، شانۆی کلاسیکی ڕادەماڵێ و شانۆی ڕۆمانتیک سەرهەڵدەدا کە لە ئەدەبی فرەنسی بە (دراماى ڕۆمـانتـیکی) ناسـراوە. هەندێ جـاریش بە "شـانۆی بۆرژوازی"ش لە قـەڵەم دەدرا، ئەمـەش وەک شـۆڕشـێک و نوێبـوونەوەیەک بوو بەسـەر کـولتـووری ئەریستۆکراسی کە خێزانە ئەریستۆکراسەکان و پیاوە ئایینییە پایە بەرزەکان نوێنەرایەتییان دەکرد. لێرەوە، لەم نوێبـوونەوەیەدا چەندان جـۆری شـانۆگـەری و نمایش سەرهەڵدەدەن و جۆربەجۆرییان تێدەکەوێ وەک شانۆی ڕۆمانتیک و بولڤار و شانۆی ڤۆدڤیل و شانۆی هەزەلی Farce، کۆمێدی فرەنسی کە شانۆگەری کۆمێدی و تراژیدی (بەرپرسـانەی) پێـشکەش دەکـرد. ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی پیشەسازی و زۆربوونی ناعـەدالەتی کـۆمـەڵایەتی و چەوسـاندنەوەی چینایەتی زیاتر بەرەو شـانۆی واقـیـعی و سـیـاسی و پیشاندانی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەچێ. شانۆی ڕۆژئاوا دوای بەجێهێشتنی سەدەی نۆزدەم، ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەدەی بیستەم دەکەوێتە ناو سەردەمێکی تری نوێ و ئاڵۆزتر کـە بە شـانۆی نوێ ناسـراوە، دەشێ "شـانۆی بێهـوودە" بە لووتکەی شانۆی نوێی ڕۆژئاوایی لەقەڵەم بدەین، دوای ئەم سـەردەمـە شـانۆگـەری لە چوارچێـوەی بزووتنەوەی فـیکری و ئیـدیۆلۆژی دەردەچێ و زیاتر هەڵکەوتێکی فیکری تاکەکەسی وەردەگرێ.

لەم پڕۆسەیەدا گەشەسەندنی شانۆ لە ڕۆژئاوا بە پێی مۆدی ژیان و سەردەم و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانییە مەزنەکان بووە، هەر ئەمانەش وایان کردووە شـانۆش بگۆڕێ و گـەشـە بکا و هەڵکەوت و فـۆرم و ناوەڕۆکـیـشی بە پێی گـۆڕانەکـان بگۆڕێ، ئەمـەش وەک پڕۆسەیەکی کولتووری و ڕۆشنبیری بە شێنەیی، بەڵام پڕ لە دینامـیکی و بزووتنەوە هاتووە و گەشەی کردووە. ئەم گەشەسەندنە ئەوەندە بە هێز و بە پوختەیی هاتووە، زۆر بە ئاسانی لە مـێژووی شـانۆ و دراماى ڕۆژئاوا دەتوانین سەردەم و مۆدەکانی شانۆ و گەشەسەندنەکانی دەستنیشان بکەین و تایبەتمەندییەکانی بزانین، بەڵام لە ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بە گشتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کـوردی بە تایبـەتی، هەمـان سەرهەڵدان و گـەشـەسـەندن بوونی نییـه. بێ گـومان نمایش و دیمەن لە ناو کولتـووری گـشـتـی مـیللەتانی ڕۆژهەڵات بە گـشـتـی هەبووە، بە تایبـەتی لە سەردەمی کۆن، ئەو نمایشانە لە ناو کورددا بریتی بوون لە: میر میرانێ، نمایشەکانی تازیە، دیمەن و نمایشە مـیللییـەکانی شەوانی زستـان، بە تایبـەتی لە دیوەخانەکـانی میـر و بەگە کـوردەکـان... تاد. شـانۆ بە شـێـوازە ڕۆژئاواییـەکـەی لە ناو کـورد و (تەواوی ڕۆژهەڵات) لەگـەڵ ناسـیـۆنالیـزم و سـەرهەڵدانە ئیـدیۆلۆژییـەکـان لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەم بە دەردەکـەوێ، بەڵام لە کـۆتاییـەکـانی "سـەردەمی نوێبـوونەوە"، واتە لە دوای سـاڵانی شـەسـتـەکـان لە کوردستان شانۆ دەکەوێتە ناو جۆرێک لە گەشەسەندن و دینامـیـزم. ئەم هەڵکەوتەش زیاتر لە ڕێگای وەرگێـڕانی هەندێ تێکستی شانۆی جیـهانییـەوە گەشـەی کردووە، وێڕای هەندێ تێکسـتی شـانۆیی سـادەی کـوردی کـە هەرگیـز نەیانتـوانیـوە گـوڕ و تینێکی تر بدەنە ئەم بوارە هونەرییە نوێیە.

ئەم دینامیـزم و گەشەسەندنەی "سەردەمی نوێ"یە هیچ کـاتێک لە ناو کـورد نەبووەتە دیاردەیەکی کـولتـووری و ڕۆشنبـیـری بەردەوام، سـەرەنجـام بتـوانێ ببـێـتـە هۆی سـەرهەڵدان و گـەشـەپێـدانی تر لە ئایندە، هەمـوو هۆکـارەکـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ کـێـشـەی کـولتـووری و تایبـەتمەندی کـولتـووری، ئێـسـتـاش لە ڕۆژهەڵات شـانۆ نەبۆتە دیاردەیەکی ڕۆشنبـیـری مـیللی بتـوانێ کـاریگەری خـۆی بگەیەنێـتـە کـۆمـەڵانی خـەڵکی زۆر. نەبوونی تێکسـتی شانۆگەریش بۆ هەمان تایبەتمەندی کـولتـووری دەگەڕێتەوە. لێرەوە جیاوازی و تایبەتمەندی شارستانی بە پلەی یەکەم ڕۆڵی سەرەکی لە لاوازی هونەری شانۆگەری وەک نمایش و وەک تێکست هەیە، ئەم ڕوانینە هەر تەنیا شـانۆگـەری ناگـرێتـەوە، دەتوانین بڵـێین هەمـان شت بۆ سینەما و دراماى تەلەڤزیۆنیش ڕاستە.

(موزیکی پاڵپشت) یان (مۆسیقای تەسویری) لە فیلم و دراما و شانۆدا

وریا ئەحمەد

موزیک لە نواندن، یان زنجیرە نواندنی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و فیلمی سینەما و تەنانەت شانۆگەریشدا، ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و لەسەرەتای دروستبوونی پیشەسازیی سینەمایشدا و لە فیلمی بێ دەنگدا پێش پەیدابوونی ئەو فیلمانەی تواناییان قسەبکەن، موزیکی پاڵپشت بە تایبەتی لەو جۆرە فیلمانەدا ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرجەستەکردنی دیمەن و گرتەکاندا هەبووە، کە دیارترینیشیان فیلمەکانی هونەرمەندی ناودار (شارلی شاپلن) بوون، ئەگەر لە دەقدا دیمەنەکە بە کەیف و دڵخۆشکەربوو، بەڕای من دەبێت موزیکەکەش گەش و دڵخۆشکەر بێت و ڕەنگدانەوەی دەقەکە بێت، بە پێچەوانەیشەوە، ئەگەر لە دەقدا دیمەنێکی ناخۆش و غەماویمان هەبوو، لەو بارەدا دەبێت موزیکیش وەک ئاوێنە بێت و لەگەڵ ئەو دیمەنەیاندا بگونجێت، خۆ ئەگەر دەقەکە باسی نیشتمانپەروەری و بەرخودان بکات، لەو بارەدا موزیکیش دەبێت پشت بە ڕەزمی (مارش) و هەست وروژێنەر ببەستێت، لەم جۆرەیان بۆ بەرجەستەکردنیان وا چاکترە ئاوازەکان بە ئامێرەکانی موزیکی جۆری فوو وبستی لەکانزا دروستکراوی وەک: ترۆمبۆن و ترۆمپێت و فرینچ هۆرن و پیکۆلۆ فلوت و کلارینێت و... ئەوانە بژەنرێن.

لە دەقی جۆری (ڕۆمانسی)شدا، دەبێت موزیک ئەو جۆرە کەشوهەوا سۆزئامێزە دروست و بەرجەستە بکات، بەڵام کاتێک بمانەوێت، موزیک بۆ دەقێکی خۆماڵی بنووسین یانیش ئامادەی بکەین، باشترە جیابێت لەو موزیکەی بۆ دەقێکی بیانی دەینووسین، یانیش ئامادەی دەکەین، لە دەقی خۆماڵیدا چاکتر وایە سوود لە ئاوازی فۆلکلۆری و میللی و ڕەسەنی کوردی وەربگرین، خۆ ئەگەر موزیکی نوێشمان بۆ ئەو جۆرە دەقانە دانا، باشترە ئەو ئاوازانە مۆرک و تامی کوردییان هەبێت، بۆ نموونە: ئاوازەکانمان لەسەر مەقامی کوردی دابنێین و سوود لە

ڕەزمەکانی خۆشمان وەربگرین و ئەگەر بکرێت هەر بە ئامێرەکانی موزیکی خۆمانەوە بتوانێت نیشانەکانی خۆی بە باشی بپێکێت. لە هەندێک موزیکی پاڵپشتدا ئاوازدانەر ڕستەیەکی موزیکی خۆشی هێناوە و داینواوە، یان وەریگرتووە، کە بە: (theme)، یان ئاوازی بنەڕەتی دەناسرێت و وەک موزیکێک ڕۆڵی سەرەکی ببینێت، بەو جۆرە بەکاری هێناوە، واتە لە هەر شوێنێکی ئەو فیلمە، یان نواندنە، یان شانۆگەرییەدا هەرجارە بە جۆر و شێوازێکی جیاواز ئەو (theme)ی دووبارە کردووەتەوە. بۆ نموونە: لە زنجیرە درامای عەرەبی (ڕەئفەت هەججان)دا، کە ئاوازدانەری کۆچکردووی میسری (عەمار شەریعی)، موزیکی پاڵپشتی بۆ نووسیوە، ئەو هونەرمەندە بەو موزیکە پاڵپشتە نایابە دانراوەی توانی، هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕاوەدوونان و دواکەوتن و چاودێری کردن و خۆشی و سەرکەوتن و زۆرشتی دیکەی پاڵەوانی ئەو زنجیرە درامایە بەرجەستە بکات، عەمار شەریعی بەو (ئاوازە سەرەکییەی – theme) کە هەرجارە بە شێوەیەک دووبارەی دەکردەوە، بۆ نموونە: کاتێک پاڵەوانی ئەو زنجیرە نواندنە دەچێتە ناو (ئیسرائیل)، ئەو موزیکە بنەڕەتییە بە شێوەیەکی خاو و پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ دەبیستین، کاتێکیش ڕەئفەت هەججان ئەفسەرەکەی موخابەراتی میسر دەبینێت، هەمان ئەو موزیکە دەبیستینەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە ڕەزمێکی خێرا و پڕ لە حەماسەت دەیبیستین، کە بیرکردنی وڵات بیر دەهێنێتەوە، هەروەها ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و خەونە بەترسانەی، کە زۆربەی شەوان بۆ ڕەئفەت هەججان خۆی لە پەتی سێدارەکەدا دەنواند، ئاوازدانەر لە موزیکی پاڵپشتی ئەو زنجیرەیەدا زۆر وەستایانە هەموو ئەوانەی بەباشی بەرجەستە کردبوو، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ڕووداوە خێرا و سەرسوڕهێنەرەکانی کاریگەرییەکانی دیکەی دەنگ وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە شوێن و کاتی گونجاودا بە هۆیانەوە بتوانێت نیشانەکانی

لەکارەکانی دراما و نواندن و فیلمدا ڕۆڵی موزیک زۆر گرنگە، بەوەی کارە هونەرییەکە جوانتر و بەڕەونەقتر دەکات و کەشوهەوایەکیش دروست دەکات، کە دەبێتە هۆیەکی ئاسانکاری بۆ ئەوەی بینەر بۆ ناو نواندنەکە ڕاکێشێت، بۆ ناو ئەو دەقەی لەبەر چاوی نمایش دەکرێت، یان پیشان دەدرێت، بگرە موزیک دەبێتە هۆی ئەوەی بینەر چێژی زیاتری لێ وەربگرێت.

کەواتە (موزیکی پاڵپشت) بە تایبەتی لە شانۆدا لەتەک ڕەگەزەکانی دیکەی وەک: (ڕووناکی) و (ئێکسسوار) و (دیکۆر) و (ماکیاژ) و (جلوبەرگ) و... تاد، کە یەکێکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانن و بە هەموویان دەبنە کۆمەڵێک هۆی پاڵپشت بۆ سەرخستن و جێبەجێ کردنی دەقی دەستنیشانکراو و هەموو کارەکانی دیکەی: ئەکتەرەکان و دەرهێنەر و سیناریست و نمایش و نیشاندان و نواندن و سەماو...تاد.

هەڵبەت موزیکی (Background) ئاسانترە، لەو موزیکەی کە لە زمانی عەرەبی (مۆسیقای تەسویری) و لە زمانی کوردیش لێرانە بە (موزیکی پاڵپشت) ناومان بردووە، چونکە ئەمەیان کارێکی وردتر و قورستر و دەبێت کەسێکی پسپۆڕی ئەم بواڕە بێت و ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی موزیکێک دابنێت نزیک لە سروشتی دیمەنەکان بێت و بەهۆی دانان، یان هەڵبژاردنی ئەو موزیکەیشەوە، بتوانێت دیمەنەکان باشتر بۆ بینەر بەرجەستە بکات، بۆ نموونە دانەری موزیکی پاڵپشت دەبێ ئاگاداری ڕووداوەکانی ناودەقی نووسراو بێت، وەک: ترس و تۆقین، خۆشی و شادی، تووڕەبوون و پەرچەکرداری، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، قازانج و زەرەرکردن، بردنەوە و دۆڕاندن و عەشق و خۆشەویستی و دڵداری و ڕووداوی کوتوپڕی لەناکاو و...تاد، بۆ ئەوەی بتوانێت بە موزیک ئەمانە و زۆری حاڵەتی دیکەیش بەرجەستە بکات، ئەمەش بەو مەبەستەی جوانی زیاتر بە دیمەنەکان ببەخشێت، هەر لەمانەیشەوە توانایی ئەو موزیکدانەرە دەردەکەوێت، بەوەی تا چەند دەتوانێت بۆ ئەو مەبەستە سوود لە سەرجەم ئامێرە جیاجیاکانی موزیک و لە موزیکژەنانی خاوەن توانایی ئەو ئامێرانەیش وەربگرێت، بۆ ئەوەی موزیکژەنە باشەکان بتوانن بە باشی موزیکە دانراوەکە بژەنن و بەرهەمەکەی ئەوەندەی دی پێ جوانتر بکەن. ئاوازدانەر باشترە سوود لە

ناو ئەو زنجـــیـــرەیە بەڕێوە دەچوو، بـینـەریش دوای تەواوبوونی هەر ئەڵقـــەیەکی ئەو زنجـیـــرە نواندنە، موزیکەکەی عەمماری هەر لە خەیاڵدا دەبوو، وەک ئەوەی لەو زنجیرە درامایەدا موزیکە پاڵپشتەکە ڕۆڵی پاڵەوانی هەبووبێت، نەک ڕەئفەت هەجـجان! بۆیە ئەو ئاوازدانەرە لە دانانی مـوزیکی پاڵپـشت لە وڵاتی مـیـسـر، بگرە سەرجەم وڵاتەکانی عەرەب بە (مـەلیکی ئاوازدانەران) ناونرابوو، کە لە ماوەی ژیانیدا مـوزیکی پاڵپـشتی بۆ دەیان فـیـلم و زنجـیـــرە درامـای دیکەیش داناوە و لە هەمووشیاندا زۆر بە وردی و بە دیقەت و بە ئاگادارییەوە و زۆر لێـهـاتووانە ئەو کـارانەی سـەرکـەوتووانە ئەنجـام داوە.(١)

سەیر دەکەین ئەمڕۆ مـوزیکی پاڵپشت بە شێـوازێکی دیکە دەردەکـــەوێت، بۆ ئەوەی شـــان بەشـــان لەگـــەڵ بەرەوپێـشـچـوونی بیـری مـرۆڤ بڕوات، دەبینین کەسانی (پرۆفیشنالّ)ی ئەم بواڕە دەنگی لەگەڵ یەکتر نەگونجاو، واتە (دەنگی نەشاز) و (دەنگەکانی خاوەن کـاریگەری لەسـەر بیـر و هەسـتی مـرۆڤ)، کـە جـۆرە ئامـێـرێکی تایبـەتن و لە (دار) و لە (کـانزا) و لە (شـووشـە) و لە شـتی دیکەیش بۆ ئەم مـەبەسـتـە دروست دەکـرێن، بە لێکخشاندن و لێدانی ئەو ئامێرانە لەیەکتری و هەندێک جار شکاندن و هەتا سـووتاندنی ئەو کـەرەسـتـانەوە، بۆ ئەوەی دەنگی ئەو کـــاردانەوانە تۆمـــاربکەن و وەک مـوزیکی پاڵپشت لە هەندێک دیمەندا بەکـاریان بهـێـنن! ئەو جـۆرە دەنگانەش بۆ دیمەنەکـانی وەک: تۆقـاندن و خـەیاڵی زانسـتی و شـەڕ و وێرانکاری و وروژاندنی هەسـتـەکانی مرۆڤ بەکاردێن. مـوزیکی پاڵپشت ئەمڕۆ زانسـتێکی فـراوانە و پێـویسـتی بە بیـرێکی پیشـەیی و هەسـتـیـار هەیە، بۆ وەرگـێـڕان و تێگەیشتن لە زمـانی جووڵە و دیمەن و بیرۆکەکان، ئەمەش هەر هەمووی دواجار بۆ ئەوەیە کە جلوبەرگێکی شیاو لەو مـوزیکە کە بۆ ئەو مـەبەسـتـە دانراوە دروست بکرێت و بکرێتـەبەر ئەو بەرهەمـە نوێیە، بۆ ئەوەی بە جوانتـرین و ڕێکوپێکتـرین شێوە لەبەردەم بینەردا دەربکەوێت.(٢)

هەندێک بەرهەمی هونەری کـوردی کـە خـۆم کـاری مـوزیکم بۆ کردوون:

* (ئۆپەرێتی داستانی شۆڕش): لە نووسینی شاعیر (مـەدحـەت بێـخـەو) بوو، دەرهێنانی، یان سـەرپەرشـتی جـووڵەی سـەمـاکـاران هی هونەرمـەندی کـۆچکردوو (تەحسین تەها) بوو، نزیکەی (١٣) هۆنراوەی تێدابوو، کـە (١١)یان خـۆم و (٢) دانەیان هونەرمـەند (جـان تۆمـاس) ئاوازمـــان بۆ دانان، لەبەر ئاســتـی بەرزی ئۆپەرێتـەکە لەسـەر ئاستی پارێزگەکانی باکـووردا سالّی (١٩٧٧) ســـەرکـــەوت، بۆیە لەگـــەڵ ئۆپـەرێتـــە سـەرکـەوتووەکـانی ناوچەکـانی دیکەی عـیـراق ڕەوانەی (بەغـدا) کـران، لەوێش لەسـەر ئاسـتـی عـیـراقـدا لە میـهـرەجانی (چالاکی قوتابخانەکانی هەموو عـیـراق)، پلەی دووەمی بەدەست هێنا، ئەندامانی کۆڕاڵەکەیش کە مـاوەی یەک دوو مـانگ کـاری فـێـرکـردن و پرۆڤـەیانم گرتبووە ئەستۆ، مەدالیای یەکەمیان پێ بەخشرا.

* شـانۆگـەری هەبوو نەبوو: سـاڵی (١٩٨٠) داوایان کرد مـوزیک بۆ شانۆگەری (هەبوو نەبوو) بنووسم، کە لە نووسینی هونەرمەندی ناوداری عیراق (قاسم محەمەد) و وەرگێڕانی مـامۆسـتـا (عـومـەر شێـخـەڵلا دەشـتـەکی) و ئـامـــادەکـــردن و دەرهێـنانی هونەرمـــەند (ســـەباح عـەبدوڵڕەحـمـان) و نواندنی دەیان هونەرمـەندی شـارەکـە بوو، لەوانە: سـەعـدوون یـونس، سـەمـیـرە خـان، ئاواز محـەمـەد سۆفی، عـەلی ئـەحـمـەد، سـەلام کۆیی، جـەودەت سۆفی، ئـەنوەر شێـخـانی و زۆری دی بوو. خۆشـبـەخـتـانە زووتر لە (چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر) کاری موزیکم بۆ (ئۆپەرێت) کـردبوو، ئـەمـەش بۆ بەشـداری کـردن لە میـهـرەجانەکانی سەرتاسەری عیراق، هەرچەندە ئەم دوو هونەرە دوو شـتـی لێک جـیـان، بەڵام هەمـیـشـە تۆزێ شارەزاییت هەبێت، باشترە لەوەی هیچ تاقیکرنەوەیەکت لە هیچ بواڕێکی شـانۆدا نەبێت، سـەرەتا وەک عـادەتی هەمـیـشـەییم لە حـاڵەتی لەو جـۆرەدا، داوام کـرد (دەقی شـانۆگـەری)یەکـەم پێ بدەن، تـا بتـوانم بە هێـمـنی بیـخـوێنمـەوە و بزانم پێـویسـتی بە چ جـۆرە مـوزیکێک هەیە، ڕۆژانەش لە هۆڵی گـەل بۆ مـاوەیەک ئامـادەی بینینی پرۆڤەکانی ئەو بەرهەمە دەبووم، هونەرمـەند عەلی ئەحـمـەد کـە خـاوەنی گـوێچکەیەکی باشی مـوزیکە و دەنگیشی تا ڕادەیەک بۆ ئەو جۆرە گوتنانە لەبارە، ڕۆڵی گێڕانەوەی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی شانۆنامەکەی پێ درابوو، سـەیرم کـرد بە ئاوازی جیـاجیـا دەیگێڕانەوە، کـە زۆرێک لەو ئاوازانە کـوردی نەبوون، بۆیە هەر زوو دەستم بەفێرکردنی ئەو هونەرمەندە کرد، تا ئەو گێڕانەوانە بە ئاوازی گـوتنەکـانی بۆ نموونە: (کـاوێس ئاغـا) و (سێوە) و لەسەر مەقامی ڕەسەنی وەک (ئەڵلا وەیسی) و هی دیکە بیـلّـێت، خۆشبـەختـانە ئەو هونەرمـەندە زوو فـێـــری ئەوانە دەبوو، بۆیە هەر بەیەکـــەمین هەوڵ بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەو ئاوازە ڕەسەن و خۆمالّـییانەوە لە مـاوەی چەند ڕۆژێکدا توانیم تام و کـەشـوهەوایەکی کوردی بەو شانۆگەرییە ببەخشم. ئیـتـر شانۆگـەرییـەکە سـەرەتا لە هەولێـر و دواتریش بۆ مـاوەی (١٠) ڕۆژ لە بەغدا لە ناو (شانۆی گەڕۆک) نیشان درا، لەبەر ئەوەی دەقەکە لە زمانی عەرەبییـەوە وەرگیـرابوو، زووتریش لە

بەغـدا بە زمـانی عـەرەبی نیـشـان درابوو، بۆیە هونەرمەندانی بواری شانۆی بەغدا بۆ بینینی دەهاتن و کـارەکـەیشـیـان بە دڵ بوو، هەرچەندە وەک گـوتم: ئەو شانۆنامەیە بە (عەرەبی) نووسرابوو، بەڵام لە ئەسڵدا لە دەقـێکی کـوردی بە ناوی (مـاش) وەرگـیـراوە و بە وەرگـێڕانی سەرکـەوتووانەی بۆ کوردی و هەموو کـارە هونەرییـەکـانی دیکە بە گـشـتی و پێکەوە، بووە هۆی ئەوەی بەرهەمـەکـە ئەو سـەرکـەوتنە جـوانە بەدەست بهێنێت، لەبیرمە هەر (١٠) ڕۆژی نمایشی شانۆگەرییەکە لە بەغدا، خۆم لە ژوورێکی تایبەتی کە بۆ ئەو مەبەستە دانرابوو، لە دوای دواوەی هۆڵەکـەدا مـوزیکی ئەو شـانۆگـەرییـەم جـێـبـەجێ دەکـرد، مـاوەی مـوزیکە ئامـادەکـراوەکـە (٢٢) خـولەک بوو، بەڵام بە داخـەوە کـاتێک ئەو بەرهەمـە بە بێ ئاگـاداری من بۆ (TV) کەرکووک) تۆمارکرا، بێجگە لە موزیکی پێشەکی ئەو شـانۆگـەرییـە کـە ئاوازی بەندە بوو، ئەو گـوتنانەی هونەرمـەند (عـەلی ئەحـمـەد) کـە مـاندووبوونی زۆرم لە گەڵیاندا کێشابوو، بەشەکانی دیکەی هەموو موزیکە دانراوەکـەم پشـتـگوێ خـرا؟! بۆیە هەرچەند جـار شانۆگەرییەکە لە (TV) کەرکووکەوە نیشان دەدرا و لە تایتڵی سەرەتای ئەو شانۆگەرییە ناوی خۆمم دەدیت، ئەو شەوە خەم دایدەگرتم! ئاخر ناهەقم نییە، چونکە ئەو مـاندووبوونەی بە خوێندنەوەی دەقـەکـە و ئامـادەبوونی پرۆژەکـانی شانۆگـەرییـەکـە و دواتریش دانانی چەندین پارچە مـوزیکی شـیـاو بۆ شـوێنی جـیـاجـیـای ئەو شانۆگەرییە و خۆماندووکردنم، هەمووی بەفیڕۆ چوو، هەوڵم دابوو بەو موزیکەم دیمەنەکان بە باشی بەرجەستە بکەم، کەچی دواجاریش موزیکەکەم بەو دەردە برا؟!

* زنجـیـرە نواندنی (کـۆلارە): کـاری مـوزیک و ئاوازەکانی زنجیرە نواندنی (کۆلارە) ساڵی (١٩٨٦) بە من سپـێـردرا، کـە لە نووسین و سیناریۆی هونەرمـەند (حەمەعەلی خان) و دەرهێنانی هونەرمەند (سەعدوون یوونس) و هونەرمـەند (زاهیـر عـەبدوڵلا)یش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، لە (٣) ئەڵقـەی (٤٠ - ٤٥) دەقیقەیی پێکهاتبوو، ناوی هەندێک لە ئەکتەرەکانی بەشداربوو: (حاجی مەکی - عەلییەفەندی) حەمە عەلی خان، فـەیسـەڵ مـحـەمـەد سالح، نەوزاد ڕەمـەزان، غـازی غـەفـوور، زوهێـر سـەعـدوون، سـەوسـەن سـەعـدوون، سەمیرەخان، سیروان، ئاوازەکانیش بە دەنگی هونەرمەند (زیاد ئەسـعـەد) تۆمـارکـران، هەندێک لە هۆنراوەی گۆرانییەکانیش هی شاعیری شەهید (دڵشاد مەریوانی) بوون، دوای نیشاندانی ئەو زنجیرەیە، گۆرانی و موزیکی ئەو زنجیرە نواندنە، لەبازاڕ بە (کاسێت) دەفرۆشرا.

* زنجـیـرە نواندنی (قـاسـپـەی کـەو): لە نووسین و سیناریۆی هونەرمەند (سەمیر عەبدولسەتار) بوو، ساڵی (١٩٨٧) لە دەرهێنانی هونەرمەند (سەعدوون یوونس) و هونەرمـەند (حـەمـە عـەلی خان)یش وەک یاریدەدەری دەرهێنەر بوو، ئەم بەرهەمەیشیان کاری موزیکەکەی هەر بەمن درابوو، گۆرانییەکانیش هەر بە دەنگی هونەرمەند (زیاد ئەسعـەد) بوون، کـە بەداخەوە دواجـار لەبەر هەر هۆیەک بووبێت لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکەوە نیشان نەدرا، ئەو بەرهەمـە لە نواندنی: ئیـسـمـاعـیل قـادر، شـیـرین سابیر، زاهیر عەبدوڵلا، کەریم عوسمان، سەمیرە خان، حـەمە عـەلی خان و هی دیکەبوو. هونەرمەند سەعـدون یوونس بە تەلەفـۆن پێی گـوتم: ئەو بەرهەمـە لە دوای ڕاپەڕین زیاد لە جارێک لە (tv) کەرکـووکەوە نیـشـان دراوە!

* فـیـلمی مـەڕانە: بۆ ئەم بەرهەمـەیان پرسـیـارم لە هونەرمەند سەعدوون یوونس کرد، چونکە ناوەکەیم لەبیر نەمابوو، گوتی: ئەو بەرهەمـە بە ناوی فیلمی (مەڕانە) بووە و مـاوەکـەی (١:٣٠) کـاژێر بووە، نووسـینی (عـەبدولڕەزاق بیـمـار) و ئامـادەکردنی بۆ (tv) ئەنوەر شـێـخـانی بووە، سـاڵی (١٩٨٥) تۆمـارکـراوە، ناوی هەندێک لە ئەکـتـەرەکـان: سـەعـدوون یوونس، سـەمـیـرە خان، شاهین نەجمەدین، ئەنوەر شێخانی، خالید بەرزنجی

و هی دیکەیش بوون، دەرهێنانی بۆ شانۆ (سەعدوون یوونس) و بۆ (tv)، کۆچکردوو (عادیل عەبدوڵڵا) بووە، موزیکی ئەم کارەیش هەر بە من سپێردرا بوو.

* زنجیرە نواندنی (کەوەکانی قەرەچووخ): دوای ڕاپەڕینیش موزیکم بۆ ئەم بەرهەمە دانا، کە (٨) ئەڵقەی سەعاتی بوو، لە نووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند (تەڵعەت سامان) بوو، چەندین ئەکتەری شاری هەولێریش ڕۆڵیان تێدا دەبینی، لەوانە هونەرمەندان: شوکرووڵڵا شێخانی، زاهیر عەبدوڵڵا، دڵپاک تاهیر، شلێر ئەحمەد، غازی غەفوور، نەوزاد ڕەمەزان، بەکر مەعرووف، ڕەزاق شەمسەددین، مەحموود ئەحمەد بێوەی و هی دیکەیش، ئاوازی گۆرانییەکانی پێشەکی ئەو زنجیرە نواندنە و ناوئاخنەکانیشم بە دەنگی هونەرمەند: (هاوژین ئەسعەد) تۆمار کردبوون.

* شانۆیی (شەهێن لە سەختەن هێلانە دەکات): لە نووسینی هونەرمەند (ئەحمەد سالار) و دەرهێنانی هونەرمەند (زاهیر مەحموود) و موزیک و ئاوازەکانیش هی بەندە بوون. بەرهەمی ساڵانەی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو، ئەو سەردەمانە مامۆستای وانەبێژی بەشی شانۆی ئەو پەیمانگەیە بووم، لە ڕێکەوتی (١٧/٤/١٩٩٤) ڕۆژانە کاتژمێر (٥:٣٠) ئێوارە لە هۆڵی گەل بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ نیشان درا، بێجگە لە خۆم هەندێک لە موزیکژەنانی (تیپی مۆسیقای زیروبەم)، موزیک و گۆرانییەکانمان دەژەند، گۆرانیبێژی بەهرەمەندی تازە هەڵکەوتووش کە خۆم لەو بەشەی پەیمانگەدا دۆزیبوومەوە: (موحسین عەبدوڵڵا) ئەو ئاوازانەی سەرکەوتووانە دەگوت.

* ئۆپەرێتی (ڕەشەبای مەرگ): بەرهەمی (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر) بوو، دەقەکە لەسەر کارەساتی جگەربڕی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، ئەمەیان لە سەر داوای خۆم شاعیر (جەبار حەبیب)، ئەرکی نووسینی گرتە ئەستۆ، دەرهێنانی هونەرمەند (واحید مەرجان) و دیارە سەرجەم ئاوازەکانیش هی بەندە بوون، ئەکتەرەکانیش هونەرمەندانی فەرمانبەر لە (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی - هەولێر) و قوتابییان بوون، لە ڕێکەوتی (٢٣/٣/١٩٩٦) کاتژمێر (٤)ی ئێوارە لە هۆڵی گەل نمایشکرا.

دیارە لە ماوەی ژیانمدا موزیکی هەندێک کاری درامای دیکەیشم کردووە و هەندێکم لەبیر نەماون، بۆ نموونە:

* شانۆگەری (گوڵی قەنەفر): هونەرمەند (سەعدوون یوونس) بەبیری هێنامەوە کە ئێمە ساڵی (١٩٧٦) کاری موزیکمان بۆ بەرهەمێک کردووە بەناوی (گوڵی قەنەفر) نووسینی (سعدون العبیدی) و وەرگێڕانی (؟)، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند سەعدوون یوونس بووە و بە هاوکاری قوتابیانی (ئامادەیی هەولێری کچان) بەرهەم هاتووە، بەبیری هێنامەوە کە من و هونەرمەندان (یووسف باکووری) و (جان تۆماس)، خۆمان و ئامێرەکانمان ئامادەی نمایشەکە بووین و ڕۆژی نمایشەکەش، کە هەر لە ناو ئەو ئامادەییە بووە، بە (زندی) خۆمان موزیکەکەمان ژەندووە.

* شانۆگەری: (ئاگاداربن بەڕێزەکان): نووسەر (ئازاد عەبدولواحید)یش بە بیری هێنامەوە کە ئێمە هەر ساڵی (١٩٧٦) بەشداری شانۆگەرییەکمان کردووە بە ناوی (ئاگاداربن بەڕێزەکان)، لە نووسینی (نەبیل بەدران) و وەرگێڕانی (ئازاد عەبدولواحید) خۆی و موزیکی ئەو بەرهەمەش هی بەندە بووە، نمایش کردنی ئەو شانۆگەرییەش بووەتە هۆی تووڕەبوونی بەعسییەکی دەسەڵاتداری ئامادەبووی ئەو نمایشە بە ناوی (عەبدولغەفار سائیغ)، کە بە هەڵچوونەوە گوتبووی: من ئەو (دەقە)م خوێندووەتەوە، دەقەکە دەسکاری کراوە و بۆ بارودۆخی ئێرە گونجێنراوە و بۆ هاندان و وروژاندنی خەڵکی ئێرە گۆڕدراوە! چونکە لە شانۆگەرییەکەدا باسی ڕاگوێزانی گوندێکی فەلەستینییەکان کراوە، بەڵام ئەوانە لادرابوون و بە دیکۆر و جلوبەرگ و ئیکسسوار کرابووە حاڵەتێکی کوردەواری، مۆسیقای پاڵپشتەکەشی بەشێکی لە یەکێک لە دیمەنەکانی مۆسیقای گۆرانی (یارەکەم ئەڵێی بووکە جوانی شاری کەرکووکە)ی بۆ دانرابو، بۆیە هونەرمەند سەعدوون یوونس کاک ئازاد عەبدولواحیدی ئاگادار کردبوو و پێی گوتبوو: ئێمەی فەرمانبەرانی (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان) ئەوانەی بەشداری ئەو کارەمان کردووە، خۆمان شاردووەتەوە، تۆش ئاگاداری خۆت بە!

سەرچاوە:

١) وليد حسن الجابري: الموسيقي التصويرية ماذا تترجم؟
٢) لە هەندێک سەرچاوەی دیکەشەوە و لە (ئینتەرنێت)یش، سوودم وەرگرتووە.

فۆتۆگراف و شانۆ

فارس سەعدی

فۆتۆگراف ڕۆڵێکی کاریگەر لەبواری شانۆدا دەبینێ، چ وەک دوکیومێنت کردنی دیمەنەکانی هەر شانۆگەرییەک، چ وەک گرتەی ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ، سەرەڕای ئەوەی تا ڕادەیەک لە یەک چوون لەنێوان گرتەی فۆتۆگرافی و دیمەنی شانۆگەریدا هەیە.

بەر لە هەموو شتێک پێویستە وێنەگر ڕەزامەندی پێشەکی لە دەرهێنەری شانۆگەرییەکە وەرگرێ بۆ وێنەگرتنی شانۆگەرییەکە بەشێوە و شێوازێک، دوای ڕەزامەندیی ئەرکی وێنەگرە کە بەر لە نمایشی کۆتایی، پێش وەخت شانۆگەرییەکە بە تەواوی ببینێ، تا بزانێت دیمەنەکانی چۆنن و جۆری ڕووناککردنەوەکەش بە چ شێوازێک ڕووناک کراونەتەوە، هەروەها زانینی تۆڕپکی دیمەنە یەک لەدوای یەکەکان. دوا بەدوای ئەمانە وێنەگر دەبێ کامێراکەی (WB)ی شیاوی بەشێوەی مانیوەڵ بۆ شانۆگەرییەکە دیاری بکات، تا ڕەنگەکان بە سروشتی دەرکەون، هەروەها بەگشتی ڕووناکی سەر شانۆ بۆ کامێرای دیجیتاڵی تۆزێک کزە، بۆیە دەبێ (iso)ی کامێراکە زیاد بکرێ تا گرتەکان تاریک دەرنەچن، ئینجا دێینەوە سەر جۆری لێنزی کامێراکە، تا دەکرێ لێنزەکە بەهێز بێت و کونی لێنزەکە گەورە بێت بۆ ئەوەی خێرایی شەتەر زۆر کەم نەکەینەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێت وێنەگر پێویستی بە ستاند دەبێت کامێرای لەسەر چەسپ بکات، کامێراش دەبێ لەناو هۆڵی شانۆ دابنێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە بە بەردەوامی گرتەکانی بگرێت و هێندە بینەران نیگەران نەکات و بە وێنە گرتنەکانەوە سەرقاڵیان نەکات. باشترین و شیاوترین شوێن ناوەڕاستی هۆڵەکەیە، بە مەرجێک ئاستی کامێراکە لە ئاستی ڕووی تەختەی شانۆ تۆزێک بەرزتر بێت، بەگشتی بەکارهێنانی

فلاش قەدەغەیە، واتە دەبێ وێنەگر پشت بە ڕووناکییە هەبووەکانی سەر شانۆ ببەستێ تا مۆدی گرتەکان وەک چۆن دەرهێنەر ویستوویەتی لەوێنە فۆتۆگرافییەکەشدا دەرکەوێ و دەبێ بە هەمان بار دەربچن.

پێویستە وێنەگر زوومێکی تەلی فۆتۆ و نۆرمالّی بەسەر کامێراکەیەوە بەستابێ بۆ بەکارهێنانی گرتەکان. تا کارێکی جوان و ڕێک لە گرتەکان دەست دەکەون. ئەگەر جوولّەی زۆر خێرا لە دیمەنەکاندا هەبوون، خۆیانی لێ دوور بکەنەوە، چونکە لەبەر کەمی خێرایی شەتەر لێڵ دەردەچن، بۆیە زیاتر ئەو دیمەنانە دەگیرێن کە جوولّەیان کەمە، دەبێ وابکرێ گرتەی زیاتریش بۆ هەر دیمەنێک بگیرێ لەبەر ئەوەی هەست و نەستی ئەکتەرەکان بە بەردەوامی دەگۆڕێت، نابێ بە بەردەوامی دیمەنی گشتی سەر شانۆ بگیرێ، دەبێ هەندێ گرتەمان بۆ ئەکتەرەکان کلۆز بێت تا هەڵچوون و گۆڕانکاری دەموچاویان و ئەو ماکیاژەی بۆیان کراوە بە جوانی دەرکەوێ، هەندێ گرتەش دوو تا سێ گرتە بن، ئەگەریش دیالۆگیان لەگەڵ یەکتری هەیە، با لە گرتەیەک بگیرێن.

لە پرۆگرامە جۆراوجۆرەکانی کامێرادا وا چاکە پرۆگرامی مانیوەڵ بەکاربهێنین، چونکە وێنەگر دەتوانێ خێرایی شەتەر و کونی لێنزەکە بە هەوەسی خۆی زیاد و کەم بکات، دیمەنەکان تاریک دەربچن، یان ڕۆشن، باشترین (iso)ش لە (٨٠٠) کەمتر نەبێت، بەڵام ئەگەر زۆر زۆریش زیادت کرد، ئەوە نۆنیر زیاتر دەبێت و نێتی گرتەکان لاواز دەبێت. ئەو کامێرایەی بەکاری دێنین دەبێ جۆری پرۆفیشنالّ بێت تا کۆنترۆڵ لەدەست خۆی بێت، نەک چاومان لە ڕەحمەتی کامێرا بێت کە هەموو شتێکمان بە جوانی بۆ بڕەخسێنێ. دەبێ (WB)ـەکە لەسەر هێمای گلّۆپی تەنگستن ڕاگیر بکرێ و ئەو خێراییانەی پێویستیمان پێیان دەبێت زیاتر یەک لەسەر (٤)ی، یان (٨)ی چرکە دەبن، کونی لێنزی (f-5.6) دەبێ، خۆ ئەگەر کامێراکەشمان لێنزەکەی زۆر بەهێز بوو، دەتوانرێ کونەکە بکەینە (f-4)، یان (f-2.8).

ئەگەر لای ڕاست و لای چەپ و ناوەڕاستی شانۆ ئەکتەریان لێ وەستا بوو و ڕووناکیشیان لەسەر بوو، لەم حاڵەتەدا پێویستە گرتەی گشتی بگیرێ، کلۆز و میدیەم (واتە مام ناوەندی) تا ناوقەد و سەرچۆکیان بێت.

لە ڕووی هونەری گرتەکانەوە دەبێ هاوسەنگی گرتەکان

فۆتۆ: جیهانگیر گەردی

بە جۆرێکی باش کۆنترۆڵ بکرێ، هەروەها ڕووبەری ڕەنگی ڕووناکییەکان، هەروەها ئەو بۆشاییانەی کە لە سەرەوەی ئەکتەرەکانەوە، یان پێش و پشتەوەیان بەجێ دێڵّی، دەبێ زۆر وریا بین دەکرێ لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا کە گشت ئەکتەرەکان و دەرهێنەر دێنە سەر شانۆ خۆیان نمایشی جەماوەر دەکەن دەبێ لەم حاڵەتەدا فلاشێکی بەهێز بەکاربێنین و وێنەیان بە چەندین گرتە بگرین، نابێ لە گرتەی دیمەنەکان (مەشهەدەکان) هەتا کۆمبارسەکانیش لەبیر بکرێن، وێنەی ئەوانیش دەبێ بگیرێ، چونکە ئەمە کارێکی دوکیومێنتی و هونەرییە.

له کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن

کامەران سوبحان (سلێمانی)

گەڕان بەدوای فیگەر و کارەکتەرە داهێنەرەکانی شانۆدا

مێژووی ئەدەبیاتی شانۆیی لە سەردەمە کلاسیکییەکەی گریگ و ڕۆمانەوە بۆ سەردەمی ئەپسۆرد و مۆدێرن بە کۆمەڵێک وێستگە و قۆناغی جیاوازی کارکردن و بەرهەمهێنانداا تێپەڕیوە، ئەم تایبەتمەندی و وێستگانەش هەریەکەیان لە قۆناغێکی جیاوازدا بەرهەم و تایبەتمەندییەتی خۆی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا خستووەتە ڕوو، بە تایبەتیش لەو قۆناغانەدا کە شانۆ و ئەدەبیاتی شانۆیی جۆرێک لە هەڵکشان و داهێنانی پێوە دیاربووبێت، ئەم تایبەتمەندییەش لە کولتووری میللەتە جیاوازەکانی دنیادا خاڵێکی گەشە و هەر توێژەر و لێکۆڵیارێک بیەوێت ئەو ڕاستییانە بزانێت بە گەشتێک بە کتێبخانەی ئەو میللەتانەدا زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستییانەی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی گرفتە تا هەنووکە هیچ کام لەو تایبەتمەندییانە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بوونی نییە و ئەگەر هەنگاوێکیش بەو ئاراستەیەدا نرابێت زوو خامۆش بووە، هۆکاری ئەم حاڵەتەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە کە لێرەدا شوێنی باسکردنی ئەو حاڵەتانە نییە، ئەوەندە نەبێت باکگراوەندی هۆشیاری و بایەخی کولتووری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هۆکارێکی بەهێزی ئەو بێبەشکی و کەمتەرخەمییەمانە کە ئێمە لە ئەدەبیاتی شانۆییدا کەم بایەخ سەیری قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندنی ئەم هونەرەمان کردبێت.

هەوڵێک بە ئاراستەی ئاگادارکردنەوە لەو ڕیزبەندی و تایبەتمەندییەی کە بزووتنەوەی شانۆی دنیا پێی گەیشتووە و تا ڕادەیەکی زۆر کتێبخانەی کوردی پێی ئاشنا نییە و شانۆکاران و هونەرمەندان کەمتر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە بەو ئەزموونە بگەن، هەوڵێکی هاوڕێیەکی هونەرمەندمانە کە سالانێکی زۆرە وەک ڕێبوارێکی ماندوونەبوو سەرقاڵی کارکردنە لە کولتووری هونەریی ئەوروپی و سوێدیدا.

ئەو هەوڵ و ئەزموونە ناوازەیەش کتێبی (لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن)ـە، کە کتێبێکی لێکۆڵینەوەی شانۆیی نووسەر و شانۆکار (دانا ڕەئووف)ـە لە دووتوێی ٣٣٠ لاپەڕەدا، ساڵی ٢٠١٠ چاپخانەی ڕەنج لە شاری سلێمانی چاپی کردووە و بەبڕوای ئێمە ئەوەندە دێنێت تێشکێکی هەمەلایەنە بخەینە سەر تەوەر و

لایەنە گرنگ و جیاوازەکانی ئەو کتێبە تایبەتمەندە.

ئەم کتێبە کۆمەڵێک وتاری شانۆیی لە خۆگرتووە کە پێشتر بەشێک لەو وتارانە پێشەکی ئەو زنجیرە شانۆییانە بوون کە لە (دەزگای ئاراس) لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی و تا ئێستاش زیاتر لە ٦٠ زنجیرەی شانۆیی بڵاوبووەتەوە و (دانا ڕەئووف) سەرپەرشتیاری ئەم زنجیرە شانۆییەش ڕایدەگەیەنێت ئەم زنجیرە شانۆییە بەردەوام دەبێت تا ١٠٠ دەقی شانۆیی وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، بێ گومان ئەم پڕۆژەیەش زۆر لەوە زیاتر دێنێت کە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لەسەر لایەنە جیاوازەکانی هەڵوێستە بکرێت، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ناوەندی ڕووناکبیریمان زیاتر بەو هەوڵانە ئاشنا بن.

بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبە گەشت و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەیە لە ڕووی (تەکنیک و زمان و کەش و کارەکتەر و چیرۆک و باکگراوندی)ی دەقی ئەو نووسەرە جیهانییانەی بواری شانۆ کە دەقەکانیان لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی، نووسەرەکانیش لە شکسپیرەوە دەست پێ دەکات بۆ سترنبێرگ و چیخەف و هارۆڵد پینتەر و لاش نۆرین و چەندین نووسەری دیکە، کە هەندێک لەو نووسەرە شانۆییانە بۆ یەکەمین جارە بەرهەمیان دەکرێتە کوردی، ئەمەش ئاشناکردنێکی باشە بۆ خوێنەری کورد بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێک شاکار و فیگەر و داهێنەری شانۆ ئاشنا بێت، کە ڕەنگە پێشتر بە ڕێکەوتیش ناوی نەبیستبن، یان زۆر بە کەمی ئاگای لە دەق و بەرهەمەکانی بووبێت.

دەبێت ئەوەش بڵێین زۆرێک لەو نووسەرانەی کە ئێمە لەم زنجیرە شانۆییەدا ناسیوومانن پێشتر هەندێک لەو نووسەر و دەقە شانۆییانە بۆ زمانی وڵاتانی دیکەی وەک فارسی و عەرەبی و تورکی وەرنەگێڕدراون، ئەمەش هێندەی دیکە، ئەم هەوڵە و ئەم کتێبە سەنگینتر دەکات، پێویستە دەستخۆشی لەم هەوڵەی شانۆکار دانا ڕەئووف بکرێت و بە هەموو لایەکەوە پشتگیریی سەرکەوتنی پڕۆژەکەی لێ بکرێت.

دەروازەیەک
بۆ میتودە شانۆییەکان

هەروەک ئاماژەمان پێ دا ئەم کتێبە زۆربەی هەرە زۆری میتودە شانۆییەکانی لە خۆگرتووە، لە میتودە کلاسیکییەکانی یۆنانەوە بۆ ڕێباز و ڕێچکە مۆدێرنەکانی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی هەمە لایەنەی خوێنەر بۆ ئەوەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زۆرتر بۆ ئەم کتێبە بگەڕێتەوە و سوود لە زانیارییەکانی وەربگرێت، بەتایبەتیش بەدەر لە بەخشینی زانیاری لەسەر دەق و کەسایەتی و تەکنیکی شانۆییەکە، نووسەر خوێندنەوەیەکی تایبەتمەندیشی بۆ کۆی شانۆییەکە کردووە و لایەنە جیاواز و نهێنییەکانی بن دێڕی دەقەکەی شیکار کردووە، ئەمەش لە پێناو زیاتر بەرچاوڕوونی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بە بڕوای من گرنگی ئەم کتێبە و بابەت و تەوەرەکانی، بێجگە لەوەی بۆ نێوەندی شانۆییمان بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە، لە هەمان کاتیشدا بۆ ناوەندێکی وەک پەیمانگەی هونەرەجوانەکان زیاتر ئەو بایەخ و کاریگەرییانەی دەردەکەوێت و دەتوانرێت سوودی زۆری لێ ببینرێت وەک لایەنی تیوری، بە تایبەتی لە ناسینی ستایل و شێوازی ئەو نووسەرە شانۆییانەی کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان خاوەن تایبەتمەندی و ڕێچکەی گرنگی خۆیانن لە ئەدەبیاتی شانۆییدا، چونکە لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگەوە بۆ دواهەمین قۆناغ هەریەک لەم تەوەر و باس و وێستگە گرنگانەی کە لەم کتێبەدا هەن لەوانە ڕەگەزە جیاوازەکانی وەک (دەرهێنان، نواندن، ئەدەبی شانۆیی، شانۆی ڕۆژهەڵاتی) دەخوێنرێن، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکەی دەوڵەمەندی ئەو وانەیە، کە خوێندکاران و مامۆستایانی شانۆ لە پەیمانگە پتر بەرچاوڕوون دەبن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەو دەق و نووسەرانەی کە لە کتێبەکەدا بەسەرکراونەتەوە، بیرمان نەچێت بابەتی دیکە لەسەر ئەو وانانەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە کتێبخانەی عەرەبی و ئینگلیزی بایەتی یەکجار زۆروزەوەندەن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەزانینی زمانەوە قوتابیان ناچارن بەردەوام بۆ سەرچاوەی کوردی بگەڕێنەوە، ئەم کتێبە دەبێتە یەکێک لەو فەرهەنگ و سەرچاوانەی کە سوودی زۆر بەو هەنگاوە دەگەیەنێت و ڕێنیشاندەرێکی باشی قوتابییەکان دەبێت بۆ خوێندنەوە و بە دەستهێنانی زانیاریی پتر لەسەر ئەو بابەت و لایەنە جیاوازانەی کە ڕۆژانە وەک وانە دەیخوێنن و بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی نێو وانەکانیان سوودیان هەیە.

ئەگەر باسی وانەکانی (ئەدەبیاتی شانۆیی و ڕەخنەی شانۆیی و شیکار و شیکردنەوە) بکرێت کە سێ وانەی سەرەکی بەشی شانۆن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە هەر سێ ئەو وانانەدا بەردەوام پێویست دەکات قوتابی و مامۆستا بۆ شیکار و مانای دەق و باکگراوند و تەکنیکی شاکارە شانۆییەکان بگەڕێنەوە، لەم کتێبەدا سەرجەم ئەو ڕەگەزانە هەیە و دەروازەیەکی باشە بۆ ئەوەی

بەشێوەیەکی ورد لەو ڕەگەزانە بگەن، من بۆخۆم کە مامۆستای وانەبێژی (ئەدەبی شانۆیی) پێش دوا قۆناغی بەشی شانۆم لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، هەمیشە بە قوتابییەکانم دەڵێم پێویستە زنجیرەی کتێبی شانۆییەتان هەبێت و هەموو شانۆییەکان بخوێننەوە، بۆ وانەی شیکارکردنی دەقەکانیش هانیان دەدەم کتێبی (لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن) بخوێننەوە و زۆر جاریش لە کاتی وانە خوێندن لە ناو هۆڵەکەدا دەیکەین بە گفتوگۆ و دیالۆگی والاّ لەسەر بابەت و لایەنە جیاوازەکانی بەو هیوای ئەم کتێبە ببێتە ڕێنیشادەرێکی ڕاستەقینەیان بۆ ئەوەی لە دوای پەیمانگەش بەردەوام هاوەڵ و دۆستی کتێب و شانۆنامە جیهانییەکان بن.

خوێندنەوەی هێما شاراوەکانی دەق

تەوەرێکی دیکەی کتێبی (لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن) کە خاڵی بەهێزی کتێبەکەیە و پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، زانیارییەکانی نێو ئەو بەشانەن کە لە سەر ژیان و بەرهەم و دەقەکانی ئەو نووسەرانە نووسراون، کاتێک لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا بەناوی (مەرگەساتی شالیر) لەسەر جیهانی شکسپیر و دەقە شانۆییەکەی (شالیر) نووسراوە، لەو بەشەدا کۆمەڵێک زانیاری نەبیستراو لەسەر شکسپیر و لەسەر مەرگەساتی شالیر دەخوێنینەوە، دیارە شکسپیر لە ئەدەبیاتی شانۆیی ئێمەدا یەکێک لەو نووسەرە شانۆییانەیە کە زۆرترین وتار و نووسین و بابەتی لەسەر وەرگێڕراوە، بەڵام بەشی زۆری زانیارییەکانی ئەم بەشە لەسەر شکسپیر، زانیاری نەبیستراون و زانیاری وردن، ئەمە بێجگە لە هێنانەوەی چەندین نموونەی دیالۆگ و دیمەن و بەشەکانی دەقە شانۆییەکە و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان و دابەشکردنی ئەو بەشە لە ژێر چەند تایتڵێکدا بەناوی (لە کۆمیدییەوە بۆ تراژیدی، چیرۆکی مێژوویی و ڕاستەقینەی ژیان و مەرگی شالیر، دابەشکردنی دەوڵەت، مەرگەساتی شالیر، لیری پاشا و لیری ڕووخاو، گورزی سروشت، گەمەی پێناس و خودی ڕاستەقینە، کۆتایی بازنەکانی شەڕ) هەریەک لەم تایتڵ و ناوونیشانانە سەرباسێکن و نووسەر لەژێر ئەو ناوەدا کۆمەڵێک ئاماژە و هێمای وردی لە شانۆگەرییەکەدا دۆزیوەتەوە، بێ گومان ئەمەش بۆ خوێنەرانی شکسپیر و شانۆنامەی شالیر دەروازەیەکە بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ لەو شاکارە شانۆییەدا، بەو پێیەی ئەم شانۆنامەیە وەک شانۆیەکی زۆر ئاشنا بە بینەر و خوێنەر و هونەرمەندی کورد هەمیشە لە هۆڵەکانی شانۆ و وانە وتنەوەدا ئامادەییەکی بەردەوامیان هەبووە، بوونی ئەم ڕەگەزەش دەبێتە هاندانێکی دیکەی چێژبەخش بۆ خوێنەر بۆ ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و زانیاری لەسەر ئەو کارەکتەر و نووسەر و شانۆنامە جیهانییانەی لا زیاتر و بەرفراوانتر بکات.

لە بەش و پەرەگرافی (لیری پاشا و لیری ڕووخاو) نووسەر لەسەر زمانی کارەکتەری (لیر) ئەم پەرەگرافە شیعرییەی داناوە کە ترۆپکی ڕووخاوی لیر دەردەخات، دوای دابەشکردنی کۆمارەکەی بەسەر کچەکانیدا، دەیکاتە نموونەی خوێندنەوە و شیکاری ئەو بەش و دیمەنەی شانۆییەکە.

لیر
ئەی نەگبەتی ڕەشو ڕووت، لە هەر کوێ بن.
ئەی ئەوانەی بە ڕووی ستەمی ئەم ڕەشەبایەدا دەوەستن.
ئێوە چۆن بەرگەی زوڵمی وەرزەکان دەگرن.
ئێوە کە سەربانێک بەسەر سەرتانەوە نییە
بێ نان و ئاو ئەی ئەوانەی بەرگ و سیپڵتان هەلا هەلایە
ئاھ چەند کەمتەرخەم بووم بەرانبەر ئەوانە
هۆکەش و فش دەرمانەکەت هەڵقوڕێنە.!

لەم دیالۆگە شیعرییەی کارەکتەری (لیر)ـەوە نووسەر شیکاری ئەو داڕووخانە گەورەیە دەکات و شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژییانە بۆ ئەو بارە دەروونییە دەکات کە دوای ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر دەروونی لیردا هاتوون، دیالۆگ و وشەکانیش جۆرێک لە داڕووخانی ناوەکی هستریای دەروونی پێوە دیارە، ئەم حاڵەتەش کاتێک خوێنەر دەیخوێنێتەوە هەست بەو مانایانە ناکات، تا نەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیکار و خوێندنەوانەی کە ئەم نووسەرە لەم کتێبەدا خستوویەتییە ڕوو، ئەمە بێجگە لەوەی هەر لەم کتێبەدا هەڵوێستە لەسەر شانۆگەری هاملێت کراوە و بە هەمان تایبەتمەندی و ڕێچکەوە شیکارێکی هەمەلایەنە بۆ تەکنیک و کارەکتەر و دیمەن و چیرۆکەکانی ئەو شانۆگەرییە کراوە.

دۆزینەوەی مانا لە دیالۆگ و دیمەنەکاندا

لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا بەناوی (سۆناتای تارمایی و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور)ـەوە لەم بەشەدا نووسەر بە وردی و بەرفراوانی هەڵوێستە لەسەر سۆناتای تارمایی و شانۆی ژوور

دەکات و دەڵێت" ڕێژیسۆری ئەڵمانی ماکس ڕاینهارت ١٨٧٣-١٩٤٣ لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە پاڵ شانۆ جۆراوجۆر و چالاکییە بەردەوامەکانیدا شانۆیەکی تایبەتی بە ناوی (شانۆی ژوور) لە بەرلین دەکاتەوە، لەم شانۆیەدا، بێجگە لە شانۆنووسە ئەڵمانییەکان ئیپسن و سترنبێری پێشکەش دەکات."

لەم بەشەدا لە زۆر لایەنەوە نووسەر شیکاری بۆ شانۆی ژوور و سۆناتای تارمایی سترنبێری کردووە، بە جۆرێک خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم بەشەدا پێش خوێندنەوەی دەقە شانۆییەکە، کۆمەڵێکی زۆر زانیاری لەسەر ئەو شێوازە شانۆییە و ئەو نووسەر و قوتابخانەیەی دەست دەکەوێت، ئەم بەشەش نووسەر بەسەر چەند تەوەرێکدا شیکاری کردووە کە ئەوانیش بریتین لەم ناوونیشانانە (سۆناتای تارمایی، یان خوانی تارمایی، چی لە سۆناتای تارمایی ڕوودەدات، کارەکتەرەکانی سۆناتای تارمایی، ماریۆنێت، یان گرۆتێسک، تارمایی، یان کەسێتی ڕاستەقینە، خوێندکار، یان ویژدانی شاعیر، هەمێل و چێشت لێنەرەکە) بۆ هەریەک لەو بەشانەش ئەم نووسەرە شیکار و هێما و ئاماژەکانی شیکارکردوون و خوێندنەوەی تایبەتی بۆ کردوون، ئەم پۆلێن کارییەش بەو ئاراستەیەیە کە خوێنەر بتوانێت بەش بەش و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو دەقە بخوێنێتەوە و لە مانا و لایەنە شاراوەکانی پشت دەقەکە تێ بگات، ڕەنگە پێش ئەم کتێبە لە ئەدەبیاتی شانۆییمان زۆر بەکەمی خوێنەر و هونەرمەند بە ئاگابوون لە شانۆی ژوور و بەرهەمەکانی سترنبێری، هەرچەندە لە هەشتاکاندا چەند وەرگێڕێکی کورد یەک دوو دەقی ئەم نووسەرە سوێدییەیان لە عەرەبی و لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام هەرگیز ئەو تام و چێژە نادات کاتێک خوێنەر ئەم دەقانەی ئەم نووسەرە سوێدییە بە زمانی کوردی و بە وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە دەخوێنێتەوە، تا ئەم کتێبەش نەخوێنرێتەوە و وێستگە گرنگ و پڕ بایەخەکانی جیهانبینی و مەزنی ئەو نووسەرە نابینرێت، کە بە بڕوای من سترنبێری بۆ سوێدییەکان وەک شکسپیر وایە بۆ شانۆی ئینگلیزی و وێستگەی یەکەمی سەرهەڵدانی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپییە، بەتایبەتیش لە ڕووی دەق و بابەتی سۆسیۆلۆژیای بابەت و ئەو کارەکتەرانەی کە لە شانۆنامەکانیدا دروستی کردوون.

کاتێک لە بەشی سێیەم و لە شانۆگەریی سۆناتای تارمایی چێشتلێنەرەکە ڕووبەڕووی خوێندکارەکە و خانمەکە دەبێتەوە و هەڕەشەیان لێدەکات و وەک خەونێکی ناخۆش بێزاریان دەکا و دەڵێت:

ئێوە ئاومان تێدا نەهێڵن، ئێمەش ئاو لە ئێوە دەبڕین، ئێمە خوێن دەمژین و ئێوەش ئاوتان بەردەکەوێت...لەگەڵ کلۆریتین. ئەمە کلۆریتە.! ئێستا دەڕۆم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک خۆم ئارەزووم لێ بێت دەمێنمەوە... (دەڕوات)

ئەم دیالۆگە دەبێتە هەوێنی کارکردنی نووسەر و زۆر مانا و هێمای وردی هونەری لێ دەردێنێت، ئەوەش بێ گومان وەزیفە و ئەرکی ڕەخنەگر و نووسەرە کە چۆن مانای جیاواز و ڕەهەندی نادیاری دەقێک بۆ خوێنەر دەردەخات و ئاشنایان دەکات بە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەو دیمەن و دیالۆگانەی کە بینەر و خوێنەر بە ڕاگوزەری دەیبینن و دەیخوێننەوە، بە بڕوای من ئەم لایەنەش لایەنێکی دیکەی بەهێز و گەشی کتێبی (لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن) دەردەخات.

هەر لەم کتێبەدا خوێنەر بە چەندین نووسەر و ڕێچکەی هونەری و ئەدەبی شانۆیی ئاشناکراوە لەوانە هنریک ئیپسن و شانۆی ڕیالیزمی، شانۆنامەی سێ خوشک دوا قۆناغەکانی شانۆی چیخەف، یوجین ئۆنێل و شانۆی ئەمەریکی و ژان ژینییە و شانۆی هاوچەرخ، لاش نۆرین و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان...تاد

هەریەک لەو بابەت و ناوانەش نموونەی دەق و دیالۆگ و دیمەن و بەرهەمەکانیان خراوەتە ڕوو، ئەمە، بێجگە لە ژیاننامە و کاتی نووسین و قۆناغی نووسینی ئەو دەقە شانۆییە، هەموو ئەمانەش دەروازەیەکی گەورە و کراوە دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەر وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەم کتێبە بگەڕێتەوە، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە پێویستی بەسەرچاوەی باس و بابەتە تایبەتمەندەکانی شانۆ دەبێت لە قۆناغی کلاسیکەوە بۆ قۆناغی شانۆی مۆدێرن.

دەبێت ئەوەش بڵێم ئەوەندەی من بزانم کتێبی (لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن) تاکە کتێبە لە ئەدەبیاتی شانۆیی کوردیدا کە لەسەر ئەو هەموو نووسەرە شانۆییە و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی شانۆ نووسرابێت، بۆ هەر یەکە لەو نووسەرانەش، نموونەی دەقێکی شانۆیی و تەکنیکی نووسینیان و شێوازی کارەکتەر و ڕووداوەکانی بە وردی شیکرابێتەوە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی دروەشاوەی کتێبەکەیە و دەبێت خاڵی بەهێز بۆ ئەوەی بەردەوام وەک یەکێک لە کتێبە سەنگینەکان لە کتێبخانەی هونەریی کوردیدا بۆ بگەڕێینەوە.

تێزێکی دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەناوی:

«ئەحمەد سالار ڕابەری بزاڤی شانۆی هاوچەرخی کوردی»

د. کەمال غەمبار

ئەم تێزە لە بنەڕەتدا بە عەرەبی نووسراوە و پێشکەشی زانکۆی سانت کلیمێنتس کراوە، لیژنەی تاووتوکردنی بریتی بوو لە دکتۆرێکی پرۆفیسۆر وەک سەرۆک زانکۆی کۆیە و دکتۆرێکی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی دهۆک- ئەندام، دوو دکتۆری پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەددین- ئەندام، دکتۆرێکی پرۆفیسۆر لە زانکۆی بەغدا- ئەندام، دکتۆری سەرپەرشتیار و ئەندام لە زانکۆی کۆیە، پلەی زۆرباش بە توێژەری تێزەکە قوتابی کەمال غەمبار دراوە.

تێزەکە بریتییە لە پێشەکییەک کە زۆر بە کورتی پێناسەی شانۆ دەکات، هەروەها بەرایی کە بۆ دوو تەوەر دابەش کراوە، تەوەری یەکەم لە ژیاننامەی هونەرمەند (ئەحمەد سالار) و کارە شانۆگەرییەکانی کە نووسیونی و ئەو خەڵات و بابەتانەی وەریگرتوون دەدوێت. تەوەری دووەم باسی شانۆ لە ڕووی زمانەوە، پاشان وەک زاراوە دەکات و پوختەیەک لە میژووی شانۆ دەخاتە بەرچاو.

بەشی یەکەم لە بارەی نواندنەوە دەدوێت، کە بریتییە لە سێ باس:

یەکەم: نواندن لە ڕووی زمان و هونەری شانۆکارییەوە دەدوێت.

دووەم: ئەحمەد سالار کارەکتەرێکی شانۆییە.

سێیەم: ئەحمەد سالار لە پەساپۆرتە هونەرییەکەی سنووری نیشتمان دەبڕێت.

لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئارەزوو و خولیای ئەحمەد سالار دەکاتەوە کە چۆن لە سەرەتادا شەیدای شانۆ بووە و خۆی لە کۆلێژی ماف و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان وەرگیراوە، بەڵام ئەو کۆلێژی هونەرە جوانەکانی، لە کۆلێژی ماف لەلا پەسەندتر بووە، هەروەها کە لەسەر شانۆ ئەستێرەی گەشاوەتەوە و لە وڵاتانی دەرەوە پێشوازی لێ کراوە و لە بارەی ڕۆڵی وەک کارەکتەری لەسەری نووسراوە، بە تایبەتی نمایش کردنی شانۆگەریی «پاسەوان» کە مۆنۆدرامایەکی زیاتر لە سەعاتێک بووە، لە نۆ شاری سوێد پێشکەش کراوە.

بەشی دووەم تایبەتە بە (دەرهێنان) کە بۆ چوار باس دابەش کراوە:

باسی یەکەم: دەرهێنان وەک زمان و زاراوە و چەمک.

باسی دووەم: دەرهێنانی شانۆیی.

باسی سێیەم: ئەحمەد سالار دەرهێنەرێکی شانۆیی.

باسی چوارەم: ئەحمەد سالار ڕابەرێکی دەرهێنانی نمایشی ئاهەنگسازیی.

بەشی سێیەم: دەقە شانۆییەکان کە پێنج باس لەخۆ دەگرێت لەوانە:

١- دراما ماناکەی وەک مانای فەرهەنگی و مانای شانۆیی.

٢- ڕەسەنی لە ڕووی مانای فەرهەنگی و چەمکی ڕەسەنی وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی و هونەری وەک ئیلیهەت دەڵێت: «چاکترین شت لە کاری شاعیر و زۆرترین ئەم کارکردنەیە، لەوەدا تێیدا دەیسەلمێنێت کە باپیرە شاعیرە کۆچکردووەکانی نەمر دەکات» ئەحمەد سالاریش وەک شانۆکارێک لە چەندین دەق بەپێنووسی خۆی وای کردووە شاعیرە گەورەکانی کوردی نەمر کردووە، وەک نالی، جزیری، مەحوی، بێکەس، ئەمەش نیشانەی ڕەسەنایەتی فیکری و هونەری دەگەیەنێت.

٣- هاوچەرخی وەک زمان و ڕووناکی خستنەسەر ئەحمەد سالار کە هونەرمەندێکی شانۆکاری هاوچەرخە.

٤- باسی ڕابەرایەتی دەکات لە ڕووی زمانەوە، هەروەها ڕابەرایەتیی ئەحمەد سالار لە شانۆی کوردی هاوچەرخدا.

٥- باس لە کولتوور دەکات، لە ڕووی مانا و تەوزیف کردنی لە شانۆدا، کە ئەحمەد سالار چۆن ئەو سامانەی بەکارهێناوە، هەروەها جیاوازی سیمیۆلۆژی لەنێوان وەرگرتن و تەوزیفدا چییە، لەم بوارەدا ڕای چەند کەسێکی پسپۆڕی لە شانۆدا هێناوەتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو سامانە دەکەن و چۆن تێی دەگەن.

بەشی چوارەم سێ باس دەگرێتەوە:

١- ڕای سەیروسەمەرە لەبارەی شانۆی کوردی و بەرپەرچدانەوەیان کە هی وا هەیە نکوڵی لە شانۆی کوردی دەکات، گوایە هونەرێکی ئەوروپییە و کورد ڕەنگەکان لێک جیا ناکاتەوە و شانۆی کوردی بوونی نییە.

٢- دەقی شانۆنامەی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) کە کردوومەتە عەرەبی کە لە ڕۆژنامەی (الأدیب الثقافیة) ژمارە (١٩٣) بڵاوکراوەتەوە.

٣- لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە بارەی شانۆگەریی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)یە کە لەسەر ئەم ڕەگەزانە بنیادنراوە و بریتییە لە: ١-پێشەکی، ٢-دەقی شانۆیی، یان گوتاری شانۆیی، ٣- زمانی ئاخافتن و زمانی نووسین، یەکەمیان پێی دەگوترێ زبان بە شێوەی گفتوگۆ، ئاخاوتن، دووەم بە شێوەی نووسینە، ٤- کەسێتییە شانۆگەرییەکان لای ئەحمەد سالار، کەسێتیی نالی وەک نموونەیەکە- نالی نادیار و دیار لە پانتایی شوێن و کاتدا، کە چۆن تێکەڵ و ئاوێتەی یەکدی دەبن، ٦- کاکڵ و گەوهەری گەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی، ٧- بەکارهێنانی سامانی نەتەوەیی لە شانۆگەریی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)دا.

٨- دەرهێنانی ئاهەنگسازی لە شانۆگەریی (نالی خەونێکی ئەرخەوانی)دا.

بەشی پێنجەم: بیبلیۆگرافیای کارە شانۆییەکانی هونەرمەند ئەحمەد سالارە کە بریتین لە نزیکەی (٣٥٠) کار بە (نووسین، دەرهێنان، نواندن، وەرگێڕان، کاری هونەری، شانۆ، تەلەڤزیۆن، پاڵەوانی بەرهەم، سینەما) میژوو و شوێنەکانی دەستنیشان کراون.

ئەنجامەکانی توێژینەوە، ئەنجامەکان، پێشنیارەکان، سەرچاوە و ژێدەرەکان کە ژمارەیان (١٠١)ە، نامەکانی ماجستێر و تێزی دکتۆرا و سیمیناری زانکۆیی ژمارەیان (١٠)ەیە، فەرهەنگەکان بە عەرەبی (٨).

سەرچاوە و ژێدەر بە ئینگلیزی و کوردی و فارسی (٤).

ڕۆژنامەکان بە عەرەبی (٢٦)، گۆڤارە وەرزییەکان بە زمانی عەرەبی (١٠) ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی (١٣) گۆڤاری وەرزی (٤) ئینتەرنێت (٤)، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی.

پوختەیەک لە ژیاننامەی توێژەر بە عەرەبی، بەتایبەتی بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی.

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێکردنە ئەو تێزە دەکرێتە کتێبێکی سەربەخۆ بەناوی (ئەحمەد سالار ڕابەر و دامەزرێنەری شانۆی ئاهەنگسازیی کوردیی هاوچەرخ) شانۆنامەی (چوون و نەچوون و گریمان نالی هاتەوە)ی دەخرێنە سەر، لەگەڵ باسێک بەناوی شایستەکردنی کارە (شانۆگەرییەکانی هونەرمەند ئەحمەد سالار، هەروەها باسێکی دیکە بەناوی شانۆگەرییەکانی ئەحمەد سالار تفەنگەکانی پیشمەرگە دلێرەکان دەگرنە باوەش) کە ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی هونەرمەند نواندوویەتی، شیاوی خەڵات پێ بەخشینی بارزانی نەمرە کە لەلایەن بەڕێز مەسعوود بارزانییەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی بەخشراوە.

لەدوای بەرچاوخستنی ناوەرۆکی تێزی دکتۆرایەکە بە پێویستی دەزانم هەڵوێستەیەک لەسەر هونەرمەند (ئەحمەد سالار) بکەم کە ڕابەری دەرهێنانی ئاهەنگسازییە و ئەوە بڵێم: لەپاش ئەوەی کە مەودایەکی دووری لە بواری نواندن و دەرهێنان بڕی، هەوڵی ئەوەی دا بنەماکانی شانۆیەکی نەتەوەیی ڕەسەن بچەسپێنێت. ئەویش دوای زیاتر لە سێ ئەزموونی دەرهێنان گەیشتە قەناعەتێکی تەواو کە شانۆی کوردی بێ دەقی کوردی بوونی نابێت، بۆیە پێویستە بنیادی شانۆی کوردی بە

دەنگوڕەنگ و بزاڤ و سۆز و ئاوازی کوردی بێتە کایەوە و سوود لە سەرچاوەکانی سامانی نەتەوەیی وەربگرێت، واتە هەموو پێکهاتەکانی کولتوور و مێژوو و هەموو جومگەکانی ژیانی لە ئارادابوو بەکاربهێنێت. هەرچەندە شانۆ لە هەر شوێنێکدا بێت لە ڕووی ئامانج و فەلسەفە و ئەرکەوە شانۆیە، هەروەک «مرۆڤ مرۆڤە بە هەر شێوەیەک و لە هەر گۆشە و سووچێکی جیهاندا بێ»، هەروەها وادیارە کە هەر مرۆڤێک تایبەتمەندی و پێوەندی بە ژینگە و دۆز و سیستمی ژیانەوە هەیە، لە هەر بارێک و هەرچۆنێک (ئەحمەد سالار) لە سەرەتای نووسینەکانی دەقە شانۆییەکانییەوە زانیاری لە سامانی نەتەوایەتی وەرگرتووە، وەک شانۆگەریی (پردی ولات) لە فیستیڤاڵی هونەری لە شاری بەغدا کە ساڵی ١٩٧٤ پێشکەشی کرد، وادیارە ڕێبازە تازەکانی ڕیالیزم کاریان تێکردووە»(١) بێجگە لەوەی خۆشی گەیشتە قەناعەتێک کە لە شانۆی هاوچەرخی کوردیدا بۆشاییەک هەیە و ناکرێت ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە مەگەر بە داهێنانی شانۆییەکی ڕەسەنی کوردی نەبێت کە سیمای تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەم بیرۆکەیەش لەدوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ناپاکی جەزایر هاتە کایەوە کە لە دەروونەوە هونەرمەند ئەحمەد سالاری هەژاند و کردییە پارچەیەک ئێشو ئازار و جینگڵ پێدان و لە چەند دیمەنێکی شانۆییدا بووە ڕقێکی ئەستووریش، پاشان جارێدانی ئەم پیش خواردنەوەیە لە شانۆگەریی (وانەیەک لە شایی ڕەشبەڵەکدا) و (وەرزی تازە)(٢)!

«ئەگەر درامای ڕووسی لە کانگای دڵەوە هەڵقوڵابێت»(٣) من دەڵێم درامای کوردی هەڵقوڵاوی شانۆی سالار بە نەمری دەمێنێتەوە مادامەکی گیانی نەتەوەی ڕاپەڕیوی کورد دەنوێنێت، چونکە «شانۆکاری مەزن و برادەرانی، هەموویان لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەهێنجن، کە گیانی هەڵقوڵاوی نەتەوەییە هەروەک لە ئینگلستان دوای شکستهێنانی ئەرمادای ئیسپانیا لە سەردەمی ئەلیزابیسدا ڕووی دا»(٤)، بێجگە لە خەم و خولیا و هەست و نەستی ئەحمەد سالار کە لە ناخەوە جووڵاندیان شانۆیەکی تازە بنیاد بنێت کە لە بنەڕەتدا لە بەکارهێنانی هونەرێکی تازە لە نمایش کردندا هەڵبقوڵێت. ئەوەی لەلای ئێمەدا ڕوونە، ئەو خولیا و ئارەزووەی هونەرمەند ئەحمەد سالار بەرجەستە نابن، ئەگەر بە ئەزموونێکی دوورودرێژ تێنەپەڕێت و ئامادە باشی دەروونیشی نەبێت، لەم ڕووەوە هەنگاوێکی گورجی ناوە و خاسییەتی هونەرمەندێکی پێشڕەوی وەرگرتووە، بەپێی ئەوەی لە شانۆی لاسایی کردنەوەدا دەرچووە و شانۆیەکی ئاهەنگسازیی کوردی دامەزراندووە، بۆ خۆشی لە ڕێبازە نوێیەکە دەدوێت و دەڵێت: «بەرجەستەکردنی ئەم واقیعە و ئەو کەرەستانەی بەکارم هێناون کەرەستەی خۆماڵی بەردەستن، ئەمەش شێوەی کاری تەبایی و گونجان و یەکخستن دەنوێنێ، لە هەمان کاتدا بنیادنانی شانۆیەکی خۆماڵی نیشتمانییە و ئەو ڕێبازەی کە لە شانۆدا گرتمە بەر، شانۆیەکی کوردیی ئاهەنگسازییە بەکەرەستەی فۆلکلۆری(٥).

ئەو ئاهەنگسازییەی کە ئەحمەد سالار لە شانۆدا تەوزیفی کرد، بوونێکی سازکراو نەبوو وەک هەر تەکنیکێکی شانۆیی کە بەرگەکەی بکاتە بەر، بەقەد ئەوەی لە کرۆکیدا کاری دامەزراندن و ڕابەرایەتییە بەو شێوە داهێنانەی کە دەربڕینی ڕاستییەکە لە خۆنیشاندانێکی هەستیاری بەرجەستەکردنی ژیان لە بوون و بەردەوامبوون و تازەکردنەوەیدا لە خۆشەویستی و شەیدایی و جووڵەی سەماکەری و سترانی کوردیی فۆلکلۆری و شێوەکاریی پانتۆمایمی و ئاوازی مۆسیقایی لە ڕێگەی بەکارهێنانی بلوێر و کەمانچە و دەف لێدان و ئێکسسوار و جلوبەرگی کوردی و دیکۆری تایبەت کە پشتیان بە کەرەستەی فۆلکلۆری کوردی بەستووە، ئەم شێوازە تازەیەی هونەرمەند ئەحمەد سالار وای کردووە کە سەیرکاری شانۆگەرییەکان بخاتە بارێکی وا کە هەر وشەیەک و جووڵەیەک و ئاماژەیەک و هێمایەک لەلای بێتە کار، هەر خەیاڵێک ببێتە ڕاستییەکی بەرچاو لەسەر زەمینەی واقیعدا، بە واتەیەکی دیکە، دەرکردنی شانۆ لە شانۆدا، کردنی سەیرکەر بە ڕووداو و کردەوە و دۆزینەوەی شتە شاردراوەکان، ئاهەنگسازییەک وا لە مرۆڤ بکات کە هەست بەگەڕانەوەی شتەکانی پێشوو بکات، هەروەها هەست کردن بە هاوچەرخی، ئاهەنگسازییەک کەوا لە جەماوەرەکە بکات کە بە بەشداری کردنی ویژدانیی لە ڕووداوەکانی سەر شانۆ و دەرەوەیدا ببێتە بەشێک لە کاری شانۆیی لەنێوان دارشتەی زمانەوانی وەک دەق و بنیادی درامی وەک نواندن و نمایش کردن. لێرەدا دەپرسین ئایا کەوتووەتە ژێر کارتێکردنی مایەرهولد، یان شانۆی نامۆیی بریخت، یان شانۆی هەژاری گرۆدۆفسکی، یان شانۆی ئاهەنگسازیی عەبدولکەریم بەرشید و سامی عەبدولحەمید و کەسانی دیکەوە؟ خۆی سوود لە هەموو

ئەزموون و ڕێباز و ئاراستەکان وەردەگریت، چونکە ئەو شێواز و ڕەگەز و هۆکارانە بەکاردەهێنرێت کە خزمەتی خواستەکانی دەکەن و بۆ خۆشی داهێنانەکانی دەخاتە سەریان کە هۆشمەندی لای جەماوەر دروست دەکەن. وەک هونەرمەندێک دەزانێت بۆ کێ دەنووسێت و بە چ شێوازێک دەنووسێت، کە دەقە نووسراوەکانی دەکاتە شانۆگەری زۆر چاک دەزانێت خۆی بەرانبەر ئەرکی دامەزراندنی دابونەریتێکی هونەرکاریی ڕەسەنە بۆ بنیادنانی شانۆیەکی کوردیی هاوچەرخ، چونکە دوو کەسێتی لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. کەسێتیی مرۆڤێک کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە دەکات کە تێیدا دەژی و کەسێتی هونەرمەندێکی ڕەسەن دەزانێ چۆن هونەرەکەی تەوزیف بکات بەو ئەزموون و باکگراوەندە ڕۆشنبیری و تیوری کردەییەی هەیەتی لەپێناو دۆزێکی شەرەفمەندانە، کە بە هەموو ڕاستگۆیی و دڵپاکییەوە بڕوای پێیەتی. کەواتە (ئەحمەد سالار) وەک کارەکتەر و دەرهێنەر و نووسەری دەق توانی بەردی بناغەی شانۆیەکی ئەزموونگەریی کوردیی هاوچەرخ دابمەزرێنێت و گەشەی پێ بدات، لەم ڕووەوە خۆی دەڵێت: «ئەزموونگەری ڕێباز نییە، ئەزموونگەری هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە، تەوژمیش نییە، بەڵام خەم و خولیایەکی پیرۆزە لە حیسابی هونەرمەند بۆ داهێنان، کە لە شوێن پێی شێوازە لاسایی کردنەوەکان تێپەڕ دەکات، دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە، کەسایەتییەکەشی لەم داهێنانەدا، کاری هونەرمەندی کارامەیە.(٦).

هەڵبەت هەر شتێکی تازە کە بەدەنگهاتنەوە و دەستخۆشی و سەرسامی خەڵکی بەدواوە دێت، دوور نابێ لە دەنگ و پڕوپاگەندەی بێ بنەما و پووچەڵ، ئەم حاڵەتەش بەرانبەر ئاهەنگسازییەکەی شانۆی سالار سەری هەڵدا، کە بەڵای هەندێک کەسەوە بەلاسایی کردنەوەی ئاهەنگسازییەکەی دکتۆر عەبدولکەریم بەرشید، یان سامی عەبدولحەمید لە قەڵەم درا.

بۆ پووچەڵ کردنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتانە، بە پێویستی دەزانین کە بەڵگە و دوکیومێنتی بەرچاو بهێنینەوە، کە ڕاستی مەسەلەکە دەسەلمێنن.

لە دیدارێکی «یاسین ڕەشید حەسەن»دا کە لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد سالاردا کردوویەتی و لە بارەی شێوازە ئاهەنگسازییەکەی دەدوێ کە خۆی ئاهەنگسازییەکەی کوردییە، ئاهەنگسازییەک نییە، کە پێوەندی بە شێوازی (عەبدولکەریم بەرشید)ـەوە هەبێت دەڵێت: «لە ماوەیەکی کورت نا، لە شانۆی (پردی ولات) و (وانەی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک)دا، هەر لەو کاتەوە خولیای ئەوە بووم کە شێوازێکی تایبەت بەخۆم هەبێت کە مافی هەر هونەرمەندێکە، هەرچەندە هەندێ کەس ئەم شێوازەی من (بەشانۆی ئاهەنگسازیی مەغریبی)ی عەبدولکەریم بەرشید کە گەنجینەیەکی ئایینی هەیە و لە کۆمەڵێک بۆنەی ئایینیدا بژاری کردووە، دەبەستنەوە و سەرەموویەک پێوەندی بە شێوازی منەوە نییە، چونکە ئەوەی کە تایبەت بەخۆمە ئاهەنگسازیی کوردییەکی پوختە، لە هی ئەو جیایە کە هەوێنی کاری من فۆلکلۆر و سامانی نەتەوەییە و گیانی ئاهەنگسازییان تێدایە کە دەکرێت ناوی بنێم شانۆیەکی کوردی تایبەت، یان شانۆی ئاهەنگسازیی کوردی(٧)»، هەروەها لە دیدارێکی دیکەدا لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا کردوویەتی دەڵێت: «شانۆی من شانۆیەکی داستانیی کوردییە»، هەروەها لەو باوەڕەدایە کە گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ و جووڵانەوەی ترپەداری دیکە بەشێکی گشتی لە سامانی نەتەوەییمان پێکدێنن، لەبەر ئەوە زیندووکردنەوە و بەکارهێنانیان لە هەر قاڵب و وێنەیەکدا، قبووڵ کردنیان کارێکی گران و ئاڵۆز نییە «لەبەر ئەوە و لە ئەنجامی چەندین ئەزموون بەدرێژایی چەندین ساڵ شارەزابوون لە سایکۆلۆژییەتی سەیرکەری کورد» خۆی بەشوێن داواکردن و خولیای تامەزرۆی وەرگر دەگەڕاو حەزی دەکرد بە دیداری شادبێت، کەواتە زۆر پێویستە ئەفسانە و چیرۆک و داستان و سەما و گۆرانی و جلوبەرگ تەوزیف بکرێن کە دەتوانن ڕابردوو بگەڕێننەوە و لێکۆڵینەوەی دەروونیی وەرگر بکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ کارە شانۆییەکە ئاوێتە بێت دوای جووڵاندنی بیرەوەرییەکان بەمەوە «ئەحمەد سالار»ی هونەرمەند توانی بانگەشەی گشتیی وەرگر سەرلەنوێ بکات و لە دەوری خۆیدا گەورەترین و زۆرترین کەس کۆبکاتەوە، وەک لە شانۆگەرییەکانی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی ١٩٨٧دا و (کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ ١٩٨٨) و (جزیری وانەی عەشق دا دەدا ١٩٨٩) و (کێشەی چوون و نەچوون و گریمان نالی هاتەوە ١٩٩٠)دا، ئەم شانۆگەرییانە بەڵگەی هەنگاونانن بەرەو خۆمالّی و بەرقەراربوون و بەرزبوونەوەی شانۆی کوردی(٨)».

بەڵام عەبدولکەریم بەرشید لە بارەی شێوازەکەی خۆی دەڵێت: «ئەم ئاهەنگسازییە لەناو پانتاییەکی شانۆیی جیاواز و تازە، هەناسە دەدا، لە تەختەی شانۆیی

تەقلیـــدی و پەردە و ئەندازەی ئیـــتـــالّی بە هەمـــوو ڕەهەندەکـانیـەوە، لە ئاسـتی سـەرکـوتکەرانەی ناسـراو دەرباز بووە، لەم پانتاییە تازەیەدا دووانەی تەختەی شانۆ و هۆڵ ون دەبن، هەروەک نووسینی هەنووکە/ ڕابردوو و نووسـینی ئێـرە و ئەوێ، بەمـــەوە ئەم چوونە ناو یەکـە نامـۆیە لەنێـوان گرنگترین و ڕاستی و هەست پێکراو و خەیاڵکراو و یاری سازدا دەبێت» (٩)

لەنێوان شێوازی ئاهەنگسازیی عەبدولکەریم بەرشید و شێوازی ئەحمەد سالاردا پێوەندی دووری و نزیکی هەیە، هەندێک لێکچـوون لەنێوان هەردوو شێـوازدا هەیە وەک نەبوونی دووانەی تەختـەی شـانۆ و هۆڵی نمایش کـردن، دووربوونەکەش لە بنیـادی دەقەکەدایە، کـە بنیـادی دەق بەندە بە ڕوانینی سـریالی ڕیالیـزمی ئاوێتـەی خـەونی سەوز و خەیاڵی ڕۆمـانسی لای عەبدولکەریم بەرشـید، بەڵام لای ئەحمەد سالار دەقەکە لەسەر زەمینەی واقیـعدا بنیـاد دەنرێت، نەک لەسـەر زەمـینەیەکی فشـەڵی نەرم، بێجگە لە مـامەڵەکردنی هۆشمەندانە لەگەڵ مێژوودا، بۆیە شـێـوازی ئاهەنگسـازییـەکـەی هونەرمـەند ئەحـمـەد سالار مۆرکی ڕەسەنی کوردەواری بەخۆوە گرتووە، بەهیچ شێوازێک ناچێتەوە سەر ئەو ئاهەنگسازییە باوانەی کە لە مـەغـریبـدان، هەروەها شـێـوازی ئاهەنگسـازیی قـاسم مـحـەمـەد و هی دیکە خـودی عـەبدولکەریم بەرشـیـدیش ڕەسەنایەتی ئەحمەد سالار دەسەلێنێت و دەڵێ: «نووسەر و هونەرمـەندی شـانۆکـار ئـەحـمـەد سـالار ڕابەرایەتی لە شـانۆی ئاهەنگسـازی کـوردی لە کـوردسـتـانی عـیـراقـدا ڕەســـەنایەتیی شـــانۆیەکـــەی لە فـــۆرم و ناوەرۆکـــدا بەدەسـتـەوەیە، کـە ڕوحـیـەتێکی تایبـەتی هەیە جـیـای دەکـاتەوە، شـانۆی ئەحـمـەد سـالار، نێـوان ژیاندنەوەی کـولتـووری کـوردی و سـرووش وەرگـرتن و داهێنانی لە تێڕوانینی واقیـعیانەی دۆزەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری سەردەم کۆ دەکاتەوە» (١٠)

ئەم گەواهییەی دکتۆر عەبدولکەریم بەرشید و داننانی بە ڕابەرایەتیی هونەرمـەند ئەحـمـەد سـالار لە شـانۆی ئاهەنگسـازیی کـوردی و ڕەســەنایەتیی شـانۆیەکـەی بەڵگەیەکی گـــەورە و زیندووە لە تایبـــەتمەندییـــە ئاهەنگســازییـــەکـــەی لە شـــانۆی ســـالاردا، کـــە بەو بەسـتـراوەتەوە، ئەوە دەردەخـات کـە لە خـودی واقـیـعی نەتەوەیی و نیشـتـمانیی کوردی وەرگیـراوە، هەروەها ئەو ڕاسـتـیـیـەش دەسەلێنێت کـە «هونەرمەند ئەحـمـەد سالار تازەکـەرەوەی شـانۆی کـوردییـە لە ڕێگەی جـەخـتـکردنی لەسـەر سێینەی پیرۆزی شانۆ- دەق، دەرهێنان، نواندن- کە لە ڕێگەی کارە زۆرەکانی شانۆیەکی کوردی ڕەسەنی خولقاند کە ڕەگەز و پێداویستەکانی شانۆیەکی نەتەوەیی ڕەسەن بەرجەستە دەکات» (١١).

هونـەرمـــــەند لە ڕێگـەی داهێنـانـی شـــێـــوازی ئاهەنگسـازییـەوە، خۆی دۆزییـەوە، درکی بە گرینگی ئەم شێوازە لە ڕێگەی نمایشی شانۆیی و ڕادەی کـارتێکردنی کـاریگەرییـانـەی لە جـەمـاوەرەکـەیدا کـرد، چونکە «دۆزینەوەی خود، دۆزینەوەی خودە بە خەڵکی دیکەوە. دۆزینەوەی خـودی نەتەوەیی، دیاری کـردنی هەڵوێسـتـە گشتییەکەیەتی و پێگەکەیەتی لە کاتدا» (١٢)

پەراوێزەکان:

١- ئەحمەد سالار من و شانۆیەکەم، ل٢.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٣- فرانک هوایتنج، المدخل الی الفنون المسرحیة، ل١٢٩.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

٥- ئەحـمـەد سالار، خـۆشـتـرین گـۆرانی، شـانۆی سـالار سێ تێکستی شانۆیی، ل١٥.

٦- گـۆڤـاری «ڕامـان» ژمـارە (١٠) لە (٥)ی نیـسـانی ١٩٩٧دا، ل٣٩-٤٠.

٧- یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەرۆک و تەکنیکی دراماى کوردی ١٩٩١-٢٠٠٢، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلیژی زمان لە زانکۆی سلێمانی کراوە، ل٣٨.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

٩- گۆڤاری شانۆ (مجلة فرقة مسرح سالار) العدد ١٢ اذار، ٢٠٠٩، السنة الثانیة، ل١٣١-١٣٢.

١٠- طنجة الأدبیة، المواقع الأدبي الأول، داخل العالم العربي، مجلة ثقافیة مغربیة، الإنترنیت.

١١- بشار علیوي، انطولوجیا المسرح الکردي، ل٩٩-١٠٠.

١٢- عبدالله أبو هیف، المسرح المعاصر العربي، قضایا ورؤی وتجارب، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق ٢٠٠٢، ل١٠٣.

خوێندنی شانۆ
لە زانکۆکانی عیراقدا

ئەحمەد سالار

شانۆی کوردی لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی زانکۆی بزەنسۆن لە فەرەنسا

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی بزەنسۆن لە فەرەنسا لە ڕۆژانی هەینی و شەممە ٥ - ٦ی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠١٢ کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی بەڕێوە برد سەبارەت بە خوێندن و وتنەوەی هونەری نمایش لە ئاستی جیهاندا. شایانی باسە ئەم کۆنفرانسە کە تایبەتە بە نیشاندانی ئەو پێوەندییانەی کە لەنێوان فێرکردنی هونەری نمایش و شانۆ لەگەڵ پیشەکانی دیکەی بواری شانۆ، بەشدارانی کە لە زانکۆ جیاوازەکانی جیهاندا هەموویان مامۆستای شانۆن، هەریەکەیان بابەتێک لەبارەی خوێندن و فێرکردنی شانۆ لە زانکۆکانی ولاتەکەی خۆیدا پێشکەش دەکات.

جگە لە چوار مامۆستای زانکۆی فەرەنسی، چەند پرۆفیسۆرێکی شانۆ لە ١٢ ولاتی جیاوازەوە هاتوون بۆ باسکردنی وتنەوەی هونەری نمایش و شانۆ لە زانکۆکانیاندا. بۆ نموونە باسی خوێندنی شانۆ لە زانکۆکانی ئەم ولاتانەدا دەکرێت: سویسرا، ئەمەریکا، پیرۆ، بەرازیل، ئەرجەنتین، مەکسیک، هیندستان، چین، تایوان، ئێندۆنوزیا و ژاپۆن. هونەرمەند ئەحمەد سالاریش وەک مامۆستایەکی کورد بانگهێشت کراوە لەبارەی سەرەتا و بارودۆخی ئێستا و کێشەکانی وتنەوە و فێربوونی هونەری شانۆ لە زانکۆکانی عیراق بابەتێک بە زمانی کوردی پێشکەش بکات کە ڕاستەوخۆ بۆ ئامادەبووان دەکرێت بە فەرەنسی و ئینگلیزی.

بەرێز خاتوو فرانسواز کیێ مامۆستای تایبەت بە شانۆی ئاسیا و سەرۆکی بەشی شانۆ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە ڕێکخەری ئەم کۆنفرانسەیە لە پێشکەش کردنی کۆنفرانسەکەیدا نووسیویەتی: [خۆم و هاوکارەکانم و خوێندکارەکانمان شادمان دەبین بە ئامادەبوونی مامۆستایەکی وەک بەڕێز (ئەحمەد سالار) کە باسی خوێندن و فێربوونی شانۆمان لە ولاتەکەیاندا بۆ

دەکات، هیوادارم ئەم هاتنەیان دواجار نەبێ و ببێتە هۆی دروست کردنی پردێک بۆ بیروڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆی هونەریی لەنێوانماندا].

بێ گومان ئەم جۆرە کۆنفرانسانە دەبنە هۆیەک بۆ دروستکردنی پێوەندی لەنێوان ئەو زانکۆیانەی بەگشتی بەشدارن و چەند زانکۆیەکی فەرەنسی، لە هەمان کاتدا وەک لە هەموو ئەم جۆرە کۆبوونەوانەدا مامۆستایانی زانکۆکان و بەشداربووان جۆرە پێوەندییەکی زانستی لەنێوانیاندا پەیدا دەبێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنەوەی تاقیکردنەوەی یەکتری و ئاگادارببوون لە چالاکی زانستی و هونەری زانکۆکان.

دەبێ ئەوەش بوترێ کەم جار مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان بۆ بەشداربوونیان لە کۆنفرانسە جیهانییەکاندا بانگهێشت دەکرێن، بێ گومان ئەمەش چەند هۆیەکی هەیە، لەپێش هەموویانەوە مامۆستای زانکۆمان نییە بتوانێت لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا بە زمانێکی ئەوروپی بئاخڤێ، هەروەها دەپرسین ئایا لە زانکۆکانی کوردستاندا چەند مامۆستا هەن خاوەنی چوار وتاری زانستی بن و بە زمانێکی جیهانی نووسرابن؟ ئایا چەند مامۆستای زانکۆمان هەیە لە کوردستان کە تەنیا وەک گوێگریش لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا بەشدار بووبن؟

سەرپەرستیارانی کۆنفرانس

دەروو

بڕوای تەواوی بەو ڕاستییە هەیە، وە نەبێ شانۆ لەم ولاتەدا هونەرێکی ڕەسەن و خۆمالّی بێ، یان لەسەر بنجی کاروکردەوەیەکی میللی، یان دێرینە ئەدەبیاتی پەرەی سەندبێ، بەڵکو هاوردەیە وەک لەلای گەلانی چواردەورمان، لە ڕۆژئاواوە وەرمان گرتووە.

ڕابەری شانۆی عیراقی (حەقی شبلی)، دروستکەری یەکەم تیپی شانۆیی بووە سالّی ١٩٢٧ لەشاری بەغدا، پاشان سالّی ١٩٣٥ لەتەک یەکەم دەستەی نێردراوی عیراقیدا بۆ (پاریس) بە مەبەستی شانۆ خوێندن پاش گەڕانەوەی کاریگەری گەورەی لەسەر ئاستی خوێندنی هونەری شانۆ هەبووە، سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی عیراقی ڕای وایە: «لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی نیشتیمانی عیراق، سالّی ١٩٢١ شانۆ چاوی هەڵهێناوە و لە چوارچێوەی چالاکییەکانی قوتابخانەکاندا بووە...تاد» (١)

لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئەرشیڤنامەی شانۆی عیراقیدا ناوی چەند تێکستە شانۆییەک هێنراوە کە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە بۆ نموونە: (شانۆی نەبوخوز نەسر- نووسینی نعووم فەتحوڵڵا- سالّی ١٨٨٣، شانۆی لەتیف و خۆشابا، نووسینی ئەلحۆری هورمزی، سالّی ١٨٨٩) (٢).

شانۆ لە عیراقدا لەدوو سەرچاوەی سەرەکییەوەیە، کە بریتییە لە شانۆی عەرەبی و شانۆی کوردی، بێجگە لە هەندێ تایبەتمەندی دەنا لە زۆر ڕووەوە بە یەکدی دەچن و لە مەبەستەکاندا یەکانگیر دەبنەوە، هەروەها لە یەک سەردەمدا کەوتوونەتە کارکردن و بەهەمان شێوە بابەتی باوی ناوەرۆکی دەقەکان بریتی بووە لە کێشە کۆمەڵایەتی و کێشە نیشتمانییەکان، پتریش شانۆییەکان وەرگێڕاو و ئامادەکراو بوونە لە شانۆنامەو ڕۆمانەکانی ئەدەبی جیهانییەوە، چونکە پاش قۆناغێکی دیکە نووسەرانی خۆمالّی پەیدابوون.

خوێندنی شانۆ لە زانکۆکانی عیراقدا

سەرەتا دەبێ ئاماژە بۆ ڕێگا خۆشکەرەکانی خوێندنی شانۆ لە زانکۆکانی عیراقدا بکەین، بە کردنەوەی (پەیمانگەی مۆسیقا)ی سالّی ١٩٣٦، کە بۆ یەکەم جار لە ولاّتی عیراقدا، پەیمانگەیەکی تایبەت بە خوێندنی زانستی بۆ هونەر بێتە ئاراوە، ئەوەبوو سالّی (١٩٤٠) ناوەکەی گۆڕا بە پەیمانگەی (هونەرە جوانەکان) و بەشی نواندن و دەرهێنانی شانۆی تێدا کرایەوە، ئەو دەمە سەر بە وەزارەتی پەروەردە بوو، سالّی خوێندنی ١٩٥٨-١٩٥٩ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی دامەزراند، کە هونەری شانۆ و سینەمای تێدا دەخوێنراو ماوەی خوێندن سێ سالّ بوو، بڕوانامەی (دبلۆم)ی دەدا. سالّی ١٩٦٧ پەیوەست کرا بە زانکۆی (بەغدا)وە و خوێندن بوو بە چوار سالّ و بڕوانامەی (بکالۆریۆس)ی دەدا.

مەبەستی ئەم ئەکادیمیایە بریتی بوو لە: پێگەیاندنی بەرهەیەک لە مامۆستایانی هونەر بە گشتی، هەروەها هونەری شانۆ و دەوڵەمەندکردنی بزاڤی شانۆ بە بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەسەر ئاستەکانی نواندن، دەرهێنان، نووسین و ڕەخنەی شانۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگا بۆ چێژ وەرگرتنی جوانکاری و هونەر، بە تایبەتی لە بواری شانۆدا. سالّی ١٩٧٣ بەشێکی تایبەتی بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی شانۆ کرایەوە، ناوی ئەکادیمیاش بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان گۆڕا، لە سەرەتای کردنەوەی کۆلێژی هونەردا، ژمارەیەکی پێویست لە هەڵگرانی بڕوانامە بالاکان نەبوو، ناچار بۆ پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییە، ڕێنمایی دەرکرا بۆ پێدانی نازناوی هونەری پێیان وەک: پرۆفیسۆری هونەر، یاریدەدەری پرۆفیسۆری هونەر، مامۆستای هونەر، مامۆستای یاریدەدەری هونەر).

سالّی خوێندنی ١٩٧٦ - ١٩٧٨ لە هەمان کۆلێژدا خوێندنی بالا دەستی پێکرد، یەکەم جار بۆ بڕوانامە وەرگرتنی (دبلۆمی بالا) کە هاوتای (ماجستێر) بوو، پاش دوو سالّ خوێندنی (ماجستێر) کرایەوە، سالّی خوێندنی

١٩٩٢-١٩٩٣ خوێندنی دکتۆرا دەستی پێکرد و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

باسەکەم پتر لەسەر زانکۆی (بەغدا) جەخت دەکاتەوە، کە بە زانکۆی دایک ناودەبرێ، چونکە کۆنترینیانە و لە پایتەختی عیراقدایە، پاشان لە زانکۆکانی دیکە، کۆلێژی هونەرە جوانەکان کراونەتەوە و بەشی هونەری شانۆیان تێدایە، لێرەوە، بێجگە لە زانکۆی بەغدا، بە پێی مێژوویان ناویان دەبەم:

١- زانکۆی بەسرە.
٢- زانکۆی مووسڵ.
٣- زانکۆی بابل.
٤- زانکۆی دیالە.
٥- زانکۆی سەلاحەددین.
٦- زانکۆی دهۆک - بەشی شانۆ لە کۆلێژی ئەدەبیات.
٧- زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەیە کە تەنیا بەشی شێوەکارییە، بڕیارە بەشی شانۆش بکرێتەوە.

پرۆگرامی خوێندن و بابەتەکانی

لەهەر قۆناغە، یازدە بابەت دەخوێنرێ، چ لە قۆناغی یەک، کە قۆناغی گشتییە، لە قۆناغی دووەوە خوێندنی پسپۆڕی، واتە بەشی نواندن و بەشی دەرهێنان و بەشی ئەدەب و ڕەخنە.

بۆ بابەتەکان تەنیا نموونە بە قۆناغی یەکەم، واتە قۆناغی گشتی دەهێنمەوە، کە پرۆگرامی بابەتەکان ئەمانە لە خۆ دەگرێ:

١- بنەماکانی دەرهێنانی شانۆیی.
٢- هونەری نواندن.
٣- مێژووی شانۆ.
٤- دەنگ و ئاخافتن.
٥- لێهاتوویی شانۆیی (اللياقة المسرحية).
٦- تەکنیکاری شانۆیی.
٧- زارە شانۆییەکان.
٨- زمانی عەرەبی.
٩- زمانی ئینگلیزی.
١٠- مافی مرۆڤ.
١١- کۆمپیووتەر

تێبینی و باری سەرنج

چوار کۆڵەکە و بنەمای سەرەکی بۆ خوێندنی زانکۆیی بە گشتی و بۆ خوێندنی شانۆ بە تایبەتی هەیە، وەک چۆن خوێندنێکی ئەکادیمییە، واتە خوێندنی پراکتیکی و تیوری، لەسەر بنچینەیەکی زانستی، کە هەردوو تەواوکەری یەکدین، ئەو توخمە سەرەکییانە بریتییە لە:

دەستەی مامۆستایان - شوێنی خوێندن - پرۆگرامی خوێندن - قوتابیان.

لەو سەردەمەی خوێندنی هونەری شانۆ لە زانکۆکانی عیراق دەستی پێکردووە، لەگەڵ کەموکوڕی ئەو چوار توخمە بنەڕەتییەدا هاتووە و بەردەوامی پێوە دیارە و کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوت و بزاڤەکە هەبووە، بێجگە لەوەی لە بری چارەسەرکردنی، بە خەست کردنەوەی لەوەی کە هەیە و دەکرێ. ژمارەی کۆلێژەکان پترکراون، واتە گرفتی ناتەواوییەکان تەشەنەی کردووە و گەورەتربووە.

سەبارەت بە توخمی دەستەی مامۆستایان، زۆرجار لەبەر کەمی مامۆستای پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە بالاکان، ناچار دادەبەزنە ئاستێکی دیکە، یان وتنەوەی وانە دەسپێردرێتە مامۆستایەکی پسپۆڕ لە بابەتێکی جیاواز و ناپسپۆڕ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆکاری نەمانی وانە پراکتیکییەکە.

توخمی دووەم شوێنە، واتە نەبوونی مەرجەکانی خوێندنی شانۆ لە تەلارێکدا، ڕەچاوی ئەرک و مەبەستەکەی تێدا نەکراوە لە زۆربەیاندا، نەبوونی ستۆدیۆی پەروەردەکردن و شانۆکانی ئەنجامدانی ئەوەی بەتیوری خوێنراوە، پراکتیک بکرێ.

توخمی سێیەم لایەنی پرۆگرامی خوێندنە، فرە بابەتی و زۆریی لایەنی تیوری و چڕکردنی بە زانستە مرۆییەکان کاری لەسەر بابەتەکانی پسپۆڕیی تایبەت بە خوێندنە شانۆییەکە کردووە، کە زۆربەی ئەو بابەت و زانستانە لەسەر قوتابییەکە خۆی هەوڵی خوێندنی بدات، نەک لە ناو پرۆگرامی خوێندنی زانکۆییدا بێ. ئەمانە کاریان کردۆتە سەر هاوتایی سەعاتەکانی نێو پراکتیکی و تیوری، واتە ناهاوتان و تیوری بە ئەندازەیەکی زۆر زیاترە.

خاڵی چوارەم قوتابیان و شێوازی وەرگرتنیان و زۆری ژمارەکەیان، ئەمەش پەیوەستە بە وەرگرتن لە ڕێگای، وەرگرتنی ناوەندی وەرگرتنەوە کە دەبوو بۆ هونەر و وەرزش و تەلارسازی، پەیڕەوێکی جیاواز بکرێ، چونکە ئەو ناوەندە کە بە پلەی یەکەمینی ڕەچاوی نمرەکان دەکات، بێ ئەوەی حیساب بۆ بەهرە و توانایی و لێهاتوویی قوتابییەکە بکات.

واتە بە ناڕاستەوخۆ قوتابی بەسەر کۆلێژەکەدا دەسەپێنرێ. دیارە کۆلێژی هونەریش بۆ بەرهەمهێنانی هونەرمەندی شانۆیە، بێجگە لەوەی هەر قۆناغێک، زۆرجار ژمارەیان پتر لە سەد قوتابی دەبێ، ئەمە مەحاڵە لە ڕووی پێگەیاندنەوە ئەنجام بدرێ.

پەراوێز:

١- المفرجي (احمد فياض، المثقف العربي، اذار ١٩٧١.
٢- شبلي (حقي) مجلة المعرفة، كانون الاول ١٩٦٤.
٣- ارشيف كلية الفنون، جامعة بغداد.
٤- ئینتەرنێت.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەقدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

بەبۆنەی گەڕانەوەی ژمارە تایبەتەکانی شانۆ لە گۆڤاری ڕامان

ڕامان و شانۆ

ئەرسەلان دەرویش

بە بڕوای من لە سەرەتای هەر باسێکدا سەبارەت بە (گۆڤاری ڕامان) و ئەو ڕۆڵە پڕشنگدارەی گێڕاویەتی و دەیگێڕێت لە بەرەودان بە فەرهەنگی گەلەکەمان، وەک (پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی) پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە مێژووییە بکرێت کە وەک ڕۆژی ڕوونا‌ک لەبەرچاودا دەرەوشاوەیە، ئەویش گوتاری جیاوازبوون و ڕچەشکێنی ئەم گۆڤارەیە لەو ساتەوەختەی تێیدا دەرکەوت و هەڵکەوت، لە ڕۆژگارێکدا کە دەنگی فیشەک و بۆنی باروو‌ت و ڕەنگی دووکەڵ و خوێنی شەڕی شوومی خۆکوژی براکان بەسەر ئەم هەرێمەدا زاڵ بوو، دەبێت ئاماژە بەو زەینە ڕوونە پڕ عەشقە بدرێت کە لەو ڕۆژگارەدا، لەخەمی پێشخستنی پەیڤ و هونەر و هزری نەتەوە و لە خەمی ئایندەدا بوو، بێ گومان ئەو سەروەرییە مێژووییەش پێش هەر کەسێک بە برای ئەدیب و سەرنووسەر کاک (ئازاد عەبدولواحید) دەبڕێت بەبێ ئەوەی لە نرخی ماندووبوونی ستافەکەی کەم بکرێتەوە.

* (ڕامان) وەک پرۆژەیەکی ژیاریی تۆکمە و سەنگین، هەر لە دەستپێکی ڕەوتە هەڵکشاوەکەیدا، بایەخێکی تایبەتی بە (هونەری شانۆ) داوە و پەی بە گرفت و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی شانۆی کوردی بردووە، هەوڵێکی ورد و دڵسۆزانەی داوە بۆ بەشداری کردنێکی ئۆرگانی لە پێناو پاڵپشتی و دەوڵەمەندکردنی ئەم بزاڤە و دەربازکردنی لەو گیروگرفتانەی دووچاری هاتووە .

* یەکێک لە دیارترینی ئەو بەخشانەی لە لایەن (گۆڤاری ڕامان) پێشکەش بەم ناوەندەی ئێمە و بە خوێنەرانی شانۆدۆست کراوە (ژمارە تایبەتەکانی شانۆ)یە، مایەی بەختەوەرییەکی گەورە بوو بۆ شانۆکارانی کورد کە هەر لە یەکەم ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکەوە، ژمارەیەکی سەرومڕ تایبەت بە شانۆ کەوتە بەردەستیان، کە ئەویش ژمارە(١٠)ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (ڕامان) بوو، ئیتر لەوکاتەوە بە بەردەوامی و بەبۆنەی (ڕۆژی جیهانیی شانۆ)وە ساڵانە ئەم دیاریە ناوازەیەی پێشکەش کردووە، تا پرۆسەی ئازادی عیراق کە لەگەڵ خۆیدا هەلومەرجێکی تازەی هێنا و ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوەی نوێی هونەری و ئەدەبی کوردی هێنایە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤاری (ڕامان) وەک ئاکاری خۆی لەتێکڕای ژمارەکانیدا و لە پاڵ بابەتە هزری و ئەدەبی و مێژوویی و ڕۆژنامەنووسی و ...تاد، لە نێو بابەتە هونەرییەکانیدا لە بایەخدانی بە (شانۆ) بەردەوام بووە.

* ڕاستە زۆرێک لە گۆڤار و بڵاوکراوە ڕۆشنبیریە کوردییەکانمان لە پێش ڕاپەڕین و لە دوای ئازادیش ژمارەی تایبەتیان بۆ (شانۆ) دەرکردووە، بێ گومان هەر یەکە و لە چوارچێوەی خۆیدا جێگای خۆی گرتووە و گرنگی خۆی هەبووە، وەلێ لە باسی ژمارە تایبەتەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا، چەند خاڵێکی گەوهەری و جیاواز وەک جیاوازیی گۆڤارەکە هەڵوێستەیەکی زیاترمان پێدەکات، نەخاسمە کە ئەم گۆڤارە (وەک مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتیی) چ بە ژمارەی تایبەت و چ وەک

بابەت، بەخششەکانی لەمەڕ بزاڤە شانۆییەکەمان دیارترینە، لەم بوارەشدا توانیویەتی:

(١) ڕایەڵەیەکی نەتەوەیی لەنێو نووسەران و شانۆکارانی کورد لە پارچەکانی کوردستان و هەندەران دروست بکات و بەرکەوتنێکی مەعریفی لە میانەی دیدوبۆچوونەکانیان لەلایەک و بەرهەمەکانیان لەلایەکی دیکەوە بڕەخسێنێت. زۆربەمان لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە هەندێک لەو شانۆکارانەمان ناسی کە دواتر بوونە ناوونانوونیشان بۆ زۆر لە چالاکی و فیستیڤاڵ و بۆنە هونەرییەکانی ئەم هەرێمە.لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەو هەوڵە نەپساوەیە بکەین کە هەردوو بەڕێز خوا لێی خۆشبێ ئەدیبی ناسراو(مەحموود زامدار)، بەهاوبەشی سەرنووسەر لە هەڤپەیڤینە ڕۆژنامەنووسییە دانسقەکانیان لەگەڵ شانۆکارە دیار و ئەزموونداڕەکانی کورد ئەنجامیان داوە.

(٢) بایەخ بدات بە تێکڕای ژانر و توخمە بنچینەییەکانی پرۆسەی بووژاندنەوەی شانۆی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی نمایشە شانۆییەکان. بەهۆی بەرفراوانی و دەوڵەمەندیی بابەتەکانی، کە وێڕای وتار و لێکۆڵینەوەی ناوازە و نوێ، گرنگییەکی گەورەی بە بلاوکردنەوەی (تێکستی شانۆیی) داوە بەهەموو جۆرەکانی (خۆمالّی، ئامادەکراو، وەرگێڕدراو، لە شانۆی جیهانی و دەوروبەر) بە ڕەچاوگرتنی شێوازە جیاوازەکانی ئاراستە هونەرییەکانی نووسین و قوتابخانە شانۆییەکان.هەمیشە لە ڕووی پۆلێن کردنیشەوە ناوونیشانی تایبەت و هونەریی وردی بۆ داناوە .

٣- هەروەها گۆڤاری (ڕامان) توانیویەتی ڕۆڵێکی دوکیومێنتاری گرنگ بگێڕێت سەبارەت بە ڕووماڵ کردنی نمایش و چالاکی و فیستیڤاڵە شانۆییەکانی کوردستان و بەخششەکانی شانۆکارانی کورد لەهەر شوێنێک بێت، کە لە ڕووی میژوویی و بۆ لێکۆڵینەوە و تێزەکانی خوێندنی ئەکادیمی ئەم بواره، سەرچاوەیەکی سەنگینە.

(٤) هەمیشە مینەبەرێکی ئازاد و بێ قەیدوشەرت بۆ ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان بڕەخسێنێت، لەم بوارەشدا وێڕای بایەخدانی بە لێکۆڵینەوە و وتاری ڕەخنەیی، میزگردی تایبەتی بۆ گفتوگۆی شانۆکاران و نووسەرانی ئەم بواره سازکردووە و لەخەمی دروست کردنی دیالۆگی مەعریفی مەرەدا بووە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە مەیلی بۆ نوێگەریی و تێپەڕاندنی باوەکان ئاشکرا بووە، بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لەپانتایی گفتوگۆ و دیالۆگدا دەرفەتی یەکسانی بۆ دەربڕینی تێکڕای ڕاوبۆچوونەکان ڕەخساندووە.

ماوە بڵێم هەمیشە لە پشتی پرۆژەی گەورە و سەرکەوتوو، دید و توانایی داهێنەرانە و دڵسۆزی و شەونخوونی هەیە، گەوهەری ئەم ڕاستییەشە بەردەوامی داوە بە هەڵکشان و بەخششە ناوازەکانی گۆڤاری (ڕامان) کە بێ شک لە ئایندەشدا ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد لەنێویشیاندا شانۆکاران و شانۆدۆستان، هەمیشە لەپێشەنگ و ڕیزی یەکەمی بلاوکراوە کوردییەکاندا لێی دڕوانن و چاوەڕوانی زیاتر و زێدەتری لێدەکەن . لە کۆتاییشدا و بە بۆنەی گەڕانەوەی (ڕامان) بۆ دەرکردنی ژمارە تایبەتەکانی سەبارەت بە شانۆ، پیرۆزبایی لە هەموو لایەک دەکەم و خۆزگە دەخوازم ئەم پرۆسەیە لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام بێت، چونکە (ڕامان) سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیریی بێ هاوتایە بۆ هەموومان.

شانۆیەک بۆ نەوەکان

فرمێسک مستەفا

شانۆ نەک ڕەگەزێکی زانستی و هونەرییە، بەڵکو هونەرێکی پەروەردە و فێرکردنی کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەکی سەردەمیانەیە. شانۆ تا ئەم سەردەمەش نەیتوانیوە ببێتە یەکێک لە پێداویستییەکانی فەرهەنگی ژیانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگەکەمان، بەڵکو تەنیا ڕێگەیەکە، یان ئامرازێکە بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی، یان بەدیهێنانی خولیا و بەهرە و بەتاڵکردنەوەیەکی کاتیی ئەو خولیایە، ئەمەش یەکێکە لە چەمکەکانی قەیرانی شانۆ لە ئەمڕۆی کوردستاندا.

ئەگەر بمانەوێت شانۆ بەردەوامی پێبدرێت و لە نەوەکانەوە بگوازرێتەوە، سەرەتا دەبێت بهێنرێتە ناو خودی ژیانەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ژێرخانێکی پەروەردەیی بۆ دروست بکرێت، تا خۆی بە هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە بناسێنێت و بڕژێتە شەقام و بڕواتە نێو ماڵەکان، واتە لە خودی کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدات و جارێکی تر پێشکەش بە کۆمەڵگە بکرێتەوە، کاتێکیش ئەمە ڕووددات کە تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا بەشداربن.

سەرەتا بۆ گرنگە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانەوە دەست پێ بکەین؟ بۆ شانۆیەکی پەروەردەیی؟ چۆن بڕژێتە شەقام و بچێتە نێو ماڵەکانەوە؟ شانۆ لە فێرگەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆ ببینێت وەک:

(١) بیناکردنی کەسایەتی قوتابییە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزرییەوە.

(٢) ناساندنی قوتابییە بە جیهانی چیرۆک و داستان و ئەدەبیاتی میللەتی خۆی و بێگانە. هەوڵدانە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەندێشە و خەیاڵیدا. هاندانە بۆ نووسین و دارشتنی چیرۆک کە دەبێتە ڕێگایەک بۆ دواندنی ناوەوەی خودی خۆی و دانانی کۆتایی و سەرەتا بۆ چیرۆکەکانی. لەمەوە فێری دۆزینەوەی چارەسەر و دیالۆگبەستن لەگەڵ دەوروبەریدا دەبێت و بڕواو متمانەی بە کەسێتی خۆی پتەوتر دەبێت، وەک کەسێکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکات و توانایی چارەسەری گرفتەکانی دەبێت.

(٣) کارکردنە لەگەڵ ڕەوشتە فیزیکی و دەروونییەکانیدا. دروستکردنی پانتاییەکی پڕ لە ئازادییە تا لەو پانتاییەدا خودی خۆی بدۆزێتەوە و مامەڵەی ڕاستەقینە لەگەڵ کەسێتی خۆی و دەوروبەریدا پێکبهێنێت و بتوانێت ڕابەرایەتی کەسێتی خۆی بکات.

(٤) بەشداری کردن و فێربوونی کاری هەرەوەزی و یارمەتیدان و هاریکاریکردن، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگە بچووکەکەی خۆیدا، کە لە قوتابییە هاوڕێکانی پێکهاتووە، چۆن بتوانێت ئەمە بۆ نێو کۆمەڵگە بگوازێتەوە تا فێری پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی ببێت.

(٥) بەشداریکردنی دایک و باوکی قوتابیان لەم پڕۆسەیەدا تا ببنە بەشێک لە ڕاپەڕاندنی کارە هونەرییەکە. پێوەندی منداڵ بە دایک و باوکییەوە لە دەرەوەی ماڵ پتەوتر دەکات. ناساندنی دایک و باوکە بە بەهرە و توانایی منداڵەکەی، ناسین و پێوەندی بەستنە لەگەڵ دایک و باوکانی تردا و دروست بوونی خێزانێکی پەروەردەیی و هونەرییە لەو فێرگەیەدا. هاندانی فێرخوازە بۆ ئینتیمای تەواو بە فێرگەکەیەوە و حەزوخواستی خوێندنی لا زێدەتر دەکات بێ لە ناسینی بەهرەو توانایی تاکەکەسی قوتابی خۆی. بەم جۆرە دەتوانرێت شانۆ لە ڕێگای فێرگەکانەوە بچێتە نێومالەکانەوە و ببێتە بەشێکی گەورە لە فەرهەنگی کولتووری کۆمەڵگە، لەناو ژیانی ڕۆژانەدا سەرهەڵبدات و خولیا بۆ سەردانی نمایشەکان دروست بکات.

لەم کاتەدا دەتوانرێت بە بنەمایەکی تری ئەکادیمیانە کار بۆ شانۆ بکرێت و ببێتە شانۆیەک بۆ نەوەکان.